## بەشی یەکەم

## بابەتی (1)

## هەورامان وەك ناو, ناوچە,شێوەزمان لەسەرچاوە مێژووییەکاندا

ناوچەی هەورامان هەرێمێکی جوگرافی نموونەییە و شێوەی سێگۆشەیەکی بەخۆوە گرتووە, هەریەك لەشارەکانی (هەڵەبجە, مەریوان, پاوە) گۆشەیەکی ئەو سێگۆشەیە پێکدەهێنن, ئەگەرچی سێگۆشەکە پڕبەپڕ ناوچەکە ناگرێتە خۆی چونکە لە گۆشەی هەڵەبجەوە کورتدەهێنێت و لە دوو گۆشەکەی ترەوە زیاددەهێنێت.

ئەم ناوچەیە بەشێوەیەکی گشتی سەرزەمینێکی شاخاوی و سەختە, بەشێکی بچووك لە تێکڕای زنجیرە چیاکانی زاگرۆس پێکدەهێنێت, سەرجەمی بەرزی ناوچەکە لەڕووی دەریاوە لەنێوان(700–3000م), رووبەرەکەشی نزیکەی (3000–3500) کیلۆمەتر دووجایە, رووالەتە سروشتییەکانی هەورامان لەگەڵ روالەتە سروشتییەکانی ناوچە دەشتاییی و پێدەشتەکانی دەوروبەریدا وەك ناوچە دەشتاییەکانی (مایدەشت, روانسەر, کامیاران) لە کوردستانی ئێران و ناوچەی (شارەزوور) لە کوردستانی عێراق جیاوازیان زۆرە[1].

کەش و هەوای هەورامان بە زستانساردە و بەفر و بارانی زۆری لێدەبارێت لە چوارچێوەی ئەو ناوچانەدایە کە بارانیان مسۆگەرە, لە هەندێك ساڵدا وەرزی سەرما و سەهۆڵبەندان درێژە دەکێشێت و لەلوتکەی ژمارەیەك لە شاخەبەرزەکانیشدا بەدرێژایی ساڵ بەفر دەمێنێتەوە, بەڵام لە وەرزی هاویندا کەش و هەوایەکی خۆشی هەیە, شەماڵی فێنك و کانیاوی سارد و باخی رەنگین چێژێکی ئەفسانەیی دەبەخشن بە هەورامییەکان.

ناوچەی هەورامان بەگشتگیری دەکەوێتە ناو سنووری دەوڵی هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێرانەوە و بەهێڵێکی سنووری بەناوی (هێڵی هەمایۆنی) کراوەبەدووبەشەوە, ئەو هێڵە سنوورییە ساڵی(1848ز) کراوە بەبنەمای جیاکردنەوەی سنوور لەنێوان هەردوودەوڵەتی (عوسمانی و قاجاری)دا, پاشان لەساڵی (1905ز) لەلایەن دەستەیەکی تایبەت بەجیاکردنەوەی سنوور بەیەکجارەکی پەسەندکراوە[2].

دەربارەی هەورامان, هەم وەك ناو, هەم وەك ناوچە و شێوەزار, لەچەند سەرچاوەیەکی مێژوویدا قسەوباس خراونەتەڕوو, لەم بوارەدا رۆشنایی دەخەینە سەر ژمارەیەکیان کە لەلایەن (مێژوونووسان, جوگرافیناسان, ئەدیب و نووسەران, خۆرهەڵاتناسان, گەشتیار و گەڕیدەکان, سیاسەتمەداران, ئەفسەرە سیاسیی وسیخوڕەکانی بیانی) و مێژوونووس و نووسەرانی کوردەوە نووسراون:

1–لە (فەرهەنگی بورهان قاطع)دا ناوی هەورامان بە (ئورامەن) هاتووە, باسیش لەوە کراوە (ئورامەن) جۆرە گفتوگۆیەکی شیعرییە و شیعرەکان بە زمانی (پەهلەوی) نووسراوون, لە (فەرهەنگی عەمید)یشدا نووسراوە هەورامان لە (ئەورامەن)ەوە هاتووە کە یەکێکە لە ئاهەنگە موزیکییە کۆنەکانی فارسەکان و شیعرەکانی بەزمانی (پەهلەوی)ن[3].

2–دکتۆر موحەممەد عەلی سوڵتانی لە کتێبی (ایلات و طوایف کرمانشاهان) بەشی یەکەمدا بە پشتبەستن بە (کوهایی ناشناخته اویستا) دەربارەی هەورامان نووسیویەتی: ناوی (هەورامی) لە (ئاهورایی)یەوە هاتووە, سەرەتا ناوەکە (ئورا) بووە وەك کورتکراوەیەکی ناوی (ئاهورا), هەورامانیش واتای شوێنی نیشتەجێبوونی ئاهوراییەکان دەگەیەنی[4].


www.pertwk.com

3-عیمادەدین دەوڵەتشایی لە کتێبی (فەروەردینیەشتی ئاوێستا)دا نووسیویەتی: چەندهەزار ساڵێك لەمەوبەر لەکەناری گۆمی (ئورامیە) کە ئێستا بە هەڵە بە گۆمی (ئورومیە) ناودەبرێت, تیرەیەك لە (نەتەوەی مادەکان[5])ی تێدا ژیاون و پێیانوتراوە (ئەورامی), ئەمڕۆ پێیاندەوترێ (هەورامی, هەورامانی)[6].

4-(ژەنراڵ رۆسۆ) کە لە کۆتایی سەدەی حەڤدەمدا کۆنسوڵی فەرەنسا بووە لەبەغداد, ساڵی (1807ز) سەفەری کوردستانی کردووە, ساڵی (1809ز) لە پاریس کتێبێکی بەناونیشانی: وەسفێکی پاشالیکی بەغدا (scription du pachalik de baghdad) بڵاوکردۆتەوە, ناوبراو لەم کتێبەدا باسی ڕووداوەکانی کوردستانی کردووە و نووسیویەتی: (ئەورامان) عەشرەتێکی کوردە و لەدەوروبەری کرماشان دەژین[7].

5-(باسیل نیکیتین)ی کونسوڵی رووسیا لە (ورمێ) لە کتێبی (الاکراد)دا نووسیویەتی: ناوچەی هەورامان بەشێك بووە لە قەمڕەوی ئەردەڵانییەکان, بەڵام زۆربەی کات لەلایەن هەورامییەکان خۆیانەوە حوکمڕانیکراوە, سروشتی ناوچەکە و هەڵوێستی خەڵکەکە وایکردووە ملکەچی هیچ کەس نەبن[8].

6-کتێبی (نورالانوار)ی شێخ عەبدوسەمەدی توورداری, یەکێکی ترە لەو سەرچاوانەی نزیکەی چوارسەد ساڵ بەرلە ئێستا نووسراوە و باسی زۆر لایەنی شێوەزمانی هەورامی تێدا کراوە, بەرهەمی شیعری چەند شاعیرێکی ئەو سەردەمانەشی تێدا خراوەتەڕوو بەتایبەت ئەوانەیان کە ئاییناس و دینداری ناسراو بوون[9].

7-لە کتێبی (نیگاهی بەجاذبەهای اکوتوریستی اورامان)دا نووسراوە, شێوەزمانی هەورامی یەکێکە لە شێوەزارەکانی زمانی کوردی و لێکچوونێکی زۆریشی لەگەڵ زمانی ئاوێستایدا هەیە, لەهەمان سەرچاوەدا نووسراوە: ناوچەی هەورامان شوێنی چەندین جەنگ بووە لەنێوان هێزە رکەبەرەکاندا وەك: هێرشەکانی ئەسکەندەر, جەنگەکانی لەشکری ئیسلام و ساسانییەکان[10].

8-لە کتێبی (عموم الممالك)دا کە ساڵی (1894ز) لە ئەستەمبوڵ لە چاپدراوە ناوی (شهر اورامان) هاتووە, هەروەها لە نەخشەیەکدا بەناوی (نقشە مفصل کشور ایران) کە ساڵی (1816ز) لە ئەستەمبوڵ لەچاپدراوە, ناوی (شهر اورامان) نووسراوە[11].

9-لە کتێبی (شەرەفنامە)ی شەرەفخانی بەدلیسیدا نووسراوە, (مەئمونبەگی ئەردەڵانی) لەسەردەمی حوکمڕانی خۆیدا وڵاتەکەی بەسەر کوڕەکانیدا دابەشکردووە, قەڵەمڕەوی (هەورامان)ی داوە بە (بێگەبەگ)ی کوڕی, ئەو قەڵەمڕەوە لەو کاتەدا (زەڵم, نەوسود, هاوار, گوڵعومەر, شەمێران)ی گرتۆتەوە[12].

10-سیسڵ جۆن ئێدمۆندز لەکتێبی (کورد, تورك, عەرەب) و لەباسی (جاف و هەورامان)دا چەندجارێك ناوی هەورامانی هێناوە, باسی ئەو گەشتەی کردووە کردوویەتی بۆ هەورامان و زۆر باسی ژیری و سەلیقەی هەورامییەکانی کردووە لە بواری باخداری و دامەزراندنی سیستمی ئاودان و پیشە دەستییەکاندا, زۆر بەسروشتی هەورامان سەرسامبووە و نووسیویەتی: ئەو شارستانییەتەی لە هەوراماندا بینیم لە هیچ جێگایەکی تری خۆرهەڵاتدا نەمدیبوو, لەڕاستیدا هێندەی شارستانییەتی رۆمانەکان لە سەردەمی (ساباڤستیان)دا پێشکەوتووبوو[13].

11-سێر هنری راوڵنسون, کە بەچاوساغی (مەلاعەبدولغەفووری رواری) سەریداوە لە ناوچەی هەورامان و چۆتە (نەوسوود) و چەند دەستنووسێکیشی لەگەڵ خۆیدا بردووە, وشەی (هەورامان)ی بە (ئەڤرومان) نووسیوە و وایلێکداوەتەوە گوایا ئەم ناوە لەوشەی (رمان)ی عەرەبییەوە هاتووە, بەڵام (کارڵ هادنگ)ی ئەڵمانی کاتێك بە

بەرهەمەکەی (دراسات کردیە, فارسیە, لهجات گوران)ـەکەی (ئۆسکارمانی ئەڵمانی[14])دا چۆتەوە, رەخنەی لەم بۆچوونەی (راوڵنسن) گرتووە[15].

12–لە کتێبی (مذکرات مامون بیگ بن بیگەبیك)دا نووسراوە شوێنەواری پاڵنگان کە لە (هەورامان)دایە و نزیك (زەڵم)ـە, پێشتر یەکێکبووە لەقەڵاکانی میرەکانی کەڵهوڕ و ئێستا وێرانەیە[16].

13–ڤلادیمیر مینۆرسکی, دەربارەی شێوەزمانی هەورامی نووسیویەتی: (شێوە زمانی گۆران) لە کوردستانی خوارووردا دەورێکی گرنگ دەبینێت و زاڵبووە بەسەر زمانی فارسیدا, ئەم شێوەزمانە کەلەپووری تایبەتی خۆی هەیە[17], شێوەزمانی گۆران لە بنەڕەتدا زمانە و چەند شێوەزمانێکی لێبووەتەوە, لەوانە: (هەورامی, زازایی, لوڕ, زەنگەنە).

14–محەممەد ئەمین زەکی بەگ لە کتێبی (خولاصەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان)دا ناوی هەورامی بە (هاورامی) هێناوە و ئاماژەیکردووە بە هەردو هەورامانی (لهۆن و تەخت), لە باسوخواسی شێوەزمانی هەورامیشدا نووسیویەتی: هەورامییەکان وەکو گۆرانی دێهاتی زمانی خۆیان پاراستووە و ئیمرۆ بۆتە زمانێکی کاریگەر و شیرین و ئاوازدار, لەهەورامان و پاڵنگان و پاوە و دەوروبەری قسەیپێدەکرێت[18], هەرلەهەمان سەرچاوەدا هاتووە, لە هەندێك دیهاتی ناوچەی دەرسیمدا (زمانی زازا) هەیە کەئەویش شێوەزاری هەورامییە[19].

15–(مسعەر کوڕی موهەلهەل) لەباس و خواسی شاری (نیم از رای= کۆنەشاری شارەزوور)دا ناوی هەورامانی هێناوە و وتوویەتی: شوێنیکۆنەشاری شارەزوور نزیکە لە دووشاخ یەکێکیان بەناوی (هەورامان) و ئەوی تریان بەناوی (کەژی زەڵم)[20].

16–مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی لە کتێبەکانیدا وەك (زاراوەکانی کوردی لەتای تەرازوودا, کاکەیی, فەرهەنگی ئێریەن ڤاچ, مێژووی رێبازی زمانی کوردی, مێژووی هەورامان), دەربارەی ناوی هەورامان و ناوچەی هەورامان, شێوەزمانی هەورامی, رەگەزی هەورامییەکان, زانیاری زۆری نووسیوە, ناوبراو وتوویەتی: (هەورامان) ناوچەیەکە لەسەروکلاوی ئەشکانییەکاندا ئەم ناوەی بەسەردا براوە, خەڵکەکەی لە نەتەوەی (ماد)ن, زمانەکەشیان هەمان زمانی میدی کۆنە و پاشان ناوی زمانی ئاوێستایی هەڵگرتووە, لەبواری ناوی هەورامانیشدا چەند بۆچوونێکی خستۆتەڕوو بەڵام خۆی زیاتر لەگەڵ ئەوەدایە گوایا ناوی هەورامان لە (ئاهورا مەزدامان[21]) وە هاتووە, بەوەی ناوەکە کورتکراوەتەوە, (ئاهورا) بووە بە (هورا) و (مەزدامان) بووە بە (مان) ئیتر بەسەریەکەوە ناوەکە بووە بە هەورامان[22].

17–میرزا شوکرڵای سەنەندەجی ناسراو بە (فخر الکتاب), لە کتێبی (تحفەی ناصری در تاریخ وجغرافیای کردستان) و لەباسی (هەورامانی لهۆن, هەورامانی تەخت, هەورامانی شامیان)دا قسەی لەسەر جەنگەکانی نێوان قاجارییەکان و هەورامییەکان کردووە, زۆری یەباڵای لەشکرکێشیی و زیادەڕەوییەکانی قاجاریەکاندا هەڵداوە, ناوبراو لەبەرئەوەی ئەڵقەلەگوێی قاجارییەکان و نووسەری تایبەتی (عەلی ئەکبەرخان)ی حاکمی جوانڕۆ بووە لە کتێبەکەیدا هەورامیەکانی بە شەڕەنگێز و پیاوخراپ و یاخی لە یاسا و دەوڵەت لەقەڵەمداوە[23].

18–هادی بەهمەنی لە کتێبی (پەیامی هەورامان)دا نووسیویەتی: سەرچاوەیەکی ئەڵمانی پێیوایە هەورامییەکان پێش کۆچکردنیان بۆ هەورامان لەخۆرهەڵاتی (شاری تاران)ی ئێستادا و لەشاخی دەماوەندا

ژیاون, بەڵام ساڵی (485) پێش زایین لەدەست ستەمی (داریوش) کە لەنێوان ساڵەکانی (493- 424پ.ن) حوکمڕانیکردووە یەکەم کۆچییانکردووە[24].

19-کتێبە دەستنووسەکەی (موزەفەرخانی رەزاو), ئەم کتێبە چەندباسێکی تێدایە وەك باسوخواسی ژمارەیەك لە پیرەکانی هەورامان و خستنەڕووی چەند رازێکی ئەفسانەیی لەبارەیانەوە, هەندێك لە کردار و هەڵسوکەوتەکانیان, هەروەها باسی سانەکانی هەورامان و رەچەڵەکیان, جەنگ و لەشکرکێشییەکانیان کراون, ئەو فۆتۆکوبییەی لەبەردەستی ئێمەدایە زۆر گەورەیە و (607) لاپەڕەیە[25].

20-محەممەد مەردۆخی کوردستانی, لەبەرگی یەکەم و دووەمی (تەئریخی مەردۆخ)دا باسی هەورامان و هەورامییەکانی کردووە, دەربارەی هەورامان سەرەڕای ئەوەی هەمان قسەکانی شەرەفخانی بەدلیسی دووبارە کردۆتەوە, باسی بنەماڵەی حوکمڕانی سانەکانی هەورامان و جەنگ و لەشکرکێشیەکانیانی کردووە, زۆر بەشان و باڵی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ئێراندا هەڵیداوە و هەورامییەکانی بە یاخی و بێموبالات لەدەوڵەت لەقەڵەمداوە[26].

21-مامۆستا عەلائەدینی سەجادی لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا باسی لەو هۆکارانە کردووە کە بۆ سەردەمانێکی دووروودرێژی شێوەزمانی هەورامانیان کردۆتە زمانی ئەدەب و رۆشنبیری گەلەکەمان[27].

22-ماریفەتی پیرشالیار, کتێبی دەستنووسی ماریفەتی پیرشالیار یەکێکە لەو سەرچاوە بەنرخانەی لە دووتوێیدا گەلێك شت دەربارەی هەورامان و هەورامییەکان دەخوێنرێنەوە, ناوەرۆکەکەی بریتیە لە (سروودی دیینی, نزا, هەندێك لە پەندی پێشینان), سروودەکان لەسەر شێوەی دووبەیتی هۆنراونەتەوە[28].

23-کتێبە پیرۆزەکانی یاریسان وەك (سەرەنجام) بەهەر شەش بەشەکەیەوە کەبریتین لە:

(1-دەورەی حەوتەوانە 2-دەورەی چلتەن 3-بارگە بارگە 4-گلێم و کۆڵ 5-دەورەی عابدینی جاف 6-وردە سەرەنجام =کورتەی سەرەنجام) هەروەها کتێبە پیرۆزەکانی تریان وەك (دەورەی بالولی ماهی, دەورەی باواسەرەنگ, دەورەی شاخۆشین, دەورەی باواناوس, دەفتەری شندروێ, دەورەی باواجەلیل, کەلامی پەردیوەری, دەفتەری دیوانە گەورە, کەلامی نەورۆز,کەلامی شاتەیموری بانیارانی) ودەیان دەفتەری تر, ئەم سەرچاوانە بە گشتگیری بەشێوەزمانی هەورامی نووسراون بێجگە لە (دەورەی عابدینی جاف) کە یەکێکە لە شەش بەشەکەی سەرەنجام, هەمووشیان بریتین لە سروود, پەخشان, وردەکارییە دینییەکانیکانی رێوڕەچەی یاریسان.

24-ئەنسکۆپیدیای ئیسلام, لەم سەرچاوەدا باس لەوە کراوە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا و لە هەوراماندا سێ قەواڵە دۆزراونەتەوە[29], قەواڵەکان دەربارەی کڕین و فرۆشتنی پارچە زەوی و رەز و باخ نووسراون.

25-هەندێك دەڵێن ناوی هەورامان لە (ئورامان)ەوە هاتووە, (ئورا) بەمانای سەخت و قایم (مان)یش بەمانای (نشینگە) دێت و هەردوو بەشەکە بەسەریەکەوە دەبن بە نشینگەی قایم و سەخت, گوایا لەبەرئەوەی ناوچەکە زۆر سەخت و رژدە, هیچ داگیرکارێك بە ئاسانی نەیتوانیوە خۆی بۆ بکوتێت, لەفەرهەنگی (برهان قاطع)دا ئەم بۆچوونە خراوەتە روو.

26-رایەکی تر هەیە دەڵێت ناوی هەورامان لە (ئاورمان=ئازەرمان)ـەوە هاتووە بەمانای (ئاگرگە=ماڵی ئاگر)، گوایا لەبەر ئەوەی خەڵکی ناوچەکە سەردەمانێکی دوورودرێژ لەسەر دینی زەردەشتی بوون و لە هەموو ماڵێکیاندا ئاگر گڕاوە هەمیشە وەك ئاگردانێك بووە.

27-(مامۆستا حاجی مەلا زاهیدی ضیائی)، مامۆستاو زانای پاوەیی دەڵێت: بردنەوەی ناوی هەورامان بۆسەر (ئورمان) هەڵەیە چونکە ناوی هەورامان خۆیلەخۆیدا ناوێکی هەورامییە و لە زمانی خەڵکی ناوچەکە خۆیانەوە هاتووە، مانای (هەڵتۆقین) و بەرزبوونەوە دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەش ئەم ناوەی بەسەردابڕاوە لەهەر شوێنێکەوە بڕۆیت بۆ هەورامان دەبێت بۆی سەربکەویت چوونکە لەهەموو شوێنەکانی دەورووبەری بەرزترە[30].

28-هەندێك بۆچوونی تریش هەن دەڵێن گوایا هەورامان لە (هۆرئامان) بەواتای (هەور هات) یاخود لە (وەر ئامان) بە واتای (خۆر هات= خۆرهەڵهات)ـەوە هاتووە، بەڵام ئەم بۆچوونانە زۆر لاوازن چونکە خۆ تەنها هەورامان نییە کە خۆری لێهەڵبێت و هەور بیگرێتەوە، بەڵکو ئەم دیاردە سروشتییانە لەهەموو سووچێکی جیهاندا هەن.

ناوچەی هەورامان پێشینەیەکی مێژوویی زۆردێرینی هەیە، لەم بارەوە (مامۆستا رەشید یاسەمی) نووسیویەتی: گۆتییەکان لە باکوور و خۆرهەڵاتی شارەزووردا بەمانای هەورامانی ئێستادا ژیاون و هەوڵیانداوە دەسەڵتیان بەسەر ناوچەدەشتاییەکانی نزیك خۆیاندا بسەپێنن، لەم بوارەدا هێرشیانکردۆتە سەر (لۆلۆکان) و هەتاکو شارەزوور پێشڕەوییانکردووە[31]، هەر لەم بوارەدا (د. محەممەد عەلی سوڵتانی) نووسیویەتی: یەکێك لە حوکمڕانەکانیان بەناوی (ئەننویاتینی) کە پێش سەردەمی (سەرگۆنی ئەکەدی) لەناوچووە هاتووەتە هەورامان و (هاڵمان)ی گرتووە، بەبڕوای مێژوونووسەکان ئەم ناوە هەمان (ئاڵمانە)یە کەپاشان حوکمڕانەکانی(رەزاو) تێیدا ژیاون، لەهەمان سەرچاوەدا باسی ئەوەکراوە (تەگەلات پلاسەری ئاشووری) لەلەشکر کێشییەکانیدا بۆسەر نەتەوە زاگرۆسییەکان سەرکەوتنێکی وەهای بەدەست نەهێناوە، دوای ئەویش (ئەداد نیراری) و (ئاشوور ناسر پاڵی کوڕی) دەستیان تەنها بەهەندێك لەناوچە شاخاوییەکانی هەورامان گەیشتووە و هەموو هەورامانیان بۆ داگیرنەکراوە[32].

(عەبدولقادری بابایی) لەکتێبی (سیر الاکراد)دا نووسیویەتی: لەگەرمەی پەلامار و لەشکرکێشییەکانی (ئەسکەندەری مەکدۆنی) لەنێوان ساڵەکانی (330-327 پ.ز) هەورامان ئاوەدانبووە، (ئەسکەندەر) توانیویەتی ژمارەیەك لەشاکانی (کیانی) لەهەوراماندا زیندانیبکات، هەروەها باسی ئەوەیکردووە زمانی خەڵکی ناوچەکە جۆرێکە لەزمانی کوردی.

لەسەدەی دووەمی پێش زاییندا هەورامان کەوتۆتە ژێردەسەڵاتی حکومەتی(ئەرمەنستان ئارتاکسیس).

مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی لە کتێبی (مێژووی هەورامان)دا نووسیویەتی: هەرلەسەردەمی گۆتی ولۆلۆکانەوە هەتا سەدەی پانزەمینی زایینی پەیوەندی بەردەوام هەبووە لەنێوان هەردووناوچەی (هەورامان و لوڕستان)دا ئەو پەیوەندییەش لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی گرتۆتەوە، هەندێك پێیانوایە رەگی ئەو پەیوەندییە بۆئەوە دەگەڕێتەوە گوایا (ئەفراسیاب) باپیرەگەورەی هەرەدێرینی حوکمڕانەکانی هەورامان، لوڕ، بەختیاری بووە،هەر لەم بوارەدا دەڵێن شتێکی نەگونجاونییە ئەگەر ریشەی شێوەزاری هەورامی، باجەلان، کەڵوڕ، لوڕ،زەنگنە، بەختیاری بەریشەیەکی گۆتی بزانین.

هەر لەم بوارەدا باس لەوە دەكەین تا ئەم رۆژانەش تێگەیشتنێكی هەڵە دەربارەی هەورامی و هەورامان هەیە, بەوەی هەندێك نووسەر هەورامییان بە عەشیرەت و هەورامانیان بە شوێنی ژیانی ئەو عەشیرەتە لەقەڵەمداوە, بۆ ئەوەی بەشدارییەكی بچووك لەڕەواندنەوەی ئەو بەرچاو لێڵییە و راستكردنەوەی ئەو هەڵەیەدا بكەین دەڵێین: هەورامی عەشیرەت نییە, بەڵكو شێوەزمانێكی رەسەنی كوردەوارییە و رەگەكانی دەگەڕێنەوە بۆ زمانی (ئاوێستایی) كە زمانی زەردەشت بووە, هەروەها بۆزمانی (پەهلەوی باستان) كە یەكێكە لە زمانە كۆنەكان و لەسەردەمی حوكمڕانی ئەشكانییەكاندا زمانی رەسمی دەوڵەت بووە, ئەم شێوەزمانە شێوەزمانی سەرەكی ئەدەب و رۆشنبیری گەلەكەمان بووە هەتاكو دەركەوتنی سێكوچكەی شاعیرانی بابان, زۆربەی عاریف و كەڵە شاعیرانی كورد هەرچەندە خۆیان هەورامی نەبوون, بەلاّم بەم شێوە زمانە شیعریان هۆنیوەتەوە هەر بۆنموونە نەك سەرژمێر ناوی چەند كەسێك لە و زاتانە دەهێنین:( باللوولی ماهی, باوا لوڕەی لوڕستانی , باوا حاتەمی لوڕستانی, دایە خەزانی تەورێزی, شاخۆشێنی لوڕستانی, دایراك خاتوون, سان سەهاكی بەرزنجی, مەولەوی تاوەگۆزی, خانای قوبادی, مەلا عیسای جوانڕۆیی, خەسرەوخانی ناكام, غولاّمشاخانی ئەردەلاّنی, فەقێ قادری هەمەوەند, ئینجەی گەلاّلی, دەروێش نەورۆزی سۆرانی, مەلای جەباری),دەیان و دەیانی تریش.

كەسێك كە دەڵێت من هەورامیم مەبەستی ئەوە نییە لە عەشیرەتی هەورامییە, بەڵكو مەبەستی ئەوەیە بەشێوەزمانی هەورامی قسە دەكات, ئەگینا وەك واقعی عەشایری لەگەڵ رێزمان بۆ هەندێك بەهای جوانی وەك: (نانبدەیی, بەجێهێنانی سیلەی رەحم, هاوكاریكردنی یەكتری..هتد),هەورامییەكان سەردەمانێكی زۆرە ئەو واقعەیان بەجێهێشتووە و بە ئاستێك لە ژیانی مەدەنی ئاشنا بوون, لەبابەتەكانی دواتری ئەم كتێبەدا زیاتر تیشكدەخەینەسەر ئەم باسە.

بەنیسبەت ئەوەشەوە كە كەسێك دەڵێت من هەورامانیم مەبەستی جۆرێك لە زیندوكردنەوەی گیانی ناوچەگەری نییە, بەڵكو مەبەستی ئەوەیە لەو ناوچەیەدا نیشتەجێیە دانیشتوانەكەی بە هەورامی قسەدەكەن,چونكە شتێكی ئاشكرایە هەورامان دێیەك یان شوێنێكی بچووكی دابڕاو نییە خەڵكەكەی لەسەر گیانی ناوچەگەرێتی پەروەردەكرابن, بەڵكو هەورامان لە هەردوو دیوی عێراق و ئێراندا زیاتر لە (300) (شار, شارۆچكە, شارەدێ, دێ) دەگرێتە خۆی.

---

[1]—بڕوانە م. فەیرۆز حەسەن—سیستمی ئابووری, سیاسی و كۆمەلاّیەتی هەورامان لەم چوار سەدەی دواییدا, گۆڤاری هەورامان ژمارە (1) زستانی 2003.

2—بڕوانە كتێبی (كرد, ترك, عرب)— لاپەڕە (140) نووسینی (سیسل جۆن ئێدمۆندز).

[3]— بڕوانە كتێبی (ایلات وطوایف كرمانشاهان)— بەرگی یەكەم— لاپەڕە (22) نووسینی (د. محەممەد عەلی سوڵتانی).

[4]— بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو— لاپەڕە (22).

[5]—بەگەڕانەوەیەكی خێرا بۆ ئەو سەرچاوانەی دەربارەی نەتەوەی (ماد) و دەوڵەتەكەیان نووسیویانە, لەوانە: نووسینەكانی (ئاشووری و بابلی), كتێبی پیرۆزی تەورات, كتێبەكانی مێژوونووسەكانی وەك: (هیرۆدۆت), (كتزیاس), ئەوەمان بۆ ئاشكرادەبێت

مادەکان ئاری نەژادبوون, تەنها کەسێك لەم بارەوە بۆچوونی جیاوازی هەبووبێت خۆرهەڵاتناسی فەڕەنسی (زیر ئۆپەڕ) بووە کەمادەکانی بە (تووڕانی ئاڵتلیی) لەقەڵەمداوە.

هیرۆدۆت نووسیویەتی مادەکان شەش تیرە بوون بەم ناوانە: تیرەی بووز, تیرەی پارتاگن, تیرەی سترۆخان, تیرەی‌بودی, تیرەی‌ئاریسانت, تیرەی‌موغەکان.

ئەم نەتەوەیە سالّی (700پ.ز) دەوڵەتێکی بەهێزیان دامەزراندووە و دەوڵەتەکەشیان ماوەی (150) سالّ بەردەوام بووە, ژمارەیەك پادشای بەناوبانگیان هەبووە وەك:

1-کەیقوباد= دیاکۆ= دیوکس

2-فراوەرتیش

3-هواخشترە=فاخشترا=هشتریت=کەیئەکسار

4-ئازیدەباك= ئازیدەیاك=ئەژدەهاك=زوحاك

[6]- بڕوانە کتێبی (فەروەردین یەشتی ئاوێستا) نووسینی (عیمادەدین دەوڵەتشاهی).

[7]-بڕوانە کتێبی (سەرچاوەکانی کوردناسی)- لاپەڕە (51) نووسینی (د. فەرهادپیربالّ).

[8]- بڕوانە کتێبی (الاکراد)- لاپەڕە (150) نووسینی (باسیل نیکتین).

[9]- بڕوانە کتێبی (مێژووی هەورامان)- لاپەڕە (560) نووسنی (محەممەدئەمین هەورامانی).

[10]- بڕوانە کتێبی (نگاهی بەجاذبەهای اکوتوریستی اورامان)- لاپەڕە (6,5).

[11]-بڕوانە کتێبی (مێژووی هەورامان) - لاپەڕە (562) نووسینی (محەممەدئەمین هەورامانی).

[12]-بڕوانە کتێبی (شەرەفنامە)- لاپەڕە (199, 200) نووسینی شەرەفخانی بەدلیسی, وەرگێڕانی هەژارموکوریانی.

[13]-بڕوانە کتێبی (کرد, ترك, عرب)- لاپەڕە (157) نووسینی (سیسل جۆن وێدمۆندن).

[14]-(ئۆسکارمان) دووجار سەردانی ناوچە گۆراننشینەکانی کردووە, یەکەمجار لەساڵانی (1901-1903ز) و دووەمجاریش لەساڵانی (1906-1907ز).

بڕوانە کتێبی (پەیامی هەورامان) لاپەڕە (90) نووسینی (هادی بەهمەنی).

[15]-بڕوانە کتێبی (مێژووی هەورامان)- لاپەڕە (563) نووسینی (محەممەد ئەمین هەورامانی).

[16]- بڕوانە کتێبی (مذکرات مامون بیك بن بیگە بیك)- پەراوێزی لاپەڕە (79 ) وەرگێڕانی (مامۆستا مەلاجەمیل بەندی ڕۆژبەیانی و مامۆستا شوکور مستەفا).

[17]- بڕوانە کتێبی (کورد) لاپەڕە (92) نووسینی (مینۆرسکی), وەرگێڕانی بۆ عەرەبی (د.مارف خەزنەدار), وەرگێڕانی بۆکوردی (حەمەسەعید حەمەکەریم).

[18]-بڕوانە کتێبی (خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان)- بەرگی یەکەم- لاپەڕە (224) نووسینی (محەمەد ئەمین زەکی بەگ).

[19]- بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو- لاپەڕە(220 ).

پێویستە لێرەدا بلێین (زەڵم, پاڵنگان, پاوە)ش سەربە ناوچەی هەورامانن (نووسەر).

[20]- بڕوانە کێکۆڵینەوەی (المدن الاثریة المندرسة فی محافظة السلیمانیة وتعین مواقعها)- گۆڤاری کاروان- بەشی عەرەبی- لاپەڕە (152) لەنووسینی (د, حوسامووددین نەقشبەندی).

[21]- ناوی ئاهورامەزدا لەدووبەش پێکهاتووە, (ئاهورا) و (مەزدا), ئاهوررا لە دیینی ئارییەکاندا قووڵاییەکی مێژوویی دێرین و پیرۆزییەکی‌گەورەی هەیە چوونکە ( خوای خێر= هێزی خێر)یانە و بەمانای سەروەر دێت, (مەزد)یش بەمانای (زانا, ژیر) دێت, هەردوو بەشی ناوەکە بەسەر یەکەوە دەبن بە (سەروەری زانا= سەروەری ژیر) کەبەرامبەر دەستەواژەی (العلی العلیم)ی عەرەبیە, لەباس و خواسی دین لای هەورامییەکان زیاتر لەسەر ئەم باسە دەوەستین.

[22]- بڕوانە کتێبی (مێژووی هەورامان)- لاپەڕە (609) نووسینی (محەمەدئەمین هەورامانی).

[23]- بڕوانە کتێبی (تحفه ناصری درتاریخ وجغرافیای کردستان) لاپەڕەکانی (200- 299) نووسینی (میرزاشوکرولآی سننەدەژی ناسراو بە فخر الکتاب).

[24]-بڕوانە کتێبی (پەیامی هەورامان)- لاپەڕە (113) نووسینی هادی بەهمەنی. بەبرچاوگرتنی زۆربەی بەڵگە مێژوویەکان ئەم بۆچوونە دوورە لەراستییەوە.

[25]- لە ڕێی بەڕێز(جەمیل هەورامی)یەوە دەستنووسێکم وەرگرت کە باسی لەمێژووی سانەکانی هەورامان و ژمارەیەك لە پیرەکان دەکرد, بەخەتێکی زۆر ڕێکوپێك و بەفارسی شکستە نووسرابوو, بەڵام (37) لاپەڕەی سەرەتای پێوەنەمابوو و نەمتوانی ناوی نووسەرەکەی ساغبکەمەوە, لەگەڵ ئەم دەستنووسەی (موزەفەرخان) بەراوردمکردن هیچ جیاوازییەکیان نەبوو, بەڕای من سێ بەشەکەی پێشەوەی ئەو دەستنووسە بەدەستی مەبەست لابراون و چەندین شتی بەنرخیان دەربارەی مێژووی هەورامان تێدایە.

[26]-بڕوانە کتێبی (تاریخ مردوخ)- بەرگی دووەم- لاپەڕە (72) نووسینی (محەممەد مەردۆخی کوردستانی).

[27]- بڕوانە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)لاپەڕە (165, 166, 167) نووسینی (مامۆستا عەلائوددینی سەجادی).

[28]- لەبابەتی پیرەکانی هەوراماندا باسی پیرشالیار دەکرێت و چەند دووبەیتییەکیشی دەخرێنەڕوو.

[29]-دەربارەی ئەو سێ قەواڵەیە لە هەوراماندا دۆزراونەتەوە کەمێك جیاوازی لە سەرچاوەکاندا هەن, بۆ نموونە دکتۆر محەممەد عەلی سوڵتانی لە بەرگی یەکەمی (ایلات و طوایف کرمانشاهان)دا نووسیویەتی: ساڵی (1910ز) سێ قەواڵە لەلایەن کەسێکەوە بەناو (سەی حسێن) کە یەکێك بووە لە موریدەکانی شێخ عەلائەدین نەقشبەندی لە ئەشکەوتێکدا لە (کێوی‌کۆساڵان) نزیك شاری هەورامان دۆزراونەتەوە, قەواڵەکان پاش سێ ساڵ لە دۆزینەوەیان وەك هەزاران بەڵگەنامە و شتی تری دێرین و گرانبەها لە ئێران براونەتە دەرەوە, ئەو قەواڵانە بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن بۆ شارستانێتی پێشکەوتووی هەورامان و مێژووی دووانیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حوکمڕانی (بەهمەنی سێیەم), قەواڵەی دووەمیان ساڵی (291سلوکی) بەرامبەر بەساڵی (22-21پ.ز) نووسراوە, سێیەمیشیان ساڵی ساڵی (300سلوکی ) بەرامبەر بەساڵی (13-12پ.ز) نووسراوە و مۆریش کراون.

هەروەها باسی ئەوەی کردووە ئەو قەواڵانە لە ڕێگەی (د.محەممەد سەعیدخانی کوردستانی)یەوە براون بۆ لەندەن و لەوێ دراونەتە دەست ئێرانناسی گەورە و ئەدیبی ناسراو (پرۆفیسۆر ئەدوارد براون), پاشان فرۆشراون بە مۆزەخانەی لەندەن.

لە ئەنسکۆپیدیای ئیسلامدا مێژووی نووسینی قەواڵەکان بە ساڵەکانی (88 و 12پ.ز) دیاریکراوە.

مامۆستا محەمەد بەهائەدین مەلاساحیب لە کتێبی پیرشالیاری زەردەشتی‌دا نووسیویەتی: ساڵی (1328ك=1910ز) سەی حسێن ناوێك لە هەورامان و لەناو کوپەیەکی پڕلە هەرزندا سێ نووسراو دەدۆزێتەوە, ئەو نووسراوانە کەتونەتە دەست پرۆفیسۆر براون و ئەویش داونیەتیە دەستی پرۆفیسۆر (منس), ناوبراو یەکێك بووە لە شارەزایانی زمانی یۆنانی کۆن, یەکێك لەو نووسراوانە (88پ.ز) بە زمانی کوردی و بە شێوە زمانی هەورامی کۆن نووسراوە, ئەوەی تێدا ئاشکرا کراوە کە حوکمڕانی ئەو سەردەمەی هەورامان ناوی (بەهمەن) بووە, بەڵام دوو نامەکەی تریان بە زمانی یۆنانی کۆن نووسراون.

(د. صدیقی بۆرەکەیی) باسی ئەم قەواڵانەی کردووە و نووسیویەتی, چەند قەواڵەیەك لەهەوراماندا دۆزراونەتەوە و لەسەر پێستی ئاسك نووسراون, کۆنترین شوێنەواری زمانی پەهلەوین کە لە راستەوە بۆ چەپ دەنووسرێت و داگری (24) پیتە.

مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامی لە کتێبی (مێژووی هەورامان)دا زۆر بە دووروودرێژی باسی قەواڵەکان و مێژووی نووسینیان و هەموو ووردەکاریەکانی ناویانی کردووە و فۆتۆکۆپی قەواڵەکانیشی بڵاوکردۆتەوە.

[30]- بڕوانە کتێبی (ایلات وطوایف کرمانشاهان) لاپەڕە (22) نووسینی (د. محەممەد عەلی سوڵتانی).

[31]- بڕوانە کتێبی (کرد و پیوستگی نژادی وتاریخی او)- لاپەڕە (27, 28) نووسینی (ڕەشید یاسمی).

[32]- بڕوانە کتێبی (ایلات وطوایف کرمانشاهان)- بەرگی یەکەم- لاپەڕە (24, 25) نووسینی (د. محەممەد عەلی‌سوڵتانی).

## بابەتی (2)

## ڕەچەڵەکی هەورامییەکان

لەچەند سەرچاوەیەکی مێژووییدا باس لە ڕەچەڵەکی هەورامییەکان و حوکمڕانەکانیان کراوە و لەم بارەوە زانیاری جۆراوجۆر خراونەتە ڕوو, هەندێك لە سەرچاوەکان ڕەچەڵەکی هەورامییەکان و بنەماڵەی حوکمڕانەکانی هەورامانیان بە یەك ڕەچەڵەك لەقەڵەمداوە, سەرچاوەی تریش هەن جیاوازییان لەنێوانیاندا کردووە, لێرەدا دەمەتەقێیەکی هەندێك لەو سەرچاوانە دەخەینە ڕوو:

1–مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی بەپشتبەستن بە کتێبە دەستنووسی (نژاد طائفة اورامان) لە کتێبی (مێژووی هەورامان)دا نووسیویەتی: باواگەورەی بەگزادەکانی هەورامان ناوی (بەهمەن کوڕی دارا کوڕی بەهمەن کوڕی ئەسفەندیار کوڕی گوشتاسپ کوڕی لەهراسپ کوڕی سیاوەش[1] کوڕی کەیکاوس کوڕی مەرمهاد کوڕەزای مەنووچەر کوڕی سیامەك کوڕی کەیومەرث)ە[2].

2–هادی بەهمەنی لە کتێبی (پەیامی هەورامان)دا نووسیویەتی: هەورامییەکان بەرەچەڵەك خۆیان دەبەنەوە سەر (بەهمەنی یەکەم کوڕی ئەسفەندیار کوڕی گوشتائەسپ کوڕی ویشتا ئەسپ) کە یۆنانیەکان بە (ئارتا کزرس) و (ئارتا کزرسن) ناویان هێناوە[3].

3–سیسل جۆن ئەدمۆندز لەکتێبی (کرد ترك عرب)دا نووسیویەتی: بەگزادەکانی هەورامان بە پێچەوانەی زۆربەی بنەماڵە و تیرە و هۆزەکانی کوردستان هەوڵیانەداوە رەچەڵەکی خۆیان ببەستنەوە بە پێغەمبەری ئیسلامەوە (د.خ) بەڵکو خۆیان دەبەنەوە سەر (ئەسفەندیار) و پاش ئەویش زنجیرەی بنەماڵەکە بەچەند ناوێکی دیاردا هاتۆتە خوارەوە بۆ نموونە یەکێك لەوانە (کیومەرث)ی باپیرە گەورەی بنەماڵەی (پێشدادی)یەکانە[4].

4–عەبدولقادری بابایی لە کتێبی (سیر الاکراد)دا نووسیویەتی: بنەماڵەی حوکمڕانەکانی هەورامان خۆیان دەبەنەوە سەر بەهمەنی کوڕی ئەسفەندیار, ئەم بنەماڵەیە لەپاشماوەی ئەو شازادە (کیانی)یانەن (ئەسکەندەری کوڕی فەیلەقوز = ئەسکەندەری مەکدۆنی) لە ساڵەکانی نێوان (330–327پ ز) لەو کێوە سەختانەدا زیندانی کردن کە پاشان ناونرا زیندانی ئەسکەندەر, بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگار و لە ئەنجامی زاوزێ کردن و زۆربوونی ژمارەیانەوە توانیان دەست بەسەر هەموو ئەو ناوچە شاخاویانەدا بگرن و ببنە خاوەنیان[5].

5–د. محەممەد عەلی سوڵتانی لە کتێبی (ایلات و طوائف کرماشاهان) بەشی یەکەمدا نووسیویەتی: بەهمەن ناوی بنایتنەری بنەماڵەی حوکمڕانەکانی هەورامانە, ناوبراو کوڕی (بەهلول) ناوێکە و پاش کۆچی دوایی باوکی ماوەیەك لە کێوەکانی هەوراماندا خەریکی شوانکارەیی و ئاژەڵ لەوەڕاندن بووە[6].

5–باسیل نیکیتیل لە کتێبی (الاکراد)دا نووسیویەتی: هەورامیەکان بە ڕەچەڵەك دەچنەوە سەر نەتەوەی فارس[7], یەکێك لە ئەفسانەکانیان باس لەوە دەکات گوایا باپیرە هەرە دێرینی هەورامیەکان بەناوی (ئەورام) لەگەڵ برایەکیدا (قەندول = کەندول) بە فەرمانی داریوشی مەلیکی فارس لەشوێنی خۆیان دەرکراون و ڕوویانکردۆتە ئەو ناوچە شاخاوییەی کە ئەمڕۆ پێیدەوترێ هەورامان و لەوێ بنەماڵەیەکیان دامەزراندووە[8].

شتێکی ئاشکرایە مێژووی ژیانی حوکمڕانەکانی هەر وڵاتێك, گەلێك, نەتەوەیەك, یان ناوچەیەك,. بەشێك لەمێژووی ئەو وڵات و گەل و نەتەوە و ناوچەیە پێکدەهێنێ چونکە لە دووتوێیدا باسوخواسی جۆراوجۆر دەربارەی ئەو حوکمڕانانە خراونەتە ڕوو, بەتایبەت لەچەند ڕوویەکەوە وەك:

1–باسی جەنگ و ململانێ و لەشکرکێشیەکانیان.

2-باسی پەیماننامە و ئاشتیکردن و بەڵیننامەکانیان.

3-پرۆژە و کارە خزمەتگوزارەکانیان.

4-وێرانکاری و کاولکارییەکانیان.

5-قەناعەتی دینی و مەزهەبییان و کارکردنیان لەو پێناوەدا.

6-پەیوەندیان لەگەڵ هاووڵاتیانیان هەروەها لەگەڵ حوکمڕانەکانی دەوروبەریاندا و چەندین بابەتی‌تر, ئەگەر لەم روانگەوە لە ژیانی حوکمڕانەکانی هەورامان وردببینەوە دەبینین بەشێکی زیندوو لە مێژووی هەورامان پێکدەهێنن, دەربارەی حوکمڕانەکانی هەورامان لە چەندین سەرچاوەی مێژوویدا زانیاری خراونەتە روو بەڵام زۆربەی زانیارییەکان لەسەر ئەوە یەك دەنگن کە باپیرە گەورەیان کەسێك بووە بەناوی (بەهمەن[9]), هەندێك بەهمەن بە کوڕی ئەسفەندیار و هەندێکی تریش بە کوڕی (بەهلو)یان لەقەڵەمداوە, لەکاتێکدا باس لەوە کراوە گوایا لە سەدەی دووەمی پێش زایین لەسەردەمی حوکمڕانی حکومەتی (ئەرمەنستان ئارتاکسیس)دا حوکمڕانی هەورامان بەهمەنی سێیەم بووە کە بە هەژدەپشت دەچێتەوە سەر بەهمەنی یەکەم کەچی مامۆستا مەلا عەبدوڵای قازی سەرەتای حوکمڕانی ئەم بنەماڵەیەی گەڕاندۆتەوە بۆ سەدەی پێنجەمی کۆچی و رووالەتێکی عیرفانی و سۆفیگەریانەی بە حوکمڕانەکانی هەورامان داوە بەوەی گوایا سەرەتا لەلایەن (شێخ جەلالەدینی غازی کوڕی ئیمام محەممەدی باقر)ەوە کە یەکێك بووە لە قوتبەکانی سۆفیگەری سەدەی پێنجەمی کۆچی لەناوچەی هەوراماندا ئیرشادی کردووە, بەهمەن کراوە بە حوکمڕانی هەورامان.

---

[1]-سیاوەش کوڕی کەیکاوس گەنجێکی جوان و ئازا و زۆر خۆشەیستی خەڵك بووە, (سودابە کچی ئەفراسیاوی شای توران) کەهاوسەری کەیکاوس بووە حەزی لێکردووە و زۆر هەوڵیداوە لەخشتەی بەرێت بەڵام بێسوود بووە, لەئەنجامدا لای کەیکاوس بەدزمانی لێکردووە و قسەی بۆ هەڵبەستووە ئەویش فەرمان کوشتنی داوە, کاتێك هەواڵی کوشتنتی بە (رۆستەم) سەرکردەی سوپای کەیکاوس گەیشتووە, یەکسەر چووەتە سەر کۆشکی پاشا و (سودابە)ی وەك کارە کۆرپە سەربڕیوە, لەشکرێکیشی ڕێکخستووە و پەلاماری ولاّتی تورانی داوە وخاپووری کردووە, رووداوی کوشتنی (سیاوەش) بەجۆرێك لەبیر وهزری خەڵکی کوردستاندا چەسپیوە, تا ئێستاش هەرکێشەیەك گەورە بکرێت وچارەسەری گران بێت دەڵێن بووە بە خوێنەکەی سیاوەش وئەمەش بووە ە بەیەکێك لە پەندەکانی ناو کولتووری کوردی.

[2]-بڕوانە کتێبی (مێژووی هەورامان) لاپەڕە (572) نووسینی (محەممەدئەمین هەورامانی).

[3]-بڕوانە هادی بەهمەنی – پەیامی هەورامان – لاپەڕە 112- چاپی یەکەم – چاپخانەی ژین –هەولێر2001ز.

[4] -سیسڵ جۆن ئەدمۆندز (کرد ترك عرب) لاپەڕە 141-ترجمە جرجیس فتح اللە – مطبعة تایمس-بغداد1971.

[5] -بڕوانە کتێبی (تاریخ و جغرافیای کردستان = سیر الاکراد) لاپەڕە (46) نووسینی (عەبدولقادری بابایی).

[6] -بڕوانە کتێبی (ایلات و طوایف کرمانشاهان)- بەرگی یەکەم- لاپەڕە 29 – نووسینی (د.محەممەد عەلی سوڵتانی) لەم نوسینەدا (نووسەر) پشتی بەستووە بە خاوەنی کتێبی (تاریخ اورامان) (مەلا عەبدوڵای کوڕی مەلا عەبدولعەزیزی قازی).

[7] -لە بواری رەچەڵەکی هەورامیەکان و بنچینەی شێوەزمانی هەورامی گەلێك لە (خۆرهەڵاتناسان, گەشتیارو گەڕیدەکان, مێژوونووسان ...هتد) بەهەڵەدا چوون, دیارە یەکێك لەوانەش (باستیل نیکیتین) بووە, ناوبراو رەچەڵەکی هەورامیەکانی بردۆتەوە سەر فارس بێئاگا لەوەی کە لە دیاریکردنی سنوورەکانی مەملەکەتی (زاموا) و نەتەوەی (لۆلۆ)دا ناوی (نارمان) و (هاڵمان)

هـاتوون, (نارمـان) بـەو هەرێمـە وتـراوە کـە ئێسـتا پێیـدەوترێ هـەورامان, (هاڵمـان)یـش گوندێکـە لەناوچـەی (هـەورامانی رەزاو) پێیدەوترێ (ئاڵمان=ئاڵمانە).

هەروەها لەزۆر سەرچاوەدا باس لەوەکراوە (گۆتییەکان) لە هەوراماندا ژیاون بۆنموونە کتێبی (کرد و پیوستگی نژادی و تأریخی او)ی (رەشید یاسمی), لێرەدا دەمانەوێ بڵێین گۆتییەکان و لۆلۆکان لە نەتەوە زاگرۆسییەکان بوون لـە هـەزارەی سـێیەم و دووەمـی پێش زایینیدا ژیاون و حوکمڕانیانکردووە, لەو کاتانەدا هیچ قسەوباسێك دەربارەی فارس نەبووە و نییە.

هەر لە بواری ئەو هەڵانەدا دەربارەی ناوی هەورامان و رەچەڵەکی هەورامیەکان و شێوەزمانەکەیان کراون مامۆستای مێژوونووس (ئەمین زەکی بەگ) لە کتێبی (خولاسەیەکی تەئریخی کورد و کوردستان)دا نووسیویەتی: (لەهجەیەکی غـەیری کـوردی لـە هـەردوو هەوراماندا هەیە و قسەی پێدەکرێ, لای خەڵك بە (ماچۆ) مەشهوورە لە بەعزێ دێهاتی پاوەشدا هەر بەم زمانە قسەدەکرێ).

(ڤلادیمیر مینورسکی)یش دەربارەی شێوەزاری هەورامی کەوتۆتە هەڵـەوە, کاتێك ئـەم شـێوەزارەی بردۆتـەوە سـەر زمـانی (پـارتی کۆن), هەر لەم بوارەدا لەکتێبی (دیالێکتی ئەڤرومانی لهۆن) کە لەلایەن (مەکەنزیو تەحسینی حەمەمینسان)ـەوە بڵاوکراوەتەوە, لە پێشەکیەکەیدا شتێکی سەیروسەمەرەیان نووسیوە گوایا شێوەزمانی هەورامی لهۆن کوردی نییـە بـەبێ ئـەوەی هـیچ بەڵگـەیـەکیان خستبێتەڕوو بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونانەیان.

[8] –باسیل نیکیتیل (الاکراد) لاپەرە 150– دار الروائع بیروت.

[9] –دەربارەی بەهمەن هەندێك جیاوازی لەسەرچاوە مێژووییەکاندا هەن لە کتێبی (پەیامی هەورامان)دا باسی سێ بەهمەن کراوە و مێژووی ژیانیان بەم شێوەیە خراوەتە روو:

ئ–بەهمەنی یەکەم (602–533پ.ز).

ب–بەهمەنی دووەم (464–242پ.ز).

ج–بەهمەنی سێیەم (971–1056ز).

د. محەمەد عەلی سوڵتانی لەکتێبی (ایلات و طوائف کرماشاهان) ئاماژەی بەوە کردووە گوایا بەهمـەنی سـێیەم لـە سـەدەی دووەمـی پێش زاییندا حوکمڕانی هەورامانی کردووە.

زۆربەی سەرچاوەکانی تریش باسیان لەوە کردووە بەهمـەنی سـێیەم بـە هـەژدە پشـت دەچـێتەوە سـەر بەهمـەنی یەکـەم بـەڵام ئەگـەر مـاوەی نێـوان ژیانیـان بـەراورد بکـەین دەبیـنین نزیکـەی (1504)سـاڵە, شـتێکی ئاشـکرایە ئـەم ماوەیـە بـۆ تەمـەنی حـوکمڕانی هەژدەپشت زۆر زۆرە و پێدەچێ بە نزیکەی (50) پشت بچنەوە سەریەك, لـە کتێبـی پـەیامی هەوراماندا پشـتەکان بـە (47) پشـت خەمڵێنراون, لێرەوە دەگەینـە ئـەو ئەنجامگیرییـەی کـە لەسـەر رۆشـنایی هەنـدێك لـەو سەرچاوانەی باسـیان لـە مێـژووی هـەورامان کردووە و ئاماژەمان پێیان کرد ئەڵقەیـەکی ونبـوو لـەنێوان مـاوەی ژیـانی بەهمـەنی یەکـەم (602 – 533 پ.ز) هـەتا مـاوەی ژیـانی بەهمەنی سێیەم (970 – 1056ز) هەیە, بەپێی هەندێ سەرچاوەی تریش ماوەی ئەو ئەڵقە ونبووە لەنێوان (350– 400) ساڵدایە کە هیچ باس و خواسێکی لەسەر نەکراوە.

## بابەتی (3)

## سانەکانی هەورامان

بـۆ چـوونە نـاو ئـەم باسـەوە سـەرەتا پێویسـتە قسـە لەسـەر ئـەوە بکـەین (35) سـان لـە هەورامانـدا حوکمڕانیانکردووە, ئەمە بێجگە لەوەی هەندێك لە حوکمڕانەکانی هەورامان نازناوی (میر, بەگ)یان هـەڵگرتووە, بۆیە پێویستە لێرەدا و پێش هەموو شتێك تیشکێکبخەینە سەر وشەی (سان):

*مەریەك لە (مەردۆخ, ئێدمۆندز, هادی بەهمەنی) پێیانوایە وشەی سان لە وشـەی سـوڵتانی عەرەبیـەوە هـاتووە, گوایا سوڵتان وەك نازناوێك لەلایەن شاکانی دەوڵەتی صەفەوییەوە دراوە بـە حوکمڕانـەکانی هـەورامان, ئـەوەش وەك جۆرە کەمکردنەوە و سوکایەتیکردنێك بە پایەی سوڵتانەکانی عوسمانی.

*هەندێکیش وتوویانە گوایا وشەی سان لە (شاه) یان (شیخ)ی عەرەبیەوە هاتووە پاشان وشەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووە بە (سان).

*(مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی) لە کتێبی مێژووی هەوراماندا باسی لەوە کردووە وشەی سان لە وشەی (ساتراپ)ـەوە هاتووە کە وشەیەکی میدییە و واتای (حاکمی ناوچە, گەورەی ناوچە, کوێخای ناوچە, فەرمانداری ناوچە, کاربەدەستی ناوچە) دەگەیەنێت, چونکە وڵاتی میدییەکان ناوبانگی بە وڵاتی (ساتراپنشینان) دەرکردووە, تا ئێستاش وشەی (ساتراپ)ی میدی لە فەرهەنگە جۆربەجۆرە ئەوروپاییەکاندا بە هەمان ماناوە دێت, هەروەها یۆنانییەکان باسیان لەوە کردووە (وڵاتی میدیا) لەسەروکلاوی ئەشکانییەکاندا بۆ چەند ناوچەیەك دابەشکراوە هەریەك لەو ناوچانەش (ساتراپ)ێك حوکمیکردووە, (مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی) لە درێژەی باسەکەیدا نووسیویەتی: لەسەردەمی حوکمی ئەشکانییەکاندا سەرۆك هۆزەکانی ناوچە جۆربەجۆرکان بۆ (ساتراپ) دیاریکران و حوکمیانگرتۆتەدەست, کەوابوو دەبێ بڵێین حوکمی ئەشکانییەکان حوکمێکی دەرەبەگی بووە, هەر لەو سەردەمەدا شێوازی حوکمی هەورامان ساتراپنشین بووە, وشەی (سان)یش کورتکراوەی وشەی (ساتراپ)ـە.

حوکمڕانەکانی هەورامان ماوەیەکی دوور و درێژ حوکمی ناوچەکەی خۆیان کردووە و هەندێك جاریش دەستیان بە دەرەوەی هەورامان گەیشتووە, مەڵبەندی حوکمڕانییەکەیان لەم شوێنانەدا بووە:

1-مەڵبەندی حوکمڕانەکانی لهۆن (نەوسود) بووە, بۆ ماوەیەکی کەمیش گوێزراوەتەوە بۆ (گوندی نۆدشە) و لە سەردەمی حوکمڕانی (کەریم سان)یشدا (گوندی خانەگا) کراوە بە مەڵبەندی حوکمڕانی (هەورامانی لهۆن).

2-مەڵبەندی حوکمڕانەکانی تەخت (شاری هەورامان) بووە.

3-مەڵبەندی حوکمڕانەکانی (کەمەرە و ڕەزاو) سەرەتا (کەڕاوا) بووە, پاشان گوێزراوەتەوە بۆ (ڕەزاو).

4-مەڵبەندی حوکمڕانەکانی (دزڵی و شامیان) بەردەوام (گوندی دزڵی) بووە.

سەرەتای حوکمڕانییەکەشیان لە (بەهمەنی سێیەم)ەوە دەستییپێکردووە, پێش ئەوەی بێینە سەر باسی ژمارەیەك لە حوکمڕانە زۆر ناودارو ناسراوەکانی هەورامان پێویستە ئاماژە بەوە بدەین , لەسەر ڕۆشنایی سەرچاوە مێژووییەکان چەند ئەڵقەیەکی وونبوو لە حوکمڕانی هەوراماندا هەن, ماوەی ژیانی نێوان ژمارەیەك لە حوکمڕانەکان درێژە و هەرگیز لەگەڵ ماوەی تەمەنی دوو کەسدا نایێتەوە, هەر بۆ نموونە ماوەی نێوان تەمەن و حوکمڕانی (میر جەلالەدین و میر سەعید جیاشا), (لە باس و خواسی ئەم دوو میرەدا قسەیەك لەم بارەوە دەکەین) , ئێستاش دێێینە سەر باسکردنی مێژووی ژیانی ژمارەیەك لە حوکمڕانەکانی هەورامان.

**1-بەهمەنی سێیەم:**

هەرچەندە جیاوازی زۆر لەسەرچاوە مێژووییەکاندا لە بارەی ماوەی ژیان و حوکمڕانی (بەهمەنی سێیەم)ـەوە هەیە, بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن ناوبراو لەسەر فەرمانی (شێخ جەلالەدینی غازی) کراوە بە حوکمڕانی هەورامان, شێخ فەرمانیداوە کە هیچ کەس سەرپێچی لە حوکمی (بەهمەن) نەکات و پێویستە خەڵکی ناوچەکە هاوکارییکەن بەمەرجێك ستەم بەرامبەر خەڵك نەکات, هەرچەندە لە هەمان کاتدا ئاماژەی بەوە کردووە کە (بەهمەن) لە بنەماڵەیەکی حوکمڕان و دەستڕۆیشتووە, گوایا وتوویەتی: (گورگ هەر گورگە).

(بەهمەن) پاش ئەوەی حوکمڕانی هەورامانی گرتۆتە دەست بە هاوکاری لەگەڵ شوورای خەڵکی هەورامان کە لەو سەردەمەدا پێکهاتووە لە (ریشسپیان, پیاوماقوڵان, زانایان, سەرۆك هۆزەکان) حوکمیکردووە و لەبەڕێوەبردنی کارەکانیدا راوێژپێیکردوون, ماوەی (55) ساڵ حوکمێکی عادیلانەی کردووە و ساڵی (447ك –1056ز) کۆچی دواییکردووە.

2-**باریە بەگ:**

پاش کۆچی دوایی (بەهەنی سێیەم) لەسەر بڕیاری کۆبوونەوەی شورای خەڵکی هەورامان (باریە بەگ)ی کوڕی (بەهمەنی سێیەم) کراوە بە حوکمڕانی هەورامان, لەو سەردەمەدا زۆربەی گوندەکانی هەورامان خاوەنی قەڵا و بورجی خۆیان بوون, ئەوەش بۆ پاراستنی گوندنشینەکان لە هەر هێرش و پەلاماریك کە کرابێتە سەریان.

(باریە بەگ) پاش ئەوەی دەسەڵاتی گرتۆتە دەست, هەوڵیداوە لەگەڵ دەرودراوسێکانی هەوراماندا دۆستایەتیبکات و لێیاننزیکببێتەوە, لەهەمان کاتدا حەزێك هەبووە لەناخیدا بۆ فراوانکردنی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەی, هەر لەم بوارەدا کچی حوکمڕانی (دیوەزناو[1])ی خواستووە, وەك رێوڕەسمی ئەو کاتە کاتێك هاوسەرەکەی بەرەو باوان کراوەتەوە, پێیوتووە: باوکت هەردیاری و خەلاتێکت بداتێ لێیوەرمەگرە بێجگە لە پارچە زەوییەك کە (باریە بەگ) خۆی بۆی دەستنیشانکردووە, پاش بەخشینی زەوییەکە بە هاوسەرەکەی, (باریە بەگ) حەفتا خێزانی ناردووە بۆ ئەو شوێنە و ئاوەدانیانکردۆتەوە, گوندێکیان تێدا دروستکردووە بەناوی (نوێن), ئەوەی لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هاتووە دەربارەی حوکمڕانی (باریە بەگ) زانیارییەکی زۆر کەمە و تینوێتی ناشکێنێ, ناوبراو پاش (55) ساڵ حوکمڕانی, ساڵی (502ك – 1109ز) کۆچی دواییکردووە.

3-**میر جەلالەدین:**

پاش کۆچی دوایی باریە بەگ (میر جەلالەدینی کوڕی) کراوە بە حوکمڕانی هەورامان, ناوبراو ساڵی (447ك – 1056ز[2]) لەدایکبووە, هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونیەوە هەوڵیداوە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەی فراوانبکات, بارەگای حوکمڕانییەکەی پۆشتە و نوێکردۆتەوە, لە سەردەمی حوکمڕانی (میر جەلالەدین) هەورامان گەلێك شوێنی گرتۆتەوە هەر لە (پاڵەنگان)ەوە هەتا (دزڵی) و سەرپاکی گوندەکانی (هەورامانی لهۆن) و لە دامێنی (کێوی مڵەوەرد= مڵەخورد) و (کەماجەڕ) تا دەگاتە (پاوە), لە (کەڕاوا) و (رەزاو)ەوە تا دەگاتە (مەریوان) لەژێر فەرمانی ناوبراودا بووە, (میر جەلالەدین) ماوەی (99) ساڵ حوکمڕانیکردووە ساڵی (698ك – 1298ز) کۆچی دواییکردووە.

4-**میر سەعید = میرجیاشا:**

لەسەر رۆشنایی سەرچاوە مێژووییەکان (میر سەعید) لەو ساڵەدا باوکی کۆچی دواییکردووە, تەمەنی (18) ساڵ بووە, ساڵی (698ك – 1298ز) حوکمیگرتۆتە دەست, ئەم میرە پیاوێکی ئایینناس و دینداریکی کەموێنە بووە, دەستێکی باڵای هەبووە لە ئاوەدانکردنەوەی هەورامان و دروستکردنی چەندین قەڵا و قولەدا, لە دامێنی شاری (هەورامان[3]) مزگەوتێکی درووستکردووە بەناوی مزگەوتی (میرجیاشا), لەسەردەمی حوکمڕانی (میرسەعید)دا هەورامان زۆر هێمن بووە و ئاسایش باڵی بەسەریداکێشاوە, هەروەها ژمارەیەك لە پیرەکانی هەورامان لەو سەردەمەدا ژیاون و بە ئازادانە تێڕوانینە عیرفانی و فەلسەفییەکانی خۆیان خستۆتەڕوو.

تەنها رووداوێکی گەورە کە لەسەردەمی حوکمڕانی ئەم میرەدا ئاسایشی هەورامانیتێکدابێت, لەشکرکێشییە گەورەکەی (مەئمون بەگی ئەردەڵانی[4])بووە کە هەورامییەکان بە (بەگە مامونە) ناویانبردووە, بەڵام ئەو لەشکرکێشییە هیچ ئەنجامێکی نەبووە و پاش سێ ساڵ لە گەمارۆدانی مەڵبەندی حوکمڕانی (میر سەعید), لە ئەنجامی بەرەنگاری سەختی هەورامییەکان و بڵاوبوونەوە نەخۆشی و برسێتی لەناو لەشکرەکەیدا, (مەئمون بەگ) شکستیهێناوە و زۆربەی لەشکرەکەی تیاچوون.

خەڵکی هەورامان بەرامبەر بەو سەرکەوتنەیان دوودێڕ شیعریان وتووە هەرچەندە ناوی بێژەری ئەو شیعرە لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەهاتووە, بەڵام تا ئێستاش ئەوشیعرانە ویردی سەر زمانی خەڵکی ناوچەکەن و گەواهی ئازایەتی و جەسووری هەورامییەکانن, ئەمەش ئەو دوو دێڕە شیعرەیە:

نە بەگە ماموونە نە تەیموری لەنگ

هیچ کەس هۆرامان نەگرتەن بەجەنگ

غێر جە خان ئەحمەد بەگلەری خانان

ئەویچ بە دهۆ[5] گرتەن هۆرامان

پاش حوکمڕانییەکی دوورودرێژ کە ماوەی (100) ساڵی خایاندووە, ساڵی (799ك – 1396ز) کۆچی دواییکردووە.

5-**سلێمان بەگ:**

پاش کۆچی دوایی میر سەعید (سلێمان بەگ)ی کوڕی بووە بە حوکمڕانی هەورامان, (سلێمان بەگ) کەسێکی دەروێشمەشرەب بووە هەم لە رووی کردەوە و هەم لە رووخسار و رووالەتەوە, بە دادپەروەری و دەستبڵاوی بەناوبانگبووە, لەسەردەمی ژیانی ئەم حوکمڕانەدا (میر تەیمووری گورگانی[6]) بە لەشکرێکی زۆر گەورەوە بە هەوراماندا تێپەڕیوە بەرەو شارەزوور, (سلێمان بەگ) زانیویەتی بەرەنگاربوونەوەی لەشکرێکی وەها گەورە لە توانای خەڵکی هەوراماندا نییە, ئەوەی بەباشزانیوە نەچێتبەگژیاندا و لەو کەینوبەینە هەورامان بێزیاندەرچووە, پاش (99) ساڵ حوکمڕانی ساڵی (898ك – 1492ز) کۆچی دواییکردووە و (بارام میرزابەگ)ی کوڕی لەشوێنی دانراوە.

شایانی وتنە حوکمڕانەکانی هەورامان لە سەرەتاوە هەتا سەردەمی (بارام میرزا بەگ)یش هە تەنها بە بڕیاری شورای خەڵکی هەورامان, دوور لە دەسەڵاتی داگیرکارانی کوردستان دانراون بەڵام پاشان ئەو دیاریکردنە لەلایەن (شاکانی صەفەوی, سوڵتانەکانی عوسمانی, میرەکانی ئەردەڵان وبابان)ـەوە دەستیتێوەردراوە و ئیتر زۆرجار فەرمانی ئەوان یەکالاکەرەوە بووە بۆ دیاریکردن و لادانی حوکمڕانەکانی هەورامان.

6-**بارام میرزابەگ:**

پاش کۆچی دوایی سلێمان بەگ, (بارام میرزابەگی کوڕی) لەلایەن (شورای خەڵکی هەورامان)ـەوە هەڵبژێردراوە بۆ حوکمڕانی هەورامان, هەر لەو سەروبەندەدا (شا طهماسبی صەفەوی) چۆتە سەر تەختی حوکمڕانی ئێران, (بارام میرزابەگ) خۆی بە شای صەفەوی

ناساندووە, هەر لەوێشەوە توانیویەتی کچی (ئەلاوێردیخان)ی حاکمی لوڕستان بخوازێت, لەو ژنە سێ کوڕی بووە بەم ناوانە: (سلێمان بەگ, حسێنقولی بەگ, عەباسقولی بەگ).

(بارام میرزابەگ) لە سەردەمی حوکمڕانییەکەیدا کەسێکی دادپەروەر و مرۆڤدۆست بووە, هەمیشە هەوڵیداوە خەڵکان ئاسوودە و خۆشگوزەران بن, بە ئایینناسی و دینداری ناوبانگی دەرکردووە.

حوکمڕانی (بارام میرزابەگ) هەتا ئەو دەمەی (خان ئەحمەدخانی ئەردەڵانی) لە صەفەوییەکان هەڵگەڕاوەتەوە بێگێرمەوکێشە بەڕێوە چووە, بەڵام دواتر بەو شێوەیە نەماوە.

(خان ئەحمەدخان) هەر لەبەر ئەوەی زۆر رقی لە (شا وێردیخان)ی ژنبرای (بارام یرزا بەگ) بووە ئەمیشی بە رقەکەیەوە تێگلاندووە, دەستیداوەتە دوژمنایەتیکردنی (بارام میرزابەگ) و لەشکرێکی گەورەی رێکخستووە بۆ پەلاماردانی هەورامان, سەرەتا ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانی هەورامانی داگیرکردووە و پاشان گەمارۆی قەڵای هەورامانیداوە, دەربارەی ئەو گەمارۆدانە جیاوازی بەرچاو لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هەن[7], لە ئەنجامی گەمارۆدانەکەدا هەموو رێگاکانی هاتوچۆکردن بۆ (قەڵای هەورامان) بڕاون و لە هەموو روویەکەوە فشاریانخستۆتە سەر جەنگاوەرەکانی هەورامان, ئازوخە و پێداویستی رۆژانەیان تا ئاستێکی مەترسیدار کەمیکردووە, بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەو حاڵەتە (بارام میرزابەگ) بیری لە دوو نەخشە کردۆتەوە بەم شێوەیە:

1-هەوڵبدات لەگەڵ (شاوێردیخانی لوڕستان) بڕۆن بۆلای (شا عەباسی صەفەوی)و داوای کۆمەکی لێبکەن, پاشان لەگەڵ لەشکری شادا هێرشبەرنە سەر لەشکری (خان ئەحمەدخان).

2-یاخود (بارام میرزا بەگ) لەگەڵ ژمارەیەك لە دەستوپێوەندەکانی بە دزییەوە (قەڵای هەورامان) چۆلبکەن و روو بکەنە (شارەزوور).

پاش تاوتوێکردنی هەردوو نەخشەکە, (بارام میرزا بەگ) و زۆربەی سەردارانی هەورامی کە لەناو قەڵاکەدا بوون ئەوەیان بەباش زانیوە نەخشەی دووەمیان جێبەجێبکەن, دەربارەی جێهێشتنی (قەڵای هەورامان) لەلایەن (بارام میرزابەگ) و ژمارەیەك لە هاوڕێکانییەوە بۆچوونی جیاواز هەن, هەندێك پێیانوایە پاییزی دواساڵی گەمارۆکە ئەلقەی گەمارۆدان بەتەواوی سستبووە, (بارام میرزابەگ) و هاوەڵەکانی توانیویانە رۆژێك پاش نوێژی نیوەڕۆ قەڵا جێبهێڵن, هەندێکی تریش دەڵێن لە شەودا قەڵاکەیان جێهێشتووە, ئەوەی شایانی باسکردنە هەردوو بۆچوونەکە لەسەر ئەوە کۆکن ئەوانەی لە قەڵاکە هاتوونەتە دەرەوە, لەڕێی (کەماجەڕ)ـەوە گەیشتوونەتە (گوندی سەرگەت[8]), لەوێشەوە بەرەو گوندی (هەرشەل)ی ناوچەی زەهاو رۆیشتوون بەمەبەستی حەوانەوە و پشوودان لەو شوێنەدا لایانداوە, بێئاگابوون لەوەی کەسێك لە پیاوانی (بارام میرزابەگ) شەو لەکەناری (گوندی سەرگەت) خۆی لێیاندزیوەتەوە و رۆیشتووە بۆ (قەڵای زەڵم), لەوێ سەرپاکی رووداوەکەی بۆ (خان ئەحمەدخان) گێڕاوەتەوە, بۆ ئەوەی باوەڕپێبکەن جوتێك پێڵاوی (بارام میرزابەگ)ی وەك بەڵگە بۆ سەلماندنی قسەکەی لەگەڵ خۆی بردووە, (خان ئەحمەدخان) فەرمانیداوە (عەلی بەگی زەڵمی) بە سێسەد سوار و تەواوی چەك و چۆڵە و تفاقی جەنگییەوە شوێنیانهەڵگرێت و لەهەر شوێنێك توشیانبوون دەستیانلێبوەشێنن, کاتێك (عەلیبەگی زەڵمی) و تفەنگچییەکانی گەیشتوونەتە گوندی هەرشەل, (بارام میرزابەگ) و هاوڕێکانی لە گەرمەی پشوودان و حەوانەوەدابوون, پاش روودانی شەڕ لە نێوانیاندا (بارام میرزابەگ) بریندار بووە, لەبەر سەختی برینەکەی و خوێنبەربوونێکی زۆر پاش کەمێك کۆچی دواییکردووە. مردنی (بارام یرزابەگ) بووە بە هۆی پەرش و بڵاوبوونەوەی هاوڕێکانی.

لێرەدا پێویستە بگەڕێنەوە سەر ئەوەی کاتێك (بارام میرزابەگ) و هاوڕێکانی قەڵای هەورامانیان جێهێشتووە (سڵێمان بەگ)ی گوڕی لەگەڵ پاشماوەی تفەنگچییە هەورامیەکان لەناو قەڵاکەدا ماونەتەوە, شەوانە هێرشی کتوپڕیان بردۆتە سەر لەشکری (خان ئەحمەدخان) و زەرەر و زیانی زۆریان لێداون, ئەو زەرەر و زیانانە بە تەواوی (خان ئەحمەدخان)یان بێتاقەتکردووە و لەئەنجامدا ناچار بووە خۆی جڵەوی سەرکردایەتی لەشکرەکەی بگرێتە دەست, بەڵام ئەم ڕێگەیەش بێسوود بووە و هیچی بۆ نەکراوە, بۆیە بیری لە نەخشەیەکی تر کردۆتەوە, بەوەی لەڕێی هەڵخەڵەتاندن و پیلانگێڕانەوە بتوانێت بە مەرامەکەی بگات, لەم بوارەدا نامەیەکی بۆ (سڵێمان بەگ) نووسیوە و (مەلا ئیسماعیلی قازی) وەك ناوبژیوان بە دیارییەکی زۆرەوە ناردووە بۆ قەڵای هەورامان و پەشیمانبوونەوەی خۆی لەکارەساتی کوشتنی (بارام میرزابەگ) بۆ (سڵێمان بەگ) ئاشکرا کردووە, لەنامەکیدا باسی لەوە کردووە گوایا ناوچەی (کەمەرە و شامیان) دەخاتە ژێر فەرمانی سڵێمان بەگەوە, سوێندیشی خواردووە تا گیانی زیندووە دوژمنایەتی هەورامییەکان ناکات.

لە ئەنجامی نامەکەی (خان ئەحمەدخان) و ئەو هەموو دڵدانەوەی (سڵێمان بەگ)ـە جۆرە ئاشتییەك کەوتۆتە نێوانیانەوە, پاش ماوەیەك (سڵێمان بەگ) لەگەڵ چەند ریشسپی و پیاوماقوڵێکی هەورامان بە مەبەستی سەردانی (خان ئەحمەدخان) هاتووە بۆ (زەڵم), ئەوەش دەرفەتێکی زێڕین بووە بۆ(خان ئەحمەدخان) بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکەی, بۆ ئەو مەبەستە چەندکەسێکی دیاریکردووە بۆ پێشوازیکردنی (سڵێمان بەگ) و پێڕاگەیاندوون خێوەتێکی قەشەنگ برازێننەوە بۆ پشوودانی, هاوکات پێیوتوون پاش ئەوەی بەرەو خێوەتەکە دەیبەن دەستبەجێ زنجیریبکەن و بەنووسەرە تایبەتەکەیدا نامەیەك بۆ تفەنچییەکانی هەورامان بنووسن بەوەی بۆ رۆژی دوایی لەگەڵ خۆرهەڵاتندا پێویستە هەموو تفەنگچییەکانی هەورامان لەقەڵا بێنە خوارەوە هەتا چاویان بەنوێنەرانی (خان ئەحمەد خان) بکەوێت, هەر بە گەیشتی هەورامییەکان بۆ شوێنی مەبەست لەشکری (خان ئەحمەدخان) هێرشیان بۆ بردوون و غافڵگیرانە هەر لەو شوێنەدا سەدکەسیان لێکوشتوون, پاشان لەشکر چوونەتە ناو قەڵاکەوە هەرکەسێك لەنەوەی (بەهمەن = نەوەی حوکمڕانانی هەورامان) بووە لە ژن و پیاو و پیروکەنج و منداڵ هەموویان کوشتوون, بەوەش (خان ئەحمەد خان) توانیویەتی دەست بەسەر هەوراماندا بگرێت.

**7-عەباسقولی سان:**

(عەباسقولی سان[9]) کوڕی بارام میرزا بەگ, دایکی کچی (ئەڵاوردیخانی لوڕ)ـە پاش کوشتنی باوکی (سڵێمان بەگ)ی برای و خزمەنزیکەکانی, لەماڵی باوکی دایکی لە لوڕستاندا گەورە بووە و پێگەیشتووە, ناوبراو خوێندەوارێکی چاك بووە و شارەزاییەکی زۆری لە تەفسیری قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) هەبووە, هەردوو زمانی عەرەبی و فارسی بەباشی زانیوە, لەڕووی سەربازییەوە کەسێکی ئازا و لێهاتووبووە, لەشەڕی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و صەفەویەکاندا لەگەڵ خاڵۆی (شاوردیخانی دووەم) شانبەشانی صەفەوییەکان دژی عوسمانییەکان جەنگاوە و ئازایەتی کەمنموونەی نواندووە, ئەو ئازایەتییەی بووە بەمایەی ڕەزامەندی و ستایشکردنی لەلایەن (شا ئیسماعیلی صەفەوی)یەوە, کاتێك (شا ئیسماعیل) هەواڵی رەچەڵەکی (عەباسقولی بەگ)ی پرسیوە (شاوردیخان) رازی کوشتنی (بارام میرزابەگی باوکی و سلێمانبەگی براگەورەی) وخزم و کەسوکارە نزیکەکانی بۆ (شا ئیسماعیل) گێراوەتەوە, باسی لەوەش کردووە

لەو کاتانەوە ئیتر (عەباسقولی بەگ وحسێنقولی بەگی برای) هاتوون بۆ (لوڕستان) و لەوێ پەروەردەکراون, کاتێك (شا ئیسماعیلی صەفەوی) ویستوویەتی خەلاتی (عەباسقولی بەگ) بکات ناوبراو داوای ئەوەی لێکردووە حوکمڕانی هەورامانی پێببەخشێ, ئەویش ڕەزامەندی خۆی نیشانداوە و فەرمانیداوە (عەباسقولی بەگ) دابنرێت بە سانی هەورامان و ڕووەو ماوا و شوێنی باوباپیرانی بگەڕێتەوە, بە گەیشتنی (عەباسقولی سان) بۆ هەورامان لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە پێشوازییەکی زۆر گەرمی لێکراوە و ئامادەبووانی ڕێوڕەسمی پێشوازییەکە بڕیاریانداوە دڵگەرمانە پشتگیریبکەن.

(عەباسقولی سان) لەماوەی حوکمڕانیەکەیدا یەکێك بووە لە هەڵکەوتووترین سانەکانی هەورامان و گۆڕانکاری بەرچاوی هێناوە بەسەر ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسیی خەڵکی ئەو سەردەمەی هەوراماندا, هەر ئەوەش ناوبانگێکی زۆر باشی بۆ پەیدا کردووە, ناوبراو تەنیا کەسێك بووە لەناو هەموو حوکمڕانەکانی هەوراماندا کە لە (کتێبی مێژووی سەردەمی صەفەویەکان)دا ناوی هێنراوە, هەروەها لەکاتێکدا مێژوونووسە ئەردەلانییەکان ناوی هیچ حوکمڕانێکی ناوچەکانی کوردستان و سانەکانی هەورامانیان نەهێناوە تەنیا لەو کاتانەدا نەبێت باسیان لە لەشکرکێشیەکانی خۆیان بۆسەر ئەو حوکمڕانانە کردبێت, بەلام (عەباسقولی سان) ناوی خۆی خستۆتە سەرزمانی مێژوونووسە ئەردەلانیەکان.

(عەباسقولی سان) ئاوەدانیەکی زۆری خستۆتە هەورامان, لەکاتێکدا گشت موڵك و سامانی خۆی تەنها چەند پارچە باخێکی بچوك بوون لە گوندەکانی(بڵبەر, سلێن, شاری هەورامان), یەکێك لە باخەکانی بەباخچە ناویدەرکردووە و یەکێکیشیان بە (هاڵە هاجب).

ئەم سانە لە وەرزی زستاندا لە (عەباسئاوا) نیشتەجێبووە, وەرزی هاوینیشی لە (کراویەدۆڵ و قولەی پیرڕۆستەم) گوزەراندووە, پایزانیش هەندێکجار لە (شاری هەورامان) و جارجاریش لە (گوندی نوێن)دا بووە.

ساڵی (1075ك=1664ز) لەسەردەمی حوکمڕانی (شا عەباسی دووەم) کۆچی دواییکردووە و سێ کوڕی لەشوێن بەجێماوە ئەمەش ناوی کوڕەکانیەتی: (بارام بەگ, محەممەد بەگ, سلێمان بەگ), پاش کۆچی دوایی (عەباسقولی سان) بارام بەگی کوڕی بووە بە سانی هەورامان.

**8-بارام سان:**

ساڵی (1075ك – 1664ز) عەباسقولی سان کۆچی دواییکردوە, ژمارەیەك لە ریشسپی و پیاوماقولانی هەورامان یاداشتێکیان بۆ شای ئێران نووسیوە و داوایانلێکردووە یەکێك لە کوڕەکانی (عەباسقولی سان) بکرێت بە سانی هەورامان, لە وەلامی یاداشتەکەیاندا شای ئێران فەرمانیداوە دوو کوڕی ناوبراو لە کۆشکی شادا ئامادەبن, بۆ ئەو مەبەستەش (بارام بەگ و محەممەد بەگ) ڕۆشتوون بۆلای شا, بە فەرمانی شا (بارام بەگ) کراوە بەسانی هەورامان, محەممەد بەگی براشی دانراوە بە حوکمڕانی (کەلاتەرزان, کەمەرە, کوڕگوێز).

(بارام سان) پاش دەستبەکاربوونی لە حوکمڕانیدا دەستیداوەتە فراوانکردنی قەڵەمڕەوی دەسەلاتەکەی, لەسەردەمی ژیانی ئەم سانەدا تەنها لەشاری هەوراماندا هەزار خێزان ژیاون, هەموو خێزانێکیش چەك و چۆڵەی خۆیان هەبووە, بەو مانایە لە هەموو کاتێکدا هەزار جەنگاوەر لەبەردەم ساندا ئامادەباشبوون, بێجگە لە (1500) جەنگاوەر کە لە گوندەکانی تری هەوراماندا نیشتەجێبوون, هەرکاتێك ویستبێتی لەماوەیەکی کەمدا دووهەزارو پێنج سەد جەنگاوەری لەدەوری خۆی کۆکردۆتەوە.

بە مەبەستی فراوانکردنی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەی سەرەتا پەلاماری شارەزووری داوە و چەندکەسێکی ناوداری بناری شارەزووری کوشتووە, لەوانە سێ کەس لە پیاوماقوڵانی (زەڵم), پاشان فەرمانیداوە لەسەرووی جۆگەی دەلێنەوە جۆگەیەکی گەورە دروستبکرێت بۆ ئەوەی رووبەرێکی زۆر لەو زەوییانەی لەناوچەکەدان بکرێن بە زەوی بەراو, پاشان ئەو جۆگەیە بە (سوڵتانەجۆ) ناویدەرکردووە.

باری ژیان و گوزەرانی خەڵکی هەورامان لەسەردەمی حوکمی ئەم سانەدا بەپێچەوانەی سەردەمی حوکمڕانی (عەباسقولی سانی باوکی) بووە, چونکە ئەو باج و سەرانانەی لەسەردەمی باوکیدا لەسەر خەڵکی ناوچەکە هەڵگیرابوون جارێکیتر گەڕێنراونەتەوە, بەوەش باری سەرشانی خەڵك قورس بووە.

(بارام سان) پاش (35)ساڵ لە حوکمڕانی ساڵی (1103ك – 1691ز) کۆچی دواییکردووە, (10) کوڕی لەشوێن بەجێماوە پاش خۆی بەم ناوانە: (قاسم سان, گەنجعەلی سان, عیسا سان, جەمشید سان, حسەین بەگ, نەجەف بەگ, مەنسوور بەگ, سەیفقولی بەگ, عەلیخان بەگ, مەنوچەر بەگ).

9-**قاسم سان:**

پاش کۆچی دوایی (بارام سان) ساڵی (1103ك – 1691ز) بە فەرمانی (شا ئیسماعیلی صەفەوی) (قاسم بەگی کوڕی بارام سان) دانراوە بەسانی هەورامان, ناوبراو خوێندەوارێکی باش و دەستێکی باڵای هەبووە لە خۆشنووسی و شیعر هۆنینەوەدا, زۆر حەزی بە ئاوەدانکردنەوەی قەڵەمڕەوەکەی بووە بەتایبەت شوێنە ئاودارەکان, کچی والی کوردستانی خواستووە, ئەوەش بووە بە هۆی پتەوکردنی پەیوەندی نێوانیان, پاش کۆچی دوایی هاوسەرەکەی کچی (عەلیقولی خان)ی گەورە کێشکچی شای ئێرانی خواستووە و لەو ژنەی کوڕێکی بووە.

لەسەردەمی حوکمڕانی (قاسم سان)دا جۆرە بشێوییەك کەوتۆتە ناو بنەماڵەی حوکمڕانی هەورامان, براکانی کە ژمارەیان نۆ کەس بوون هەریەکەیان لەشوێنی خۆیەوە داوای سانییەتی کردووە, دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عوسمانیش هەروەك پیشەی هەمیشەییان هەوڵیانداوە ئاگری دووبەرەکی لەنێوانیاندا خۆشبکەن و بیاندەن بەگژ یەکتریدا, ئەوەش کاریگەرییەکی خراپی هەبووە لەسەر بارودۆخی ناوچەکە.

ساڵی (1110ك – 1698ز) قاسم سان لەشەڕێکدا لە مەریوان بەدەستی لەشکری کرمانج کوژراوە, پاش کوژرانی ناکۆکی و ململانێکانی نێوان کوڕەکانی (بارام سان) گەرمتر بوون و دەسەڵاتدارانی (عوسمانی, بابانی, ئەردەڵانی)یش هەریەکە و لەلای خۆیانەوە ئاگری ئەو ناکۆکیەیان خۆشکردووە, (گەنجعەلی سان) کە پاش (قاسم سان) حوکمیگرتۆتە دەست تەنها سێ ساڵ حوکمیکردووە و ساڵی (1113ك – 1701ز) کۆچی دواییکردووە پاش ئەویش (عەباس سانی کوڕی گەنجعەلی سان) تا ساڵی (1116ك – 1704ز) حوکمڕانیکردووە, پاشان (عیسا سانی کوڕی بارام سان) حوکمیگرتۆتە دەست, ساڵی (1128ك – 1715ز) بەدەست دوان لە براکانی بەناوی (حسێن بەگ و جەمشید بەگ) کوژراوە, لەژێر سایەی (جەمشید بەگ)دا ئیسماعیل بەگی کوڕی قاسم سان کە لە گوندی (درزڵی) نیشتەجێبووە دانراوە بە سانی هەورامان, تا ساڵی (1138ك – 1725ز) بەردەوامبووە, پاشان (جەمشید بەگ) ماوەی شەش ساڵ حوکمی هەورامانی کردووە و نازناوی سانی دراوەتێ, (جەمشید سان) بەدەستی (یوسف بەگ) کوژراوە, (مەنوچەر بەگ)ی کوڕی حوکمیگرتۆتە دەست و بووە بە سانی هەورامان, بەڵام ماوەی حوکمڕانییەکەی زۆر کورت بووە و پاش دوو مانگ (حەمەیوسف بەگی کوڕی

ئیسماعیل سانی کوڕەزای قاسم سان) دانراوە بەسانی هەورامان, ناوبراو پیاوێکی ئازا و لێهاتوو بووە بەڵام کورتەباڵا بووە بۆیە (نادرشا) نازناوی (سانە بچکۆڵە)ی داوەتێ, ساڵی (1165ك – 1751ز) لە تەمەنی (99) ساڵیدا کۆچی دواییکردووە.

10-**حسێن سان:**

پاش ئەوەی فەرمانی سانیەتی هەورامانی لهۆن لەلایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عوسمانییەوە بەناوی (حسێن سان) دەرکراوە, بۆ بەرگرتن لە زیادبوونی دەستتێوەردانی عوسمانییەکان لەحوکمڕانی هەوراماندا (سوبحانوێردی خانی ئەردەڵانی[10]) لەخولی چوارەمی حوکمڕنییەکەیدا لەنێوان ساڵانی (1158-1160ك=1745-1747ز), لەلایەن خۆیەوە فەرمانی حوکمڕنی (لهۆن)ی, بۆ (حسێن سان) و حوکمڕانی (ڕەزاو)یشی بۆ (خەسرەو بەگی کوڕی بارام سانی دووەم) دەرکردووە, (حسێن سان) دۆستایەتی پتەوی لەگەڵ عوسمانییەکاندا بووە,هەر بەفیتی ئەوانیش هەوڵیداوە حوکمڕانی هەموو هەورامان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە, بۆ بەئەنجامگەیاندنی مەرامەکەشی پیلانی کوشتنی (خەسرەو بەگ)ی داڕشتووە و لەسەر خوانی میوانداری ساڵی (1160ك=1747ز) بەخەنجەر کوشتوویەتی, پاش ئەوەی هەواڵی کوشتنی (خەسرەوبەگ) گەیشتۆتە لای (بارام سانی دووەم), ئەویش بۆ تۆڵە سەندنەوەی خوێنی کوڕەکەی خۆی ئامادەکردووە,بۆهەمان مەبەست (خالید بەگی برای خەسرەو بەگ) لەناکاودا هەڵمەتێکی بردۆتە سەر(مۆمن خان بەگ و مستەفا بەگ) کەهەردووکیان برای (حسێن سان) بوون, لە شیرین خەودا هەردووکیانی کوشتووە, (حسێن سان)یش لە گوندی (هانە گەرمڵە)وە بەرەو گوندی (نەوسوود) هەڵهاتووە, لەوێشەوە ڕۆیشتووە بۆ (سنە) و داوای کۆمەکی لە (سوبحانوێردی خانی والی) کردووە, والیش پێیڕاگەیاندووە پێویستە هەتا بەهار دان بەخۆیدابگرێت, لەبەهاری ساڵی (1161ك=1748ز) (سوبحانوێردی خان) فەوجی کوردستان و چەند فەرماندەیەکی سەربازی لەوانە (محەممەد عەلی سوڵتان, مورتەزا قولی بەگ,)ی خستۆتە ژێر فەرمانی (حسێن سان)ـەوە, لەبەرامبەریشدا (بارام سانی دووەم) داوای کۆمەکی لە پاشای بابان کردووە, پاش ئەوەی پاشای بابان داواکەی پەسەندکردووە, بەلەشکرێکی زۆرەوە ڕووبەڕووی (حسێن سان) بۆتەوە, پاش شەڕێکی سەخت و خوێناوی کەتیایا هەردوو لەشکر هەتا دووا گولە جەنگاون, جەنگاوەران دەستیانداوەتە شمشێر, (بارام سانی دووەم و حسێن سان)یش بەهەمان شێوە ڕووبەڕووی یەکتری بوونەتەوە, لەئەنجامدا (حسێن سان) کوژراوە, پاش ئەو شەڕو وهەرایە بۆ جارێکی ترحوکمڕانی (لهۆن و ڕەزاو) بەیەکپارچەیی کەوتۆتە ژێر دەستی (بارام سانی دووەم).

لێرەدا پێویستە قسە لەسەر ئەوە بکەین, ساڵی (1161ك=1748ز) (حەسەن عەلی خانی ئەردەڵانی) بووە بەمیری ئەردەڵان, ناوبراو زۆر ڕێزی لە (بارام سانی دووەم) گرتووە, لەکاتی هێرشە گەورەکەی لەشکری زەنگنە بۆ سەر قەڵەمڕوی ئەردەڵان بەسەرکردایەتی( ئیمامقولی خان), جەنگاوەرەکانی (بارام سانی دووەم) هاوکاری ئەردەڵانییەکانیان کردووە و شکستیان بەلەشکری زەنگنە داوە.

(بارام سانی دووەم) لەدرێژەی ساڵانی حوکمڕانییەکەیدا, بەهیچ شێوەیەك دۆستایەتی دەسەڵاتدارانی عوسمانی و پاشاکانی بابانی نەکردووە و گوێینەداونەتێ, هەرلەبەرئەوە عوسمانییەکان (نەزەر عەلی سان) کەلەژێر فەرمانی ئەواندا بووە لەبەرامبەریدا قوتیانکردۆتەوە و فەرمانی سانیان بۆ دەرکردووە, بەڵام (بارام سانی دووەم) هەتا ساڵی (1165ك) گوێینەداونەتێ و بوارینەداوە ناوبراو لەهەوراماندا حوکمڕانیبکات, ساڵی

(1168ك=1754ز)) كاتێك (سەلیم پاشای بابان) لەگەڵ سوپای (زەند)دا كەوتۆتە جەنگەوە, (نەزەرعەلی سان) هاوكاری بابانییەكانی كردووە, لە مەیدانی جەنگدا بەدەستی (محەممەدخانیزەند) بریندار كراوە و لەهەمان ساڵدا كۆچی دووایی‌كردووە.

11-**خالید سان:**

پاش كۆچی دوایی (بارام سانی دووەم), خالیدبەگی كوڕی بووە بەسانی هەورامانی لهۆن و رەزاو, دەربارەی حوكمڕانی (خالیدسان) مەلاعەبدوڵای قازی نووسیویەتی:

ئەم سانە یەكێك بووە لە بەتواناترین و لێهاتووترین سانەكانی هەورامان, ناوبراو پیاوێكی ئایینناس ورۆحسۆك ومرۆڤدۆست و زیرەك بووە, هاوینی لە(كێوی ساردانی) و زستانیشی لە(هانەگەرمڵە) بەسەربردووە, لەسەردەمی حوكمڕانی ئەم سانەدا (حەیدەربەگی بەڵخی[111]) كە ژنبرای مووسابەگ بووە بە نوێنەری دەوڵەت لە (نەوسوود) دانراوە, زۆربەی سەرچاوەكان باس لەوە دەكەن گوایا (حەیدەر بەگ) كەسێكی نمەكحەرام بووە, بەرامبەر بە (خالیدسان) دڕدۆنگ و دڵپیس بووە, لەگەڵ (سلێمان پاشای بابان) ڕێككەوتووە لەسەر ئەوەی بەناوی میوانییەوە (خالید سان) بانگبكەن بۆ شارەزوور و لەوێ زەفەری پێبەرن, (خالید سان) بێئاگا لە مەرامی (سلێمان پاشا) هاتۆتە شارەزوور, پاش پێشوازیلێكردن لە شوێنی تایبەت بۆ حەوانەوە دانراوە و تاكیانخستووە, هاوكات چەند كەسێكیان راسپاردووە دەستبەجێ باڵبەستیانكردووە و خراوەتە زیندان, پاش سێ رۆژ بەدەستی (حەیدەر بەگی بەڵخی) لەساڵی (1170ك=1756ز) كوژراوە.

پاش كوژرانی (خالید سان) لەلایەن پاشای بابانەوە فەرمانی حوكمڕانی هەورامان بۆ(حەیدەر بەگ) دەركراوە, ناوبراو تەنها كەسێك بووە لە مێژووی سانەكانی هەوراماندا لە بنەماڵەی (بەهمەن) نەبووبێت و حوكمڕانی هەورامانی كردبێت, پاش تەنها شەش مانگ لەدەستبەكاربوونی بەدەستی (محەممەد بەگی برای خالید سان) لەناو حەرەمسەرای خۆیدا كوژراوە.

12-**رەزا سان:**

(رەزاسان) یەكێك بووە لە سانە هەرە ناودار و زۆر ناسراوەكانی هەورامان, نەخشێكی زۆرگەورەی لەسەر رووداوەكانی ناوچەكە هەبووە, ساڵی (1170ك= 1756ز) پاش كوشتنی (خالیدسان) بەدەستی (حەیدەربەگ) ناوێك كە لەسەردەمی حوكمڕانی (خالیدسان)دا جێگری حوكمڕانی (نەوسوود) بووە, (خالیدسان) بە باڵبەستراوی كوژراوە. بەرامبەر بەو تاوانە (محەمەد بەگی برای خالیدسان) لەتۆڵەی خوێنی براكەیدا پاش شەش مانگ (حەیدەربەگ)ی كوشتووە, پاش گەیشتنی هەواڵی كوژرانی (حەیدەربەگ) بە پاشای بابان, ناوبراو فەرمانیداوە (رەزاسانی كوڕی حسەین بەگ كوڕی بارامسانی یەكەم كوڕی عەباس قولی سان) دابنرێ بە سانی هەورامان هەر لەوكاتەدا (خەسرەوخانی والی) كە بەفەرمانی (حەمەحەسەن خانی قاجار) كراوە بە والی كوردستان فەرمانی حوكمڕانی سەراسەری هەورامانی بەناوی (رەزاسان)ەوە دەركردووە.

(رەزاسان) كەسێكی كەمنموونە بووە لەناو حوكمڕانەكانی سەردەمی خۆیدا, لەم بارەوە مەلا عەبدوڵای قازی نووسیویەتی:

(رەزاسان) پیاوێكی خاوەن شەهامەت و دیندار و زۆر شارەزای وردەكارییەكانی بواری حوكمڕانی بووە, لەسەردەمی حوكمی ناوبراودا خەڵكی هەورامان خۆشگوزەرانبوون و ناوچەكەش پێشكەوتنی بەرچاوی بەخۆوە

بینیـوه, هـەرزانی هـەموو کـونجێکی هـەورامانی گرتۆتـەوە, بـۆ نموونـە: هۆقەیـەك ڕۆن دراوە بـە نـۆ شـایی[12], هۆقەیەك لۆکە بەسێ عەباسی, جوتێك کڵاشی پیاوانە بە سێ شایی, کرێی دوورینی کەوایەکی پیاوانە یەك شـایی بـووە و ژنانـەش دووشـایی, شـتەکانی تـریش هـەموویان نرخیـان دیـاریکراو بـووە, کـەس نـەیوێراوە گرانفرۆشـیبکات یـان پـارەی زیـاد لەخـەڵك بسـێنێ, هـەروەها لەسـەردەمی حـوکمڕانی ئـەم سـانەدا هـەموو ئـەو کەسانەی کە بێلانە و دەرەتان و پەککەوتووبوون لـەناو مزگـەوتەکانـدا بـەخێوکراون و نـان و پۆشـاك و پاپۆشیان پێدراوە.

لـەماوەی دەسـەڵاتی (ڕەزاسـان)دا خـەڵك بەتـەواوی بـەئارامی ژیاون و پاڵیانلێداوەتـەوە چونکە هـیچ نائارامییـەك رووی لەناوچەکە نەکردووە, هـەموو بـەگزادەکانی هـەورامان لەشـوێنی دەسـەڵاتی خۆیانـدا لەگـەڵ خەڵکەکـەدا بـە ڕێکوپێکی هەڵسوکەوتیانکردووە هیچ کەسێکیان نەیتوانیوە ستەم بەرامبەر بە خـەڵك بکات و لـە گوندەکانیشدا چەندین کـاری خێرییـانکردووە و خزمەتگوزارییـەکان پەرەیانسـەندووە, هـەربۆ نموونـە: (مـۆمن خـان) مزگـەوتی گونـدی (نـەروی) ئـاوەدان و پۆشـتە کردۆتـەوە, (حەمەتایەربـەگ) پـردی (عەباسـئاوا)ی نۆژەنکردۆتـەوە, هـەر بـە فەرمانی (ڕەزاسان) دووپردیتر لە(شامیان) دروستکراوە, هەموو ئەو منداڵانەی کە بێدایك وباوك بوون لەلایـەن (ڕەزاسان)ـەوە بەخێوکراون.

بەروبوومی (شامیان) کە زیاتر لە هەزار تەغار[13] دانەوێڵە بووە, سـەرەڕای ئـەم بەروبوومـەی شـامیان, (ڕەزاسـان) ساڵانە لە هەزاروپێنجسەد تەغار گەنم و جۆ و چەڵتوکی کڕیوە, هەمووشـی بـەبێ بەرامبـەر دابەشـکردووە بەسـەر هەژار و نەدارەکاندا, هـەر لـەبواری دڵفراوانی و دەسـتپاکی نـاوبراودا, هـەم لەلایـەن والیـەکانی کوردسـتان و هـەم لەلایەن پاشاکانی بابانەوە ڕێزی لێگیراوە و هیچ داواکاریەکی ڕەتنەکراوەتەوە.

(ڕەزاسـان) پـاش بیسـتوپێنج سـاڵ حـوکمڕانی سـەربەرزانە, سـاڵی (1197ك=1782ز) لەسـەفەری قەڵاچـوالاندا نەخۆشکەوتووە و هەرلەوێش کۆچی دواییکردووە, بەپێی وەسیەتی خۆی تەرمەکەی براوەتـەوە بـۆ هـەورامان و لە گۆڕستانی (محەمەدی غەیبی[14]) کە دەکەوێتە نێوان هەردوو گوندی (کێمنە و هانەگەرمەڵە) بەخاکسپێردراوە.

لە باسکردنی کەسێتی (ڕەزاسان)دا بە پێویستی دەزانین ئـاماژە بـەوە بکـەین کـە دینـداری و ئایینناسـی ئـەو زاتە وایکردووە ئەوکەسانەش کە پێشتر و لـە هـەموو تەمەنیانـدا نوێـژیان نـەکردووە لەسـەردەمی ژیـانی (ڕەزاسـان)دا ڕوویانکردۆتە مزگەوتەکان و زۆربەی نوێژەکانیان بە جەماعەت کردووە.

**12-عەلیمەردان سان:**

بۆ چوونە نـاو ئـەم بابەتـەوە لـەوەوە دەسـتپێدەکەین ژمارەیـەك لـە حوکمڕانـەکانی ئـەردەڵان هەوڵیانـداوە کێشـە و ناکۆکی لەنێوان سانەکانی هـەورامان بنێنـەوە, بـۆ ئـەوەی باشتر بتـوانن بـۆ مەرامـەکانی خۆیـان بـەکاریانبهێنن و ناکۆکی لەنێوانیاندا بنێنەوە, هەتاکو ئەو هێزە یەکگرتووەیان نەمێنێ کە هەڕەشە بێت بۆسەر بەرژەوەندییەکانی ئـەوان, یـەکێك لـەو حوکمڕانانـەی کـە هەمیشـە بـەو ئاکـارەدا کـاریکردووە (خەسـرەخانی ئـەردەڵانی[15]) بـووە, (خەسـرەوخان) لـە خـولی دووەمـی حکومڕانییەکەیـدا کـە لەسـاڵی (1179ك=1765ز) هـەتا سـاڵی (1204ك=1789ز) درێژەیکێشـاوە وکێشمەکێشـی زۆری بـۆ سـانەکان دروسـتکردووە, بـۆ بەئەنجامگەیانـدنی مەرامـەکانی (عەلیمـەردان بـەگی کـوڕی حسـێن سـان)ی هانەگەرمەڵـەی کـردووە بـە سـانی هـەورامان و فـەرمانی حوکمڕانی ناوبراوی لە دەرباری خۆیدا بە ڕەسمی بڵاوکردۆتەوە.

دەربارەی حوکمڕانی (عەلیمەردان سان)، (مەلا عەبدوڵای قازی) لە کتێبی (مێژووی هەورامان)دا نووسیویەتی:
(عەلیمەردان سان) لە سەرەتای حوکمڕانیەکەیدا تا ماوەی سێ چوارمانگ لەگەڵ خەڵکدا باش هەڵسوکەوتی نەکردووە، بەڵام پاش ئەو ماوەیە زۆر کاریکردووە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خەڵکی هەورامان، بۆ نموونە:
1-سەرانەی کردووە بە دوو قروش.
2-هەرگیز لە دەقەران زیاتر جەریمەی کەسی نەکردووە.
هەتا ماوەی پێنج ساڵ لەگەڵ (حەمەتایەرسان)ی برای پێکەوە حوکمڕانیانکردووە، پاش ئەو ماوەیە حوکمڕانی لهۆنی سپاردووە بە (فەتحعەلی سان).
بەرامبەر بە دەسەڵاتی (عەلیمەردان سان)، (یوسف سان) دەستیداوەتە سەرپێچیکردن و ساڵی (1199ك=1783ز) فەرمانی حوکمڕانی هەورامان بەناوی (یوسف سان)ـەوە دەرچووە، هاوکات (جافرخانی زەند) هاتۆتە سەر ویلایەتی کوردستان و لەوکاتەدا (مەحمود پاشا) یەکێك بووە لە میرەکانی بابان و زاوای (حەمەتایەر سان) بووە کۆچی دواییکردووە، پاش لەدنیادەرچوونی هاوسەرەکەی شویکردووە بە (جافرخانی زەند). ئیتر خانی زەند حوکمڕانی هەورامانی سپاردووە بە (حەمەتایەر سان) و (عەلیمەردان سان)یش بەو بڕیارە قایلبووە چونکە پێشتر ماوەی پێنج ساڵ بەیەکەوە حوکمڕانیانکردووە. لە ئەنجامی ئەو ئاڵوگۆڕە لە حوکمڕانی هەورامان (یوسف سان) هەورامانی بەجێهێشتووە و ڕوویکردۆتە شارەزوور، بەهاوکاری لەشکری (ئیبراهیم پاشای بابان) هاتۆتەوە سەر هەورامان ئەمەش بووە بەهۆی دابەشبوونی هەورامان بەم شێوەیە:
(عەلیمەردان سان) لە (نەوسوود) حوکمیکردووە و باقی خاکی هەورامان لەژێر دەستی (حەمەتایەرسان)دا بووە.
شەبەیخونێك (فەتحعەلی سان) کە بە (حسێنبەگ) ناسراوبووە هەڵمەتێکی کتوپڕی بردۆتە سەر ئەو شوێنانەی کە لەژێردەست (عەلی مەردان سان)دا بوون و هەموو هەورامانی لهۆنی خستۆتەوە ژێر دەستی خۆیەوە.
ئەگەر بە وردی لەم چەند دێڕەی پێشوو بکۆڵینەوە، بنەمای بەشکردنی دەسەڵاتی حوکمڕانی هەورامان دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی (خەسرەوخانی ئەردەڵانی)، کە ئەو هەموو گێرمەو کێشەیەی لەنێوان بنەماڵەی حوکمڕان ناوەتەوە، لەکاتێکدا بۆماوەیەکی دوور و درێژ وەك یەك قەوارە حوکمڕانیکراوە و هیچ ناکۆکییەك لەنێوان دەسەڵاتدارانی هەوراماندا نەبووە، لەژێر فەرمانی سەردارەکانیاندا یەك دەست و یەك دڵ هەڵسوکەوتیانکردووە، لەسەردەمی (ئاغامحەمەدخانی قاجاری[16])دا مستەفاخانی ئەردەڵانی دانراوە بە حوکمڕانی کوردستان لەوکاتەدا بۆ جارێکیتر بە فەرمانی (مستەفاخان) حوکمڕانی هەورامانی لهۆن بە (عەلیمەردان سان) سپێردراوەتەوە، ساڵی (1207ك=1790ز) لەسەر فەرمانی ئاغامحەدخانی قاجاری مستەفاخانی ئەردەڵانی سەفەری شوشتەر و دیزەفولی کردووە، لەو سەفەرەدا سانەکانی هەورامانی لەگەڵ خۆیدا بردووە و (حەمەتایەرسان) لەو سەفەرەدا لە لوڕستان کۆچی دواییکردووە و لەوێش نێژراوە. پاش سەفەرەکەی شوشتەر و دێزەفول سانەکانی هەورامان گەڕاونەتەوە بۆ شوێنی خۆیان.
(حەسەنعەلی خانی ئەردەڵانی) کە پاش کۆچی دوایی باوکی بە فەرمانی شای قاجار کراوە بە حوکمڕانی کوردستان فەرمانی حوکمڕانی هەموو هەورامانی بەناوی (یوسف سان)ـەوە دەرکردووە، ساڵی (1209ك=1792ز) ناوبراو بە ڕەسمی کراوە بە سانی هەموو هەورامان، (عەلیمەردان سان) لە بنەڕەتدا بە کەسێکی ئاشیخواز و نەرمونیان ناسراوبووە، بۆیە ملەجیڕەیەکی وەهای نەکردووە، بەڵام (مەنوچەربەگی کوڕی)

که لەوکاتەدا حاکمی (نۆتشە) بووە  و کەسێکی زۆر ئازا و لەخۆبوردوو بووە, بڕیاریداوە بە هەر نرخێك بووە پێویستە (یوسف سان) لەناو بەرێت بەڵام باوکی ڕێیلێگرتووە, مردنی لەناکاوی (ئاغامحەمەد خان) و سەرقاڵبوونی باوکی و گرفتاربوونی بەدەستی کاربەدەستەکانی (حەسەنعەلی خان)ەوە بووە بە هاندەرێك بۆ ئەوەی (مەنوچەر بەگ) داوای حوکمڕانی (لهۆن) بکات, لەولاشەوە (یوسف سان و ئەسکەندەربەگی کوڕی) نەخشەی سەرکوتکردنی (مەنوچەربەگ)یان داناوە, هەر لەم بوارەدا (حەسەنعەلی خانی والی) (فەتحعەلی سان)ی ڕاسپاردووە ئەگەر بتوانێت (مەنوچەر بەگ) دەستگیربکات حوکمڕانی هەورامانی پێ دەبەخشێت, (فەتحعەلی سان) بۆ دەستگیرکردنی (مەنوچەر بەگ), لەگەڵ (یوسف سان) و (حەسەن بەگ و عەبدولغەفاربەگ) و ژمارەیەکی زۆر لە تفەنگچییەکانیان ڕووەو (نەوسوود) کەوتوونەتەڕێ, هەر بە نزیکبوونەوەیان لە (نەوسوود), (مەنوچەر بەگ و براکانی) شکاندویانن و دووریانخستوونەتەوە, پاشان بۆ جارێکیتر فەرمانی حوکمڕانی هەورامانی لهۆن دراوەتەوە بە (عەلیمەردان سان), ناوبراو لەو کاتەدا زۆر نەخۆش بووە لەگەڕانەوەیدا بۆ (نەوسوود) ساڵی (1223ك=1808ز) کۆچی دوایکردووە.

(ئامانوڵاخانی یەکەم) والی ئەردەڵان ساڵی (1240ك=1824ز) حوکمڕانی هەورامانی لهۆنی داوە بە (ئەسکەندەرسان), لەو کاتەدا حوکمڕانی هەورامانی لهۆن لەدەستی (مەنوچەربەگ و براکانی)دا بووە, بەڵام (ئەسکەندەرسان) بە نیازی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو هەوراماندا پەلاماری (هانەگەرمەڵە)یداوە, پاشان هاتۆتە سەر (نەوسوود) و لەو کاتەدا گوندەکە بەتەواوی چۆڵکراوە, (مەنوچەر بەگ) ڕووەو (شاری سنە) ڕۆیشتووە و براکانی (خانە بەگ و عومەر بەگ) لەگەڵ خەڵکی (نەوسوود)دا ڕووەو (زەهاو) ڕۆیشتوون, پاشان (ئەسکەندەرسان) گەڕاوەتەوە بۆ شوێنی خۆی, بەڵام (ئیبراهیم بەگ)ی ڕاسپاردووە کە (نەوسوود) ئاوەدانبکاتەوە, لە بەهاری هەمان ساڵدا (خانە بەگ و عومەربەگی برای) هێرشیانکردۆتە سەر نەوسوود و (ئیبراهیم بەگ)یان کوشتووە و ڕووە (زەهاو) گەڕونەتەوە, (ئەسکەندەرسان) بۆ سەندنی هەقی خوێنی (ئیبراهیم بەگ) بە ژمارەیەکی زۆر لە تفەنگچیەکانیەوە ڕوویکردووەتە (زەهاو) و (خانە بەگ و عومەربەگ)ی کوشتووە, ئیتر ئەو خەڵکانەی لەگەڵیاندا بوون ڕووەو (نەوسوود) گەڕاونەتەوە. (ئەسکەندەرسان) ماوەیەك لە (نەوسوود)دا ماوەتەوە و پاشان وەکیلێکی داناوە و ڕووەو (ملەکۆ) گەڕاوەتەوە.

پاش ماوەیەك کەڵکەڵەی کوشتنی (مەنوچەربەگ)ی کەوتۆتەسەر, کەسێکی بەناوی (عەلی حاجیار)ی ڕاسپاردووە بۆ کوشتنی ناوبراو. (عەلی حاجیار) بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکەی ڕۆیشتووە بۆ (سنە) بۆلای (مەنوچەر بەگ) و وای پیشانداوە گوایا لە (ئەسکەندەرسان) زویر بووە و پەنای بۆ (مەنوچەر بەگ) هێناوە و ئامادەیە هەر فەرمان و ئەرکێکی پێبسپێرێت جێبەجێبکات, پاش ماوەیەك دەرفەتی بۆ هەڵکەوتووە و (مەنوچەربەگ)ی کوشتووە.

(ئامانوڵاخانی یەکەم ) هەواڵی کوشتنی (مەنوچەر بەگ)ی بیستووە داوایکردووە لە (ئەسکەندەرسان) بکوژەکەی تەسلیمبکات, کەچی (ئەسکەندەرسان) ملی بەداواکەی نەداوە و لێیهەڵگەڕاوەتەوە, بۆ تەمێکردنی (ئەسکەندەرسان) لە(سنە)وە لەشکرێکی گەورە بەرەو هەورامان کەوتۆتەڕێ, کاتێك (ئەسکەندەرسان) لە ژمارە و هێزی لەشکری والی ئاگادار بووە, لەوە تیگەیشتووە ناتوانێت بەرەنگاری لەشکرێکی وا بکات, بۆیە بەرەو شارەزوور هەڵهاتووە, پاشان لەڕێگەی (میرزا ئەولکەریم) ناوێکەوە (عەلی حاجیار) تەسلیم بە ئەردەڵانییەکان کراوە و لە(شاری سنە)دا تیربارانکراوە.

(میرزا ئەولکەریم) بووە بە تکاکار هەتا (ئەسکەندەرسان) بگەڕێتەوە بۆ هەورامان, پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی والی ناوبراو بەرەو ماوای خۆی گەڕاوەتەوە. لەوێوە چووە بۆ (شاری سنە) بەڵام هەر بەگەیشتنی بەو شارە دەستبەجێ زنجیرکراوە و خراوەتە زیندانەوە, پاش ئەوەی ماوەیەك لە زیندان ماوەتەوە لە دەرفەتێکدا هەڵهاتووە و بەرەو شارەزوور گەڕاوەتەوە, کە گەیشتووەتە شارەزوور ژمارەیەکی زۆر لە دەستوپێوەند و هەوادارەکانی لەخۆی کۆکردۆتەوە, لە ڕووبەڕووبوونەوەیکدا زیانێکی زۆری بە لەشکری ئەردەڵانییەکان گەیاندووە.

لەئەنجامی ئەو زەرەوزیانانەدا (والی) ناچار بووە (میرزا ئەولکەریم) بنێریتەوە بۆلای (ئەسکەندەرسان) وەهەتاکو قایلیبکات بەوەی بگەڕێتەوە بۆ سنە, ناوبراو قایلبووە بگەڕێتەوە بەڵام بەو مەرجەی بە سانی هەورامان دابنرێتەوە, (ئامانەڵاخان)یش کە پێشتر فەرمانی حوکمڕانی (هەورامانی لهۆنی) بۆ (عوسمان سان) کە یەکێك بووە لە کوڕەکەنجەکانی (عەلیمەردان سان) دەرکردووە, بەڵێنیداوە بە(عەسمان سان) ئەگەر بتوانێت لە دەرفەتێکدا (ئەسکەندەرسان) بکوژێت دەیکات بەسانی گشت هەورامان. بەڵام (عوسمان سان) لەو کەینوبەینە (ئەسکەندەرسان)ی ئاگادارکردۆتەوە و مەرامەکەی (ئامانەڵاخانی)لادرکاندووە, دواجار (ئامانەڵاخان) ناچار بووە(حەیدەرسانی برای عوسمان سان) راسپێرێت بۆ جێبەجێکردنی نەخشەکەی, هاوکات لەوەش وریایکردۆتەوە ئەگەر ئەو ئەرکە ئەنجامنەدات فەرماندەدات بە (ئەسکەندەرسان) کە ئەوان بکوژێت. بۆیە (حەیدەرسان) بەناچاری دوو پیاو لە باوەڕپێکراوانی خۆی راسپیاردووە بۆ ئەوەی (ئەسکەندەرسان) بکوژن, ڕۆژێکبشیان بۆ کوشتنی دیاریکردووە کە (ئەسکەندەرسان) بۆ خۆشتن چۆتە (گەرماوی میرزا فەرەج), ئەو دووکەسەی بۆ کوشتنی (ئەسکەندەرسان) راسپێردراون, پاش ئەوەی ناوبراو لەگەرماو دەرچووە هەریەکەو گوللەیەکیان پێوەناوە.

پێویستە لەم بابەتەدا ئاماژەیەك بە ڕۆڵی (میرزا ئۆلکەریم و میرزا فەرەج) بدەین لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەدا, (میرزا ئەولکەریم) ئامۆزای (میرزا فەرەجولای وەزیر) بووە و هەردوکیشیان ئەهلی قەڵەم و شمشێر بوون, بەواتای هەم ڕۆشنبیر و هەم ئازا و لێهاتوو بوون, دوو کەسی زۆر نزیکی (ئامانەڵاخانی ئەردەڵانی) بوون, دواجار و بۆ کۆتایهێنان بەم بابەتە دەنووسین (ئامانەڵاخانی ئەردەڵانی) لەدرێژەی حوکمڕانیەکەیدا هەمیشە ناکۆکی و دووبەرەکی لەنێوان (سانەکانی هەورامان)دا ناوەتەوە, لەماوەی (بیست وحەوت) ساڵی حوکمڕانیەکەی حەوت کەس لەسانە هەرە ئازاو لێهاتووەکانی هەورامان دەستیان چۆتە خوێنی یەکترەوە و یەك لەدوای یەك کوژراون.

پاش کوشتنی (ئەسکەندەر سان) ماوەیەك (هۆریزاد خانم=هۆریزاد سان[17])ی هاوسەری حوکمڕانیکردووە, پاشان شوویکردووە بە(محەممەدبەگی برای (ئەسکەندەرسان), ئیتر ناوبراو بەوەکیلی (هۆریزاد سان) سانییەتی (هەورامانی تەخت)ی بەدەستهێناوە, هاوکات (عوسمان سان)یش لە هەورامانی لهۆندا بە ئارامی چەندساڵێك حوکمیکردووە.

لە ئەنجامی ئەوململانێیانەدا و ئەو هەموو زیانە ماڵ و گیانییەی لەو ساڵانەدا لە هەورامییەکان بەگشتی و لەبنەماڵەی حوکمڕانیان بەتایبەتی کەوتووە, سانەکانی (هەورامانی تەخت وهەورامانی لهۆن) گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی ئەگەر لەسەر جێبەجێکردنی نەخشەی والیەکانی ئەردەڵان بەردەوامبن, ئەوە لەڕەچەڵەکەوە دەبڕێنەوە

و مێـژووی چـەندین سـاڵەی سـەروەری سـانەکانی پێشـویان لەکـەدار دەکـەن کـە نموونـەی بـەرزی ئازایـەتی وخزمـەتگوزاری و حەقدۆسـتی بـوون, خـەڵکی هـەردوو هـەورامانیش بـە ئاشـکرا ئـەوەیان بـە حوکمڕانـەکانیان وتووە, چیتر ئـەوان ئامادەنین بۆ بەرژەوەنـدی بێگانـە دوژمنکاری لەگـەڵ سـەردارەکانی خۆیـان بکـەن, ئـەوەش زەمینەیەکی زۆرباشی رەخساندووە بۆ یەکگرتنەوەی هەورامان.

13-**هەسەن سان:**

یەکێکـە لەسانە دیارەکـانی هـەورامان وکـوڕی (محەممـەد سـانی یەکـەم)ـە, پـاش کـۆچی دوایـیی بـاوکی سـاڵی (1265ك=1848ز) بووە بەحوکمڕانی (تەخت و رەزاو), دەربارەی ئەم سانە لـە چـەند سەرچاوەیەکی مێژووییدا قســەو بــاس خراونەتــە روو, بــاس لــەوە کــراوە کــە (هەســەن ســان) یــەکێك بــووە لــە کەســێتییە بەرجەستەکانی سەردەمی قاجارییەکان و لەریزی یەکەم دەستەی پیاوانی ئێرانی ئەو سەردەمە دەژمێردرێت, تـەنها کەسێکە لـەناو سـەرۆك ئێـل و کەسێتییە ناسـراوەکانی سـنە و کرماشـان و خۆرئـاوای ئێرانـدا (مەهـدی بامداد) لە مێژووی پیاوانی ئێراندا ناویهێناوە و باسی لەوە کردووە, (هەسەن سان) لەهەموو کاتێکدادوو هەزا ر تفەنگچی ئامادەباشی هەبووە.

مێـژووی ژیـانی ئـەم کەڵـە پیـاوە لێـوان لێـوە لـە سـەربڵندی و قارەمـانێتی, هـەرگیز سـەری بـەرزی لەبـەردەم داگیرکارانـدا نەوینـەکردووە و هەرلەوپێناوەشـدا سـەریداناوە, هەوڵیـداوە یـەکێتی و پێکـەوە ژیـان لەگـەڵ حوکمڕانەکانی (هەورامانی لهۆن)دا درووستبکات بەشێوەیەك هیچ داگیرکارێك نەتوانێت زەفەریانپێبەرێت.

لەگەرمەی ململانێکانی نێوان (ئەحمەد سان) و (حەمەسەعید بەگ)ی برایدا پەنای (حەمەسەعید بەگ)ی داوە, هاوکـاریکردووە بـۆ ئـەوەی حـوکمڕانی هـەورامانی لهـۆن بگرێتـە دەسـت,بـۆ ئـەو مەبەسـتە بەفەرمانـدەیی (بـارام بەگ)ی برای لـە شـکری لەگەڵیـدا ناردووە بـۆ سـەر (نەوسـوود), ئـەوەش بۆتـە هـۆی درووسـتبوونی یەکێتییـەکی پتەو لەنێوان (هەورامانی لهۆن و هەورامانی تەخت)دا, هەروەها لەگەڵ( مەحمود پاشای جاف)یشدا کەئەودەمە لە(هەڵەبجە) بووە یەکێتی پێکهێناوە.

بــوێری و چاونەترســی (هەســەن ســان) بــووە بــە مایــەی ســەرهەڵدانی ناکۆکییــەکی زۆر گــەورە لـەنێوان حوکمڕانـەکانی هـەورامان و دەسـەڵاتدارانی دەوڵـەتی قاجـاری, ئـەو ناکۆکییـە چـەندین شـەڕو شـۆڕو رووبەڕووبوونـەوەی خوێنـاوی لێکەوتۆتـەوە, ئـەو شەڕوشـۆڕانە هەرچـەندە لەلایـەن داگیرکارانـەوە بـۆ مەبەسـتی تایبـەتی خۆیـان بـە شـەڕەنگێزی و لەیاسادەرچـوون و سـوکایەتیکردن بـە پایـەی شـای خـاوەن شـکۆ دراوەنەتـە فەڵەم, بەڵام لەراستیدا راپەڕینی گـەورە و شـۆڕشـی جەماوەری گەلەکەمان بوون دژ بە دەسـەڵاتی داگیرکـاران بـە رادەیەك ژمارەیەك لە مێژوو نووس و نووسەرانی بەهەڵوێست لە نووسینەکانیاندا ئەم راستییەیان خستۆتە روو, بۆیە زۆر پێویستە لەباسکردنی مێژووی ژیانی (هەسەن سان و حەمەسەعید سان)دا بەم بوارەدا شۆرببینەوە.

**( فەرهاد میرزا و پیلانی کوشتنی هەسەن سان )**

ئاشـکرایە (بنەماڵـەی قاجارییـەکان[18]) بەدرێـژایی (146) سـاڵ حـوکمڕانی وڵاتـی ئێرانـی فـرە نەتـەوە و فـرە مـەزەبیان کـردووە, (ناسـرەدین شـای قاجـار) لـە سـەردەمی حوکمڕنییەکەیـدا بەمەبەسـتی سـەرکوتکردن و خەسـاندنی هـەموو خێڵـە کوردەکـان و دەسـەڵاتدارە ناوچەییەکان, مـامێکی خـۆی بەنـاوی (فـەرهاد میـرزا) کـە بـە (موعتەمیـد ئەلدەولـە) ناویـدەرکردووە دانـاوە بـە والی کوردسـتان, نـاوبراو رۆژی (هـەینی ریکـەوتی 14مـانگی

زولقیعدەی ساڵی 1284 ك=1867ز) گەیشتۆتە (شاری سنە) کەپایتەختی ویلایەتی کوردستان بووە, لە ریۆ ڕەسمێکی گەورەدا پێشوازیلێکراوە, لەو ڕێوڕەسمەدا سەرۆك خێڵە کوردەکان, پیاوانی ئایینی, کەسێتییە دیارەکان و هەموو کاربەدەستە دەوڵەتییەکان بەشدارییانکردووە, بەڵام (هەسەن سان و حەمەسەعید سان)) کە لەهەردوو هەورامانی ( تەخت و لهۆن) حوکمڕانییانکردووە لە ڕێوڕەسمەکەدا ئامادەنەبوون, ئەو ئامادەنەبوونەش لەلایەن دەسەڵاتدارانی قاجارییەوە بە هەڵوێستێکی نادۆستانەو جۆرە سوکایەتیکردنێك بەشان و شکۆیان لێکدراوەتەوە, (فەرهاد میرزا) کاتێك هاتووە بۆ (سنە) ژمارەیەك لە خەڵکانی باوەڕپێکراوی خۆی لەگەڵدابووە لەوانە:

1–میرزا ئیسحاقی مازیندەرانی

2–ئەفراسیاب خانی سندوقدار

3–زەینولعابدین خانی فەڕاشباشی

4–مستەفا خان (ئەمیر ئەخوەر)

5–محەممەد باقڕخان

دەربارەی کەسێتی ناوبراوان جیاوازی لە سەرچاوەکاندا هەیە, لە کاتێکدا نووسەرێکی وەك (میرزا شوکروڵای سنەندەجی ناسراو بە فخر الکتاب) کەهەر لەتەمەنی هەژدە ساڵییەوە و بۆ ماوەی چل ساڵی رەبەق سکرتێرو نووسەری تایبەتی (عەلی ئەکبەرخانی ناسراوبە شرف الملك)بووە, وایدەرخستووە گوایا هەموویان زاناو دانشمەندو نەجیبزادە بوون, هاوکات کەسێکی وەك حەزرەتی (مەولەوی تاوەگۆزی) نووسیویەتی: ئەمانە هەموویان (شیعە) بوون هێنانیشیان بۆ کوردستان بە مەبەستی ئەوە بووە خەڵکانی سونی مەزەب وەرگێڕنە سەر مەزەبی شیعی.

پاش ماوەیەکی کەم لەدەستبەکاربوونی وەك والی کوردستان, (فەرهاد میرزا) ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی بەسەر چەند کەسێك لە دڵسۆزان و ئەڵقە لەگوێیانی خۆیاندا دابەشکردووە, بۆ نموونە:

1–مەریوان و دەوروبەری سپاردووە بە (محەممەد باقرخان) کە نۆکەری تایبەتی بووە.

2–بلۆکی جوانڕۆی سپاردووە بە (عەلی ئەکبەرخان) کە یەکێك بووە لە سەرتیپە گەنجەکانی ناو سوپای قاجار, زۆر دڵسۆزو گوێڕایەڵیان بووە.

بەڵام بۆ ناوچەکانی هەورامانی لهۆن و تەخت و شامیان کەسی دیارینەکردووە, دیارە ئەو دیارینەکردنە بەمەبەستی تایبەت و جۆرە دردۆنگییەك بووە لە سانەکانی هەورامان.

دوای سێ مانگ حوکمڕانی و بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی (قەڵای شائاباد= قەڵای مەریوان) کەدواپێگەی سنووری بووە لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی قاجاری و عوسمانی, (فەرهاد میرزا) هاوڕێ لەگەڵ هەریەك لە ( عەلی ئەکبەرخان, میرزا عەبدولغەفاری موعتەمید, میرزا رەزاعەلی دیوانبەگی, زەینولعابدین خانی فڕاشباشی) و ژمارەیەکی کەمی سەرباز لە سنەوە بەرەو مەریوان بەڕێکەوتووە, گەیشتنی هەواڵی سەردانەکەی (فەرهاد میرزا) بە هەورامان جۆرە بێتاقەتییەکی بۆ

(هەسەن سان) و سەردارانی تری هەورامی دروستکردووە و لەوە تێگەیشتوون کەئەو سەردانە بەئاسانی بەسەریاندا تێناپەڕێت و مەبەستی دوژمنکارانەی لە پشتەوەیە, دیارە ئەوەش نەك هەر بۆچوونی ئەوان بەڵکو

راستییەکی حاشاهەڵنەگرە و بۆئەوەی خوێنەرانی بەڕێز لێی ئاگاداربن با بگەڕێینەوە بۆ لای (میرزا شوکرولای سنەندەجی) و بزانین لەو بارەوە چی وتووە؟

نووسەری ناوبراو لە کتێبی (تحفه ناصری درتاریخ و جغرافیای کردستان) دەربارەی سەردانەکەی (فەرهاد میرزا) و مەرامە گلاوەکانی نووسیویەتی:

(حەسەن سوڵتانی هەورامی کە ساڵانێك بوو لەدەسەڵاتی دەوڵەت یاخیبووبوو, سەرچاوەی شەڕو شۆڕ و ستەم بوو, لەگەڵ هەردوو براکەیدا (بارام بەگ و مستەفا بەگ) بەهەزار تفەنگچی مەغروور و بێباکەوە لەکاتی سەردانەکەی (شازادە فەرهاد میرزا=معتمد الدوله) بۆ ناوچەی مەریوان هاتن بۆ پێشوازیلێکردنی, بەو جۆرە پێشوازییە و بەوسەرکێشی و بێباکییە شازادە زۆر نیگەران بوو, سەرەڕای ئەو تێگەرانییەی چەند جموجوولێکی وەحشییانەی تفەنگچییە هەورامییەکان بەرامبەر پاسەوانەکانی ئەوەندەی تر شازادەیان وەرسکردبوو, بەلام ناچاربوولەو هەموو ئازاردان و مەغرورییەی (حەسەن سوڵتان) و تفەنگچییەکانی چاوپۆشیبکات هەتا گەیشتوونەتە (گوندی بێڵەك) کە یەکێکە لەگوندەکانی دەورووبەری مەریوان).

ئەگەرلە دەقی نووسینەکەی (میرزا شوکرولا) وردببینەوە بە ئاسانی بۆمان ئاشکرادەبێت سەردانەکەی (فەرهاد میرزا) سەردانێکی ئاسایی نەبووە, بەڵکو بە مەبەستی تۆڵە سەندنەوە لە (هەسەن سان) و ملکەچپێکردن و رامکردنی هەورامییەکان بووە.

(هەسەن سان) وەك کەسێکی خاوەن ئەزموونی حوکمڕانی و بەئاگا لە پیلان و فڕت و فێڵی داگیرکاران, هەروەها بۆ رێگە گرتن لەهەر ناپاکییەك بەرمبەر خۆی و تفەنگچییەکانی بکرێت, لەدرێژەی هاوڕێیێتیکردنی (فەرهاد میرزا) لەسەفەرەکەیدا, لەهەر گوندێك لایاندابێت فەرمانیداوە شەوانە تفەنگچییەکانی هەموو بەرزاییەکان و سەرڕێکانیان کۆنترۆڵکردووە, تەنها خۆی و براکانی و ژمارەیەکی کەم لە تفەنگچییەکانی لە ناوگوندەکەدا ماونەتەوە, لای (فەرهاد میرزا)ش وایدەرخستووە گوایا ئەوکارەی بەمەبەستی پاراستنی گیانی شازادەیە, لەو لاشەوە (فەرهاد میرزا) بۆ دەرفەتێکی گونجاو گەڕاوە هەتا دەستی خۆی بوەشێنێ و نەخشەکەی ئەنجامبدات, هەتا گەیشتوونەتە (گوندی بێڵەك).

لەو گوندەدا رووداوەکان بە ئاکارێکی تردا رۆیشتوون, ناپاکی داگیرکاران سەرکەوتووە بەسەر جوامێری و دلێری (هەسەن سان) و دارو دەستەکەیدا, کاتێك کەژاوەی شازادە گەیشتۆتە (بێڵەك) مزگەوتی گوندەکەی کردووە بە بارەگا و شوێنی حەوانەوەی خۆی, فەرمانیشیداوە چایخانەیەك کە لە بەرامبەری مزگەوتەکەدا بووە بکرێت بەشوێنی ئازووخەو پێداویستی سەفەرەکەی, لەهەمان گونددا بڕیاریداوە پێویستە بەهەر شێوە و هەرنرخێك بێت (هەسەن سان) لەناوبەرێت, خودی (فەرهادمیرزا) بەم شێوەیە باسی ئەو تاوانە گەورەیە دەکات:

(لەمزگەوتەکەی گوندی بێڵەك شەوێك هەتا دەمەو بەیان هەر گینگڵمدەداو ئەمدیو و ئەودیومدەکرد, بیرم لەوەدەکردەوە چۆن (هەسەن سان) بکوژم, دواجار بڕیارمدا پەنا بۆ قورئانی پیرۆزببەم, بەوەی قورئانەکە بکەمەوە هەر ئایەتێك یەکەمجار کەوتە پێشچاوم حوکمی ئەو ئایەتە جێبەجێبکەم, بۆیە دەستمدایە قورئان وکردمەوە, دەبینم ئەو ئایەتە پیرۆزەیە کەدەفەرمێ (یایحیی خذالکتاب بالقوة) ئیتر یەکسەر بڕیارمدا بەبێ هیچ دوودڵی و سڵەمینەوەیەك هێز لەگەڵ شەرەنگێزە هەورامییەکاندا بەکاربهێنم, پاشان هەستام نوێژی بەیانیم کردو سوپاسی خوای گەورەم کرد بەوەی ئیتر هیچ ڕاڕاییەکم نەماو دەتوانم بڕیارەکەم جێبەجێبکەم).


www.pertwk.com

پێویسته کەمێك لەسەر ئەم پەیڤەی (فەرهاد میرزا) رامێنین هەتاکو بزانین چۆن داگیرکارانی کوردستان هەمیشە هەوڵیانداوە حەزە داگیرکارانەکانی خۆیان تێکەڵ بەپیرۆزییەکانی دینی ئیسلام بکەن, ئیتر لەوێوە خەڵکان فریوبدەن و خۆیانبکەن بە دەمڕاستی دین و جێبەجێکاری ئەرکە پیرۆزەکانی, بەمەرجێك ئەو شتانە لەدوو نزیکەوە فریان بەسەر دینەوە نەبێت, ئەگەر وانییە چۆن کەسێکی بە حیساب شازادە, والی, خوێندەوار ونووسەری سەردەمی خۆی بەم شێوە دوور لە راستی وزۆر ناشارستانیانە خۆڵ لەچاوی خەڵکی دەکات.

بەهەرحاڵ دەچینەوە سەر ئەوەی پاش ئەوەی (فەرهاد میرزا) بڕیاری کوشتنی (هەسەن سان)ی داوە, بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکەی ناردوویەتی بە شوێن (زەینولعابدین خانی فەڕاشباشی) و پێیوتووە (10) کەس لە پیاوە جەربەزەو باوەڕپێکراوەکانی خۆی دیاریبکات و لەچایخانەکەی بێڵەکدا بەتەواوی چەك و چۆڵەی پێویستەوە ئامادەبن, هاوکات ناردوویەتی بە شوێن (هەسەن سان) و براکانیدا کەبێن بۆ لای گوایا بەبیانووی ئەوەی پێیانبڵێت گوندەکانی ناوچەی (مەریوان) بچووکن و ناتوانن وەك پێویست خزمەتی تفەنگچییە هەورامییەکان بکەن, ئەو تفەنگچییانەش ماوەیەکی زۆرە لە ماڵ و خێزانیان دابڕاون باشتر وایە بگەڕێنەوە بۆ زێد و ماوا بۆ سەر ئیش وکاری خۆیان.

دەربارەی هاتنی (هەسەن سان) وبراکانی بۆ (مزگەوتی بێڵەك), میرزا شوکروڵای سنەندەجی ئاماژە بە قسەی (فەرهاد میرزا) دەدات لەو بارەوە بەوەی گوایا وتوویەتی:

(هەسەن سان و براکانی زۆر لە من بێباکبوون و هیچ حیسابێکیان بۆ ئەوە نەدەکرد کە مامی (ناسرەدین شای قاجار) و حوکمڕانی هەموو کوردستانم, لە کاتی چاوپێکەوتنەکەماندا هەرچەندە من دەچوومە دواوە ئەوان زیاتر دەهاتنە پێشەوە, (هەسەن سان) تەوقەیەکی زۆر لووتبەرزانەی لەگەڵدا کردم, ئەمە لەکاتێکدا هەموو ئەو کەسانەی دەهاتن بۆ لام لەبەردەمما کڕنووشیاندەبرد و دەستەو نەزەر دەوەستان و دەستیان ماچدەکردم, بەڵام هەرلەبەر ئەوەی ئەوان زیاتر لە خۆیان دڵنیابن, زۆرتر لەگەڵیان میهرەبان بووم و بەڵێنی دیاری و خەڵاتی گەورەترم دەدانێ, لە دوادوای چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵیاندا وتم پێش ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ناو ماڵ و منداڵی خۆتان بڕۆن بۆ چایخانەکەی ئەوبەر دیاری گرانبەها و خەلعەتی شاهانەوەرگرن, ئەوانیش بەدڵخۆشییەوە چوونە دەرەوە).

پاش دەرچوونیان لە (مزگەوتی بێڵەك) و ڕۆیشتنیان بۆ چایخانەکە, دەستبەجێ لەلایەن پیاوەکانی (زەوینولعابدین خانی فەڕاشباشی)یەوە, (هەسەن سان[119]) کوژراوە و هەردووبراکەشی ( بارام بەگ و مستەفا بەگ) زنجیرکراون.

### ( ڕاپەڕینی خەڵکی هەورامانی تەخت دژی دەسەلاتی فەرهاد میرزا )

پاش کوشتنی (هەسەن سان) و زنجیرکردنی براکانی, تفەنگچییە هەورامییەکان بەلەدەستدانی سەردارەکانیان تووشی نائومێدی بوون و بەرەوهەورامان گەڕاونەتەوە, لەولاشەوە (فەرهاد میرزا) لەگەڵ دەست و پێوەند و سەربازەکانی بەرەو (سنە) گەڕاوەتەوە, (بارام بەگ و مستەفا بەگ)ی لەگەڵ خۆیدا بردووە, فەرمانی زیندانیکردنی داون و هەموو دیدار و چاوپێکەوتنێکی لێ قەدەغەکردوون.

هەورامییەکان ماوەی ساڵێك هەوڵی زۆریان داوە بۆ ئازادکردنی سەردارەکانیان و لەم بوارەدا چەند کەسێکیان ناردۆتە لای (فەرهاد میرزا), بەڵام کوشتنی (هەسەن سان) بە جۆرێك چاوی سوورکردووە هیچ گوێیلێنەگرتوون ئەمە لە لایەکەوە لایەکی ترەوە (رۆستەم بەگ و برزووم بەگ) کوڕانی (هەسەن سان) بەردەوام گەڕاون بە هەوراماندا و خەڵکیان هانداوە دژی دەسەڵاتی (فەرهاد میرزا) راپەڕن, لەو بوارەدا توانیویانە یەکدەنگییەکی گەورە لە ناو خەڵکی ناوچەکەدا درووستبکەن, پاشان لەهەڵمەتێکی شێرانەدا بۆ سەر (شاری مەریوان) توانیویانە (محەممەدباقر خانی حاکمی مەریوان) کە لەو کاتەدا سەرپەرشتی نوێکردنەوەی (قەڵای شائاباد= قەڵای مەریوان)ی کردووە بڕفێنن و بیگەێننە (هەورامان) و لەوێ زیندانیبکەن, هاوکات هەواڵیانناردووە بۆ (فەرهاد میرزای والی) ئەگەر ( بارام بەگ و مستەفا بەگ) ئازادبکات ئەوانیش (محەممەد باقرخان ) ئازاددەکەن, بە پێچەوانەشەوە لە قەرەبووی خوێنی سانەکەیاندا دەیکوژن.

لەئەنجامی باش چاودێرینەکردنیەوە, (محەممەد باقرخان) هەواڵی چۆنییەتی گرتن و زیندانیکردنەکەی گەیاندۆتە (فەرهاد میرزا) و داواشی لێکردووە هەوڵی جیدی بدات بۆ ئازادکردنی, (والی) ئەو هەواڵەی هیچ گەورە نەکردووە, لەچەند کەسێکی کەم بەولاوە وەك (عەلی ئەکبەرخان, میرزا عەبدولغەفاری موعتەمید, میرزا رەزا عەلی دیوانبەگی)) بەکەسی تری نەوتووە, بەڵام ژمارەیەك لە خەڵکانی باوەڕپێکراوی خۆی ودەستەیەك لە سەربازەکانی فەوجی کوردستان و هەموو ئەوانەش لەسەفەری پێشووی مەریوان و لەکاتی کوشتنی ( هەسەن سان) لەگەڵیدا بوون ئاگادارکردۆتەوە بەزووترین کات جارێکیتر بۆ سەفەری مەریوان خۆیان ئامادەبکەن, رۆژی هەینی (23ی موحەڕەمی ساڵی1286ك=1869ز) لە سنەوە بەرە و مەریوان کەوتوونەتە رێ, رۆژی 27ی موحەڕەم گەیشتوونەتە دەوروبەری (هەجومنە), لەدەشتاییەکدا کەپێیدەوترێ (شێخ ئیبراهیم) و مەردۆخ بەدەشتی (شێخ سلێمان) ناوببردووە بنەو بارگەیانخستووە و خێوەتیانهەڵداوە.

پاش ئەوەی هەواڵی هاتنی (فەرهاد میرزا) بۆ ئەو ناوچەیە گەیشتۆتە لای هەورامییەکان, کوڕەکانی (هەسەن سان) بەدووهەزار تفەنگچییەوە بەرەو ئەو شوێنە کەوتوونەتە ڕێ, بڕیاریانداوە تۆڵەی سانی بەناهەق کوژراویان بسێنن و بوار نەدەن جارێکیتر فڕت و فێڵی (فەرهاد میرزا) بۆ دەستوەشاندن لێیان سەربگرێت, بۆیە هەرکە گەیشتوونەتە دەشتی (شێخ ئیبراهیم) لەهەرچوارلاوە گەمارۆی ئەو شوێنەیان داوە و بەهەرچوارلادا کەمینیانداناوە, (عەلی ئەکبەرخان و میرزا رەزاعەلی دیوانبەگی) کە هەردوکیان جۆرە خزمایەتییەکیان لەگەڵ هەورامییەکاندا هەبووە, سەرەڕای دڵسۆزی و گوێڕایەڵییان بۆ (فەرهاد میرزا) و نۆکەرایەتییان بۆ دەسەڵاتدارانی قاجاری, کەچی زۆر لەوەترساون ئەگەر هەورامییەکان لەو شوێنەدا هێرشببەنە سەریان و هەرزیانێك لەئەنجامی ئەو هێرشەدا بە شازادە بگات, ئەوە لەلای (ناسرەدین شا) بە زۆرگران لەسەریان دەکەوێت وهیچ پاشاوێکیان بۆنادرێت, لەم بوارەدا (عەلی ئەکبەرخان) دەڵێت:

(پاش ئەوەی هەواڵی شەڕانگێزە هەورامییەکانم بیست, لەگەڵ ( دیوانبەگی) بەرەو خێوەتەکەی شازادە رۆیشتین, سەبارەت بە سەرکێشی و بێباکییان زۆر قسەمکرد, عەرزمکرد ئەو شوێنەی ئێمەی تێداین دەشتاییەکی رووتە, هیچ پەناو پەسێوێکی تێدانییە, باشتر وایە رووە و بەرزاییەکان بڕۆین, لەوێ بەئارامییەوە شەو ببەینە سەر, ئەگەر هەورامییەکان نیازی هەر جمو جووڵێکیان هەبێت لەبەرزاییەکاندا هیچیانپێناکرێت, خۆ ئەگەر واش نەبێت ئێمە هیچ زەرە و زیانێك ناکەین و بۆ بەیانیش رێگەمان نزیکبۆتەوە, بەڵام (شازادە فەرهاد

میرزا) بەهیچ شێوەیەك ئامادە نەبوو قسەکانی من بسەلمێنێت و گاڵتەپێدەکردم, لەوەلامی قسەکانمدا وتی, خان تۆ پیاوێکی زۆر ئازاو بەهیمەتیت, بۆچی بەم شێوە پەشۆکاویت و ترسێتلێنیشتووە, زەردەخەنییەکی کرد و وتی مەترسە هیچ رووناداتو هیچ کەس ناوێرێت بەمەبەستی زیانپێگەیاندن لە مامی (ناسرەدین شا) نزیکبکەوێتەوە, ئیتر ئێمەش بەنائومێدی و وەرسییەوە لە شازادە ئیزنمانخواست و هەر یەکەمان بۆ شوێنی خۆمان گەڕاینەوە).

(عەلی ئەکبەر خان) پاش ئەوەی بۆ شوێنی خۆی گەڕاوەتەوە, بەپیاوەکانی خۆی راگەیاندووە کە پێویستە کەسیان زین لە وەلاخەکانیان نەکەنەوە و زۆر وریابن, بۆ هێورکردنەوەی باری دەروونیشی لەسەر جێگای خەوتنی پاڵکەوتووە, پاش ئەوەی دەنگی بانگی بەیانی لەناو ئوردووەکەیاندا بەرز بۆتەوە, جارێکیتر بەرەو خێوەتەکەی شازادە رۆیشتووە بۆ ئەوەی بەخەبەری بهێنێ, بەلام کاتێك گەیشتووەتە لای بەدیمەنی بێتاقەت و شێواویدا بۆیدەرکەوتووە کە ئەویش لە ترساندا ئەو شەوە خەو نەچووەتە چاوی, بەلام بەشازییەکەوە بە (عەلی ئەکبەر خان)ی وتووە, سوپاس بۆ خوا وا رۆژ بووەوە, کەچی ئەو شتانەی تۆ لێیاندەترسایت هیچ دەرچوون.

هەرلەو کاتەدا تفەنگچییە هەورامییەکان لەهەرچوارلاوە ئۆردووی قاجاریان داوەتە بەر رێژنەی گوللە و لەهەر دەقیقەیەکدا هەزاران گوللەیان بەسەریدا باراندووە, بۆ زیاتر ئاگاداربوون لەو هەڵمەتە شێرانەیە باشتر وایە بگەڕێینەوە بۆ لای (عەلی ئەکبەر خان), هەتا بزانین چۆن لەگەڵ ئەو هەموودڵسۆزی و ئەڵقە لەگوێیەی بۆ (فەرهاد میرزا) بەلام نەیتوانیوە نکولیبکات لە سەرکەوتنی کەموێنەی هەورامییەکان, ناوبراو لەم رووەوە وتوویەتی:

(هێشتا شازادە قسەکانی تەواو نەکردبوو دەنگی تەقە بەرزبوویەوە, پاش کەمێك گوللەیەك بەرقاچم کەوت, بەشازادەم وت: کاتی سەردەرکردنە, لێرەدا هیچ ئاغا و نۆکەرییەك نامێنێ, یەکسەر خۆم هاویشتە سەر ئەسپەکەم و دام لە وێزەنگی, شازادەش سواری ئەسپەکەی بوو, ئیتر بەمەبەستی سەردەرکردن لەگۆڕپانی جەنگەکە دوورکەوتینەوە و هەڵهاتین, پاش ئەوەی ئەوەندە دوورکەوتینەوە کەمن واهەستمدەکرد گەیشتووینەتە شوێنێکی هێمن و لەترس رزگارمان بووە, شازادە هەواڵی برینەکەمی پرسی, من تا ئەوکاتە هێشتا ئەو برینەم نەدیبوو, لەئەسپەکەم دابەزیم وسەیرمکرد شوکر بۆ خوا ئێسقانی نەگرتبوو, هەرلەوێدا توند پێچام, سواری ئەسپەکەم بوومەوە و لەگەڵشازادە ملی رێمانگرت, پاش شەو و رۆژێك گەیشتینەوە (سنە).

ئەوەی زۆر سەرنجی راکێشام بەدرێژایی رێگەی هەڵهاتن و دوورکەوتنەوەکەمان شازادە بەردەوام ئەم دێڕە شیعرەی دەوتەوە:

"فليس الفرار اليوم عارا على الفتى أذا كان معلوما شجاعة أمسه"

پێویستە لێرەدا باس لەوە بکەین لەو هەڵمەتە دلێرانەدا هەورامییەکان توانیویانە, (عەباس میرزا سوڵتان و عەلی بەگ نائیب) ژمارەیەکی زۆر لە سەربازەکانی ئوردووی قاجار بکوژن , لەناویاندا (40) کەسیان لە پاسەوانە تایبەتەکانی (فەرهاد میرزا) بوون, هەروەها دەستکەوتێکی ئێجگار زۆریشیان بووە لەچەك و تفاقی جەنگی و دەستیانگرتووە بەسەر هەموو خێوەت و ئازووخەو پێداویستییەکانی تریاندا, لەناو دەسکەوتەکاندا باهۆڵی تایبەتی جل وبەرگی شازادەی تێدابووە.

کاتێك تفەنگچییە هەورامییەکان رووە و خێوەتەکەی (فەرهاد میرزا) رۆیبشتوون, یەکێك لەنۆکەرەکانی دەستێك جلی شاهانەی ناوبراوی لەبەرکردووە, بەتووڕەییەوە پێیوتوون:ئێوە چۆن جورئەتدەکەن بێنە ناو خێوەتی مامی (ناسرەدین شا)وە, تفەنگچییە هەورامییەکانیش یەکسەر پەلاماریانداوە و بە(خەنجر) کوشتوویانە, (رۆستەم بەگ)ی هەورامی کەپێشتر سوێندیخواردووە هەتاکو (فەرهاد میرزا) نەکوژێت نەگەڕێتەوە بۆهەورامان, کاتێك ئەو هەواڵەی پێگەیشتووە گوایا (فەرهاد میرزا) لەناو خێوەت شاهانەکەیدا کوژراوە, زۆر دڵخۆشبووە و دەستخۆشی لە تفەنگچییەکان کردووە, پاش ئەوەی گەڕاوەتەوە بۆ هەورامان ئینجا زانیویەتی ئەوەی لە خێوەتەکەی شازادەدا کوژراوە یەکێك لە نۆکەرەکانی بووە نەك خۆی, (فەرهاد میرزا) پاش ئەوەی گەیشتۆتەوە (سنە) ماوەی چوار رۆژ نەچووە بۆ دیوانی حکومەت و نەیهێشتووە کەس ببینێت, سەرگوزەشتەی ئەو جەنگەشی لەنامەیەکدا بۆ (ناسرەدین شا) نووسیوە.

لەدوادوای ئەم بابەتەدا پێویستە باس لەدوو بەسەرهات بکەین کەبایەخی خۆیان هەیە و تائێستاش خەڵکی هەورامان وەك بەڵگەی ئازایی و جەسووری خەڵکی ناوچەکە و سووکایەتیکردنیان بەدەسەڵاتی قاجارییەکان قسەیان لەسەردەکەن بەسەرهاتەکانیش ئەمانەن:

1-کاتێك فەرهاد میرزا لەسەردان یەکەمیدا بۆ مەریوان گەیشتووە بەهەورامییەکان, یەکێك لە جەنگاوەرە ئازکانیان بەناوی (حاجی عەلی کوولەکە) کە بووقیچی لەشکری (هەسەن سان) بووە رەشمەی ئەسپەکەی شازادەی گرتووە و پێیوتووە:

ئایر موارۆ ویت لادە لەشەڕ نەسۆزی مەنۆ نەوشك و نەتەڕ

بەمانای ئاگردەبارێت خۆت لادە لەشەڕ چوونکە ئەگەر شەڕ بەرپابوو ئەوە ئیتر نە سەوزی دەمێنێت, وە نە وشکی و نە تەڕی, دەربارەی ئەم قسەی (حاجی عەلی کوولەکە) شازادە وتویەتی: ئەوە سووکایەتیکردنێکی گەورەو بوو بۆمن هەم وەك مامی (ناسرەدین شا) و هەم وەك والی کوردستان, بەڵام لەو کاتەدا ناچاربووم دان بەخۆمدابگرم.

2-کاتێك لە(دەشتی شێخ ئیبراهیم)دا ئوردووی شازادە بەو شێوە ئابڕووبەرانەی باسمانکرد شکاوە, یەکێك لە تفەنگچییە هەورامییەکان بەناوی (زۆرابە کەچەڵ) لەناو باهۆڵی تایبەتی (فەرهاد میرزا)دا دەستێك جلی شاهانەی دەرهێناوە لەبەریکردوون و لاسایی ناوبراوی کردۆتەوە, پاش گەیشتنی هەواڵی لاسایکردنەوەکەی (زۆرابە کەچەڵ) بەشازادە و بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە لە (شاری سنە), شازادە فەرمانیداوە بەوەی هەرکەسێك بەزیندوویی وە یاخود مردوویی (زۆرابە کەچەڵ) بگەێنێتە دەستی, بە بڕی (100تمەن) و جلێکی ئاوریشمی گرانبەها خەلأتیدەکات, کاتێك ( زۆرابە کەچەڵ) بەم هەواڵەی زانیوە, ڕۆیشتووە بۆ (شاری سنە), بەهەر شێوەیەك بووە گەیشتووەتە لای شازادە و پێیوتووە: جەنابت فەرمانتداوە هەرکەسێك (زۆرابە کەچەل) بە زیندوویی وەیاخود مردوویی بگەێنێتە دەستت خەلأتی دەکەیت, هەروەها لەیەکەم رۆژی هاتنت بۆ سنە فەرمووتە بۆ هیچ مەبەسیتێك و لەگەڵ هیچ کەسێکدا درۆناکەیت, شازادەش وتوویەتی بەڵێ وایە, ئەویش وتوویەتی دەی من (زۆرابە کەچەڵ)م, وابەزیندوویی هاتوومەتە بەر دەستت, داواکارم ئەو خەلأتەی بڕیارتداوە بمدەیتێ, (فەرها میرزا)ش هیچی بۆ نەوتراوە و فەرمانیداوە خەلأتەکەیان داوەتێ.

14-**حەمەسەعیدسان:**

(حەمەسەعید سان کوڕی عوسمان سان) ساڵی ( 1265ك=1848ز) پاش لابردنی (ئەحمەد سانی دووەم) بەیارمەتی (هەسەن سان) حوکمی هەورامانی لهۆنی گرتۆتەدەست و مەڵبەندی حوکمڕانیەکەی (نەوسوود) بووە, پاش دەستبەکاربوونی وەك سانی لهۆن لەگەڵ (هەسەن سان)دا یەکێتییەکی پتەویان دامەزراندووە و لەهەموو مەسەلەیەکی پەیوەست بەهەورامان و حوکمڕانییەکەیاندا یەکدڵ و یەکدەست بوون, سەردەمی حوکمڕانی (حەمەسەعیدسان) سەراپای هەڵوێستی جوامێرانەو رووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ملهوڕی قاجاری ونۆکەرانیان, ماوەی نۆزدە ساڵ خەڵکی هەورامان لە شۆڕش و راپەڕینی بەردەوامدا بوون, هەندێ لەو سەرچاوانەی لەم بارەوە نووسیویایەنە باسیان لە سێ راپەڕین کردووە, لەبەرئەوەی زۆربەی رووداو کەسێتی ودیاردەکانی پەیوەست بەو راپەڕینانەوە زۆر لەیەوکترییەوە نزیکن, لەم بابەتەدا ئێمە بەسەر یەکەوە باسیاندەکەین هەتاکو شتەکان لە خوێنەری ئازیز تێکەڵ و پێکەڵ نەبن.

## زنجیرە راپەڕینەکانی هەورامانی لهۆن

شتێکی ئاشکرایە دەسەڵاتدارانی (دەوڵەتی قاجاری) لەهەوڵە بەردەوامەکانیاندا بۆ ملکەچپێکردنی هەموو خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستان, هەم لەگەرمەی حوکمڕانی دوامیرەکانی ئەردەڵانی لەکوردستان و هەم لەساڵەکانی حوکمڕانی راستەو خۆی خۆیاندا, زۆریان بەلاوە مەبەستبووە سانەکانی هەورامان ملکەچبکەن, لەم بوارەدا فەرمانیانداوە بە (عەلی ئەکبەر خان=شرف الملك) بۆ ئەوەی لەشکر بنێرێتە سەر (هەورامانی لهۆن), بۆ ئەو مەبەستە (عەلی ئەکبەرخان) فەرمانیداوە (نەجەفقولی خانی ئامۆزای) و (ئەبولقاسم بەگی یاوەر), لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری سەرباز و ئوردوویەك لە تفەنگچییە سوارە و پیادە دەوڵەتییەکان کە بە(چریك) بەناو بانگ بوون بچنە سەر هەورامانی لهۆن, لەشکری (نەجەفقولی خان), لەرێی (جوانرۆ)وە بەرەو ( پاوە ونەوسوود) کەوتوونەتە رێ, پاش نارەحەتییەکی زۆر توانیویانە لە ئاوی (سیروان) بپەڕنەوە, هەورامییەکان رووبەڕوویان وەستاون و لەهەڵمەتێکی کوت و پڕو ئازایانەدا زەرەرو زیانێکی زۆریان لێداون, بەلام لەبەرئەوەی لەشکرەکە هەم لەژمارەدا زۆربوون و هەم چەك وتفاقێکی جەنگی بێشوماریان پێبووە توانیویانە دەستبگرن بەسەر (نەوسوود)دا, لەو لاشەوە هەورامنییەکان بۆدژە هێرش خۆیان سازداوە, هەر پاش دووشەو لەچەند لایەکەوە هێرشیانبردۆتە سەر (نەوسوود) ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتوون, لەئەنجامی ئەو هێرشەدا لەشکری (نەجەفقولی خان) بەتەواوی شپرزە بوون, بۆیە هەر کە رۆژیان لێیۆتەوە گەڕاونەتەوە بۆ (جوانرۆ) و لەوێ (نەجەفقولی خان) نامەیەکی بۆ (ئەمانولاخانی دووەم= غولامشاخانی ئەردەلانی[20]) والی کوردستان نووسیوە و داوای یارمەتی لێکردووە هەتاکو جارێکیتر هێرشبەرێتەوە سەر (نەوسوود), (والی) لەشکرێکی ئێجگار زۆری کۆکردۆتەوە ئەوەی خستۆتە پێشچاوی کە دەبێت ئەمجارە (هەورامانی لهۆن) بکات بەسووتماك, کاتێك (حەمەسەعید سان) لەمەرامی والی ئاگاداربووە و زانیویەتی بەرگریکردن بەرامبەر لەشکرێکی لەو چەشنە هەرگیز لەتوانای جەنگاوەرەکانی لهۆندا نییە و خەڵکی ناوچەکە تووشی زەرەر و زیانێکی زۆردەبن, ئیتر وەك کەسێکی واقیعبین وخەمخۆری هەورامان (نەوسوود)ی جێهێشتووە و هاتۆتە (گوندی عەبابەیلێ) بۆ ماڵی خەزووری بەناوی (شێخ عەلی عەبابەیلێ), والی کوردستان بەمەبەستی گێڕانەوەی (حەمەسەعیدسان) و هاوکارەکانی زۆر هەولیداوە لەم بوارەدا سەرەتا لەرێی نوێنەرەوە پەیوەندی بە عوسمانییکانەوە کردووە, پاشان خۆی بەرەو (مەریوان) کەوتووەتەرێ هەتا لەسەر سنوور وتووێژ لەگەڵ دەسەلاتدارانی عوسمانیدا بکات, لەلایەن دەوڵەتی

عوسمانییەوە (عەزیز ئاغای موتەسەریف) ئامادەی ئەو وتووێژە بووە, هەردوولا لەسەرئەوە پێکهاتوون (حەمەسەعید سان) و ئەوانەی لەگەڵیدابوون بگەڕێنەوە سەر ماواوەمسکەنی خۆیان, بەو مەرجەی (3000تمەن) بدەنە والی گوایا وەك سەرانەیەك بەرامبەر بەو سەرکێشییەی کردوویانە).

لەدرێژەی رووبەڕووبوونەوەکانی (حەمەسەعید سان) لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەردەڵانی و قاجاریدا ساڵی 1282ك=1865ز) پاش ساڵێك لەدەستبەکاربوونی کابینەی حکومەتی (میرزا زەکی ناسراو بە مستەوفی رەشتی) باسیان لەوەکردووە کە بێباکی هەورامییەکان گەیشتۆتە رادەیەك پێویستە بەهەر نرخێك یسێت تەمێبکرێن, لەم بوارەدا فەرمانیانداوە بە (ئەمانولاّخانی والی) بۆ لە ریشە هەڵکێشانی دەسەلاّتی (حەمەسەعید سان) رووە و هەورامان بکەوێتەڕێ, ئەویش بە لەشکرێکی گەورەو فەوجی کوردستانی سوپای قاجاری و چوار تۆپی گەورەوە لە(سنە)وە هاتووە بۆ سەر هەورامانی لهۆن, بەمەبەستی پێشوازایکردن لە والی (عەلی ئەکبەر خان) کە لەو کاتەدا هەم حاکمی (جوانڕۆ) و هەم سەرتیپی سوارە بووە, لە (جوانڕۆ)وە گەیشتۆتە (شاری پاوە), پاش پشوودان و حەوانەوە (عەلی ئەکبەرخان) لەگەڵ دەستەیەك سەربازی هەڵبژاردە و ژمارەیەك تفەنگچی شارەزا کەوتوونەتە پێش سوپای والی, بەکەناری (زێی سیروان)دا بەرەو گوندەکانی ناوچەی (نەوسوود) کەوتوونەتەڕێ, (ئەوڕەحمان بەگی کوڕی حەمەسەعید سان) لەگەڵ ژمرەیەك لە جەنگاوەرانی هەورامی قەرەوڵیان لە ئوردووی والی گرتووە و ژمارەیەکیان لێکوشتوون, لێشاوی لەشکری والی بەرادەیەك بووە (ئەوڕەحمان بەگ) و ئەو جەنگاوەرانەی لەگەڵیدا بوون بەناچاری پاشەکشێیانکردووە, ئیتر (حەمەسەعیدسان) بۆجاری دووەم (نەوسوود)ی چۆڵکردووە و هاتۆتەوە (گوندی عەبابەیلێ), لەشکری (ئەمانولاّخان) چوونەتە (نەوسوود) و زۆر دلڕقانە کەوتوونەتە وێرانەی خەڵکی ناوچەکە, هەموو (قەلاّ, قولە,سەنگەرەکان)یان رووخاندووە و بۆ ملکەچپێکردنی هەورامیەکان و کوشتنی رۆحە بەرەنگاربوونەوەیان (ئەمانولاّخان) ماوە سێمانگ لە (نەوسوود) ماوەتەوە, پاش ئەو ماوەیە (حەزرەتی شێخ عەبدولڕحمان ئەبولوەفای کوڕی شێخ عوسمانی تەوێڵە و محەممەد پاشای جاف) کەوتوونەتە هەوڵدان بۆ باشکردنی نێوانی ( ئەمانولاّخان و حەمەسەعید سان) و گەڕانەوەی هەورامییەکان بۆ سەرماواو مەسکەنی خۆیان, چوونکە باش دەرکیان بەو نائومێدییە کردووە کە دوورکەوتنەوەی (حەمەسەعید سان) و سەردارانی تری هەورامی بەسەر خەڵکی ناوچەکەیدا هێناوە, چۆن دەستی داگیرکاران بەوپەڕی دلڕەقییەوە کراونەتەوە بۆ لێدان و چەوساندنەوە و ستەمکردن لە هەورامییەکان, ( شێخ عەبدولاڕەحمان و محەممەد پاشای جاف) لەدرێژەی هەوڵکانیاندا (حەمەسەعید سان)یان بردۆتەوە بۆ (نەوسوود) و ئەمجارەشیان (والی ) قایلبووە بەوەی بەرامبەر بە(3000تمەن) سان و تفەنگچییەکانی بگەڕێنەوە بۆ هەورامان, والیش بەلەشکرەکەیەوەگەڕاوەتەوە بۆ (سنە).

ساڵی 1286ك=1869ز) بۆ جاری سێیەم و تەنها لەماوەی دەسەلاّتی (حەمەسەعید سان)دا لەشکری دەوڵەتی قاجاری هەڵیکوتاوەتەوە سەر (هەورامانی لهۆن), لەوکاتەدا (فەرهاد میرزای مامی ناسرەدین شای قاجار) حوکمڕانی کوردستان بووە, ئاشکرایە ناوبراو پێشتر (هەسەن سان)ی کوشتووە, ئەوەش تاڕادەیەکی زۆر چاوسووریکردووە بۆکارکردن لەپێناوی کۆتایهێنان بەدەسەلاّتی سانەکان, بۆ لەشکرکێشی ئەمجارەیان (مستەفا قولی خانی ئیعتماد سەڵتەنە و بیووك خانی سەرتیپ) بەدووفەوج لەسەربازەکانی هەمەدانی و ئەفشاری, لەگەڵ ژمارەیەکی ئێجگار زۆری تفەنگچی کە لەلایەن (عەلی ئەکبەر خانی حاکمی جواتڕۆ)وە کۆکراونەتەوە خۆشی

سەرکردایەتی کردوون, پێکەوە هاتوونەتە سەر جەنگاوەرەکانی (هەورامانی لهۆن), پاش ئەوەی لەشکر گەیشتووەتە شوێنێك بە (تەپەی شێخ سلێمان) بەناوبانگە, هەورامییەکان کەپێشتر لەناو داروەوەنی ئەوشوێنەدا خۆیان مەلاسداوە و سیپەو سەنگەریان بەستووە, هەلمەتێکی ئازایانەیان بردۆتە سەریان و چەند فەرماندەیەك و ژمارەیەکی زۆر سەربازیان لێکوشتوون, یەکێك لەکوژراوەکان (هەلۆ خان) ناوێك بووە کەپێیانوتووە (سولتانی فەوجی زەفەر), پاش ئەو سەرکەوتنە (حەمەسەعید سان) پێنجسەد سواری بەفەرماندەیی (ئەورەحمان بەگ)ی کوڕی ناردووە بۆ کەناری (زێی سیروان) و بەرامبەر بە گوزەری لەشکری قاجارییەکان سەنگەربەندییانکردووە بەجۆرێك کە هیچ کەس نەتوانێت لەمبەر و لەوبەری سیروانەوە هاتوچۆ بکات, لەئەنجامی ئەو سەنگەربەندییەدا تینوویەتی زۆری بۆ لەشکری داگیرکاران هێناوە و بەتەواوی شپرزەیکردوون, با بۆزیاتر بەئاگابوون لەرازی ئەو شپرزییە بگەڕێینەوە بۆ لای پەیڤێك لە نووسینەکانی (میرزا شوکولای سنەندەجی) کەبەزاری خودی (عەلی ئەکبەرخان)وە گێراونیەتەوە ناوبراو لەم بوارەدا نووسیویەتی:

لەکاتێکدا فەرماندەو سەربازەکان زۆر تینوویانبوو, هیچ کەس نەیدەوێرا نزیکی ئاوی سیروان ببێتەوە, (مستەفا خانی ئیعتماد سەلتەنە و بیووك خانی سەرتیپ) وتیان, ئەمەچەجۆرە ڕێگایەکە تۆ هەلتبژاردووە و ئێمەت تووشیکردووە, هەلبەتە تۆ لەژێرەوە لەگەل هەورامییەکان ڕێککەوتوویت و دەتەوێ هەموومان بفەوتێین, بەلام من سوێندی گەورەم بۆخواردن کەئەو ڕێگایەی هەلمبژاردووە تەنها ڕێگایە ئێمە بگەیێنێتە مەلبەندی حوکمڕانی (هەورامانی لهۆن), هاوکات باسم لەوەکرد منیش ئەو هەموو چەکدارانەم لەگەلدایە, بێتاقەتیشم لە ئێوە زیاترە بەلام بەناچاری دلخۆشییاندەدەمەوە, پێیاندەلێم ئەمە قۆناغی گیانبازییە و سەرکەوتن بەئاسانی بەدەستنایەت, دلنیاشبن ئەگەر نیوەی چەکدارەکانم داوە بەکوشت نایەلم ئەمشەو ئەم لەشکرە بەبێئاو ڕۆژبکەنەوە.

بۆ جێبەجێکردنی بەلێنەکەی وزیاتر دەرخستنی دلسۆزی و نۆکەرایەتی خۆی بۆ دەسەلاتدارانی قاجاری, (عەلی ئەکبەرخان) فەرمانیداوە بە(سەیفووربەگی نایب و مەلائەورەحمانیدابیزادە) هەرچۆنێك بووە بگەڕێن بۆدۆزینەوەی سەرچاوەیەکی ئاو لەنزیك لەشکرەکەدا, ئەوانیش لەگەل (500) چەکدار ڕۆیشتوون پاش ماوەیەك کانییەکیان دۆزیوەتەوە کەدووربووە لەقەڕولی جەنگاوەرانی هەورامی, چەکدارەکانی (عەلی ئەکبەرخان) لەو شوێنەدا سەنگەربەندییانکردووە, چەند کەسێکیشیان گەڕاونەتەوە بۆلای لەشکرو هەوالی دۆزینەوەی کانییەکەیان گەیاندووە بە (عەلی ئەکبەرخان), ئەویش یەکسەر مژدەیبردووە بۆ سەردارە دەولەتییەکان و هەموویان پێکەوە چوون بۆ سەر کانییەکە, پاش ئەوەی لەشکر تێرئاو بوون و تینوویەتی خۆیان کوژاندۆتەوە, هەر ئەو شەوە (ئیعتماد سەلتەنە و بیووك خان) فەرمانیانداوە بەسەربازەکانیان ماڕێکی پێچاو پێچ بۆ سەر (زێی سیروان) دروستبکەن بۆ پەڕینەوەی لەشکر, بەوشێوەیە هەتاکو دەمەو بەیان هەمووی لەشکر خەریکی کارکردن بوون, چەکدارەکانی (عەلی ئەکیەرخان) ئەوانەیان شارەزای مەلەوانی بوون توانیویانە لە (زێیسیروان) بپەڕنەوە ولەوبەری ئاو سیپە و سەنگەریان بەستووە, سەربازەکانی (هەمەدان و ئەفشار)یش بەتەواوی چەك و چولەی جەنگییانەوە پەڕیونەتەوە,پاش گەیشتنیان بە شوێنی مەبەست دەستنیانکردووە بە تۆپبارانی جەنگاوەرە هەورامییەکان, (بەکر بەگی هەورامی) کەیەکێك بووە لەفەرماندە ئازاکانی(حەمەسەعید سان) لەگەل گوللە تۆپێکدا چووە بە ئاسماندا و پارچە پارچە بووە, لەدەستدانی (بەکربەگ) زۆر کاریکردۆتە سەر ورەی جەنگاوەرانی هەورامی, هەر بۆیە پاش ماوەیەك لە بەرگریکردن سەنگەرەکانی خۆیان چۆلکردووە.

پاش ئەوەی هەورامییەکان پاشەکشێیانکردووە, لەشکری داگیرکاران بە ڕێگایەکی سەخت و جەنگەڵاویدا کەوتوونەتەرێ, کاتێك نزیك (نەوسوود) بوونەتەوە بە مەبەستی پشوودان بنەو بارگەیان هەڵداوە و شەوێك حەواونەتەوە, لەولاشەوە (حەمەسەعید سان) بۆڕووبەڕووبوونەوەی ئەو شاڵاوە داوای هاوکاری و یارمەتی لە حوکمڕانانی (هەورامانی تەخت) کردووە, جەنگاوەرانی هەردوو بەشی هەورامان =(هەورامانی تەخت و هەورامانی لهۆن) ماوەیەك دلێرانە بەرەنگارییەکی قارەمانانەیان کردووە و زەرەروو زیانی زۆریان بە لەشکری قاجاری و چەکدارەکانی (عەلی ئەکبەرخان) گەیاندووە, بەلاّم شتێکی ئاشکرایە هەمیشە هێزی دەوڵەتی هەم بەژمارەو هەم بەچەك و جبخانەوە بەهێز و زەبەلاحە, زەرەروو زیان زۆر کاریلێناکات و داگیرکارانیش بۆ گەیشتن بە ئامانجە گلاّوەکانیان گشت ڕێگایەك دەگرنەبەر, بۆیە سەرەنجام توانیویانە دەستبگرن بە سەر (نەوسوود)دا, ئیتر ( حەمەسەعید سان) و جەنگاوەرەکانی (هەورمانی لهۆن) لەگەڵ کوڕەکانی (هەسەن سان) و جەنگاوەرەکانی (هەورمانی تەخت) کەلەگەڵیاندا بوون لە ڕێگای شارەزوورەوە هاتوونەتە (سلێمانی).

پاش ساڵێك (فەیرۆزە خانم)ی هاوسەری (حەمەسەعید سان) و کچی (شێخ عەلی عەبابەیلیٚ) لەگەڵ (ڕۆستەم بەگ)ی کوڕیدا گەڕاونەتەوە بۆ (جوانڕۆ) و چوونەتە لای (عەلی ئەکبەرخان) بەمەبەستی گفتوگۆکردن دەربارەی گەڕانەوەی (حەمەسەعید سان) بۆ هەورامان, (فەیرۆزە خانم) بۆ هەمان مەبەست سەردانی (سنە)ی کردووە و چاوی بە (فەرهاد میرزا) کەوتووە, لەو چاوپێکەوتنەدا لەسەر ئەوە پێکهاتوون کە (حەمەسەعید سان) و جەنگاوەرانی هەورامی بگەڕێنەوە سەر ماوای خۆیان و گوایا لەلایەن دەوڵەتەوە هیچ زیانێکیان پێناگات, لەسەر بنەمای ئەو پێکهاتنە (حەمەسەعید سان) لەگەڵ ژمارەیەك لەدەست وپێوەندەکانی گەڕاونەتەوە بۆ (شاری سنە), ماوە سیٚمانگ لە ماڵی (میرزا عەبدولاّ) میوانداریکراون.

بۆدیاریکردنی چارەنووسی (حەمەسەعید سان) لە ماوەی ئەو سیٚ مانگەدا (فەرهاد میرزا) چەند نامەیەکی نووسیوە بۆ (ناسرەدین شا), دوا بڕیاری (شا)ش ئەوە بووە کە هەرچۆنێك بێت پیویستە (حەمەسەعید سان) و کوڕەکانی لە ناوببرێن, لەم بارەوە (فەرهاد میرزا) دەقی نامەی دەرباری شاهانەی پیشانی (عەلی ئەکبەرخان) داوە پێیوتووە پێویستە هەڵسێت بە ئەنجامدانی ئەو ئەرکە, هاوکات ئەوەی پێڕاگەیاندووە سەرکەوتنی لەو کارەدا خزمەتێکی گەورە و دڵسۆزانەیە و بە پێچەوانەشەوە ڕووبەڕووی دڵگرانی و سەرزەنشتکردن و لێپرسینەوەی شای پایەبەرز دەبێتەوە.

**( فەرهاد میرزا وعەلی ئەکبەرخان و پیلانی کوشتنی حەمەسەعید سان )**

پیلانی کوشتنی (حەمەسەعید سان) و کوڕەکانی لەدەرباری ویلایەتی **کوردستان** و لەلایەن (فەرهاد میرزا و عەلی ئەکبەر خان)ـەوە داڕێژراوە, لە هەموو وردەکارییەکانی پەیوەست بەو پیلانە (عەلی ئەکبەرحان) سەرپشککراوە بەلاّم کاکڵەکەی بەم شێوەیە بووە:

(حەمەسیەعید سان) و خێزانیو دەست و پێوەندەکانی بەمەبەستی گێڕانەوەیان بۆماوای خۆیان لەگەڵ (عەلی ئەکبەرخان)دا بگەڕێنەوە بۆ (جوانڕۆ), هاوکات بنێرن بەدوای (ئەوڕحمانبەگی کوڕی سان)دا بگاتە هەمان شوێن گوایا پاش چەند ڕۆژێك بەرێزەوە بگەڕێنەوە بۆ (نەوسوود) و لەسەر حوکمڕانی (هەورامانی لهۆن) دەستبەکاربینەوە, (عەلی ئەکبەر خان) وەك هەموو خائینێکی ئەلقەلەگویٚ بەم شێوەیە باسی لەو پیلانەکردووە:

بەدرێژایی ڕێگەی گەڕانەوەمان لە(سنە)وە بۆ (جوانڕۆ) بێزاری و بێتاقەتییەکی زۆر بە (حەمەسەعید سان)وە دیاربوو, جاری وا هەبوو فرسەنگێک[21] دەکەوتە پێشمان و جاریش هەبوو دوو فرسەنگ لەدوامانەوە دەڕۆیشت, بەڵام من لەمەسەلەی ئەو دواکەوتن و پێشکەوتنەی خۆم تێنەدەگەیاند و زۆر لەلام مەبەست بوو ئەو دڵنیابێت کەهیچ نیازێکی خراپمان نییە لەگەڵیدا, بۆیە هەر هەواڵیشم نەدەپرسی هەتا بچووکترین گومان لەلای نەمێنێت, کاتێك گەیشتینە (جوانڕۆ) پێموت لەهەرشوێنێك دڵت پێوەیە لەوێ دانیشە چونکە هیچ بەدگومانییەك لەسەرت نییە, پاش دوو سێ ڕۆژ لەمانەوە و پشوودانیان لەسەر ئەوە ڕێککەوتین گوایا مانەوەی ئەوان لە (جوانڕۆ)دا هیچ سوودێکی نییە, بۆیە باشتر وایە بنێرێت بە شوێن (ئەوڕەحمان بەگی) کوڕیدا بێت بۆ لایان هەتاکو هەموویان پێکەوە بگەڕێنەوە بۆ (نەوسوود), هاتنی ناوبراو بۆ (جوانڕۆ) لای من زۆرمەبەست بوو چونکە فەرمانی شاهانە تەئکیدیکردبوو لەسەر ئەوەی پێویستە بەهەر نرخێك بووە بکوژرێت.
(حەمەسەعید سان)لەسەر بنەمای قسەکەی (عەلی ئەکبەرخان) ناردوویەتی بە شوێن (ئەوڕەحمان بەگ)دا و پاش چوار ڕۆژ گەیشتۆتە (جوانڕۆ), کاتێك چووەتە لای (عەلی ئەکبەرخان) بەگەرمی پێشوازیلێکردووە و میهرەبانی بەرامبەری نواندووە, دیارە ئەوەش جۆرە فریودانێك بووە هەتا پیلانی لەناوبردنی سەردارە هەورامییەکان بەئاسانی جێبەجێبکرێت, هەر لەیەکەم شەوی گەیشتنی (ئەورەحمان بەگ) پاش ئەوەی چوار سەعات شەو بەسەرچووە, (عەلی ئەکبەرخان) ناردوویەتی بە شوێن (تەیفووربەگ)ی جێگریدا کەنۆکەرێکی دڵسۆزی خۆی بووە و فەرمانی نهێنی شاهانەی بە پێویستی لەناوبردنی (حەمەسەعید سان و کوڕەکانی) لای درکاندووە, هاوکات فەرمانیپێداوە کە دەبێت ئەو بەو ئەرکە هەڵسێت, پاش قسەو باسێکی زۆر گەیشتوونەتە ئەم بڕیارە:
ژمارەیەك تفەنگچی لەنۆکەرە دڵسۆزەکانیان بە چەك و تیغی جەنگییەوە هەرلەشەوەوە لەناو (قەڵای جوابڕۆ)دا حەشاربدرێن, کاتێك سفرەی نانخواردنی بەیانی دادەنرێت (سەیفوور بەگ) بێت بۆ لای (عەلی ئەکبەر خان), شکات لە هەندێك لە نۆکەرەکانیان بکات گوایا سەرکێشییانکردووە و بەقسەیان نەکردووە بۆیە هەتاکە تەمێنەکرێن ناننا خوات, (عەلی ئەکبەرخان)یش دەربچێت گوایا بۆ تەمێکردنی نۆکەرەکان هاوکات لەولاوە ئەو نۆکەرانەی لە ناو قەڵادا حەشاردراون هەڵبکوتنە سەر سفرەکە (حەمەسەعید سان و میرزا بابەکر)ی دەمڕاستی سان بکوژن.
لەگەڵ دانانی سفرەی نانی بەیانی پیلانە گڵاوەکەی (عەلی ئەکبەر خان وسەیفوور بەگی جێگری) دەقا و دەق جێبەجێکراوە, (حەمەسەعید سان) بە تیغ و (میرزا بابەکرا) بە گولە کوژراون, (فەیرۆزە خانم) کاتێك ئەو هەواڵەی بیستووە ڕوومەتی خوێناویکردووە و پرچی خۆی ڕنیوەتەوە, چووە بۆ لای (عەلی ئەکبەر خان) و زۆر تکایلێکردووە (ئەوڕەحمان بەگ) نەکوژێت,لەم بارەوە (عەلی ئەکبەر خان) وتویەتی:
کە (فەیرۆزە خانم)م بەو شێوەیەبینی بڕیارمدا کوشتنی (ئەوڕەحمان بەگ) چەند ڕۆژێك دوابخەم بۆیە ئەویشم نارد بۆ زیندان بۆلای (ڕۆستەم بەگی برای), بەڵام هەرگیز نەمدەتوانی لەمەسەلەی کوشتنی چاوپۆشیبکەم چونکە ئەوە فەرمان شاهانە بوو و هەر دەبوو جێبەجێبکرایە, پاش ڕۆژێك فەرمانمدا (ڕۆستەم بەگ) ئازادبکەن چوونکە بەتەمەن مندالْ بوو, مۆڵەتیشمدا (فەیرۆزە خانم) پرسەی مێردەکەی دابنێت وماوەشمدا بە وەکیلْ و بەگزادەکانی (جوانڕۆ) سەردانیبکەن و دڵیبدەنەوە,

(عەلی ئەکبەرخان)ی خائین و ئەلّقە لە گوێی داگیرکاران وەك چۆن لە زمانی خۆیەوە وتوویەتی کە هەرگیز نەیتوانیوە لە کوشتنی (ئەوڕەحمان بەگ) چاوپۆشیبکات, کەسێکی ناسراو بە (فەڕاش غەزەب)ی راسپاردووە چووە لەزینداندا (ئەوڕەحمان بەگ)ی بە پشتوێنەکەی خۆی خنکاندووە, هاوکات خەبەریداوە بە (فەیرۆزە خانم) گوایا فریای کوڕەکەی بکەوێت چونکە لەئەنجامی کوشتنی باوکیدا دەیەوێت خۆی بخنکێنێت بە ڵکو بچێت بۆلای و هەوڵبدات پەشیمانیبکاتەوە بەڵام هەروەك چۆن (عەلی ئەکبەرخان) ویستوویەتی, هەتاکو دایکی گەیشتۆتە زیندان (ئەوڕەحمان بەگ) بێگیانبووە.

(عەلی ئەکبەر خان) پاش کوشتنی (حەمەسەعیدسان ومیرزا بابەکر وئەوڕەحمان بەگ) فەرمانی حوکمڕانی (هەورامانی لهۆن)ی بۆ (ڕۆستەم بەگ) دەرکردووە, هەموو وردەکارییەکانی پەیوەست بەچۆنییەتی جێبەجێکردنی پیلانەکەشی لەنامەیەکدا بۆ (شازادەفەرهاد میرزا) نووسیوە, (شازادە)ش لەنامەیەکدا بۆ دەرباری (شای قاجار) داوای پاداشتدانەوی بۆ (عەلی ئەکبەرخان) کردووە, لە سەر ڕۆشنایی نامەکەی (فەرهادمیرزا) نازناوی (شەرەف ئەلمولك) دراوە بە (عەلی ئەکبەرخان).

دەربارەی رازی کوشتنی (حەمەسەعیدسان) جیاوازی لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هەیە, (مەردۆخ, محەممەد تایەری سوڵتانی[22], میرزا شوکروڵای سنەندەجی لە زاری عەلی ئەکبەرخان)ەوە, هەریەکەو بەجۆرێك باسیانکردووە, بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەو تاوانە پەڵەیەکی رەشی شەرمەزاری وناپاکی و بێبەڵێنییە بەڕووی داگیرکاران و چڵکاوخۆرەکانیانەوە.

لەم بوارەدا پێویستە ئاماژەبدەین بەوەی (مەردۆخ) نووسیویەتی: (مەلا ئەحمەدی نۆتشی و مەلاعەزیزی هەورامی) کە لەسەر بەڵێنی (عەلی ئەکبەرخان) بە ئازارنەگەیاندن بە سەرداره هەورامییەکان لەگەڵ (ئەوڕەحمان بەگ) و بنەماڵەی (حەمەسەعید سان) لە (نەوسوود)ەوە رۆیشتوون بۆ (جوانرۆ), پاش کوشتنی سان و کوڕەکەی پرسیاری ئەوەیانلێکردووە ئایا بۆچی بەڵێنەکەی خۆی جێبەجێنەکردووە؟ گوایا ئەویش دەقی ئەو تەلگرافەی پیشانداون بڕیاری کوشتنی(حەمەسەعیدسان وکوڕەکەی) تێدابووە, ئیتر هەرلەوێ (مەلاعەزیز) فەرمانی کفنکردن و بەخاکسپاردنیداون.

15-**ڕۆستەم سان:**

(ڕۆستەم سان) یەکێکیترە لەسانە بەناوبانگەکانی هەورامان هەر لە ڕۆژی دەستبەکاربوونیەوە کەوتۆتە هەوڵی ئەوەی سزای ئەو کەسانە بدات کە لە دوور یان نزیکەوە دەستیان لە کوشتنی (حەمەسەعیدسان)دا هەبووە, بەڵام ئەم کارەی زۆر بە هێمنی و لەسەرخۆ بردووە بەڕێوە نەوەك تاوانکاران دەرك بە مەرامی ئەو بکەن و لەناوچەکە دوور بکەونەوە, سەرەتا ناوی ئەو کەسانەی لای خۆی تۆمار کردووە و پاشان بەرنامەیەکی بۆ لێدانیان گەڵاڵە کردووە,کاتێك دەستیکردووە بە جێبەجێکردنی بەرنامەکەی لە تەنیا شەوێکدا هەموو ئەو کەسانەی دەستگیر کردووە و زیندانیکردوون, لەزینداندا ئەشکەنجەیداون و سوکایەتیپێکردوون, دەگێرنەوە مەسەلەی سزادانی ئەم تاوانبارانە لای ناوبراو ئەوەندە بایەخپێدراوە, شەوێك لە شەوەکانی زستان هەورە بروسکە داویەتی لە ماڵ و باڵاخانەکەی, لەو کاتەدا بووە بە هەراوهوریا و خزمەتکار و کارەکەر و تفەنگچییەکان هاتوون بەیەکدا و سەریان لێتێکچووە و ترسیان لە گیانی سان و ماڵ و خێزانەکەی بووە, کەچی ناوبراو پێیوتوون واز لە هەموو شتێك بهێنن هەرچی دەبێ بابێت بەڵام ئاگاتانلێبێت ئەو زیندانیانە هەڵنەیەن, لەسەر

ڕۆشنایی هەندێك لەو سەرچاوانەی باسیان لە حوكمڕانەكانی هەورامان كردووە, ئەو كەسانەی بە فەرمانی (ڕۆستەم سان) زیندانیكراون تەنها كەسێكیان بە زیندویی لە زیندان نەهاتوونەتە دەرەوە.

دەربارەی ئەم سانە (محەممەد تایەری سوڵتانی) نووسیویەتی: (ڕۆستەم سان) بۆ دیدەنی (حەزرەتی شێخ عومەری بیارە) لەگەڵ ژمارەیەك لە تفەنگچی‌یەكانی ڕوویكردۆتە (بیارە), لەو كاتەدا گەیشتۆتە (بیارە) یەكێك لە براكانی بەناوی (جافربەگ) كەپێشتر لەترسی توندڕەوی (ڕۆستەم سان) هاتۆتە (بیارە) و لەماڵی خاڵوانیدا ژیاوە بەرێكەوت بەرامبەر ئەو ساباتەی بۆ پشودانی (سان) ئامادە كراوە تێپەڕبووە, هاوكات (سان) لەگەڵ (حەزرەتی شێخ عومەری بیارە) بەقسەكردنەوە خەریكبووە, (جافربەگ) كە(ڕۆستەم سان)ی بینیوە ترسێكی زۆری لێنیشتووە و شڵەژاوە, بەڵام (حەزرەتی شێخ عەمەری بیارە) بانگیكردووە بۆلای خۆیان و پێیوتووە وەرە بۆلامان و خۆت مەدزەرەوە ئێمە چاوەڕوانی تۆین, چوونكە كاتێك كردمانی بە (سانی هەورامان) ئەوانەش ئێستا دوژمنتن دەبن بە دۆستت و بەگوێتدەكەن, قسەكانی (حەزرەتی شێخ عومەری بیارە) بەتەوای (ڕۆستەم سان)یان بێتاقەتكردووە بەجۆرێك بە درێژایی ئەو ماوەیە لە (بیارە) ماوەتەوە هەر بیری لەو قسانە كردۆتەوە, لەكاتی گەڕانەوەشدا لەگەڵ داروەستەكەی لەشوێنێك كە پێیدەڵێن (هانە كاشما) تفەنگچییەك بەناوی (عەبدولسەمەد ناسراو بە سەمەڵە) كە زۆر جێگەی باوەڕی بووە و ڕەشمەی ئەسپەكەی بەدەستەوە بووە, دەركی بەبێتاقەتییەكەی كردووە و لەو بارەوە لێیپرسیوە گەورەم بۆ بێتاقەتی, ئەویش لە وەڵامدا وتوویەتی:

من دەزانم (شێخ عومەری بیارە) پیاوی خوایە و هەرگیز درۆناكات (جافر بەگ) دەبێت بە سەرەخۆرەم, دەڵێم بە (قوڕە) بیدزێت و بیشارێتەوە, (سەمڵە)ش پێیوتووە گەورەم تۆ ئەوەندە كەسێكی خەرافی نەبوویت (شێخ عومەری بیارە) فەرمایشتێكی كردووە و مەرج نییە بەو شێوەیە بێت, حەزدەكەیت با من سوێندت بۆ بخۆم (سانییەتی هەورامان) وەك گیای بەهار بێنرخببێت ناگاتە لای (جافربەگ) ئیتر دڵت بێخەمبێت و هیچ گوێیمەدەرێ.

ڕۆستەم سان ساڵی (1310ك=1892ز) لە ڕۆژی زەماوەندكردنیدا لەگەڵ كیژێكی هاواری بەدەستی (حسێن بەگی كوڕی مستەفا سانی دووەم ناسراو بە حسێنە زەرد) لە گوندی هاوار كوژراوە, شایانی باسكردنە دایكی (حسێنە زەرد) پاش كوژرانی (مستەفا سانی هاوسەری) شوویكردۆتەوە بە(ڕۆستەم سان), ئەو دەمە (حسێنە زەرد) منداڵبووە و لەگەڵخۆی بردوویەتی بۆ ماڵی نوێی, ناوبراو لەماڵی (ڕۆستەم سان)دا گەورە بووە وپێگەیشتووە, زۆر نزیكبووە لە سانەوە و یەكێك بووە لە خزمەتكارەكانی, دواجار گوایا لە تۆڵەی خوێنی باوكیدا (ڕۆستەم سان)ی كوشتووە.

**18-حەمەساڵح سان:**

پاش كوژرانی (ڕۆستەم سان) لە گوندی هاوار (حەمەساڵح بەگی كوڕی) لەگەڵ (مەلا عەزیزی قازی) دەستبەجێ چوون بۆ (شاری سنە) و لەوێ چاویان بە (ئەمیر نیزام گەڕووسی) حاكمی كرماشان و سنە كەوتووە, پاش ئەو چاوپێكەوتنە فەرمانی سانیەتی (هەورامانی لهۆن) بۆ (حەمەساڵح بەگ) دەركراوە, هاوكات (محەممەد بەگ)ی مامەی كراوە بە جێگری, ماوەی چەند مانگێك لەگەڵ (محەممەد بەگ) پێكەوە حكمڕانییانكردووە, پاشان بە فیتی چەند كەسێك لە خراپەكار ودڵڕەشانی نزیك بە خۆی (محەممەد بەگ)ی كوشتووە و چووە بۆ ناو بەگزادەكانی (تەخت و ڕەزاو), ئەوانیش لەشكریان لە گەڵیدا ناردووە و هاتووەتەوە سەر (نەوسوود), پاش

گەڕانەوەی بۆ (نەوسوود) سێ ساڵ حوکمڕانیکردووە, پاشان بە دەستی (مەحموود بەگی کوڕی عوسمان بەگ و جافر بەگی مامەی) لە تۆڵەی خوێنی (محەممەد بەگ)دا لە سەر سفرەی میوانداری کوژراوە, لەکاتی پرسەکەیدا ژنان بۆ لاواندنەوەی ئەم دێڕە شیعرەیان وتووە:

مامۆ مەحموودیم نمیەنش باڵم          مامۆ جافریم بڕیەنش تاڵم

19-**جافرسان:**

(جافرسان کوڕی حەمەسەعیدسان کوڕی عوسمان سان کوڕی عەلیمەردان سان کوڕی حسێن سان کوڕی دەروێش بەگ کوڕی بارام سانی یەکەم کوڕی عەباسقولی سان کوڕی بارام میرزابەگ کوڕیسلێمان بەگ کوڕی میر سەعید کوڕی میر جەلالەدین کوڕی باریە بەگ کوڕی بهمەن)ـە, دایکی ناوی (فەیرۆزە خانمی کچی شێخ عەلی عەبابەیلیّ)یە, کاتێك باوکی کوژراوە دایکی پێیەوە دوگیانبووە, پاش شەش مانگ لە تەکیەی (دەوڵەتئاوای روانسەر)دا لەدایکبووە.

(جافرسان) یەکێکە لە سانە زۆر بەناوبانگەکانی هەورامان, پاش (عەباسقولی سان و هەسەن سان) بە سێیەم سانی هەورامان دەژمێردرێت هەم لە رووی کەسێتی و هەم لە رووی ئەو دەسەڵات و ناو و نەنگەوە کە بۆخۆی درووستیکردووە, ماوەی حوکمڕانی ئەم سانە پڕبووە لە رووداوی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی گەورە لە (ئێران)دا, هەر لەسەردانی راپەڕینی مەشرووتەکانەوە و لەشکرکێشی دەوڵەتی عوسمانی بۆ سەر ناوچە خۆر نشینەکانی ئێران پێش رێککەوتنی سنووری ساڵی (1914ز) لە نێوان هەردوو دەوڵەتی (عوسمانی و قاجاری)یەوە بیگرە هەتا دەگاتە بەرپابوونی جەنگی جیهانی یەکەم و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری (ساڵی 1917ز) و پاشان هەرەسهێنانی حوکمی قاجاری وسەرهەڵدانی دەسەڵاتی پەهلەوی و رووبەڕووبوونەوەی زۆرینەی خێلە کوردەکانی ئێران لەگەڵ دەسەڵاتی تازە, لە ناو ئەو گشت رووداوانەدا (جافرسان) بەرامبەر بەداگاگیرکاران وەستاوەتەوە, بەوپەڕی تواناوە سەرکردایەتی هەورامییەکانی لەهۆنی کردووە, پشتئەستوور بەچیا سەرکەشەکانی هەورامان و خەڵکە قارەمانەکەی هەردەم شۆڵی شۆڕش و بەرەنگار بوونەوە بووە.

لە سەر رۆشنایی ژمارەیەك لەو سەرچاوانەی باسیان لە حوکمڕانەکانی هەولرامان کردووە, (جافرسان) شەش ژنی هێناوە, سیان لەژنەکانی  ژنی سانەکانی پێش خۆی بوون, لەو شەش ژنە (36) منداڵی بووە وا لە خوارەو ناوی ژن و منداڵەکانی دەنووسین:

1–دەوڵەت خانم, کچی (ئەحمەد سان) بووە منداڵکانی ئەمانە بوون:( ئەحمەد کە بەمنداڵی مردووە, ئەحمەد بەگ هاوناوی کوڕی یەکەمی, حەمەڕەشید بەگ, مستەفا بەگ, حەمەین بەگ, خاوەرخانم).

2–خاڵخاس خانم, خەڵکی گوندی (نۆدشە) بووە منداڵەکانی ئەمانە بوون: (فەتحولابەگ, ئەلیمحەممەد بەگ, حەمەتەقیبەگ, حەمەسەلیم بەگ کە بە منداڵی مردووە, مینا خانم, شکۆفە خانم, حەبیبە خانم).

3–بەیزا خانم, کچی (مەلا عەزیزی نەوسوود) و پێشتر هاوسەری رۆستەم سان بووە, منداڵەکانی لە جافرسان ئەمانە بوون: (حەمەسەعید بەگ, حەسەن بەگ, ئۆلغەفوور بەگ, مەحمود بەگ, سلێمان بەگ).

4–حەنیفە خانم, کچی (شێخ محەممەدی عەبابەیلیّ) و پێشتر هاوسەری (محەممەد بەگ) بووە کە بە (حەمیتە) ناسراوە, منداڵەکانی ئەمانە بوون: (حەمەعەلی بەگ ناسراو بە پاشا, پیرۆزە خانم).

5–شکۆفە خان, کچی (مەلا عەلی نەوسوودی) ناسراو بە (نصیر الدیوان) بووە, منداڵەکانی ئەمانە بوون: (حەمەڕەزا بەگ, ناسر بەگ کە بە منداڵی مردووە, ناسربەگی هاوناو, سەیفوڵا بەگ, مەنسووربەگ, مریەم خانم, لەیلا خانم, ئامینە خانم, حەمیدە خانم).

6–فاتمە خانم, پێشتر هاوسەری (مەلا عەبدوڵا) بووە, منداڵەکانی ئەمانە بوون: (کەریم سان, قادر بەگ, غەفار بەگ, ئەمنە خانم).

### (تایبەتمەندییەکانی کەسێتی جافرسان )

ئەگە بەویژانەوە و بۆ مێژووقسەبکەین هیچ زیادە ڕۆیی و پیاهەڵدانێکی تێدانییە بڵێن(جافرسان) جیاواز لە زۆربەی حوکمڕانە ناوچەییەکانی سەردەمی خۆی کەسێتییەکی تایبەتمەندی هەبووە, دەتوانین ئەو تایبەتمەندییە لەچەند خاڵێکدا بخەینە روو بەم شێوەیە:

1–نەهێشتنی ئەو ناکۆکیانەی بە فیتی داگیرکارانی کوردستان و ئەڵقە لە گوێکانیان بۆ ماوەیەك بوونەتە مۆتەکە بۆ سەر بنەماڵەی سانەکانی هەورامان, لەم بوارەدا کوڕ و کوڕەزاکانی سانەکانی پێش خۆی لە خۆی کۆکردوونەتەوە, دڵخۆشیکردوون و یەکیخستوون بەشێوەیەك توانیویەتی‌بۆ گشت کارێکی گرنگ کە هێزی چەکداری پێویستبێت, سەد سوار لە (کوڕ, کوڕەزا,برا, برازا, ئامۆزا) وخزمە نزیکەکانی تری کۆبکاتەوە و لە پێشەنگی تفەنگچییەکانیدابن.

2–نەهێشتنی هیچ جۆرە بشێوی و نائارامییەك و درووستکردنی پێکەوە ژیان لە ناو خەڵکی ناوچەکە و دەورووبەریدا.

3–چاککردنی باری ژیان و گوزەرانی خەڵکی هەورامانی لهۆن و هەوڵدان بۆ ئاوەدانکردەی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەی.

4–کۆکردنەوەی خەڵکانی بەهرەمەند لە هەموو بوارەکاندا و سوودوەرگرتن لە بەهرەو توانایان بۆ بەرژەوەندی گشتی.

5–ڕێزگرتن لە خەڵکانی (زانا, ژیر, بەئەزموون, ریشسپی) و درووستکردنی جۆرە شوورایەك لێیان بۆ راوێژپێکردن و راوەرگرتنیان لە هەموو مەسەلە گرنگ و بڕیارە چارەنووسسازەکاندا و کاریگەرترکردنی رۆڵیان لەناو خەڵکی هەوراماندا.

6–بەدرێژایی ساڵانی حوکمڕانییەکەی بەردەوام لە ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەدا بووە لەگەڵ گشت ملهوڕ و داگیرکاران و هەرگیز سەری بەرزی لەبەردەمیان نەوینەکردووە.

7–هەوڵی خۆدەوڵەمەندکردن و ماڵ و سامان پێکەوەنانی نەداوە, بۆ سەلماندنی ئەم راستییەش دوو نموونە دەخەینە پێشچاوی خوێنەری بەڕێز:

یەکەم ـــ ساڵی(1926ز) (میر عەبدولاخانی تاماسبی) بۆدڵدانەوە و خۆنزیککردنەوە لە سەردارە هەورامییەکان سەردانی ناوچەکانی (رەزاو, نەوسوود)ی کردووە, کاتێك گەیشتووەتە (نەوسوود) کە مەڵبەندی حوکمڕانی (هەورامانی لهۆن) بووە, (جافرسان) لەبەرئەوەی تەلار و بالاخانە و رێ و جێیەکی وای نەبووە ناوبراوی تیا بحەوێتەوە, ناچاربووە بینێرێت بۆ ماڵی (قادربەگی کوڕی) لە شارە دێی تەوێڵە.

دووەم ـــ کاتێك لە ساڵی (1931ز) هاتۆتە عێراقەوە تەنها (3)تمەن لە گیرفانیدا بووە, لەسەر سنوور فرێیداونەتەوە بۆ ئەودیو, لەم بارەوە (مامۆستا محەممەدئەمین هەورامانی) دەڵێت تەنها دوو قرانی پێبووە خستوونیەتە ناو (حەوزە لارەوە)[23].
8-زۆر شەیدای زمان و کولتوور و رەسەنایەتی ژیانی کوردەواری بووە, بە رادەیەك کاتێك (میر عەبدولای تاماسبی) پێیوتووە فارسی دەزانیت, ( جافر سان) بەم شێوەیە و بە شێوەزاری هەورامی وەڵامیداوەتەوە: (بزانو نەزانو چێشا خو ئایەتو قورئانی نیەنە), بەمانی بزانم یاخود نەزانم چییە خۆ ئایەتی قورئان نییە.
وەك پێشتر باسمانکرد (جافرسان) لە درێژەی ساڵەکانی حوکمڕانیدا تووشی چەندین شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە بووە لەگەڵ دەسەڵاتداران و داگیرکارانی کوردستاندا لەوانە:
1-شەڕی (نوریاو) ساڵی (1910ز).
2-شەڕی (نۆبران و باخی شا=فیتنەی سالارئەلدەولەی قاجاری) ساڵی (1911ز).
3-شەڕی (کرماشان) ساڵی (1912ز).
4-شەڕی (نەوسوود) ساڵی (1914ز).
5-شەڕی (رووسەکان) ساڵی (1916ز).
6-شەڕی (مەنمی و گەڵباخی[24]) ساڵی (1919ز).
7-شەڕی (سەریاس) ساڵی (1922ز).
لە هەموو ئەو شەڕانەدا جافرسان و تفەنگچییە هەورامییەکان ئازایەتی کەمنموونەیان نواندووە, بەشێوەیەك جەنگاون نەك هەر لەلای دۆستەکانیانەوە بەڵکو لەلایەن دوژمنەکانیشیانەوە ئەم راستییە نکولیلێنەکراوە, بۆ نموونە دەربارەی شەڕی (کرماشان) (فەرید ئەلمولك قەرەگزلو) گەورەلێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە (کرماشان) وتوویەتی: هەورامییەکانی لهۆن زۆر ئازا و ڕەشید بوون, بە سەرکردایەتی (جافرسان) توانیان دەست بگرن بەسەر (کرماشان)دا.
لە شەڕی (باخی شا) پاش ئەوەی (سالار ئەلدەولە) ویستوویەتی لە کرماشانەوە لەشکر بباتە سەر (تاران) و کۆتایی بە دەسەڵاتی (مەشروتەکان) بهێنێ, بە بیستوپێنج هەزار تفەنگچییەوە لە تفەنگچییەکانی (لوڕستان و کرماشان)ەوە کە بە گشتگیری لە: (کەلوڕ, گۆران, زەنگنە, ئەردەلانی, سنجاوی, هەورامی) بوون, لەناوچەی (باخی شا) و لە نزیك (ساوە) لەگەڵ لەشکری بەرامبەریان کەوتوونەتە جەنگ, هێزی دەوڵەتی بەگشتگیری بریتیبووە لە تفەنگچییەکانی (بەختیاری, تورك, کافکاسی, ئەرمەنی) کە بە چەك و جبەخانەیەکی گەورە و تۆپی قورسەوە جڵەگیرییان لە لەشکری (سالار ئەلدەولە) کردووە و شکاندوویانن, لەم شەڕەدا تفەنگچییە هەورامییەکان زۆر ئازا و بێباکانە جەنگاون, دەربارەی ڕۆڵی هەورامییەکان لەو شەڕەدا (ئایەتولا مەردۆخ) نووسیویەتی: (عەلیڕەزا خانی گەڕوسی و جافرسانی هەورامی) لە شەڕی (باخی شا)دا بە بەرزاییەکەوە بوون, کاتێك لەشکری (سالار ئەلدەولە) بەرگەی تۆپباران و شەستتیربارانی نەیارەکانی خۆیان نەگرت و لەگۆڕپانی جەنگدا پەرش و بڵاو بوونەوە و حاڵیان زۆر شڕبوو, (عەلیڕەزاخانی گەرووسی و جافرسانی هەورامی) ماوەیاننەدا تفەنگچییە (بەختیاری)یەکان بکەونە شوێن لەشکری شکاوی (سالار ئەلدەولە), ئەگەر قارەمانی ئەم

دوو کەسە نەبووایە لەو شەڕەدا هەم (سالار ئەلدەولە) دەستگیر دەکرا هەم لەشکرەکەشی بەتەواوی لەناو دەچوون, ئازایەتی و بوێری (جافرسان) لەو جەنگەدا وایکردووە نازناوی (سردارمعتظد)ی بدرێتیٚ.
هەر لەم بووارەدا (سەردار ظفر بەختیاری) دەربارەی ئازایەتی هەورامییەکان وتویەتی: لە تفەنگچییە (بەختیاری)یەکانم بیست کە تفەنگچییەکانی (هەورامان و مەریوان) لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەیان پیادە بوون بەڵام زۆر قارەمان و ئازایانە دەجەنگان, هەتا دوا هەناسە شەڕیاندەکرد و هەرگیز ئامادە نەبوون بە زیندوویەتی چەکیان لێبسەنرێت.
لەشەڕی (باخی شا)دا (کەریم بەگی کوڕی جافرسان) لەگەڵ ژمارەیەك لە تفەنگچییەکان و بەهیچ شێوەیەك قایل نەبوون گۆڕەپانی شەڕ بەجێبهێڵن, لە ئەنجامدا لەگەڵ ژمارەیەکی‌تر لەسەرداره هەورامییەکان لەوانە (عەزیز بەگ و حەمەخان بەگ) کە هەردوکیان برازای (جافرسان) بوون بەدیلگیراون و براون بۆ زیندانی (تاران), پاش دووساڵ (کەریم سان) ئازاد کراوە بەڵام (عەزیز بەگ و حەمەخان بەگ) لەگەڵ ژمارەیەك لە تفەنگچییەکانیان بێسەروشوێنکراوون, پاشان لەڕازی ئەو بێسەروشوێنکردنەیان هیچ شتێك نەزانراوە.
ساڵی (1914ز) و لە گەرمەی جەنگی جیهانی یەکەمدا دەسەڵاتدارانی (عوسمانی) پەلاماری هەورامانیان داوە و هەردوو شارۆچکەی (نەوسوود و نۆدشە)یان سووتاندووە, بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو حاڵەتە (جافر سان) تفەنگچییەکانی لە چەند قۆڵێکەوە پەلاماری (عوسمانی)یەکانیان داوە, (کەریم بەگی جافرسان) لەو پەلامارەدا سەرکردایەتی (جافە گەڵاڵییەکانی) پێسپێردراوە, لە شەڕێکی قارەمانانەدا ژمارەیەکیانی بەدیلگرتووە.
(قادربەگی کوڕی جافرسان)یش بەیارمەتی خەڵکی تەوێڵە دەستیان بەسەر (تەوێڵە)دا گرتووە و (عوسمانی)یەکانیان ناچار کردووە ناوچەکە چۆڵبکەن, پاش ئەو رووبەڕووبوونەوەیە شانزە گوندی هەورامان کە پێشتر لەژێردەستی (عوسمانی)یەکاندا بوون ئازادکراون و بوون بە بەشێك لە قەڵەمڕەوی حوکمڕانی (جافرسان) لەوانە, (هەردوو شارە دێی تەوێڵە و بیارە, سۆسەکان, بەڵخە, دەگاشێخان, خەرپانی, هاوار...هتد).

## تفەنگچییەکانی هەورامان و مەریوان وشکستدان بە لەشکری رووسیای قەیسەری

لەگەرمەی جەنگی جیهانی یەکەم زۆربەی شێخەکانی کوردستان و مەلا دیارەکانی ئەو سەردەمە, بە خەڵکی ناوچەکانیان راگەیاندوە گوایا شەڕکردن لەگەڵ سوپای رووسدا غەزایە چوونکە ئەوان هاتوون خاکی موسڵمانان داگیردەکەن و دژی دەوڵەتی ئیسلام دەجەنگێن, لەم بوارەدا شێخەکانی نەقشبەندی لەهەورامان دەورێکی کاریگەریان بووە, کەوتوونەتە ناو خەڵکی شوێنە جیاجیاکانی هەورامان و داوایانلێکردوون بەهەر نرخێکبووە پێویستە جلەوگیری لە شاڵاوی رووسەکان بکەن, ئاشکرایە ئەو شێخانە خاوەنی دەسەڵاتێکی رۆحی گەورە و بوون و لە ناو خەڵدا زۆر رێزیانلێگیراوە, ئەو داواکارییەیان بووە بە هاندەرێکی گەورە بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوچەکە بۆ شەڕکردن لەگەڵ (سوپای رووس) ئامادەبکەن, لەو کاتەدا (جافر سان و مەحمودخانی دزڵی) لە هەردوو هەورامانی (لهۆن و تەخت) حوکمڕانیانکردووە.
(ساڵی 1916ز) کاتێك لەشکری (رووسیای قەیسەری) بە نیازی کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی (هەورامان ومەریوان) و گەیشتن بە (شاری سلێمانی) کەوتوونەتە جمو جووڵ, خەڵکی ئەو ناوچانە خۆیان لە بەردەم مەترسییەکی گەورەدا دیوەتەوە, بەرامبەر بەو دۆخە سەرداران پیاو ماقووڵانی هەورامان و مەریوان بەهاندان و رێنمایی شێخەکانی نەقشبەندی چەند هەزار تفەنگچییەکیان لە سوارە و پیادە کۆکردۆتەوە و پەلاماری ئەو

لەشکرەیانداوە, لەو پەلامارەدا ئازایەتییەکی وەهایان نواندووە مەگەر هەر لەخۆیان هاتبێت, بە جۆرێك رووسەکانیان شکاندووە و شپرزویانکردوون هەتا دامێنی (ئاویدەر)ی پشت (شاری سنە) راویانناون, (سەرتیپ زاخارچنکۆف)ی فەرماندەی (سوپای رووس) بۆ ئەوەی زەرەر و زیانی گەورەتر بە لەشکرەکەی نەگات, بەهیچ شێوەیەك نەیوێراوە لە ناو شار دەربچێت, دەربارەی ئازایەتی جەنگاوەرەکانی مەریوان و هەورامان (مەردۆخ) کە شایەتحاڵێکی زۆر نزیکە و راستەوخۆ بەشداری شەڕەکانیکردووە و ئاگاداری ئەو بارودۆخە بووە وتویەتی:

(ساڵی 1334ك) پاش ئەوەی خەبەرهات (ژەنەڕاڵ باراتۆف) سەرکردەی سوپای رووسیای قەیسەری عەسری رۆژی چوارشەممەی مانگی جەمادی یەکەمی هەمان ساڵ رۆیشتووە بۆ (گوندی دادانە), لەوێ گشت سەرۆك خێڵکانی (روانسەر, سەنجاوی, گۆران, کەمانگر)ی کۆکردوونەتەوە و فەرمانیپێداون لە ناوخۆیاندا ئەنجومەنێك دروستبکەن بە ناوی (ئەنجومەنی خێڵە یەکگرتووەکان, ئێمە دەرکمان بەوەکرد ئەوکارەی ناوبراو کارێکی دڵسۆزانە نییە وهیچ بەرژەوەندییەکی خێڵەکانی تێدا نییە بەڵکو بۆ مەرامە جەنگییەکانی خۆیانە, ئێمەش لە رێی (مەحمود بەگی شابەندەر)ـەوە کە لە (گوندی دووڕۆ)دا بووە هەواڵمان گەیاندە (مەحیەدین بەگی کۆمەندان) لە پێنجوێن و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامیداینەوە (لەگەڵ شێخ مەحمودی حەفید دێێن بۆ مەریوان با جافرسان و مەحمودخانی دزڵی و سەرۆك خێڵەکانی مەریوان هەموویان لەوێ ئامادەبن بۆ گفتوگۆکردن و بڕیاری پێویست).

پاش گەیشتنی وەڵامەکەی (مەحیەدین بەگی کۆمەندان) بەڕەزامەندی سەردارەکانی هەورامان و مەحمودبەگی شابەندەر, (ئایەتوڵا مەردۆخ و حاجی شێخ عەبدولحەمید) رۆیشتوون بۆ (مەریوان), لە ماڵی(مەحمود خانی کانیسانان) لەگەڵ (شێخ مەحمودی حەفید, مەحیەدین بەگی کۆمەندان, شێخەگەورەکانی نەقشبەندی) کۆبوونەتەوە و پەیمانی یەگرتنیان دژی (سوپای رووس) بەستووە, رۆژی (11 مانگی رەجەبی ساڵی 1334ك) بەشێك لە رووسەکان بە (12) بەتەریە تۆپی هەمەجۆرەوە بەرەو (مەریوان) کەوتوونەتە رێ و نیازمەندن هێرشبەرنە سەر (پێنجوێن), بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هێرشە تفەنگچییەکانی هەورامان و مەریوان کەوتوونەتە خۆیان, لە شوێنك کە پێیدەوترێ (سێڕیانی کاکۆ زەکەریا) رووبەڕووی رووسەکان بوونەتەوە و لە شەڕێکی دلێرانەدا سێهێرشی گەورەی رووسەکانیان تێکشکاندووە, ژمارەیەکی ئێجگار زۆریان لێکوشتوون ودەسکەوتێکی بێشوماریان بووە بەرەو (شاری سنە) پاشەکشێیانپێکردوون.

هەر لە بواری رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سوپای رووسدا, سەرەتای (مانگی شەعبانی ساڵی 1334ك) بۆدانانی بەرنامەیەك (بەگی کۆمەندانی تورك) میوانداری (شێخ حیسامەدین, شێخ نەجمەدین, شێخ عەلادین)ی کردووە و داوایلێکردوون هەرسێیان لە (رەزاو) ئامادەبن, پاش تەشریفبردنیان بۆ شوێنی دیاریکراو هەموو تفەنگچییەکانی (هەورامانی تەخت, هەورامانی لهۆن, رەزاو, ژاوەرۆ, مەریوان) لە رەزاودا کۆکراونەتەوە,پاش ئەوەی ژمارەیان گەیشتۆتە چوارهەزار رۆژی (22مانگی شەعبان) روەو (شاری سنە) رۆیشتوون, بۆ بەرەنگار بوونەوەی تفەنگچییە هەورامی و مەریوانییەکان (سوپای رووس) لە بەرزاییەکدا کەپێیدەوترێت (تەپەی شێخ حەمەسادق) چەند تۆپێکیان دامەزراندووە, کاتێك تفەنگچییەکان لە سەنگەرەکانی رووسەکان نزیکبوونەتەوە دەستەیەك لەسەربازە سوارەکانیان رووەو ئاشەکانی ئاویدەر کەوتوونەتەرێ, لەو کاتەدا (مەردۆخ) بەجافرسانی وتووە ئەگەر ئەو ژمارە سەربازە بگەنە بەرزاییەکانی ئاویدەر ئەمان هیچیانپێناکرێت ودەشکێن, (جافرسان) لەوەڵامدا وتوویەتی: لەگەڵ (ئەفراسیاو بەگ) ودووسەد تفەنگی بڕۆن لەوێ دۆخەکە چۆن پێویستدەکات

وابڕیاربدەن, پاش ئەو گفتو گۆیە (مەردۆخ و ئەفراسیاو بەگ) و دووسەد تفەنگچی ڕۆیشتوون, ژمارەیەك لە تفەنگچییەكانیان لە (خدر ئەلیاس) داناون و سەنگەربەندییانكردووە, ژمارەیەكی تریان لەگەڵ (ئەفراسیاو بەگ) چوون بۆ شوێنێك كەپێیدەوترێ (خدری زیندە) و لەوێ دامەزراون), هەرچیشیان ماونەتەوە ڕۆیشتوون بۆ سەر لووتكەی (كێوی ئاویدەر), ڕووسەكان كە بەدووربین چاودێری بارودۆخەكەیان كردووە, سەنگەرەكانی (مەردۆخ و ئەفراسیاو بەگ)یان داونەتە بەر تۆپ بەڵام هەرپاش ماوەیەكی كەم لە بەرپابوونی شەڕ لەنێوانیاندا ڕووسەكان شكاون وئەو ناوەیان جێهێشتووە.

(جافرسان) یەكێك بووە لەو سەردارە كوردانەی ماوەیەكی زۆر پشتگیری (عەباس خانی ئەردەڵانی ناسراو بە سەردار ڕەشید)ی كردووە لە هەوڵكانیدا بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی كوردستان بۆ بنەماڵەكەیان, (ساڵی 1337ك=1918ز) پاش ئەوەی (عەلیمحەممەدخان ناسراو بەشەریف ئەلدەولە) كراوە بە حوكمڕانی كوردستان زۆر بە دڵڕەقانە هەڵس و كەوتی لەگەڵ خێڵە كوردە نیشتمانپەروەرەكاندا, بەو پەڕی دڵڕقی و بێبەزەییەوە سەركوتیكردوون و ژمارەیەكی زۆر لە سەرداران و پیاوەدیارەكانیان بە فەرمانی ناوبراو لە مەیدانی (سنە)دا كراون بەدارا, ستەم و خوێنڕێژی ئەو كابرایە وایكردووە خەڵكی كوردستان بە (شەریف قەساب) ناویانبردووە, بەرادەیەكبووە یۆ لابردنی دەسەڵاتی (شەریف ئەلدەولە) تفەنگچییە هەورامییەكان بە سەركردایەتی (جافرسان) یارمەتی (سەردار ڕەشید)یانداوە, (سەردار ڕەشید) لەلایەكەوە ویستوویەتی تەمێی (مەنمی و گەڵباخی)یەكان بكات كە ساڵێك پێشتر بەرامبەریان شكستیخواردووە, لە لایەكی ترەوە بۆ دەوڵەتی ئێرانی بسەلمێنێت كە ئەو لە هەمەكەسێك شیاوترە بۆ حوكمڕانی كوردستان, ڕۆژی (6 مانگی ڕەمەزانی ساڵی 1337ك=1919ز)لەگەڵ تفەنگچییەكانی (ڕوانسەر, جوانڕۆ, هەورامانی لهۆن) بۆ تەمێكردنی مەنمی و گەڵباخییەكان دەستیداوەتە جموجووڵ, ڕۆژی (9ی ڕەمەزان) بە تەواوی هێزەكانییەوە كە زیاتر لە (دووهەزار سوارە و یەك هەزار پیادە و سێسەد سەربازی نیزامی و دووبەتەریە تۆپی شاخاوی) بوون, پەلاماری لەشكری بەرامبەریان داوە, زۆربەی ئەو سەرچاوانەی دەربارەی ئەم شەڕە نووسیویانە شامازەیانداوە بەوەی لەسەرەتای شەڕەكەوە كە هێشتا تفەنگچییە لهۆنییەكان و سوارەكانی وڵەدبەگی دەستیان بە شوێنە بەرزەكان نەگەیشتووە, لەشكری (سەردار ڕەشید) شكستیانخواردووە, دواتر هەر بەگەیشتنی لهۆنییەكان و سوارەكانی (وڵەد بەگی) بەو بەرزاییانە توانیویانە لەشكری بەرامبەریان بشكێنن.

(سالار ئەلدەولەی قاجاری) ساڵی 1927ز) بۆ جارێكیتر لەشكری كۆكردۆتەوە بۆ هێرشبردنە سەر (شاری كرماشان), بەهاوكاری (جافرسان) و تفەنگچییەكانی بەرەو كرماشان كەوتوونەتە ڕێ, لەگوندی (دەوڵەتئاوا) لەگەڵ لەشكری حكومەت كەوتوونەتە شەڕەوە, لەو شەڕەدا ئوردووی (سالار ئەلدەولە) زۆر خراپ تێكشكاوە و پاشەكشێیانكردووە, پاش ئەو تێشكانەی هەم (جافر سان) و هەم ئەو سەرۆك خێڵانەی تر كەهاوكاری (سالار ئەلدەولە)یان كردووە لێیدووركەوتوونەتەوە و بۆیان ئاشكرابووە كەسێكی بوودەڵەو ترسنۆكە.

(جافرسان) بێجگە لەو شوێنانەی لەبەردەستیدابوون و پاش دوادەستگیركردنی (عەباس خانی ئەردەڵانی ناسراو بە سەردار ڕەشید) وناردنی بۆ (تاران), دەستیكێشاوە بە سەر ئەو شوێنانەدا لە گەرمەسێری (هەورامانی لهۆن) كە لە لایەن ناوبراوەوە حوكمڕانیكراون وەك گوندەكانی: (نجار, نووریاو, دشە, خانەگا, بندەرە, دووریسان, دەرەمیان, شاری پاوە), بۆ ئەم مەبەستەش (حەمەڕەشید بەگی كوڕی) و ژمارەیەك لە

تفەنگچییەکانی ناردووە بۆ ئەو شوێنانە, ئیتر تا ساڵی (1348ك=1929ز) لەلایەن (جافرسان) و کوڕەکانییەوە براونبەڕێوە, دواتریش تاساڵی (1350ك= 1931ز) بە نۆرە لەلایەن لایەنگرانی (جافرسان و سەردار رەشید)ـەوە براونبەڕێوە.

(جافرسان) لەساڵی (1894ز هەتاکو ساڵی 1931ز) لە ناوچەیەکیبەرفراواندا کەهەر لە خۆرهەڵاتی هەڵەبجەوە بۆسنووری پاڵنگان و جافەکانی (جوانڕۆ) درێژدەبێتەوە حوکمڕانی نکولیلێنەکرا و هیچ مشت و مڕێك لە سەر حوکمڕانییەکەی نەبووە, ساڵی (1931ز) لەشکرێکی گەورەو زەبەلاحی دەوڵەتی ئێران هێرشکردۆتە سەر (هەورامانی تەخت و هەورامانی لهۆن), هێزێك لە کرماشانەوە بەرەو هەورامانی لهۆن و هێزێکی تر لە سنەوە بۆ رەزاو و دزڵی هاتوون, پاش ساڵێك لە بەرەنگاری قارەمانانە (جافرسان) هاتووەتە هەورامانی ئەمدیو و پاشان حکومەتی عێراقی مافی پەنابەرێتی داوەتیٚ و لە (رومادی) نیشتەجێبووە, رژێمی شای ئێران زۆر هەوڵیانداوە دەسەڵاتدارانی عێراق قایلبکەن به تەسلیمکردنەوەی بەڵام بێسوود بووە, پاش ئەوەی لە هەوڵەکانیاندا نائومێد بوون (300) کەسیان لە خزم و دۆستانی دەستگیر کردوون لەخەڵکانی ناوچەکانی (روانسەر, جوانڕۆ, قوبادی, ئێناخی, کەمانگەر), هەموو ئەو دەستگیرکراوانەش ماوەی دەساڵ لە بەندیخانەدا ماونەتەوە.

(جافرسان) هەتا ساڵی (1941ز) وەك پەنابەرێك ژیاوە, لەو ساڵەدا لەشکری (رووسیاو بەریتانیا) رژاونەتە خاکی ئێرانەوە, (جافرسان)یش گەڕاوەتەوە بۆ (هەڵەبجە) و لەویٚ وەسیەتیکردووە (کەریم بەگ)ی کوڕی بکرێت بە (سانی هەورامان), خۆشی پاش ماوەیەکی کەم کۆچی دواییکردووە لە گۆڕستانەکەی (گوندی عەبابەیلیٚ) لەنزیك گڵکۆی (تایەربەگی جاف)دا بە خاکسپێردراوە.

پێش ئەوەی کۆتای بە باسی (جافرسان) بهێنین راستییەك باسدەکەین بۆ مێژوو, بەوەی تا ئێستاش بەرچاو لێڵییەك هەیە لە سەر کەسێتی ناوبراو, هەندێك کەسی بێئاگا و ناشارەزا لە مێژووی ژیانی و وردەکاری رووداوەکان, هەندێکجار قسەی بێسەرو بەر لەبارەیەوە دەکەن, بەڵام بۆ دەرخستنی پێچەوانەی ئەو بۆچوونە هەڵانە تەنها ئەم نموونەی خوارەوە دەخەینە پێشچاوی خوێنەر:

کاتێك رژێمی شاهەنشای پەهلەوی بڕیاری چەکداماڵینی هەموو تیرە و خێڵە کوردەکانی داوە, بیری لەوە کردۆتەوە لەبری چەکداری خێڵەکان سەرباز و هێزی دەوڵەتی لە شوێنیاندا جێگیربکات, دەسەڵاتدارانی ئەو رژێمە هەوڵیانداوە لە رێی بەکارهێنانی هەندێك کەسی خاوەن پایەی دینی و کۆمەڵایەتییەوە (جافرسان) قایلبکەن بەوەی چەکدانێت, بۆ ئەو مەبەستە (ئایەتوڵا مەردۆخ)یان راسپاردووە نامەی بۆ بنووسێت, ناوبراو چەند نامەیەکی بۆ نووسیوە, ئەمەی خوارەوە چەند دێڕێکە لەدوا نامەی (ئایەتوڵا مەردۆخ) بۆ (جافر سان) و چەند دێڕێکیشە لە وەڵامی سان بۆ ئەو:

(مەردۆخ) لە نامەیدا نووسیویەتی: (پێشتر چەند نامەیەکم بۆ ناردوویت, سەردەمی خێڵایەتی بەسەرچوو, گشت سەرۆك جێڵەکانی ئێران لەبەردەم دەرگای شاهەنشای خاوەن پایە سەریاندانەواند و گوێڕایەڵی فەرمانن, خۆشبەختی و بەدبەختی خۆت و تاقمەکەت بەستراوە بەوەڵامی ئەم نامەوە بەفەرمانبەرداریت یاخود یاخیبوونت).

(جافر سان)یش بەم شێوەیە وەڵامیداوەتەوە: (دەست و خوتی پیرۆزتم زیارەتکرد کەسەراپای ئامۆژگاری باوکانە بوو, بۆ (مەحمود خانی دزڵی) بە قورئان سوێبدیانخوارد کەچی کوڕەکەیان برد بەناوی پلەو پایەوە

دەربەدەریانکرد, من بێجگە لە کۆچکردن بۆ خاکی عێراق هیچ چارەیەکم نییە, چوونکە دوای سوێندی قورئان بەدرۆخواردن ئیتر بەچی بڕوابکەم).

**20-حەمەمین سان:**

بەر لەوەی بچینە سەر کورتەیەك لە مێژووی ژیانی (حەمەمین سان) پێویستە باس لەوە بکەین (کەریم سان) پاش وەسیەتەکەی باوکی گەڕاوەتەوە بۆ هەورامان و وەك (سانی لهۆن) دەستبەکاربووە, مەڵبەندی حوکمڕانییەکەی لە (نەوسوود)ـەوە گواستۆتەوە بۆ (گوندی خانەگا)ی نزیك بە (شاری پاوە), ئەم سانە لەسەردەمی حوکمڕانی (جافرسانی باوکی) ودوای ئەوەی سالی (1911ز) لە گۆڕپانی (شەڕی باخی شا)دا دەستگیرکراوە, ماوەی دەساڵ زیندانی لە (قەسری قەجەر) بەسەربردووە, (کەریم سان) خوێندەوار و ئەدەبدۆست بووە و سەلیقەیەکی باشی هەبووە لە هۆنینەوەی شیعردا, شیعری بە هەردوو زمانی (کوردی و فارسی) هۆنیەوەتەوە, سالی (1945ز) کۆچی دواییکردووە.

پاش کۆچی دوایی (کەریم سان) لەسەر سانیەتی (هەورامانی لهۆن) جۆرێك لە کێشمە کێش و ناکۆکی لە نێوان (عیزەت بەگ زڕەتەن لهۆنی کوڕی کەریم سان) و یەکێك لەمامەکانی بەناوی (حەمەمین بەگ) دروستبووە, بۆ نەهێشتنی ئەو ناکۆکییە ژمارەیەك لە سەرۆك خێڵەکان لە ماڵی (غولاَمعەلی خان ناسراو بە سالار مەنسووری گۆران) کۆبوونەتەوە, لەو کۆبوونەوەدا و پاش گفتو گۆیەکی دوورو درێژ (عیزەت بەگ زڕەتەن لهۆنی) پێشنیارێکی خستۆتە بەردەم ئامادەبووان, پێشنیارەکەش بەم شێوەیە بووە:

(لەبەر ئەوەی (حەمەمین بەگ هەم مامەمەو هەم لە من گەورەترە, من قایلم بەوەی ئەو ببێت بە سانی هەورامانی لهۆن, منیش لە جێبەجێکردنی کارەکانیدا هاوکاریدەکەم), لە سەر بنەمای پێشنیارەکە ئیتر (حەمەمین بەگ) لە سالی (1945ز) بووە بە سانی هەورامان).

(حەمەمین سان) پیاوێکی بەهەڵوێست و نیشتمانپەروەر بووە, کاتێك (دکتۆر موصەدیق) دژی رژێمی (حەمەڕەزا شای پەهلەوی) شۆڕشی بەرپاکردووە و لە (1951/4/29) بووە بە سەرۆك وەزیری ئێران, هەریەك لە (حەمەمین سان و حسێن بەگی وەکیل) لایەنگری ئەو شۆڕشە و کابینەی حکومەتەکەی دکتۆر موصەدیق) بوون, پاش سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلولی سالی (1961ز) لە کوردستانی عێراقدا (حەمەمین سان) هاتۆتە ناوچە رزگارکراوەکانی ژێر دەستی شۆڕش, دەسەلاَتدارانی رژێمی پەهلەوی زۆر هەوڵیانداوە بگەڕێتەوە بۆ ئێران و بەڵێنیاداوە ئەگەر بگەڕێتەوە ئەو پلە سەربازییەی ( سەرگوردی فەخری) کە هەیبووە بەرزتریدەکەنەوە, بەلاَم (حەمەمین سان) قایلنەبووە بگەڕێتەوە و هەتا رووخانی رژێمی (عەبدولکەریم قاسم) لە ئەنجامی کودەتا شوومەکەی سالی (1963ز) لە عێراقدا ماوەتەوە, هەمان ساڵ لەرێی بالیۆزخانەی ئێرانەوە لە (بەغداد) پەیوەندی پێوەکراوە و لەئەنجامی ئەو پەیوەندییەدا لەلایەن (حەمەڕەزا شا)وە بڕیاری لێبوردن و بەرزکردنەوەی پلەی سەربازی بۆدەرکراوە و گەڕاوەتەوە بۆ (ئێران).

کاتێك (قادری نامدار[25]) لە سالی (1963ز) لە ناوچەی (هەورامانی لهۆن) دژی رژێمی پەهلەوی دەستیداوەتە چەك (حەمەمین سان) پەیوەندی لەگەڵ دامەزراندووە, لەو سالاَنەشدا لە عێراق بووە پەیوەندی بە (تەیمووری بەختیار)ـەوە بووە کە یەکێك بووە لە نەیارانی (شای ئێران), قسەش لەوەدەکرێ گوایا جۆرە پەیوەندییەکیشی

لەگەڵ (حکومەتی میسر)دا مەبووبێت, ئاشکرایە حکومەتی میسر لەوکاتانەدا زۆر دژی ڕژێمی پەهلەوی ئێران بووە.

لە ژێر کاریگەری ئەوپەیوەندییانانەدا ئاماژەمانپێدان, (حەمەمین سان) کەوتۆتە هەوڵی درووستکردنی ڕێکخستنێك دژی ڕژێمی (حەمەڕەزا شای پەهلەوی) و شانەیەکی نهێنی پێکهێناوە, لە ڕێی (قادری نامدار)ەوە پەیوەندی لەگەڵ (پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق) دامەزراندووە, (ساڵی 1968ز) لە ڕێی نامەیەکی نهێنیەوە کە (تەیمووری بەختیار) لە بەغدادەوە ناردوویەتی بۆ (حەمەمین سان) و پێش ئەوەی بگاتە دەست ناوبراو گەیشتۆتە دەستی (ساڤاك), ئەندامانی ئەو شانە نهێنییە ئاشکرابوون و لە پەلامارکێدا لەلایەن (ساڤاك)ەوە دەستگیرکراون, پاش دەستگیرکردنیان نێردراون بۆ(بەندیخانەی جلدیان) لە نزیك (شاری ڕەزایە) و لەلایەن دەزگای ساڤاکەوە دادگایکراون, پاشان نێردراون بۆ بەندیخانەی (قزل قەڵای تاران), لەئەنجامی دادگایکردنی (حەمەمین سان و هاوڕێکانی) ئەم سزایانە دراوە بە سەریاندا:

| | | |
|---|---|---|
| داریوش نیکگو | مامۆستا | تیر باران |
| کەریمیان | مامۆستا | = |
| حاجی نیازی لهۆنی | جووتیار | = |
| بەهمەن بەگی لهۆنی | جووتیار | = |
| مەجیدی مەجیدی | جووتیار | = |
| عەتاوڵای پیاب | جووتیار | = |

هەریەك لە (حەمەمین سان, زۆراب بەگی لهۆنی, ئەمین بەگی لهۆنی) بە لەسێدارەدان حوکمدراون بەڵام لەبەر گەورەیی تەمەنیان حوکمەکانیان بۆ دەساڵ زیندانیکردن لەگەڵ کاری گراندا کەمکراوەتەوە.

(ئەحمەد بەگی لهۆنی) بە لە سێدارەدان حوکمدراوە پاشان کەمکراوەتەوە بۆ زیندانیکردنی هەتا هەتایی.

(عیزەت بەگ زڕەتەن لهۆنی) چوار ساڵ زیندانیکردن و لێسەندنەوەی پلەی سەربازی لێی.

هەریەك لە (وریا بەگی لهۆنی, داود بەگی ئێراندۆست)یش بە نۆ مانگ بەندکردن حوکمدراون.

لێرەدا پێویستە قسە لەسەر ئەوە بکەین پاش پێنج مانگ لە دەستگیرکردنی (حەمەمین سان و هاوڕێکانی), ڕژێمی شای ئێران گشت بەگزادەکانی هەورامان و جوانڕۆی دەستگیر کردووە, پاش دادگایکردنیان, هەر لە زیندایکردنی هەتا هەتاییەوە هەتا (دەساڵ) زیندانیکردن حوکمدراون.

زۆربەی ئەو بەگزادانە هەتا ساڵی (1979ز) لە زیندانەکاندا ماونەتەوە بەڵام پاش بەرپابوونی شۆڕشی ئیسلامی ئازادکراون.

ساڵی (1983ز) (حەمەمین سان) کۆچی دواییکردووە و(عیزەت بەگ زڕەتەن لهۆنی) بووە بە سانی (هەورامانی لهۆن).

[1] –شەرەفخانی بەدلیسی لە كتێبی شەرەفنامەدا ناوی (قەڵای دێوەزناو)ی بە (قەڵای دێودن) هێناوە, دێودز هەمان گوندی دێوەزناوی ئێستایە.

بڕوانە كتێبی (شەرەفنامە)– لاپەڕە (596) وەرگێڕانی (هەژار موكوریانی).

[2] –ئەو سەرچاوانەی باسیان لە مێژووی ژیان و حوكمڕانی دەسەڵاتدارانی هەورامان كردووە ساڵی (447ك) بەساڵی لەدایكبوون و ساڵی (698ك)یان بەساڵی كۆچی دوایی (میر جەلالەدین) دیاریكردووە, هەروەها باسیان لەوە كردووە (میر سەعید= جیاشا) كوڕی (میر جەلالەدین)ـەو پاش كۆچی دوایی باوكی ساڵی (698ك) حوكمی گرتۆتەدەست, بەڵام ئەگەر كەمێك لەم مێژووانە رامێنین بۆمان دەردەكەوێت كەدەبێت (میر جەلالەدین) ماوەی (251) ساڵ ژیابێت, دیارە ئەم ماوەیەش زۆر زۆرە بۆ تەمەنی كەسێك بۆیە پێدەچێت (میر سەعید) لەنەوەی (میر جەلالەدین) بێت نەوەك كوڕی, ئەمەش دەمانگەیێنێتە ئەو دەرئەنجامەی كە ئەڵقەیەكی ونبوو لە حوكمڕانی هەوراماندا هەیە لە نێوان (میر حەلالەدین و میرسەعید)دا. (نووسەر)

[3] –شاری هەورامان یەكێكە لەشارەدێكانی هەورامانی تەخت, لەبەر ئەوەی گوندێكی گەورە بووە مێژوویەكی دێرینی هەیە, ماوەیەكی دوورودرێژ مەڵبەندی حوكمڕانی سانەكانی هەورامان بووە, هەروەها مەرقەد و مەزارگەی پیرشالیاری لێیە, لەبەر ئەم هۆیانە ناوی شاری هەورامانی بەسەردا براوە.

[4] –(مەئمون بەگی یەكەم كوڕی مونزیربەگ كوڕی حەسەن بەگی ئەردەڵانی) لە نێوان ساڵەكانی (1458ز–1495ز) حوكمڕانیكردووە, سنووری قەڵەمڕەوەكەی هەتا (زێی گەورە)ی گرتۆتەوە, بەرامبەر بە (جەلائیری)یەكان وەستاوە و توانیویەتی باكووری وڵاتەكەی كەپێشتر ئەوان دەستیانكێشاوە بەسەریدا ئازادبكات, لێرەدا پێویستە باسێك لەوە بكەین زۆربەی ئەو سەرچاوانەی دەربارەی مێژووی ژیانی حوكمڕانەنی هەورامان نووسیویانە, باسیان لەوەكردووە گوایا (مەئموون بەگی ئەردەڵانی) لە سەردەمی حوكمڕانی (میر سەعید= جیاشا ساڵی 1298ز–1396ز) هێرشیبردۆتە سەر هەورامان, لەلایەكی ترەوە ئەو سەرچاوانەی باسی مێژووی ئەردەڵانییەكاننیان كردووە نووسیویانە: (مەئموون بەگی یەكەمی ئەردەڵانی) لە ساڵانی (1458ز–1495ز) حوكمیكردووە, كەواتنە دەبێت ئەو لەشكركێشییە لەسەردەمی (مەئموون بەگی یەكەم)دا نەبووبێت, وەوئەگەر لەسەردەمی ناوبراودا بووبێت دەبێت حوكمڕانی هەورامان (سلێمان بەگی كوڕی میر سەعید) بووبێت نەوەك خودی (میر سەعید). (نووسەر)

[5] –دهۆ: وشەیەكی هەورامییە بەمانای (فرتوفێڵ و تەڵەكەبازی) دێت, لەم شیعرەدا باس لەوە كراوە هیچ داگیركارێك نەیتوانیوە هەورامان بگرێت بێجگە لە (خان ئەحمەد خان) كە لە ڕێی فرتوفێڵەوە بەومەرامە گەیشتووە.

[6] – (میر تەیمووری گورگانی ناسراو بە تەیمووری لەنگ), باوكی ناوی (تەرقائی)یە, ساڵی (1335ز) لە شاری (كەش)ی وڵاتی (ماوەڕائەننەهر= ئۆزبەكستانی ئێستا) لەدایكبووە, نازناوی گورگانی لەوەوە وەرگرتووە یەكەم كەسێك لە باپیرانی كە بڕوای بەدینی ئیسلام هێناوە ناوی (كراشەر–نویان) بووە و زاوای كەسێك بووە بەناوی (جغتائی), لەبەر ئەوەی خەڵكی ناوچەكە بە زاوایان وتووە (گورگان) ئیتر ناوی گورگان بە سەر ناویراودا براوە و وەچە بەوەچە وەك نازناو بۆبنەماڵەكەیان ماوەتەوە, لە تەمەنی (20)ساڵیدا و پاش كۆچی دوایی (میر یەخماق)ی میری سەمەرقەند حوكمڕانی سەمەرقەندی گرتۆتەدەست, لەتەمەنی (22)ساڵیدا پاش كوشتنی شەش سەربازی بەدەستی سەربازانی (میری بوخارا) و قایلنەبوونی ئەو میرە بەوەی خوێنیانبدات, هێرشیبردۆتە سەر (شاری بوخارا) كە دەكەوێتە خۆرئاوای ئۆزبەكستانی ئێستاوە, میرەكەی كوشتووە و ئەو شارەشی خستۆتە سەر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەكەی, یەكێكە لەو جیهانگیرانەی لە مێژوودا بەخوێن ڕشتن و دڵرەقی ناوبانگیدەركردووە, لە لەشكركێشییەكانیدا بۆ سەر وڵاتە جیاجیاكان چەندین شاری خاپووركردووە, خەڵكەكەیانی بەكۆمەڵ كوشتووە و منارەی لە كەللەسەری خەڵكی ئەو شارانە درووستكردووە, هەر بۆ نموونە منارەكەی (شاری سەبزەوار),ی مەڵبەندی حوكمڕانی (خوراسان)ی لەوسەردەمەدا كە لە (150)هەزار كەللەسەری خەڵكی ئەوشارە دروستیكردووە, زۆربەی وڵاتەكانی ئەو سەردەمەی داگیركردووە وەك: ( وڵاتی ماوەڕائەننەهر, ئاسیای بچووك, خوراسان, وڵاتی فارس, توووران, وڵاتی ڕۆم, عێراقی ئێستا, وڵاتی شام, هیندوستان....هتد), ناوبراو بێجگە لەوەی سەركردەیەكی سەربازی كەموێنە بووە, زاناو عاریفیش بووە, زمانەكانی (عەرەبی, فارسی, توركی) زانیوە, هەموو قورئانی پیرۆزی لەبەربووە, لەسەرەوە بۆ خوارەوە و بە پێچەوانەشەوە ئایەتەكانی خوێندۆتەوە و زۆر شارەزای فقەی

ئیسلامی بووه, هەر ولآتێکی گرتبێت زاناو ئەدیب وعاریفەکانی ئەو ولآتەی کۆکردۆتەوە و لەسەر بابەتە جیاجیاکانی ئەو سەردەمە کۆڕی پرسیار و وەلآمی لەگەڵیان سازداوە و جۆرە تاقیکردنەوەیەکی کردوون لەوانە: ( شەمسەدین محەممەدی ناسراو بە خواجەحافیزی شیرازی, سەباحەدینی سونبولی) لەشیراز و (ئیبن خەلدون, بەهائودینی حەڵبی) لە ولآتی شام, لەو تاقیکردنەوانەدا هەندێکجار لە بابەتەجیاجیاکانی پەیوەست بە لێکدانەوەی ئایەتەکانی قورئان و فقەی ئیسلامییەوە ژمارەیەك لە زانایانیبۆڕداون.

(میر تەیمووری گورگانی) بڕوای وابووە بۆ بلآوکردنەوەی دیینی ئیسلام دەجەنگێ, لەم بوارەدا وتوویەتی: هەرکەسێك لەگەڵ مندا بووە و لە جەنگدا کوژراوە پلەی وەکو پلەی گەشمەردەکانی سەرەتای ئیسلامە.

ناوبراو لە لەشکرکێشییەکدا بۆ سەر (ولآتی چین) نەخۆشکەوتووە, لە ئەنجامی نەخۆشییەکە ماوەی حەوت ڕۆژ ئیفلیج بووە, پاش ئەو ماوەیە ساڵی (1405ز) لە تەمەنی (70) ساڵیدا مردووە.

بڕوانە (بیرەوەریەکانی تەیمووری لەنگ لاپەرە (29) نووسینی مارسل بریۆن, وەرگێڕانی لە فارسیەوە حەمەی حەمەسەعید, پێداچوونەوەی عوسمان محەممەد هەورامی).

[7] –دەربارەی ماوەی گەمارۆدانی (قەڵای هەورامان) لەلایەن (خان ئەحمەدخان)ـەوە, مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی لە کتێبی مێژووی هەوراماندا نووسیوویەتی: هەندێك دەڵێن بۆ ماوەی سێ ساڵ دەوری قەڵای هەورامانی داوە, هەندێکی دیکەش دەڵێن گەمارۆدانەکە بۆ ماوەی حەوت ساڵ دریژەیکێشاوە.

د. محەممەد عەلی سوڵتانی لە کتێبی (ایلات و طوائف کرماشاهان)دا نووسیویەتی: گەمارۆی هەورامان بەپێی ریوایەتێك سێ ساڵ و بەپێی ریوایەتێکی تریش دە ساڵ درێژەیکێشاوە.

[8]–(گوندی سەرگەت) یەکێکە لە گوندە دێرینەکانی (هەورامانی لهۆن–بەشی عێراق), لە سەر ڕۆشنایی هەندێك لە سەرچاوە مێژوویەکان (مزگەوتی سەرگەت) زیاتر لە هەزار ساڵ بەر لە ئێستا مەڵبەندێکی دیاری خوێندنی دیینی و زانستەکانی ئەو سەردەمە بووە, هەر لە سەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچییەوە ژمارەیەك کەسێتی ناودار لەم گوندەدا ژیاون کە هەموویان لە سەر ڕێو ڕەچەی (یارسان= کاکەیی) بوون لەوانە:

1–ئیبراهیم کوڕی ئەحمەد ناسراو بە (باوا ناوسی جاف)

2–دایە خەزانی سەرگەتی

3–قازی نەبی سەرگەتی

4–ئەحمەد کوڕی فەتاحی جاف

بڕوانە مێژووی وێژەی کوردی –بەرگی یەکەم– لاپەرەکانی (126, 129, 131, 132) نووسینی صدیقی بۆرەکەیی.

[9] –دەربارەی کەسێتی (عەباسقولی سان) لەسەرتاوە و چۆنیەتی گەیشتنی بە (لوڕستان) جیاوازی بەرچاو لە سەرچاوە مێژوویەکاندا هەن, لەم بوارەدا (ئێدمۆندز) لە کتێبی (کرد– ترك– عرب)دا ئەوەی خستۆتەڕوو گوایا کاتێك (بارام میرزابەگ) کوژراوە دایکی (عەباسقولی سان) بەسەردان لەماڵی باوکیدا بووە لە (لوڕستان) و دووگیان بووە, پاش ماوەیەك (عەباسقولی سان) لەدایکبووە.

کەچی (مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی) لە کتێبی (مێژووی هەورامان)دا وای دەرخستووە گوایا (عەباسقولی سان و حسێنقولی بەگی برای) لەکاتی کوژرانی باوکیاندا لە گوندی (هەرشەل) مێرد منداڵی تەمەن (13 و 14) ساڵان بوون و لەماڵی باپیرەیاندابوون لە لوڕستان ( باپیرەیان لەسەری دایکیانەوە=باوکی دایکیان) , (موزەفەرخانی رەزاو)یش لە کتێبی (پاسدارن مرز ایران = تأریخ اورامان) هەمان بۆچوونی باسکردووە.

[10]–(سوبحاوێردی خانیئەردەلآنی) یەکێك بووە لەو حوکمڕانانەی ئەردەلآنی کەچەند جارێك لەسە تەختی حوکمڕانی کوردستان دانراوە و لادراوە, چوار خول حوکمڕنیکردووە بەم شێوەیە: (1737ز– 1734ز– 1738ز–1748ز).

[11]–مامۆستا حەمەمین هەورامانی لە کتێبی (مێژووی هەورامان)دا بە (حەیدەربەگی بەڵخەیی) ناویبردووە.

–هادی بەهمەنی لە کتێبی (پەیامی هەورامان)دا بە (حەیدەربەگی بەڵخی) ناوی هێناوە.

–لە کتێبی (ایلات و طوائف کرماشاهان)دا بە (حەیدەربەگ بەلخیە) ناوی هاتووە.

–بە بڕوای ئێمەش ئەم حەیدەربەگ ناوە بەڵخەیی نییە, چونکە زۆر دوورە تاوانکاری لەو شێوەیە لەخەڵکێکی ناسراوی ناوچەکە بووەشێتەوە.

[12]–(شایی= شاهی) و (عەباسی) دوو جۆر سکەی ئەو سەردەمە بوون و نرخیان زۆر نزم بووە, بۆ نموونە پێنج شایی تەنها یەك قەران بوون, پەنجا عەباسی یەك تمەن.

[13]–تەغار بەپێی ناوچەکان لەنێوان سی مەن تا پەنجامەن بووە.

[14]–(محەممەدی غەیبی) یەکێکە لە پیرە گەورەکانی هەورامان, دەربارەی ناونانی بە (پیر محەممەدی غەیبی) رازێکی ئەفسانەیی هەیە بەم شێوەیە:

(بەکری سوور)ی حوکمڕانی شارەزوور لە سەر نەدانی باج و سەرانە لە لایەن خەڵکی هەورامانەوە ئەم زاتەی لە (بەکراوا) زیندانیکردووە, پاش ئازادکردنی لە گەڵ ئاوزایەکیدا بە ناوی (باوا خواداد) گەڕاونەتەوە بۆ هەورامان, کاتێك گەیشتوونەتە نێوان هەردوو گوندی (هانەگەرمڵە و کەیمنە) کاتی نوێژی نیوەڕۆ هاتۆتە پێشەوە, پاش نوێژکردن و کەمێك پشوودان, (پیر محەممەد) وتویەتی بە (باوا خواداد) تا دەگەیتەوە ماڵەوە ژنەکەی من و هینەکەی تۆش هەر یەکەو کوڕێکیان بووە, کوڕەکەی تۆ (باوا مستەفا) دەبێت و ئەوەی منیش (باوا محەممەد), لەگەرمەی ئەم گفتو گۆیەدا (پیر محەممەد) خۆیکردووە بە ژێر خەرقەکەیەوە و خەریکی وێرد بووە, هەرچی لە (باوا خواداد) بووە وایزانیوە خەوتووە, پاش ماوەیەك ویستوویەتی لەبەر درەنگ وەختی بەخەبەریبهێنێ, کاتێك خەرقەکەی لابردووە هیچی لەژێردا نەبووە, لەو کاتەوە بەوپیرە وتراوە (پیرمحەممەدی غەیبی) و ئەو شوێنەش بووە بەمەزارگەیەکی پیرۆز لای خەڵی ناوچەکە.

بڕوانە دەستنووسی (پاسداران مرز ایران= تاریخ اورامان) لاپەڕە (23) نووسینی موزەفەرخانی ڕەزاو.

[15]–لە ناو بنەماڵەی ئەردەڵانییەکاندا پێنج (خەسرەو خان) حوکمیانکردووە, بە بەراوردکردنی مێژووی ژیانیان دەبێت ئەمەیان (خەسرەوخانی دووەم) بووبێت کە بە(خەسرەو خانی گەورە) ناسراوە, و پاش (سوبحانوێردی خان) حوکمڕانیکردووە.

ساڵی (1190ك=1776ز) و لە سەردەمی حوکمڕانی ئەم (خەسرەو خان)ـەدا, ئەحمەد پاشای والی بەغداد و محەممەد پاشای بابان لەدووقۆڵەوە هێرشیانبردۆتە سەر قەڵەمڕەوی ئەردەڵان, محەممەد پاشا توانیویەتی دەستبگرێت بە سەر (شاری بانە)دا.

لە دیاریکردنی مێژووی ژیانی والیەکانی ئەردەڵاندا هەندێك تێکەڵ و پێکەڵی لە سەرچاوەکاندا هەن, هەر بۆ نموونە: (هادی بەهمەنی لە (کتێبی پەیامی هەورامان)دا ماوەی حوکمڕانی (خەسرەوخانیسێیەم)ی بە ساڵانی نێوان (1756ز–1764ز) دیاریکردووە, بەڵام ڕەحمەتی (محەممەد ئەمین زەکی بەگ) نووسیویەتی (خەسرەو خانیدووەم=خەسرەوخانی گەورە) لە ساڵانی (1168–1214ك) کەدەکاتە (1754ز–1799ز) حوکمڕانیکردووە.

بڕوانە: 1– پەیامی هەورامان– نووسینی هادی بەهمەنی لاپەڕە (177)

2–خولاصەیەکی تەئریخی کوردو کوردستان –محەممەد ئەمین زەکی بەگ– چاپی نوێ (2000) چاپ و پەخشی سەردەم لاپەڕە(212).

[16]–(ئاغا محەممەد خانی قاجار کوڕی محەممەد حەسەن خان لەتیرەی ئاشاقی باشی ئێلی قاجار)ـە, محەممەد حەسەن خان پاش کوژرانی (فەتحعەلی خانی باوکی) بەدەستی پیاوانی (نادرشا) خۆی لەناو ئێلە تورکمانەکاندا حەشارداوە, پاشان ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرەکانی لێی کۆبوونەتەوە و هێرشیبردۆتە سەر (گورگان و ئەستەر ئاباد), لەو هێرشانەدا (ئاغا محەممەدخان) دەستگیرکراوە و لەسەربڕیاری (عادل شای برازای نادرشا) خەسێنراوە, پاش ئازادکردنی گەڕاوەتەوە بۆ لای باوکی کە لەوکاتانەدا حوکمڕانی (ئەستەر ئاباد) بووە, پاش کوژرانی باوکی براوە بۆ دەرباری (کەریم خانی زەند)د و لەوێدا گەورە بووە, پاش کۆچی دواییی (کەریم خان) سەرۆکایەتی ئێلی قاجاری کردووە و ویستوویەتی دەسەڵات بەدەستبهێنێت, سەرەتا ویلایەتەکانی باکووری ئێران و پاشان فارس و کرمانی خستۆتە ژێر حوکمی خۆیەوە, بەمەبەستی داگیرکردنی (گورجستان) لەشکرکێشیکردۆتە سەر (کافکاس), لەئەنجامی کوشت و کوشتارێکی زۆر و بێبەزەییانە دەستی بەسەر (گورجستان)دا گرتووە, پاش گەڕانەوەیبۆ (ئێران) ساڵی (1210ك= 1795ز) تاجی شایی لەسەرناوە و (تاران)ی بەپایتەختی خۆی هەڵبژاردووە, دوای دەستبەکاربوونی وەك یەکەم شای قاجار لەشکرکێشی کردۆتە سەر (خوراسان), ساڵی (1796ز) هێزەکانی ڕووسیابەفەرماندەیی (کاترینی گەورە)

هێرشیانبردۆته سەر (کافکاس) و توانیویانە دەستبگرن بەسەر (گورجستان)دا, بۆبەرەنگار بوونەوەی ئەو حاڵەتە (ئاغا محەممەد خان) بۆ جاری دووەم ڕوویکردۆتە (گورجستان), بەڵام لە ناوچەی (کەرەباغ) بەدەستی چەند کەسێك لە پاسەوانانی خۆی کوژراوە.
بڕوانە: (فرهنگ جامع سیاسی–مەحمود طلوعی– لاپەڕە (36).

[17]– لە باس وخواسی ژنە ناودارەکانی هەوراماندا باسێك لەم خانمە وچەند خانمێکی تری هەورامی دەکەین کە هەریەکە و بۆماوەیەك سانییەتیان کردووە. (نووسەر)

[18]– (بنەماڵەی قاجارییەکان) لە نێوان ساڵەکانی (1193ك= 1779ز ـــ 1344ك= 1925ز) حوکمڕنییانکردووە, ئەمانەش ناوی (شا)کانیانن:
1–ئاغا محەممەدخان 2–فەتحعەلی شا 3–محەممەدشا 4–ناسرەدین شا 5–موزەفەرەدین شا
6–محەممەدعەلی شا 7–ئەحمەدشا.

[19]– دەربارەی ڕازی کوشتنی (هەسەن سان) جیاوازی لە سەرچاوەکاندا هەیە, هەریەك لە (موزەفەرخانی ڕەزاو و مامۆستا محەممەدئەمین هەورامانی بەم شێوە باسیانکردووە:
(پاش ئەوەی (فەرهاد میرزا) ناردوویەتی بە شوێن هەسەن سان و براکانیدا و هاتوون بۆ مزگەوتی گوندی بێڵەك, لەرێگەی (عەلی ئەکبەر خانەوە بڕی (100) تەنیان لێسەندراوە بۆ (شازادە), پاش ئەوەی لە مزگەوتەکە چوونەتەدەرەوە فەڕاشەکانی فەرهاد میرزا بردوونیانەتە ژوورێکەوە و چایان بۆ هێناون, هاوکات دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا بەرز بۆتەوە بەبێئەوەی ئەمان ئاگاداری هیچ شتێك بن و خەریکی چاخواردنەوە بوون, هەر لەوێدا هەرسێکیان زنجیرکراون, فەڕاشەکان سەرەتا ویستویانە هەسەنسان بدەن لە تەناف بەڵام دووجار تەنافەکە پچڕاوە و ئینجا کوشتوویانە.
بڕوانە دەستنووسی (پاسداران مرز ایران= تاریخ اورامان) لاپەڕە (317) نووسینی (موزەفەرخانی ڕەزاو).
دەستنووسی (مێژووی هەورامان –بەشی سێیەم– لاپەڕە (105) نووسینی (محەممەدئەمین هەورامانی).

[20]–(ئامانوڵاخانی دووەم=غوڵامشاخان) ناوی ئەمانوڵا کوڕی خوسرەوخانی ناکام), دایکی ناوی (حوسنی جیهان خان کچی فەتحعەلی شای قاجار= فەتالی شا)بووە, ساڵی (1822ز) لەکۆشکی (شا)دا لەدایکبووە, لەژێر دەستی باشترین زانایانی ئەو سەردەمە خوێنویەتی, ساڵی (1262ك=1845ز) بووە بەوالی ئەردەڵان), ساڵی (1264ك=1847ز) لەلایەن دەسەڵاتدارانی قاجارییەوە دەستگیرکراوە و ڕەوانەی (تاران) کراوە, ساڵی (1265ك) بۆ جاری دووەم کراوەتەوە بە (والی ئەردەڵان), کەسێکی زانا و شاعیرێکی بەناوبانگ بووە, دۆستایەتی پتەوی لەگەڵ ژمارەیەك لە شاعیرە گەورەکاندا هەبووە لەوانە: (مەلا ئەحمەدی نۆدشی و مەولەوی تاوەگۆزی), لە ژێر نازناوی (والی)دا شیعری هۆنیوەتەوە, ئەم چەند دێڕەی خوارەوە نموونەیەکن لە یەکێك لە پارچە شیعرەکانی:

| | |
|---|---|
| میرزام زام حـەی میرزام زام حـەی | دانایان دەور دانش کەردەن تەی |
| ئەفلاتوون فامـان حەکیمان حـەی | پـەی ئازار دڵ نیشاندان دووبەی |
| هۆریزام دەردەم شاران کەردم تـەی | ئاگا دیم دووبەی نەسەر شاخەی نەی |

(غوڵامشاخان) لە بەرئەوەی دایکی شیعە مەزەب بووە و لە ژێر کاریگەری ماڵی (فەتحعەلی شا)دا بووە بە شیعە, زۆر هەوڵیداوە خەڵکی کوردستان بکات بە شیعە مەزەب و لەو بوارەدا ڕووبەڕووی بشێوی بۆتەوە, ژمارەیەکی زۆر لە مەلایان و گەورە پیاوانی (سنە) داوایانکردووە لە (حەزرەتی شێخ عوسمانی تەوێڵە– شێخی سیراجودین) یەکێك لە کوڕەکانی لەگەڵ چەند مەلایەکی زانا و دیاری ئەو سەردەمەی کوردستان بنێرێت بۆ لای (غوڵامشاخان) بۆ ئەوەی ئامۆژگارییبکەن و هەوڵبدەن بگەڕێتەوە بۆ سەرمەزەبی باو باپیرانی, لەو بوارەدا (حەزرەتی شێخ عوسمانی تەوێڵەیی) هەریەك لە (عەبدولڕەحمان ئەبولوەفای کوڕی لەگەڵ حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشی و مەولەوی تاوەگۆزی) ناردووە بۆ (سنە), لەلایەن خەڵکی شارەکەوە زۆر بەگەرمی پێشوازیکراون و ماوەی چەند ڕۆژێك لە(سنە)دا ماونەتەوە, لەو ماوەیەدا چەندجارێك (غوڵامشاخان)یان دیوە و گفتوگۆیان لە کەڵ کردووە بەڵام بێسوود بووە, لە ئەنجامدا هەرایەکی گەورە بەرپابووە و چەند کەسێکی تێدا کوژراون, ژمارەیەکی زۆریش لە خەڵکانی دیار و ناسراو (شاری سنە)یان جێهێشتووە و ڕوویانکردۆتە شوێنەکانی تر, ئەو هەراو هوریایە بە (واقیعاتی کاروانسەرا) بەناوبانگە.

(غولآمشاخان) ساڵی (1284ك= 1867ز) له ئه‌نجامی نه‌خۆشییه‌كی كوشنده له ته‌مه‌نی (45) ساڵیدا كۆچی دواییكردووه.

[21]–(فرسه‌نگ= فرسخ) به‌رامبه‌ره به (6) كیلۆمه‌تر.

[22]– لێره‌دا به پێویستی ده‌زانین رازی كوشتنی (حه‌مه‌سه‌عیدسان و ئه‌وره‌خمان به‌گ و میرزا بابه‌كر) له‌زاری هه‌ریه‌ك له (مه‌ردۆخ و محه‌ممه‌د تایه‌ری سوڵتان)یه‌وه بخه‌ینه به‌رچاوی خوێنه‌ران.

1–مه‌ردۆخ وتویه‌تی: گوایا له ناو گۆڕه‌پانی ته‌لاری حكومه‌ت له‌ناو قه‌لآی جوانرۆ یه‌ك له‌دوای یه‌ك تیربارانكراون.

2–محه‌ممه‌د تایه‌ری سوڵتانی وتویه‌تی: پاش ده‌ستگیركردن و زنجیركردنیان, (عه‌لی ئه‌كبه‌رخان گشت تیره و خێڵه‌كانی ناوچه‌كه‌ی بانگكردوون بۆ (قه‌لآی جوانرۆ), فه‌رمانیپێداون كه پێویسته هه‌موویان له ڕێوره‌سمی كوشتنی (حه‌مه‌سه‌عید سان)دا به‌شدارییبكه‌ن, به‌پێچه‌وانه‌وه هه‌مان چاره‌نووس چاوه‌ڕێیانده‌كات, هاوكات فه‌رمانیداوه (حه‌مه‌سه‌عیدسان) له‌گۆڕه‌پانی (قه‌لآی جوانرۆ)دا به‌دارێكه‌وه شه‌ته‌كدراوه, سه‌ره‌تا داوایكردووه له (مسته‌فاسان) كه پێویسته ئه‌و یه‌كه‌م خه‌نجه‌ری لێبدات, كاتێك ناوبراو بۆ ئه‌و مه‌به‌سته لێیچۆته پێشه‌وه (حه‌مه‌سه‌عیدسان) وتویه‌تی: كوڕم (عه‌لی ئه‌كبه‌رخان) ده‌یه‌وێت ده‌ستی هه‌موتان به‌خوێنی من سووربكات, بۆ ئه‌وه‌ی هه‌ورامان و جاف و جوانرۆ ده‌ستیانبچێته خوێنی یه‌كترییه‌وه و هه‌رگیز یه‌كگرتوو نه‌بن, من له لایه‌كه‌وه كوڕم هه‌یه له‌لایه‌كی تریشه‌وه مامی تۆم وبه‌سالآچووم, پاش ئه‌و قسانه (مسته‌فاسان) چۆته‌دواوه, به (عه‌لی ئه‌كبه‌رخان)ی وتوه گوایا كوشتنی (میرزا بابه‌كر) به‌و بسپێرێت, به‌لآم ئاشكرایه (عه‌لی ئه‌كبه‌رخان) به‌پله‌ی یه‌كه‌م كوشتنی (حه‌مه‌سه‌عیدسان)ی مه‌به‌ستبووه, هه‌ر بۆیه ده‌ستبه‌جێ فه‌رمانیداوه (میرغه‌زه‌ب) گورزێكیكێشاوه به‌سه‌ری (سان)داو پاشان ئاماده‌بوانیش هه‌ریه‌كه و خه‌نجه‌رێكیانداوه له جه‌سته‌ی بێگیانی.

[23]–بروانه (مێژووی هه‌ورامان) لاپه‌ره (144) نووسینی (محه‌ممه‌د ئه‌مین هه‌ورامانی) انتشارات بلخ– تهران ساڵی (2000)

[24]–گه‌ڵباخی هۆزێكی كوردن, رۆڵێكی زۆریان گێڕاوه له رووداوه‌كانی سه‌رده‌مه جیاجیاكاندا, میرایه‌تییه‌كیان دامه‌زراندووه به ناوی (میرایه‌تی گه‌ڵباخی), یه‌كه‌م كه‌سێك بنه‌مای (میرایه‌تی گه‌ڵباخی) دامه‌زراندوه ناوی (عه‌باس ئاغای ئوستاجلۆ) بووه, ناوبراو توانیویه‌تی (مه‌ریوان) له (بێگه به‌گی ئه‌رده‌لآنی) بسێنێت و (ناوچه‌ی بێڵه‌وه)شی له‌ژێر ده‌ستی (هۆزی كه‌ڵهوڕ) ده‌رهێناوه, پاشان ژماره‌یه‌كیتر له هۆز و تیره‌كانی ده‌وروبه‌ری له خۆی كۆكردوونه‌ته‌وه, (میرایه‌تی گه‌ڵباحی) چۆته ژێر چه‌تری (ده‌وڵه‌تی عوسمانی)یه‌وه, عوسمانیه‌كانیش چه‌ند ناوچه‌یه‌كی تریان له شێوه‌ی (سنجاق) ژێر فه‌رمانی (عه‌لی خانی گه‌ڵباخی)یه‌وه, له‌و ناوچانه: (كرند, شێخان, چاكاران, خورخوره), له سه‌رده‌می حوكمڕانی یه‌كێك له میره‌كانیان به ناوی (یاره‌لآخان) قه‌ڵه‌مره‌وی ئه‌م میرایه‌تییه زۆر به‌رفراوان بووه.

[25]–(قادری نامدار) یه‌كێك بووه له پیاوه ناسراوه‌كانی (تیره‌ی ئێناخی) و هه‌ر له سه‌ره‌تای شۆڕشی ئه‌یلوله‌وه په‌یوه‌ندیكردووه به هێزی پێشمه‌رگه‌وه و یه‌كێك بووه له فه‌رمانده ئازاكان, چالآكییه پێشمه‌رگایه‌تییه‌كانی ناوبراو له هه‌ورامانی لهۆن دژی رژێمی په‌هله‌وی, (دكتۆر محه‌ممه عه‌لی سوڵتانی) له كتێبی (ایلات و گوائف كرماشاهان) لاپه‌ره (279) به شۆڕش ناویهێناون.

(هادی به‌هه‌مه‌نی)ش له كتێبی (په‌یامی هه‌ورامان) لاپه‌ره (166)دا به سه‌رهه‌ڵدان و پێكدادان ناویهێناون.

## به‌شی دووه‌م

## بابه‌تی ( 1 )

## ڕێوڕه‌چه‌ی یارسان له‌هه‌وراماندا

له‌باسكردنی هه‌ورامی و هه‌وراماندا هه‌رگیز ناكرێت باسی ڕێوڕه‌چه‌ی یارسان فه‌رامۆشبكه‌ین, چونكه هه‌م وه‌ك ناوچه و هه‌م وه‌ك دیالێكت په‌یوه‌ندییه‌كی پته‌ویان هه‌یه, بۆیه به پێویستی ده‌زانین تیشكێكبخه‌ینه‌سه‌ر ئه‌م بابه‌ته وسه‌ره‌تا له‌وه‌وه ده‌ستپێده‌كه‌ین, ساسانییه‌كان هه‌ر له‌سه‌ره‌تاوه له‌گه‌ڵ پیاوه دینییه‌كانی زه‌رده‌شتیدا یه‌كیانگرتووه و ئه‌و یه‌كگرتنه‌شیان بووه به هۆی له‌ناوچوونی هه‌موو شوێنه‌واره‌كانی (ده‌وڵه‌تی ئه‌شكانی) و هه‌تاكو كۆتای حوكمڕانی ساسانییه‌كان به‌رده‌وامبووه[1], به‌وه‌ش دیینی (میترائیزم= مهر په‌رستی) كه دیینی

ڕەسمی (دەوڵەتی ئەشکانی) بووە لە ژێر فشاری دەوڵەتی ساسانیدا پووکاوەتەوە[2], بەلاّم ژمارەیەك لە پەیڕەوکارانی ئەو دیینە لەناوچە دوورە دەست و شاخاوییەکانی خۆرئاوای ئێران و بەتایبەت (هەورامانی ئێستا)دا توانیویانە لەسەر دیینەکەیان بمێننەوە, هاوکات هەندێك لەپیاوە دیینییەکانی میترائی لە شوێنەکانی ترەوە هاتوونەتە ئەم ناوچانە و درێژەیان بە دیینەکەیان داوە, لە گەڵ ئەوەشدا دیینی (میترائیزم) وەچە پاش وەچە گوێزراوەتەوە هاوکات کەوتۆتە ژێر کاریگەری هەندێك لە دیینە کۆنەکانی ئەو سەردەمانەوە بە تایبەت (دیینی زەردەشتی, دیینی یەهودی), لەگەڵ ئەو کاریگەریەشدا کەچی بە شێوەیەك لە شێوەکان هەتاکو گەیشتنی ئیسلام بەوناوچانە لە ناو خەڵکەکەدا ماوەتەوە, پاش ئەوەی دیینی زەردەشتیش لە ژێر فشاری لەشکرکێشی دەوڵەتی ئیسلامدا بەهەمان چارەنووسی میترائیزم چووە, ژمارەیەکی زۆر لە موغەکانی زەردەشتی توانیویانە ڕووبکەنە ئەو ناوچانەی کە تا ئەو دەمانەش هەر لەسەر دیینی (میهر پەرستی) بوون, خەڵکی ئەو ناوچەیەش لەلایەکەوە بەهۆی کاریگەری دیینی زەردەشتی لەسەریان و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ترسیان لە بلاّوبوونەوەی دیینی ئیسلام, وایکردووە لێیان جیاوازییان لە گەڵ ئەوانەدا نەکردووە کە هاتوونەتە ناویانەوە, بەو شێوەیە ئیتر ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەردوولا زیاتر لە یەکتری نزیکبوونەتەوە, هەروەها چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەبوون وەك ئەوەی هەردوو لایان ئاگریان بە نووری خوا لەقەڵەمداوە و بە پیرۆزیان زانیوە, هاوکات جۆرە لێکچوونێکیشیان لە نێوان (میترا و زەردەشت)دا دۆزیوەتەوە, ئیتر بەو شێوەیە لەناو یەکتریدا تواونەتەوە, کە دیینی ئیسلامیش باڵی بەسەر زۆربەی ناوچەکاندا کێشاوە خەڵکی ئەو ناوچانەی کە هێشتا کاریگەری (مهر پەرستی) لەسەریانبووە, هەوڵیانداوە جۆرە پێکهاتنێك لە ناو دیینی کۆنیان و دیینی تازەدا بکەن[3], ئیتر بەو شێوەیە بتوانن دیینی کۆنیان بژێننەوە, لەچوارچێوەی ئەو هەولاّنەدا کەسێتی (حەزرەتی عەلی) بووە بە جێنشینی (میترا= میهر[4]) و ئەو هەولاّنەش هەر لەسەدەی دووەمی کۆچییەوە لەسەر دەستی (بالوولی ماهی) دەستیانپێکردووە و بنەماسەرەتاییەکانی (ڕێوڕەچەی یارسان) داڕێژراون, پاشان لەسەر دەستی (سان سەهاکی بەرزنجی)دا ڕێکخراونەتەوە و بە تەواوی ئاشکراکراون, پاش ئەم پێشەکییە کورتە دەچینە ناو ناوەڕۆکی بابەتەکەمانەوە.

(ڕێوڕەچەی یارسان=ئەهلی هەق=کاکەیی= عەلی ئیلاهی) ڕێوڕەچەیەکی دیینییەو پەیڕەوکارانی لە کوردستاندا زۆرن, کەچی تائێستا بێجگە لە خۆیان خەڵکی تر ئەوەندە لێیشارەزانین. ئەو ناشارەزاییەش چەند هۆکارێکی هەیە و ئەمانەی خوارەوەش گرنگترین هۆکارەکانییەتی:

1–لەچەند هەوڵێکی کەم نەبێت کە لەلایەن ژمارەیەك لە ڕۆشنبیرانییانەوە دراون بۆ تیشکخستنە سەر چەند لایەنێکی ڕێوڕەچەکەیان, ئیتر یارسانەکان بەشێوەیەکی گشتی لە ڕووی دیینییەوە زۆر گۆشەگیرن و زۆربەی هەرە زۆریان درکاندنی بچووکترین زانیاری دیینی بە گوناهێکی گەورە لە قەڵەمدەدەن[5].

2–دابڕانێکی جوگرافی گەورە لە نێوانیاندا هەیە, هەڵگرانی ئەم ڕێوڕەچەیە لە (هەرێمی ئیلیزابێ پۆل,چەند ناوچەیەکی کافکاس, تورکیا, سووریا, لوبنان) هەروەها لە عێراق و ئێراندا دەژین, ئەوانەیان لە عێراقدان لە لە ناوچەکانی (کەڕەکی قەڵم حاجی و گوندی دووشێخ) لەمەندەلی, گوندەکانی ( زەنقەڕ, تۆبزاوا, عەلی سەرای, ناوەندی ناحیەی داقوق) و ناو شاری کەرکووك لە پارێزگای کەرکووك, لەسنووری قەزای خانەقین, لە گوندە شەبەك نشینەکانی سەر بە پارێزگای (موصل)[6], لەهەر سێ گوندی (هاوار, هاوارەکۆن, دەرەتوێ) و کۆمەڵگەی

زۆره ملێی عەنەب)ی سەربە قەزای (هەڵەبجە) و لە قەزاکانی (شارەزوور, کەلار) و لە ناو شارەکانی (سلێمانی, بەغداد) نیشتەجێن.

لە ئێرانیشدا لە (سنووری پارێزگای کرماشان, هەمەدان, قەزوین, ئازەربایجان, کرند, دەماوەند)دا دەژین, ئەم دابڕانە جوگرافییە وایکردووە لە سەردەمە جیاجیاکاندا بکەونە ژێر هەندێك لە بیروباوەڕە دینییەکانی دەورووبەریانەوە[7].

3-ئەو سەرچاوانەی باسیان لە ڕێوڕەچەی یارسان کردووە, جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە و یەکدەنگییەك لە باسەکانیاندا نییە, کتێبە پیرۆزەکانی یارسان بۆ نموونە (سەرەنجام) بە هەرشەش بەشەکەیەوە وەك (دەورەی حەوتە وانە, دەورەی چل تەن, بارگە بارگە, گڵێم و کۆڵ, دەورەی عابدینی جاف, وردە سەرەنجام) و دەفتەرەکانیان وەك (دەفتەری پەردیوەر,دەفتەری ساوا, دەفتەری دیوان گۆرە) و کەلامەکانیان وەك (کەلامی سەی خامۆش, کەلامی ئێلبەگی جاف, کەلامی خان ئەلماس, کەلامی شاتەیموری بانیارانی, کەلامی قاصید, کەلامی زولافەقاری گۆران,کەلامی حەیدەری, کەلامی جەناب, کەلامی موجرم, کەلامی دەروێش ئاجاق, کەلامیدەروێش نەورۆزی سۆرانی) و دەورەکانیان وەك (دەورەی بالوولی ماهی, دەورەی شاخۆشێن, دەورەی باوا سەرهەنگ, دەورەی باواناوس,  دەورەی باوا جەلیل, دەورەی شندرویٚ, دەورەی پیر عالی, دەورەی دامیار, دەورەی شاوەیسقولی), هەروەها ئەو کتێبانەی کەلە لایەن ژمارەیەك لە ڕۆشنبیرانیانەوە بلاوکراونەتەوە وەك: (دەفتەری ڕمووزی یارسانی سەی قاسمی ئەفظەلی شائیبراهیمی, سروود دینی یارسانی ماشەلا سووری, اصل الحق و برهان الحق ی حاجی نوور عەلی ئیلاهی, شەهنامەی حەقیقەتی حاجی نیعمەتولای جەیحوون ئاوایی) بە گشتی جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە و نەیانتوانیوە بەرچاوروونییەکی تەواو بۆ تێگەیشتن لەم ڕێوڕەچەیە بدەنبەدەستەوە, تەنانەت لە مەسەلەیکی گرنگی وەك بەسەرهاتی ژیانی (سان سەهاکی بەرزنجی= سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی)دا کە هەندێك بە بنیاتنەر و هەندێکی تریش بە ڕێکخەرەوەی ڕێوڕەچەکەی دەزانن جیاوازی بەرچاو هەیە.

هەڵگرانی ئەم ڕێوڕەچەیە سەرەڕای ئەوەی بە (یارسان) ناودەبرێن چەند ناوێکی تریشیان هەیە و بەجیاوازی ناوچەکانی نیشتەجێبوونیان بە (ئەهلی هەق, کاکەیی, عەلی ئیلاهی) ناودەبرێن, هەریەك لەم ناوانەش ڕەگوڕیشەی قووڵیان هەیە, لەم بابەتەدا بەکورتی تیشکدەخەینە سەر ئەو ڕەگو ڕیشانە بەم شێوەی خوارەوە:

1-یارسان: سەرەتا پێویستە باس لەوەبکەین ئەم ناوە لە بنەڕەتدا (یاریسان)ە, بەلام شتێکی ئاشکرایە لەهەندێك ناوچەی کوردەواریدا پیتی (ی) کاتێك ئەرکی ئامرازی پەیوەندی هەبێت قووتدەدرێت, هەر بۆنموونە خەڵکی گەرمیان دەڵێن (ماڵ باوکم, کوڕمامم) ناڵێن (ماڵی باوکم, کوڕی مامم) لێرەوە بۆماندەردەکەوێت (ی) نێوان (یار) و (سان) قووتدراوە و ناوەکە بووە بە (یارسان), زۆربەی یارسانەکان لەسەر ئەو بڕوایەن ناوی (یارسان) لەوە هاتووە هەرکەسێك لەسەر ئەم ڕێوڕەچەیە بێت (یار) بەمانای (یاوەر)ی سانە, ئاشکرایە (سان) سەردەمێکی دووروودرێژ نازناوی حوکمڕانەکانی هەورامان بووە (دەربارەی بنەڕەتی وشەی سان و بۆچوونەکان لەم بارەوە تکایە بگەڕێرەوە بۆ باسی سانەکانی هەورامان), هەڵگرانی ئەم ڕێوڕەچەیەش بۆرێزگرتن لەپایەی ڕۆحی (سوڵتان ئیسحاق) پێیانوتووە (سان سەهاك) و خۆشیان ناوی (یارسان) یان بەسەردابڕوە[8].

2-کاکەیی: دەربارەی ناوی کاکەیی چەند بۆچوون هەن بەم شێوەیە:

أ–دەوترێت (شێخ موسا و شێخ عیسای بەرزنجی) كە هەردووكیان كوڕی (بابا عەلی هەمەدانی) بوون پاش ئەوەی هاتوونەتە (بەرزنجە) و تێیدا نیشتەجێبوون, ویستوویانە مزگەوتی بەرزنجە نوێبكەنەوە, لەكاتی دارەڕاكردندا یەكێك لە ڕایەڵەكان كورت بووە و نەگەیشتۆتە ئەمسەر و ئەوسەری دیوارەكە, (شێخ عیسا) بە (شێخ مووسا)ی وتووە كاكە بكێشە= ڕایكێشە) ئیتر ڕایەڵەكە درێژبووە و گەیشتۆتە ئەمسەرو ئەوسەری دیوارەكە, هەر لەم بارەوە هەندێكی تر دەڵێن: (سوڵتان ئیسحاق) كەلەو كاتەدا گەنجێكی تازە پێگەیشتوو بووە و دیویەتی باوكی بە ڕیشیسپییەوە بەدەست كورتی دارەكەوە داماوە بەبرا گەورەكەی خۆی وتووە كاكە بكێشە و دارەكە درێژبووە و بووە بەمایەی دڵخۆشی باوكی, بۆیە هەڵگرانی ئەم بۆچوونە پێیانوایە ناوی كاكەیی لە (كاكە)وە هاتووە[9].

ب–(پارێزەر عەباس العەزاوی)پێیوایە ئەم ناوە لەوەوە هاتووە كە ماوەیەك لە هەریەك لە (عێراق و توركیا و ئێران)دا, چەند كۆمەڵێك درووستبوون بەناوی (كۆمەڵی الاخیە) و لەسەر شێوازی (الفتوە) و لەسەر بنەمای ئایەتێكی پیرۆزی قورئان كە دەفەرمێت (انما المؤمنون اخوە), گوایا ئەم ڕێوڕەچەیەش لە هەموو ڕوویەكەوە دەچێتەسەر بنەڕەتی ((الاخیە) و وشەی كاكەیش دەقاو دەقی واتا كوردییەكەیەتی, بەڵام ئەم بۆچوونە بەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە دینییەكانی كاكەیەكان زۆر دوورە لە ڕاستییەوە.

ج–هەندێكیش دەڵێن: كاكەیەكان هەر كەس لەسەر ڕێوڕەچەكەیان بێت بە برای خۆیانی دەزانن, ئاشكراشە كاكە لە زمانی كوردیدا بە برای گەورە دەوترێت, هەروەها بۆ ڕێزگرتن لەكەسێك بۆ ئەوەی بەناوی ڕووتی خۆیەوە بانگنەكرێت.

3–ئەهلی هەق: ئەم ناوە لەوەوە هاتووە گوایا هەڵگرانی ڕێوڕەچەكە پێیانوایە هەرچی بیر و باوەڕی دینی تر

هەن كۆتاییانپێدێت و تەنها ئەمان دەمێننەوە چونكە لەسەر هەقن, لەم بوارەدا دەڵێن هەریەك لە (بالوولی ماهی,

مەنسووری حەلاج, بابا تایەری هەمەدانی, خواجە حافیزی شیرازی), كە لە ناو خۆشەویستی خوادا خۆیان

تواندۆتەوە لەسەر ڕێبازەكەی ئەمان بوون.

4–عەلی ئیلاهی: عەلی ئیلاهییەكان پێیانوایە (خوا) وەك ڕۆح دەچێتە ناو (تەن= بەدەن)ەوە و ئیتر ڕۆحانییەت لە بەرگی جیسمانییەتدا دەردەكەوێت, هەر بەم پێیە دەڵێن: هەریەك لە (حەزرەتی عەلی كوڕی ئەبوتالیب, سەلمانی فارسی, ئیمام حسێنی كوڕی عەلی, بالولی ماهی, شاخۆشێن, باواسەرهەنگی دەودانی, بابا ناوسی سەرگەتی, سان سەهاكی بەرزنجی, شاوەیسقولی قرمزی) و بەپێی جیاوازی سەرچاوەكان چەند كەسێكی تریش ڕۆحی خواییان تێداجێگیربووە, هەروەها دەڵێن: ڕۆحی عەلی بەرزبۆتەوە و چۆتە ناوخۆرەوە و خۆر هیچ جووڵەیەك ناكات هەتاكو فەرمان لە (حەزرەتی عەلی)یەوە وەرنەگرێت, لێرەوە ئیتر ناوی خۆیان ناوە (عەلی ئیلاهی)[10].

لەسەر رۆشنایی هەندێك لەسەرچاوەكان بۆماندەردەكەوێت كە (رێورەچەی یارسان) لە دیینەكانی وەك (میترائیسم, زەردەشتی, مەزدەكی) سەرچاوەیگرتووە و گەلێك مەبەستی دیینی (هیندۆ ئەوروپی) تێدا دەبینرێت[11], لەسەردەمی ئیسلامدا چەند شتێكی ئەم دیینە نوێیەشی تێكەڵبووە, بەپشتبەستن بە (كتێبی پیرۆزی سەرەنجام) یەكەم كەس كەهەوڵی بڵاوكردنەوەی رێورەچەكەیداوە لە هەوراماندا, ناوی (عەمری كوڕی لەهەب ناسراو بە بالوولی ماهی[12])یە, ناوبراو لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی كۆچیدا لە (لوڕستان) لەدایكبووە, ماوەیەك هاتۆتە هەورامان و خەریكی بڵاوكردنەوەی ئەم رێورەچەیە بووە, پاشان لەگەڵ هەندێك لەیارانی لوڕستانیدا رۆیشتووە بۆ (بەغدا) و لەوێ لە خزمەتی (ئیمام جەعفەری صادق)دا خوێندوویەتی, لەبەر ئەوەی بۆچوونە عیرفانییەكانی خۆی بێپەردە دركاندووە, لای (هارون الرشید) زمانیانلێداوە و ئەویش فەرمانی كوشتنیداوە, لەسەر راسپاردەی (ئیمام جەعفەری صادق) خۆیكردووە بە شێت هەتاكو لەو مەسەلەیە دەربازبێت و دواتریش بەهاوكاری ناوبراو گەیشتۆتەوە هەورامان, لەوێشەوە رۆیشتووە بۆ ناوچەی (قرماسین= كرماشان) و لەوێ نیشتەجێبووە, ئینجا دەستیداوەتە بڵاوكردنەوەی رێورەچەكەی و ژمارەیەكی زۆر لەپەیرەوكارانی لەدەوری خۆی كۆكردۆتەوە.

پایەی دیینی (بالوولی ماهی) لای یارسانەكان زۆر گەورەیە, (دەروێش نەورۆزی سۆرانی)كە یەكێكە لە شاعیرە گەورەكانی یارسان لە یەكێك لە دوو بەیتییەكانیدا فەرموویەتی:

بالـــوول زاتیـەن زات یەكـانە    عامییـــان ماچـان بالوول دێوانە

كێ دی دێوانە وەی تەور دانا بۆ    مەرگەو نەمەیدان گەردوون زانا بۆ

(بالوولی ماهی) بیروڕا دیینییەكانی خۆی لە دووتوێی شیعرەكانی دەرخستووە و ئەوەی دەرخستووە كە هەوڵی زیندووكردنەوەی دیینی ئێرانی كۆنی داوە لە قاڵبێكی نوێدا, ئەمەش یەكێكە لە دووبەیتییەكانی:

ئەو واتەی یاران ئەو واتەی یاران    ئێمە دێوانەین ئەو واتەی یاران

هەنی مەگێڵین یەك یەك شاران    تازینـدە كەریـم ئایین ئێـران

مەبەستی (بالوول) لەم شیعرەدا ئەوەیە گوایا هەندێك لەیاران بە شێت و دێوانەی دەزانن, بەڵام ئەو یەك یەكی شاران دەگەڕێت لە پێناوی زیندووكردنەوەی (دیینی ئێرانی كۆن)[13].

ئەم زاتە ژمارەیەك موریدی هەبوون لەوانە: (باوا لوڕەی لوڕستانی, باوا نجووم, باوارەجەب, باوا حاتەم....هتد) ئەم زاتانە هەریەكەعارفێك و شاعیرێكی گەورەی سەردەمی خۆیان, درێژەیان بە هەوڵەكانی (بالوول) داوە و شیعری عاریفانەیان لە شوێن بەجێماوە, (بالوولی ماهی) ساڵی (219ك=834ز) لەدەورووبەری تەنگەكۆڵ كۆچی دواییكردووە و هەر لەوێش نێژراوە.

لەسەدەی چوارەمی كۆچیدا ژمارەیەكی تر لە رێبەرانی یارسان دەركەوتوون یەكێك لەوانە (باوا سەرهەنگی دەودانی)یە.

**باوا سەرهەنگی دەودانی و هەوڵەكانی بۆ بووژاندنەوەی دیینی كوردان**

ئەم زاتە ساڵی (324ك=935ز) لە گوندی (دەودان) لەدایكبووە, یەكێك بووە لەعاریفەكانی سەردەمی خۆی, لەسەر هەمان شێوازی (بالوولی ماهی) هەوڵی بڵاوكردنەوەی رێورەچەی یارسانی داوە و لەیەكێك لە دوو بەیتییەكانیدا فەرموویەتی:

سەرهەنگ دەودان سەرهەنـگ دەودان　　ئەز کە ناممەن سەرهەنگ دەودان

چــەنی ئیرمانــان مەگێــڵم نــەهەردان　　مــەکۆشم پـــەریٚ ئایین کـــوردان

بەو مانایەی ناوم سەرهەنگی دەودانە, لەگەڵ موریدان و شوێنکەوتووانمدا بەهەموو شوێنێکدا دەگەڕێم و

تێدەکۆشم بۆ زیندووکردنەوەی دیینی کوردان.

(باوا سەرهەنگ) لەم شیعرەدا بەڕاشکاوی قسەی لەسەر ئەوە کردووە کە هـەوڵی بلاٚوکردنـەوەی دیینـی کـوردانی داوە و مەبەستیشی لە (ڕێوڕەچەی یارسان) بووە[14].

لە دوو بەتییەکی تردا دەربارەی (هەفتەن) قسەیکردووە کە لای زەڕدەشتییەکان پێیاندەوترێت (ئەشمەسپەنتان= جاویـدانی پـیرۆز), ئەمانــە فریشــتەکانی دیینــی زەڕدەشــتین و ژمارەیــان شــەش فریشــتەیە و لەســەرووی هەمووشـیانەوە (ئاهورمـەزدا) هەیـە, (هەفتـەن) لەسـەردەمی (سـان سـەهاکی بـەرزنجی)یشـدا بـە (جاویـدان) یـان حەوت تـەنی جاویدان نـاوبراون, (هەفتـەن) لای یارسـانەکان ئەوانـەن کـە لەسـەرەتای دونیـاوە تـا کۆتـایی دونیـا ڕۆحیان هەمیشە لەگەڕاندایە, هێزو توانای خواییان تێدایە و بۆیان هەیە لە (تەن)دا خۆیان پیشانبدەن, ئەمـەش دوو بەیتییەکەیە:

هەفتەم سەرخێڵەن هەفتەم سەرخێڵەن　　جە ئاسمانـدا هەفتەم سەرخێڵەنەن

هەریەك وەڕەنـگیٚ نەگـەشت و گێڵـەن　　هـــەریەك پەی کاریٚ ئاوارە و وێڵەن

لەسەر ڕۆشنایی کتێبی (سەرەنجام) ئەم حەوت فریشەیسە کاروباری ئاسمان و زەوییان پێسپێردراوە و

هەریەکە بەکارێکەوە خەریکن.

(باوا سەرهەنگ) ژمارەیەکی زۆر مورید و شوێنکەوتووی هەبووە لەوانە: (باوا قەیسەری هەورامی, باوا گەرچکی هەورامی, باوا سـەرنجی کـەلاتی, دایـە تـەورێزی هـەورامی), کـە پـاش (بابـا سـەرهەنگ) درێـژەیان بـە هەوڵـەکانی بلاٚوکردنـەوەی ڕێوڕەچــەی یارســان داوە, ئــەم زاتــە لــە تەوێڵــە کۆچــی دواییکــردووە و مەزارگــەی لــە خــوار تەوێڵەوەیە.

**موبارەك شا= شاخۆشێن- پێشەوایەکی گەورەی ڕێوڕەچەی یارسان**

لەسەر ڕۆشنایی کتێبی سەرەنجام (موبارەك شا= شاخۆشێن) کوڕی جەلالە خانمی کچی میرزا ئامانی حاکمی

لوڕستانە, ساڵی (406ك= 1015ز) لە لوڕستان لە دایکبووە, جۆرە لێکچوونێك لە شێوازی لە دایکبوونی

(حەزرەتی مەسیح و شا خۆشێن)دا هەیە بەوەی کە هەردووکیان بێباوك لە دایکبوون[15], ناوبراو هەر

لەمنداڵییەوە نازناوی (شا خۆشێن)ی پێدراوە, لە (هەمەدان) خوێندنی تەواوکردووە, لە تەمەنی (32) ساڵیدا ڕۆحی خودایی تێدا جێگیر بووە و بووەتە پێشەوای دیینی یارسان, چەندین هاوەڵی لەسەر ریو ڕەچەکەی خۆی پێگەیانووە وەك: (بابا تایەری هەمەدانی, بابا لوڕەی لوڕستانی, بابافەقیٚ لوڕستانی, بابا بوزورگی لوڕستانی, پیرشالیاری هەورامی, کاکە ڕەدا, هندۆلە, خوبیار, حەیدەر, قازی نەبی سەرگەتی, پیر خدر, لزا خانمی جاف, ڕێحان خانم....هتد), لەسەر ڕۆشنایی باوەڕی یارسانەکان و بە پشتبەستن بە فەلسەفەی (دوونا و دوون= گواستنەوەی ڕۆح لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی تر), شاخۆشێن پێشتر (مەولا عەلی= ئیمامی عەلی) بووە وەك لەم شیعرەدا دەردەکەوێت:

مـن جـە تەریقـەت ئـاوم بـی زەلاڵ وەنام خۆشێن ئامام وەرووی کار

دویست ساڵ نەی وەر نەدوون مەولام ئـامام وەبیسات وەشیرین کـەلام

بە مانای من کە ئێستا بەناوی خۆشێنەوە دێمە دونیاوە دوسەد ساڵێك لەمەو بەریش لە (دوون=تە ن)ی مەولامدا بووم.

(شاخۆشێن) لەم دووبەیتییەکدا فەرماندەدات بە (پیرشالیار) کە ئەسپی بەورینی زینبکات و دوژمنانی ڕێوڕەچەی یارسان لەناوبەرێت ئەمەی خوارەوەش ئەو دەربڕینەیە:

شەهریار دیین شەهریار دیین ئەز چەنی تۆمەن شەهریار دیین

جڵەو دوودم وەدەستەن نگین وەوارمای شـا بەورت کـەرە زیــن

لێرەدا پێویستە قسەلەسەر ئەوە بکەین لە هەندێك سەرچاوەدا تێکەڵاوی لە نێوان (شاخۆشێن و باوا خۆشێن)دا کراوە, گوایا لە لوڕستانەوە هاتۆتە هەورامان بۆ لای (پیشالیار) (لەم بارەوە سەیری بابەتی پیرەکانی هەورامان بکە).

بە پێی کتێبی سەرەنجام ساڵی (467ك=1074ز) لەتەمەنی (61) ساڵیدا کۆچی دواییکردووە.

## سان سەهاکی بەرزنجی و قۆناغێکی نوێ لە رێکخستنەوەی رێوڕەچەی یارسان

لەسەر رۆشنایی ئەو سەرچاوانەی باسیان لە (سان سەهاك) کردووە بۆمان ئاشکرادەبێت, کە ناوبراو کوڕی (شێخ عیسای بەرزنجی) و دایکی ناوی (دایراك خاتوون) بووە[16], دەربارەی مێژووی ژیانی ئەم زاتە جیاوازی لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هەیە, لە (کتێبی سەرەنجام)دا هاتووە ساڵی (528ك=1133ز) لە دایکبووە و ساڵی (628ك=1230ز) کۆچی دواییکردووە, لە کورتەی سەرەنجامدا هاتووە گوایا ساڵی (605ك=1208) لە دایکبووە بەڵام ساڵی مردنی نەنووسراوە, لە یاداشتەکانی (کاکا رەدائی)دا هاتووە ساڵی (445ك=1053ز) لە دایکبووە و ساڵی (588ك=1192ز) کۆچی دواییکردووە, لە کتێبی (شاهنامەی حەقیقەت)دا نووسراوە ساڵی (612ك=1215ز) لە دایکبووە و ساڵی (912ك=1506ز) کۆچی دواییکردووە, سەرەتای خوێندنی لەژێر دەستی باوکیدا بووە و پاشان لای (مەلا ئەلیاسی شارەزووری) خوێندوویەتی, دواتر بۆ خوێندنی (فقهی ئیسلامی) رۆیشتۆتە قوتابخانەی (نیزامییەی بەغداد), لەوێوە چۆتە شام و لەوێ مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە, پاشان حەجیکردووە و گەڕاوەتەوە بۆ زێدو مەڵبەندەکەی خۆی, لە تەمەنی (29) ساڵیدا روویکردۆتە هەورامان لە (پەردیوەر[17])ی نزیك (دەودان) نیشتە جێبووە[18], ئیتر قۆناغێکی نوێ لە رێکخستنەوەی رێوڕەچەی یارسان لەسەردەستی (سان سەهاك)دا دەستپێکردووە بەوەی:

1-رازی یارێتی فێری خەڵك کردووە.

2-یاران و لایەنگرانی خۆی کردووە بە پانزە بەشەوە و بۆ هەر بەشێکیان ئەرکێکی تایبەتی دیاریکردووە, ئەمانەش ئەو پانزە بەشەن: (حەوتەن, حەوتەوانە, حەوت خەلیفە, چل تەن, حەفتاودووپیر, یارانی قەوەڵتاس, حەوت خادم, حەوت حەوتەوان, چل چل تەنان, نەوەدو نۆپیری شاهۆ, شەست و شەش غولامی کەمەرزێڕین, هەزار و یەك بەندە و خواجە وێنە, بێوەن بەندە, بەیوەر هەزار بەندە, بێوەن بەندە).

3- پێکهێنانی (جەم) و باو و برەوی گوێزشکاندنی رێکخستووە (گوێزشکاندن یەکێکە لە نەریتە دینییەکانی یارسان و لە ناویاندا پیرۆزییەکی گەورەی هەیە).

4-دیاریکردنی سێ رۆژ بۆ رۆژووگرتن و دیاریکردنی رێوڕەسمی جەژن.

5-دیاریکردنی سرووتە دینییەکان و خوێندنەوەی شیعرو ژەنینی تەمبوور لەکاتی سرووتەکاندا, هەروەها بەفەرمانی ئەو تەواوی رەوشتەدینییەکانی یارسان وەك: (تەڵقینی مردوو, خۆشتن, قوربانیکردن, دەستگیربوون...هتد)بەشیعر هۆنرانەوە..

(سان سەهاکی بەرزنجی) ناوبانگییەکی زۆری پەیداکردووە و ژمارەیەکی زۆر لە مەلایان و زانایانی دیینی ئەو سەردەمە بوون بە موریدی, هەر ئەوەش وایکردووەچەند مەلایەکی بەناوبانگی ئەو سەردەمە دژی ڕێوڕەچەکەی بوەستن لەوانە (مەلا ئەلیاسی شارەزووری, مەلا شەفیع, مەلا شوکرولاّ, مەلا سوورە, مەلا غەفوور, مەلا نەسوور, مەلا قودوور...هتد).

## بنەما سەرەکییەکانی ڕێوڕەچەی یارسان

1-تێڕوانینیان بۆدروستبوونی دونیا: یارسانەکان دەڵێن لەسەرەتاوە هیچ شتێك نەبووە, (مەولا) دوڕبووە لەناو دەریا, لەگێژاوی دەریاوە هاتۆتە دەرەوە و دونیای هێناوەتە دی و ناوی خۆی ناوە (خاوەنگار), عەرش و کورسی دروستکردووە و (72) هەزار ساڵ لە کەناری دەریا بەتەنها بووە, پاشان (جوبرەئیل)ی دروستکردووە بۆ هامڕازی خۆی, ئینجا فریشتەکانی تری دروستکردووە وەك (ئیزرائیل, میکایل, ئیسرافیل), کاتێك کە ویستوویەتی مرۆڤ دروستبکات فەرمانیداوە بە فریشتەکان خۆڵی کێوی (سەرەندیل)ی بۆ بهێنن, ئیزرائیل خۆڵەکەی هێناوە و خەمیرەیان لێدروستکردووە, ئینجا لە شێوەی (مەولا عەلی) قاڵبدارێژراوە و (خاوەندگار= خوا) لەتەنی (مەولاعەلی)دا خۆی ئاشکراکردووە, فریشتەکان هەموویان کڕنووشیان بۆبردووە, هەیە ئەمەش چەند دێڕێکە لە سروودی ژمارە (1) لەو بارەیەوە:

حەوت دوونەن بەیان, بۆ ڤاچان پێتان
نە حەقیقەت بزانان, مەعلووم بۆ لێتان
ئەوسا نەلەو بی, نە ئاریا بی
نەئەرش بی نە فەرش, جیهان دەریا بی
مەولا ڤە دوڕ بی دوڕ ڤە تەی دەریا
ڤە دوڕ بەر ئاما, جیهان کەرد مەهیا
ناو وێش نیا, ڤە خاڤەنگار
عەرش و قورش و فەرش, ئەوسا دا قەرار

2-بەدرێژایی دەورەی ژیان خوا حەوت جار خۆیدەخاتە تەنی مرۆڤەوە و هەر جارێکیش چوار فریشتەی لەگەڵدایە[19], لەم بوارەدا پێیانوایە (محەمەدی پێغەمبەر د.خ) یەکێك بووە لەو فریشتانەی لەگەڵ (عەلی کوڕی ئەبی تالیب)دا هاتوون[20].

2-دوونا و دوون: یارسانەکان پێیانوایە مرۆڤ لەکاتی مردندا ڕۆحەکەوی لە جەستەی جیادەبێتەوە, هەموو ڕۆحێك هەزار ویەك تەن دەگەڕێت و ئینجا دەچێتە (دونیای جاویدان= دونیای نەمری) بەمەش دەوترێت (دوونا

و دوونی رۆحەکان)، ئەم گەڕانی رۆحەش چوار جۆری هەیە بەم ناوانە (نەسخ= لەمرۆڤەوە بۆ مرۆڤ، مەسخ=بۆ ناو لاشەی گیانلەبەر، رەسخ= بۆ ناو رووەك، فەسخ= بۆ ناو گیانلەبەری چزوودار وەك مار و دووپشك)، ئەمان دەڵێن مردن وەك ئەو مراوییە وایە لە ئاودا خۆی نوقمدەکات و لەپڕ لە شوێنێکی ترەوە سەردەردێنێت، ئەم باوەڕەیان لەگەڵ تێڕوانی هیندۆسەکان بۆ رۆح یەکدەگرێتەوە، چەندین سروود و پەخشانی دینییان هەیە کە دوونا و دوونی رۆحەکانیان تێدا خراوەتەڕوو، هەر بۆنموونە (شاخۆشێن) وتوویەتی:

مامام جەلالــە کاکــام رەنگینە     دوون وە دوون ئامام چینە وەچینە
ها ئیسا یورت و نامم خۆشینە     هەرکەس بشناسۆم پاکش مەوکینە

بە واتای دایکم ناوی (جەلالە) و کاکەم ناوی (رەنگین)ـە، رۆحەکەم لە ناو چەند تەنێکدا گەڕاوە تاگەیشتوومەتە ئەم تەنە و ئێستا ناوم (خۆشێنە)، هەرکەسێك بە راستی بمناسێت هیچ کینەیەك لە دڵیدا نامێنێت.

3-بە پێی باوەڕی ئەوان هەموو مرۆڤێك خاوەنی گەردیلەی خودایییە، ئەو گەردیلانە لە مرۆڤی ئیماندار و چاکدا گەشەدەکەن و لە مرۆڤی بێئیمان و خراپیشدا دەپووکێنەوە، هەر لێرەشەوە دەڵێن دوونا ودوونی رۆحەکان لە جەستەیەکەوە بۆجەستەیەکی تر لەسەر بنەمای ئیمان و کرداری خاوەنەکەیەتی، ئەگەر کەسێکی ئیماندار و کردار چاکبێت ئەوە رۆحەکەی بۆ جەستەیەکی پاکتر دەڕوات و بە پێچەوانەشەوە دەچێتە جەستەیەکەوە کە ئازار و ناخۆشی دەچێژێت.

4-رۆژو و نوێژ: یارسانەکان ساڵانە سێ رۆژ بە رۆژوودەبن و پاش ئەو سێ رۆژە جەژندەکەن[21]، خواردنی جەژنیش تایبەتە و بریتییە لە (کۆشتی کەڵەشێر بە کولاوی، برنج، شیرینی)، خواردنی جەژن لای یارسانەکان نموونەی ئەو خواردنەیە کە (سان سەهاکی بەرزنجی) پاش سەرکەوتنی بەسەر لەشکری (جیجك)دا خواردوویەتی، (لەشکری جیجك= لەشکری براکانی کە لەئەشکەوتی نەویێ هێرشیانکردۆتەسەری بۆ لەناوبردنی و یارسانەکان بەلەشکری کوفار ناویدەهێنن).

بە نیسبەت نوێژیشەوە نوێژناکەن و دەڵێن ئێمە نیازیین نەك نمازی، بەو واتایە خەڵکی وێرد و پاڕانەوەیەن نەك نوێژکردن.

4-جەم: لای یارسانەکان زۆر پیرۆزە و بۆ هەر مەبەستێك ببەسترێت باو و برەوی خۆی هەیە، بۆ هەر ئەرکێکی دینییان پێویستی بە کۆبوونەوە بێت وەك (جەژن، نیازکردن، سەرسپاردن)، جەمدەبەستن، جەمیش چ وەك ئەو جێگایەی تێیدا دەبەسترێت، چ وەك کۆبوونەوە لە هەموو تێکستە پیرۆزەکانیاندا بایەخیدراوەتێ و قسەی

لەسەرکراوە, بۆ نموونە: لە سروودی تەڵقینی مردوودا (جەم) بە پەناگە و جێگەی چاکان لە قەڵەمدراوە, وەك لەم دووبەیتییەدا هاتووە:

پەناگەش هەیبەت جەم راسانەن        جەم مەکانی هەق راگەی خاسانەن

یەکەم جەمیش لای یارسانەکان ئەو جەمە بووە (سان سەهاك) لە پەردیوەردا بەستوویەتی, بڕواشیان وایە هەموو جەمێك نموونەی هەمان جەمی سان سەهاکە.

5-قوربانی: هەڵگرانی ئەم ڕێوڕەچەیە بۆ ڕزگاربوون لە (تەنگ و چەڵمە, باری گران و ناهەموار, بۆ بەدەستهێنانی بەرهەمی باش) قوربانیدەکەن, گیسکی قوربانیش پێویستە تەمەنی لە شەش مانگ کەمتر نەبێت و لە هەموو ڕوویەکەوە ساغبێت, بە دڵێکی پاك و پڕبڕواوە ئامادەبکرێت هەتاکو یارانی گیانی دڵپاك جەمی بۆبکەن, ئەمەش چەند دێڕێکە لە سروودی قوربانی:

دۆستان قوربانی  دۆستان قوربانی        بۆ واچە ئاداب ئایەی قوربانی

تەمام تەیار کەیم جەمی سوڵتانی        قەوڵ ڕۆژی ئەزەڵ شاهی مەردانی

بەو مانایە دۆستان قوربانیبکەن و سروودی قوربانی بڵێن هەتاکو جەمی سوڵتانی[22] تەواو تەیاربێت.

6-سمێڵدرێژکردن: یارسانەکان بە شێوەیەکی گشتی سمێڵیان دەهێڵنەوە و بەرسمێڵ ناکەن, بەڵام هۆی ئەم سمێڵدرێژکردنە تا ئێستا بەشێوەیەکی ڕاست نەزانراوە, هەندێك پێیانوایە هۆکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو سێ دەروێشەی لە (ئەشکەوتی نەوێ) هاوەڵی (سان سەهاك) بوون و لەگەڵ لەشکری (جیجك) جەنگاون, ڕیش و سمێڵدار و پرچ درێژبوون, هەندێکی تریش دەڵێن ئەم سمێڵدرێژکردنە لەسەردەمی صەفەویەکانەوە خوویانپێوەگرتووە, چونکە (شا ئیسماعیلی صەفەوی) سمێڵی زۆر درێژبوون و هەرگیز تیغی لێنەداون, ئاشکرایە کە یارسانەکان لەو سەردەمەدا هاوکار و یارمەتیدەری صەفەویەکان بوون, هەندێك ڕازی تریش هەن کە زۆر دوورن لە ڕاستییەوە و پێویست بەباسکردنیان ناکات.

7-سەرسپاردن: پەیوەندیبەستنی نێوان کەسێکی یارسان و دوو پێشەوای دینییە, ئەو پەیوەندییە دوو لقە, لقێکی بە (پیر) و ئەویان بە دەلیلەوە, بۆنموونە خودی (سان سەهاك) پیرەکەی (بنیامین= پیرخدری شاهۆ) و دەلیلەکەشی (داود) بووە, لە ڕێوڕەسمی سەرسپاردندا ئەم شتانە ئامادەدەکرێن:

کەڵەشێرێك بەو مەرجەی تەمەنی لەشەش مانگ کەمترنەبێت لەگەڵ نیو مەن برنج و چارەکێك ڕۆنی ئاژەل بەنییەتی سان سەهاك, یەك گوێز بە نییەتی پیر بنیامین, دووجامی گەورە ئاو بە نییەتی ئاوی کەوسەر, یەك چرا بە نییەتی داود, چەقۆ بەنییەتی مستەفا دەودانی, شیرینی بە نییەتی شائیبراهیم, سکە بە نییەتی سەی محەممەدی گەورە سوار.

کەڵەشێر و برنجەکە لێدەنرین لە جەمخانە پیر و دەلیلیش ئامادەدەبن و سەرسپاردنەکە بەجێدەهێنرێت, پاش

ئەوە  ئیتر ژن و ژنخوازی لە نێوان سەرسپێرەکە و پیر و دەلیلەکەدا نامێنمێت, چونکە وەکو کوڕی خۆیان


www.pertwk.com

سەیریدەکەن, سروودی ژمارە چواری هەڵگرانی ئەم رێوڕەچەیە تایبەتە بە سەرسپاردنەوە و ئەمەش چەند

دێرێکیەتی:

| | |
|---|---|
| گـاڤـیٚ بـیٚ گـاڤان بـیٚ گاڤان گاڤـیٚ | تـاسەر نـەسپارین کـەردە ڤەلاڤیٚ |
| هەر سەریٚ نەلەوح ئەو حوچوری جەم | نەسوجدە ڤە دەست خەلیفە خادم |
| بیٚ شك ئەو سەرە ڤـە تۆمـار نییـەن | نە رۆژی حیساب ڤە شومار نییەن |
| تـومار پـیر موسی قـەلەم باقییـەن | جـەم چـلانـە بنیـام سـاقییـەن |
| رەهبـەر داڤـدەن دەسی دامانگـیر | تـەگبیرچی باگـن بنیامیینی پـیر |
| جـەم نەدلی جەوز جەوز نە دلی جەم | نیازش زات بیٚ چهار کەس دەرهەم |

8-بە حەرامزانینی هەموو خواردنەوە سەرخۆشکەرەکان, تەنها لەکاتێکدا نەبێت بەرژەوەندی دینیانی تێدابێت, هەروەها (درۆ, دزی, خیانەت, سوێندی درۆ) بەتاوانی گەورە لەقەڵەمدەدەن).

9-یارسانەکان بەشێوەیەکی گشتی پێویستە لەسەریان نهێنی بپارێزن[23].

10-هەموو یارسانێك شەوانە کەدەچێتەسەر نوێنی خەوتنی پێویستە لەسەری تۆبەبکات لەهەرکردارێکی ناڕەوا کەکردبێتی و بڵێت:

ئەوەڵم یار ئاخرم یار ئیشارەتی پیرپادشا[24] ئەوەڵم یار ئاخرم یار داود کۆسوار

دەربـارەی دابەشـبوونی چـینەکانی یارسـان لـە رووی بیروبـاوەڕی دینییـەوە (مامۆسـتا مەلاجـەمیل بەنـدی رۆژبەیانی) لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورددا نووسیویەتی: کاکەییـەکان لـە رووی بیروباوەڕی دینییـەوە چوار چینن بەم ناوانە:

ا-سەیدەکان, خۆیان دەبەنەوە سەر (عەلی کوڕی ئەبو طالب) و لە رووی رۆحی و عەشرەتییەوە سەرۆکایەتی

کاکەییەکان دەکەن, خەڵکی ئەم رێوڕەچەیەش بە شێوەیەکی گشتی گوێڕایەڵیانن.

2-باوە= بابا, بە پلەی دینی لە پاش سەیدەوە دێت بەڵام لە رووی رەوشتی دینییەوە زۆرجار پێشیدەکەوێت, رێپێشاندەر و ئامۆژگارکەری یارسانەکانە و ئاگاداری کاروباری رێوڕەچەکەیە لە رووی دینی و مێژووییەوە.

3-مام, بە چاودێری باوە (کەلەشێری جەژن سەردەبڕێت, نەزردابەشدەکات, مردوو دەشوات).

4-دەرویش, یارسانەکان بە دەروێشەکانیان دەڵێن (سەرسپەردەگان), ئەمانـەش زیـاتر خۆیـان بـۆ خزمـەتکردنی ماڵی (سەید, باوە) تەرخانکردووە[25].

(هادی بەهمەنی)یش لە کتێبی پەیامی هەوراماندا نووسیویەتی: خەڵکانی یارسانی بە پێی پلەی دینییان

کراون بەم بەشانەوە:

1–ئەو کەسانەی کە رۆحی خواییان تێدا جێگیربووە و ژمارەیان (9) کەسە بەم ناوانە (بالوولی دانا, بابا سەرهەنگی دەودانی, شاخۆشێنی لوڕستانی, بابا ناوسی سەرگەتی, سوڵتانی ساق, شاوەیسقولی قرمزی, ئاتەش بەگ, شاهەیاسی, بابا حەیدەری).

2–پیر : دووەم پلەیە بۆگرنگی لایەنگران لە پیرکۆدەبنەوە و سەرپێدەسپێرن.

3–دەلیل: ریڕۆشنکەرەوە و رێنموونیکەری بەرنامەی دیینە بە پەیڕەوکاران و لە دواییدا بە پیریان دەسپێرێت.

4–سەرجەم: دوعا خوێنەر بەسەر ئەو شتانەی دەکرێن بە (خێر, نەزر, قوربانی).

5–خەلیفە: ئەمە رێکخە رو دابەشکەرە و ئەو گیاندار و شتانەی دەکرێن بە خێر ئەم دابەشیان دەکات بە (پشك= بەش)ی وەك یەکەوە بەقەدەر ژمارەی خەڵکەکە[26].

هەندێك لە یارسانەکان تێبینییان لەسەر ئەم دوودابەشکردنە هەیە و هیچیان بە تەواو نازانن, بەڕای ئێمە نووسینەکەی مامۆستا رۆژبەیانی نزیکترە لە واقعی دابەشبوونی دیینی ئێستای یارسانەکانەوە, بۆچوونەکەی (هادی بەهمەنی)یش لەسەر دابەشبوونی دیینی دێرینەی هەڵگرانی ئەم رێوڕەچەیە, هەردووکیشیان چینی (چاوەش)یان فەرامۆشکردووە کەزۆربەی یارسانەکان لەم چینەن.

لە باسکردنی رێوڕەچەی یارساندا پێویستە باسی ئەو بازنانە بکەین کە (سان سەهاك) لە پەردیوەردا درووستیکردوون بەم شێوەی خوارەوە:

1-حەوت تەن: ئەم بازنەیە پێیاندەوترێت (حەوت تەنی جاویدان= حەوت تەنی نەمران) و لەسەرەتای دونیاوە هەتاکو کۆتایی دونیا رۆحیان لە گەڕاندایە, بۆیان هەیە لە (تەن= جیسم)دا خۆیاندەرخەن و لەسەردەمی سان سەهاکدا ئەمانەش ناوەکانیانن: (پیربنیامین= پیرخدری شاهۆ, پیرداود= پیرداودی رەهبەر, پیرمووسا= روکنوددینی دیمەشقی, رەمزبار= خاتوودایراك, مستەفادەودانی, شا ئیبراهیمی ئێوەت= مەلەك تەیار, باوا یادگار).

2-حەوتەوانە: ئەم بازنەیە کوڕەکانی (سان سەهاك)ن و بەنووری خۆی پاکیکردوونەتە و بوون بە بەپارچەیەك لە نووری خۆی, سەر هەڵقەیان کوڕە گەورەکەیەتی بەناوی (سەی محەممەدی گەورەسووار) و حەوتەوانەش جێگەداری سوڵتانن, ئەمانەش ناوەکانیانن: (سەی محەممەدی گەورە سوار, سەی ئەحمەد= میری سوور, سەی مستەفا سفید پۆش, سەی شەهابوددین, سەی حەبیب شا, سەی عەبدلوەفا, سەی باوەیسی).

3-حەوت خەلیفە: ئەم بازنەیە بەفەرمانی سان سەهاك لە ناو (72)پیردا هەڵبژێردراون بۆئەوەی بە سەرپەرشتی (داود) ببن بە دەلیلی یارسانەکان, ئەمانەش ناوەکانیانن: (پیر محی, پیرنەریمان, پیر عەبدولعەزیز, خەلیفە محەممەد, خەلیفە شەهابوددین, خەلیفە باپیر, خەلیفەجەبار).

پاش ئەوەی بەکورتی لە هەندێك لایەنی رێوڕەچەی یارسان دواین, دەڵێین ئەم رێوڕەچەیە رێوڕەچەیەکی دیینی کوردییە و لەگەڵ ئەوەشدا لەسەردەمە جیاجیاکاندا هەندێك شتی تێکەڵبووە, بەلاّم رۆحە کوردییەکەی هەر ماوەتەوە و بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەش ئەم خالاّنە دەخەینەڕوو:

1–هەموو سروود و پەخشانە دینییەکانیان کوردیین و بەشێوەزاری هەورامین.

2–قیبلەیان پەردیوەرە کە لە هەوراماندایە و ئەم دێڕەش لە سروودی تەڵقینی مردوو ئەو راستییەمان بۆ دەسەلمێنێت:

موحاسیب پیر موسی ساحیب دەفتەرەن        قیبلەی حەقانیش نەپەردیوەرەن

3–ئاوی کەوسەریان لە کوردستاندایە, ئەویش ئاوی (کانی گەسلآن= کانی غەسلآنـە لە(گوندیتەشار)ی هەوراماندا, ئەمەش دێڕیکە لە شیعری خۆشتن کە لەو بارەوە دەدوێت:

ڤەنطق مەردان خەرقەی نوور نەوەر        ئاوم تەشارەن قیبلەم پەردیوەر

4–دنییای نەمریان لە شارەزووردایە و زۆربەی شوێنە پیرۆزەکانیان لە کوردستاندان بۆ نموونە: (شنرویٚ, هاوار, تەپەسو= تەپی سەفا, سەرگەت, دەرەشیش, مبری سوور, هۆرێن, ئەحمەدبرٚنە, مەزاری بابا سەرهەنگ لە شارەدێی تەوێڵە, کەلی داود.....هتد), زۆربەی ئەم شوێنانە لە سرووده دینییەکانیاندا ناویانهێنراوە[27].

5–پێشەوا سەرەکییەکانی ئەم رێوڕەچەیە هەموویان کوردن و نیشتەجێی کوردستان بوون لەوانە: (بالوولی ماهی, باباسەرهەنگی دەودانی, باباناوسی سەرگەتی, شاخۆشێنی لوڕستانی, سان سەهاکی بەرزنجی).

7–کوردستان بەگشتی و ناوچەی هەورامان بە تایبەتی شوێنی (سەرهەڵدان, بڵآوبوونەوە, گەشەکردن, رێکخستنەوە)ی رێوڕەچەکەبوون.

8–بەرەنگارینەکردنی پێشەوایانی ئەم ڕێوڕەچە لەلایەن خەڵکی ئەو ناوچانەوە کەماوەیەکی زۆرپاش

سەرهەڵدانی دیینی ئیسلام لەسەر دیینی کۆنیان ماونەتەوە, هەر بۆنموونە هەڵبژاردنی هەورامان بەپەناگە لە

لایەن (سان سەهاك)ـەوە هەروا بێبنەما نەبووە, ناوبراو زۆرباش لەوە بەئاگابووە کاتێك دیینی ئیسلام گەیشتۆتە

هەورامان خەڵکی ناوچەکە زۆر بە توندی بەرەنگاری وەستاون, بەڵام چونکە ڕێوڕەچەکەی ئەو پیشینەی هەبووە

لەناویاندا هاوکاریانکردووە و زۆربەشیان پووڕەیانلێداوە.

هەر ئەوە ماوە بڵێن سرووتی هونەری سیمایەکی دیاری ڕێوڕەچەی یارسانە, لەکاتی جەمەکانیاندا سروود و

پەخشانە دیینییەکان لەسەر ئاوازی (تەمبوور, دەف, تەپڵ) و بەشێوەی (سۆز, سیاچەمانە) دەچڕن, تەمبوو

ئەوەندە شوێنێکی دیاری هەیە لەناویاندا جەمنشینان لەبەریهەڵدەستن و یەکە یەکە ماچیدەکەن, زۆربەی پیاوە

دیینییە ناسراوەکانیان شاعیر و تەمبووژەن بوون, هەم شیعرەکانی خۆیان هەم شیعری ناو تێکستە

پیرۆزەکانیان لەچەمخانەدا لەگەڵ تەمبوورژەنین خوێندۆتەوە, هەر بۆنموونە لێرەدا ناوی ژمارەیەکیان

دەنووسین: (بابا ڕەجەبی لوڕستانی, بابا حاتەمی لوڕستانی, بابا قەیسەری هەورامی, بابا گەرچکی هەورامی,

بابا سرنجی کەلاتی, دایە تەورێزی هەورامی, جەلالێخانمی لوڕرستانی, ڕێحان خانم, لزا خانمی جاف, بابا

هیندۆی هەورامی, بابا ناوسی سەرگەتی....هتد), لەبەر ئەوەی ناکرێت باسی ژیاننامەی هەموو ئەمانەی

ناومانهێنان بکەین, بەڵام ئەوەندە دەڵێن (باباناوسی سەرگەتی[28]) کە یەکێکە لە پێنج پێشەواگەورەکەی

یارسان لە کاتی ژیانیدا بە یارەکانی خۆی وتووە: (دوای من لەهەر شوێنێك دەنگی ئەم تەمبوورەم هات ئەوە

لەوێ پێشەوایەکی تری یارسانی پەیدا دەبێت).

[1]–بروانە کتێبی (ایران فی عهد الساسانیین)– لاپەڕە (130)– نووسینی (ارثر کرستنسین) وەرگێڕانی بۆ عەرەبی (دکتۆر یەحیا خەشاب).

[2]–بروانە (اسطورة اهل حق)– لاپەڕە (80) نووسینی ئیرەجی بەهرامی.

[3]– لەم بوارەدا (محەممەد ئەمین زەکی بەگ) نووسیویەتی: خەڵکی کوردستانی خۆرلاهەلاّت لە خۆرئاوای (هەرات)ەوە لەپێش سەرهەڵدانی ئیسلامدا بیروباوەڕەی سەیریان هەبووە, پاش ئەوەی دینی ئیسلامیان وەرگرتووە وازیان لە باوەڕی کۆنیان نەهێناوە بەلاّم هەندێك گۆڕانیان تێداکردووە, خەڵکی (ئەرنیل) لە کوردستانی خۆرهەلاّتدا کاتێك کە بوون بە موسڵمان بە (ئالوهییەتی حەزرەتی عەلی) ویستوویانە عەقیدەی پێشوویان زیندووبکەنەوە, بروانە کتێبی (خولاٍصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان) –بەرگی دووەم –لاپەڕە (201) نووسینی (محەممەد ئەمین زەکی بەگ), لە بلاّوکراوەکانی ساڵی 2000 دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

[4]– دەربارەی پیرۆزی (مهر) لای یارسانەکان چەندین بەڵگە لەبەردەستدان و ئەم شیعرەش کە لە کتێبی (سەرەنجام)دا نووسراوەتەوە یەکێکە لەو بەڵگانە:

نامێما میهرە نامێما میهرە　　نە قولەی ئەلەست نامێما میهرە

بروانە کتێبی (اسطورة اهل حق)– لاپەڕە (57)– نووسینی (ئیرەجی بەهرامی).

[5]– لەم بوارەدا پێویستە ئاماژەبدرێت بە هەوڵەکانی هەریەك لە (سەی قاسمی ئەفظەلی شائیبراهیمی, ماشەلاّ سووری, حاجی نیعمەتولاّی جەیحون ئاوایی, حاجی نوور عەلی ئیلاهی).

[6]–(ئێدمۆندن) ناوی هەژدە گوندی هێناوە لە ناوچەی تاوغ کە کاکەییەکانیان تێدا نیشتەجێن لەوانە (ئەلبو سەراج, عەلی سەرای, بنشاخ, دایسی بچووك, تۆبزاوە, محەممەد خاجك, زەنقەڕ, زوغلاّوە...هتد), هاوکات نووسیویەتی (شەبەکەکان) کاکەیی نین و قزلباشی کوردن, بەلاّم ناوی حەوت گوندی هێناوە لەو شوێنەی کە (خازەر) دەڕژێتە (زێی گەورە)ەوە و چواریان لە کەناری لای راست و سیانیشیان لە کەناری لای چەپی زێکەوەن و دەلێت هەموویان کاکەیین, بروانە کتێبی (کرد, ترك, عرب) –لاپەڕە (178, 179)– نووسینی (سیسل جۆن ئێدمۆندن) وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی (جەرجیس فەتحولاّ).

[7]– لەم بوارەدا (مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی) دەڵێت: لەسەردەمی عەباسییەکاندا سەر بە (بابە خورەمەددین) بوون و یارمەتی (حەسەن سەباح)یان داوە, پاشانیش بوون بە یاریدەدەری صەفەوییەکان و بە رواڵەتی (عەلی ئیلاهی) خۆیان دەرخستووە.

بروانە کتێبی (کاکەیی)– لاپەڕە (32)– نووسینی (محەممەد ئەمین هەورامانی).

[8]– بەوردبوونەوە لە تێکستە دینییەکانی هەڵگرانی ئەم ڕێوڕەچەیە و هەندێك لەسروودە دینییەکانیان, بەئاسانی بۆماندەردەکەوێت کە ناوی یارسان بە چوار سەدە پێش دەرکەوتنی (سان سەهاك) لەناو شیعرەکانیاندا هەیە, هەر بۆنموونە ئەم شیعرەی (موبارە شا= شاخۆشێن) کە وتوویەتی:

یارسان وەڕا　یارسان وەڕا　　رای حەق راسییەن برانان وەڕا

پاکی و راستی و نیکی و رەدا　　قەدەم وەقەدەم تا وەمەنزڵگا

[9]– ئەم دەربڕینە پێدەچێت کورتبینبێت چونکە ناوی (کاکەیی) زۆر لە سەردەمی سان سەهاك کۆنترە (مەسعوودی) لە کتێبی (مروج الذهب)دا ناوی هۆزە کوردەکانی شاخەکانی بە (کاهکاهی) هێناوە.

[10]– دەربارەی عەلی ئیلاهی مینۆرسکی نووسیویەتی: ئاینێکی کوردی تەواوە و بە تەواوی لێینەکۆڵراوەتەوە.

بروانە کتێبی (کورد)– لاپەڕە (120) نووسینی (میتۆرسکی), وەرگێڕانی بۆ عەرەبی (د. مارف خەزنەدار), وەرگێڕانی بۆ کوردی (حەمەسەعید حەمەکەریم).

[11]– پەیوەندی ڕێوڕەچەی یارسان بە دینی زەردەشتییەوە لە چەند خاڵێکدا دەردەکەوێت وەك:

أ- دەفتەرە دینییەکانیان بە پیرۆزی باسی موعجیزەکانی زەردەشت دەکەن.
ب- زەردەشت لە لایان بە پاکترین وێنە زات و سیفاتی گەورە و پاك تێیدا کۆبووەتەوە, وەك لەم شیعرەدا هاتووە:

وونــە نەرگــمس نــەسیبم وەشبۆ     زات میهماندار یانەی ئــەزەل زۆ
زەردەشت جە سایە ئەزەڵ مایەی جۆ     سەرسکەزاتــان قاپی دالــە هۆ

ج- ئاتەشگە چۆن لای زەردەشتییەکان پیرۆزە بەهەمان شێوە لای یارسانەکانیش پیرۆزە, ئەم شیعرەش بەڵگەیەکە لەم بوارەدا

ئــەو ئاتەشخانــە ئەو ئاتەشخانــە     بارگەی شام وەستەن ئەو ئاتەشخانە
زەردەشتش کیاست پەریٚ فەرمانە     بەرگوزیدەش کـەرد نــەرووی زەمانــە

د- ئاگر لای زەردەشتییەکان و یارسانەکان پیرۆزە, وەك لەم شیعرەدا دەردەکەوێت:

ئاتەش زەروورەن ئاتەش زەروورەن     گــرا گــر گـران ئــاتــەش زەروورەن
سۆزانی جیهــان تەجــەلی نــوورەن     رۆشنی ظولَمات وە قبــەی نــوورەن

بڕوانە کتێبی (کاکەیی)- لاپەڕەکانی (248, 249, 250)- نووسینی (محەممەد ئەمین هەورامانی)

[12]-بێجگە لە بالوولی ماهی چەند بالوولێکی تریش هەبوون وەك:

1-بالوولی خارجی, ناوی کەسارەی کوڕی شەیبانی و یەکێك بووە لە سەرانی خەوارج, گوایا لە کوردەکانی دەوروبەری (موصلْ) بووە.

2-بالوولی شۆلی, خەڵکی لوڕستان و پیاوێکی قەلەندەر بووە, (ابن بطوطة) لە گەشتەکەیدا ئەوی لە لوڕستاندا دیوە.

بڕوانە کتێبی مێژووی وێژەی کوردی-بەرگی دووەم- لاپەڕە (49) نووسینی (د. صدیقی بۆرەکەیی).

هەر لەباسی ئەم (بالوولی ماهی)دا پێویستە باس لەوە بکەین تاوبراو بە (باڕولی دانا) و (باڕولـە شێت)یش نـاوی هـاتووە, بـە پێـی هەنـدێك رازی دەمـاو دەمـی بێسـەرو بـەریش بـە نـای ناهـەق کـراوە بـە بـرای هاروونـە رەشـید, بـەلاّم بـە پێـی سەرچـاوە و تێکسـتە خۆماڵییە کۆنەکان ئەم رازە فڕی بەسەر راستییەوە نییە.

[13]- بڕوانە کتێبی (اسطورة اهل الحق)- لاپەڕە (89 ) نووسینی (ئیرەجی بەهرامی).

[14]- بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو- لاپەڕە (89).

[15]-بەپێی باوەڕی یارسانەکان (جەلالە خانم) رۆژێك بەرامبەر خۆر دانیشتووە, تاڵە دەزوویەك لە تیشکی خۆر جیابۆتەوە و لەسـەر زەوی نیشتۆتەوە و بەدەمیدا چۆتە ناو سکییەوە, لە ئەنجامی ئـەوەدا (سـکیپڕبووە= دووگیـانبووە) و (شاخۆشـێن)ی بـووە, کـەواتـە ناوبراو وەکو (حەزرەتی عیسا) بێباوك لە دایکبووە.

[16]- ئێدمۆنـدز نووسـیویەتی:(دایـراك خـاتوون کچـی مـیر محەممـەدی سـەرۆکی جـاف) بـووە, دەربـارەی خواسـتنی لەلایـەن (شـێخ عیسا)وە رازێك هەیە و گوایا ئەو ژنهێنانەی (شێخ عیسا) لەتەمەنی پیریدا لەئەنجامی سەردانی سێ ئەولیابووە کە خۆیـان لەبـەرگی دەروێشـدا پیشـانداوە و داویـانلێکردووە نـاوبراو بخوازێـت, ئێمـە گێڕانـەوەی ئـەو رازە بـە پێویسـت نـازانین هەرچـەندە هـەموو یارسانەکان بیپێی قایلن و بەجۆرێك لە (نبوەت)ی دەزانن.

بە پێی کتێبی سەرەنجام ئەم خانمە کچی (حسێن بەگ جەڵد)ـەیە و لە شاری (حەلوان) لەدایکبووە.

[17]-(پەردیوەر) نزیکە لە هەردوو گونـدی (شـێخان) و (دەودان) لـە سـەرڕۆخی سیروان و لەسـەرەتاوە ئـاوەدانی تێـدا نـەبووە, کـاتی کۆچکردنی (سان سەهاك) بۆ ئەوێ لە سەر (سیروان) پردێکی بەستووە (خانوو, جەمخانـە)ی دروستکردووە, هەرچەندە ئێستا هیچ ئاوەدانییەکی تێدا نـەماوە بـەلاّم مـەزاری سان سـەهاکی لێیـە وقیبلـەی یارسـانەکانە, بـە نیسـبەت خـەڵکی ناوچەکەشـەوە بـە شێوەیەکی گشتی بە پیرۆزی دەزان, لـەم بـوارەدا تـا ئێسـتاش هەنـدێك لـەو ژنانـەی منداڵیاننابێت دەچنـە ئـەوێ بـەنیازی ئـەوەی منداڵیانببێت.

[18]- دەربارەی کۆچی سان سەهاك لە بەرزنجەوە بۆ هەورامان, بیروڕای جیاواز هەیە, (د. صدیقی بۆرەکەیی) نووسـیویەتی: سـاڵی (754ك=1353ز) پـاش کۆچـی دوایـیی بـاوکی لـە ئـەنجامی نـاکۆکی لەگـەڵ براکانیـدا بەناچـاری روویکردۆتـە هـەورامان, بڕوانـە (مێژووی وێژەی کوردی)- بەرگی یەکەم- لاپەڕە (159).


www.pertwk.com

(هادی بەهمەنی) دەڵێت: خێزانیٚ شێخ عیسا ناسراو بە خێزانێکی ئەولیا هەڵکەوتنی بیرێکی وەك بیری سان سەهاك ناباوبووە بۆ شان و شەوکەتی بنەماڵەکەیان, ئەویش لەسەر رای خۆی وازینەهێناوە و لەوانەیە باوکی پێیوتبێت برۆ لە شوێنێکی تر ئەو بیروڕایەت بلاوبکەرەوە, بڕوانە (پەیامی هەورامان)- لاپەرە (427) نووسینی (هادی بەهمەنی).

(ئێدمۆندز)یش هۆی کۆچکردنەوەی گێراوەتەوە بۆ رازی راکێشان و درێژبوونی دارەکە لە کاتی نوێکردنەوەی (مزگەوتی بەرزنجە)دا, گوایا ئەو مەسەلەیە بووە بەهۆی زیاتر نزیکخستنەوەی (سان سەهاك) لە باوکی و لە ناو خەڵکیشدا رێزی زیاتری پەیداکردووە, ئەوەش بۆتە هۆی رقئەستووری براکانی و دژایەتییانکردووە, بڕوانە کتێبی (کرد, ترك, عرب) لاپەرە (171) نووسنی (ئێدمۆندز).

[19]-بڕوانە کتێبی (الاکراد)- بەشی دەیەم- حیاة الاکراد الروحیه_ اهل حق- لاپەرە (213) نووسینی (باسیل نیکیتین).

[20]- بڕوانە کتێبی (کورد)- لاپەرە (121) نووسینی (مینۆرسکی).

[21]- دەربارەی کاتی رۆژ و جەژن سەیری ئەم دوو دێرە بکە:

نەی چلەی زمسان نەی چلەی زمسان داود رۆچەشان نەی چلەی زمسان
نییەتشان نەی چاردە مانگیا ئیحسان جە حەچدە و مانگیٚ جەم گیریا و باستان

بڕوانە دەفتەری گەواهی غوڵامان- لاپەرە (6).

[22]- (جەمی سوڵتانی) مەبەستی لە (جەمی سان سەهاك)ـە, ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت (جەم) لە هەر شوێنێك ببەسترێت هەمان جەمی سان سەهاکە.

[23]-بڕوانە (بندنیجین= مندلی فی التاریخ قدیما وحدیپا) نووسینی (مامۆستا مەلاجەمیل بەندی رۆژبەیانی), گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق -دەستەی کورد- بەرگی حەوتەم- ساڵی (1980ز) لاپەرە (435).

[24]-مەبەست لە (پیرپادشا) پیر بنیامینی شاهۆییە کەیەکێکە لە بازنەی (حەوتەن) لەسەردەمی سان سەهاکدا و لەسەردەمی حەزرەتی عەلیشدا (سەلمانی فارسی) بووە, دەبارەی پایەی پیر بنیامین لای یارسانەکان چەندین شیعریان هەیە, هەربۆنموونە با لەم دێرە لەسروودی تەڵقینی مردوو وردبیینەوە:

ئەوەڵش یارەن ئاخرش یارەن پیرش بنیامین شاهش خاوەندگارەن.

بڕوانە کتێبی (سروودی دیینی یارسان) لاپەرە (204) نووسینی (ماشەڵاسووری.

[25]- بڕوانە (بندنیجین= مندلی فی التاریخ قدیما وحدیپا) نووسینی (مامۆستا مەلا جەمیل بەندی رۆژبەیانی), گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد- بەرگی حەوتەم- ساڵی (1980ز) لاپەرە (426, 427, 428).

[26]-بڕوانە کتێبی (پەیامی هەورامان)- لاپەرە (418)- نووسینی (هادی بەهمەنی).

[27]- لەم بارەوە بڕوانە (دەفتەری شندرویٚ) لاپەرەکانی (40, 58,59 ,65).

[28]- (بابا ناوسی سەرگەتی) ناوی ئیبراهیم کوڕی ئەحمەد و لە ئێلی جافە, مێژووی ژیانی زۆر روون نییە و لەچەندین سەرچاوەدا هەر یەکە و قسەیەکی لێوەکردووە, بەمەبەستی خوێندن زۆر شوێنی کوردستان گەڕاوە و لە خوێندنی (ئایین, فەلسەفە)دا بەهرەمەندبووە, بە یەکێك لە پێشەواکانی رێورەچەی یارسان لە قەڵەمدەدرێت, شاعیر و عاریفێکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە, شیعرەکانی دووبەیتین و هەموویان باس لە رێورەچەی یارسان دەکەن ئەمەش دوودێڕن لە شیعرەکانی:

ئەز ناوسەنان جەی بەرزە ماوا ئاسیاوم نیاوە جەی تاش کاوا
هەرکەس نەهاڕۆ بەلا نیاوا فەردا مەوینی رووشان سیاوا

بەومانایە ناوم (ناوس)ـە و لەناو ئەم کێوەدا ئاشی خواپەرستیم داناوە, هەرکەسێك روونەکاتە ئێرە و توێشووی خۆی نەهاڕێت لە رۆژی دواییدا رووڕەشدەبێت.

بڕوانە مێژووی وێژەی کوردی- بەرگی یەکەم- لاپەرە (126, 127) نووسینی (د. صدیقی بۆرەکەیی).

**بابەتی ( 2 )**


www.pertwk.com

## پیرەکانی هەورامان

لەچەند سەرچاوەیەکدا باسی پیرەکان کراوە و چەندین قسەوباس دەربارەیان خراونەتەڕوو, لێرەدا سەرەتا ئاماژەیەکی خێرا دەدەین بە نووسینی هەندێك لەو سەرچاوانە و پاشان ئاوڕێك لە مێژووی ژیانی ژمارەیەك لە پیرەکان دەدەینەوە.

1-(مامۆستای خوالێخۆشبوو محەممەد بەهائوددین مەلا صاحب ناسراو بەدانای هەورامی) لەکتێبی پیشالیاری زەردەشتیدا نووسیویەتی: پەرستنی (هورمزد[1]) هەر پیاوە ئاینییە بەناوبانگەکان لەسەریان بووە بەو پیاوە ئاینییانەیان وتووە (پیر), ئەم پیرانەش زۆرن وەك دەڵێن (99) پیرەی هەورامان[2].

2-(مامۆستا صدیقی بۆرەکەیی) لە کتێبی مێژووی ویژەی کوردی - بەرگی یەکەم-دا ناوی ژمارەیەك لە پیرەکانی هەورامان و شاهۆی هێناوە و چەردەیەك لە ژیاننامە و شیعرەکانیانی خسئۆتە روو, هەر لەهەمان سەرچاوە و لەباسی (سان سەهاکی بەرزنجی)دا باسی لەوەکردووە کە (72) پیرە و (99) پیرەی شاهۆ هەموویان یار و لایەنگری ناوبراو و پیری رێوڕەچەی (یارسان= کاکەیی) بوون[3].

3-(موزەفەرخانی رەزاو) لە دەستنووسی (پاسداران مرز ایران=تاریخ اورامان)دا کەبە زمانی فارسی نووسراوەتەوە دەڵێت: دەگێڕنەوە (99) پیر لەهەوراماندا هەبوون, ئەوانەش دونیایان خستۆتە لاوە و سەراپای ژیانیان بۆ خواپەرستی تەرخانکردووە, هەندێك لە گفتوگۆی ئەوان کەبەشێوە زمانی هەورامانی کۆن گفتوگۆیانکردووە پێیوتراوە (ماریفەت)[4].

4-(مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی) لە دەستنووسی مێژووی هەوراماندا نووسیویەتی: دەنگوباس وەهایە کە (99)پیر لەهەوراماندا بوون و هەندێکیان لە کۆنی کۆنەوە هەبوون, هەندێکی دیکەشیان لەسەردەمی سانە کۆنەکانی هەوراماندا ژیاون, بەمەبەستی پاککردنەوەی رۆحیان هەمیشە چلەیان کێشاوە, لێرەدا پێویستە باس لەوەبکەین ئەم نووسینە لەهەمان دەستنووسەکەی (موزەفەر خان)ـەوە وەرگیراوە[5].

5-لە دەفتەرە پیرۆزەکانی هەڵگرانی (رێوڕەچەی یارسان= کاکەیی) وەك (سەرەنجام, بارگە بارگە, یاداشتەکانی قرندی) دا باس لە مێژووی ژیانی پیرەکان کراوە و هەندێك لەبەرهەمە شیعریەکانیان نووسراونەتەوە, هاوکات ئەوە خراوەتە روو کەزۆربەیان یاری (سان سەهاکی بەرزنجی) بوون و لە سەدەکانی حەوتەم و هە\شتەمی کۆچیدا ژیاون.

6-(هادی بەهمەنی) لە کتێبی پەیامی هەوراماندا نووسیویەتی: لە هەوراماندا (99) کەسی دینی هەبوون, لە جیاتی موغ و پێشەوای دینی زەردەشتی پێیانوتوون (پیر), هەر کۆمەڵێکیان یەکێك رابەریان بووە پێیوتراوە (پیرشالیار) بەمانی (شالیاری پیرەکان= وەزیری پیرەکان)[6]

7-رازە دەماو دەمییەکانی خەڵکی ناوچەکەش هەموویان باس لە پایەی دینی و کۆمەڵایەتی پیرەکان دەکەن, سەدان سەرگوزەشتەی سەیر و سەمەرە و شتی ئەفسانەیی[7] دەربارەیان دەگێڕنەوە و هەندێکجار ئەوەندە گەورەیاندەکەن پایەیان دەگەیەننە پایەی پێغەمبەرەکان, دیارە ئەوەش لە قەناعەتی کەڵەکەبووی چەندین ساڵەی نەوە یەك لەدوای یەکەکانیانەوە هاتووە بەو زاتانە[8].

لێرەدا و بەرلەوەی بچینە ناو باسی مێژووی ژیانی ژمارەیەك لە پیرەکان باس لەوە دەکەین: (مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی) بەپشتبەستن بە دووسەرچاوەی دەستنووس, یەکەمیان بەناوی (پاسداران مرز ایران= تاریخ

اورامـان) لـه نووسـینی (موزەفـەرخانی رەزاو) و دووەمیشـیان کـە خـۆی ناوینـاوە دەستنووسـی (شـین) گوایـا خاوەنەکەی قایلنەبووە ناوی بهێنێت, ناوی چەند پیرێك و شتێك لە مێژووی ژیانی ژمارەیەکیانی خستۆتەڕوو, (د. صدیقی بۆرەکەیی)ش بەپشتبەستن بە دەستنووسە پیرۆزەکانی (رێوڕەچەی یارسان), لە کتێبی (مێژووی وێژەی کوردی_ بەرگی یەکەم)دا وەك پێشتر ئاماژەمانپێدا چەردەیەك لە مێژووی ژیان و بەرهەمی شیعری ژمارەیەك لە پیرەکانی خستۆتەڕوو, بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە تەنها ناوی (پیرشالیار) لە هەردوو کتێبەکەدا دووبارە بۆتەوە و بەدەر لەوە یەك ناوی تریان لەیەکناچن.

هەر لێرەدا پێویستە ناوی پیرەکان لای (دوکتۆر صدیقی بۆرەکەیی) وبەهەمان شێوە ناویان لای (مامۆستا محەممەدئەمین هەورامی) بهێنین.

دکتۆر بۆرەکەیی ناوی ئەم پیرانەی هێناوە:

پیرشالیاری یەکەم, پیرحەیدەری لوڕستانی, پیرئەحمەدی کەرکووکی, پیر بنیامینی شاهۆیی, پیرمووسای شامی, پیرقوبادی دێوانە, پیرمحەممەدی شارەزووری, پیر ئەحمەدی لوڕستانی, پیرمالکی گۆران, پیر مەنسووری شوشتەری, پیر ئیبراهیمی جاف, پیر فەتالی صەحنەیی, پیرتامازی کرمانی, پیرحاتەمی هەمەدانی, پیرخەلیلی موصڵی, پیرحەیدەری لوڕستانی,پیر مکایەڵی دەودانی, پیرمەحمودی بەغدادی, پیرنالی مۆردینی, پیرکازمی کەنگاوەری, پیرسلێمانی ئەردەڵانی, پیر مووسای میانەیی, پیر عیسای پساکانی, پیرئەحمەدی بەرساهی, پیرقابیلی سەمەرقەندی, پیر ماملی مایدەشتی, پیرشالیاری سێیەم, پیرسادقی مازندەرانی, پیرتەیووری هەورامانی, پیر ئیسماعیلیکۆلانی, پیر هەمزەی بیری شایی, پیر حسێنی ئەستەمووڵی, پیر فەیرۆزی هیندی, پیرقانوونی شامی, پیرنازدارخاتوونی شیرازی, پیربابا غەیبی هاواری, پیرروکنوددینی هەورامی, پیر تایەری ئەسپەهانی, پیرشەمسی عەلەمدار, پیرکەماڵی مامۆلانی, پیرڕاستگۆی قەرەداغی, پیرتەقی شاهۆیی, پیرنەڕە بالآمۆیی, پیرتاجوددینی فارس, پیرحسێنی کاشانی, پیرعەبدولعەزیزی بەسرایی, پیرخالقی ئەردەوێلی, پیرسلێمانی سیستانی, پیرعیسای شقاقی, پیرحەیدەری کەل مەیدانی, پیر ناسری بەختیاری, پیر جەعفەری کوردستانی, پیرئەلیاسی مۆریاسی, پیرهەیاسی مەغربی, پیرنیگادارتانی, پیرقەمەرسەراوقوماشی, پیررەحمەتی بەمبەیی, پیردانیالی دالەهۆیی, پیرسەفەری قەلاجەیی, پیرسوورەی هندلەیی, پیرنیعمەتی تەوەردار, پیردلاوەری دەرەشیشی, پیرحەیاتی ماچینی, پیرناری هەورامی, پیرنەریمانی شاهۆیی, پیرتەیاری خۆراسانی, پیرعینوانی کەعبەیی, پیرئەحمەدی گەنجەیی, پیرنادری قەرەپاپاقی, پیرمەحمودی لوڕستانی, پیرنەجموددینی پارسی, پیرنەقی تووکانی, پیرهاشمی رۆژی, پیرمێردی هۆردینی, پیرشەمسوددین, پیرعەزیزی هۆدانە, پیررۆستەمی سۆ.

(موزەفەرخانی رەزاو و مامۆستا محەممەدئەمین هەورامان)یش ناوی ئەم پیرانەیان هێناوە:

پیرمحەممەدی غەیبی, پیرشالیار, پیرصیاد, شالیارە سیاوە, پیرهەوتی, شێخ نیعمەتولا, پیر رۆحەلا, پیرنەدی, پیربابا, پیرمحەممەد, سەی محەممەد رۆسەم, پیرمحەممەد =باواخۆشێن, پیرقەلەندەر, پیرتەرجان, پیرژەنگەڵ, پیرسیاو, پیروەیسی, پیردانا, باواوەڵیاد, باواحەیران, پیرکۆمسایی, مەلاجارولا, خاڵێ خاتوون.

هەرچەند ئەمانەی لای مامۆستا هەورامانی هەندێکیان نازناوی پیریان نییە بەڵام لەناو پیرانی هەوراماندا باسیکردوون.

پاش ئەم چەند دێڕەی سەرەوە دێینە سەر باسی مێژووی ژیانی ژمارەیەك لەپیرەکان بەم شێوەی لای خوارەوە:

**پیرشالیاری یەکەم**: ئەو سەرچاوانەی باسیان لە مێژووی ژیانی پیرشالیار کردووە جیاوازی بەرچاو لە نێوانیاندا هەیە و لە خوارەوە دەمەتەقێیەکی ئەو سەرچاوانە دەخەینە پێشچاو:

1–لە دەستنووسی (سەرەنجام)دا نووسراوە پیر شالیاری یەکەم ناوی (خواداد کوڕی جاماسپی هەورامی)یە و لەسەدەی پینجەمی کۆچیدا لەهەورامان سەریهەڵداوە.

2–مامۆستا رەشید یاسمی لە کتێبی (کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او)دا نووسیویەتی: یەکێك لە موغانەکانی زەردەشت لەهەورامان بووە و ناوی (پیری شالیار) بووە, کتێبێکی لە شوێن بەجێماوە ناوی (ماریفەتو پیری شالیار)ـە کە بەشی زۆری ئامۆژگاری و قسەی نەستەقە.

3–موزەفەرخانی رەزاو لە دەستنووسی (پاسداران مرز ایران= تاریخ اورامان)دا کەبەزمانی فارسی نووسیویەتی: پیرشالیار ناوی (باوا مستەفا کوڕی باوا خوادا)یە و گەیشتۆتە پایەی بەرزی پێگەیشتن.

4–مامۆستای (محەممەد بەهائوددین مەلاصاحب) لە کتێبی پیرشالیاری زەردەشتیدا نووسیویەتی: پیرشالیاری زەردەشتی کوڕی جاماسپی هەورامییە و لەسەر دینی زەردەشت بووە.

5–دکتۆر صدیقی بۆرەکەیی لە کتێبی (مێژووی وێژەی کوردی –بەرگی دووەم–دا نووسیویەتی:پیرشالیاری یەکەم لەسەراوەردی شاخەکانی بەرزی هەورامانەوە سەریهەڵداوە, بیرە جوانەکەی ئاوێنەیەکە بۆ دەروێشانی خواپەرست و لەسەدەی پینجەمی کۆچیدا ژیاوە.

6–مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی لە دەستنووسی (مێژووی هەورامان)دا هەمان دەربڕینی دەستنووسەکەی (موزەفەرخان)ی خستۆتەڕوو.

7–هادی بەهمەنی لە کتێبی (پەیامی هەورامان)دا نووسیویەتی: پیرشالیاری یەکەم ناوی (خواداد جاماسب)ـە لەشاری هەوراماندا هاتۆتە دنیاوە و هەر لەوێش مردووە.

8–مامۆستا عەلائوددینی سەجادی لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی– چاپی دووەم–دا هەمان قسەکانی مامۆستا رەشید یاسەمی دووبارەکردۆتەوە.

هەر لەم بوارەدا باس لەوەدەکەین هەندێك لەم سەرچاوانەی ناومانهێنان ناوی دوو پیرشالیار و هەشیانە ناوی سێ پیرشالیاری هێناوە, بەڵام هەموو سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە پیرشالیاری یەکەم (دیندار, زانا, شاعیر و عارف) بووە, کتێبێکی لەشوێن بەجێماوە بەناوی (ماریفەتو پیشالیاری= ماریفەتی پیرشالیار).

لەسەر رۆشنایی هەندێك لەسەرچاوەکان (ماریفەتی پیرشالیار) بەشێوەزمانی هەورامی کۆن نووسراوەتەوە, وەك کتێبی (ئاوێستا) بەند بەندە و لای زەردەشتییەکان زۆر پیرۆزە, لە یەکێك لەبەندەکانیدا فەرموویەتی:

وەروێوە وارۆ وەروە وەرێنە      وەرێسە برێو چوار سەرێنە

کەرگێ سیاوە هێڵە چەرمێنە      گوشڵی مەمێریۆ دوە بەرێنە

دەربارەی ئەم شیعرە رازێکی دەماودەمی لە هەندێك لە ریشسپییەکانی هەورامانەوە هاتووە گوایا پیرشالیار پێشبینی سەرهەڵدانی دینی پیرۆزی ئیسلامی کردووە و لەم شیعرەدا مەبەستی ئەوە بووە, کە دینێك دێت هەموو دینەکانی پیش خۆی دەسڕێتەوە و پاش کۆچی دوایی رابەرەکەشی چوار خەلیفەکەی جێیدەگرنەوە,

هـەروەها چـۆن مریشـکی ڕەش هێلکـەی سـپی دەکـات پیغەمبـەر لـەناو قوڕەیشـییەکاندا هەڵدەکـەوێت, هـەموو مـرۆڤێکیش پـاش مردنـی یـان بەهەشـتییە یـاخود جەهـەنمی, بـەڵام مێـژوونووس (مـەردۆخ) لـە کتێبـی (تـاریخ مـردۆخ)دا نووسـیویەتی: لـەم شـیعرەدا پیرشـالیار داوای یـەکگرتن و یەکدەسـتی لـە هەورامییـەکان کـردووە و وتوویوتی ئەگـەر یـەکگرتوو نـەبن وەك بـەفر دەتوێنـەوە و وەك گوریسـێکتان لێدێت کە لـەکاتی پچڕانیدا دەبێت بەچوار بەشەوە[9].

لە بەندێکی تری (ماریفەت)دا پیرشالیار فەرموویەتی:

داران گیانداران جەرگ و دڵ بەرگەن            گاهـێ پڕبەرگـــن گاهـــێ بێبـــەرگـەن

کـەرگە جە هێلە و هێلـــە جەکـەرگەن            ڕەواس جە ڕەواس وەرگ جە وەرگەن

بەنیسـبەت ئـەم شیعرەشـەوە لێکدانـەوەی جیاجیـای بـۆکراوە و زۆربـەی لێکدانـەوەکانیش زیـاتر ڕواڵـەتین و وایانلێکداوەتەوە گوایا چۆن مرۆڤەکان دڵ و جگەریان هەیـە, دارو درەختـەکانیش دڵ و جگـەریان هەیـە کەگەڵا و ڕەگەکانیانن, وە مریشك لە هێلکەیە و هێلکەش لە مریشك پەیدا دەبێت , ڕێوی لە ڕێوی و گورگیش لە گۆرگە, (دکتـۆر صـدیقی بۆرەکـەیی)یش نووسـیویەتی: پیرشـالیار لـەم دوو بەیتییـەدا دەڵێـت: چـۆن درەخـت پێویسـتی بەڕەگ و ڕیشە هەیە, مرۆڤیش پێویستی بە خزم و یارمەتیدەر هەیە بۆ ئەوەی هەموویان پێکەوە بەکۆمـەڵ بـژین و ژیانێکی پڕ کامەرانی بەدەستبهێنن[10].

(هادی بەهمەنی)یش پێیوایە مەبەستی لەدارەکان هەورامییەکان بووە, بەوەی هەرچەندە تەلاتمی ژیان نەهامەتی بەسـەر هێنـابن بـەڵام لـە ڕووی دیـن و بـاوەڕەوە هـەر پڕبـەرگبوون, دیینـەکانیش وەك مرییشـك و هێلکـە وان و هەریەکێکن ئیتر بۆ دیینی موسایی و عیسایی و ئیسلام هاتن؟, دیینی زەردەشت کە سەردەمانێك باشبووە بۆ لە کاتێکی تردا دەردناخوات؟.

ئێمەش وای بۆدەچین مەبەستی پیرشالیار لەم شیعرەدا پرسیارێکی عیرفانی گەورەیە, بەوەی لە کاتێکدا ڕێوی لـە ڕێـوی و گـورگ لەگورگـە, ئـەی دەبێـت هێلکـە و مریشـك کامیـان بـەر لـەکامیان سـەریانهەڵدابێت و لێـرەوە ویستوویەتی باسێك لەگەشەکردنی ژیان بکات.

پیرشالیار زۆرجار پاش تەواوبوونی هەموو بەندێك لە فەرموودەکانی ئەم دێڕەی دووبارە کردۆتەوە:

هۆشت جەواتەی پیشالیـــار بۆ            گۆشت جە کیاستەی زانای‌سیماربۆ[11]

دەربـارەی ئـەم شـیعرە (مـەردۆخ) بـە پیشـت بەسـتن بـە کتێبـی (دبسـتان مـذاهب)ی (ئەحمـەد کـوڕی ئەبووبـەکر)

دەڵێـت: مەبەسـتی پیشـالیار لـە (زانـای سـیمار) زەردەشـتە, چـونکە نـاوبراو بـە (وەخسـوور سـیماری) ناویدەرکردووە[12].

لە هەندێك لەسەرچاوەکاندا تێکەڵاوی لەنێوان پیرشالیاری یەکەم و پیرشالیاری دووەمدا کراوە,

بەلاّم خوالێخۆشبوو (عەلائوددینی سەجادی) دەڵێت: پیرشالیاری یەکەم ئەو پیرشالیارە نەبووە کە هاوزەمانی (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) بووە و هاتۆتە سەردیینی ئیسلام[13].

بەوردبوونەوە لە سەرچاوەکان بۆماندەردەکەوێت کە پیرشالیاری دووەم لەنەوەی پیرشالیاری یەکەم بووە و پاش ئیسلامبوونی ناوی خۆی ناوە (مستەفای کوڕی خواداد) و دەستکاری کتێبی ماریفەتی کردووە و چەند بەندێکیشی لابردووە.

هەر لەم بوارەدا پێویستە باس لەوە بکەین هەندێك پێیانوایە چەند دێڕە شیعرێك کەبە شێوەزمانی هەورامی کۆن لەسەر پێستی ئاسك نووسراون و زیاتر لە سەد ساڵ لەمەوبەر لەئەشکەوتی (جێشانە)دا دۆزراونەتەوە شیعری (پیرشالیاری یەکەم)ن, بەلاّم هیچ سەرچاوەیەك لەبەردەستدا نییە راستی ئەو بۆچوونە بسەلمێنێت, شتێکی ئاشکرایە ئەم شیعرانە کۆنترین تێکستی شیعری کوردین و پێدەچێت خاوەنەکەیان لەترسی گیانی ناوی خۆی ئاشکرانەکردبێت, ئەمانەی خوارەوەش ئەو شیعرانەن:

هورمزگـــان رمان ئاتران کـــژان      وێشان شاردەوە گۆرە گۆرەکان

زۆرکـــاری ئارەب کردنە خاپور      گناو پاڵـــەیی هەتا شارەزوور

شـــەن و کەنیکا وەدیل بشینـــا      مـــەرد ئازا تلی وەڕووی هوینا

رەوشت زەڕدەشت مانۆ وەبێکەس      بزیکا نیکا هورمزد وەهیچ کەس[14]


www.pertwk.com

شیعرەکان دەڵێن: پەرستگاکانی هورمزد رووخێنران و ئاگری ئاتەشگەکان کوژانەوە, گەورە گەورەکان مەبەستی لە (سەردارەکان, موغەکان, پیاوماقووڵەکان) خۆیان شاردەوە و عەرەبە زۆردارەکان هەر لەم لاپالآنەوە هەتاکو شارەزوور هەموویان خاپوورکرد, ژنان و کچان بەدیل گیران و پیاوە ئازاکان لەخوێنی خۆیان گەوزان, رەوشت و دینی زەردەشت بەبێکەس دەمێنێتەوە و (هورمزد= ئاهورامەزدا) بەزەیی بەکەسدا نەهاتەوە.

لە بەندێکی تردا پیرشالیار فەرموویەتی:

یاران جە رێواس یاران جە رێــواس  پادشام پەیدا بی جەدانەی رێواس

مەشیە و مەشیانە بەرئامان جە واس  پــــەری ئازمایــی مــیردان رەواس

ئــەم شــیعرانەی پیرشــالیار بــاس لەوەدەکــەن گوایــا (شاخۆشــێن) لەدانــەی رێــواس درووســتبووە, بــاوەڕی درووســتبوونی مــرۆڤ لــە گــژ وگیــا لــەناو دینــەکانی (هیندۆســی, مــانیی) و تەنانــەت لای زەردەشــتییەکانیش بەرچاودەکەوێت.

هەر لەباسکردنی پیرشالیاری یەکەمدا پێویستە قسە دەربارەی جەژنی پیرشالیار بکەین, ڕێوڕەسمی جەژنی پیرشالیار هەر لەسەردەمی ژیانی خۆیەوە تا ئێستا ساڵانە لەو گوندەی مەزاری پیشالیاری لێیە و پێیدەوترێت (شاری هەورامان) بەڕێوەدەچێت, دانیشتوانی ئەو شوێنە هەر کەسێکیان نیازی خێری پیرشالیاری کردبێت بە پێی توانای خۆیان (گیسك, بەرخ, گوێرەکە) دەبەن و دەیاندەنە دەست زیرگەوانەکانی مەرقەدی پیرشالیار, ئەو ئاژەڵانە لەسەر جاڕەلۆی تایبەتی پیرشالیار دەلەوەڕێنرێن, (35) رۆژ زستانی بمێنێت ڕێوڕەسمی جەژن بۆ

ماوەی سێ ڕۆژ بەڕێوەدەچێت, بەڵام هەمیشە ئەوە بەهەند وەردەگرن کە جەژن بکەوێتە (چوارشەممە, پێنجشەممە, هەینی), ڕۆژێك پیش دەستپێکردنی جەژن گوێزی باخی پیرشالیار بەشدەکرێنەوە, ئەو باخە دەکەوێتە شوێنێك پێیدەوترێت (ملە مارفا), بەشکردنەوەی گوێز ئاگادارکردنەوەی خەڵکە بەوەی سبەینێ جەژن دەستپێدەکات, منداڵەکانیش سەرلەبەیانی چوارشەممە بەکۆڵانەکاندا دەگەڕێن و بەدەنگی بەرز هاواردەکەن ( کلاوڕۆچنە) ماڵەکانیش هەرچی لەبەردەستیاندابێت لە (گوێز, مێووژ, هەنجیری وشك) بێبەشیانناکەن, ئەو ئاژەلانەی کە بۆ خێری پیرشالیار لای زیرگەوانەکان لەوەڕێنراون هەموویان ئامادەدەکرێن و یەکێك لەنەوەی (هاڵیشا) هەموویان سەردەبڕێت, (هاڵیشا) ئەو کەسەیە کە بۆیەکەمجار لەژیانی پیرشالیاردا ئاژەڵی خێری سەربڕیوە, ئەوەی ئاژەڵەکان سەردەبڕێت بۆخۆی سیوجگەرێك دەباتەوە و گۆشتەکەش بەسەر ماڵەکاندا دابەشدەکرێت, هەر تیرەیەك پێشینەکانیان لەسەردەمی پیرشالیاردا چە جۆرە گۆشتێکیان بردبێت ئێستاش نەوەکانیان هەمان جۆری گۆشتیان دەدرێتێ.

بڕوێشك لەهەموو ماڵەکان کۆدەکرێتەوە و بۆ سەر لەئێوارەی پێنجشەممە زیرگەوانەکان دەگەڕێن بەماڵەکاندا و مەنجەڵی گەورە کۆدەکەنەوە, نیوەی بڕوێشکەکە لێدەنێن و هەموو ماڵێك منداڵ دەنێرن بۆ ئەوەی بەشی خۆیان چێشتی بڕوێشك ببەنەوە, بۆ شەوی هەینیش نیوەکەی تری بڕوێشکەکە لێدەنێن و هەموو پیاوەکانی گوند لە ماڵەکەی پیرشالیاردا کۆدەبنەوە, ئەو ماڵە هەموو ساڵێك تەنها ئەو سێ ڕۆژەکی جەژن دەرگای دەکرێتەوە, ئەوانەی کۆبوونەتەوە سەرەتا بەدووریز و بەنۆرە هەڵپەرکێیەك دەکەن کە تێکەڵاوە بە جۆرێك لە

(زیکر وتەلیله)، پاشان دادەنیشن و ناندەخۆن، پاش نانخواردن زیرگەوانەکان لەو بەردەی پێیدەڵێن (کۆمسا[15]) و لە نزیك گۆڕی پیرەوەیە موفەرك بەسەر ئامادەبوواندا بەشدەکەنەوە.

خەڵکی شاری هەورامان هەموو ساڵێك پاش ئەوەی (45) رۆژ لەبەهار دەڕوات و بەرلەوەی بەشێوەیەکی کاتی کۆچبکەنە هەوارگەکانی هاوینیان، جارێکی تر لەسەر گۆڕی پیرشالیار کۆدەبنەوە و پێکەوە نانێك دەخۆن، پاش ئەوەی داوای سەرکەوتنی لێدەکەن ئەوسا بەرەو هەوارگەکانیان دەکەونەرێ.

پێویستە لێرەدا باس لەوە بکەین (موزەفەرخان) لە دەستنووسی (پاسداران مرز ایران= تاریخ اورامان)دا ناوی جەژنی پیرشالیاری بە (شایی پیشالیار) هێناوە و لەو بارەوە رازێکی ئەفسووناوی باسکردووە، رازەکە کەمێك درێژە و گێڕانەوەی بەپێویست نازانین، تەنها ئەوەندەی دەخەینە پێشچاو گوایا کچێکی (شاعەباسی صەفەوی) بەناوی (جیهان ئارا) شێتبووە و بەمەبەستی چاکبوونەوەی لەگەڵ وەزیرێکی شادا رێیانکەوتۆتە هەورامان، پاش ئەوەی لەسایەی هیمەتی پیرشالیاردا چاکبۆتەوە هەرلە هەورامان مێردیپێکردووە، رۆژی گواستنەوەی شازادە بۆ ماڵی پیرشالیار هەورامییەکان شاییانگێڕاوە و خواردنی شاییەکەش بریتیبووە لە (بڕوێشك و گۆشت بەترشی هەنارەوە)، گوایا یادی ئەو رۆژەیە تا ئێستاش ساڵانە لەلایەن هەورامییەکانەوە یاددەکرێتەوە[16].

پاش ئەوەی شتێکمان دەربارەی جەژنی پیرشالیار باسکرد، لە خوارەوە چەند خاڵێك دەخەینەڕوو ئینجا رایەك لەسەر ئەم جەژنە دەردەبڕین.

1-جـەژنی پیرشـالیار پەیوەندییـەکی لەگـەڵ جـەژنی نـەورۆزدا هەیـە, بـەوەی ڕۆژی نـەورۆز ئاژەڵـەکانی خێـری پیرشالیار دەدرێنە دەست زیرگەوانەکان و هەڵبـژاردنی ئـەو ڕۆژە بـۆ ئـەوکارە بەڕێکـەوت نـەبووە بـەڵکو بـەپیرۆز ڕاگرتنی ڕۆژەکەیە.

2-هەمیشە ڕەچاوی ئەوەدەکرێت جەژن لەچوارشەممەوە دەستپێبکات, شتێکی ئاشکراشە چوارشەممە ڕۆژێکی پیرۆزە لای زەردەشتییەکان.

3-بەشێك لە ڕێوڕەسمی جەژنەکە هەڵپەڕکێیە, شتێکی ئاشکرایە لەناو هیچ جەژنێکی تـر لەجەژنـە دینییـەکانی موسڵماناندا بۆنموونە (جەژنی ڕەمەزان, جەژنی قوربان, جەژنی لەدایکبوونی پێغەمبەر د.خ) هەڵپەڕکێیەکی لـەم جۆرەیان تێدا نییە.

4-لـەناو هیچکام لەنەتـەوە و خێڵە موسـڵمانەکاندا جەژنێکی لـەم چەشـنە نییـە و تایبەتـە بەناوچـەیەکی دیـاری کوردەوارییەوە کە ناوچەی هەورامانە.

لێرەوە دەتوانین بڵێین (جەژنی پیرشالیار) جەژنێکی کوردییە و ئەو شێوازە (تەلیلـە)یـەش کـە بـۆن و بەرامەیـەکی ئیسـلامی هەیـە وتێکـەڵی هەڵپەڕکێکـەی بـووە, لەسـەردەمی پیرشـالیاری دووەمـدا هاتۆتـە نـاو ڕێـوڕەسمی جەژنەکەوە, ناوبراو ئیسلامبوونی خۆی ڕاگەیانـدووە و پـاش ئیسـلامبوونی نـاوی خـۆی نـاوە (مسـتەفا کـوڕی خواداد) و دەستکاری چەند بەندێکی ماریفەتی کردووە[17].

**پیر محەممەدی غەیبی:**

بەپێی دەستنوویی (پاسداران مرز ایران) و دەستنووسی (مێژووی هەورامان), ئەم زاتە یەکێك بووە لە پیرەکان و خاوەن تەکیە و خانەقای رێوڕەچەی قادری بووە لەهەوراماندا و لەسەر ئەو رێو ڕەچەیە ئیرشادیکردووە, لەبەر ئەوەش ناونراوە (پیر محەممەدی غەیبی) چونکە گۆڕی نییە, لەو دوو سەرچاوەدا و لەباسوخواسی ئەم پیرەدا دوو راز خراونەتەڕوو, رازی یەکەمیان پەیوەستە بە زینـدانیکردن و ئـازادکردنی (پیر محەممەد و باوە خوادادی ئامۆزای) لەلایەن (بەکری سوور)ی حوکمڕانی ئەو دەمەی شارەزوورەوە, بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانبێت رازی دووەمیانە کە دەڵێت: پاش ئەوەی (پیر محەممەد و باوا خوداد) لە زینـدانی (بەکراوا) ئـازادکراون رێگەی گەڕانەوەیان بەرە و هەورامان گرتۆتەبەر و نزێك عەسر گەیشتوونەتە نێوان هەردوو گونـدی (هانەگەرمڵە و کەیمنە), بەمەبستی نوێژکردن لەو شوێنە لایانداوە و پاش نوێژکردن و کەمێك پشوودان, (پیرمحەممەد) بە (باوا خواداد)ی وتووە: هەتا دەچینەوە ماڵەوە ژنەکەی من و ژنەکەی تۆش هەریەکە و کوڕێکیان بووە, هینەکەی تۆ (باوا مستەفا) دەبێت و ئەوەی منیش (باوامحەممەد), پاش ئەم گفتوگۆیە (پیر محەممەد) خۆیکردووە بەژێر خەرقەکەیدا و خەریکی وێردکردنبووە, پاش ئەوەی ماوەیەکی پێچووە (باوا خواداد) وایزانیوە خەویلێکەوتووە, پاش ماوەیەك بۆ ئەوەی درەنگیان پێنەبێت لێینزیکبۆتەوە و خەرقەکەی بەسەریەوە لابردووە, سەیریکردووە هیچی لەژێردا نییە, کاتێك گەیشتۆتەوە ماڵەوە رازەکەی بۆ خەڵکەکە گێڕاوەتەوە, وتوویەتی گوایا (پیرمحەممەد) غەیبی بووەتەوە و ئیتر خەڵکی ناوچەکە بە (پیرمحەممەدی غەیبی) ناویانهێناوە[18].

**شالیارە سیاوە= شالیارە رەشە :**

ئـەو سەرچـاوانەی باسـیان لـە مێـژووی ژیـانی ئـەم پیرەکـردووە شـتێکی وایـان نەنووسـیوە, تـەنها باسـیان لەوەکردووە کە ناوبراو ناوی (حەیدەر) و لە شازادەکانی هیندستان بووە, جارێکیان بە (پیرشالیار)ی وتووە ئەگەر من لەلای خوارووی خاك و پای تۆوە بخرێمە گۆڕەوە چیم بۆ دەبێت؟ ئەویش لە وەڵامدا وتوویەتی: من ئومێدەکەم تەمەنت درێژبێت, کاتێك (شالیارە سیاوە) مردووە (پیرشالیار) فەرموویەتی: پێویستە هەرکەسێك بەتوانای خۆی (گێتە مەژگێ= کولێرە بەکاکڵە گوێزەوە) ببات و لەسەر گۆڕەکەی دابەشیانبکات, ئەو کارە لەوسەردەمەوە تا ئێستا ساڵانە لەکاتی خۆیدا یاددەکرێتەوە و خەڵکی ناوچەکەش پێیدەڵێن (تۆشە= توێشوو)[19].

**پیر تەیمووری هەورامی:**

لەسەر رۆشنایی کتێبی (سەرەنجام) ئەم زاتە یەکێکە لە حەفتاو دووپیرە, لەیارانی تایبەتی (سان سەهاکی بەرزنجی= سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی)یە و لەسەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە.

(دکتۆر صدیقی بۆرەکەیی)ش بەپشتبەستن بە (یاداشتەکانی کرندی) نووسیویەتی: (پیر تەیمووری هەورامی) لە دوادوایی سەدەی حەوتەمی کۆچیدا لەدایکبووە, هەرلەمنداڵییەوە خراوەتەبەرخوێندن وبەفەقێیەتی لای زانایانی ئەو سەردەمە فێری لێکدانەوەی قورئان بووە, دواجار چۆتە (بەغداد) و لەوێ خوێندنی تەواوکردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی, پاش ماوەیەك چۆتە (گوندی شێخان) و چەند ساڵێك لای (سان سەهاکی بەرزنجی) ماوەتەوە و خەرقەی لێوەرگرتووە, پاشان بەرەو (شاری موصڵ) کەوتۆتەڕی و پاشماوەی ژیانی لەو شارەدا بە وانە وتنەوە و رێنمایکردنی خەڵکەوە بردۆتەسەر.

پیر تەیموور شاعیرێکی تەڕدەست بووە و چەند پاچە شیعرێکی هۆنیوەتەوە و ئەم چەند دێڕەش نموونەیەکن لە شیعرەکانی[20]:

ئەو شـــارەزووری, ئەو شـــارەزووری بارگەی شام وستەن ئەو شارەزووری

مێردان جەم بوان گرد وەروو سووری بگەندی وەشوون پـیر وە صـــەبووری

ها هـــەفتەوانەن شەمع و قـــەندووری ســـکەی قەدیمـــەن والاّ مەنـــدووری

ئـەم شیعرە پیاهەڵدانـە بـە (سـان سـەهاکی بـەرزنجی)داو دەڵێـت: بارگـەی شـام لـە شـارەزوور دابـەزیوە و یـاران هـەمووتان بـە رووسـوورییەوە کۆببنـەوە و بکەونـە شـوێن پـیر, ئـەوا حەوتەوانـە وەکـو مـۆم تیشـدەدەنەوە و وەك دراوی کۆن باو برەویان هەیە.

پیر تەیمووری هەورامی ساڵی (782ك=1380ز) کۆچی دواییکردووە و هەر لە (موصلّ) بەخاکسپێردراوە.

**پیر ناری هەورامی:**

لەسەر رۆشنایی (سەرەنجام) ئەم زاتـە یەکێکـە لـە حـەفتاو دووپیرە و لـە یـارانی سـان سـەهاکی بـەرزنجی بـووە و لەسـەدەی هەشـتەمی کۆچیدا ژیـاوە, لەهەورامانـدا لـە دایکبـووە و هـەر لـەوێش خوێندوویـەتی و پێگەیشـتووە, پاشان چۆتە گوندی شێخان لەخزمەتی (سـان سـەهاکی بـەرزنجی)دا ماوەتـەوە هـەتاکو خەرقـەی لێوەرگرتـووە, پاشان خۆی تەرخانکردووە بۆ رێنمایی خەڵکی ناوچەکە.

(د. صدیقی بۆرەکەیش ) لە مێژووی وێژەی کوردی –بەرگی دووەم)دا نووسیویەتی: لە (پیر ناری)یەوە گەلێك هۆنراوە بە یادگار ماونەتەوە کە زۆر شیرین و رەوانن, ئەمەش نموونەیەکە لێیان:

یاران مزگانی شام نە کۆی میــرەن      مـیرم نۆشــزادەن سەرمایەی خێرەن

شاهم شاپوورەن پوور ئەردەشێرەن      پەرێ دوژمنــان چون وەچکە شێرەن

میرش سەنجنی وە چەشمەی یاری      نەبـەرەش ئــۆرمزد ویــش دا دیاری

ئەم شیعرانەی پیر ناری لە رووی روالەتەوە گێرانەوەیەکی چیرۆکێکی شانامەیە کە باس لەوەدەکات (شاپووری یەکەم کوڕی ئەردەشێری ساسانی) رۆژێك چووە بۆ راو, لەناو باخچێکدا چاویکەوتووە بەکچێك لەبیرێکدا بە دۆلکەیــەکی زۆر قــورس ئـاوی هەڵکێشــاوە کەچــەند پیــاو نــەیانتوانیوە ئــەو کــارە ئەنجامبــدەن, شــاپوور کەچاوپیێکەوتووە زانیویـەتی کچی میرێکـە لـە دوژمنـانی بـاوکی و لـە جەنگێکدا زۆربـەی پیـاوانی بنەماڵەکـەی کوژراون, لەگەڵ ئەوەشدا حەزیلێکردووە و خواستوویەتی, پاشان کوڕێکی لێبووە ناوی ناوە (هورمز).

ئەگەر بەوردی لـەم شیعرانە وردببینـەوە بۆمـان دەردەکـەوێت مەبەست لێیـان تـەنها گێڕانـەوەی چیرۆکەکە نییـە, بـەڵکو شـوبهاندنی پایـە و دەسـەڵاتی (سـان سـەهاك)ــە بە پایـە و دەسـەڵاتی پاڵـەوانی چیرۆکەکە و پیاهەڵدان و گەورەکردنێکی ئەو زاتەیە, ئەو پیاهەڵدان و گەورەکردنـەش لـە گـەورەیی پەیوەنـدی رۆحـی (پیر نـاری) بـە سـان سەهاکەوە سەرچاوەیگرتووە.

**پیر بابا غەیبی هاواری:**

لەسەر رۆشنایی (سەرەنجام) لە دوادوای سەدەی حەوتەمی کۆچیی لە( گوندی هاوار) لە دایکبووە و یەکێکە لە حەفتاودووپیرە و لە یارانی (سان سەهاکی بەرزنجی) بووە, لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا کۆچی دواییکردووە.

**پیر محەممەد= باواخۆشین= سەی ئەڵوەندی**

لەسەر رۆشنایی دەستنووسی مێژووی هەورامان, ئەم زاتە لەنەوەی باباتایەری هەمەدانی و لەگوندێکی دامێنی (چیای ئەڵوەند)دا نیشتەجێبووە, لەخەویدا بە خزمەتی (پیرشالیار) گەیشتووە و پاش خەوەکەی بەرەو هەورامان کەوتۆتەڕێ هەتا گەیشتۆتە (گوندی سلێن), چەند کەسێکیش لەگەڵ (پیرشالیار) چوون بەپیرییەوە هەتاکو (دووتفڵە)ی بەرامبەر شاری هەورامان و بەرێزەوە پێشوازییانلێکردووە, ماوەیەك لە شاری هەورامان لە خزمەتی (پیرشالیار)دا ماوەتەوە, پاشان داوایلێکردووە جێگایەکی بۆ دیاریبکات بۆ ئەوەی خۆی بەئادابی گۆشەگیرییەوە خەریکبکات, (پیرشالیار)یش بڕیاریداوە بە هاوین لە (شلێران) و بە زستان لە (وەیساوا) نیشتەجێببێت.

پیر محەممەد لەگەڵ ئەوەدا کەسێکی دیندار و زانا بووە, شارەزاییەکی باشی هەبووە لە پزیشکیدا, بۆ چارەسەری نەخۆشییە جۆراو جۆرەکان داودەرمانی نواندووە[21].

[1] – مەبەستی لە هورمزد (ئاهورامەزدا)یە کە خوای زەردەشتییەکانە.

[2]– بڕوانە کتێبی (پیشالیاری زەردەشتی) –بەشی یەکەم– لاپەڕە (5) –نووسینی محەممەد بەهائوددین مەلا صاحب ناسراو بەدانای هەورامی.

[3]– بڕوانە کتێبی (مێژووی ویژەی کوردی –بەرگی یەکەم– لاپەڕە (159)– نووسینی دکتۆر صدیقی بۆرەکەیی.
3– بڕوانە دەستنووسی (پاسداران مرز ایران= تاریخ اورامان) نووسینی موزەفەرخانی ڕەزاو
4– بڕوانە دەستنووسی (مێژووی هەورامان)– بەشی دووەم– پیرانی هەورامانی تەخت– لاپەڕە (1)– نووسینی (مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی).

[6]–بڕوانە کتێبی پەیامی هەورامان –چاپی یەکەم– لاپەڕە (407)– نووسینی (هادی بەهمەنی).
[7]– بەبڕوای ئێمە ئەو هەموو ڕازە ئەفسووناوییانەی لە مێژووی ژیانی هەندێك لەپیرەکاندان, بەدەستی مەبەست ئاخنراونەتە ناو دووتوێی ئەو (مێژوو)وە و بۆ ئەوە بووە ڕۆشنایی نەخرێتە سەر ئەو هەموو زانست و عیرفانەی کە هەیانبووە. (نووسەر)
[8]– لەبارەی باوەڕی هەورامییەکان بەپیرەکانیان دەگێڕنەوە ڕۆژێك کۆمەڵێك لەهەورامییەکان دانیشتوون و باسی پیشینەی خۆیان کردووە, یەکێکیان بەریشسپییەکی تەمەن بەساڵاچووی وتووە: (ئەری مامۆ قوورونی قەدیما یان ماریفەتو پیری بەمانای ئەرێ مامە قورئان کۆنە یان ماریفەتی پیرشالیار), ئەویش لەوەڵامدا وتوویەتی: (ماریفەتوپیشالیاری فرە قەدیما قوروٚنی هیزی وپەرێ گوشایشە کوری ئاوردەن پێوریە, بەمانای ماریفەتی پیرشالیار زۆر کۆنە قورئان دوێنی و پێرێ گوشایشە کوێر هێناویەتی بەم ناوەدا), لێرەدا پێویستە باس لەوە بکەین مەبەستی مامە پیرەی هەورامی لە گوشایشەکوێر (مەولانا گوشایشی کوری پیر محەممەدی هەورامی)یە, کە ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لەبانگهێشتکردنی خەڵکی ناوچەی هەورامان بۆسەردینی ئیسلام و دوورخستنەوەیان لە دینی زەردەشتی), ناوبراو باپیرە گەورەی هەموو بنەماڵە شێخەکانی (دەگاشێخان, تەختەیی, قزلباڵغی, هەزارکانیان, سنە, ناوچەی قەرەداغ, دەورووبەری سلێمانی)یە, ساڵی (873ك= 1498ز) کۆچی دواییکردووە.
[9]–بڕوانە (تاریخ مردوخ) لاپەڕە (124) نووسینی (ئایەتولا مەردۆخ).
[10]–بڕوانە (مێژووی وێژەی کوردی) بەرگی دووەم– لاپەڕە (111)– نووسینی (د. صدیقی بۆرەکەیی).
[11]– بڕوانە (پیشالیاری زەردەشتی) لاپەڕە (7) نووسینی (محەممەد بەهائوددین مەلا صاحب).
[12]– بڕوانە (دبستان المذاهب) لاپەڕە (10) نووسینی (ئەحمەد کوڕی ئەبوبەکر).
[13]– بڕوانە (مێژووی ئەدەبی کوردی– چاپی دووەم– لاپەڕە (153) نووسینی (عەلائوددینی سەجادی).
[14]– ئەم چەند دێڕە شیعرە باس لەو هێرشەدەکەن کە لەشکرێکی (5000) کەسی موسڵمانان ساڵی (18ك=639 ز) بەفەرماندەیی (ئەبو عوبێدەی ئەنصار و عەبدوڵای کوڕی عومەر) کردوویانەتە سەر هەندێك شوێنی هەورامان, لەئەنجامی ئەو هێرشەدا (ئەبو عوبەیدە) کوژراوە و لە خوار گوندی عەبابەیلێی ئێستاوە بەخاکسپێردراوە, دیارە ناوی ئەو گوندە لە ناوی (ئەبو عوبەیدە)وە هاتووە, هەندێك کەس بەبێئاگایی دەڵێن (ئەبو عوبەیدەی جەڕاح), بەڵام سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوەدەکەن کە (ئەبو عوبەیدەی جەڕاح) لە وڵاتی شامدا بە نەخۆشی کۆچی دواییکردووە, بەهەرحاڵ دەوترێت لەشکری ئیسلام لەو جەنگ و لەشکرکێشییەدا توانیویانە هەتاکو (پاوە) بڕۆن و ئەو حاڵەتەی کە ئەم شیعرانەی تێدا وتراوە لەو شارەدا ڕوویداوە, لەسەرچاوەکاندا هەندێك جیاوازی لەچەند وشەیەکی ئەم شیعرانەدا هەیە, بۆ نموونە (گناو پاڵەیی) بە (گنا ئی پاڵە) و (مانۆوە بێکەس) بە (مانۆوە بێدەس) نووسراون, بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە هەر یەك مانایان هەیە.
[15]– دەربارەی بەردی کۆمسا دەڵێن ئەم بەردە هەرچەندە ساڵانە لێیدەشکێنن بەڵام بۆ جەژنی ئاییندە وەکو خۆی لێدێتەوە.
[16]–بڕوانە دەستنووسی (پاسداران مرز ایران= تاریخ اورامان) لاپەڕە (31) نووسینی (موزەفەرخان ڕەزاو).
[17]– بڕوانە (پیشالیاری زەردەشتی) لاپەڕە (13) نووسینی (محەممەد بەهائوددین مەلا صاحب).
[18]–بڕوانە دەستنووسی (پاسداران مرز ایران= تاریخ اورامان) لاپەڕە (20هەتا 24) نووسینی (موزەفەرخانی ڕەزاو), دەستنووسی (مێژووی هەورامان) بەشی یەکەم پیرانی هەورامانی تەخت لاپەڕە (3هەتا 6) نووسینی (محەممەد ئەمین هەورامانی).
[19]–بڕوانە هەمان سەرچاوەکانی پێشوو.
[20]–بڕوانە مێژووی وێژەی کوردی –بەرگی دووەم– لاپەڕە (269, 270) نووسینی (د. صدیقی بۆرەکەیی).

[21]– بروانە دەستنووسی (پاسداران مرز ایران= تاریخ اورامان) لاپەڕە (35) نووسینی (موزەفەرخانی ڕەزاو).

## بابەتی (2)

## پیرەکانی هەورامان

لەچەند سەرچاوەیەکدا باسی پیرەکان کراوە و چەندین قسەوباس دەربارەیان خراونەتەڕوو, لێرەدا سەرەتا ئاماژەیەکی خێرا دەدەین بە نووسینی هەندێك لەو سەرچاوانە و پاشان ئاوڕێك لە مێژووی ژیانی ژمارەیەك لە پیرەکان دەدەینەوە.

1–(مامۆستای خوالێخۆشبوو محەممەد بەهائوددین مەلا صاحب ناسراو بەدانای هەورامی) لەکتێبی پیشالیاری زەردەشتیدا نووسیویەتی: پەرستنی (هورمزد[1]) هەر پیاوە ئاینییە بەناوبانگەکان لەسەریان بووە بەو پیاوە ئاینییانەیان وتووە (پیر), ئەم پیرانەش زۆرن وەك دەڵێن (99) پیرەی هەورامان[2].

2–(مامۆستا صدیقی بۆرەکەیی) لە کتێبی مێژووی وێژەی کوردی – بەرگی یەکەم–دا ناوی ژمارەیەك لە پیرەکانی هەورامان و شاهۆی هێناوە و چەردەیەك لە ژیاننامە و شیعرەکانیانی خسئۆتە ڕوو, هەر لەهەمان سەرچاوە و لەباسی (سان سەهاکی بەرزنجی)دا باسی لەوەکردووە کە (72) پیرە و (99) پیرەی شاهۆ هەموویان یار و لایەنگری ناوبراو و پیری ڕێوڕەچەی (یارسان= کاکەیی) بوون[3].

3–(موزەفەرخانی ڕەزاو) لە دەستنووسی (پاسداران مرز ایران=تاریخ اورامان)دا کەبە زمانی فارسی نووسراوەتەوە دەڵێت: دەگێڕنەوە (99) پیر لەهەوراماندا هەبوون, ئەوانەش دونیایان خستۆتە لاوە و سەراپای ژیانیان بۆ خواپەرستی تەرخانکردووە, هەندێك لە گفتوگۆی ئەوان کەبەشێوە زمانی هەورامانی کۆن گفتوگۆیانکردووە پێیوتراوە (ماریفەت)[4].

4–(مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی) لە دەستنووسی مێژووی هەوراماندا نووسیویەتی: دەنگوباس وەهایە کە (99)پیر لەهەوراماندا بوون و هەندێکیان لە کۆنی کۆنەوە هەبوون, هەندێکی دیکەشیان لەسەردەمی سانە کۆنەکانی هەوراماندا ژیاون, بەمەبەستی پاککردنەوەی ڕۆحیان هەمیشە چلەیان کێشاوە, لێرەدا پێویستە باس لەوەبکەین ئەم نووسینە لەهەمان دەستنووسەکەی (موزەفەر خان)ـەوە وەرگیراوە[5].

5–لە دەفتەرە پیرۆزەکانی هەڵگرانی (ڕێوڕەچەی یارسان= کاکەیی) وەك (سەرەنجام, بارگە بارگە, یاداشتەکانی قرندی) دا باس لە مێژووی ژیانی پیرەکان کراوە و هەندێك لەبەرهەمە شیعریەکانیان نووسراونەتەوە, هاوکات ئەوە خراوەتە ڕوو کەزۆربەیان یاری (سان سەهاکی بەرزنجی) بوون و لە سەدەکانی حەوتەم و هە\شتەمی کۆچیدا ژیاون.

6–(هادی بەهمەنی) لە کتێبی پەیامی هەوراماندا نووسیویەتی: لە هەوراماندا (99) کەسی دینی هەبوون, لە جیاتی موغ و پێشەوای دینی زەردەشتی پێیانوتوون (پیر), هەر کۆمەڵێکیان یەکێك رابەریان بووە پێیوتراوە (پیرشالیار) بەمانی (شالیاری پیرەکان= وەزیری پیرەکان)[6]

7–رازە دەماو دەمییەکانی خەڵکی ناوچەکەش هەموویان باس لە پایەی دینی و کۆمەڵایەتی پیرەکان دەکەن, سەدان سەرگوزەشتەی سەیر و سەمەرە و شتی ئەفسانەیی[7] دەربارەیان دەگێڕنەوە و هەندێکجار ئەوەندە گەورەیاندەکەن پایەیان دەگەیەننە پایەی پێغەمبەرەکان, دیارە ئەوەش لە قەناعەتی کەڵەکەبووی چەندین ساڵەی نەوە یەك لەدوای یەکەکانیانەوە هاتووە بەو زاتانە[8].

لێرەدا و بەرلەوەی بچینە ناو باسی مێژووی ژیانی ژمارەیەك لە پیرەكان باس لەوە دەكەین: (مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی) بەپشتبەستن بە دووسەرچاوەی دەستنووس, یەكەمیان بەناوی (پاسداران مرز ایران= تاریخ اورامان) لە نووسینی (موزەفەرخانی ڕەزاو) و دووەمیشیان كە خۆی ناویناوە دەستنووسی (شین) گوایا خاوەنەكەی قایلنەبووە ناوی بهێنێت, ناوی چەند پیرێك و شتێك لە مێژووی ژیانی ژمارەیەكیانی خستۆتەڕوو, (د. صدیقی بۆرەكەیی)ش بەپشتبەستن بە دەستنووسە پیرۆزەكانی (ڕێوڕەچەی یارسان), لە كتێبی (مێژووی وێژەی كوردی_ بەرگی یەكەم)دا وەك پێشتر ئاماژەمانپێدا چەردەیەك لە مێژووی ژیان و بەرهەمی شیعری ژمارەیەك لە پیرەكانی خستۆتەڕوو, بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە تەنها ناوی (پیرشالیار) لە هەردوو كتێبەكەدا دووبارە بۆتەوە و بەدەر لەوە یەك ناوی تریان لەیەكناچن.

هەر لێرەدا پێویستە ناوی پیرەكان لای (دوكتۆر صدیقی بۆرەكەیی) وبەهەمان شێوە ناویان لای (مامۆستا محەممەدئەمین هەورامی) بهێنین.

دكتۆر بۆرەكەیی ناوی ئەم پیرانەی هێناوە:

پیرشالیاری یەكەم, پیرحەیدەری لوڕستانی, پیرئەحمەدی كەركووكی, پیر بنیامینی شاهۆیی, پیرمووسای شامی, پیرقوبادی دێوانە, پیرمحەممەدی شارەزووری, پیر ئەحمەدی لوڕستانی, پیرمالكی گۆران, پیر مەنسووری شوشتەری, پیر ئیبراهیمی جاف, پیر فەتالی صەحنەیی, پیرتامازی كرمانی, پیرحاتەمی هەمەدانی, پیرخەلیلی موصڵی, پیرحەیدەری لوڕستانی,پیر مكایەڵی دەودانی, پیرمەحمودی بەغدادی, پیرنالی مۆردینی, پیركازمی كەنگاوەری, پیرسلێمانی ئەردەڵانی, پیر مووسای میانەیی, پیر عیسای پساكانی, پیرئەحمەدی بەرساهی, پیرقابیلی سەمەرقەندی, پیر مامڵی مایدەشتی, پیرشالیاری سێیەم, پیرسادقی مازندەرانی, پیرتەیموری هەورامانی, پیر ئیسماعیلیكۆلانی, پیر هەمزەی بیری شایی, پیر حسێنی ئەستەموولی, پیر فەیرۆزی هیندی, پیرقانوونی شامی, پیرنازدارخاتوونی شیرازی, پیربابا غەیبی هاواری, پیروكنوددینی هەورامی, پیر تایەری ئەسپەهانی, پیرشەمسی عەلەمدار, پیركەماڵی مامۆلانی, پیرڕاستگۆی قەرەداغی, پیرتەقی شاهۆیی, پیرنەڕە باڵامۆیی, پیرتاجوددینی فارس, پیرحسێنی كاشانی, پیرعەبدولعەزیزی بەسرایی, پیرخالقی ئەردەوێڵی, پیرسلێمانی سیستانی, پیرعیسای شقاقی, پیرحەیدەری كەل مەیدانی, پیر ناسری بەختیاری, پیر جەعفەری كوردستانی, پیرئەلیاسی مۆریاسی, پیرهەیاسی مەغربی, پیرنیگادارتانی, پیرقەمەرسەراوقوماشی, پیرەحمەتی بەمبەیی, پیردانیالی داڵەهۆیی, پیرسەفەری قەڵاجەیی, پیرسوورەی هندلەیی, پیرنیعمەتی تەوەردار, پیردلاوەری دەرەشیشی, پیرحەیاتی ماچینی, پیرناری هەورامی, پیرنەریمانی شاهۆیی, پیرتەیاری خۆراسانی, پیرعینوانی كەعبەیی, پیرئەحمەدی گەنجەیی, پیرنادری قەرەپاپاقی, پیرمەحمودی لوڕستانی, پیرنەجموددینی پارسی, پیرنەقی تووكانی, پیرهاشمی رۆژی, پیرمێردی هۆردینی, پیرشەمسوددین, پیرعەزیزی هۆدانە, پیررۆستەمی سۆ.

(موزەفەرخانی ڕەزاو و مامۆستا محەممەدئەمین هەورامان)یش ناوی ئەم پیرانەیان هێناوە:

پیرمحەممەدی غەیبی, پیرشالیار, پیرصیاد, شالیارە سیاوە, پیرهەوتی, شێخ نیعمەتوڵا, پیر ڕۆحەڵا, پیرنەدی, پیربابا, پیرمحەممەد, سەی محەممەد ڕۆسەم, پیرمحەممەد =باواخۆشێن, پیرقەلەندەر, پیرتەرجان, پیرژەنگەڵ, پیرسیاو, پیرەویسی, پیردانا, باواوەڵیاد, باواحەیران, پیركۆمسایی, مەلاجاروڵا, خاڵێ خاتوون.

هەرچەند ئەمانەی لای مامۆستا هەورامانی هەندێکیان نازناوی پیریان نییە بەڵام لەناو پیرانی هەوراماندا باسیکردوون.

پاش ئەم چەند دێڕەی سەرەوە دێینە سەر باسی مێژووی ژیانی ژمارەیەك لەپیرەکان بەم شێوەی لای خوارەوە:

**پیرشالیاری یەکەم**: ئەو سەرچاوانەی باسیان لە مێژووی ژیانی پیرشالیار کردووە جیاوازی بەرچاو لە نێوانیاندا هەیە و لە خوارەوە دەمەتەقێیەکی ئەو سەرچاوانە دەخەینە پێشچاو:

1-لە دەستنووسی (سەرەنجام)دا نووسراوە پیر شالیاری یەکەم ناوی (خواداد کوڕی جاماسپی هەورامی)یە و لەسەدەی پینجەمی کۆچیدا لەهەورامان سەریهەڵداوە.

2-مامۆستا رەشید یاسمی لە کتێبی (کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او)دا نووسیویەتی: یەکێك لە موغانەکانی زەردەشت لەهەورامان بووە و ناوی (پیری شالیار) بووە, کتێبێکی لە شوێن بەجێماوە ناوی (ماریفەتو پیری شالیار)ـە کە بەشی زۆری ئامۆژگاری و قسەی نەستەقە.

3-موزەفەرخانی رەزاو لە دەستنووسی (پاسداران مرز ایران= تاریخ اورامان)دا کەبەزمانی فارسی نووسیویەتی: پیرشالیار ناوی (باوا مستەفا کوڕی باوا خوادا)یە و گەیشتۆتە پایەی بەرزی پێگەیشتن.

4-مامۆستای (محەممەد بەهائوددین مەلاصاحب) لە کتێبی پیرشالیاری زەردەشتیدا نووسیویەتی: پیرشالیاری زەردەشتی کوڕی جاماسپی هەوراميیە و لەسەر دینی زەردەشت بووە.

5-دکتۆر صدیقی بۆرەکەیی لە کتێبی (مێژووی وێژەی کوردی -بەرگی دووەم-دا نووسیویەتی:پیرشالیاری یەکەم لەسەراوەردی شاخەکانی بەرزی هەورامانەوە سەریهەڵداوە, بیرە جوانەکەی ئاوێنەیەکە بۆ دەروێشانی خواپەرست و لەسەدەی پینجەمی کۆچیدا ژیاوە.

6-مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی لە دەستنووسی (مێژووی هەورامان)دا هەمان دەربڕینی دەستنووسەکەی (موزەفەرخان)ی خستۆتەڕوو.

7-هادی بەهمەنی لە کتێبی (پەیامی هەورامان)دا نووسیویەتی: پیرشالیاری یەکەم ناوی (خواداد جاماسب)ـە لەشاری هەوراماندا هاتۆتە دنیاوە و هەر لەوێش مردووە.

8-مامۆستا عەلائوددینی سەجادی لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی- چاپی دووەم-دا هەمان قسەکانی مامۆستا رەشید یاسەمی دووبارەکردۆتەوە.

هەر لەم بوارەدا باس لەوەدەکەین هەندێك لەم سەرچاوانەی ناومانهێنان ناوی دوو پیرشالیار و هەشیانە ناوی سێ پیرشالیاری هێناوە, بەڵام هەموو سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە پیرشالیاری یەکەم (دیندار, زانا, شاعیر و عارف) بووە, کتێبێکی لەشوێن بەجێماوە بەناوی (ماریفەتو پیشالیاری= ماریفەتی پیرشالیار).

لەسەر رۆشنایی هەندێك لەسەرچاوەکان (ماریفەتی پیرشالیار) بەشێوەزمانی هەورامی کۆن نووسراوەتەوە, وەك کتێبی (ئاوێستا) بەند بەندە و لای زەردەشتییەکان زۆر پیرۆزە, لە یەکێك لەبەندەکانیدا فەرموویەتی:

وەرویۆوە وارۆ وەروە وەرێنە    وەرێسە بریۆ چوار سەرێنە

کەرگێ سیاوە هێڵە چەرمێنە    گوشڵی مەمیڕیۆ دوە بەرێنە



www.pertwk.com

دەربارەی ئەم شیعرە رازێکی دەماودەمی لە هەندێك لە ریشسپییەکانی هەورامانەوە هاتووە گوایا پیرشالیار پێشبینی سەرهەڵدانی دینی پیرۆزی ئیسلامی کردووە و لەم شیعرەدا مەبەستی ئەوە بووە, کە دینێك دێت هەموو دینەکانی پیش خۆی دەسڕێتەوە و پاش کۆچی دوایی رابەرەکەشی چوار خەلیفەکەی جێیدەگرنەوە, هەروەها چۆن مریشکی رەش هێلکەی سپی دەکات پیغەمبەر لەناو قورەیشییەکاندا هەڵدەکەوێت, هەموو مرۆڤێکیش پاش مردنی یان بەهەشتییە یاخود جەهەنمی, بەڵام مێژوونووس (مەردۆخ) لە کتێبی (تاریخ مردوخ)دا نووسیویەتی: لەم شیعرەدا پیرشالیار داوای یەککگرتن و یەکدەستی لە هەورامییەکان کردووە و وتوویەتی ئەگەر یەککگرتوو نەبن وەك بەفر دەتوێنەوە و وەك گوریسێکتان لێدێت کە لەکاتی پچڕانیدا دەبێت بەچوار بەشەوە[9].

لە بەندێکی تری (ماریفەت)دا پیرشالیار فەرموویەتی:

داران گیانداران جەرگ و دڵ بەرگەن          گاهێ پڕبەرگەن گاهێ بێبەرگەن
کەرگە جە هێڵە و هێڵە جەکەرگەن          رەواس جە رەواس وەرگ جە وەرگەن

بەنیسبەت ئەم شیعرەشەوە لێکدانەوەی جیاجیای بۆکراوە و زۆربەی لێکدانەوەکانیش زیاتر رواڵەتین و وایانلێکداوەتەوە گوایا چۆن مرۆڤەکان  دڵ و جگەریان هەیە, دارو درەختەکانیش دڵ و جگەریان هەیە کەگەڵاو رەگەکانیانن, وە مریشك لە هێلکەیە و هێلکەش لە مریشك پەیدا دەبێت , رێوی لە رێوی و گورگیش لە گۆرگە, (دکتۆر صدیقی بۆرەکەیی)یش نووسیویەتی: پیرشالیار لەم دوو بەیتییەدا دەڵێت: چۆن درەخت پێویستی بەرەگ و ریشە هەیە, مرۆڤیش پێویستی بە خزم و یارمەتیدەر هەیە بۆ ئەوەی هەموویان پێکەوە بەکۆمەڵ بژین و ژیانێکی پڕ کامەرانی بەدەستبهێنن[10].

(هادی بەهمەنی)یش پێیوایە مەبەستی لەدارەکان هەورامییەکان بووە, بەوەی هەرچەندە تەلاتمی ژیان نەهامەتی بەسەر هێنابن بەڵام لە رووی دین و باوەڕەوە هەر پڕبەرگبوون, دینەکانیش وەك مریشك و هێلکە وان و هەریەکێکن ئیتر بۆ دینی موسایی و عیسایی و ئیسلام هاتن؟, دینی زەردەشت کە سەردەمانێك باشبووە بۆ لە کاتێکی تردا دەردناخوات؟.

ئێمەش وای بۆدەچین مەبەستی پیرشالیار لەم شیعرەدا پرسیارێکی عیرفانی گەورەیە, بەوەی لە کاتێکدا رێوی لە رێوی و گورگ لەگورگە, ئەی دەبێت هێلکە و مریشك کامیان بەر لەکامیان سەریانهەڵدابێت و لێرەوە ویستوویەتی باسێك لەگەشەکردنی ژیان بکات.

پیرشالیار زۆرجار پاش تەواوبوونی هەموو بەندێك لە فەرموودەکانی ئەم دێڕەی دووبارە کردۆتەوە:

هۆشت جەواتەی پیشالیار بۆ          گۆشت جە کیاستەی زانای سیمار بۆ[11]

دەربارەی ئەم شیعرە (مەردۆخ) بە پیشت بەستن بە کتێبی (دبستان مذاهب)ی (ئەحمەد کوڕی ئەبووبەکر)

دەڵێت: مەبەستی پیشالیار لە (زانای سیمار) زەردەشتە, چونکە ناوبراو بە (وەخسوور سیماری)

ناویدەرکردووە[12].

لە هەندێك لەسەرچاوەکاندا تێکەڵاوی لەنێوان پیرشالیاری یەکەم و پیرشالیاری دووەمدا کراوە,

بەڵام خوالێخۆشبوو (عەلائوددینی سەجادی) دەڵێت: پیرشالیاری یەکەم ئەو پیرشالیارە نەبووە کە هاوزەمانی (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) بووە و هاتۆتە سەردیینی ئیسلام[13].

بەوردبوونەوە لە سەرچاوەکان بۆماندەردەکەوێت کە پیرشالیاری دووەم لەنەوەی پیرشالیاری یەکەم بووە و پاش ئیسلامبوونی ناوی خۆی ناوە (مستەفای کوڕی خواداد) و دەستکاری کتێبی ماریفەتی کردووە و چەند بەندێکیشی لابردووە.

هەر لەم بوارەدا پێویستە باس لەوە بکەین هەندێك پێیانوایە چەند دێرە شیعرێك کەبە شێوەزمانی هەورامی کۆن لەسەر پێستی ئاسك نووسراون و زیاتر لە سەد ساڵ لەمەوبەر لەئەشکەوتی (جێشانە)دا دۆزراونەتەوە شیعری (پیرشالیاری یەکەم)ن, بەڵام هیچ سەرچاوەیەك لەبەردەستدا نییە راستی ئەو بۆچوونە بسەلمێنێت, شتێکی ئاشکرایە ئەم شیعرانە کۆنترین تێکستی شیعری کوردین و پێدەچێت خاوەنەکەیان لەترسی گیانی ناوی خۆی ئاشکرانەکردبێت, ئەمانەی خوارەوەش ئەو شیعرانەن:

هورمزگـــان رمان ئاتران کـــژان      وێشان شاردەوە گۆرە گۆرەکان

زۆرکـــاری ئارەب کردنە خاپور      گناو پاڵـــەیی هەتا شارەزوور

شـــەن و کەنیکا وەدیل بشینـــا      مـــەرد ئازا تلی وەڕووی هوینا

رەوشت زەڕدەشت مانۆ وەبێکەس      بزیکا نیکا هورمزد وەهیچ کەس[14]

شیعرەکان دەڵێن: پەرستگاکانی هورمزد رووخێنران و ئاگری ئاتەشگەکان کوژانەوە, گەورە گەورەکان مەبەستی لە (سەردارەکان, موغەکان, پیاوماقووڵەکان) خۆیان شاردەوە و عەرەبە زۆردارەکان هەر لەم لاپالآنەوە هەتاکو شارەزوور هەموویان خاپوورکرد, ژنان و کچان بەدیل گیران و پیاوە ئازاکان لەخوێنی خۆیان گەوزان, رەوشت و دینی زەردەشت بەبێکەس دەمێنێتەوە و (هورمزد= ئاهورامەزدا) بەزەیی بەکەسدا نەهاتەوە.

لە بەندێکی تردا پیرشالیار فەرموویەتی:

یاران جە رێواس یاران جە رێـــواس پادشام پەیدا بی جەدانەی رێواس

مەشیە و مەشیانە بەرئامان جە واس پــــــەری ئازمایــی مــیردان رەواس

ئــەم شــیعرانەی پیرشــالیار بــاس لەوەدەکــەن گوایــا (شاخۆشــێن) لەدانــەی رێــواس دروستبووە, بـاوەڕی دروستبوونی مرۆڤ لـە گـژ وگیـا لـەناو دینـەکانی (هیندۆسـی, مـانیی) و تەنانـەت لای زەردەشـتییەکانیش بەرچاودەکەوێت.

هەر لەباسکردنی پیرشالیاری یەکەمدا پێویستە قسە دەربارەی جەژنی پیرشالیار بکەین, رێـوڕەسمی جەژنی پیرشالیار هەر لەسەردەمی ژیانی خۆیەوە تا ئێستا ساڵانە لەو گوندەی مەزاری پیشالیاری لێیە و پێیدەوترێت (شاری هەورامان) بەڕێوەدەچێت, دانیشتوانی ئەو شوێنە هەر کەسێکیان نیازی خێری پیرشالیاری کردبێت بە پێی توانای خۆیان (گیسك, بەرخ, گوێرەکە) دەبەن و دەیاندەنە دەست زیرگەوانەکانی مەرقەدی پیرشالیار, ئەو ئاژەڵانە لەسەر جاڕەلۆی تایبەتی پیرشالیار دەلەوەڕێنرێن, (35) رۆژ زستانی بمێنێت رێـوڕەسمی جەژن بۆ

ماوەی سێ ڕۆژ بەڕێوەدەچێت, بەڵام هەمیشە ئەوە بەهەند وەردەگرن کە جەژن بکەوێتە (چوارشەممە, پێنجشەممە, هەینی), ڕۆژێك پیش دەستپێکردنی جەژن گوێزی باخی پیرشالیار بەشدەکرێنەوە, ئەو باخە دەکەوێتە شوێنێك پێیدەوترێت (ملە مارفا), بەشکردنەوەی گوێز ئاگادارکردنەوەی خەڵکە بەوەی سبەینێ جەژن دەستپێدەکات, منداڵەکانیش سەرلەبەیانی چوارشەممە بەکۆڵانەکاندا دەگەڕێن و بەدەنگی بەرز هاواردەکەن ( کلاوڕۆچنە) ماڵەکانیش هەرچی لەبەردەستیاندابێت لە (گوێز, مێووژ, هەنجیری وشك) بێبەشیانناکەن, ئەو ئاژەڵانەی کە بۆ خێری پیرشالیار لای زیرگەوانەکان لەوەڕێنراون هەموویان ئامادەدەکرێن و یەکێك لەنەوەی (هاڵیشا) هەموویان سەردەبڕێت, (هاڵیشا) ئەو کەسەیە کە بۆیەکەمجار لەژیانی پیرشالیاردا ئاژەڵی خێری سەربڕیوە, ئەوەی ئاژەڵەکان سەردەبڕێت بۆخۆی سیوجگەرێك دەباتەوە و گۆشتەکەش بەسەر ماڵەکاندا دابەشدەکرێت, هەر تیرەیەك پێشینەکانیان لەسەردەمی پیرشالیاردا چە جۆرە گۆشتێکیان بردبێت ئێستاش نەوەکانیان هەمان جۆری گۆشتیان دەدرێتێ.

بڕوێشك لەهەموو ماڵەکان کۆدەکرێتەوە و بۆ سەر لەئێوارەی پێنجشەممە زیرگەوانەکان دەگەڕێن بەماڵەکاندا و مەنجەڵی گەورە کۆدەکەنەوە, نیوەی بڕوێشکەکە لێدەنێن و هەموو ماڵێك منداڵ دەنێرن بۆ ئەوەی بەشی خۆیان چێشتی بڕوێشك ببەنەوە, بۆ شەوی هەینیش نیوەکەی تری بڕوێشکەکە لێدەنێن و هەموو پیاوەکانی گوند لە ماڵەکەی پیرشالیاردا کۆدەبنەوە, ئەو ماڵە هەموو ساڵێك تەنها ئەو سێ ڕۆژەکی جەژن دەرگای دەکرێتەوە, ئەوانەی کۆبوونەتەوە سەرەتا بەدووریز و بەنۆرە هەڵپەرکێیەك دەکەن کە تێکەڵاوە بە جۆرێك لە

(زیکر وتەلیلە)، پاشان دادەنیشن و ناندەخۆن، پاش نانخواردن زیرگەوانەکان لەو بەردەی پێیدەڵێن (کۆمسا[15])

و لە نزیك گۆڕی پیرەوەیە موفەرك بەسەر ئامادەبوواندا بەشدەکەنەوە.

خەڵکی شاری هەورامان هەموو ساڵێك پاش ئەوەی (45) ڕۆژ لەبەهار دەڕوات و بەرلەوەی بەشێوەیەکی کاتی

کۆچبکەنە هەوارگەکانی هاوینیان، جارێکی تر لەسەر گۆڕی پیرشالیار کۆدەبنەوە و پێکەوە نانێك دەخۆن، پاش

ئەوەی داوای سەرکەوتنی لێدەکەن ئەوسا بەرەو هەوارگەکانیان دەکەونەرێ.

پێویستە لێرەدا باس لەوە بکەین (موزەفەرخان) لە دەستنووسی (پاسداران مرز ایران= تاریخ اورامان)دا ناوی

جەژنی پیرشالیاری بە (شایی پیشالیار) هێناوە و لەو بارەوە رازێکی ئەفسووناوی باسکردووە، رازەکە کەمێك

درێژە و گێڕانەوەی بەپێویست نازانین، تەنها ئەوەندەی دەخەینە پێشچاو گوایا کچێکی (شاعەباسی

صەفەوی) بەناوی (جیهان ئارا) شێتبووە و بەمەبەستی چاکبوونەوەی لەگەڵ وەزیرێکی شادا ڕێیانکەوتۆتە

هەورامان، پاش ئەوەی لەسایەی هیمەتی پیرشالیاردا چاکبۆتەوە هەرلە هەورامان مێردیپێکردووە، ڕۆژی

گواستنەوەی شازادە بۆ ماڵی پیرشالیار هەورامییەکان شاییانگێڕاوە و خواردنی شاییەکەش بریتیبووە لە

(بڕوێشك و گۆشت بەترشی هەنارەوە)، گوایا یادی ئەو ڕۆژەیە تا ئێستاش ساڵانە لەلایەن هەورامییەکانەوە

یاددەکرێتەوە[16].

پاش ئەوەی شتێکمان دەربارەی جەژنی پیرشالیار باسکرد، لە خوارەوە چەند خاڵێك دەخەینەڕوو ئینجا رایەك

لەسەر ئەم جەژنە دەردەبڕین.

1–جەژنی پیرشالیار پەیوەندییەکی لەگەڵ جەژنی نەورۆزدا هەیە, بەوەی رۆژی نەورۆز ئاژەڵەکانی خێری پیرشالیار دەدرێنە دەست زیرگەوانەکان و هەڵبژاردنی ئەو رۆژە بۆ ئەوکارە بەرێکەوت نەبووە بەڵکو بەپیرۆز راگرتنی رۆژەکەیە.

2–هەمیشە رەچاوی ئەوەدەکرێت جەژن لەچوارشەممەوە دەستپێبکات, شتێکی ئاشکراشە چوارشەممە رۆژێکی پیرۆزە لای زەردەشتییەکان.

3–بەشێك لە رێورەسمی جەژنەکە هەڵپەرکێیە, شتێکی ئاشکرایە لەناو هیچ جەژنێکی تر لەجەژنە دینییەکانی موسڵماناندا بۆنموونە (جەژنی رەمەزان, جەژنی قوربان, جەژنی لەدایکبوونی پێغەمبەر د.خ) هەڵپەرکێیەکی لەم جۆرەیان تێدا نییە.

4–لەناو هیچکام لەنەتەوە و خێڵە موسڵمانەکاندا جەژنێکی لەم چەشنە نییە و تایبەتە بەناوچەیەکی دیاری کوردەوارییەوە کە ناوچەی هەورامانە.

لێرەوە دەتوانین بڵێین (جەژنی پیرشالیار) جەژنێکی کوردییە و ئەو شێوازە (تەلیلە)یەش کە بۆن و بەرامەیەکی ئیسلامی هەیە وتێکەڵی هەڵپەرکێکەی بووە, لەسەردەمی پیرشالیاری دووەمدا هاتۆتە ناو رێورەسمی جەژنەکەوە, ناوبراو ئیسلامبوونی خۆی راگەیاندووە و پاش ئیسلامبوونی ناوی خۆی ناوە (مستەفا کوڕی خواداد) و دەستکاری چەند بەندێکی ماریفەتی کردووە[17].

**پیر محەممەدی غەیبی:**

بەپێی دەستنوویی (پاسداران مرز ایران) و دەستنووسی (مێژووی هەورامان)، ئەم زاتە یەکێك بووە لە پیرەکان و خاوەن تەکیە و خانەقای ڕێوڕەچەی قادری بووە لەهەوراماندا و لەسەر ئەو ڕێو ڕەچەیە ئیرشادیکردووە، لەبەر ئەوەش ناونراوە (پیر محەممەدی غەیبی) چونکە گۆڕی نییە، لەو دوو سەرچاوەدا و لەباسوخواسی ئەم پیرەدا دوو راز خراونەتەڕوو، رازی یەکەمیان پەیوەستە بە زینـدانیکردن و ئـازادکردنی (پیر محەممەد و باوە خـوادادی ئامۆزای) لەلایەن (بەکری سوور)ی حوکمڕانی ئەو دەمەی شارەزوورەوە، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانبێت رازی دووەمیانـە کـە دەڵێـت: پـاش ئـەوەی (پـیر محەممـەد و بـاوا خـواداد) لـە زینـدانی (بـەکراوا) ئـازادکراون ڕێگـەی گەڕانـەوەیان بـەرە و هـەورامان گرتۆتەبـەر و نزێـك عەسـر گەیشـتوونەتە نێـوان هـەردوو گونـدی (هانەگەرملـە و کەیمنە)، بەمەبستی نوێژکردن لەو شوێنە لایانداوە و پاش نوێژکردن و کەمێك پشوودان، (پیرمحەممەد) بە (باوا خواداد)ی وتووە: هەتا دەچینەوە ماڵەوە ژنەکەی من و ژنەکەی تۆش هەریەکە و کوڕێکیان بووە، هینەکەی تۆ (باوا مستەفا) دەبێت و ئەوەی منیش (باوامحەممەد)، پاش ئەم گفتوگۆیە (پیر محەممـەد) خـۆیکردووە بـەژێر خەرقەکەیدا و خەریکی وێردکردنبووە، پاش ئەوەی ماوەیەکی پێچووە (باوا خواداد) وایزانیوە خەویلێکەوتووە، پاش ماوەیەك بۆ ئـەوەی درەنگیـان پێنـەبێت لێینزیکبۆتـەوە و خەرقەکـەی بەسـەریەوە لابردووە، سـەیریکردووە هیچـی لـەژێردا نییـە، کاتێـك گەیشـتۆتەوە ماڵـەوە رازەکـەی بـۆ خەڵکەکـە گێڕاوەتـەوە، وتوویـەتی گوایـا (پیرمحەممەد) غەیبی بووەتەوە و ئیتر خەڵکی ناوچەکە بە (پیرمحەممەدی غەیبی) ناویانهێناوە[18].

**شالیارە سیاوە= شالیارە رەشە :**

ئـەو سەرچـاوانەی باسـيان لـە مێـژووی ژيـانی ئـەم پيرەكـردووە شـتێكی وايـان نەنووسـيوە, تـەنها باسـيان لەوەكردووە كە ناوبراو ناوی (حەيدەر) و لە شازادەكانی هيندستان بووە, جارێكيـان بـە (پيرشاليار)ی وتـووە ئەگەر من لەلای خواروی خاك و پای تۆوە بخرێمە گۆڕەوە چيم بۆ دەبێت؟ ئەويش لە وەڵامدا وتوويـەتی: مـن ئومێدەكەم تەمەنت درێژبێت, كاتێك (شاليارە سياوە) مردووە (پيرشاليار) فەرموويەتی: پێويستە هەركەسێك بەتوانای خـۆی (گێتـە مـەژگێ= كولێرە بەكاكڵە گوێزەوە) ببـات و لەسـەر گۆڕەكـەی دابەشـيانبكات, ئـەو كـارە لەوسـەردەمەوە تـا ئێسـتا سـالأنە لـەكاتی خۆيـدا ياددەكرێتـەوە و خـەڵكی ناوچـەكەش پێيـدەڵێن (تۆشـە= توێشوو)[19].

**پير تەيمووری هەورامی:**

لەسـەر رۆشـنايی كتێبی (سەرەنجام) ئـەم زاتـە يەكێكـە لـە حـەفتاو دووپيرە, لـەيارانی تايبـەتی (سـان سـەهاكی بەرزنجی= سوڵتان ئيسحاقی بەرزنجی)يە و لەسەدەی هەشتەمی كۆچيدا ژياوە.

(دكتۆر صديقی بۆرەكەيی)ش بەپشتبەستن بە (ياداشتەكانی كرندی) نووسيويەتی: (پير تەيمووری هەورامی) لە دوادوايـی سـەدەی حەوتـەمی كۆچـيدا لـەدايكبووە, هەرلەمنداڵييـەوە خراوەتەبەرخوێنـدن وبەفەقێيـەتی لای زانايانی ئەو سەردەمە فێری لێكدانەوەی قورئان بووە, دواجار چۆتە (بەغداد) و لەوێ خوێندنی تەواوكردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەكەی خۆی, پاش ماوەيەك چۆتە (گوندی شێخان) و چەند ساڵێك لای (سـان سـەهاكی بەرزنجی) ماوەتەوە و خەرقەی لێوەرگرتووە, پاشان بەرەو (شـاری موصـڵ) كەوتۆتـەڕی و پاشمـاوەی ژيـانی لـەو شارەدا بە وانە وتنەوە و رێنمايكردنی خەڵكەوە بردۆتەسەر.

پیر تەیموور شاعیرێکی تەڕدەست بووە و چەند پاچە شیعرێکی هۆنیوەتەوە و ئەم چەند دێڕەش نموونەیەکن لە شیعرەکانی[20]:

ئەو شــارەزووری, ئەو شـــارەزووری بارگەی شام وستەن ئەو شارەزووری

مێردان جەم بوان گرد وەروو سووری بگەندی وەشوون پــیر وە صــەبووری

ها هــەفتەوانەن شەمع و قــەندووری ســـکەی قەدیمــەن والاّ مەنـــدووری

ئـەم شیعرە پیاهەڵدانـە بـە (سـان سـەهاکی بـەرزنجی)داو دەڵێـت: بارگـەی شـام لـە شـارەزوور دابـەزیوە و یـاران هـەمووتان بـە رووسـوورییەوە کۆببنـەوە و بکەونـە شـوێن پـیر, ئـەوا حەوتەوانـە وەکـو مـۆم تیشـدەدەنەوە و وەك دراوی کۆن باو برەویان هەیە.

پیر تەیمووری هەورامی ساڵی (782ک=1380ز) کۆچی دواییکردووە و هەر لە (موصلّ) بەخاکسپێردراوە.

**پیر ناری هەورامی:**

لەسەر رۆشنایی (سەرەنجام) ئەم زاتـە یەکێکـە لـە حەفتاو دووپیرە و لـە یارانی سـان سـەهاکی بـەرزنجی بـووە و لەسـەدەی هەشـتەمی کۆچیدا ژیـاوە, لەهەورامانـدا لـە دایکبـووە و هـەر لـەوێش خوێندوویـەتی و پێگەیشـتووە, پاشـان چـۆتە گونـدی شـێخان لەخزمـەتی (سـان سـەهاکی بـەرزنجی)دا ماوەتـەوە هـەتاکو خەرقـەی لێوەرگرتـووە, پاشان خۆی تەرخانکردووە بۆ رێنمایی خەڵکی ناوچەکە.

(د. صدیقی بۆرەکەیش ) لە مێژووی وێژەی کوردی –بەرگی دووەم)دا نووسیویەتی: لە (پیر ناری)یەوە گەلێك هۆنراوە بە یادگار ماونەتەوە کە زۆر شیرین و رەوانن, ئەمەش نموونەیەکە لێیان:

یاران مزگانی شام نە کۆی میـرەن میـرم نۆشـزادەن سەرمایەی خێرەن

شاهم شاپوورەن پوور ئەردەشێرەن پەرێ دوژمنـان چون وەچکە شێرەن

میرش سەنجنی وە چەشمەی یاری نەبـەرەش ئـۆرمزد ویـش دا دیاری

ئەم شیعرانەی پیر ناری لە رووی رواڵەتەوە گێرانەوەیەکی چیرۆکێکی شانامەیە کە باس لەوەدەکات (شاپووری یەکەم کوڕی ئەردەشێری ساسانی) رۆژێك چووە بۆ راو, لەناو باخچێکدا چاویکەوتووە بەکچێك لەبیرێکدا بە دۆلکەیـەکی زۆر قـورس ئـاوی هەڵکێشـاوە کەچـەند پیـاو نـەیانتوانیوە ئـەو کـارە ئەنجامبـدەن, شـاپوور کەچاوپێکەوتووە زانیویەتی کچی میرێکە لە دوژمنانی باوکی و لە جەنگێکدا زۆربەی پیاوانی بنەماڵەکەی کوژراون, لەگەڵ ئەوەشدا حەزیلێکردووە و خواستوویەتی, پاشان کوڕێکی لێبووە ناوی ناوە (هورمز).

ئەگەر بەوردی لەم شیعرانە وردببینەوە بۆمان دەردەکەوێت مەبەست لێیان تەنها گێڕانەوەی چیرۆکەکە نییە, بەڵکو شوبهاندنی پایە و دەسەڵاتی (سان سەهاك)ـە بە پایە و دەسەڵاتی پاڵەوانی چیرۆکەکە و پیاهەڵدان و گەورەکردنێکی ئەو زاتەیە, ئەو پیاهەڵدان و گەورەکردنەش لە گەورەیی پەیوەندی رۆحی (پیر ناری) بە سان سەهاکەوە سەرچاوەیگرتووە.

**پیر بابا غەیبی هاواری:**

لەسەر رۆشنایی (سەرەنجام) لە دوادوای سەدەی حەوتەمی کۆچیی لە( گوندی هاوار) لە دایکبووە و یەکێکە لە حەفتاودووپیرە و لە یارانی (سان سەهاکی بەرزنجی) بووە, لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا کۆچی دواییکردووە.

**پیر محەممەد= باواخۆشین= سەی ئەڵوەندی**

لەسەر رۆشنایی دەستنووسی مێژووی هەورامان, ئەم زاتە لەنەوەی باباتایەری هەمەدانی و لەگوندێکی دامێنی (چیای ئەڵوەند)دا نیشتەجێبووە, لەخەویدا بە خزمەتی (پیرشالیار) گەیشتووە و پاش خەوەکەی بەرەو هەورامان کەوتۆتەڕێ هەتا گەیشتۆتە (گوندی سلێن), چەند کەسێکیش لەگەڵ (پیرشالیار) چوون بەپیرییەوە هەتاکو (دووتفڵە)ی بەرامبەر شاری هەورامان و بەرێزەوە پێشوازییانلێکردووە, ماوەیەك لە شاری هەورامان لە خزمەتی (پیرشالیار)دا ماوەتەوە, پاشان داوایلێکردووە جێگایەکی بۆ دیاریبکات بۆ ئەوەی خۆی بەئادابی گۆشەگیرییەوە خەریکبکات, (پیرشالیار)یش بڕیاریداوە بە هاوین لە (شلێران) و بە زستان لە (وەیساوا) نیشتەجێببێت.

پیر محەممەد لەگەڵ ئەوەدا کەسێکی دیندار و زانا بووە, شارەزاییەکی باشی هەبووە لە پزیشکیدا, بۆ چارەسەری نەخۆشییە جۆراو جۆرەکان داودەرمانی نواندووە[21].

[1] – مەبەستی لە هورمزد (ئاهورامەزدا)یە کە خوای زەردەشتییەکانە.

[2]– بڕوانە کتێبی (پیشالیاری زەردەشتی) –بەشی یەکەم– لاپەڕە (5) –نووسینی محەممەد بەهائوددین مەلا صاحب ناسراو بەدانای هەورامی.


www.pertwk.com

[3]– بڕوانە كتێبی (مێژووی وێژەی كوردی –بەرگی یەكەم– لاپەڕە (159)– نووسینی دكتۆر صدیقی بۆرەكەیی.

3– بڕوانە دەستنووسی (پاسداران مرز ایران= تاریخ اورامان) نووسینی موزەفەرخانی رەزاو

4– بڕوانە دەستنووسی (مێژووی هەورامان)– بەشی دووەم– پیرانی هەورامانی تەخت– لاپەڕە (1)– نووسینی (مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی).

[6]–بڕوانە كتێبی پەیامی هەورامان –چاپی یەكەم– لاپەڕە (407)– نووسینی (هادی بەهمەنی).

[7]– بەبڕوای ئێمە ئەو هەموو رازە ئەفسووناویانەی لە مێژووی ژیانی هەندێك لەپیرەكاندان, بەدەستی مەبەست ئاخنراونەتە ناو دووتوێی ئەو (مێژوو)وە و بۆ ئەوە بووە رۆشنایی نەخرێتە سەر ئەو هەموو زانست و عیرفانەی كە هەیانبووە. (نووسەر)

[8]– لەبارەی باوەڕی هەورامییەكان بەپیرەكانیان دەگێڕنەوە رۆژێك كۆمەڵێك لەهەورامییەكان دانیشتوون و باسی پیشینەی خۆیان كردووە, یەكێكیان بەریشسپییەكی تەمەن بەساڵاچووی وتووە: (ئەری مامۆ قورونی قەدیما یان ماریفەتو پیری بەمانای ئەرێ مامە قورئان كۆنە یان ماریفەتی پیرشالیار), ئەویش لەوەڵامدا وتوویەتی: (ماریفەتوپیشالیاری فرە قەدیما قورۆنی هیزی وپەرێ گوشایشە كوری ئاوردەن پێوریە, بەمانای ماریفەتی پیرشالیار زۆر كۆنە قورئان دوێنێ و پێرێ گوشایشە كوێر هێناویەتی بەم ناوەدا), لێرەدا پێویستە باس لەوە بكەین مەبەستی مامە پیرەی هەورامی لە گوشایشەكوێر (مەولانا گوشایشی كوری پیر محەممەدی هەورامی)یە, كە رۆڵێكی گەورەی گێڕاوە لەبانگهێشتكردنی خەڵكی ناوچەی هەورامان بۆسەردیینی ئیسلام و دوورخستنەوەیان لە دیینی زەردەشتی), ناوبراو باپیرە گەورەی هەموو بنەماڵە شێخەكانی (دەگاشێخان, تەختەیی, قزڵبلاغی, هەزاركانیان, سنە, ناوچەی قەرەداغ, دەوروبەری سلێمانی)یە, ساڵی (873ك= 1498ز) كۆچی دواییكردووە.

[9]–بڕوانە (تاریخ مردوخ) لاپەڕە (124) نووسینی (ئایەتولا مەردۆخ).

[10]–بڕوانە (مێژووی وێژەی كوردی) بەرگی دووەم– لاپەڕە (111)– نووسینی (د. صدیقی بۆرەكەیی).

[11]– بڕوانە (پیشالیاری زەردەشتی) لاپەڕە (7) نووسینی (محەممەد بەهائوددین مەلا صاحب).

[12]– بڕوانە (دبستان المذاهب) لاپەڕە (10) نووسینی (ئەحمەد كوری ئەبوبەكر).

[13]– بڕوانە (مێژووی ئەدەبی كوردی– چاپی دووەم– لاپەڕە (153) نووسینی (عەلائوددینی سەجادی).

[14]– ئەم چەند دێڕە شیعرە باس لەو هێرشەدەكەن كە لەشكرێكی (5000) كەسی موسڵمانان ساڵی (18ك=639 ز) بەفەرماندەیی (ئەبو عوبێدەی ئەنصار و عەبدولای كوری عومەر) كردوویانەتە سەر هەندێك شوێنی هەورامان, لەئەنجامی ئەو هێرشەدا (ئەبو عوبەیدە) كوژراوە و لە خوار گوندی عەبابەیلێی ئێستاوە بەخاكسپێردراوە, دیارە ناوی ئەو گوندە لە ناوی (ئەبو عوبەیدە)وە هاتووە, هەندێك كەس بەبێئاگایی دەڵێن (ئەبو عوبەیدەی جەڕاح), بەڵام سەرچاوە مێژووییەكان باس لەوەدەكەن كە (ئەبو عوبەیدەی جەڕاح) لە وڵاتی شامدا بە نەخۆشی كۆچی دواییكردووە, بەهەرحاڵ دەوترێت لەشكری ئیسلام لەو جەنگ و لەشكركێشییەدا توانیویانە هەتاكو (پاوە) بڕۆن و ئەو حاڵەتەی كە ئەم شیعرانەی تێدا وتراوە لەو شارەدا روویداوە, لەسەرچاوەكاندا هەندێك جیاوازی لەچەند وشەیەكی ئەم شیعرانەدا هەیە, بۆ نموونە (گناو پاڵەیی) بە (گنا ئی پاڵە) و (مانۆوە بێكەس) بە (مانۆوە بێدەس) نووسراون, بەڵام لە رووی ناوەرۆكەوە هەر یەك مانایان هەیە.

[15]– دەربارەی بەردی كۆمسا دەڵێن ئەم بەردە هەرچەندە ساڵانە لێیدەشكێنن بەڵام بۆ جەژنی ئایندە وەكو خۆی لێدێتەوە.

[16]–بڕوانە دەستنووسی (پاسداران مرز ایران= تاریخ اورامان) لاپەڕە (31) نووسینی (موزەفەرخان رەزاو).

[17]– بڕوانە (پیشالیاری زەردەشتی) لاپەڕە (13) نووسینی (محەممەد بەهائوددین مەلا صاحب).

[18]–بڕوانە دەستنووسی (پاسداران مرز ایران= تاریخ اورامان) لاپەڕە (20هەتا 24) نووسینی (موزەفەرخانی رەزاو), دەستنووسی (مێژووی هەورامان) بەشی یەكەم پیرانی هەورامانی تەخت لاپەڕە (3هەتا 6) نووسینی (محەممەد ئەمین هەورامانی).

[19]–بڕوانە هەمان سەرچاوەكانی پێشوو.

[20]–بڕوانە مێژووی وێژەی كوردی –بەرگی دووەم– لاپەڕە (269, 270) نووسینی (د. صدیقی بۆرەكەیی).


www.pertwk.com

[21]– بڕوانە دەستنووسی (پاسداران مرز ایران= تاریخ اورامان) لاپەڕە (35) نووسینی (موزەفەرخانی ڕەزاو).

## بەشی چوارەم

## هونەری ژیان لەهەوراماندا

هونەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و بەشداری لە درووستبوونی مێژوودا دەکات, پەیامێکە بۆ خولقاندنی ئەو جیهانەی کە تێیدا خەونە ڕەنگاڵەیەکانمان بە واقیعی پڕشنگدار دەبینین, ساباتێکە مرۆڤ لە سایەیدا هەست بەئاسوودەیی و چێژی ڕۆحی دەکات.

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی هونەر هەڵبدەینەوە دەبینین هونەر هاوزەمانی ژیانی مرۆڤە, مرۆڤە سەرەتاییەکان لە ئەشکەوتەکاندا وێنەی ئەو ئاژەڵ و باڵندانەیان درووستکردووە کە ڕاویانکردوون, یەکەم مرۆڤ کە ئامێرێکی بەردینی دروستکردووە و بەوئامێرە خزمەتی مرۆڤایەتی کردووە هونەرمەندێکی گەورە بووە, ئەو کەسەی بۆ یەکەمجار ناوی شتێکی ناوە و ئەوەش بۆ یەکەمجار لەسەر چەکە بەردینەکەی دەستی هەر هێمایەکی داناوە بەهەمانشێوە هونەرمەند بوون[1]. ئیتر بەبەردەوامبوونی گەشەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی هونەریش گەشەیکردووە و لە هەر قۆناغێکیشدا خوێندنەوە و مانای نوێتر و فراوانتری بەخۆوە گرتووە, زۆرجار دەوترێت ژیانی خەڵکی هەورامان خۆی لەخۆیدا هونەرە, ئەگەر بە وردی بڕوانینە سروشتی هەورامان لەلایەک و باری کۆمەڵایەتی و هەندێك بواری کارکردنی خەڵکی ناوچەکە بۆ دابینکردنی بەشێك لە پێداویستییەکانی ژیان و گوزەرانیان لەلایەکی ترەوە, بۆمان ئاشکرا دەبێت ئەم دەربڕینە پڕبەپڕ مەبەستیپێکاوە, ئاشکرایە سروشتی هەورامان تا بڵێیت قەشەنگ و دڵڕفێنە و هیچ قسەیەك لەم ڕووەوە بە پێویست نازانین, بەڵام بابچنەسەر بواری کارکردنی خەڵکی ناوچەکە بۆ دابینکردنی بەشێك لە پێداویستییەکانی ژیان و گوزەرانیان, سەرەتا سەرنجێك لەباخداری بە گشتی و ڕێکخستنی (تەلان[2], جۆگە, کووز[3], بەنگا[4], قەڵوەز و ئاژین[5], کەڵەك, بارووم[6], ڕاگا=ڕێڕەو)کان بەتایبەتی بدەین, بزانین ئەگەر درووستکردن و ڕێکخستنی ئەمانە هونەر نەبێت ئەی چی هونەرە؟.

ئایا ئەگەر کەسێك بڕوانامەیەکی زانستی بەرزیشی لەبواری باخداریدا هەبێت دەتوانێت باشتر لە هەورامییەکان باخ دروستبکات؟ با سەیری شوێنی ناشتنی درەختەکان بکەین هەتا بۆماندەرکەوێت چۆن باخدارەکان بەبێ هیچ ئاشنایەتییەکی زانستی لە تۆپۆگرافییەتدا بەڵام بە هونەرێکی بەرز و سەلیقەیەکی ورد تۆپۆگرافییەتیان خستۆتە ژێر ڕکێفی ژێرییانەوە و لەباخداریدا حسابیانبۆکردووە.

دەبا سەرنجێکی خێرای کارکردنی خەڵکی هەورامان بدەین لەدرووستکردنی خانووەکانیاندا کە لەدامێنی چیا و کێوەکان, یاخود لەناو دۆڵ و نشێوەکاندا درووستکراون, هەتا بزانین چۆن لە درووستکردنیاندا بەشێوەیەکی ڕێکوپێك حیساب بۆ (خۆرەتاو, ڕەشەبا, سەیل و باران) کراوە, کوچە و ڕێڕەو بۆ هاتووچۆ درووستکراون, زۆرجار دووگەڕەك بە (مار[7])ێك بەستراونبەیەکەوە, کاتێك خەڵکی هەورامان حسابیان بۆ ئەم لایەنە کردووە لەکەم شوێنی تردا بایەخ بە (ماڵ) دراوە, با سەیری ئەوە بکەین چۆن حسابیان بۆ (یاسای هاوکێشە قانون التوازن) کردووە کە یاسایەکی فیزیاوییە, بۆ ئەم مەبەستەش (دیمەك[8])یان بەکارهێناوە بۆ بەستنەوە و شەتەکدانیی دیوارەکان بەیەکەوە و دابەشبوونی هێز بەسەریاندا, چۆن بەردی زلزلیان خستۆتە بناغەی خانووەکان بۆ ئەوەی زۆر پتەو وتۆکمەبن, چۆن لەو شوێنە ساردو سڕانەدا حسابیان بۆ ئەوەکردووە ڕادەی شێ لەناو خانووەکانیاندا زۆر نزمبێت و بەشێوەیەك نەبێت مەترسی لەسەر تەندروستیان دروستبکات, باسەیرێکی

هونەری سواقدانی زەوی و دیوارەکان بکەین, کە تەنها بەخۆڵی ناوچەکە و بەبەردێك کەپێیدەوترێت (سیرەکۆڵی=هێلەساو) سواقدراون بەجۆرێك کە بریقەیان لێوەدێت.

دەبا سەرنجێکی بەرهەمی پیشە دەستییەکان وەك: (کلاش, پالاَ= پێڵاو, رانکوچۆغە, مەوج, جاجم, بەرماڵ, جەرە, گۆزە, کەنوو, گلێنە[9], بادی, مەن, دنگ, کەشکەساو[10], هاڵوە[11], کەوجێز, کەوگیر, کەوچك, شانە, چەقۆ, قەڵەمبڕ, یەخدان, هەزارپێشە[12], بێشکە و لانکی مندال, گۆزە و بلوێری ناوبێشکەکە ... هتد) بدەین, بەوردبوونەوە لەم بەرهەمانە بۆماندەردەکەوێ ژێری و دەسترەنگینی لەرادەبەدەر بۆ بەرهەمهێنانیان خراونەتەکار, هەرلێرەوە ئیتر هونەری خۆرسك سەراپای جومگەکانی ژیانی خەڵکی هەورامانی گرتۆتەوە و لەگەڵ هەموو قۆناغەکانی تەمەنیاندا تێکەڵبووە.

پاش ئەم پێشەکییە دەچینەسەر باسکردنی چەند لایەنێك لەلایەنەکانی ژیانی خەڵکی هەورامان بۆ دابینکردنی ژیان و گوزەرانیان بەم شێوەیەی خوارەوە:

## بابەتی (1)

## باخداری

هەر کەسێك بەهەوراماندا گوزەربکات یەکسەر سەرنجی بۆ باخەکان رادەکێشرێت کە بەرزایی و لێرەوار و دۆڵ و نشێوەکانیان داپۆشیوە و گەواهی رەنج و ماندووبوونێکی درێژخایەنن, باخداری لەهەوراماندا بوارێکی گەورەی بەرهەمهێنان و سەرچاوەیەکی دیاری دابینکردنی بەشێك لەژیان و گوزەرانی هەورامییەکان و هێمای ئامادەیی هەمیشەیی رۆحی پێشینەکان و رەسەنایەتی لەرادەبەدەریانە, هەورامییەکان خۆشەویستییەکی سەرمەدییان لە گەڵ باخدا هەیە, ئەو خۆشەویستییە زۆربەی سوچەکانی ژیانیانی گرتۆتەوە تەنانەت لەناو گۆرانییەکانیشیاندا جۆرێکی تایبەتیان هەیە بەناوی (گۆرانی دەرەیی), هەر ئەو خۆشەویستییەش وایکردووە بە سەلیقەیەکی ورد تواناو وزەی لەش و شێلەی گیانیان بە باخەکانیان ببەخشن, بەرۆحێکی سووك و بەشێوەیەکی ماندوونەناسانە تەنانەت شوێنە رژد و یاخییەکانی ناوچەکەشیان بە تەلاَن و باخی رەنگین برازێننەوە, لەم بوارەدا بەردەوام لەگەڵ سرووشتدا لە زۆرانبازیدابن, رۆژ و مانگ و ساڵ بەکارکردن پێکەوەگرێدبدەن بۆ: (نەوەکاڵ, کێلاَن, پەینکردن, ئاودان, ناشتنی نەمام, هەڵپاچینی دار, کۆکردنەوەی بەرهەم......هتد), بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانەش چەند ئامێرێك بەکاردەهێنن وەك: (پاچ, خاکەناز, بێڵ, تەور تەورزین, تەورداس, داس, پیك, نوێل).

ئیرادەی هەورامییەکان لە بواری باخداریدا ئیرادەیەکی کەمنموونەیە, زۆرجار بۆناشتنی چەند نەمامێك یاخود دروستکردنی تەلاَنێك لەو زەوییە رژدو بەردەلاَنانەدا و لەو شوێنە سەخت و هەورازانەدا, دوور لە سستی و تەمەڵی ئارەقەی ماندووبوون دەرژێنن و بەکۆڵ خۆڵ دەگوێزنەوە, بە سەرنجدانێکی خێرا لەو هەموو (تەلاَن, کەڵەك, barووم, راگا=رێرەو)انە لە هەوراماندا هەن گەورەیی ئەو ئیرادەیە دەسەلمێنرێت.

بەرهەمی باخەکانی هەورامان بە شێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە: (گوێز, توو, ترێ, هەنار, هەنجیر, هەرمێ, هەڵووژە, قەیسی, قۆخ, بەهێ, گێلاس), ئەم بەرهەمانە بە تە ڕی و وشکەوکراوەیی وەك سەرچاوەی خۆراکی بەکاردەهێنرێن و ئەوانەشیان لە پێویستی خێزان زیاتربن دەفرۆشرێن وەك سەرچاوەیەکی داهات, زۆربەی ئەو خێزانانەی باخی گەورە و چاکیان هەیە ساڵانە داهاتێکی باشیان لە بەرهەمی باخەکانیان دەستدەکەوێت.

بێجگـه لـه باخـەکان رووبـەرێکی زۆر لەقـەد پـاڵی کێـو و بەرزاییـەکانی هـەورامان بـە (ڕەزەدێـم) داپۆشـراون, (ڕەزەدێـم)ــەکان بـە شـێوەیەکی سـەرەکی تایبـەتن بـە بەرهـەمهێنانی(ترێـی ڕەش), دار و دەوەنـە خۆرسـکە سروشتییەکانیش بایەخی خۆیان هەیە بێجگە لەوەی چەندین بەرهەمی وەك: (قەزوان, بنێشت, گوێـژ, بەرو, بەڵاڵووك, کەتیرە....هتد)یان هەیە کە سەرچاوەیەکی سەرەکین بۆ خۆگەرمکردنەوە و گوزەراندنی وەرزی سـەرما و سۆڵە.

دوای ئـەم پێشـەکییە کورتـە دێینـە سـەر باسـکردنی هەنـدێك لـەو کارانـەی لـە بـواری باخـداری هەورامانـدا بایەخیانپێدەدرێت بەم شێوەیە:

1- **نەوەکان= هەڵکەندن وچاککردن و تەختکردنی زەوی:**

شتێکی ئاشکرایە زۆربەی باخەکانی هەورامان لە ناو زەوی سەخت و ڕژد, بەقەدپاڵی شاخ و کێوەکانەوە یاخود لەناو دۆڵەکاندان, کرداری چاکردن و تەختکردنی ئەو زەویانە لای هەورامییەکان پێیدەوترێت (نەوەکان), کاری نەوەکانکردن زۆرگرانە و پێویستی بەجەستەیەکی ساغ و بەهێز هەیە بۆیە زۆرجار باخدارەکان خۆیان ئەم کارەناکەن و کرێکاری بۆدەگرن, لەکاتی نەوەکانکردندا پێویستە ئەو زەوییەی کە دەکرێت بەباخ بەقووڵایی(1-1'5مـەتر) هەڵبکـەنرێت, هەرچـی بـەردی تێدایـە دەربهێنـرێن وبکـرێن بـە کەڵـەك بۆدرووسـتکردنی تەلانـەکان, هەندێکجار وارێکدەکەوێت خۆڵی ئەو زەوییە ئەوەندە کەمە پێویستدەکات لە شوێنێکیترەوە خۆڵی بۆ بهێنرێت و تەختبکرێت, ئەو بەردەزلانەی لەکاتی نەوەکانکردندا دەردەکەون بە نوێڵ دەردەهێنرێن و بە پیك وردەکرێن بۆ سوودوەرگرتنلێیان لەناو کەڵەکەکاندا, هەندێك لەباخدارەکان پاش نەوەکانکردن پەیندەکەنە ناو زەوییەکەوە و پاشان (کووز, قەڵوەز, ئاژین)ی تێدا درووستدەکەن ونەمامی تێدا دەڕوێنن, زەوی نەوەکانکراو باشترین زەوییە بۆ چاندنی هەندێك لە بەربوومەکان وەك (تەماتە, بامیێ, باینجان, بیبەر, پیاز, پەتاتە, شێلم, سلق, سەوزەواتی تر), هەندیکجار ئەو باخانەی کەزۆر زوودانراون وەیاخود باخدار دەیەوێت گۆڕانکاری لە جۆری دارەکانیاندا بکات نەوەکاندەکرێنەوە, ئەمە کارەش زامنە بۆ ئەوەی ئەو نەمامانەی تازە دەڕوێنرێن بەهێز و بەرهەمداربن, زۆربەی باخدارەکان لەزەوییە نەوەکانکراوەکانیاندا (چنار) دەڕوێنن و پاش چەند ساڵێك دەیانبڕن بۆ فرۆشتن یاخود بۆ پێویستی خۆیان.

2- **پەینکردن:**

شتێکی ئاشکرایە مرۆڤ چۆن پێویستی بەخۆراك هەیە و یەکێکە لە هۆکارە هەرەگرنگەکانی بەردەوامبوونی ژیانی, دار و درەختیش بەهەمان شێوە پێویستییان بە خۆراك هەیە, بەڵام خۆراکی دار و درەخت لە هینی مرۆڤ جیاوازە و بەشێوەیەکی سەرەکی لەو مادە ئەدامییانە پێکدێت کە لە ناو زەوی دان یاخود لەرێی پەینکردنەوە دابیندەکرێن, پەین بەشێوەیەکی سەرەکی دوو جۆرە بەم ناوانە:

1- **پەینی ئاژەڵ**

2- **پەینی کیمیاوی بەهەموو جۆرەکانییەوە وەك ( یۆریا, نتراتی ئامۆنیۆم, پەینی** N.P , **پەینی** N.. P.K, **سۆپەرفۆسفات ) ... هتد**

هەورامییـەکان هەرلەدێرزەمانـەوە دەرکیـانکردووە بـەگرنگی پـەین بـۆ باخچـە و باخـەکانیان و بـۆ پـەینکردنیان پاشـەڕۆی ئاژەڵیـان بـەکارهێناوە, ئـەم جـۆرە پەینـە لەبەرئـەوەی ڕێژەیـەکی بـاش لـە مـادە ئەندامییـەکانی تێدایـە

کەپییاندەوتریێت (مەوادی عچوی)، بەئاسانی قەرەبووی ئەو ڕێژە خۆراکەی کردۆتەوە کە ساڵانە نەمام و دارەکان لە ڕێی ڕەگەکانیانەوە هەڵیانمژیوە، هەر لەم بوارەدا زۆرباش دەرکیانکردووە بەوەی کە پەینی ئاژەڵ سەرەرای ئەوەی کەرەسەی خۆراکی زۆری تێدایە، کاریگەری زۆریشی هەیە لەسەر چاککردنی خەصڵەتەکانی زەوی، هەرچەندە ئەوان بایەخی زانستی ئەوەیان نەزانیوە پەینی ئاژەڵ دەبێتە هۆی فشبوونەوەی زەویی دەوری دار و نەمامەکان، ئیتر لەوەوە هەم ڕێژەیەکی زۆر لە ئۆکسجین لەناو ئەو بۆشاییانەدا دەمێنێتەوە کە پەینەکە درووستیاندەکات، هەم دارو نەمامەکان باشتر سوود لە ئاودانیان وەردەگرن، بەلاّم لە رووی ئەزموونی کەڵەکەبووی چەندین ساڵەیانەوە ئەم سوودانەیان بۆ سەلماوە.

باخدارەکانی هەورامان هەرلەزستانەوە هەوڵی ئەوەدەدەن پەینی پێویست بۆ باخەکانیان دابینبکەن، لەم بوارەدا ئەوانەی خاوەنی (ئاژەل و رەشە ولاّخ)ن پەینی ئاژەڵکانیان لەناو گەوڕەکاندا دەهێڵنەوە هەتا وەرزی بەهار، ئەو باخدارانەش خۆیان ئاژەڵ و رەشە ولاّخیان نییە سوود لە پەینی ئاژەڵدارەکان وەردەگرن، زۆرجار باخدارێك چەند گەورێك پاکدەکاتەوە و پەینەکەیان دەبات بۆ باخەکەی، پەینکردن لەوەرزی بەهاردا و پاش خۆشکردنی کەشوهەوا دەستپێدەکات بەتایبەت لە مانگی ئازارەوە بۆ ناوەراستی مانگی نیسان، پەینیش بە بەرزە ولاّخ یاخود بە کۆڵ دەگوێزرێتەوە بۆ ناو باخەکان، لە وێش بەچواردەوری دار و نەمامەکاندا ڕۆدەکرێت، زۆرجار هەندێك باخدار پاش ئەوەی پەینەکە کەمێك وشکدەبێتەوە لەگەڵ خۆڵەکەی ژێرەوەی تێکەڵیدەکەن، ئەو تێکەڵکردنەش پەینکردنەکە زیاتر بەسوودەکات و زامنێکی باشیشە بۆئەوەی دار و نەمامەکان هەم نەشونمایان باشتر بێت هەم بەرهەمەکەیان زۆر و جۆرەکەشی چاکتر بێت.

3- کووزەماڵ:

کووزەمال یەکێکە لە کارەکانی بواری خزمەتکردنی باخەکان، هەموو باخدارەکانی هەورامان بایەخی تەواوی پێدەدەن و لە کاتی گونجاوی خۆیدا باخەکانیان کووزەماڵدەکەن، کوزەماڵ کاری پاککردنەوەی (کووزەکانە= ئەوجۆگەلانەی لەناو تەلاّنەکاندان) و ڕێکخستنی قەڵوە ز و ئاژینەکانە، مەبەستیش لەم کارە ئەوەیە کاتی ئاودان دار و نەمامەکان بە باشی ئاو بخۆنەوە و ئاوەکە بە تەلاّنەکاندا بلاّونەبێتەوە، چونکە ئەگەر هەموو ساڵێك کووزەکان پاکنەکرێنەوە ئەو قووڕ و لیتەیەی کاتی ئاودان دێتە ناویانەوە تەسك و بچووکیاندەکاتەوە و بەرە بەرە پڕدەبنەوە، ئیتر ئاو بە باشی بەناویاندا ناڕوات وبەناو تەلاّنەکاندا و بەسەر کەڵەکەکاند بلاودەبێتەوە، هەورامییەکان زۆر بە وریاییەوە کووزەماڵی باخەکانیاندەکەن، هەموو کوزێك بەپێی گەورەیی و بچووکی چەندە پێویستە هەر ئەوەندەی هەڵدەکەنن، لەگەڵ پاککردنەوە و هەڵکەندنی کووزەکانیش قەڵوەز و ئاژینەکانیش ڕێکدەخەنەوە، کووزەماڵکردن بەبێرێکخستەوەی قەڵوەزەکان مانایەکی نابێت، لەبەر ئەوەی قەڵوەزەکان لە نزیك دارەکانەوە درووستکراون و مەبەستیش لە درووستکردنیان ئەوەیە ئاو لەناویاندا پەنگبخواتەوە و بەخێرایی نەڕوات، هەتاکو بەتەواوەتی زەوی دەورووبەری نەمام و درەختەکان بخوسێنێتەوە و ڕەگەکانیان تێرئاوبن، باخدارەکانی هەورامان لە کاتی کووزەماڵکردن زۆر ئاگاداری نەمامە بچووك و تازە پێگەیشتووەکان دەکەن و هەوڵدەدەن ڕەگەکانیان بریندارنەکەن، چونکە نەمامی ناسك ڕەگەکانیان زۆر ناچن بە قووڵایدا وئەگەر دەورووبەرەکەیان زۆر هەڵبدرێتەوە بریندارەبن و زیانیانپێدەگات.

پێش ئەنجامدانی کووزەماڵ و بەتایبەتی لەو ساڵانەدا کەمبارانیبێت باخدارەکان باخەکانیان ئاودەدەن هەتاکو کوزەکان بخوسێنەوە و کارەکەیان بۆ ئاسانبێت, پاش کوزەماڵیش ئاوی باخەکان دەدەن بەوەش نەمام و درەختەکان بەیەکەم ئاودانی ساڵی نوێ تێرئاودەبن.

4- **ئاودان=نۆباو:**

ئاودان لەهەوراماندا پێیدەوترێت (نۆباو) کە وەك عورفێکی کۆمەلایەتی دامەزراوە لەگەڵ ئەوەدا ملکەچنییە بۆ هیچ یاسایەك کەچی بەرێکوپێکترین شێوە بەرێوەدەچێت, ئەم عورفە ئەوەندەکاریگەرە نزیکەی سەدەیەکە کەس ناتوانێت بیبەزێنێت و زیادەرەوی بکاتەسەری, لەبەرئەوە دەبینین ئەو کێشە و ناکۆکیانەی لە سەر ئاودانی زەوی و باخەکان لە شوێنەکانیتر درووستدەبن لەهەوراماندا هەرنین یاخود زۆر کەمن و هەرگیز رووداوی ناخۆشیان لێنەکەوتۆتەوە, ئاو لەهەوراماندا بەم دووشێوازەی خوارەوە دابەشکراوە :

1- دابەشکردن بەپێی سەعات:

لەسەر بنەمای ئەم شێوازە لە زۆر شوێنی ناوچەکەدا ئاو بەپێی سەعات دابەشکراوە بەسەر خاوەن باخ و خاوەن زەوییەکاندا, هەموو باخدارێك بەپێی زۆر و کەمی باخەکەی یاخود نزیکی و دووری لە سەرچاوەی ئاوەکەوە چەند سەعاتێك ئاوی بۆ دیاریکراوە, ئەو چەند سەعاتە بووە بە مافێکی تایبەت وەچە بۆ وەچە دەگوێزرێتەوە و کرین و فرۆشتنی پێدەکرێت, باخدارەکان لەوکاتەی دیاریکراوە بۆیان سوود لەئاوەکە وەردەگرن و کەس ناتوانێت زیادەڕەوی‌بکات, هەموو باخدارێك دەزانێت کاتی ئاودانەکەی کەیە و چەند سەعات ئاوی هەیە, ئایا لەو کاتەدا بۆی هەیە هەمووئاوی ئەو سەرچاوە بەکاربێنێ کە باخەکەی دەکەوێتە بەردەمیەوە یاخود باخداری تری دراوسێی لەگەڵیەتی.

2- دابەشکردن بەپێی شەو و رۆژ و جووڵەی خۆر:

لەسەر بنەمای ئەم شێوازەشیان لەهەندێك شوێندا ئاو بەپێی جووڵەی خۆر و شەو و رۆژ دیاریکراوە, لەم شێوازەشیاندا هەر وەك شێوازی یەکەم هەموو باخدارێك چوارچێوەی مافی خۆی لەئاودانا بۆ دیاریکراوە, ئەم شێوازە زیاتر لەو چەمانەدا پەیڕەودەکرێت کە ئاویان زۆرترە تەنانەت لە ساڵەکانی کەمبارانیشدا ئەوەندە کەمئاوییان پێوەدیار نییە, بۆ نموونە (چەمی خوارەوەی تەوێڵە کەبەزمانی خەڵکی ناوچەکە پێیدەوترێت دەرەی وارین).

هەندێك ساڵ لەئەنجامی کەمی باران و بەفر ماوەی ئاودان درێژدەکرێتەوە, چونکە ئەو چەمانەی ئاوەکەیان بەسەر دووجۆگەدا دابەشبووە دەکرێتەوە بە یەك جۆگە و ئیتر وایلێدێت ئەو باخدارانەی پێشتر هەفتەی جارێك سەرەی ئاودانیانبووە بەدووهەفتە جارێك بتوانن باخەکانیان ئاوبدەن[13].

ئاوی (نۆباو) کەدێتە ناو باخەوە بەهەموو ئەو تەلانانەدا دەڕوات دار و نەمامیان تێدا روێنراوە, هەموو تەلانێکیش بەپێی گەورە و بچووکی (کوون)ی تێدا درووستکراوە, تەلانی واهەیە تەنها کوزێکی تێدایە چونکە هەریەك ریز دار و نەمامی تێدایە, تەلانیش هەیە هەتاکو دە (کوون)ی تێدایە بە تایبەت ئە و تەلانە پان و پۆڕانەی پێیاندەوترێت (تەختە) یاخود (ماوەزا[14]).

(کوون)ی ناو تەلانەکان بە جۆرێکی زۆر رێك و پێك درووستکراون, بە درێژایی کووزەکان بەینا و بەین (قەڵوەن) درووستکراون بۆ ئەوەی ئاوەکە بە خێرایی بەناویاندا نەڕوات و دار و نەمامەکان تێر ئاوبن, دووری نێوان

قەڵوەزەکان بەپێی ژمارەی دار و نەمامەکان دیاریکراوە, هەموو تەلاَنێك (بەنگا)یەکی سەرەکی دەرژێتە ناویەوە, لە کۆتایی تەلاَنەکەشدا بەنگایەکی تر هەیە زیادئاوی تەلاَنەکە دەرژێنێتە تەلاَنەکەی خواریەوە, هەندێك تەلاَنیش لە ناوەراستیانەوە بەنگای بچووك هەیە بۆ زیاتر ئاسانکردن و سوود وەرگرتن لە ئاودان.

ئاوی (نۆباو) بۆ ئەوەی سوودی خۆی بگەیەنێت نابێت لێڵبکرێت, پاش ئاودانیش لەبەر ئەوەی تەلاَنەکان دەبن بە قوڕ بۆماوەی (1-2) رۆژ باخدارەکان پێیانناخۆشە خەڵك بەناو تەلاَنەکاندا گوزەربکەن, یاخود منداڵ و مێرد منداڵان راوراوێنیان تێدا بکەن و لە وکاتنانەدا پێیاندەڵێن قوڕەشێلمەکەن.

لە رۆژی (نۆباو)دا باخدارەکان خۆیان یاخود یەکێك یان زیاتر لەئەندامانی خێزانەکانیان و هەندێکجار تەنانەت هاوسەر و منداڵەکانیان, جارجاریش رێکدەکەوێت یەکێك لە کەس وکاری یاخود دراوسێ باخەکانیان بەشدارییدەکەن هەتا ئاودانەکە بەرێکوپێکی بەرێوەبچێت, هەرچەند لەو رۆژەدا ماندوودەبن بەلاَم وەك سەیرانێکی بچکۆلەیە بۆیان چونکە هەوای باخەکان تەواو فێنك و دیمەنیان قەشەنگ و دڵرفێن دەبێت و مرۆڤ هەست بەچێژێکی ئەفسانەیی دەکات, خواردنی تایبەتیش ئامادەدەکرێت بۆ نیوەرۆ بەتایبەت (یاپراخ), باشترین کاتی (نۆباو) لای هەورامییەکان شەوە و هەرباخێکیش بەشەو ئاوبدرێت دەڵێن شەواوی خواردۆتەوە, سەر لەبەیانی زوو و پاش فێنکی عەسریش دووکاتی گونجاون لایان چوونکە لەوکاتانەدا پلەی گەرما نزمە و دار و نەمامەکان بەباشی سوودوەردەگرن لەئاودانیان, (نۆباو) ئەگەر بەشەو بێت زۆرجار کۆمەڵێك کوڕ و کاڵ کۆدەبنەوە و بە شەوێك ئاوی باخێك یان زیاتر دەدەن بەتایبەت ئەو باخانەی دەکەونە ئەملا و ئەولای یەکترییەوە, ئەو شەوە لەگەڵ سەرقاڵبوونیان بە ئاودانەوە گۆرانیدەچڕن و خۆشی و بەشارەت دەبەخشنەوە, خواردنی تایبەتیش دروستدەکەن کەزۆرجار (سەروپی)یە و بۆسەرلەبەیانی زوو خواردنێکی پەسەندە لایان.

(نۆباو)ی هەورامان یەکێکە لەو کارانەی گیانی هاوکاری و یارمەتیدانی تێدا بەرجەستەبووە, هەندێکجار وا رێکدەکەوێت خاوەن باخێك لەکاتی نۆباوەکەیدا ئامادە نییە, بێئەوەی بەدراوسێ باخەکەی وتبێت بەلاَم لە هەستکردن بە گیانی هاوکارییەوە ئاوەکەی بۆ دەدێرێت وەك ئەرکێکی سەرشانی خۆی بەبێئەوەی هیچ جۆرە منەتێکی بەسەردابکات, ئەوەش زیاتر خۆشەویستی و بەتەنگەوەهاتنی یەکتری لەنێوانیاندا پتەودەکات.

**سەرچاوەکانی ئاودان:**

سەرچاوەکانی ئاودان لەهەوراماندا بەشێوەیەکی سەرەکی بریتین لە:

1-چەم 2- جۆگە 3- کانی 4- ئەستێڵ 5- کارێز

ئاو لەم سەرچاوانەوە بەشێوەیەکی زۆرنایاب دەگاتە باخەکان, بەنیسبەت چەمەکانی هەورامان هەریەکە چەند جۆگەیەکیان لێهەڵدەکرێت ئەوەش بەپێی کورت و درێژی چەمەکان و ژمارەی ئەو کانیانەی دەرژێنە چەمەکانەوە و بڕی ئاوەکەیان, (کارێز)ــەکانیش بایەخیان کەمترە چونکە لەلایەك ژمارەیان کەمە و لەلایەکی تریشەوە زۆربەیان ئەستێل لەبەریان دروستکراوە, لەبەر ئەوە لەم باسەدا تەنها کەمێك لەسەر (جۆگەکان, کانییەکان, ئەستێڵەکان) دەدوێین بەم شێوەی خوارەوە:

1- کانی: یەکێکە لەسەرچاوەکانی ئاودان, زۆربەی کانییەکانی هەورامان ئاویان سارد و سازگارە, رادەی ساردی ئاوەکەشیان بەپێی نزمی و بەرزی شوێنەکەیانە, بەومانایەی هەتا کانییەکە لە بەرزایدابێت ئاوەکەی ساردترە, زۆربەی کانییەکان لەهەرچوار وەرزی ساڵدا ئاویان هەیە, بەلاَم لەسەرپاییزدا ئاوەکەیان کەمدەکات,

هەندێك كانیش هەن تەنها لە وەرزی بەهاردا ئاویان هەیە و پێیاندەوترێت (بەهاراو)، هەورامییەكان پاكی و سازگاری ئاوی كانییەكانیان بەوە دەنرخێنن تاچەند بۆ خواردنەوە سووك بێت و بەزوویی تینوویەتی بشكێنێت، هەروەها زیخ و چەوی ناوكانییەكە پاكبێت و قەوزە نەیگرێت.
كانییەكانی هەورامان بایەخێكی زۆریان هەیە بۆئاودانی زەوی و باخەكان، هەندێكیشیان بۆخواردنەوە لەلایەن (كەژەوان، راوچی، رێبوار، گیا و گزرەبڕ، وەڵاخدار، ئاژەڵدار و هەوارنشێنەكان)ـەوە سوودیانلێوەردەگیرێت، ژمارەیەك لەو كانیانە كە ئاوەكانیان زۆرە یەكسەر دەرژێنە ناو جۆگەكان یاخود چەمەكانەوە، ئەوانەشیان ئاوەكانیان كەمە (ئەستێڵ) لەبەردەمیاندا دروستكراون بۆكۆكردنەوەی ئاوەكە.

2- **جۆگە:**

جۆگەكانی هەورامان هەندێكیان زۆردرێژن و چەندین پارچە باخ و زەوی ئاودەدەن، هەندێكیشیان كورتن و تەنها چەند پارچەیەك ئاودەدەن، ئاو لەسەرەتای دەستپێكردنی جۆگەوە زۆرترە چونكە بەدرێژایی جۆگەكان ئاویانلێدەچێت، كاتی واهەیە تەنها(70-80٪ ) ئاوەكە دەگاتە سەر ئەو باخانەی دەكەونە كۆتایی جۆگەكەوە یاخود نزیكن لە كۆتاییەكەیەوە، لەدروستكردنی جۆگەكانی هەوراماندا ژیری و سەلیقەیەكی ورد خراونەتەكار، لەو زەوییە سەختانەدا بەشێوەیەكی پێچاو پێچ جۆگەكانیان دروستكردووە و زۆر بەوردی حسابیان بۆ ئەوەكردووە كام زەوی ئاوی جۆگەكە دەیگرێتەوە، لە هەندێك شوێنی یاخیدا بە جۆرێك لە (قەم) كە لەدار یاخود لە لەوح دروستیانكردووە ئاوەكەیان پەڕاندۆتەوە، هەروەها لە قەدپاڵی شاخەكان و بە لێواری رێگاكاندا بە ماندووبوونێكی زۆرجۆگەكانیان راكێشاوە و حیسابیان بۆ هەموو وردەكارییەكان كردووە.[15]

3- **ئەستێڵ:**

ئەستێڵەكانی هەورامان وەك حەوزێكی گەورە وان، بۆ ئەوەی دیوارەكانیان بە هێز بن زۆربەیان لەبەردەم هەندێك لە كانییەكاندا وەیاخود كارێزەكاندا لە سەر شێوەی خڕ یان هێلكەیی دروستكراون، دروستكردنیان بەو شێوانە بۆ ئەوەیە كاتێك ئاوەكە لە ناویاندا پەنگدەخواتەوە دیوارەكانیان نەتەقێن، بۆ (دەردان= خاڵی كردنەوە)ی ئاوی ئەستێڵەكان لە بنەوە دەرگایان بۆ دروستدەكرێت، گەورە و بچووكیشیان پەیوەستە بە بڕی ئەو ئاوەی دەڕژێتە ناویانەوە، ئەستێڵی وا هەن لە شەو و رۆژێكدا تەنها یەكجار خاڵیدەكرین و هەندێكیشیان رۆژێك زیاتر لە جارێك خاڵیدەكرین و لە گەڵ هەموو خاڵیكردنەوەیەكیشیاندا چەند تەلانێك باخ ئاودەدەن، لە هەندێك شوێنیشدا ئەستێڵ هەیە بەیەكجار خاڵیكردنەوەی پارچەیەك باخ ئاودەدات.
هەندێك لە ئەستێیڵەكان تەنها موڵكیەتی یەك كەسن و هەندێكی تریشیان موڵكیەتی دووكەس وەیاخود زیاترن، ئەوەش بەپێی زۆر و كەمی ئاوەكەیان و ژمارەی ئەو باخانەی لە ئەستێڵەكەوە ئاودەدرێن.
لەكۆتایی ئەم باسەدا دەچینەسەر ئەوەی سیستمی ئاودان لە هەوراماندا زۆر جیاوازە لەزۆربەی ناوچەكانیتر و لە هەندێك شوێندا سنوورەكانی بەزاندووە، هەرچەندە هەردوو دیوی هەورامان لە (عێراق و ئێران) لەسەر رۆشنایی پەیمانێكی نێودەوڵەتی و بە هێڵێك كە پێیدەوترێت (هێڵی هەمایۆنی) سنووریان لەیەكتری جیاكراوەتەوە، ژمارەیەك لە جۆگەكانی هەورامان ئەو هێڵە سنوورییە دەبڕن و ئاوی باخەكانی (دزاوەر، تەوێڵە، شۆشمێی خوارو، بیارە، هانەگەرمەڵە) ئاو دەدەن، بۆ نموونە جۆگەی (شاجۆ) كە لەناو بازاڕی (تەوێڵە)وە هەڵدەكرێت پاش ئەوەی ئاوی چەندین پارچە باخی (تەوێڵە) دەدات لەشوێنێك كە پێیدەوترێت (ملەشۆپە[16])

دەچێتە دیوی ئێران و ئاوی باخەکانی (شۆشمێی خوارو) دەدات. هەروەها ژمارەیەك لەباخی (تەوێڵەییکان) بە ئاوی جۆگەکانی چەمی (دزاوەر) ئاو دەدرێن وەك (مالمین), بە هەمان شێوە لەنێوان باخەکانی (هانەگەرمەڵەیی) و (بیارەییەکاندا) ئەمە دووبارە دەبێتەوە, چەندین ساڵە هیچ کێشەیەك لە سەر ئاو لەنێوان خەڵکی ئەم گوندانەدا درووستنەبووە, تەنها جارێك نەبێت کە بەفیتی هەندێك گێرەشێوێن خەڵکی گوندی (دزاوەر) ئاویان لەباخی (تەوێڵەییەکان) بڕیوە, بەرامبەر بەوە (تەوێڵەییەکان)یش ئاویان لەباخەکانی (شۆشمێی خوارو) بڕیوە وەك کارتێکی فشار هەتاکو (دزاوەرییەکان) ئاو بگێڕنەوە بۆ باخەکانیان.

هەر ئەوە ماوە بیڵێین هەر چۆن هەورامیەکان لە زۆربەی لایەنەکانی ژیان و گوزەرانیاندا جیاوازن لە (نۆباو)یشدا تایبەتمەندی خۆیان هەیە, لەبەر ئەوە بووە بە هێمای تێکەڵاوی و خۆشەویستی و هاوکاریکردن و کاریگەرییەکی دیاریشی لەسەر خەڵکەکە دروستکردووە.

5- **پێوەنکردن**:

پێوەنکردن یەکێکە لەکارەکانی بواری باخداری , لە رێی ئەم کارەوە هەم دارە (زڕو (زڕبەری[17])یەکان دەبن بەداری بەرهەمدار, هەم ئەو دارانەی بەرهەمەکەیان ورد و کەم و بێکەڵکە

دەتوانرێت بەرهەمەکەیان باشبکرێت, شتێکی ئاشکرایە ئێستا لەزۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا زۆربەی ئەونەمامە بەرییانەی دەڕوێنرێن پێویستە لەو جۆرانەبن کە پێوەنکراون, بۆ ئەم مەبەستەش شەتڵگەی تایبەتی هەن بۆ بەرهەمهێنانی نەمام, لەو شەتڵگانەدا تۆوەکان دەچێنرێن, پاشان پیوەندەکرێن و دوای ئەوەی ساڵێك بە پێوەنەکەوە دەمێننەوە دەگوێزرێنەوە بۆ شوێنی تایبەتی خۆیان لەناو باخەکاندا, بۆ پێوەنکردنی نەمامیش پێویستە ئەو نەمامانە لە نێوان خۆیاندا لەیەك خێزانی نەباتی بن و پێکەوە گونجاوبن, بۆ نموونە دەکرێت ئەو دارانەی کە ناوکی بەرهەمەکانیان رەقە وەك: (قەیسی, قۆخ, هەڵووژە, بادام) پێوەنبکرێن لەسەریەکتری, هەروەها ئەو دارانەی کە پێیاندەوترێت (الحمچیات) وەك: (پرتەقاڵ, لیمۆ, نارنج) لەسەر یەکتر پێوەندەکرێن, هەروەها (سێو, هەرمێ, بەهێ, گۆێژ) دەکرێت بەسەرکەوتوویی لەسەر یەکتر پێوەنبکرێن.

کاری پێوەنکردن لە هەردوو وەرزی بەهار و پایزدا ئەنجامدەدرێت, پێوەنکردنی بەهارە بەپێی پلەی گەرمای شوێنەکان دەکرێت هەرلەسەرەتای مانگی (مایس) هەتاکو کۆتایی ئەم مانگە و سەرەتای مانگی (حوزەیران) ئەنجامبدرێت, پێوەنکردنی پایزەش لە ناوەڕاستی مانگی (تەموون)ـەوە دەستپێدەکات بۆ ناوەڕاستی مانگی (ئاب), بەڵام پێویستە لێرەدا باس لەوە بکەین کە زۆربەی تاقیکردنەوە زانستییەکان لە بواری پێوەنکردندا, ئەوەیان سەلماندووە پێوەنکردنی پایزە باشتر و سەرکەوتووترە, چونکە پێوەنی بەهارە پاش سەوزبوونی گەرمای مانگەکانی (تەمووز و ئاب) دێت بە سەریدا و مەترسی وشکبوونی لێدەکرێت, بەڵام پێوەنی پاییزە سەوزبوونی دەکەوێتە کاتێك کە رۆژ لە دوای رۆژ پلەی گەرما بەرەو نزمبوونەوە دەچێت, وەك لە هەوراماندا باوە دەڵێن گەلاوێژ دەردەچێت و کاریگەری گەرما لەم ناوچەدا تەواو کەمدەبێتەوە, لای هەمووشمان زانراوە ئەو نەمام و دارانەی گەرمای هاوین گەڵاکانیان قرچۆڵدەکاتەوە و وشکیاندەکات, پاش دەرچوونی گەلاوێژ جارێکیتر گەڵای تازە دەردەکەنەوە و بۆ ماوەیەکیش دەکەونەوە نەشونماکردن, هەر لەو ماوەیەدا پێوەنەکانیش خۆیاندەگرن و گەورەدەبن, پاشان دەچنە قۆناغی سڕبوون و ترسی وشکبوونیان نامێنێت.

هەرچەندە هەر لەدێرزەمانەوە پێوەنکردن لە هەوراماندا بووە, هەندێك لە باخدارەكان فێربوون بەباشی پێوەنیانداوە و لەكارەكەدا شارەزاییان پەیداكردووە, بەڵام پێوەندانەكە تەنها لەرووی ژیری و سەلیقەی باخدارەكە خۆیەوە بووە و ئەوەندە بایەخ بە رووە زانستییەكەی نەدراوە, پێوەنكردن لە زۆربەی كاتدا لەسەر ئەو شێوەیە بووە كەوەك پیتی(T)

ئینگلیزی وەهایە و بە گونجاندنی لە گەڵ باری كەش و هەوای ناوچەكە جیاوازەكان بە سەركەوتووترین جۆری پێوەنكردن لە قەڵەمدەدرێت, ئەوەش بە هەڵكەندنی تویكڵی لاسكی و لقی ئەو نەمام و دارەی وێستوویانە پێوەنیبكەن بەدرووستكردنی درزێكی لابەلایی و پاشان درووستكردنی درزێكی تری ستوونی لەناوەراستی درزە لابەلایەكەوە بۆ خوارەوە, ئینجا ئەو گۆپكەی كەپێشتر لەدارێكی بەری چاكەوە وەریانگكرتووە لە گەڵ كەمێك لە تویكڵی ژێر كۆپكەكەیان دەرهێناوە وخستوویانەتە نێوان ئەو تویكڵەی لە لاسكك یان لقی ئەو دارەوە كە مەبەستیانبووە پێوەنیبكەن, پاشان هەر بە تویكڵی دارەكە خۆی یاخود بە دەزوو بەستوویانە, ئیتر پاش (10–15) رۆژ كردوویانەتەوە, لەو ماوەیەدا پێوەنەكە سەوز بووە و ئەگەر سەوزیشنەبووبێت هەندێكجار كارەكەیان دووبارە كردۆتەوە.

بۆ ئەنجامدانی پێوەنكردن چەقۆی ئاسایی ناوچەكەی خۆیان بەكارهێناوە بۆ درووستكردنی درزەكان, بۆ بەستنی پێوەنەكەش هەر تویكڵی دارەكە یاخود دەزوویان بەكارهێناوە, لێرەدا ئەو واتەی ئێمە دەسەلمێت كە پێشتر وتمان بایەخیاننەداوە بە رووە زانستییەكەی پێوەنكردن, چونكە ئەو چەقۆیانەی پێویستە لە پێوەنكردندا بەكاربهێنرێن جۆرێكی تایبەتن كە پێیاندەوترێت (چەقۆی پێوەنكردن), هەروەها بۆ بەستنی پێوەنەكان پێویستە جۆرێك لە دەزوو بەكاربهێنرێت كە پێیدەوترێت (دەزووی رافیا), چونكە ئەم جۆرە دەزووە لەكاتی سەوزبوونی پێوەنكە بەپێی پێویستی نەشونماكردنی دەكێشێت.

پاش قسەكردن لەسەر هەندێك لەكارە خزمەتگوزارییەكنی بواری باخداری لە هەوراماندا, دەچینە سەرباسكردنی ئەو دارە بەرهەمدارانەی بایەخێكی ئابووری گەورەیان لە ژیانی خەڵكەكەودا هەیە وەك:

**1- داری گوێز:**

یەكێكە لەدارە بەرهەمدارەكان و بایەخێكی ئابووری زۆری هەیە, بەرهەمەكەشی هەر پێیدەوترێت گوێز, هەورامییەكان بە داری گوێز و بەرەكەشی دەڵێن (وەزی), ئەم دارە تەمەنێكی زۆری هەیە و چەندین ساڵ دەژی, زۆربەی دارگوێزەكان بە درێژایی تەمەنی چەند نەوەیەك بەرهەمدەدەن, داری گوێز لە وەرزی پاییزدا گەڵارێزاندەكات و لە وەرزی زستانیشدا تەواو متدەبێت, بەهاران لەگەڵ خۆشبوونی كەش و هەوا دەژییێتەوە و دەكەوێتە نەشونماكردن, لە نەشونماكردنیشدا پێویستی بە ئاوی سارد و هەوای فێنك هەیە, لە شوێنی گەرمدا ناژی و گەرماو گرەی هاوین وشكیدەكەن, ئەو زەوییانەی زۆر گریكدارن و لەكاتی وشكبوونەوەیاندا شەقدەبەن بۆ رواندنی گوێز گونجاو نین, رەگی داری گوێز زۆر بە ناو زەویدا رۆدەچێت و بلاْودەبێتەوە, هەروەها لق و پۆپیشی زۆر پەخشاندەبێتەوە بۆیە لە زۆربەی دارەكانی تر پێویستی بە شوێنێكی فراوانتر هەیە.

نەمامی گوێز لە رێی چاندنی گوێزەوە بەرهەمدێت, ئیتر ئەو گوێزانە باخدار خۆی بیانچێنێت, یاخود لەو گوێزانە بن سەرپاییز (سمۆرە) لە ناو باخەكاندا دەیانشارنەوە, گوێزەكان پاش سەوزبوونیان بە زمانی خەڵكی ناوچەكە پێیاندەوترێت (وەزلی) و باخدارەكان بە پێی پێویست سوودیانلێوەردەگرن, ئەوەش بە هەڵكێشانیان و

گواستنەوەیان بۆ شوێنی هەمیشەییان لە ناو باخەکاندا, هەورامییەکان لە شێواز و چۆنیەتی رواندنی نەمامەکاندا زۆر شارەزان لەم بوارەدا چەند خاڵێك هەن بایەخیاندەدەنێ بەم شێوەیە:
1- کێلاَن وپەینکردنی شوێنی نەمامەکان.
2- پێچانی قەدەکانیان بە جورێك لە گوێنی کە پێیدەوترێت (گوێنی گوش) بۆ ئەوەی گەرمای هاوین کاریانلێنەکات.
3- لەو شوێنەدا نەمامەکە دەروێنن ئەوە زۆر بە هەند وەردەگرن کە ئایا راستەوڕاست تیشکی خۆر لێیدەدات یان نا.
داری گوێز کە لەبەهاراندا دەژییێتەوە و گەڵادەردەکات دیمەنێکی زۆر جوانی هەیە, سەرەتا بەگەڵاکەی دەوترێت (پایا ژەرەژ), پاشان بەرەبەرە گەڵاکەی گەورەدەبێت ولە گۆپکە بەرییەکانەوە گوێز دەردەکەون, زۆرجار گۆپکەیەك لەگوێزێك زیاتری پێوەیە و بەپێی ژمارەی گوێزەکان پێیاندەوترێت (دوو لەقان, سێلەقان, چوارلەقان) یان زیاتر, رێکیشدەکەوێت گۆپکەیەك وەك هێشو گوێزی پێوەبێت, بەرهەمی گوێز سەرەتا بریتییە لە توێکلێکی سەوز و ناوەکی شلەیەیەکی تێدایە پێیدەوترێت (چلمە لتە), پاشان ئەو شلەیە بەرە بەرە خەستدەبێتەوە لەژێر توێکڵە سەوزەکەوە توێکڵێکی رەق دەوریدەدات ئیتر پێیدەوترێت (وەزە کەمکۆڵە), بەبەردەوامبوونی خەستبوونەوەی شلەکەی ناوەوەی دەبێت بە (کاکڵەی فەریك), خەڵکی ناوچەکە زۆر حەزیان لەو کاکڵە فەریکەیە و لەبەرئەوەی لەناو گوێزەکەدا بە چەقۆ دەریدەهێنن پێیدەڵێن (کاردە وەژی), پاشان گوێزەکە رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو وشکبوونەوە دەچێت وتوێکڵە رەقەکەشی رەقتردەبێت, هەروەها توێکڵە سەوزەکەی دەرەوەی بەرەو وشکبوونەوە دەچێت و شەقدەبات, ئیتر گوێزەکان دەردەکەون و لەم حاڵەتەدا دەڵێن (گوێز ترەکیوە), پاش (گوێز ترەکین)یش کاتی تەکاندیان دێتە پێشەوە.
دار گوێزەکان چەند جۆرێکیان هەیە کە لە هەوراماندا بە پێی چاکی وخراپی و گەورەیی و بچووکی بەرهەمەکانیان ناویاننراوە, جۆرێکیان پێیاندەوترێت (بێتوێکڵ) چونکە توێکلی گوێزەکانیان زۆر باریکە و کاکڵەکەیان زۆرچاکە, جۆریکی تریان پێیاندەوترێت (گوێزە قم) چونکە گوێزەکانیان گەورەن, جۆریکیشیان پێیاندەوترێت (گوێزی زووڕەس) چونکە زووتر کاتی تەکاندیان دێتە پێشەوە, رێژەیەکی کەمیشیان هەن پێیاندەوترێت (گوێزە کوێر) چونکە توێکڵەکەیان زۆر رەقە و کاکڵەکەیان کەمە و بە زەحمەت دەردێت, لەکاتی گوێز شکاندندا هەورامییەکان نەفرەت لەم گوێزانەدەکەن و دەڵێن (دەك ریخەت تەقو خۆ مەژگەکەش بە گوچەوەنی بەرنمێو[18]).
چەند نەخۆشی و مێروویەکی زیانبەخش هەن بەردەوام هەڕەشەن بۆ سەر(داری گوێز), ئەوانەیان لە هەوراماندا زۆر زیانبەخشن بریتین لە:
1- گڕەبردن= شەرابردن 2- کرمی چاڵهەڵکەن
بە نیسبەت گڕەبردنەوە لە وەرزی هاوین و لە گەڵ بەرزبوونەوەی پلەی گەرما بە تایبەتی لە مانگەکانی (تەمووز وئاب)دا گەڵای دار گوێزەکان بە تایبەت (نەمامەکان) قرچوڵدەکاتەوە و لاسکە ناسکەکانیان وشکدەکات, ئیتر ئەو نەمامانە ناتوانن وەك پێویست سوودوەرگرن لە تیشکی خۆر بۆئەنجامدانی کرداری هەرسکردن کەپێیدەوترێت (التمپيل الچوئی) کە لە رێیەوە ئەو خۆراکەی لە رێی رەگەکانیانەوە هەڵیانمژیوە دەکرێت بە

خۆراکی سوودمەند بۆیان, چونکە ئاشکرایە دار و نەمامەکان لەرێی رەگەکانیەوە ئاو و خۆراك وەردەگرن, پاشان لە رێی قەد و لق و لاسکەکانیانەوە دەگوێزنەوە بۆ ناو گەڵاکان و لە وێ لە گەڵ تیشکی خۆر تێکەڵیدەکەن و دەیکەن بە خۆراکی بەسوود, هەروەك چۆن مرۆڤ لە رێی گەدە و ریخۆڵەکانیەوە خۆراك هەرسدەکات داریش لە رێی گەڵاکانیەوە هەرسیدەکات, بەڵام کاتێك گرە گەڵاکان وشکدەکات ئیتر دارەکان و بە تایبەت نەمامەکان هیچ سوودێك لەو خۆراکە وەرناگرن و وشکدەبن, هەورامییەکان بەم جۆرە وشکبوونە دەڵێن (شەرابردن= گرەبردن).

بە نیسبەت کرمە چاڵهەڵکەنەکانیشەوە (الحفارات), گەورەترین بەڵان بۆ دار و نەمامی گوێز و چەند جۆریکیان هەیە, ئەم کرمانە دەبن بەهۆی کرمۆڵبوونی دارە گەورەکان, هەم بێهێز و لاوازیاندەکەن هەم بەرهەمەکەشیان خراپدەکەن, زۆر جاریش دەبنە هۆی وشکبوونی نەمامەکان, کرمەکان کەدەچنە ناو قەد و لقی دار و نەمامەکانەوە تونێلی پێچاو پێچ لەناویاندا درووستدەکەن, لە سەر ئەو چینە دەلەوەرێن کە ئەرکی گواستنەوەی ئاو و خۆراك ئەنجامدەدات, ورد و بێکەڵکیدەکەن و وەك ئاردەمشاریلیدەکەن, ئیتر ئا و و خۆراکەکە بە شێوەی شلەیەکی رەش بەقەدی دارەکەدا و لەو کونانەوە دێنەدەرەوە کە درووستیانکردوون, خەڵکی هەورامان هەتاکو ئێستاش بایەخێکی وەها بە قەڵاچۆکردنی ئەم کرمانە نادەن و رێگەی زانستی بۆ لەناوردنیان نازانن, بێجگە لە کرمە چاڵهەڵکەنەکان جۆرێکیش لە کرم هەیە دەچێتە ناو بەری دارگوێزەکانەوە, کاکڵەکانیان رەش و بێکەڵکدەکات و تامیشی تاڵدەکات, هەندێکجار گوێزەکە هیچ کاکڵەیەکی تێدا نامێنێت و کاتێك دەشکێنرێت تەنها پاشەرۆی کرمەکەی تێدایە, خەڵکی ناوچەکە بەم گوێزە کرمخواردوانە دەڵێن (وەزی پووتە, وەزی کرمەڵە= گوێزی پووچ, گوێزی کرمۆڵ).

بەری دارگوێز لە ئەنجامی کردارێکەوە کۆدەکرێتەوە پێیدەترێت (وەزشای= گوێزتەکاندن) کە بەپێی جیاوازی شوێنی باخەکان هەر لەناوەراستی مانگی ئەیلوولەوە دەستپێدەکات و شوێنی واش هەیە گوێزتەکاندنی دەکەوێتە ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەم, لە بەر ئەوەی گوێز بە دارێك دەتەکێنرێت پێیدەوترێت (شەنە), هەورامییەکان بەکاتی گوێزتەکاندن دەڵێن (تەقە شەنە[19]), (شەنە) دارێکی درێژ و سفت و باریکە لە داری چنار درووستدەکرێت, ئەوکەسەش گوێز دەتەکێنێت پێیدەوترێت (شەنیەر), شەنییەرە هەورامییەکان زۆر دارەوانن و هەرگیز چاویان لە بەرزی و سەختی دارگوێزەکان ناترسێت, زیاتر ئەو کەسانە کاری شەنیەری دەکەن کە خاوەن لەش و لارێکی ساغن و دەست و چاچیان زۆر بەهێزە, چونکە لە کاتی گوێز تەکاندندا بەو دارە بەرزانەوە هەردوو دەستیان بە شەنەکە دەگرن و تەنها بە هێزی قاچوقولیان خۆیان بەدارەکانەوە دەگرنەوە.

گوێزتەکاندن ئەوەندە کارێکی گرانە تا ئێستاش کرێی شەنیەر لە کرێی هەموو کارەکانی تری ناوچەی هەورامان گرانترە, شەنیەرەکان لەکاتی گوێزتەکاندندا زۆر وریان و هەوڵدەدەن لاسکەناسکەکان کە پێیاندەوترێت (قەمتەرە) زۆر نەخەنە خوارەوە, چونکە هەر ئەو لاسکانەن بۆ ساڵی دواتر گۆپکەی بەری دەردەدەن و گوێز بەرهەمدەهێنن.

هەرچەندە گوێز تەکاندن بۆ (شەنیەر) کارێکی گرانە, بەڵام بۆباخدارەکان و ئەوانەی بەشداری لە چنینەوەی گوێزەکاندا دەکەن زرر خۆشە, سەرەرای ئەوەی ماندوودەبن کەچی وەك رۆژی سەیرانکردنە لە لایان, زۆرجار هەمووی خێزان و هەندێکجاریش دەر و دراوسی یاخود خزم و کەسوکار بەشداریدەکەن و یارمەتی باخدارەکان دەدەن, ئەم یارمەتیدانەش بە عورفێکی کۆمەڵایەتییە و پێیدەڵێن (دەسەوام), لە کاتی گوێزتەکاندندا هەر

کەسێك بەو ناوەدا گوزەربکات خوڵکی گوێزخواردنیدەکەن و ئەوانەی گوێزەچننەوە گوێزی بۆدەبەن, ئیت هەڵبگرێت یان نا ئەوە بەکەیفی خۆیەتی, هەرکەسێکیش ئەو خوڵکەنەکات بە پیسکە و بەرچاو تەنگ لەقەڵەمدەدرێت و سەرزەنشتدەکرێت.

ئەو کەسانەی گوێزەچننەوە (بەرچینە, تەیکە, توێشەبەرە....هتد) بەکاردەهێنن, هەر کەپڕیاندەکەن دەچن لەشوێنێك بە کۆمەڵ ڕۆیاندەکەن بەو کۆمەڵە گوێزە دەوترێت (کوماتڵی), لەوێ کەسێك یان زیاتر بە پێی زۆری وکەمی گوێزەکان و ژمارەی بەشدارانی گوێزچنینەوەکە توێکڵە سەوزەکەیان لێدەکەنەوە[20], پاشان دەکرێنە ناو گوێنییەوە و دەگوێزرێنەوە بۆ شوێنی وشککردنەوەیان, ئیتر ئەو شوێنە لەناو گونددا بێت یاخود لە کەوێڵ و لەناو باخدا بێت, پاشان گوێزەکان یاخود لەلایەن خێزانی باخدارەکانەوە دەشکێنرێن و کاکڵەکەیان دەفرۆشرێت, یان هەر بەگوێزی دەفرۆشرێن و باخدار خۆی لەئەرکی شکاندنی گوێزەکان و وشکردنەوەی کاکڵەکەیان ڕزگاردەکات.

هەورامییەکان زۆر بایەخ بەوەدەدەن کاکڵەکەیان وشکبکەنەوە, هەرچەندە کێشی کەمدەکات بەڵام جۆرەکەی باشدەبێت و کڕیاری زۆرترە چونکە لە ئەنجامی کەڕووهەڵهێنانەوە بۆنی ناخۆشدەرناکات و تامەکەی خراپنابێت, هەروەها هەمیشە هەوڵدەدەن کاکڵەکە ورد نەبێت و بەیەکپارچەیی لە ناو گوێزەکەدا دەربهێنرێت, بەو جۆرە کاکڵەیە دەڵێن (کەلەّبابە), کاکڵەش هەتاکو (سپی, گەورە, وشك) بێت نرخەکەی گرانترە.

وەك پێشتر وتمان گوێزی پووچ هەیە کەلەئەنجامی ئەوەی کرم کاکڵەکەی خواردووە هیچی تێدا نەماوە یاخود تەنها پاشەڕۆی کرمەکەی تێدایە کە بووە بە بۆدرەیەکی ڕەشباو, هەروەها هەندێك لە گوێزەکان هەر بە سەوزی توێکڵەکەیان پێوە ڕەش و وشکدەبێتەوە و کاکڵەکەی ناویشیان وشك و قاوەییدەبێت, بەم گوێزانە دەوترێت (قڕاڵی), بوونی گوێزی (کوێر, پوچ, قڕاڵی) لە ناو گوێزی فرۆشتندا نرخی گوێزەکان دێنێتە خوارەوە, بۆیە زۆربەی باخدارەکانی هەورامان ئەم گوێزانە لە گوێزە باشەکان جیادەکەنەوە و تێکەڵیانناکەن.

ڕەوییەیەك هەیە کە ژمارەیەك لە باخدارەکانی هەورامان هەر لە دێر زەمانەوە هەتاکو ئێستاش پەیڕەویدەکەن, بەوەی خۆیان گوێزەکانیان ناتەکێنن و دەیاندەن بە ئیجار, ئەکەسەی ئیجارەکەدەکات خۆی هەڵدەسێت بە کۆکردنەوەی بەرهەمەکە, هەندێك لەوانەی ئیجارەدەکەن ساڵانە چەند باخێك یاخود چەند بنە گوێزێك ئیجارەدەکەن وەك سەرچاوەیەکی کاسبیکردن, پاشان بەرهەمەکە بە گوێزی یاخود بە کاکڵەیی دەفرۆشن.

داری گوێز بێجگە لە گوێز چەند سوودێکی تریشی هەیە, بۆ نموونە گەڵاکەی بە سەوزی ژنان سوودیلێوەردەگرن لە کاتی خەنێگرتندا بەوەی پاش ئەوەی خەنێکە دەسوون بەسەریاندا گەڵا گوێز دەخەنە سەری ئینجا دەیپێچن, هەروەها هەندێکجار گەڵاگوێزی زۆر ناسك لە کاتی یاپراخپێچانەوەدا دەپێچرێنەوە ودەکرێن بە یاپراخ, پاش وشکبوونەوەشی لەوەرزی پایزدا , کۆدەکرێتەوە و لە وەرزی زستاندا تێکەڵ بە(ئالیك)ی ئاژەل و ڕەشە وڵاخ دەکرێت, وشکەی دارەکان یاخود ئەو دارانەی لە ئەنجامی نەخۆشی و کرمەڕێزییەوە وشکەبن بەکاردەهێنرێن بۆ سووتاندن و خۆگەرمکردنەوە لە وەرزی سەرما و سۆڵەدا, ئەمە بێجگە لەوەی داری گوێز سەرچاوەیەکی گەورەیە بۆ دروستکردنی تەختەدار, تەختەداری گوێز باشترین جۆری تەختەدارە و لە بواری پیشەسازیدا بایەخێکی ئابووری گەورەی هەیە, هەروەها لە هەندێك لە پیشەسازییە دەستییەکانی هەوراماندا بەکاردەهێنرێت بە تایبەتی بۆ دروستکردنی (بێشکە, لانك, پنە,

تیرۆك....هتد)، زووتریش لە بواری بیناسازیدا بەکارهێنراوە وەك (دار، کۆڵەکە،خێزرە) سوودیلێوەرگیراوە، بەلاّم ئێستا ئەو بەکارهێنانانە زۆر کەمبوونەتەوە و لە هەندێك شوێندا هەر نەماون.

کاکڵەی گوێز خۆراکێکی بەسوود و زۆریش بە لەزەتە، لەهەوراماندا وەك بەرچایی دەخورێت و لەدروستکردنی (گیتە مەژگی= کولێرە بەکاکلە[21]، بنە هارگای[22])دا بە کاردەهێنرێت، هەروەها دەکرێتە ناو هەندێك خواردنەوە وەك (یەکاوە سیاوە= قبوڵی بەترش، گیپە، کفتە شۆربا، کوبە، کولیچە)، بەشێوەیەکی زانستی سەلمێنراوە چەوری کاکڵەی گوێز لە هەموو چەورییەکان باشترە، چونکە رێژەی (کۆلسترۆل) لە خوێندا دەهێنێتە خوارەوە، هەروەها ساڵانە بڕێکی زۆر کاکڵە و گوێزی هەورامان دەبرێنە شارە گەورەکان، هەم وەك کەرەسەیەکی خۆراکی هەم لە پیشەسازییە خۆراکییەکاندا سوودیانلێوەردەگیرێت.

لە کۆتایی ئەم بابەتەدا هەرئەوە ماوە بڵێین ئەو بەهەشتەی لە هەوراماندا درووستبووە لە دیمەنی قەشەنگی باخەکان و سێبەری چڕ و هەوای فێنك داری گوێز گەورەترین رۆڵیتێدادەگێرێت، بۆ هەر شوێنێك ملدەنێیت هەر دار و نەمامی گوێزە بەرە و ئاسمان چەقیوە، لە قرچەی گەرمای هاویندا شنەی شەماڵی ئارەقەت دەسڕێت و ماندوویت دەحەسێنێتەوە، بەلاّم جێی داخ و نیگەرانییەکی گەورەیە ئەو دۆخەی پاش گواستنەوەی زۆرە ملێی گوندەکانی هەورامانی ئەمدیو لە لایەن رژێمی رەفتار فاشی عێراق و دواتریش جەنگی هەشت ساڵەی (عێراق-ئێران)، کاردانەوەیەکی زۆر خراپیان هەبوو لەسەر هەردوو دیوی هەورامان، زۆربەی نەمام و دارگوێزەکان وشکبوون بەوەش خەڵکی هەورامان نەك هەر زەرەریانکرد، بەڵکو بەشێك لە کولتوور و بەری ماندووبوونی چەندین ساڵەی پێشینەکانیان لەدەستچوو، چونکە داریگوێز لەگەڵ ئەوەدا دارێکی بەرهەمدارە بە شێکیشە لە مێژوو و کولتوور و رەسەنایەتی خەڵکی ناوچەکە، ئامادەبوونی هەمیشەیی رۆحی پێشینەکانیانە لە ژیان گوزەرانی رۆژانەیاندا، بەلاّم ئەوەش شتێکی زۆر دڵخۆشکەرە پاش راپەڕینە شکۆدارەکەی خەڵکی کوردستان لە (ئازاری 1991ز)، زۆربەی خەڵکی ناوچەکە لە هەورامان ئەمدیو گەڕانەوە سەر زێدی باوباپیری خۆیان، باخدارەکان دەسیانکردەوە بە رێکخستنەوەی باخەکانیان و ساڵانە هەزاران نەمامی نوێ دەروێنن و خزمەتیاندەکەن، ئەمەش ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ ئیرادەی گەورەی هەوراممییەکان و هاوکات هەوڵدانیشە بۆ زامنکردنی سەرچاوەیەکی داهات بۆ ئایندەی خێزان.

**2- داری توو:**

داری توو پانتاییەکی گەورەی لە رووبەری باخەکانی هەورامان گرتووە و بەرەکەشی هەر پێیدەوترێت توو، هەوراممییەکان بە داری توو و بەرەکەشی دەڵێن (تفی)، داری توو لەو دارانەیە تەمەنێکی زۆردەکات و نەخۆشی و مێرووی زیانبەخش ئەوەندە کاریلێناکەن، بەلاّیەك کە زیانبگەیەنێت بە دارتووەکانی ناوچەی هەورامان ئەو کرمانەن پێیاندەوترێت (چاڵهەڵکەن= الحفارات)، داری توو لەزۆربەی دارەکانی تری ناوچەی هەورامان زیاتر بەرگەی گەرما و تینوێتی دەگرێت، بایەخێکی ئابووری زۆریشی هەیە و لە رووی گرنگییەوە پاش داری گوێز دێت، ئەم دارە لە رێگەی تۆوەوە سەوزدەبێت و لە سەرەتای سەوزبوونیدا پێیدەوترێت (تفلی)، کە گەورە دەبێت ئەگەر لە شوێنەکەی خۆیدا بهێڵرێتەوە (زڕ) یان (زڕبەری) دەردەچێت، بۆ ئەوەی ببێت بەدارێکی بەری باخدارەکانی هەورامان هەمیشە نەمامە تووەکان دەگوێزنەوە بۆ شوێنی تایبەتیان لە ناو باخەکانیاندا و لە جۆری تووە چاکەکان پێوەنیاندەکەن، لق و پۆپی ئەمدارە زۆر پەخشاندەبنەوە و سێبەری باش درووستدەکەن،

ڕەگەکانیشی دەچن بە قووڵایی زەویدا و بەملاو ئەولادا بڵاودەبنەوە, دانیشتن و پشوودان و خەوتن لە ژێر سێبەری داری تووددا زۆر باشە و بۆ مرۆڤ لەشسووکی و تەندرووستییە.

داری توو لە پاییزدا گەڵاکەی دەوەرێت و لە زستانیشدا تەواو متدەبێت, لە سەرەتای وەرزی بەهارەوە دەژیێتەوە و بۆ ماوەیەك گەڵایەکی ناسك و تەڕچکی هەیە, لەو ماوەیەدا باشترین گەڵایە وەك ئالیکێکی تەڕ دەدرێت بەو کار و بەرخانەی پێیاندەوترێت (ئەرەبەسیا= دابەستە) و هەندێك باخدار لە ناو باخەکانیاندا رایاندەگرن, بەڵام پاشان بەرە بەرە گەڵاکەی ئەستوور و زبردەبێت و تەرچکییەکەی نامێنێت.

دارتووەکانی هەورامان بە شێوەیەکی سەرەکی و بەپێی جیاوازی بەرهەمەکەیان بریتین لە (تووی تارانی, تووی کۆمەدەرەیی, تووی خالۆدی, تووی بێناوك, تووی قادری, شاتوو), لەم سالأنەی دواییشدا جۆریکیتر بڵاوبوونەتەوە پێیاندەوترێت (تووە کوولەکە), ئەم جۆرە هەرچەندە بەرەکەیان گەورەیە بەڵام کەمشێلە و بێلەزەتن, بەری داری توو سەرەتا سەوزە و هەورامییەکان پێیدەڵێن (کۆلینجە), لەگەڵ گەورە بوونیدا زیاتر ئاوە بەخۆوەدەگرێت, کاتێك پێدەگات شلدەبێتەوە و تامی شیریندەبێت و پێیدەوترێت (تفە تەڕی = تەڕە توو), خەڵکی هەورامان زۆر ئالوودەی خواردنی تەڕەتوون و بە خواردنێکی چاك و بەلەزەتی دەزانن, کاتی تووپێگەیشتن بێجگە لەوانەشیان رۆژانە هاتوچۆی باخەکان دەکەن, هەندێکی تریشیان دەچن بۆ باخەکان بۆ تەڕەتوو خواردن بە تایبەتی پاش فێنکی عەسر و هەندێکجاریش سەر لەبەیانی, لەو کاتەدا یەکێکی دارەوان سەردەکەوێتە سەرداتوویەك لە جۆرە چاکەکان, لەرێگەی شەکاندنەوەی لقی دارتووەکەوە بە دەست و بەپێلەقە تووەکان دەوەرێنێت و ئەوانی تریش لە بن تووەکەدا هەتا دەتوانن (تەڕەتوو) دەخۆن, هەندێکجار لەکاتی تووتەکاندنەکەدا دووکەس توودەگرنەوە و بۆ ئەو مەبەستە (گلێم, بەرماڵ, مشکی, نایلۆن.... هتد), بەکاردەهێنن, بەوەی دووکەسیان لەمسەرو ئەوسەرەوە بەهەردوو دەستیان (گلێم, بەرماڵ, مشکی, نایلۆن)ـەکە بڵاودەکەنەوە و راستە و راست لە شوێن ئەو لق و پۆپەدا رادەوەستن کە دارەوانەکە تووەکانیان لێدەوەرێنێت, بەوەش برێکی زۆر لەتووە وەریوەکان بەپاکی و بەبێئەوەی بکەونە سەرزەوی و تێکەڵ بە خۆڵ یان پووش و پەڵاشی بن دارەکان ببن دەگرنەوە ئینجا دەیانخۆن, ئەم کارە زیاتر لەو باخانەدا ئەنجامدەدرێت کە خێزانیان تێدایە.

ئەو باخانەی توویان تێدا بەرهەمدەهێنرێت ساڵانە لە وەرزی بەهاردا پاکدەکرێنەوە لە گژوگیا, هەم لە رێی هەڵکێشان و دوورینەوەی گژوگیاکەیان و هەم لە رێی گەلکارییەکەوە کە پێیدەوترێت (گزی بارەکڵە), ئەم گەلکارییە ریورەسمی خۆی هەیە و لەم کتێبەدا لە شوێنی تایبەت بە گەلکارییەکانی هەورامان قسە و باسی لێوەدەکەین, یەکەم بەری توو لە سەرەتاوە کە پێدەگات شیرینی کەمە و بەزمانی خەڵکی ناوچەکە پێیدەوترێت (کلۆش), کلۆش کە وشکدەبێتەوە ڕەنگەکەی رەشە, بۆیە لەوەرزی زستاندا تێکەڵ بە ئالیکی ئاژەڵ و رەشە ولأخ و بەرزە ولأخ دەکرێت و کەرەسەیەکی خۆراکی زۆر باشە بۆیان, پاش ئەوەی بەری یەکەم تەواو دەبێت ئیتر تامی تووەکان شیرینتر و چاکتردەبێت, کە وشکیشدەبنەوە رەنگیان مەیلە و زەرد و جوانە.

بێجگە لەوەی رۆژانە رێژەیەك لە تووە گەیوەکان لە ئەنجامی گەیینیان یاخود لەئەنجامی رەشەباوە دەوەرێن و دەچنرێنەوە, بە پێی زۆر و کەمی بەرهەمەکەش بەشێوەیەکی گشتی (1–2) جار گشت دارتووەکان لە لایەن دارەوانەکانەوە دەتەکێنرێن و لەلایەن ژنان و کچانەوە کۆدەکرێنەوە, هەندێکجار و بەتایبەتی لە باخە گەورەکانی

بەرهەمهێنانی تووداجۆرە گەلکارییەك دەکرێت بۆ کۆکردنەوەی تووەکان کە پێیدەوترێت (گەلو تفۆچنیەی= گەلی تووچنینەوە), پاش کۆکردنەوەیان بەمەبەستی وشکبوونەوەیان دەبرێن بۆ شوێنێکی تایبەت لەنا و باخدا کە پێیدەوترێت (سانالی[23]), هەتاکو وشکدەبنەوە رۆژانە دووجار یاخود زیاتر بەپێی بەرزی پلەی گەرما و قەبارەی تووەکان دەستیانتێوەردەدرێت و ئەمدیو و ئەودیو دەکرێن, پاش وشکەوبوونەوەیان دەکرێنە ناو گوێنییەوە و دەگوێزرێنەوە بۆ ناو (گوند), پاش ئەوەی باخدار پێویستی خۆی لە چاکترین جۆری تووەکانی گلدەداتەوە هەر چیان زیادبن دەفرۆشرێن.

عورفێکی کۆمەلایەتی هەیە بۆ چنینەوەی توو تائێستاش لە هەندێك شوێنی هەوراماندا پێرەودەکرێت, عورفەکەش ئەوەیە ژمارەیەك لە باخدارەکان بەهەرهۆیەکەوەبێت خۆیان ناتوانن ئەوئەرکە بگرنە ئەستۆ و باخەکانیان دەدەن بە خەلکی تر بە(ئیجار, دووکوتی یاخود سێکۆچنی= سێیەك), ئەوەش بەپێی رێکەوتنی نێوانیان.

توو لەهەوراماندا بە تەری و زوەردی[24] وشکی دەخورێت و چەند جۆرە خۆراکێکیشی لێدرووستدەکرێت وەك:

1- سەکلە تفی= سەکلە توو: بۆ درووستکردنی سەکلەتوو, تووی وشکەوبوو لەناو (دۆڵ[25])دا دەکوترێن هەتاکو دەبن بەئاردەتوو و بەهێلەك باش دەبێژرێن وئاویان لێدەپرژێنرێت, پاشان بە توندی دەپەستێنرێن و هەلدەگیرێن بۆ وەرزی سەرما و سۆلە.

2- لەپاریَ: بۆدرووستکردنی لەپاریَ (تووی وشکەوبوو, کاکلەی گوێز) پێکەوە لە ناو (دۆڵ)دا دەکوترێن و ئاویان لیدەپەرژێنرێت, چەند جارێك لەناو دۆڵەکەدا ئەمدیو وئەودیو دەکرێن هەتاکو پێکەوەدەلکن و دەبن بەشیرینییەکی پتە و بەتام.

3- کوتە: ئەم جۆرە خۆراکە لە (تووی وشکەوبوو, قەزوانی ناسك) درووستدەکرێت, سەرەتا تووەکان لە ناو (دۆڵ)دا دەکوترێن ودەکرێنە ناو دەفرێکەوە, ئینجا قەزوانەکانیش بە جیا دەکوترێن, پاشان جارێکی تریش پێکەوە لەگەل تووەکوتراوەکاندا دەکوترێنەوە, بەوەش خواردنێکیچەو رو شیرین و بەتام دێتە بەرهەم.

4- دۆشاوی توو: بۆدرووستکردنی دۆشاوی توو یەك پێوانە توو لەگەڵ دوو پێوانە ئاو دەکرێنە ناو مەنجەلێکی پاکەوە و بۆماوەی سێ سەعات دەکولێنرێن, بەیناو بەین بە کەوچك یاخود کەوگیر تێکدەدرێن و ئینجا پالفتەدەکرێن, پاش پالفتەکردن جارێکیتر کەمێك دەخرێنەوە سەرئاگر و بۆجاری دووەمیش پالفتەدەکرێنەوە بەوەش دۆشاوێکی بەتام درووستدەبێت.

5- درووستکردنی ئاوی خۆشاو: بۆدرووستکردنی ئاوی خۆشاو (تووی وشکەوبوو) بە پێی پێویست دەکرێنە ناو دەفرێکی پاکەوە ئاویانتێدەکرێت, پاش ماوەی (2-3) رۆژ تووەکان باش دەگوشرێن و پالفتەدەکرێن و ئامادەدەبن بۆ ئەوەی بکرێنە ناو ئەو میوانەی خۆشاوەکەیان لێدرووستدەکرێت[26].

بێجگە لەو خۆراکانەی باسمانکردن, توو وەك کەرەسەیەکی سەرەکی بەکاردیت بۆ درووستکردنی (چکلێت, حەلوای توو, کولێرە بەدۆشاو...هتد).

هەر ئەوە ماوە بلێین رووی ئەو دەسەلاتدارە شۆفێنیستانە رەشبێت کە بوون بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی تەواو زۆر لە دارتووەکانی هەورامان وشکبن, بەرهەمی توو ئەوەندە کەمببێتەوە وایلێبێت لەوانەیە ئێستا لە هەندێك

شویندا خەڵك تێر تەڕەتوو نەخۆن, ئەو ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتییانەش بۆ پاککردنەوەی باخەکان بەڕێوەدەچوون ئەو خۆشی و جۆش و خرۆشەی جارانیان نەمێنێت.

3-داری مێو:

شتێکی ئاشکرایە مێو لە هەورامانـدا لـە رووی بایـەخی ئابوورییـەوە پـاش (گـوێز و تـوو) دێـت و دارێکـی (خۆهەڵواسە= متسلق) و دووجۆری هەیە بەم ناوانە:

1- مێوە دێمی= ڕەزە دێم کەتایبەتن بەبەرهەمهێنانی ترێی رەش

2- مێو و داڵیتی = مێوی ناوباخ = ئەو مێوانەی خۆیان بەدارەکانی تردا هەڵدەواسن, ئەم مێوانە چەندین جۆری ترێـیٚ نایـاب بەرهەمـدەهێنن وەك: (دەرەبۆڵـە, لـەق لـەق, سـەدانی, کـەزای,کشمیشـی, زووڕەس= یـاقووتی= مامەخولان, سەرەقووڵە, زەردەڵیٚ, کوردەکوژە, سنەیی, ریشبابا.....هتد).

مێوی ناوباخ خۆی بەدارەکانی تردا هەڵدەواسێت و بەسەر لق و پۆپیاندا بڵاودەبێتەوەوە, سەرەڕای ئەوەی ترێی چاکیان هەیە گەلا ناسکەکانیشیان بەبەردەوامی یاپراخی بەتامیان لێدرووستدەکریت.

بەنیسبەت (رەزەدێم)ـەکانەوە رووبـەرێکی زۆریـان لـە قەدپاڵـەکانی هـەورامان داپۆشیوە و ساڵانە بەرهـەمێکی باشیان هەیە, کارە خزمەتگوزارییەکانی (رەزەدێم) بە شێوەیەکی سەرەکی بریتین لە (رەز کێلان, رەزبڕین), هەورامیەکان ساڵانە لە سەرەتای وەرزی بەهاردا بە پاچ رەزە دێمەکانیان دەکێڵن, پێشتر هەندێکجار بە گەلگاری دەکێڵران بەڵام لەم رۆژانەدا خاوەن رەزەکان خۆیان دەیانکێڵن یاخود کرێکاریان بۆ دەگرن.

(رەزبڕین)یش بایەخی خۆی هەیە و بۆ ئەوە ئەنجامـدەدرێت ئەو لق و پۆپانە کە وشك وکرمـەڕێز بـوون بـبڕێن, هەروەها لاسکەکان کورتبکرێنەوە و بەشێوەیەك پەخشاننەبنەوە بەرەکیان ورد وخراپ دەرچێت, چونکە رەزەدێم ئەگەر ساڵانە نەیبڕن لق و پۆپی زۆربڵاودەبێتـەوە و بەرەکـەی باشنابێت, هەورامییەکان هـەر لـە زووەوە دەرکیـان بەگرنگی ئەم کارەکردووە بۆیە زۆر بایەخییێدەدەن و ئەگـەر بەرێککەوێت کەسێك رەزەکـەی نەکێڵێت و نـەبڕێت پێیدەڵێن رەزەکـەت بووەتـەوە بە کـەژ, بۆ بڕینـی رەزەدێـم (مەقەسـتی مێوبڕین,چەقۆی مێوبڕین) بـەکاردەهێنن, هەندێکجاریش بۆ بڕینی کەڵەمە مێوی گەورە مشار بەکاردەهێنن, هەموو کەسێك ناتوانێت ئەم کارە بەرێکوپێکی ئەنجامبدات بۆیە ئەوانەی زۆرشارەزان تێیدا پێیاندەڵێن (مێوبڕ).

ئەوانـەی شـارەزای رەزبـرینن دەزانـن ئـەو لاسـکانە بـەردەگرن کەلـەوەرزی بـەهاردا لەسـەر لاسـکی سـاڵی پێشـوو سەوزدەبن, بۆیە لاسکەکانی سـاڵی پێشـوو کورتدەکەنـەوە بـۆ ئاسـتێك کەتـەنها(3-5) کۆپکـەیان پێـوە بمێنـی و بەوەش کاتێك دەژێێنەوە زۆر درێژنابن و بەری زۆر دەگرن.

هەورامییەکان پاش بڕینی رەزەکانیان کەڵەمە بڕاوەکان کۆدەکەنەوە و لە دەرەوەی ڕەزەکە یـاخود لـە سووچێکی رەزەکەیانـدا دەیانسـووتێنن, بـەوەش تارادەیـەکی بـاش رەزەکانیـان لـە نەخۆشـی و مێـروە زیانبەخشـەکان دەپارێزن.

بەرهـەمی رەزەدێمـەکانی هـەورامان کـەوەك پێشـتر وتمـان بـە شـێوەیەکی سـەرەکی (ترێـی رەشـە) هەنـدێك لـە رەزەکانیش بەینا وبەین چەند بنێك (ترێی سپی)یان تێدایە, تریٚ کەرەسـەیەکی خـۆراکی زۆر چاکە و چەندین سـوودی هەیـە بـۆمرۆڤ, لەهەورامانـدا سـەرەڕای ئـەوەی وەك یـەکێك لـەمیوە سـەرەکییەکان دەخورێـت, (مێـوژ, دۆشاوی تریٚ, سرکە, شەراب)ی لێدرووسیتدەکرێت کەهەریەکەیان لەشوێنی خۆیاندا بایەخی تایبەتیان هەیە.

4- داری بەهیٚ:

داری بەهیٚ دیمەنێکی زۆر جوانی هەیە و بەرەکەشی هەر پێیدەوترێت بەهیٚ, هەورامییەکانیش بە دارەکە و بەرەکەشی دەڵێن (بەی), ئەم دارە لەسەرەتاوە لە شاری (سیدۆن)ی دوورگەی (کریت) روێنراوە و لەوێوە بلاوبۆتەوە بۆیە ناوی زانستی (بەهیٚ) هەمان ناوی ئەو شارەی هەڵگرتووە, بەری (بەهی) تام و بونێکی خۆشی هەیە و لەهەوراماندا چەند جۆرێکی هەیە وەك (بەهێی شیرین, بەهێی ترش و کەمێکیشیان مەیلەو تفت)ن بەهیٚ سەرچاوەیەکی خۆراکی زۆر باشە وٚ کۆمەڵێك کەرەسەی خۆراکی تێدایە وەك: (گلیکۆز, سوکەرۆز,پەکتین, چەوری, هەردووترشی مالیك و تانین, ڤیتامینەکانی (A-B ), هەروەها (بەر, تۆو, گەلا)کەی لە بواری چارەسەرکردنی هەندێك نەخۆشیدا بەکاردێن.

هەورامییەکان سالانە هەموو خێزانێکیان لە چاکترین جۆرەکانی (بەهیٚ) دەخەنە مالٚ, پێشتر ئەم میوەیە بە (جووت) دەفرۆشرا نەوەك کیلۆ, لەناو مالٚدا دوو دوو لەگەلٚ کەمێك لە لاسکەکەیاندا پێکەوە بە بنمیچی خانووەکانیانەوە هەڵیاندەواسین و پێیاندەوتن (لەقان),هەروەها لەسەر رەفە و لە (سندوق, باهۆلٚ...هتد) هەڵیاندەگرتن, تا ئێستاش سەرەرای ئەوەی (بەهیٚ) وەك یەکێك لە میوە پەسەندەکانیان لە شەوانی زستاندا وەك شەوچەرە دەخۆن , مرەبای نایابی لێدرووستدەکەن و لەتکە بەهێیٚ وشککەوکراوەش دەکەنە ناو خۆشاوەوە.

4- داری هەنار:

داری هەنار یەکێکە لەو دارانەی لە هەوراماندا بایەخی ئابووری هەیە, دارێکی مامناوەندییە و لە پاییزاندا گەلاکانی دەوەرن و لە زستاندا تەواو متدەبێت, هەورامییەکان بەم دارە و بەرەکەشی هەر دەڵێن (هەنار), زۆربەی دارهەنارەکانی هەورامان لە جۆرە هەرە چاکەکانی هەنار بەرهەمدەهێنن, گوندی شەرِەکانی هەورامانی ئەودیو یەکێکە لەو گوندانەی بە هەنار بەناوبانگە, چاکترین هەناری هەورامانیش (هەناری شەرِەکان)ـە, چونکە (گەورە, ئاودار وبەتام, توێکلٚباریك)ە, هەنارەکانی هەورامان بە شێوەیەکی گشتی لە رووی تامیانەوە سیٚ جۆرن بەم شێوەیە: (هەناری شیرین, هەناری مەلیسی= مێخۆش, هەناری ترش), هەنار سەرەرِای ئەوەی میوەیەکی زۆر باشە و برِێکی باش لەکەرەسە خۆراکییە پێویستەکان و ڤیتامینەکانی تێدایە و وەك میوەیەکی پەسەند دەخورێت, خەڵکی ناوچەکە لە هەناری ترش (روگنار= ربەهەنار) درووستدەکەن و دەنگەگانیشی وشکدەکەنەوە بۆ بەکارهێنانیان لە درووستکردنی هەندێك لە چێشتە میللیەکانیاندا, هەروەها لە توێکلٚەکەشی سوودوەردەگرن پاش ئەوەی وشکیدەکەنەوە لە ناو (دۆلٚ)دا دەیکوتن و پێیدەڵێن (تالٚ) بۆ خۆشەکردنی (مەشکە, کونە, پێستەی پێلاوی چەرم) بەکاریدەهێنن.

5- داری هە نجیر:

ئەم دارەش یەکێکە لە دارە مامناوەندییەکان, لەوەرزی پاییزدا گەلاکانی دەوەرن و لە زستانیشدا متدەبێت, ناوچەی هەورامان چەندین جۆر لەدارهەنجیری تێدایە بە تایبەت لەو جۆرانەی بەرەکەیان زۆر چاك و بەتامە وەك (مجیفی= شاهەنجیر, کۆچەزەردە = زەردە هەنجیر, کۆچە سیاوە= رەشەهەنجیر, گۆچە کاو کە رەنگەکەیان مەیلەو قاوەییە, کۆچە پالانەی, هەنجیرە بەرِیلە= هەنجیری دێمی, هەنجیری رێژاوی), چەند گوندێکی هەورامانی ئەمدیو بەناوبانگن بە بەرهەمهێنانی هەنجیری چاك لەوانە (پالانیا, هاوار, هاوارەکۆن), هەنجیر میوەیەکی زۆر بەسوودەوە لە رووی خۆراکییەوە و چەندین خەصلەتی دەرمانیشی هەیە, هەورامییەکان بێجگە لەوەی

(هـەنجیر)وەك یـەكێك لـە میوە پەسـەندەكان دەخـۆن, وشـكیدەكەنەوە و (لـەپۆرت[27])یشـی لێدرووسـتدەكەن كـە لەوەرزی زستاندا وەك شەوچەرەیەكی زۆر بەتام لەگەڵ (كاكلەگوێز, مێوژ) دەیانخۆن.

6- **داری هەرمێ:**

**یەكێكە لەو دارانـەی هـەر لـەدێر زەمانـەوە لـە هەورامانـدا روێنـراون و بایـەخێكی ئابووری زۆری هەیـە, خـەڵكی ناوچـەكە بـەم دارە و بەرەكەشـی هـەر دەڵـێن (مـرۆ) و چـەندین پارچـە بـاخ هـەن هـەرمێ بەرهـەمی سـەرەكییانە, جۆرەكانی هەرمێ لەناوچەكەدا بە شێوەیەكی سەرەكی ئەمانەن: (مـروە گـولاوی= هـەرمێ گـولاوی, مروەسـیاوە= هەرمێ رەشە, مروەشووتە= هەرمێی شیری, سیفرمە), بەری داری هەرمێ زۆر دەوڵەمەندە بە كەرەسەی خـۆراكی وەك: (پۆتاسیۆم, مەنگەنیز, كالیسیۆم, تانین, ئاسن, كلۆر) هەروەها ڤیتامینەكانی (A-B-C ) ئەمەش وایكردووە هەم لە رووی خۆراكی و هەم لە رووی دەرمانییەوە سوودبەخشبێت.**

**هەورامییەكان بێجگە لەوەی لـەكاتی پێگەیشـتنیاندا (هـەرمی) وەك میوەیـەكی سـەرەكی دەخـۆن, زۆریـش بایـەخ بەوە دەدەن سالانە هەرمێ هەڵبگرن بۆ وەرزی زستان, بۆ هەڵگرتنیشیان لەناوخانووی پاك و سـواقدراودا پـاش ئەوەی گەڵا دەخەنە ژێریان بڵاویاندەكەنەوە, بەو شێوەیە ئیتر ماوەیەكی زۆر دەمێننـەوە و خراپنـابن, هـەڵگرتنی هەرمێ لە ناو ماڵدا بۆن و بەرامەی خۆشدەكات, هـەروەها لێیـان وشـكدەكەنەوە و لەدرووسـتكردنی (خـۆشـاو)دا بەكاریان دەهێنن.**

7- **داری چنار:**

**یـەكێكی تـرە لـە دارە بایەخـدارەكانی هـەورامان, لـە كـەناری جۆگـەی سـەرەكی باخـەكانـدا دەیـروێنن, هەنـدێك تەلانیش هەن هەر تایبەتن بەم دارە, ژمارەیەكی زۆر لە باخدارەكانی هـەورامان كاتێك لـە سـەرەتاوە باخـدادەنێن یـاخود تەلانـە كۆنـەكان نەوەكاندەكەنـەوە لەگـەڵ درەكـانی تـردا (چـنار) دەڕوێـنن چـونكە زووبەرزدەبێتـەوە و شوێنێكی زۆری ناوێت, ئیتر هەتاكو دارەكان دەگەنە كاتی بەرهەمدان (چنار)ـەكانیش گـەورە دەبـن و دەیانبڕن, خۆیـان هەرچـەندەیان پێویسـتبێت لێیانبـەكاردەهێنن و زیادەكانیـان دەفرۆشـن, بەمـەش داهـاتێكی بـاش بەدەسـتدەهێنن, (چـنار) شـوێنێكی دیـاری هەیـە لـە بیناسـازی هەورامانـدا, ئەسـتوورەكانیان وەك (رایـەڵ) بەكاردەهێنن, باریكەكانیشیان دەقڵێشسێنن و دەیانكەن بە (خێزرە).**

**بێجگە لەم دارانەی بەكورتی قسەمان لەسەركردن چەند دارێكی ترهەن لە هەوراماندا كەهەریەكە و بەپێی گرنگـی خۆی سەرنجی هەورامییەكان رادەكەشێت و لـە باخداریا بایـەخی پێدەدرێت وەك: (هەشـتاڵوە= قـۆخ, شـێلانی= قەیسی, هەڵوچی= هەلووژە, ساوی= سێو).**

**لە كۆتایی ئەم بابەتەدا دەڵێن هەموو ئەم دارانەی باسمانكردن گەڵاوەریون.***

**دارستانە سرووشتییەكانی هەورامان:**

**دارسـتانی سرووشـتی بـەو دارسـتانانە دەوترێـت كـەدار و دەوەنـی خۆڕسـكیان تێدایـە, دار و دەوەنـی خۆڕسـكیش ئـەو دار و دەوەنانـەن كـە خۆیـان سـەوزدەبن بـە بێئـەوەی مـرۆڤ هـیچ دەسـتێكی لـە ناشـتن و سـەوزكردنیاندا هـەبێت, ئـەم دار و دەوەنانـە بـەپێی جیـاوازی لـە(شـوێنەكانیان, پلـەی گـەرما, تۆپۆگرافیـەت) جیاوازن وچەندین جۆریان هەیە, هەندێكیان لە قەد پاڵی كێوەكان و یاڵ و دۆڵەكاندا و لـە شـوێنە ساردەكاندا سەوزدەبن, هەندێكیشیان لە كەناری**

چەم و رووبارەکاندا سەوزدەبن و هەر لە دێر زەمانیشەوە رۆڵێکی کاریگەریان بووە لە ژیانی مرۆڤدا, سوود لە (گەڵا, بەر, لق و پۆپ)یان وەرگیراوە, بەرەکەیان وەك خۆراك و گەڵا و توێکڵیشیان بۆ خۆداپۆشین ولق و پۆپیشیان بۆ سووتاندن بەکارهێنراون, هەروەها سوودیان لێوەرگیراوە بۆ چارەسەرکردنی ژمارەیەك لەو نەخۆشیانەی مرۆڤ و ئاژەڵ تووشیانبوون.

هەورامان یەکێکە لەو شوێنانەی بەدەیان هەزار دۆنم دارستانی سرووشتی تێدایە, گرنگترین دار و دەوەنە خۆرسکەکانی هەورامان ئەمانەن:

(قەزوان, بەڕوو, تایلی= تاوگ, گوێژ, سنجوو, کەکەوی= کێکف, بادام, پەڵگ, بی, تەڕینی= تەرو, هەنگەونی=گەون= گوێنو...هتد) لەم بابەتەدا بەکورتی باس لەوانەیان دەکەین کە لەژیانی خەڵکی ناوچەکەدا بایەخیان هەیە بە تایبەتی ئەمانەی خوارەوە:

1-داری قەزوان:

بە بایەخترین داری سروشتییە لە هەوراماندا بەرهەمەکەشی هەر پێیدەوترێت قەزوان, هەورامییەکان بەداری قەزوان و بەرەکەشی دەڵێن (وەنی), بەری ئەم دارە دووجۆری هەیە,جۆری یەکەمیان (ورد, ناسك, چەور)ـە و پێیدەڵێن (وەنە مشکی=بەنەمشك), جۆری دووەمیشی (ڕەق و گەورەتر و چەوریشی کەمترە و پێیدەڵێن (وەنی سۆزە) کە بەشێوەزاری کرمانجی خواروو پێیدەوترێت (قەزوانی شین), بەری قەزوان بە فەریکی دەخورێت و دەکرێتەناو (دۆ, ماستاو, ترشیات) و تام و بۆنیان خۆشدەکات, قەزوان وەك شەوچەرە سوودیلێوەردەگیرێت بەوەی بەتوێکڵە سەوزەکەیەوە دەقرتێنرێت پاش ئەوەی توێکڵە ڕەقەکەی لێدەکرێتەوە دەخورێت, هەروەها لەناو خوێئاودا سوێردەکرێت چەرەسێکی بەلەزەتی لێدرووستدەکرێت, هەندێکجار جۆرێك لە قەزوان کەپێیاندەڵێن (وەنەکەڵی) دەکرێن بە تەزبیح, گەڵای داری قەزوان زۆربەسوودە بۆ نەخۆشی خۆربردن.

بێجگە لەوانەی باسمانکردن, گرنگترین بەرهەمی ئەم دارە (بنێشتە) لەڕێی کارێکەوە دەهێنرێتەبەرهەم پێیدەوترێت (وێژەنکەردەی=بنێشتکردن), ئەم کارە زۆرگرانە و بەکۆمەڵ دەکرێت نەك بەتاکەکەسی, ئەوانەی بنێشتدەکەن کارەکەیان وەك ستاف بەشدەکەن, هەر ستافێك پێکدێت لە سێ کەس بەم شێوەیە: (وەستای لەلەدەر, وەستای کۆچەڵەبەست, بەردەست), وەستای لەلەدەر (لەلەی دارەکان دەدات) بەواتای قەد ولقی دارەکان بەتەشۆیەکی زۆرتیژ بریندار دەکات و پێویستە زۆرشارەزابێت لە کارەکەیدا, وەستای کۆچەڵەبەستیش لەبەردەم شوێنی برینداركردنەکەدا بە (قوڕەسوورە) کۆچەڵەکان دەبەستێت هەتاکو بنێشتەکە لەناویاندا کۆببێتەوە, ئەو کەسەی بەم کارە هەڵدەسێت پێویستە زۆر شارەزابێت و کۆچەڵەکان بەڕێکوپێکی ببەستێت, پێویستی بە دەفرێك هەیە کە ئاویتێدەکات پێیدەڵێن (دەساو), هەمووجارێك دەست دەچەقێنێت بەئاوەکەدا هەتاکو ئەو قوڕەی دەستی کە کۆچەڵەکەی پێدەبەستێت زیاتر (لووس و لیق) ببێت و بەئاسانی بلکێت بەشوێنی خۆیدا و نەلکێت بەدەستییەوە, سێیەم کەس ئەوەیە قوڕەکە هەڵدەگرێت و لەبەردەستی کۆچەڵەبەستدا دەبێت پێیدەڵێن (وەردەست=بەردەست), ئەم بەردەستە پێویستی بە (خام, گوێنی) هەیە بۆ قوڕکێشان, دەیدات بەکۆڵیداو بۆ هەر کۆچەڵەیەك پارچەیەك قوڕ دەدات بەدەست وەستای کۆچەڵەبەستەوە.

پاش ئەوەی کۆمەڵێك کەس بڕیاردەدەن بنێشتبکەن ئیتر ئەو شوێنەی بنێشتەکەی تێدادەکەن هی یەکێکیان بێت یان هی چەندکەسێکیان بێت یان بەکرێی ساڵانە بیگرن, پێداویستی تایبەت ئامادە دەکەن و رووەو شوێنی

کارکردنیـان دەکەونـەڕێ, پێویسـتیان بـە بـەرزە وڵاخ هەیـە بـۆ گواسـتنـەوەی کەل‌وپەلـەکانیان, هـەوەها (خـۆڵ و ئاویان) پێویستە بۆ قوڕگرتنەوە, (پاچ) بـۆ هەڵکەنـدنی خـۆڵ و (بێـژنگ)یـش بـۆ بێژانـەوەی, (تەشـۆ) بۆلەلـەدانی دارەکـان, (کونـە و جەوەنـە) بـۆ ئاوکێشـان, ئـاردبۆ نـانکردن, پێداویسـتی چـالێنان و خواردەمـەنی بـۆ ئـەو چـەندڕۆژەیان کـە بەکارەکـەوە سـەرقاڵن, پـاش ئـەوەی دەگەنـە شـوێنی کارکردنیـان یەکـەمکار کەپێیهەڵدەسـتن هەڵکەندنی خۆڵ و بێژانەوە و قوڕگرتنەوەیە, قوڕەکە دەبێت لـەخۆڵێك بگیرێتـەوە زۆر (گریکـدار=پێـزدار) بێت و پییدەوترێت خۆڵی (تویکڵدار), ئەم جۆرە خۆڵە لەکاتی قوڕگرتنەوەدا وەك هەویرێکی توندی لیدێت.
پاش ئامادەکردنی قوڕ شەوێك پشوودەدەن, بـۆ سـەرلەبەیانی زوو لەخـەو هەڵدەسـتن و دەسـتبەکارکردن دەکـەن, (وەستای لەلەلێدەر) دەسبەکاردەبێت و پاشان ئەوانی‌تریش هەریەکەیان بەکاری خۆیان هەڵدەستن, ئەمـە رۆژانـە و تاریك بـۆ تاریك بـەردەوام دەبێت تـەنها ماوەیـەك کورت نـەبێت کـە بۆنـانخواردنی نیوەڕۆیـان تەرخانـدەکرێت, کەمێك پێش ئەو کاتەش یەکێك لەبەردەستەکان وە یاخود کەسێك کەبەتایبـەتی بـۆ ئـەوکارەی دەبـەن خواردنیـان بۆ ئامادە دەکات, زۆرجار خۆیان ناندەکەن, کاتیان زۆرکەمە بۆ چێشتلێنان زۆربـەی ژەمـەکانیان بـریتین لـە (نان وچا, نان وئاو,نان و تەماتە و خـەیار ... هتد),زیـاتر گرنگیـدەدەن بـەوەی کاتەکـەیان بەکارکردنـەوە بگـوزەرێنن, جار جار بەدەم کارکردنەوە گورانیدەچڕن و قسەو بەسەرهاتی خۆش دەگێڕنەوە بۆ یەکتری, شەوانیش سەرەڕای ئەوەی زۆر مانـدوون ماوەیـەك بە گۆرانیچڕینەوە دەبەنەسـەر, ئیتر کارەکە بـەم شێوەیە بەردەوامـدەبێت هـەتاکو هەموو دارەکان لەلەدەدرێن و کۆچەڵەیان لێدەبەسترێت.
پاش ئەوەی ماوەی (7) رۆژ پشـوودەدەن, وەسـتای لەلـەدەر بۆجـاری دووەم شـوێنی لەلەکـەی پێشـوو کـەمێك لـە پشتی لەلەی دووەمەوە بریندارەدەکاتەوە و بەم کارەش دەڵێن (دووە لەلە= دوولەلە), لەم کارەدا وەسـتا و شـاگرد بەشداریدەکەن و بە خێرایی کارەکەیات تەواودەکەن, پاش تێپەڕبوونی (7− 10) رۆژ بەسەر دوولەلەکەدا, کـاتی چنینەوەوی بنێشتەکە دێتە پێشەوە و دەست بە چنینەوەی دەکەن و لەو کاتەدا پێیدەڵێن (وێژەنـە تاڵـە=بنێشـتە تاڵـە), لـە کۆکردنـەوەی بنێشتیشـدا (وەسـتا, شـاگرد) بەشـداریدەکەن, بـەوەی ئـەو دووچـەنجەی پیانـدەوترێت (دۆشاو مژە و پەنجە کەڵە) دەیانچەقێنن بە ئاودا و بنێشتەکە لەناو کۆچەڵکاندا دەردەکەن و دەیکنـە دەفرێکـەوە کە پێیانە, پاشان دەیکەنە ناو تەنەکەوە و لـەم کاتـەدا وەك رۆنێکـی تـەڕ وایـە, پـاش کۆکردنـەوەی بنێشـتەکە بـە هێڵەك پاڵفتەیدەکەن و ئینجا دەیکولێنن, پاشـان هـەر چوا تەنەکـەی دەکەنـە نـاو کێسـەیەکی خـام و پێیـدەڵێن (لنگە) , هەردوو لەنگەش پێیاندەوترێت (بارە وێژەن= بارە بنێشت), پێشتر لە هەوراماندا بنێشـت هـەر بـە (لنگـە وبار) فرۆشراوە بەڵام ئێستا بە کیلۆ دەفرۆشرێت, کێشی بـارە بنێشـت بـە شـێوەیەکی گشـتی لـە نێـوان (150− 160کغم)دایە.
بنێشـتکردن زۆرجـار نزیکـەی یـەك مـانگی پێدەچـێت, لەوماوەیـەدا بنێشـکەرەکان بـەدەر لـەو چـەند رۆژەی پشوویتێدادەدەن, ئیتر رۆژەکانی تر زۆر ماندوودەبن و بەشاخەوە دەمێننەوە.
لـە کۆتـایی ئـەم بابەتـەدا دەڵـێن ئـەو بارانـە ناوەختـەی هەنـدێك سـاڵ لـە هاوینـدا دەبارێـت و خـەڵکی ناوچـەکە پێیدەڵێن (کەپرە شینو جوولەکا), گـەورەترین دوژمنـی بنێشتکەرەکانە, چوونکە کۆچەڵەکان دەخوسـێنێتەوە و بنێشتەکە دەشواتەوە بەوەش بـەری رەنـج ومانـدووبوونی بنێشـکارەکان بەبادەدات, بۆیـە هـەر پەڵـە هـەورێك لـەو کاتانەدا رووی ئاسمان بگرێت بنێشتکەری داماو دڵی لەدەستیدایە خەمی بارینی ئەو بارانە ناوادەیەتی.

2- **داری بەڕوو:** ئەم دارە زۆر سەخت و مەحکەمە و ڕەگەکانی زۆر بڵاودەبنەوە, گەڵاکانی سێبەری چاك دروستدەکەن, زیاتر لەو شوێنانەدا سەوزدەبێت کە بارانیان مسۆگەرە و ڕێژەی بارانبارینی ساڵانەیان لە (500ملم) زیاترە, (داری بەڕوو) بەرەکەشی هەر پێیدەوترێت (بەڕوو) و بۆ خواردنی مرۆڤ و ئاژەڵ بەکاردەهێنرێت, هەورامییەکان بە دارەکە دەڵێن (نەرە) و بەبەرەکەی دەڵێن (بەلوو),بەرەکەی زیاتر لەکاتی گرانی و قەیرانە ئابوورییەکاندا لە لایەن مرۆڤەوە وەك خۆراك بەکار هێنراوە, بەدەر لەوە هەندێکجار لە شەوانی زستاندا بە ڕێژەیەکی کەم دەخرێتە ناو ئاگرەوە دەبرژێت وەك شەوچەرە دەخورێت, بەڵام بۆ ئاژەڵ خۆراکێکی زۆرباشە چونکە ڕێژەیەکی زۆر (پرۆتین, کاربۆهیدرات)ی تێدایە و دەبێت بەهۆی قەڵەوکردنیان, داری بەڕوو بێجگە لەبەڕوو (جەوت)یشی لێبەرهەمدەهێنرێت, (جەوت) لەکاتی خۆیدا زۆر بایەخی هەبووە بەتایبەت بۆ خۆشەکردنی (مەشکە, کونە)ی تازەدروستکراو و پتەوکردنەوەی (مەشکە وکونەی کۆن) چونکە کاتێك مەشکە و کونە خراونەتە ناو جەوتەوە پتەو و پاکژ بوونەتەوە.

گەڵای داربەڕوو بەسەوزی پێیدەوترێت (هەژگ) و بەکاردەهێنرێت بۆ سەرگرتنی کەپر و دروستکردنی پەچەی هاوینە بۆ ئاژەڵ, هەروەها لە زستاندا تێکەڵ بە ئالیك دەکرێت بۆ ئاژەڵ و دارەکەشی بۆ سووتاندن و دروستکردنی (خەڵوون) بەکاردەهێنرێت.

3- **داری گوێز:**

ئەم دارە لە هەوراماندا پێدەوترێت (بلچی) و بەرەکەشی هەمان ناوی هەیە و ڕێژەکەی زۆر کەمترە لە (داری قەزوان و بەڕوو), بەری داری گوێز زۆر بەتام و بەسوودە ئەگەر باش پێبگات, بەڵام خواردنی بە نەگەییوی دەبێتە هۆی ژانەسك و باکردنی ریخۆڵەکان, دارەکەشی بۆ سووتاندن و خەڵووزکردن بەکاردێت.

4- **داری تاوگ**

هەورامییەکان بەم دارە دەڵێن (تایلیٚ) و بەرەکەشی هەر هەمان ناوی هەیە, هەندێك لە بێئاگایان باس لەوە ئەوە دەکەن گوایا ئەم دارە زۆر سەیروسەمەرەیە و بێجگە بۆ سووتاندنی کەس نازانێت بۆچی باشە, بەڵام بەری ئەم دارە لەکاتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی (تاعون)دا تەنها چارەسەر بووە بۆ ئەو نەخۆشییە, بەڕاددەیەك خەڵکی ناوچەکانی تر ڕوویانکردۆتە هەورامان و بەتایبەت شارەدێی (تەوێڵە) وتوویانە دەچین بۆ (تایلە), یەکێك لە بۆچوونەکان دەربارەی ناوی تەوێڵە دەڵێن گوایا لەناوی (تایلی)وە هاتووە.

بێجگە لە دارەکان هەندێك لە دەوەنەکانیش بایەخی خۆیان هەیە لەوانە:

1- (**هەنگەونی= گەون= گوێنو**):

ئەم دەوەنە لە زۆربەی کەژ و کێوەکانی هەوراماندا دەڕوێت, گەڵاکانی دڕکاوین و دیمەنی لەرووی دەرەوە وەك چەتر وایە, ئەم دەوەنە (کەتیرە= جەوی) لێبەرهەمدەهێنرێت بەوەی (20سم) لە سەرزەوییەوە قەدەکەی (لەلەدەدەن) و ئیتر لە شوین لەلەکەوە شیلەیەکی خەست دەردەچێت, پاشان کۆیدەکەنەوە و لەهەندیٚ کاری پێویستدا بەکاریدەهێنن بەتایبەتی (وەستای بنەکڵاش) دروستکردن دەیسوون بە قەراغی بنەکڵاشەوە, هەروەها قەد و کۆتەرەکانی بۆسووتاندن بەکاردەهێنرێن.

2- **بەڵاڵووك:**

هەورامییەکان بەم دەوەنە و بەرەکەشی هەردەڵێن (براڵوی), دەوەنێکی گەڵاوردە و بەرەکەی

ورد و ڕەنگـاو ڕەنگـە وەك (سـوور, زەرد, ڕەش),بـەری بـەلاَلووك سـوودی زۆرە  و ڕێژەیـەكی بـاش كەرەسـەی خـۆراكی و ڤیتامینـەكانی تێدایـە, بـەلاَم خـوارنی بـە ناوكەكەیـەوە دەبێتـە هـۆی ژانەسـك, دەوەنـی  بـەلاَلووك (گالۆك,دارجگەرە, دەسكی دوالگێر)ی لێدرووستدەكرێت.

بێجگە لەم دار و دەوەنانە و چەندانیتریش كە ناوماننەهێناون, لەهەوراماندا چەندین گیاو گۆڵ هەیە كە بایـەخی ئابووریـان هەیـە چ بۆ خـواردنی مرۆڤ و بەكارهێنانیان لـە بـواری پزیشـكی و دەرمانگـەری مێلیـدا, چ بۆ سـوود وەرگـرتن لێیـان بـۆ بـەخێوكردنی (ئـاژەل,ڕەشـەولاَخ, بـەرزەولاَخ) ئەوانەشـیان كـەزیاتر گـرنگن لـە ژیـانی هەورامییەكاندا بریتین لە:

(گەبڵە, سێیارا= سێداران, گـەزەنی= گەزنـە, پوینـە= پوونگـە, گوزروانـە= گـوزروان, پسـڵ, بەرگـەمی= كووزەڵـە, غـازی= كـاردو= كـاردی, ڕیـواوی= ڕێـواس, شـنگ, هالـەكۆكۆكی= هالـەكۆك, بـەڕەزا, پیچـك, كنیـواڵی, هـەزبیٚ= هەزبیلە, پەڵپینە, ...هتد) كە بۆخواردنی مرۆڤ بەكاردەهێنرێن, هەروەها گول و گیا بۆنخۆشەكانی وەك: (چنور, شەوبۆ, بەرزەڵنگ, سوورەهەلاَڵە, وەنەوشە) و دەیان گیای تری بۆنخۆش.

(قارچـك)یـش كـە لـەرووی زانسـتییەوە بـە یـەكێك لـە كـەڕوەكان دەژمێردرێـت, هـەروەها ئـەو گیایانـەی كـە پێیاندەوترێت (لۆ,كەما, تاڵیندۆس) و باشترین ئالیكیان لێدرووستدەكرێت, لە هەوراماندا بایەخی خۆیان هەیە, لەبەر گرنگی و بایەخی ئابووری هەریەك لە (لۆ, قارچك) لێرەدا تیشكێك دەخەینەسەریان.

### لۆ سەرچاوەیەكی خۆراكی گەورەیە بۆ ئاژەڵ

(لۆ) یەكێكە لەو ڕوەكە گیاییە وەرزییانەی لە هەوراماندا و بە تایبەت لە شوێنە سەخت و شاخاوییەكاندا سـەوز دەبێـت, هـەر لـە سـەرەتای بـەهارەوە چـووزەدەكات و بـەرە بـەرە پەخشـاندەبێتەوە, گـەلاَكانی سـەوز و باریـك و ڕیشەین, لە شێوەی دەرەوەیەدا وەك (شەعر بەنات) وایە, لـەكاتی تەڕیدا زۆر تالـە و مادەیـەكی لینجی پێوەیـە و دەلكێت بە دەستدا, ئـەو شـوێنانەی بـەزۆری (لـۆ)یـان تێـدا سـەوزدەبێت پێیاندەوترێت (لاس), بـە پێـی عـورفی كۆمەلاَیەتی ناوچەكە لاسەكان موڵكییەتی تایبـەتین, كڕین و فرۆشتن دەكرێن و وەچە بۆ وەچە دەگوێزرێنـەوە, (لۆ) پێش ئەوەی زەرد ببێت دەیبڕن و هەورامیەكان بەم كارە دەڵێن (لۆ كەندن), هـەموو كەسـێك ناتوانێـت (لـۆ) بكـەنێت چونكە هـەم كارێكی گرانـە و هـەم شارەزاییشـی پێویسـتە, ئـەم كـارە زووتـر لـە هەورمانـدا زۆرجـار بـە گـەلكاری ئەنجامـدراوە و بـەوەی چـەند خـاوەن (لاس)یـك لـە خـزم و دراوسـێی یـەكتری لـە نێـوان خۆیانـدا گەلكارییانكردووە و لـە چـەند ڕۆژێكـدا (لۆ)ی لاسـەكانیان كەنـدووە, یـاخود گـەلكاری گشـتی كـراوە بـۆ كەنـدنی (لۆ)ی حكمڕانەكان وەك (سانەكان, بەگـەكان), لـەم ڕۆژانەشـدا بـەدەر لـەو كەسـانەی كـە لـە یـەكترەوە زۆر نـزیكن, ئیتر كاری لۆكەندن بەرامبەر بەكرێ ئەنجامدەدرێت, گەلكارە گشتییەكانی (لۆكەندن) لە هەوراماندا زۆر جیـاواز بـوون لـە و كارانـەی لـە هەنـدێك ناوچـەدا بـە بێگـاریكراون (لـە باسـی گەلكارییـەكانی هەورامانـدا ئامـاژە بـەم باسەدەدەین.

(لـۆ) پـاش كەنـدنی دەكرێـت بـە (مڵـۆ) هـەتا وشـكدەبێتەوە و پـاش وشـكبوونەوەش كێشـە و گێرەدەكرێـت, ئینجادەگوێزرێتـەوە بـۆ نـاو گونـد و دەكرێتـە (كـادان), ئـەم گیایـە زۆر دەوڵەمەنـدە بـە كەرەسـەی خـۆراكی و سروشتێكی گەرمی هەیە, لەوەرزی زستاندا دەدرێت بە ڕەشەولاَخ, ئەو ڕەشەولاَخانەی بە زستاندا لۆیاندەدرێتێ كەمتر پێویستیان بە دان هەیە, چونكە (لۆ)كە هەم بەهێزیاندەكات و بەرهەمەكەیان زیاددەكات, هـەم تام و بۆنی

ئـەو بەرهەمانـە خۆشـدەكات, هەورامیـەكان دەلـێن ئـەو مانگایـەی (لـۆ) دەخـوات ماسـتەكەی ئەوەنـدە پتـەوە دەمەونخوونیشی بكەیت ناڕژێت, ئەو خاوەن لاسانەی خۆیـان رەشـەولاٌخیان نییـە سالاٌنە لاسـەكانیان دەدەن بە ئیجارە, یاخود لۆكانیان دەكەنن و پاشان دەیفرۆشن, نرخی (لۆ) لە نرخی هەموو ئالیكەكانی تر گرانترە.
هەندێك لە خەلكانی هەورامان بەتایبەتی ئەوانەیان لە (لۆكەندن)دا شارەزان, سالاٌنە چەند لاسێك بەكرێدەگرن و (لۆ)كەیان دەكەنن, پاش ئەوەی دەیكەن بە ئالیك دەیفرۆشـن وەك سەرچاوەیەكی داهات, یـاخود هەلیدەگرن بۆ وەرزی زستان و ئەو كاتە دەیفرۆشن بە خاوەن رەشەولاٌخەكان.
(لـۆ) كاتێـك دەكرێتـە كادانـەوە پێویسـتە شـوێنەكەی زۆر وشـكبێت و ئەگـەر تـەڕبێت ئـەوە بـە دلنیاییـەوە خراپـدەبێت, لەبـەر ئـەوەش بـە وشـكی تـۆزی لێبەرزدەبێتـەوە ئـەو كەسـانەی رۆژانـە (لـۆ) دەدەن بـە رەشـەولاٌخەكانیان دەم و لـووتی خۆیـان دەپێچـن, لەبـەر ئـەوەی تووشـی كێشـەی تەندرووسـتی نـەبن لـە سییەكانیاندا.

**قارچك:**

یەكێكە لەو كەڕوانەی بایەخێكی گەورەیان هەیە و رێژەیەكی باش لە (پرۆتین, ئاسن, فۆسفۆڕ, مس, پۆتاسیۆم, كالیسیۆم, لیثیۆم, نیشاستە) و چەند ڤیتامینێكی تێدایە وەك: (A,B,C,D), زۆر كەس حەز بەخواردنی دەكەن و هەرسكردنی زۆر ئاسانە, هەندێك لە ولاٌتە ئەوروپییەكان وەك (بەیتانیا, فەڕەنسا, ئەلەمانیا) و چەندین ولاٌتی تریش وەك (ئەمەریكا, چین, یابان) و ژمارەیـەك لـە ولاٌتـە تازە پێگەیشتووەكان بایەخدەدەن بە بەرهـەمهێنانی, ئـەوەی گرنگییـەكی گـەورەدەدات بـە قارچـك ئەوەیـە بـە (كـولاٌوی, كـالی, بـرژاوی, سـورەوكراوی) دەخورێـت, سەرەڕای ئەوەی وشكدەكرێتەوە و دواتر بەكاردەهێنرێت, هەروەها دەخرێتە قوتووەوە= تەعلیبدەكرێت.
گرنگترین توخمەكانی قارچك ئەمانەن:
یەكەم= توخمی ئاگاریكەس:
ئەم توخمە چەند جۆرێكی هەیە و زۆربەی جۆرەكانی دەخورێن لەوانە:
1- قارچكە دارانە: لەوشوێنانەدا دەردێت داری سنەوبەری تێدایە و بۆنێكی تیژی هەیە.
2- قارچـكی كێـوی: لـە دوادوای مـانگی تـەمووزدا و لـە شـوێنە دەشـتاییەكاندا دەردێـت, بـەوەدا دەناسـرێتەوە ئەلقەیەكی تەنك بەسەر قەدەكەیەوە هەیە.
3- قارچكی كشتوكالی: ئەم جۆرەیـان وەك بـەروبوومی كشـتوكالی بەرهەمـدەهێنرێن, وەك پێشـتر ئاماژەمانپێدا هەندێك لەولاٌتە ئەورووپییەكان زۆر بایەخ بەم جۆرە قارچكانەدەدەن و بەرهەمیاندەهێنن, بۆنموونە ولاٌتێكی وەك (بەریتانیا) سالاٌنە سەدان ملیۆن پاوەن لەم جۆرە قارچكە دەفرۆشێت.
4- قارچكی ئەسپ: قارچكێكی گەورەیە و تامی بادامی هەیە و زیاتر لە مێرگەكاندا دەردێت.
5- قارچـكەكانی ناوچـەی هـەورامان وەك: (قارچـكی لـۆ- كـەما- تالێنـدۆس, قارچـكی گیـا, قارچـكی گـوێز, چارچكی بی, بوومەترەكە) هەموویان لەم توخمەن و بۆخواردن دەستدەدەن.
دووەم= توخمی كۆپرانیەس:

زۆربەی جۆرەکانی ئەم توخمە رەنگیان رەشە, ریشەکانیان نەرمن و دڵۆپ دڵۆپ ئاوێکی رەشیان لێدەچۆڕێت, زۆریان بەسەر پاشەڕۆی ئاژەڵ یاخود خۆراکی گەنیوەوە و هەندێکیشیان بەسەر دار و تەختەی رزیوەوە دەژین, ئەم توخمە تەنها ئەوانەیان دەخورێن کە رەنگیان سپییە و دەبێت زۆرباش بکوڵێنرێن ئینجا بخورێن.

سێیەم= توخمی ئارمیلاریا:

ئەم توخمە زیاتر بەچواردەوری بنی دار و بەسەر لق و پۆپە وشکەکانییەوە دەردێن, رەنگیان هەنگوینییە و تامیان خۆشە, هەر لەبەر ئەوەیە پێیاندەوترێت (قارچکی هەنگوینی) و بۆخواردن دەستدەدەن.

چوارەم= توخمی ئەمانیتا:

زۆربەی جۆرەکانی ئەم توخمە زەهراوین وەك (قارچگی بەڕوو, قارچگە سەگانە) هەرکەس (قارچکی بەڕوو) بخوات 90٪ دەمرێت بۆیە پێیدەوترێت (قارچکی بکوژ), هەروەها جۆرێکی تر لەم توخمە پێیاندەوترێت (فریشتەی تێکدەر) سەرپاییزان بەسەر دار و تەختەی رزیوەوە دەردێن و قەدەکەیان زبرە, بۆنێکی ئەوەندە ناخۆش و کەسکونیان هەیە هەرکەس هەڵیمژێت دەیخەوێنێت, ئەم جۆرەش زەهراوین و خواردنیان دەبێتە هۆی مردن.

پاش ئەوەی باسی توخمەکانی قارچکمان کرد دێینە سەرئەوەی زۆربەی خەڵکی هەورامان جۆری قارچکەکان دەناسن و بەئاسان چاك و خراپیان لە یەکتر جیادەکەنەوە, رۆیشن بو شاخ و ناوباخ بۆ دۆزینەوەی قارچك یەکێکە لەخووە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی ناوچەکە, لەوەرزی بەهاردا و بە تایبەتی لەوکاتانەدا (لۆ) کەمێك پەخشاندەبێتەوە, ژمارەیەك گوندنشینەکان پاش بارینی هەر لێزمە بارانێکی هاوڕێ بە هەوەرەبرووسکە, ئیتر رێی کێوەکان دەگرنەبەر و هەر سەرلەبەیانی تا عەسرێکی درەنگ بۆ قارچك دەگەڕێن, لەم بوارەدا قەناعەتیان بە دووشت هەیە, یەکەمیان پێیانوایە قارچك بە هەورە برووسکە دەردێت ودووەمیشیان پێیانوایە دۆزینەوەی قارچك بە(بەختە), ئەوانەی لەم بوارەدا خۆیان بەبەختدار دەزانن دەڵێن (ڕەجنیم هەنە) و بەپێچەوانەشەوە دەڵێن (رەجنیم نیەنە), شتێکی ئاشکرایە ئەم قەناعەتە لەرووی ژیری و زانستییەوە هیچ بنەمایەکی نییە, بەڵام ئەوانەی پێیڤایلن تارادەیەکی زۆر پێوەیوابەستەن, زۆربەی ئەوانەی بۆدۆزینەوەوی قارچك خۆیان بە بێبەختدەزانن ناچن بۆ کێوەکان بۆدۆزینەوەی, کاتێکیش دەرۆن بەدەستی بەتاڵ دەگەڕێنەوە یاخود تەنها دانەیەك یان چەند دانەیەك دەهێننەوە, کەچی ئەوانەی خۆیان بەبەختدار دەزانن بە توێشەبەرەی ئاخنراو لە قارچك دەگەڕێنەوە ماڵەوە

**تێبینی:**

بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی هەورامان لە (میوە, سەوزەوات, بەری دارە خۆرسکەکان, گژ وگیا, گوڵ و گوڵاڵە...هتد) چەندین سوودیان لەبواری پزیشکی و دەرمانگەریدا هەیە, لێرەدا قسەمان لەسەرنەکردن بەڵام لەبابەتی (پزیشکی و دەرمانگەری هەورامان)دا سوودەکانیان دەخەینە پێشچاو.

## بابەتی (2)

## ئاژەڵداری



www.pertwk.com

ڕەواڵەتەکانی ڕووی زەوی و کەش و هەوا کاریگەری گەورەیان لە سەر شێوازی ژیانی ئاژەڵداری و کۆچەری خەڵکی هەوراماندا هەیە، لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا هەوڵدەدەین ئەو کاریگەرییە ڕوونبکەینەوە و تیشکبخەینە سەر تایبەتمەندییەکانی ناوچەی هەورامان لەم بوارەدا، مەبەستی سەرەکیشمان لەم چەند دێڕە سەلماندنی ئەوەیە کە دانیشتووانی ناوچەکە بە پێچەوانەی دانیشتووانی زۆربەی ناوچەکانی تری کوردستانەوە بە تایبەتی دانیشتووانی ناوچەکانی هاوسنوور بە هەورامان لە هەردوو بەشی ئێران و عێراق لە کوردستانی باشووردا، شێوە ژیانی هۆزایەتی و شوانکارەییان بە خۆیانەوە نەدیوە، بێگومان هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی جوگرافیای سروشتی ناوچەکە، هەر لەبەر ئەوەشە باوەڕمان وایە کە دانیشتووانی هەورامان لەم چەند سەدەی دواییدا هۆزیان نەبووە و هەرچی ئاماژەیەکیش بۆ هۆزەکانی هەورامان کرابێت، زیاتر بۆ ئاسانکردنی بابەتەکە بووە لەلای ئەم نووسەری بێگانە، یان ئەو خۆرهەڵاتناسەوە، یان بەهەڵە لێکدانەوەی مێژووی ناوچەکە بووە لەلایەن مێژوو نووسانی کورد و مێژوو نووسانی گەلانی دراوسێی وەکو عەرەب و فارسەوە، زۆربەی ئەو نووسەرانە بەهەمان پێودانگی لێکدانەوەی مێژووی دانیشتووانی شارەزوور مێژووی هەورامانیشیان لێکداوەتەوە, هەندێك لە مێژوونووسی کوردیش بەهەمان هەڵەدا چوون, بۆ نموونە گەورە مێژوونووسێکی وەکو (محەممەد ئەمین زەکی بەگ) بەهەڵە چەند هۆزێکی بەهەورامی داوەتە قەڵەم کە یەکێکیان (هۆزی تاوەگۆزی)یە و لە هەمان کاتدا ناویشی لە لیستی هۆزەکانی جافدا تۆمارکردووە, شایانی ئاماژەپێکردنیشە مێژوو نووسی ناوبراو لە بواری تری مێژووی هەوراماندا دووچاری هەڵەی گەورەتر بووە, وەك ئەوەی لە لاپەڕە(201)ی کتێبی خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستاندا سەبارەت بە زمانی خەڵکی هەورامان دەڵێت: (زمانێکی خصوصیان هەیەو لە کوردی ناچێ).

پاش ئەم چەند دێڕەی سەرەوە دەچینەوە سەر کرۆکی باسەکەمان, وەك پێشتر وتمان کەش و هەوا و ڕووی زەوی ناوچەی هەورامان کاریگەرییەکی زۆریان هەیە لە سەر نەگونجاویی ناوچەکە بۆ شێوە ژیانی کۆچەری و هۆزایەتی، لەم بوارەدا باس لەوە دەکەین لەوەرگە شاخاوییەکان بەدرێژایی وەرزی زستان بەفر دایاندەپۆشێت وپلەی گەرما بە ڕۆژ لە بەشێکی زۆری ناوچەکەدا نزیك پلەی سفر دەبێتەوە و شەوانیش دەگاتە (5 تا-20 )پلەی سەدی ژێر سفر، واتە پلەی گەرما لەم وەرزەدا لە ژێر پلەی گەشەکردنی گژوگیاوەیە، لەم وەرزەدا لە هیچ شیو ودۆڵ و قەدپاڵی کەژێکی هەوراماندا هاوکات لە گەڵ لوتکەی چیاکاندا لەوەڕگەیەك بەدەستناکەوێت, لەبەر ئەوە دەبێت ئاژەڵ لەگەوڕەکاندا دەرنەچێت، واتە گوندنشینەکانی هەورامان دەبێت ساڵانە چوار مانگ پتر خۆیان ئالیکبدەن بە ئاژەڵەکانیان, بەدەستهێنانی ئەم بڕە ئالیکەش لە لەوەڕگە و پاوەنە بچووکەکانی هەوراماندا نەوەك کارێکی زۆر سەختە بەڵکو شتێکی لە توانا بەدەرە، گریمان بەدەستهێنانی بڕی ئالیکیپێویستیش لە توانادا بێت بەڵام هەڵگرتنی ئەو بڕە ئالیکە و ئەنبار کردنی زۆر لەبەدەستهێنانی گرانترە[28].

لێرەدا دەبینین فاکتەرەکانی (ڕواڵەتی ڕووی زەویی, کارگەری کەش و هەوا) دەکەونە کار, سەختیی ناوچە شاخاوییەکانی هەورامان هەمیشە ڕێگەیان لەوەگرتوە کە گوندنشینان بتوانن گەوڕ و ئەنباری گەورە دروستبکەن و ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵ بەخێو بکەن، هەر لەبەر کاریگەریی ئەم دوو فاکتەرەش بووە کە زۆربەی خێزانە ئاژەڵدارەکان تەنها ژمارەیەکی کەم ئاژەڵیان بەخێوکردووە, پێشتریش لە هەندێك حاڵەتدا ژمارەیەك خێزان لە گوندێك یان لە شارۆچکەیەکی هەوراماندا ئەگەر ویستبێتیان ئاژەڵداریبکەن، ناچار بوون ناوچەرگەی

هەورامان بەجێبهێڵن و ڕووبکەنە ناوچە پێدەشتەکان, هەردوو گوندی (خارگێلان و خەرپانی)ش باشترین نموونەی ئەم ڕاستییەن, خەڵکی (خارگێلان) لە ڕیشەدا دانیشتووی شارۆچکەی تەوێڵە بوون بەڵام نەگونجاویی ئەم شارۆچکەیە بۆ ئاژەڵداری بە ئاستێکی فراوان, بووە بەهۆی ئەوەی ئەوانەی ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵیان بەخێوکردووە لە دوادوای پاییزدا بێنە (خارگێلان) و بە درێژایی وەرزی زستان تێیدا بمێننەوە, دواجاریش ژمارەیەکیان لەو شوێنەدا نیشتەجیبن و ئاوەدانیبکەنەوە.

ئاژەڵدارەکانی هەورامان (بزن, مەڕ) بەخێودەکەن و بەڕەچاوکردنی ئاستی لەباری سروشتی ناوچەکەش زیاتر بایەخدەدەن بە بەخێوکردنی (بزن), هەروەها راگرتنی رەشەولاخ وەك (گا, مانگا) و بەرزە ولاخ وەك (کەر, ئێستر)یش بایەخی خۆیان هەیە.

بەرهەمی ئاژەڵ و رەشە ولاخەکان لە (ماست, کەرێ, پەنیر, رۆن, کەشك, خوری, موو, پێستە) و بە ئاستێکی کەمیش (دۆ) پاش ئەوەی پێویستی خێزانیان لیهەڵدەگیرێت زیادەکەیان دەفرۆشرێت, ژمارەیەك لە خێزانە هەورامییەکان بایەخدەدەن بە ڕاگرتنی (گاجووت) بۆ کێلانی کێلانی (باخ, رەز, زەوی)یەکانیان سوودیانلێوەردەگرن, خاوەن گاجووتەکانیش هەر لە کۆنەوە تا ئێستا لە ناو خەڵکدا بەچاوی ڕێزەوە سەیردەکرێن.

لە بواری ئاژەڵداری هەوراماندا پێویستە باس لە (گەلەبێرە= رانەبێرە) بکەین, کە وەك خوویەکی کۆمەلایەتی شوێنی خۆی لەناو کولتووری ناوچەکەدا کردۆتەوە و بووە بەیەکێك لەسیما جوانەکانی ژیانی کۆمەلایەتی خەڵکی هەورامان, (گەلە بێرە) بریتییە لەوەی شوانە هەورامییەکان لەوەرزی بەهاردا رۆژی (2)جار و لە وەرزەکانی (هاوین و پاییز)یشدا رۆژی جارێك رانەکان دەهێننەوە بۆ شوێنێکی نزیك گوند بۆ ئەوەی ئەوانەیان شیردەرن لە لایەن خاوەنەگانیانەوە بدۆشرێن, بۆ ئەم مەبەستەش (کچان و ژنان) خۆیان دەڕازێننە و بەرەو (بێرەگا[29]) دەکەونەڕێ, هاوکات کوڕە گەنجەکانیش بۆ هەمان شوێن دەڕۆن و لەوێ دڵدارەکان دەکەونە چاوبڕکێ و خۆنواندن, ئەم خووەش سالانە هەتاکو کاتی (پەڵەدان[30]) بەردەوامە, بەلام پاش پەڵەدان شوانەکان ئێواران رانەکان دەهێننەوە ناو گوند بۆ ئەوەی شەوان ئالیکیان بدرێتێ, تائێرە بەکورتی باسی ئاژەڵداریمان کرد, بەلام لەبەر ئەوەی راگرتنی (بەرزە ولاخ) لە هەوراماندا بایەخێکی زۆری هەیە و یەکێکە لەسەرچاوە سەرەکییەکانی بژێوی ژمارەیەکی زۆر لە خێزانەکان لە خوارەوە باسی تایبەتی خۆی هەیە لە ژێر ناو نیشانی (وەلاخداری)دا.

## بابەتی ( 3 )

## وەلاخداری

وەلاخداری یەکێکە لەو کارانەی هەر لەزووەوە و هەتاکو ئێستاشی لەگەڵدابێت بایەخێکی گەورەی هەیە لە هەوراماندا, بە یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکانی دابینکردنی بە شێك لە ژیان و گوزەرانی ژمارەیەکی زۆر لە گوندنشینەکانی هەورامان دەدرێتە قەڵەم, هەرچەندە لەم رۆژگارەدا زۆربەی هەرە زۆری گوندەکانی هەردوو دیوی هەورامان ڕێی ئۆتۆمۆبێلیان لەسەرە, کەچی وەلاخداری هەر بایەخی خۆی هەیە, ئەو ولاخانەی لەهەوراماندا هەن بەشێوەیەکی سەرەکی بریتین لە (کەر, ئێستر, بارگیر), کەر لەو ولاخانەیە کە هەر لەزووەوە لە

هەورامانـدا راگـیراوە, بـەڵام ئێسـتر لەئـەنجامی تێکـەڵاوکردنی کـەری کـورد و مـاینی عەرەبـەوە پەیـدا بـووە, و ماوەیەکی زۆر پاش کەر لە وەڵاخداری هەوراماندا سەریهەڵداوە.

هەورامییـەکان وەڵاخـەکانیان بـۆ (سـواری, گواسـتنەوەی بـەروبوومی بـاخ و رەزەدێمـەکان, دارکێشـان, کوتـان و گواستنەوەی گزرە و لۆ و کـەما و درك, گواسـتنەوەی پێداویسـتییەکانی بیناسـازی, کـاروانکردن) و هـەروەها بـە ریژەیـەکی کـەمیش لـە کـاری کێڵانـی زەوی و باخەکانیانـدا بەتایبـەتی ئـەو شـوێنانەی کـەمێك تـەختن بەکاریاندەهێنن, هاوکات لە ئاڵوێردکردنی سەر سنوورەکاندا سوودیانلێوەردەگرن.

شتێکی ئاشکرایە زۆربەی (باخ, رەزەدێم, لاس, قۆرخ)ـەکانی هـەورامان لـە شـوێنی سەختدان و بـە وڵاخ هـاتوو چۆیاندەکرێت, هەندێك شـوێنیش هـەن تەنانـەت هـاتووی چـۆی وڵاخـیش تیایانـدا گرانـە, بۆیـە بەرهـەمی ئـەو شوێنانە بە کۆڵی مرۆڤ دەگوێزرێتەوە بۆ ئەو شـوێنانەی وڵاخ پیایانـدا گوزەردەکات, دارلە زۆربـەی گونـدەکانی هەورامانـدا تـا ئێسـتاش بـە وڵاخ دەکێشـرێت و هـەر بـەباریش دەفرۆشـرێت, هەورامییـەکان بـە وەڵاخـەکانیان لـە رێگەی کاروانکردنەوە بەرهەمەکانی خۆیان گواستۆتەوە بۆ دەرەوەی هەورامان وەك: (گوێز, تـوو, میـوەی تـر بـە تـەڕی یـاخود وشـکەوکراوەیی, بەرهـەمی پیشەدەستییەکان....هتـد) و لەوێشـەوە زۆربـەی پێداویسـتییەکانیان کەلـە هەورامانـد کـەمبوون یـاخود نـەبوون هێنـاوە وەك: (گـەنم,جـۆ, نـۆك, نیسـك, چـەڵتووك,خورمـا, دۆشـاوی خورما), هەروەها ژمارەیەکیان بەکاروان چوون بۆ ناو دەوار نشینەکانی (جاف) وبەم کاروانەیان وتووە (خێڵی), لـەوێ بەرهـەمـەکانی خۆیـان فرۆشـتووە و چـەند کەرەسـە و پێداویسـتییەکیان هێنـاوە وەك: (خـوری, مـوو, رۆن, کەشك....هتد).

وەڵاخـدارەکانی هـەورامان لـە ئـەنجامی کاروانکردنـەوە ئاشـنایەتییان لەگـەڵ خـەڵکانی دەرەوەی هەورامانـدا درووستکردووە, هەر لـەم رێیـەوە خۆیانناساندوە بە خـەڵکانی ئـەو ناوچانە و جۆری ژیـانی خۆیـان و هەنـدێك لەبوارەکانی کولتووریان بەوان ناساندووە, لە کولتوور و جۆری ژیانی ئەوانیش ئاشنابوون, خـەڵکی هەنـدێك لـە شوێنەکانی هـەورامان بـە تایبـەت (هـەجیج و ژاوەرۆ) لـە رێـی کاروانکردنـەوە ئـەو کەرەسـانەی بـۆ بەرهـەمهێنانی ژمارەیەك لە کالا دەستییەکان پێویستبوون هێنـاوە, هـەر بۆنموونـە: (پـەڕۆ, پێسـتە, ئەنـدامی نێرینـەی کەڵـەگا) بۆدرووستکردنی (کلاش و پێڵاو).

هەورامییەکان هەرچۆن بایەخدەدەن بە پاراستنی تەندرووستی خۆیـان درووسـتی وڵاخەکانیشیان لامەبەسـتە, گەوڕی وڵاخەکانیان و شـوێنی ئـەمبارکردنی ئالیـك لـە شـوێنی ژیـانی خۆیـان جیـاوازە, هەمیشـە لایـان مەبەسـتە (کورتـان, سـەرجل, توورەکـە)ی چـاك بـۆ وەڵاخـەکانیان دابینبکـەن و بـەینا و بـەینیش بـە پێـی پێویسـت لای ناڵبەنـدەکان ناڵیاندەکەن, بایەخـدەدەن بـە رازاندنـەوەیان و هـەر کـەس وەڵاخەکـەی چـاك و دەماخبێـت شـانازی پێوەدەکات, وەڵاخ لـە هەوراماندا زۆر جار دەسـەوامپێدەکرێت بـە تایبـەت لـە کـاتی گەلکارییەکانـدا, یـاخود بـۆ بـاربووکردنی ئەوانـەیان وەڵاخیـان نییـە و کارێکیـان هەیـە پێویسـتی بـە وەڵاخـە, ئەمـەش سیمایەکی دیـاری هاوکاریکردن و بەتەنگەوەهاتنی یەکترە.

پێشتر ئەو دەسەڵاتدا ر و دەوڵەمەندانەی وەڵاخیانبووە خۆیان وەڵاخدارییان نەکردووە, بـەڵکو بـۆ ئـەو مەبەسـتە رەنجبەرێکیانگرتووە کە پێیانووتوە (هەربەنە), هەربەنەکان سەرەڕای ئەوەی وەڵاخدارییەکـەیانکردووە, هەنـدێك ئیشـوکاری مـاڵی خـاوەن وەڵاخەکەشـیان کـردووە وەك: (هێزمۆکـەردەی= دارقڵیشـان, بانتلنـای= سـەربانگێڕان,

وەرومـالاّی= بـەفرمالین)، بـەلاّم ئەمـە هـەرگیز واینـەکردووە بەچـاوی سـووکەوە تەماشـابکرێن و وەك کۆیلـە هەڵسووکەوتیان لەگەلدابکرێت، بە پێچەوانەوە ئەوەندە رێزیانلێگیراوە بە کوڕی خاوەن وەلاّخەکە لە قەڵەمدراون، زۆرجار رێککەوتووە خاوەن وەلاّخ کچی یاخود خوشکی خۆی لە (هەربەنەکەی= وەلاّخدارەکەی) مارەبڕیوە و ئیتر بەتەواوی بووە بە ئەندامێکی خێزانەکەی.

وەلاّخداری لە هەوراماندا زۆرجار لە باوکەوە بۆ کوڕەکەی دەگوێزرێتەوە، بنەماڵەی وەها هەن چەند نەوەیەکیان وەلاّخداربوون.

هەر ئەوە ماوە بڵێن لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنەی لە لایەنە جیاجیاکانی ژیان و گوزەرانی خەڵکدا هاتۆتە ئاراوە، کەچی تا ئێستاش وەلاّخداری هەورامان بایەخی خۆی لەدەستنەداوە و چەندین خێزان بەم پێشەیە ژیانێکی خۆش دەگوزەرێنن.

## بابەتی (4)

## پیشەسازییە دەستییەکانی هەورامان

هەورامان مەڵبەندێکی گەورەی پێشەسازییە دەستییەکانە و پیشەسازییەکانیش زۆر و جۆرا و جۆرن، وەك: (جۆلایی، هەلاّجی، تەونگەری، کلاّشکەردەی= کلاّشدرووستکردن، پالاّوراستەی= پێلاّودوورین، ئاسنگەری، دارتاشی....هتد)، ئەم پیشەسازییانە پێشتر سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی بژێوی ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لەخەڵکی ناوچەکە بوون و هەندێکیان تا ئەم رۆژانەش بایەخێکی گەورەیان هەیە، وەستا هەورامییەکان زۆر شارەزا و کارامەن لە بواری درووستکردنی کالاّ دەستییەکاندا، ژمارەیەك لە کالاّ دەستییەکانیش سەفیری هەورامییەکان بوون و نازناوی ناوچەکە و خەڵکەکەیان وەرگرتووە وەك (رانکوچۆغەی هەورامان، کلاّشی هەورامی، چەقۆی هەورامان، مەوج و جاجمی هەورامان.....هتد)، ئەم کالاّیانە و چەندین کالاّی تریش ئەوانەیان لە پێویشتی خەڵکی ناوچەکە زیادبوون فرۆشراون و داهاتێکی باشیان بۆ ئەو خێزانانە مسۆگەرکردووە کە بەرهەمهێنانیانەوە خەریکبوون، پیشەوەرەکانی هەورامان بە شێوەیەکی گشتی پایەی کۆمەلاّیەتی خۆیان هەبووە و لەناو خەڵکەکەدا پێیانوتراوە (دەس زەڕین= دەست زێڕین)، ئەوانیش هەردەم هەوڵیانداوە داهێنەر بن و ئەفراندن لە کارەکانیاندا بکەن، هیوایان ئەوە بووە ناویان بە وەستای باشدەرچێت و جۆرە شانازییەکیان بەوەوە کردووە.

پاش ئەم پێشەکییە دەچینە سەر باسکردنی ژمارەیەك لە بەرهەمی پیشەسازییە دەستییەکان، بە تایبەتی ئەوانەیان تا ئێستاش بایەخێکی ئابووری گەورەیان هەیە لە ژیانی خەڵکەکەدا وەك:

1- **رانکو چۆغە:**

شتێکی ئاشکرایە مرۆڤ هەر لەسەرەتای ئاشنابوونیەوە بە جۆرێك لەژیانی کۆمەلاّیەتی پێویستی بە پۆشاك بووە بۆ داپۆشینی لەشی و پاراستنی لە سەرما و گەرما، بۆیە لە هەرقۆناغێکی ژیانیدا بەو کەرەسانەی لەبەردەستیدا بوون پۆشاکی درووستکردووە، لەم بوارەدا سەرەتا لە گەلاّ و تویّکڵی دار و دەوەن و لە گژوگیا

سوودیوەرگرتووە, پاشان بەرهەمی (دڕندەی کێوی, ئاژەڵ, باڵندە)ی بەکار هێناوە وەك: (پێست, خوری , مەرەز, موو, پەڕ...هتد), زەرورەتی دروستکردنی پۆشاك مرۆڤی فێری رستن و چنینی دەستی کردووە, ئامێرەکانی رستن و چنینیش بە پێی قۆناغەکانی گەشەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی گەشەیانکردووە, پاشان شۆڕشی پیشەسازی و دەسکەوتە مەزنەکانی بازێکی گەورەشیان بە رستن و چنین داوە و چەندین ماشێن و کارگەی رستن و چنین دروستکراون, ئیتر کەم کەم رستن و چنینی دەستی بریق و باقیکی وەهای نەماوە و بەرهەمی کارگەکانی رستن و چنین تەنگیان بە بەرهەمی رستن و چنینی دەستی هەڵچنیوە, سەرەڕای ئەم بازدانە گەورەیە و دروستبوونی دەیان هەزار کارگەی رستن و چنین لە سەرانسەری جیهاندا و بەرهەمهێنانی سەدان هەزار جۆر قوماش, کەچی رانکو چۆغەکەی خۆمان ساڵ لە دوای ساڵ نرخی زیاددەکات و بووە بە پۆشاکێك هەموو کەسێك بۆیناکڕرێت.

رانکو چۆغەی هەورامان بە پێی ئەو کەرەسەی لە دروستکردنیدا بە کاردەهێنرێت دوو جۆری هەیە, جۆرەکانیش ئەمانەن:

1- رانکوچۆغەی مەرەز 2- رانکوچۆغەی خوری

رانکۆچۆغەی مەرەز لە هینی خوری باشترە, چونکە هەم نەرمتر و جوانترە و هەم نرخەکەشی زیاترە و چەند رەنگێکیشی هەیە وەك: (سوور, خورمایی, سپی, رەش, شینکی کە لە تێکەڵکردنی هەردوو رەنگی سپی و رەش دروستدەکرێت, سپات ئەم رەنگەیان کەمێك زەردباوە).

رانکوچۆغە بەچوار قۆناغ دروستدەکرێت بەم شێوەیە:

1- **قۆناغی شتن و پاککردنەوەی مەرەز یاخود خوریەکە**: لەم قۆناغەدا ئەو کەرەسەی رانکوچۆغەکەی لێدروستدەکرێت ئیتر مەرەز بێت یاخود خوری پاك دەشۆرێتەوە و پاکدەکرێتەوە لە پاشەڕۆی وشکەوبووی ئاژەڵ, ئینجا بە پێی ئەو رەنگە سەرەکییەی رانکوچۆغەکەی لێدروستدەکرێت بژاردەکرێت و هەر رەنگێکی نەگونجاوی تێدابێت لادەبرێت, پاشان کەرەسەکە شیدەکرێتەوە و بە ئامێرێك کە پێیدەوترێت (شەی) و ئەویش هەر بەرهەمی پیشەسازییە دەستییەکانی ناوچەکەیە, شەیدەکرێتەوە و پاشان دەکرێت بە دەستپێچك, شەیکردنەوە بۆ ئەوەیە کەرەسەکە زیاتر شیببێتەوە و ئامادەبکرێت بۆ رستن.

2- **قۆناغی رستن**: لەم قۆناغەدا ئەو (مەرەز, خوری)یەی شی و شەیکراوەتەوە و ئامادەکراوە بۆ رستن دەکرێت بە سێ بەشەوە, دووبەشی بەشێوەیەکی باریك دەڕێسرێت و پێیدەڵێن (تان), بەشەکەی تریشی کەمێك ئەستوورتر دەڕێسرێت و پێیدەڵێن (پۆ), پاش رستنیشی (تان) و (پۆ) بەجیا دەکرێن بە (گلۆڵە), گلۆڵەی (تان) دوو تاڵ و گلۆڵەی (پۆ)ش یەك تاڵن, لەم قۆناغەدا ژنان و کچانی قەیرە کاردەکەن و کەرەسەکە بە تەشی دەڕێسن, رانکۆ چۆغە رێسە کارامەکان جۆری تەشییان جیایە بۆ رێسانی (تان) و (پۆ).

3- **قۆناغی نانەوە**: هەموو تەشی رێسێك ناتوانێت رانکوچۆغە بنێتەوە و ئەو ژنانەی بەم کارە هەڵدەستن پێویستە زۆر شارەزابن, بۆ ئەنجامدانی کارەکەشیان لە شوێنێکی تەختدا بە درێژای (30- 33گەز) داردادەکوتن کە پێیاندەوترێت (هەڵاوەچۆ) ئەو دارانە لە سەرەوە دوولەپن و لە رووی ئەستووریشەوە بە قەد دەسکە خاکەنازێك ئەستوورن و درێژییەکەشیان لە نێوان (125- 150سم) دایە, لەم قۆناغەدا ئەو رێسەی کراوە بە (گلۆڵەی تان) دەژەنرێتە ناو (سرێشاو) و بەسەر هەڵاوەچۆکاندا دریژدەکرێتەوە, ژەندنیشی بە ناو سرێشاودا بۆ

ئەوەیە زیاتر پتەو ولووس بێت، پاش ئەوەی تاقێك بەسەر هەڵاوەچۆکانەوە دەمێنێتەوە، دەکرێت بە یەك گلۆڵەی گەورە و دەبرێت بۆ لای جۆلا.

4- **قۆناغی چنین:** هەورامییەکان بەم قۆناغە دەڵێن (قۆناخۆ کەردەی و کۆتدای)، کاری چنینی رانکوچۆغە لەلایەن جۆلاَ شارەزاکانەوە ئەنجامدەدرێت، لەم قۆناغەدا ئەو رێسەی هێنراوە بۆ لای جۆلاَ (تان)ـەکەی بەسەر دەزگای جۆلاَییەکەدا کە پێیدەوترێت (پاچاڵ) درێژدەکرێتەوە، دیارە ئەو دەزگایەش هەموو پێداویستیەکانی جۆلاَیی تێدایە وەك: (خەرەك، مەکۆی جۆلاَ، لوولە، دەف، شانە، پردەڵە...هتد)، ئینجا ئەو رێسەی کراوە بە (پۆ) بە خەرەك هەڵدەکرێتە سەر جۆرە لوولەیەکی باریك کە لە قامیش دروستدەکرێت و دەخرێتە ناو (مەکۆ)کەوە، ئیتر جۆلاَکە بەجووڵەی هەردوو دەستی و هەردوو قاچی (پۆ)کە دەخاتە ناو (تان)ـەکەوە بە شێوەیەکی ئاسۆیی لەسەر ستوونی هەتا چنینەکەی تەواودەکات و لەم کاتەدا پێیدەڵێن (گلێم)، گلێمەکەش یەك بەرە و پانایی لە نێوان (15-20سم)دایە، بۆ ئەوەی بەرەکەی تەسکبکاتەوە و ئەو خەتانەی تێدا دروستبکات کە شێوەیەکی گوڵ گوڵ دەنوێنن کۆتیدەدات، کاری کۆتدانیش بریتییە لەوەی (جۆلاَ) گلێمەکە لەمسەر و ئەوسەرییەوە بە دوو مێخەوە توند توند شەتەکدەدات، ئینجا لەمسەرەوەوە بۆ ئەوسەر بەتوندی بە سێ دەق دەقیدەدات و ئیتر ئامادەدەکرێت بۆ دوورین.

لێرەدا هەر ئەوە ماوە بڵێین رانکوچۆغەی هەورامان یەکێکە لە پۆشاکە پەسەندەکانی ناو کۆمەڵی کوردەواری و بە هێمایەکی دیاری پۆشاکی کوردی رەسەن لە قەڵەمدەدرێت.

2- **کلاَشی هەورامی:**

پاپۆشێکی کوردی رەسەنە و یەکێکە لە بەرهەمی پیشەسازییە دەستییەکانی هەورامان، لەزۆربەی ناوچەکانی کوردەواریدا رەواجی هەیە و رۆڵێکی سەرەکی هەیە لەدابینکردنی بژێوی ئەو کەسانەی بەبەرهەمهێنانیەوە خەریکن، مێژووی دروستکردنی کلاَش زۆر کۆنە و جووتێك کلاَش کە بۆ پیشالیار دروستکراون لەلایەن وەستایەکەوە بەناوی (قلەندەر) کە یەکێك بووە لە پیرەکانی هەورامان، تا ئێستاش تاکێکیان ماوە و لە خانووەکەی خۆیدا پارێزراوە، بەم پێیە کلاَش لە سەرەتاوە لە هەورامانی ئەودیوەوە هاتۆتە هەورامانی ئەودیو، هەرچەندە هیچ سەرچاوەیەکمان لەبەردەستدا نییە ئەوەمان بۆ دەربخات ئایا هەورامییەکان لە شوێنێکی ترەوە فێری کلاَشکردن بوون، یاخود هەر لەسەرەتاوە خۆیان دروستکەر و داهێنەری کلاَش بوون، بەلاَم ئەگەر بە وردی بڕوانینە کلاَشی ناوچەی هەورامان و کلاَشی ناوچەکانی تر، بە ئاسانی بۆمان دەردەکەوێ کە هەورامییەکان خۆیان داهێنەری کلاَشن، چونکە کلاَشی هەورامی لە کلاَشی هەموو ناوچەکانی تر چاکترە و نرخی گرانترە.

(شارەدێی تەوێڵە) کە ئێستا مەڵبەندێکی گەورەی بەرهەمهێنانی کلاَشە و ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکەکەی وەستای بە سەلیقەن لەم بوارەدا، پێشینەکانیان ماوەی (250) ساڵ زیاترە فێری دروستکردنی کلاَش بوون، دەوترێت یەکەم کەسی تەوێڵەیی کە فێری دروستکردنی کلاَش بووە کەسێك بووە بەناوی (باباخاڵەکە)، ناوبراو سەرەتا لە (هەورامانی ئەودیو= هەورامانی ئێران) فێری کلاَشدروستکردن بووە و هەر لە ژیانی خۆشیدا چەند کوڕ و کوڕەزایەکی فێری پیشەکە کردووە، ئیتر بەرە بەرە بلاَوبۆتەوە و بووە بە پێشەیەك ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی

تەوێڵە بەتەنگ فێربوونیەوە بوون, بێجگە لە تەوێڵە چەند گوندێکی تری هەورامان بەبەرهەمهێنانی کڵاش بەناوبانگ بوون لەوانە: (نۆدشە, ڕەزاو ...هتد).

کڵاشدرووستکردن بریتییە لە چەند کارێکی یەك لە دوای یەك و ئەو کارانەش بە سێ قۆناغ ئەنجامدەدرێن بەم شێوەیە:

1-قۆناغی پێکەنەگرتن:

ئەم قۆناغە تایبەتە بەبەرهەمهێنانی پێکەنە وەك کەرەسەیکی بنەڕەتی بۆ درووستکردنی بنە کڵاش و (وەستای پێکەنەگیر, شاگرد) بەشداریتێدادەکەن, پێکەنەگیر بۆ ئەنجامدانی کارەکەی پێویستی بە پەڕۆی خام هەیە کە لە (خامی کۆن, چێرچەفی کۆن, متێلە لێفی کۆن) دابینەدەکرێن, ماوەی چەند ساڵێکیشە جۆرێك لە خامی تازە بەکاردەهێنرێت کە پێیدەڵێن (خامی بۆر), ئەو پەڕۆیانەی بۆ پێکەنەگرتن بەکاردەهێنرێن نابێت مادەی نایلۆنیان تێدا بێت, هەر پەڕۆیەك نایلۆنی تێدا بێت پێکەنەگیرەکان پێیدەڵێن (سرك) و لەلایان پەسەند نییە و بەکاریناهێنن, پەڕۆی پێکەنەگرتن پاش ئەوەی پاك دەشۆرێنەوە زۆربەیان بە ڕەنگی (شین) و کەمێکیشیان بەڕەنگی (سوور) ڕەنگدەکرێن, دوای ڕەنگکردنیان لە سێبەردا هەڵدەخرێن هەتاکو وشکدەبنەوە, هەڵخستنی پەڕۆکان لە سێبەردا بۆ ئەوەیە خۆر کاڵیاننەکاتەوە, ئینجا ئەو پەڕۆیانە لەلایەن وەستای پێکەنەگیرەوە بەدرێژی (12سم) و پانی (3-4سم) دادەدڕێن و پێیاندەڵێن (خشتی پەڕۆ), خشتە پەڕۆکان لەلایەن شاگردەوە پارچە خامی کۆن دەخرێتە ناویانەوە ولەسەرێکیانەوە بەپانی (1سم) دەقدەدرێن و بەم کارەش دەوترێت (پەرونیای), پاشان وەستای پێکەنەگیر بە (مشتە) دەیانکوتێت و دەیانکات بە (فتیلە), ئینجا فتیلەکان بە (درەوش) کوندەکات و پاشان بە ئامێرێکی دەستی کەهەر پێیدەوترێت (پێکەنە), فتیلەکان یەك لە دوای یەك ریزدەکات و بە پێی کورت و درێژیان ڕێکیاندەخات, ئینجا فتیلەکان لە پێکەنەکە دەکەنێتەوە و دەیانکات بە سێ بەشی وەك یەك, دواجار ئەو سێ بەشە لەسەریەك دادەنێت و بەتوندی بە پەڕۆیەکی باریك کە پێیدەڵێن (درز) پێکەوەیان شەتەکدەدات و دەبن بە تاکێك پێکەنە, هەردوو تاکیش پێکەوە شەتەکدەدات و دەبن بە جووتێك پێکەنە, وەستای پێکەنەگیر بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکەی چەند ئامێرێك بەکاردەهێنێت لەوانە: (مشتە, کۆتە, درەوش, پێکەنە).

2-قۆناغی درووستکردنی بنەکڵاش:

لەم قۆناغەدا ئەو پێکەنانەی ئامادەکراون لە لایەن وەستای کڵاشکەرەوە دەکرێن بە (بنەکڵاش), بۆ درووستکردنی بنەکڵاشیش وەستای کڵاشکەر سەرەتا جووتێك پێکەنە دەهێنێت و بەدەمی گازن ئەو پارچە پەڕۆیە دەبڕێت کە پییدەڵێن (درز) و هەردوو تاکە پێکەنەکەی پێکەوە شەتەکداوە, ئینجا لە لووتەوە بۆ پاژنە (سیرم) دەخاتە ناو ئەو کونەی کە پێشتر وەستای پێکەنەگیر لە ناو فتیلەکاندا بە درەوش درووستیکردووە, خۆشی سێ جاریتر درەوشیدەدات, دووجاریان لە لووتەوە بۆ پاژنە و جارێکیان لە پاژنەوە بۆ لووت و هەموو جارێکیش (سیرم) بە ناو کونی درەوشدانەکەدا ڕەتدەکات و بە هەموو هێزێکییەوە کێشمانیدەدات, ئەو کێشماندانە بۆ پتەوبوونەوەی بنەکڵاشکە و پێکەوەنووسانی فتێلەکانە بە یەکترییەوە, لەم کاتەدا بنەکڵاشەکە زۆر پانە بۆیە لە هەرچوار لاوە زیادەی فتیلەکان بە (گازن و درەوش) دەپاچێتەوە و بە مشتە تەختیدەکات, ئینجا بەدرەوشێکی تایبەت کە پێیدەوترێت (درەوشی پەرگەما سم) ڕووی سەرەوەی لە پاژنەوە بۆ لووت لە

هەرچوارلاوە دەسمێت, پاش سمینی بنەکلاشکە لەلایەن شاگردەوە بەمووی رێسراوی بزن پەرگەمادەنرێت, پاش پەرگەمانان وەستای کلاشکەر دەست بەبرینی دەکات, بەوەی لە هەرچوارلاوە زیادەکانی دەبرێت و لەسەر شێوەی پێ رێکیدەخات, بە مشتە باش دەیکوتێتەوە و لووت و پاژنەکەی بزمارپێژدەکات, دواجار کەتیرە دەسوێت بە قەراغەکانیدا و پاش وشکبوونەوەی کەتیرەکە ئیتر ئامادەدەبێت بۆ چنین.

وەستای کلاشکەر بۆ راپەراندنی کارەکەی بێجگە لە پێکەنە پێویستی بە چەند ئامێرێکی دەستی و کەرەسەیەکی سەرەتایی هەیە وەك: (کۆتە[31], مشتە[32], گازن[33], درەوش[34], کولەدرەوش[35], دەقاق[36], قەدگیر[37], دوالگیر[38], چل مێردە[39], دەرزی[40], چەقۆ, کەتیرە= جەوی, بزمار, بەزوبەزدان[41]مەبرەد...هتد).

**3–قۆناغی کلاشچنین:**

لەم قۆناغەدا ئەو بنە کلاشەی لە لایەن وەستای کلاشکەرەوە دروستکراوە دەچنرێت و ئەوانەش بەم کارە هەلدەستن پێیاندەوترێت (کلاشچن), کلاشچنین سەرەتا لەوەوە دەستپێدەکات (کلاشچن) لە دەزووی لۆکە بە چەند تالێك بە پێی (جۆری دەزووەکە لە رووی باریکی و ئەستوورییەوە, جۆری کلاشەکە لە رووی ئەوە ئایا کلاشی بازارییە یاخود خسووسی, سەلیقەی وەستاکە لە رووی ئەوەوە ئایا کلاشچنێکی باشە یاخود ئاساییە) دەستدەکات بە دروستکردنی (پەرگ[42]), پەرگەکە بە (پەرگەمال[43]) لووسدەکات و دەیکات بە کوونی (تەبەنە[44])کەیدا و لە بنپەرگەکەوە دەست بە چنینی کلاشەکە دەکات, ئینجا بەردەوادەبێت ریز لەسەر ریز دەورەکەی دەچنێت و بەهە رێزێکیش دەوترێت (گەر), پاشان بەدەوری پاژنەکەییدا چەند ریزێکی یەك لەسەر یەك کە لەخوارەوە بۆ سەرەوە کورتدەبنەوە و پێیاندەلێن (وەچ) دەچنێت و بەم شێوەیە دەوری کلاشەکە تەواودەکات, بۆ چنینی سەرەکەش سەرەتا (ساراچن)ـەکە و دوای ئەویش (سادە)کان دەچنێت, دواجاریش لەسەر بنپەرگەکە وە شیرازەی کلاشەکە لەهەرچوار لاوە دەچنێت.

لێرەدا پێویستە ئاماژەبدەین بەوەی کلاشەکانی ئێستا هەم لە رووی بنەکلاشەکان و هەم لە رووی چنینیانەوە لە کلاشی زووتر جوانتر و ناسکترن, زووتر کلاش دووجۆری هەبووە کە پێیانوتراوە (گیوەیی, لووت و قۆدەسوور), کلاشی گیوەیی بنەکەیان لە خامی سپی دروستکراوە و چنینەکەیان ورد و سفت بووە, کلاشی لووت و قۆدەسووریش لە (لووت, پاژنە, قۆدە= ناوەراست)یانەوە چەند فتێلەیەکی سووریان تێدا بووە و لووت و پاژنەکەشیان لە پێست دروستکراوە و بەو پێستەشیان وتووە (چەك), بەلام هەر لە ناوەراستی شەستەکانەوە (وەستا ئەبووبەکری تەوێلەیی) بە دروستکردنی (بنەکلاشی پێنج تیر, کلاشی ژێرشین, بەکارهێنانی ئەندامی نێرینەی کەلەگا بۆ دروستکردنی لووت و پاژنەی کلاش) چەند داهێنانێکی لە دروستکردنی کلاشداکردووە, هەروەها هەمیشە کلاشچنەکانی هانداوە داهێنان لە چنینی کلاشەکاندا بکەن, ناوبانگی کلاشی وەستا ئەبوبەکر بەهەموو ناوچەکانی کوردەواریدا بلاوبۆتەوە و خەلکانی دەرەوەی هەورامان تا ئێستاش بە کلاشی باش دەلێن (کلاشی ئەبوبەکری), بە واتای کلاشی ئەبووبەکری بووە بە ناسنامەی باشترین کلاشی هەورامی.

ئەوەی شایەنی باسکردنە لە کۆتایی ئەم باسەدا دەلێن (کلاشی هەورامی) هۆکارێکی زۆر کاریگەرە بۆ ئەوەی گەنجە هەورامییەکان بێکارنەبن, لەم سالانەی دواییشدا لە کاتێکدا بێکارییەکی کوشندە لە ئەنجامی سیاسەتی شۆڤێنیستانەی داگیرکارانی کوردستان و راگواستنی زۆرە ملێی گوندنشینەکان روویکردبووە خەلکی

کوردستان, خەڵکی هەورامان لە شار و شارۆچەکەکاندا بەبەراورد بە خەڵکی زۆر لەناوچەکانی تر باری گوزەرانیان باشتربوو, هۆی سەرەکی ئەوەش سەرقاڵبوونیان بوو بەبەرهەمهێنانی کلاشەوە.

**3- مەوج و جاجم و بەرماڵی هەورامان:**

مەوج و جاجم و بەرماڵی هەورامان لەو کالا دەستییانەن کە لە کاتی خۆیدا رەواجێکی باشیان هەبووە و سەرچاوەیەکی باش بوون بۆ داهاتی ئەو خێزانانەی بەبەرهەمهێنانیانەوە سەرقاڵبوون, بەلام لەم رۆژانەدا بەردەوام درووستکردنیان لە پاشەکشێدایە بەتایبەتی (مەوج, جاجم), وەستاکانی هەورامان زۆر کارامە و لێزانن لە بەرهەمهێنانی ئەم کالایانەدا و بەسەلیقەیەکی وردەوە درووستیاندەکەن, مەوج و بەرماڵ پاش رستن و نانەوەیان لەلایەن ژنانەوە دەبرێن بۆ لای جۆلاکان بۆ چنینیان, زۆرجار بێجگە لە خورییە رێسراو و رەنگاورەنگەکەجۆرێك لە سیمی (سپی, زەرد) کە پێیدەوترێت (کلافەسیم) لەچنینیاندا بەکاردەهێنرێت, بەلام (جاجم) زیاتر بەشێوەی تەونگەری لەلایەن ژنانەوە دەتەنرێت, پێشتر مەوجی هەورامان زیاتر بۆ داپۆشینی پێخەف بەکاردەهێنرا, هەورامییەکان تائێستاش لە کاتی بەڕێکردنی تەرمی مردووەکانیاندا بۆ گۆڕستان مەوج دەدەن بەسەر جەنازەکەیاندا, (جاجم)یش بەکاردەهێنرێت بۆ درووستکردنی جۆرێك لە لێفەی گەرموگور بە ناوی (لێفەی جاجم).

بێجگە لە (مەوج, جاجم, بەرماڵ) لە هەوراماندا چەند کالایەکی تر لە (خوری و موو) بەرهەمدەهێنرێن لەوانە: (قالیە= فەرش, لەی= بەڕە, نمەد= لەباد, فەرەجی= کولەباڵ, گلێم, پوزەوانە, دەسکێش, وەرێسە= گوریس, خەرار= خەروار....هتد).

**4- چەقۆی هەورامان:**

چەقۆ و قەڵەمبڕی هەورامان لەو کالا دەستییانەن تا ئێستاش بایەخی خۆیان هەیە و وەك دیاری بۆ دۆست ناسراوان بەملا و ئەولادا دەنێررێن, لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا رەواجی باشیان هەیە و خەڵکی ئەو ناوچانە دەڵێن (چەقۆی هەوامان) مووەدەکات بە واتای زۆر تیژە, ئەو وەستایانە چەقۆ و قەڵەمبڕ درووستدەکەن لە هەوراماندا پێیاندەڵێن (کاردکەر= چەقۆسان), لە درووستکردنیشیاندا (شاخی ئاژەڵ, مەبرەد, پۆلا, قەپاغە فیشەك) بەکاردەهێنن, دەمەکەیان لە (مەبرەد, پۆلا)و دەسکەکەشیان لە (شاخی ئاژەڵ) درووستدەکەن, بەلام لەم رۆژانەدا بۆ درووستکردنی دەسکەکانیان زیاتر جۆرێك لە بۆری پلاستیك بەکاردەهێنن, بێجگە لە (کاردکەر= چەقۆسان)ـەکان هەندێك لە ئاسنگەرەکانی هەورامان توانای درووستکردنی چەقۆیان هەیە.

لە هەوراماندا چەندین کالای دەستی و پێداویستی تر لە لایەن (ئاسنگە, دارتاش)ـەکانەوە درووستدەکرێن, بۆنموونە ئاسنگەرەکان (تەور, تەورزێن, تەورداس, داس, پاچ, خاکەناز, بێڵ, قفڵ و کلیل, ساجی نانکردن, مەقاش, سۆپا, سێپا...هتد) درووستدەکەن, دارتاشەکانیش (دەرگا, پەنجەرە, بێشکە و لانکی منداڵ, لوولە= بلوێری ناو بێشکە, پنە, تیرۆك, تەشی, دیمەك...هتد) درووستدەکەن, شتێکی ئاشکراشە خەڵکی گوندی (هەجیج)یش کە گوندێکە لە هەورامانی ئەودیو بەناوبانگبوون لە درووستکردنی (کەوچك و دەفری دارین, شانە, تەشی)دا.

هەروەها هەورامییەکان لە لاسك و چڵی ناسکی چەند دارێکی وەك (ئەرخەوان و بی) زۆر شارەزایانە (سەوە= سەبەتە, تەڕیانە= قووڵێنە, نانەشان, تەکەللە=تەیکە, قەفەز)

دروستدەکەن و قامیشی ناسکیش بەکاردەهێنن بۆ دروستکردنی (چنگڵە= بەرچینە).
ئەگەر بە وردی بڕوانینە بەرهەمی پیشەسازییە دەستییەکانی هەورامان بۆمان ئاشکرادەبێت هەورامییەکان تاچ رادەیەك ژیر و بەسەلیقەن لە بواری بەرهەمهێنانی ئەم کالایانەدا, چونکە کالاکانیان لە زۆربەی کالا دەستییە هاوشێوەکانیان لە ناوچەکانی تردا باشترن هەم لە رووی شێوەی دروستکردنیان و هەم لە رووی رەختەیی و مەحکەمییانەوە, هاوکات ئەوەمان بۆ ئاشکرادەبێت کە کالاکان پڕ بەپێستی خەڵکی ناوچەکە دروستکراون و وەلامدانەوەیەکی جیددین بۆ پێویستی رۆژانەیان بەم کالایانە, هەر بۆ نموونە (کلاشی هەورامی) باشترین پاپۆشی هاوینەیە لە سرووشێکی وەك سرووشتی هەوراماندا بەکاربهێنرێت, چونکە خەڵکی ناوچەکە لەم وەرزەدا بەردەوام هاتوو چۆی (شاخ, باخ, رەزەدێم,قۆرخ)ـەکانیان دەکەن, ئەمە سەرەڕای ئەوەی زووتر ژمارەیەکی زۆریان بە تایبەت وەلاخدارەکان هاتووچۆی شوێنە دوورەدەستەکانی هەورامانیان کردووە بۆ کاروانکردن و فرۆشتنی بەرهەمەکانی ناوچەکەیان, یاخود گۆڕینەوەیان بەو کەرەسە و ویستەمەنیانەی لەهەوراماندا نەبوون, هاتووچۆی لەم شێوانەش پێویستی بە پاپۆشێکی (سووك,فێنك, مەحکەم) کردووە, دەبینین کلاشی هەورامی سەرەڕای ئەوەی ئەم خەصڵەتانەی هەیە, لەبەر ئەوەی پاپۆشێکی تەختە بەهیچ شێوەیەك ئازاری پێی مرۆڤ نادات وەك زۆربەی پاپۆشەکانی تر کەپاژنەکانیان بەرزن, هەروەها وەك ئەو پاپۆشانە کێشەی تەندروستی بۆ پشت و جومگەکان دروستناکات, بێجگە لەوەی دەکرێت رۆژانە پێی و پێ بکرێن چونکە هەردوو تاکەکانیان وەك یەکە و بۆ پێی مرۆڤ جیاوازییان نییە.
لە بەرر ئەوەی کالا دەستییەکانی هەورامان زۆرن ناکرێت نموونە لە سەر خەصڵەتەکانی هەموویان بهێنینەوە, بەلام بۆ زیاتر نزیکبوونەوە لەوەی ئێمە مەبەستمانە کە دەرخستنی ژیری و سەلیقەی هەورامییەکانە لە بەرهەمهێنانی کالا دەستییەکانیاندا, نموونەیەکی تر لە سەر (قەڵەم= بلوێر, گۆزەی منداڵی ساوا) دەهێنینەوە کەدەخرێنە ناو بێشکەکانیانەوە, ئەوەی پێیانوتووە (قەڵەم= بلوێر) بە پێی پێویستی ئەندامی نێرینە و مێیینەی منداڵ لە دار دەتاشرێت و لە کاتی پێچانەوەی منداڵەکەدا ئەو ئەندامەی دەخرێتە ناویەوە, ئیتر هەرچەندە میزبکات لە قەڵەمەکەوە دەچێتە ناو گۆزەکەوە, بە نیسبەت گۆزەکەشەوە لە خۆڵی سووری سوورەوکراوە دروستدەکرێت و قەراغی بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی لەو کوونەی کە لە بنی بێشکەکەدا دروستکراوە قایمبکرێت و پاشەڕۆی منداڵەکە راستە و راست بچێتە ناویەوە, بەم شێوەیە ئیتر بە درێژایی پێچانەوەی لە ناو بێشکەکەیدا پێخەفی ناوەکەی هەمیشە وشکە, ئەمەش لەلایەکەوە منداڵەکە دەپارێزێت لە هەندێك کێشەی تەندروستی, لە لایەکیترەوە بۆن و بەرامەی بێشکەکە خۆشە, هەربۆیە (قەڵەم و گۆزەی منداڵی ساوا) سەرەڕای سادەییان زووتر هەمیشە داواکاریان زۆر بووە و رەواجی باشیان هەبووە.

## بابەتی (5)

## هەورامان ناوچەیەکی خودکەفایە

ئەگەر بەوردی لە هەموو لایەنەکانی ژیان و گوزەرانی خەڵکی هەورامان بکۆڵینەوە دەبینین, هەر لەدێرزەمانەوە هەوڵیانداوە بەشی خۆیان کالا و پێداویستی ژیانی رۆژانەیان بەرهەمبهێنن, لێرەدا مەبەستمان گەورەکردنی ئەم بابەتە و پیاهەڵدانی هەورامییەکان نییە, بەڵکو مەبەستمان ئیرادەی گەورەیانە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا کە بواری بەرهەمهێنان و دابینکردنی پێداویستی ژیانی رۆژانە یەکێکە لەهەرە بوارە گەورە و بایەخدارەکانی,

بۆدەرخستنی ئەو ئیرادە گەورەیەش لەوەوە دەستپێدەکەین هەتاکو بیستەکانی سەدەی رابوردوو ئەو پۆشاك و پاپۆشەی خەڵکی هەورامان بەکاریانهێناون وەك : (جلی ژێرەوە, رانکو چۆغە, فەقیانە, مێزەر, پشتوێن, کوڵەباڵ, پەسەك, گۆرەوی, پووزەوانە, کڵاش, پێڵاو) خۆیان دروسیانکردوون, جلوبەرگی ژێرەوەیان و فەقیانەکانیان لە جۆرێك قوماش درووستیانکردوون پێیانوتووە (هەڵاوە) ئەو قوماشەش خۆیان رستن و چنینیانکردووە, بەنیسبەت پۆشاکەکانی تر و پاپۆشەکانیشەوە لە بابەتی پیشەسازییە دەستییەکاندا قسەمان لەسەرکردوون و پێویست بەدووبارەکردنەوە ناکات, لێرەوە دەتوانین بڵێین هەموو هەورامییەك توانیویەتی هەر لە مێزەرەکەی سەریەوە هەتاکو پێڵاوەکانی پێی بەرهەمی ناوچەکەی خۆی بەکاربهێنێت و لەم بوارەداپێویستی بەکاڵای هیچ شوێنێکی تر نەبێت.

بە نیسبەت زۆربەی پێداویستییەکانی (ناو ماڵ, پێداویستی کارکردن)یشەوە لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی ئەو رۆژانەدا کە بریتیبوون:لە (لەباد, مەوج, جاجم, پۆپەشمین, بەرماڵ, گلێم, کەنوو, جەرە, گۆزە, دەفری گڵێنە, کەوچکی چێشت و کەوچکی چا, دۆلکە, کەوگیر, کەوجێز, چەقۆ, قەڵەمبڕ, بادی, مەن, دنگ, کەشکەساو, تەیکە, قووڵینە, نانەشان, سەبەتە, بەرچینە, هەزارپێشە, یەغدان, بێشکە, لانك, سێپا, ساج, پنە, سۆپا, گۆزە و بلوێری منداڵ, تەشی, شانە, گوریس, هۆڕ, شەل, خورج, کورتان, تەور, تەوەرزێن, تەوەرداس, تەشۆ, مشار, چەکوش, داس, بێل, خاکەناز, پیك, نوێڵ) و هەموو پێداویستییەکانی (هەلاجی, جۆلایی, کڵاشکردن, ئاسنگەری, دارتاشی) و دەیان پێداویستی تریش خۆیان درووستیانکردوون.

ئەم بەرهەمانەی ناومانهێنان , هەندێکیان تەنها پڕبەپێستی پێداویستی خەڵکی ناوچەکە بوون و لەدەرەوەی هەورامانـدا بازرگانییان پێوەنەکراوە, بەڵام ژمارەیەکیان بە تایبەت ئەمانەیان ناویاندەهێنی وەك: ( کڵاش, رانکوچۆغە, چەقۆ, مەوج, جاجم, بەرماڵ, گلێم) بە رێژەیەکی زۆر زیاتر بەرهەمهێنراون, لەگەڵ بەرهەمی باخەکان وەك: (میوە چ بە تەری یاخود وشکەوکراوەیی) و هەندێك بەرهەمی دارە خۆڕسکەکان وەك (بنێشت), لە لایەن وەڵاخدارەکانەوە بە شێوەی کاروانکردن براون بۆ ناوچەکانی دەرەوەی هەورامان و فرۆشراون, یاخود کاڵا بەکاڵایان پێکراوە و گۆڕدراونەتەوە بەو کاڵا و پێداویستییانەی لە هەوراماندا نەبوون یاخود کەمبوون وەك: (گەنم, جۆ, نۆك, نیسك, ماش, چەڵتووك, رۆن, کەشك, مەرەز, خوری, موو, پێستە...هتد).

ئەمەش خۆی لەخۆیدا جۆرە تەواوکەرییەك بووە لە نێوان کەرتەکانی بەرهەمهێنان لە ناوچەکەدا, بۆیە لە راستیدا هەورامان لەرووی (خودکەفاییەوە) ناوچەیەکی نموونەییە نەك هەر لەکوردستاندا بەڵکو لە دەوڵەتە دراوسێکانیشدا, هەقە لەم بوارەدا چەندین لێکۆڵینەوە بکرێت و پەنجەی رێز بۆ ئیرادەی هەورامییەکان درێژبکرێت.

## بابەتی (6)

## پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەوراماندا

بۆچوونە ناو ئەم بابەتەوە لەوەوە دەستپێدەکەین کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی هەر کۆمەڵێك, رەنگدانەوەی ئاستی رۆشنبیری ئەو کۆمەڵەن و گەشەکردنیان بۆ پەیوەندی باڵاتر بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بەگەشەکردنی ئاستی فیکری و رۆشنبیریی تاکەکانییەوە, هەرچەندە پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژی کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر پێشکەوتنی ژیار و خۆشگوزەرانکردنی مرۆڤەکان , بەڵام ئەم جۆرە پێشکەوتنە

هـەرگیز ناتوانێـت گرنتـی پێشـکەوتنی فیکـری و رۆشـنبیری کۆمـەڵ بـدات و گۆرانکـاری لـە (مەفاهیمـە کۆمەلآیەتییەکان)دا بکات, هەر بۆنموونە کۆمەڵگەی یابانی لە رووی پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژییـەوە لـە ترۆپکدان و هـەمووومان دەزانین کـالآ یابانییـە جۆراوجۆرەکان چ رەواجێکیـان هەیـە و چۆن زۆربـەی بازاڕەکـانی جیهانیان داگیرکردووە, کەچی خەڵکی ئەو ولآتە لە رووی رۆشنبیرییەوە بەو شێوەیە نین و تا ئێستاش چەندین قەناعـەتی رۆحـی و کۆمەلآیـەتی دواکـەوتوویان هەیـە, وەك ئـەوەی (ئیمپراتۆر) بەنـەوەی خـوادەزانن و جیـاوازی بەرچاو لەنێوان (نێر و مێ)دادەکـەن, ژن بـەئامرازێکی خزمـەتکردنی پیـاو دەزانن و لـە زۆربـواری ژیانـدا رێگـەی کارکردنی لێدەگرن.

کۆمەڵی کوردەواری یەکێکە لەو کۆمەلآنەی تا ئەم رۆژانەش پەیوەندییە کۆمەلآیەتییە دواکەوتووەکان کاریگـەری خراپیان هەیە لەسـەری, خـەڵکی زۆربـەی ناوچەکانی کوردەواری وابەستەبوونێکی پتـەویان هەیـە بـە ئەقڵیـەتی خێڵەوە, بڕیارە کۆمەلآیەتییەکانیش کە دەرهاوێشتەی ئەو ئەقڵەن لە ناویاندا هێزی یاسایان هەیە و زۆرجاریش هێزی یاسا دەبەزێنن.

بـەلآم ئەگـەر لەپەیوەندییـە کۆمەلآیەتییـەکانی خـەڵکی هـەورامان وردببینـەوە دەبینـین بـەو شـێوەیە نـین و جیاوازیەکی تەواو گەورەیان هەیە, تائاستێکی باش ئەقڵییـەتی خێڵیـان تێپەڕانـدووە و لـە سروشـت و سـونەت دەرچوون, بە رای ئێمە ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك و گرنگەکانیان ئەمانەن:

1–هۆکـاری دینـی: خـەڵکی هـەورامان ماوەیـەکی دوور و درێـژ لەسـەردینی میترائـی و پاشـان لەسـەردینی زەرەدەشتی بوون, شتێکی ئاشکراشە تێڕوانینی دینی زەرەدەشتی بۆ مـرۆڤ تێڕوانینێکی ئەقلآنییـە و درووشمـە سەرەکییەکانیشی بریتین لەپابەنـدبوونی مـرۆڤ بـە: (نییـەتی چاك, کـرداری چاك, گوفتـاری چاك)ـەوە, هـەموو زەرەدەشتییەك بۆ ئەوەی لە گشت چرکەیەکی ژیانیدا ئـەم سـێ دروشمـە لەیادیـدابن, پێویسـتبووە لەسـەری هـەر لەتەمەنی پانزە ساڵییەوە پشتوێنێك ببەستێت کە بریتییبووە لە (72) تەڵ بەنی رێسراو لـە خـوری, هـەروەها (3) گرێ بدات لەپشتوێنەکەی و رۆژانە چەند جارێك لەو گرێیانـە رامێنێـت[45], ئـەو تێڕامانـەش بـۆ ئـەوەبووە هـەتاکو هەموو هەڵسوکەوتەکانی لەچوارچێوەی دروشمە پیرۆزەکانی دینەکەیدا رێکبخـات, ئیتر بـەوە هـیچ پانتاییـەکی بۆ (منگەرایی و خودپەسەندی) نەهێشتووەتەوە کە بەردەوام کەللەڕەقی و شەڕەنگێزی بەرهەمدەهێنن, هەر بۆیـە مرۆڤگەلێکی کراوە بوون هەم بەرووی یەکتریدا و هەم بەرووی بەها پیرۆزەکانی مرۆڤایەتیدا.

2–هۆکـاری نیشـتەجێبوون: خـەڵکی هـەورامان هـەر لـەدێر زەمانـەوە بەشـێوەیەکی گشـتگیر نیشـتەجێبوون و چەندین بەڵگەی مێـژوویی هـەن ئـەم راستییە دەسـەلمێنن[46], شـتێکی شـاردراوە نییـە کەنیشـەجێبوون هانـدەری مرۆڤـە بـۆ ئـەوەی گەشـبین بێـت و بـەبڕواوە بڕوانێتـە ئاینـدەی خـۆی, ئەمـەش هانـدەرێکی گەورەیـە بـۆ ئـەوەی هەمیشـە هەوڵبـدات بـۆ ئـەوەی نـەك هـەر کاربکـات بـۆ خۆشـگوزەرانبوونی خـۆی و هـاو سـەردەمەکانی, بـەڵکو هەوڵیشبدات لەکارەکانیدا داهێنەربێت, لەم بوارەدا پێویستە ئاماژەبـدەین بـەوەی یـەکێك لـە بنەمابنەڕەتییـەکانی کۆمـەڵی مـەدەنی نیشـتەجێبوونە, بـۆ یـە هەورامییـەکان لـەم بنەمایـەوە ئەگـەر بـە شـێوازێکی سـەرەتایش بێـت هەنگاویان بەرەو ئەو کۆمەڵە ناوە, لە لایەکەوە قەواڵەکانی هەورامان[47] و لەلایەکی تریشەوە بوونی ئەنجوومـەنی پیران لە ناوچەکەدا بەدەسەلآتێکی فراوانەوە کە تەنانەت هەڵبـژاردنی حوکمڕانەکانیشی گرتۆتـەوە, دوو بەڵگـەی حاشاهەڵنەگرن لەم بوارەدا.

3-هۆکاری ئابووری: بنەمای ئابووری خەڵکی هەورامان هەر لەکۆنەوە و ئێستاشی لەگەڵدابێت بەشێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە: (باخداری, پیشەسازییە دەستییەکان, وەڵاخداری, ئاژەڵداری,ئالوویردی سەر سنوور), بەنیسبەت باخدارییەوە هەورامییەکان خاوەنی زەوی و باخی خۆیانن و هیچ دەسەڵاتدارێك نەیتوانیوە ئەم مافەیان لێزەوتبکات, بەنیسبەت کارەکانی تریشەوە هەر خۆیان خاوەنکار و بڕیاربەدەستبوون, لێرەوە دەتوانین بڵێین لە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیدا ژیاون کە بنەمای ئابووریەکەی موڵکی خۆیان بووە و لەم بوارەدا دووربوون لە چەوساندنەوەی دەسەڵاتداران, ئەوەش کاریگەرییەکی زۆری دروستکردووە بۆ ئەوەی لەرووی فکرییەوە پێشکەوتووتربن لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییە هاوشێوەکانیان.

4-هۆکاری پەروەردەیی: هەورامان مەڵبەندێکی گەورەی زانست و ئەدەب بووە, مزگەوتەکانی (تەوێڵە, بیارە, پاوە, نۆدشە...هتد) و خانەقاکانی نەقشبەندی شوێنی خوێندنی زانستەکانی ئەو سەردەمانە بوون و ڕۆڵی زانکۆی ئێستایان گێڕاوە, سەدان مەلای گەورە لەو شوێنانەدا پەروەردە بوون و دەیان کەڵە ئەدیب و شاعیریش تیایاندا کۆبوونەتەوە, تێکەڵاویکردنی خەڵکی هەوارمان لەگەڵ ئەزاتانە کاریگەرییەکی باشی دروستکردووە لەسەر ئاستی بیرکردنەوە و تێفکرینی خەڵکی هەورامان و بەرەو پێشانبردووە.

ئەو هۆکارانەی باسمانکردن ڕۆڵێکی گاریگەریان گێڕاوە لە بواری گەشەکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی هەورامان و تایبەتمەندییان داونەتێ, هەر لەبواری ئەو تایبەتمەندییانانەدا دەڵێن:

1-(ژن بەژن, گەورە بەبچووك, مارەبڕینی سەر بێشکە و لانك) کە لە نەریتە دواکەوتووەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵی کوردەواری بوون و هەشیانە بۆ نموونە ژن بەژن تائێستاش لە هەندێك ناوچەدا بە خەستی پەیڕەودەکرێت, کەچی لە هەورامانـدا زۆر دەگمەن بوون و لەهەندێك شوێنیی وەك (شارەدێی تەوێڵە) هەر نەکراون.

2-کێشەی خوێن و یەکتری کوشتن و تۆڵەسەندنەوە لە هەوراماندا زۆر کەمبوون, هەرچەند ماوەیەك بە فیتی داگیرکاران هەندێك ڕووداو لە نێوان ژمارەیەك (سان, بەگ) لە بنەماڵەی حوکمڕانەکانی هەوراماندا ڕوویداوە, بەڵام لە ناوچەکەدا هەرگیز نەبووە بە خوویەکی کۆمەڵایەتی, ئەگەر بە ڕێکەوت ڕووداوێکی لەم چەشنەش ڕووبدات هەرزوو بە گیانێکی لەخۆبوردوانەوە چارەسەر دەکرێت.

3-فرەژنی و ڕووداوی تەڵاقدان لە هەوراماندا لە هەموو ناوچەکانی تری کوردستان کەمترن و ژیانی خێزانی لە ناو هەورامییەکاندا زۆر جێگیرە.

4-خۆشەویستی و هاوکاریکردنی یەکتری زۆر لەناویاندا باوە, هەر لەمبوارەدا باس لەوەدەکەین زۆربەی دێکان سندوقی تایبەتیان هەیە بۆ کۆمەککردن بە خەڵکانی (خاوەن پرسە, نەخۆش) تا رادەیەکیش نەدار و بێدەرەتان.

## بابەتی (7)

## گەلکارییەکانی هەورامان

گەلکارییەکانی هەورامان زۆر و جۆراوجۆرن و بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەن ئەگەر بەشێوەیەکی گەلکاری نەبێت گرانە لەکاتی خۆیاندا بە ڕێکوپێکی ئەنجامبدرێن وەك: (گزی بارەکڵە, گەلو تفۆچنیەی= گەلی تووچنینەوە, ڕەزکێڵان, ڕەزبڕین, گزرەبڕین, لۆ و کەماکەندن), ئەم گەلکارییانە زووتر هەموویان بە (دەسەوام= بێکرێ) ئەنجامدراون, لەم ڕۆژانەشدا کەزۆرێك لە مەفاهیمە کۆمەڵایەتییەکان گۆرانییان هاتووە بەسەردا بەڵام هێشتا

هەندێك لە گەلكارییەكانی هەورامان وەك خۆیان ماونەتەوە و بە بێكریَ ئەنجامدەدرێن, بۆ ئەنجامدانی هەریەك لەم گەلكارییانەش توانایەكی باش و ڕۆحییەتێكی پاك نمایشدەكرێن, بەرنامەیەكی تایبەتیش هەیە بۆ ئەوەی بەباشترین شێوە جێبەجێبكرێن و كاتیان بەسەرنەچێت, لەسەر ڕۆشنایی ئەو بەرنامە تایبەتە كاتەكانی: (كاركردن, دانیشتن و پشوودان, نانخواردن, نوێژكردن, گۆرانیچڕین و هەڵپەڕكێ) دیاریكراون, هەرچەندە زۆربەی ئەو كارانەی بە گەلكاری ئەنجامدەدرێن گرانن و بەشدارەكانیان زۆر ماندووەبن, بەڵام خەڵكی ناوچەكە زۆر بەگەرمییەوە بە پیریانەوە دەچن و بەشدارییان تێدادەكەن.

ئەگەر بەراوردی گەلكارییەكانی هەورامان بكەین لەگەڵ ئەو كارانەی لە شوێنانەكانی تردا بە جۆرێك لە بێگاری لە لایەن (ئاغا, بەگ, كوێخا, سەركار)ـەكانەوە بەسەرخەڵكانی هەژا رو گوندنشیندا سەپێنراون تەواو لەیەكتری جیاوازن, لە كاتێكدا لەو شوێنانەدا ئەو بێگارییانە بەزۆرەملێ ئەنجامدراون و بوونەتە مایەی ناڕەزایی بەشدارەكانیان, ئەگەر بەرێكەوت كەسێكیش لێیاندواكەوتبێت سزادراوە و لەبەرچاوی گوندنشینانەوە خراوەتە ناو حەوزی مزگەوتەوە و داركاریكراوە, كەچی تەنانەت گەلكارییە گشتییەكانی هەورامانیش كە بۆ بەرژەوەندی خێزانە دەسەڵاتدارەكانی وەك: (سان, بەگ)ـەكان ئەنجامدراون جیاوازییەكی زۆریان لە گەڵ گەلكارییەكانی تردا نەبووە و بەهەمان ڕۆحییەتەوە بەشدارییانتێداكراوە, هەر بۆ نموونە ئەو گەلكارییە گشتییانەی كراون بۆ كەندنی (لاس)ی ئەو دەسەڵاتدارانە, ڕۆژی دەستپێكردنیان بەشدارەكانیان لەسەر (ئاوازی سەحەری) شمشاڵ لە خەو هەستاون و بەرە و شوێنی كاركردنیان كەوتوونەتەڕێ و هەمان چێژی گەلكارییەكانی تریان بووە, چونكە بە شێوازێك ئەنجامدراون بەشدارەكانیان هەستیان بەوەنەكردووە ئەو گەلكارییانە شتێك لە بەها ئینسانییەكانیان كەمدەكەنەوە.

لەم بابەتەدا نموونەیەك لەسەر گەلكارییەكانی هەورامان دەهێنیەوە ئەویش گەلكاری (گزی بارەكڵە)یە.

(گزی بارەكڵە) بۆ پاككردنەوەی ئەو تەلانانەیە كە تایبەتن بە بەرهەمهێنانی (توو) بۆ ئەوەی توەكان بە پاكی بچنرێنەوە و كاری تووچنینەوە ئاسانبێت, بەشدارەكانی ئەم گەلكارییە پێویستیان بەچەند كەرەسەیەك هەیە وەك: (گسكی تایبەت كە پێیدەوترێت تاڵەوامی[48], بارەكڵە[49], خاكەناز, دەسەبەرە), ئەوخاوەن باخەی گەلكارییەكەی بۆ ئەنجامدەدرێت ئەركی دابینكردنی ئەم پێداویبتییانەی دەكەوێتە ئەستۆ و هەندێكجار بەشدارانی گەلكارییەكەش هاوكاریدەكەن لە دابینكردنی پێداویستییەكاندا.

ڕۆژی گزی بارەكڵە بەشدارانی گەلكارییەكە لە هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) سەرلەبەیانی زوو بەرەو ئەو باخە دەكەونەڕێ كە گەلكارییەكەی تێدا ئەنجامدەدرێت, هەر بەگەیشتنیان بە شوێنی مەبەست جلی كاركردن لەبەردەكەن و بەپێی گەرەیی و بچووكی باخەكە و ژمارەی بەشدارانی گەلكارییەكە دەبن بەچەند دەستەیەكەوە, هەر دەستەیەكیان ئەركی پاككردنەوەی چەند تەلانێكیان دەكەوێتە سەر و دەستدەكەن بەكاركردن, (ژنان و كچان) لە سەرەتای تەلانێكەوە بەگسكی تایبەت خۆڵ و شەخەڵی تەلانەكە گسكدەدەن و (پیاوان و كوڕان)یش بە بارەكڵە ڕووبەڕوی ئەوان خۆڵ و شەخەڵەكە لەبەردەمیاندا دەكێشنەدواوە, كەسێكیش لە بەشداران بە خاكەناز دەیكاتە دەسەبەرەیەكەوە و دووكەسیش لەمسەر و ئەوسەریەوە دەسەبەرەكە هەڵدەگرن و دەیبەن لە شوێنێك لەناو باخەكەدا ڕۆیدەكەن كە پێیدەڵێن (خولۆم[50]), هاوكات باخدارەكە خۆی یان یەكێك لە بەشداران ئەو بەردە گەورانەی لە كەلەكەكان بەربوونەتەوە دەیانخاتەوە شوێنی خۆیان.

زۆرجار بەشداران لەکاتی پاککردنەوەی تەلآنەکاندا لەنێوان خۆیاندا جۆرە پێشبڕکێیەك سازدەدەن و بەو پێشبڕکێیە دەڵێن (کێوڵکانی)، هەر دەستەیەك زووتر تەلآنەکە پاکبکەنەوە دادەنیشن گۆرانیدەچڕن و قاو و قیل دەکەن وەك شانازیکردنێك بە پێشکەوتنیانەوە، ئەوەش دەبێتە هاندەرێك بۆ ئەوانی تر بۆ ئەوەی زووتر کارەکەیان تەواوبکەن، بەو شێوەیە کارکردن بەردەوامدەبێت هەتاکو نزیکی نیوەڕۆ، پێش خواردنی نانی نیوەڕۆ بێجگە لەوانەیان کە بە چێشتلێنانەوە خەریکن هەموویان لەدەوری یەکتری کۆدەبنەوە، یەکێك یاخود زیاتر لەدەنگخۆشەکانیان دەست بەگۆرانیچڕین دەکەن بە تایبەت (گۆرانی دەرەیی، بەزمی خاو) و گۆرانییەکانیش بەردەوامدەبن تا دانانی خواردنی نیوەڕۆ کە بەشێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە (یاپراخ، دۆ، سەوزە بە تایبەت تەڕەپیان)، پاش نانخواردن چادەخورێتەوە و ئیتر (کوڕ وکاڵ) بۆ ماوەیەك کۆڕی هەڵپەڕکێ گەرمدەکەن و بە گۆرانی چەپڵەڕێزان زەماوەندێك تەیاردەکەن، پاشان بەهەمان شێوازی پێشنیوەڕۆ دەستبەکارکردن دەکەنەوە و زۆرجار نزیکی عەسر یان کەمێك دوای ئەو ماوەیە هەموو باخەکە پاکدەکەنەوە، پاش خواردنەوەی عەسرەچایی کەزیاتر پیا و ژنە بەتەمەنەکان حەزیلێدەکەن بۆ ماوەیەکی کەم پشوودەدەن، پاشان لەچاکترین جۆری تووی ناو باخەکە دارتوویەك دەتەکێنن و تاتێردەبن (تەڕەتوو) دەخۆن، دواجار کۆڕی گۆرانیچڕین و رەشبەڵەك گەرمدەکەنەوە هەتاکو سەر لەئێوارە و کاتی گەڕانەوەیان بۆ ناوماڵ.

رۆژی (گزی بارەکڵە) بۆ بەشدارەکانی سەرەڕای ماندووبوونیان رۆژی خۆشی و سەیرانە، هەریەکە و لەشوێنی خۆیەوە بە (قسەی خۆش، گۆرانیچڕین، هەڵپەرکێ، قاو وقیل...هتد) بەشداری لەو خۆشییەدادەکات، بەوەش لەو مەیدانەدا هەموو بەها جوانەکان خۆیان نمایشدەکەن و بەشدارانیش ئاسوودە و دڵخۆشدەبن.

ئەمە نموونەیەك بوو لە رۆژێکی گزی باڕەکڵەی هەورامان و تەنها رۆژێش نییە بۆ بەشدارانی، چونکە وەرزی گزی بارەکڵە بەجیاوازی پلەی گەرمای گوندەکان و شوێنی باخەکان نزیکەی مانگێك دەخایەنێت، لەم بوارەدا باس لەوە دەکەین لە شوێنێکی وەك (شارەدێی تەوێڵە) گەلکاری گزی بارەکڵە لە باخەکانی چەمی خوارەوە دەسپێدەکات و بە باخەکانی سەرووی هەردوو چەمی (ئاوێسەر و دزاوەر) کۆتاییدێت، ئەو ماوەیەش نزیکەی (15) رۆژ دەخایەنێت کە بەبەردەوامی لە هەر رۆژێکدا چەندین پارچە باخ پاکدەکرێنەوە، لەو ماوەیەشدا بەشداران بەهەمان خۆشی و جۆش و خرۆشەوە سەرقاڵی کارەکەیان دەبن.

هەندێك شێوازی گەلکارییەکانی هەورامان سەرنجی خانمێکی بیانی وەك (هانی هارۆڵد هانسن)ی راکێشاوە و نووسیویەتی: لە بەڵخە ژن بانیان بە گڵگەچ سواقدەدا، ئەمەش زۆرماڵ پێکەوە و بەدەستەوا دەیانکرد و سواقدانی بان هەر بەهەرەوەزبوو[51].

## بابەتی (8)

## ژیانی هاوینە هەوارەکانی هەورمان

نیشتەجێبوون یەکێکە لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی بە شارستانیبوون و دوورکەوتنەوە لەو پەیوەندییە خێڵەکییە دواکەوتووانە کە لەسەر بنەمای کۆچ و کۆچبار و گەڕانی بەردەوام بە دوای لەوەرگە و سەرچاوەی ئاودا دامەزراون، شتێکی ئاشکرایە ئەو جۆرە پەیوەندییانەش لە چوارچێوەی تەسکی (خێزان، تیرە، عەشیرەت)دا قەتیسدەمێنن و ئەقڵێك بەرهەمدەهێنن کە توانای دیالۆکی نییە و هەمیشە بەرامبەرەکەی رەتدەکاتەوە، ئەو کەسانەی لە کۆچ و کۆچباری بەردەوامدا ژیان دەگوزەرێنن شوێنێکیان نییە بڵێن ئەمە

شوێنی ئێمەیە و دوورن لە ژیانی دامەزراو لە شوێنێك یاخود زەوییەکی دیاریکراودا, ئەگەر لەم روانگەوە بڕوانینە ژیانی کۆمەڵایەتی ژمارەیەکی زۆر لە تیرە و عەشیرەتەکانی کۆمەڵی کوردەواری بۆماندەردەکەوێت پەیوەندییە خێڵکییە دواکەوتووەکان تا سەرمۆخ کاریگەری خراپیان لەسەر ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیان دروستکردووە, بەلآم بەنیسبەت خەڵکی هەورامانەوە لەبەر ئەوەی لە زۆر زووەوە نیشتەجێبوون و لە ناو خانو و گوند دا ژیاون شێوەی ژیانیان و ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیان بە ئاستێکی بەرچاو جیاوازە, بەڵگە مێژوویەکان باس لەوەدەکەن هەندێك لە نەتەوە زاگرۆسییەکانی وەك (لۆلۆ, گۆتی) لە هەوراماندا ژیاون و حوکمڕانییان کردووە, هەر لەم بوارەدا دەڵێن هەورامان بەشێك بووە لە (مەلەکەتی زاموا) کە نەتەوەی (لۆلۆ) دایانمەزراندووە ئەمە لە لایەکەوە لەلایەکی تریشەوە بوونی چەندین (قەلآ, ئاتەشگەی زەردەشتی, شوێنەواری کۆنە گوند و بالآخانەو خانوو), ئەو قەوالآنەی لە هەوراماندا دۆزراونەتەوە و ئێستا لە مۆزەخانەکانی بەریتانیا و ولآتە ئەوروپییەکاندا پارێزراون[52], هەروەها دۆزینەوەی سەدان (گۆزە, کووپە, دەفر, سکەی جۆراو جۆری سەردەمە جیاوازەکان), ئەمانەی باسمانکردن گەواهی ئەو راستییەن کە هەورامان هەر لە دێر زەمانەوە شوێنی شارستانییەت و نیشتەجێبوون بووە.

هەورامییەکان لە زۆر کۆنەوە ئاشنای ژیانی کەشتیاری بوون و رواڵەتی ئاشکرای کەشتیاریش لە ناوچەکەدا باخدارییە, ئەو هەموو (باخ, رەز)انەی هەورامان کە بەری هەزاران رۆژ کاری بەردەوام و ماندووبوونی چەندین نەوەی یەك لە دوای یەکن هەرگیز بەو شێوەی ئێستا نەدەبوون ئەگەر هەورامییەکان نیشتەجێ نەبوونایە, چونکە ژیانی رەشماڵنشینی و کۆچ و کۆچبار بوارنادات مرۆڤ بۆ ماوەیەکی زۆر و لە شوێنێکی دیاریکراودا خەریکی کارکردن بێت, هەر لێرەوە دەڵێین بوونی ئەم هەموو باخ و رەزەدێمە لە هەوراماندا بەڵگەیەکی تری نیشتەجێبوونی دێرین و ژیانی شارستانی خەڵکی ناوچەکەیە, ئەمەش هۆکارێکی کاریگەربووە بۆ ئەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە هەوراماندا زیاتر گەشەکردووترین لەزۆربەی ناوچەکانی تری کوردەواری, هەرچەندە لە بابەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی هەوراماندا ئاوڕ لەم مەسەلەیە دەدەینەوە, بەلآم لێرەدا بۆ سەلماندنی ئەم دەربڕینە تەنها ئەوەندە بەسە لەهەمووی هەوراماندا کەسێك نییە بڵێت من لە فلآن تیرە یاخود فلآن هۆزم, کاتێکیش دەڵێت هەورامی یان هەورامانیم مەبەستی ئەوەیە کە بەشێوەزمانێك قسەدەکات پێیدەوترێت (هەورامی) و نیشتەجێی شوێنێکە پێیدەوترێت (هەورامان).

خەڵکی هەورامان مانگەکانی سەرما و سۆڵە لە ناو گوند و لە خانوودا دەگوزەرێنن, لەو مانگانەشدا کەشو هەوا خۆشدەکات ژمارەیەك لە باخدارەکانیان بە شێوەیەکی کاتی کۆچدەکەن بۆ ناو باخەکانیان و ئاژەڵدارەکانیشیان دەچنە هەوارەکانی هاوینەیان لە کوێستانەکانی نزیك خۆیاندا, کۆچکردن بۆ ناو باخ و هەواری هاوینە هەر لە سنووری گوندەکانە و جۆری ژیانی ئەو شوێنانەش هیچ جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ جۆری ژیانی ناو گوندەکاندا نییە.

کۆچکردن بۆ ناو باخ لە هەردوو دیوی هەوراماندا تا ئەم رۆژانەش بە ئاستی جیاواز لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی تر بەردەوامە, ئەم کۆچە بۆ ئەوەیە باخدارەکان نزیکبن لە شوێنی کارکردنی رۆژانەیانەوە و باشتر بتوانن بەرهەمەکانیان کۆبکەنەوە, هەروەها چەند مانگێك دوور لە گەرما و مێش و مەگەزی ناو گوندەکان لە ژێر ساباتی فێنکی باخەکاندا ژیان بگوزەرێنن, لەم کۆچەشیاندا (ئاژەڵ, رەشەولآخ, بەرزەولآخ, مریشك و


www.pertwk.com

کەڵەشێر) و هەر پەلەوەرێك هەیانبێت لەگەڵ خۆیان دەیانبەن, هەندێك لە خێزانە باخدارەکان لەکاتی کۆچکردنیاندا بۆ ناو باخ دەبن بە دووبەشەوە, ئەوانەیان توانای کارکردنیان هەیە دەچنە ناو باخ و ئەوانی تریان لە ناو گونددا دەمێننەوە, بەڵام بە شێوەیەکی رۆژانە یاخود هەرچەند رۆژ جارێك هاتووچۆی یەکتری دەکەن, ژیانی ناو باخ بۆ ئەو خێزانانەی کۆچدەکەنە ناو باخەکانیان جیاوازییەکی وەهای لە گەڵ ژیانی ناو گونددا نییە, ئەو شتانەی لە ناو گونددا لەبەردەستیاندان زۆربەیان لە ناو باخیشدا بۆیان مەیسەردەبن, لەباخەکاندا لە ناو (کەپر, کۆگا, کەوێڵ= کووخ)ی پاك و سواقدراودا دەژین, (راخەر, پێخەف, دەفر, ئازووخە), هەمووپێداویستییەکانی تری ژیانی رۆژانەیان لەگەڵ خۆیان دەبەن, زۆرجار رێکدەکەوێت چەند دراوسێ باخێك پێکەوە لەیەك شوێندا یاخود زۆر لە نزیکی یەکترەوە (کەپر و کۆگا) دروستدەکەن و بەردەوام هاتووچۆیان هەیە و لە خۆشی و ناخۆشیەکانی یەکتریدا بەشدارن, ئەوەش زیاتر گیانی هاوکاری و پێکەوە ژیان لە نێوانیاندا پتەودەکات.

خێزان لە ناو باخدا سەر لەبەیانی زوو لە خەو هەڵدەسن و هەریەکێکیان دەچێت بە لای کاری رۆژانەی خۆیەوە هەتاکو نزیکی نیوەڕۆ, ئینجا لە دەوری سفرەی نیوەڕۆ کۆدەبنەوە بێجگە لەوانەیان شوێن و جۆری کارکردنیان بواری گەڕانەوەیان نادات و هەلە بەیانییەوە توێشووی نیوەڕۆیان لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن, پاش نانی نیوەڕۆ بۆ ماوەیەك پشوودەدەن یاخود سەرخەوێك دەشکێنن, پاشان ماوەیەك بە قسەی خۆش و دەمەتەقێ دەگوزەرێنن و هەر لەو ماوەیەدا لەو میوانەی لە بەردەستیندان دەخۆن, پاش ئەوە دووبارە دەچنەوە سەرکارەکانیان هەتاکو ئێوارەیەکی درەنگ, ئینجا خێزان بۆ جارێکی تر لە سەر سفرەی ئێوارە کۆدەبنەوە, پاش خواردنی نانی ئێوارە چەند دراوسێ باخێك لە کۆگا و کەپری یەکێکیاندا کۆدەبنەوە و ئەو شەوەیان بە دەمەتەقی و قسەی خۆش و گۆرانیچڕین دەگوزەرێنن و ئاوازی گۆرانییە رەسەنەکانی هەورامان تێکەڵ بە دەنگی جۆرەها مەل و مێرووی دەوروبەریان دەکەن و پێکەوە ئارامی شەوەکە دەشڵەقێنن, پێش خەوتنیش راوێژ و تەدبیری کاری رۆژی داهاتوو دەکەن و قسەی باوك یاخود (دایك, برای گەورە) بە نیسبەت ئەو خێزانانەوە بێباوکن لەم بوارەدا بڕیاری یەکالاکەرەوەیە.

هەندێك لە باخدارەکان بە تایبەتی ئەوانەیان دۆخی (زەوی, ئاو)ی باخەکانیان گونجاوبێت لە ماوەی کۆچی هاوینەیاندا بێجگە لەوەی خزمەتی باخەکانیان دەکەن و بەرهەمەکەیان کۆدەکەنەوە, چەند بەرو بوومێکی کێڵگەیی و سەوزەواتیش بەرهەمدەهێنن وەك: (تووتن, زەڕات, تەماتە, بامێ, باینجان, کوولەکە, بیبەر, کاڵەك, پەتاتە, پیاز, توور, شێلم, سلق, سەوزەواتی تر), ئەم بەر و بووم و سەوزەواتانەش پێویستی خێزانیان لێهەلدەگیێت بۆ خواردنی رۆژانە و لێیان وشکدەکرێتەوە و زیادەکەشیان دەفرۆشرێت.

باخدارەکان پاش کۆکردنەوەی بەروبوومی باخەکانیان کاتێك بنەوبارگەی باخ دەپێچنەوە و دەگەرێنەوە بۆ ناو گوند, بارەکانیان جۆرەها جیرەی زستانی تێدایە ئەمە بێجگە لەوەی تونیویانە بە باشترین شێوە خزمەتی باخەکانیان بکەن و بەرهەمەکانیان کۆبکەنەوە.

کۆچکردن بۆ هەوارەکانی هاوینەش تایبەتە بە ئاژەڵدارەکانەوە و لە وەرزی بەهاردا و پێش ئەوەی گژ وگیا وشکببێت دەستپێدەکات, لەم رۆژانەدا لەهەورامانی ئەمدیو ئەم شێوازە لە کۆچکردن نەماوە بەڵام لە هەندێك لە گوندەکانی هەورامانی ئەودیو و بە تایبەت لە ناو ئاژەڵدارەکانیاندا تا ئێستاش بەردەوامە, ئەم شێوازە لە

کۆچکردن کەمێك جیاوازی لە گەڵ کۆچی باخدارەکان هەیە، چونکە ئەوانەی کۆچدەکەنە هەوارەکانی هاوینەیان زیاتر پێکەوە (گلێر = کۆمەڵ)ن، زۆرجار هەموو دانیشوانی گوندێك کۆچدەکەن بۆ هەوارێك یاخود دوو هەوار لە کوێستانەکانی نزێك گوندەکەیان، ئەو شوێنانەش موڵکییەتی تایبەتی خۆیانە و هەموو خێزانێکیشیان شوێنی کەپر و کۆگای خۆیان هەیە، ئەوانەی دەچنە هەوارەکانی هاوینە (راخەر، پێخەف، دەفر و قاپ، ئازووخە، هەر نەختیینەیەك هەیانبێت، پێداویستی‌تر) هەروەها هەموو (ئاژەڵ، رەشەولاخ، بەرزەولاخ، پەلەوەر)ـەکانیان لە گەڵ خۆیان دەبەن، بەم شێوەیە ئەو گوندانەی دانیشوانەکانیان دەچنە هەواری هاوینە هەندێکجار بە تەواوی چۆڵدەبن، یاخود خامۆش و کەم قەڵبالغدەبن.

کۆگای هەواری هاوینە بریتییە لە جێگەیەك تا ئاستی مەتر و نیوێك یاخود زیاتر بە وشکە کەڵەك بەرزکراوەتەوە و شوێنی چوونە ژوورەو و هاتنە دەرەوەی بۆ هێڵراوەتەوە کە هەورامییەکان پێیدەڵێن (کەلەبەرە)، کاتێك هەوار نشینەکان دەگەنە شوێنی خۆیان کەپر و کۆگاکانی خۆیان چاکدەکەن، بەوەی لەسەر وشکە کەڵەکەوە تائاستی مەترێك یاخود زیاتر هەژك دادەنێن، ئەگەر کۆگاکانیان پان و پۆربن کۆڵەکەیەکی دارین لە ناوەراستدا دەچەقێنن وچەند دارێکی باریك لەمسەرەوە بۆ ئەوسەر دەخەنە سەریان، پاشان بە هەژگ یاخود بەگیای کوێستانەکان سەریاندەگرن، کەیبانووەکانیش زەوییەکەیان و بەردەمیان بە چەند مەترێکی دووجا بەباشی سواقدەدەن، هەروەها لە نزیك خۆیانەوە (پەچە) و شوێنی تایبەت بۆ (ئاژەڵ و ولاخ)ـەکانیان دابیندەکەن، لە هەندێك شوێنیشدا هەموو هەوار نشینەکان پێکەوە لە نزیك هەوارەکانیانەوە شوێنێك تەرخاندەکەن بۆ (پەچە)ـەکانیان.

لە ماوەی هەوارنشینیدا هەموو هەوارنشینەکانە هەوڵدەدەن هەم (ئاژەڵ و ولاخەکان)یان باشترین شێوە بەخێوبکەن هەم جیرەی زستانیان بۆ ئامادەبکەن، ئەو خێزانانەی خاوەن (لاس)ن (لۆ،کەما ،تاڵیندۆس،گژ وگیا ، تەنانەت درك)ی لاسەکانیان دەبڕن، پاش وشکبوونەوەیان دەبن بە (ئالیك) و دەیانگوێزنەوە بۆ ناو گوندەکان، ئەوانەشیان (لاس)یان نییە هەندێکیان لاسی ئەو کەسانەی ئاژەڵ و ولاخیان نییە ئیجاردەکەن، هەموو هەوار نشینەکانیش سوود لە گژوگیا جۆربەجۆرەکان وەردەگرن دەیانبڕن بۆ (ئالیك).

ژیان هەوار نشینی لەگەڵ ئەوەدا ماندووبوون و ئارقرشتن و جووڵەی بەردەوامە، بەڵام لێوان لێوە لە جوانی و سادەیی و دەروونپاکی، هەوارنشینەکان لەلایەکەوە بەبۆنی (چنوور، شەوبۆ، بەرزەڵنگ، بۆژانە، سوورەهەڵاڵە) و گیابۆنخۆشەکانی تر، هەوای فێنك و ئاوی ساردی کوێستانەکانی هەورامان، دۆی تام و بۆن خۆش و کەرێی رەقی کوێستانەکان سەرمەستدەبن، لەلایەکی تریشەوە کەرەسێڵی شەوانەی هەوارنشینەکان و دەمەتەقێی شەوانەی ژێر مانگەشە و شۆڵەی چرادەستییەکان تێکەڵ بە ئاوازەکانی (سیاچەمانە، گۆرنی هەمە جۆر، شمشاڵ) زیاتر نەشئەیاندەداتێ و لەو کوێستانە خۆشانەی هەوراماندا جوانترین شیوازی ژیانی کوردەواری دەخەنەپێشچاو.

هەوار نشین کە سەرلەبەیانی زوو بەقوولەی کەڵەشێری سەر کۆگا و کەپری هەوار، دونگە دونگی هەوارنشینێکی دراوسێی، ئاوازی سەحەری شمشاڵژەنێکی هەوارنشین، هاوهوی شوان و بەرغەڵەوان و زڕەی زەنگی ملی ئاژەڵەکان) لەخەوهەڵدەسێت، پاش نان و چاخواردنێکی خێرا توێشوویەکی بۆ ئامادەدەکرێت و یەکسەر بۆ شوێنی کاری رۆژانەی دەکەوێتەرێ، (داربەدار، دەوەن بە دەوەن، گوڵاڵ بەگوڵاڵە) ئەو کوێستانە لێرەوارانە

تەیدەکات بۆ دابینکردنی هەندێك لە پێداویستی ژیانی خۆی و پێداویستی بۆ ئاژەڵ و وڵاخەکانی, هەرچۆن پووره هەنگێك هەر لەبەیانی زووەوزە هەموو هەنگە کارکەرەکانی گوڵ بە گوڵ دەگەڕێن و شیلەی گوڵەکان دەبەنەوە بۆ ئەوەی بیکەن بە هەنگوین و زستان هەنگوینی خۆیان دەخۆن, هەورار نشینەکانیش بەری رەنج و ماندووبوونیان لە هەنگوین بۆیان شیرینترە, بۆیە لەوەرزی سەرما و سۆڵەدا دەستی ماندوو دەخەنەسەر سکی تێریان و وەك خۆیان دەڵێن (موحتاجی دەستی نامەرد نابن).

ئەو رێوڕەسمە کۆمەڵایەتییانەی لە ناو گونددا ئەنجامدەدرێن بەهەمان گەرم و گوڕییەوە لە هەوارەکانیشدا بەڕێوەدەچن, لەوانە: (ناونانی منداڵ, خەتەنەسووران) و ژنهێنان بەهەموو وردەکارییەکانییەوە وەك: (خوازبێنی و دەستماچکردن, شەکراوخواردنەوە, مارەبڕین, گواستنەوە و زەماوەندکردن, بەرەو باوانکردنەوەی بووك) هەروەها (پرسەدانانی مردوو, کۆڕی لاواندنەوەی) تەنانەت بەخاکسپاردنیش بە تایبەت لە و هەوارانەدا کە هێنانەوەی مردوو بۆ گۆڕستانی گوند ئەرکێکی گرانە.

پێشتر ژمارەیەك لە هەوار نشینەکان هەندێك لەبەرهەمە تەڕدەستەکانیان وەك (دۆ, کەرە) کە لە پێویستی خۆیان زیاتر بوون دەیانبردن بۆ گوندە قەڵەباڵغەکان و دەیانفرۆشتن یاخود کاڵا بە کاڵایان پێدەکردن, لەم بوارەدا هەوار نشینەکانی (دزاوەر, کەیمنە, بێدەرواس, هانەگەرمڵە) دۆ, کەرە)یان دەهێنایە تەوێڵە و دەیانگۆڕییەوە بە(تووە وشکە).

هەرئەوە ماوە بڵێن هەوارنشینەکان هەتا کەش و هەوا ساردەکات لەهەوارەکان دەمێننەوە و پاشان دەگەڕێنەوە بۆ ناو گوندەکانیان, بەوەش بیرەوەرییەکانی ئەمساڵی هەواریان بە ساڵی رابردوو دەسپێرن.

تێبینی: هیچ مێژوویەکمان بۆ کۆچکردن بۆ باخ وهەوار و گەڕانەوە بۆ گوند دیارینەکردووە چونکە زیاتر جیاوازی پلەی گەرمای گوندەکان و هەوارەکان ئەو مێژووانە دیاریدەکات و بەشێوەیەکی گشتیش لە پاش بارانبڕانەوە دەستپێدەکەن.

## بابەتی (9)

## هەورامییەکان و خۆئامادەکردنیان بۆ وەرزی زستان

پێشتر قسەمان لەسەر ئەوەکردووە کە هەورامان شوێنێکی سەخت و شاخاوییە و دەکەوێتە ناو چوارچێوەی ئەو ناوچانەوە بارانیان مسۆگەرە, بۆیە دەبینین زۆربەی گوندەکانی لە هەردوو وەرزی پاییز و زستاندا بارانی زۆریان لێدەبارێت و هەندێکیشیان لەوەرزی زستاندا ئەوەندە بەفریانلێدەبارێت لە هەندێك ساڵدا نەك بۆ چەند رۆژێك بەڵکو بۆچەند هەفتەیەك رێگەی هاتوچۆیان دەبەسترێت, شاڕیکان بەفر دایاندەپۆشێت و وڵاخەڕێ و پیادەرێکانیش کەس ناتوانێت پێیاندا گوزەربکات, پێشتر خەڵکی ئەو گوندانە بەجۆرە گەلکارییەکی گشتی رێگاکانیان پاکدەکردەوە, لەم رۆژانەشدا زۆرجار دەزگا دەوڵەتییەکان ئەو ئەرکە رادەپەڕێنن و بە ماشێنی گەورەی وەك (گرێدەر, بلدۆزەر, شۆڤڵ) شاڕێکان پاکدەکەنەوە, ئەمە بە نیسبەت ئەو گوندانەی کە رێگای ئۆتۆمبێلیان لە سەرە, بەڵام ئەو گوندانەی کە بە شوێنە سەختەکانەوەن و هەتاکو ئێستاش ئۆتۆمبێلیان بۆ ناچێت هەر بەتەواوی لەدەورووبەریان دادەبڕێن و هەتاکو بەفر نەتوێتەوە هاتوچۆکردنیان ئەرکێکی زۆرگرانە, لێرەوە دەبینین هەورامییەکان هەلەدێرزەمانەوە لەسەر ئەوە راهاتوون هەر لەناوەڕاستی هاوینەوە دەستبکەن بە خستنی جیرەی زستان و خۆیان بۆ ئەو وەرزە ئامادەبکەن, هەرچەندە ئێستا گوندەکانی هەورامان هاتوچۆی

زۆرتریان لەسەرە و زۆربەی گوندەکان رۆژانە ئۆتۆمبێل دەچێتە ناویانەوە, بەوەش ئەرکی جیرەخستن و بەدەستهێنانی ویستەمەنییەکانی ژیانی رۆژانە لە رووی شێوازەوە گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە و ئەو ویستەمەنییانە زیاتر لەخەڵکی ناوچەکە نزیکبوونەتەوە, کەچی زۆربەی خێزانە هەورامییەکان هەوڵی خستنی جیرەی زستان دەدەن و ئەو خێزانانەی لەم بوارەدا کەمتەرخەمبن نەك هەر بەبێموبالات دەدرێنە قەڵەم بەڵکو وەك ئەوەیە نەنگییەکیان بەسەر خۆیاندا هێنابێت.

سەرەڕای ئەو گۆڕانەی بەسەریدا هاتووە بەلاّم جیرەخستن جێگای خۆی لەکولتووری خەڵکی هەوراماندا هەیە و بووە بەخوویەکی کۆمەلاّیەتی, شتێکی ئاشکرایە هەر گۆڕانێکیش بەسەرئەو خووەدا هاتبێت نابێت بەهۆی لەبیرچوونەوە و فەرامۆشکردنی.

لەبەرئەوەی سروشتی رووی زەوی هەورامان گونجاو نییە بۆ بەرهەمهێنانی بەروبوومە کێڵگەیەکان و لەسەرووی هەمووشیانەوە بۆ دانەوێڵەیەکی ستراتیژی وەك (گەنم), کە تا کۆتایی حەفتاکانی سەدەی بیستەم بەرهەمێکی ستراتیژی بووە بۆ سەرانسەری کوردستان و نرخی خۆی وەك کالاّیەکی ستراتیژی گومنەکردووە[53], هەورامییەکان پێشتر پێویستی خۆیان لە (گەنم) لە دەرەوەی هەورامانەوە دابینکردووە, ئەوەش لە رێگەی کاروانکردنەوە بۆ ناوچەکانی (شارەزوور, گەرمیان, مایدەشت) و کڕینی گەنم لەو ناوچانە بەپارە یاخود لە رێگەی کالاّ بەکالاّکردنەوە, هەروەها کڕینی گەنم لەو خەڵکانەی لە وەرزی پاییزدا لەناوچەکانی خۆیانەوە گەنمیان هێناوەتە هەورامان و بەخەڵکی ناوچەکەیان فرۆشتووە, بەهەمان شێوازی دەسخستنی (گەنم) هەندێك بەروبوومی تریان دەستی خۆیان خستووە وەك: (نۆك, نیسك, ماش, چەڵتووك, زەڕات...هتد).

ئەو گەنمەی دەهێنرێتە ماڵەوە سەرەتا لە لایەن کەیبانووەکانەوە پاك دەشوردرێتەوە, پاش وشکبوونەوەی لە ناو خانوودا ئەمباردەکرێت و بۆ ئەمبارکردنیشی (کەنوو, بەرمیل, گوێنی) بەکاردەهێنرێن, بەینا و بەین بە پێی پێویستی خێزان لێیدەهاڕن و ئاردەکان لە (کەنوو, هەمانە, بەرمیل, گوێنی) دادەنێن.

لە گەنمی تایبەت بە (ساوەر) ساوەر درووستدەکەن بۆ ئەو مەبەستەش سەرەتا (گەنم)ـەکە دەشۆنەوە و لەناو قازانی گەورەدا دەیکوڵێنن, پاش کولاّندنی دەیکەنە ناو قوولێنەوە هەتاکو ئاوجۆڕەکات و ئینجا دەیبەن لە سەربانی پاك و سواقدراودا دەیخەنە بەرخۆر هەتا وشکدەبێتەوە, پاش وشکبوونەوەی کەمێك لە کەیبانووەکان لە ناو (دوڵ)دا دەیکوتن و زۆربەشیان کەسێکی شارەزا بانگدەکەن بۆ کوتانی کەپێیدەڵێن (پەتڵەکۆ= ساوەرکوت), بۆ ساوەرکوتان ئەو گەنمەی پێشتر کوڵێنراوە و وشکبۆتەوە دەکرێتە ناو قوڵینەوە و کەمێك ئاوپرژێندەکرێت, ساوەر کوتەکە بە (مێکوت) تێیبەردەبێت و کەیبانوویەکیش لەگەڵ هەموو مێکوتێکدا دەستێکیتێدەخات و ئەمدیو وئەودیوی دەکات هەتا پووشەکەی لێدەبێتەوە, ئیتر بەم شێوەیە کارەکە بەردەوامدەبێت و هەموو ساوەرەکە دەکوتن.

پاش کوتانی جارێکی تر دەخرێتە بەرخۆر بۆ ئەوەی وشکببێتەوە, ئینجا کەیبانووەکان بەبایەدەکەن دەیبەن بۆ ئاش بۆ هاڕین, پاش ئەوەی لە ئاش دەیهێننەوە تەتەڵەیدەکەن و بە هێڵەك (ئاردەساوەر, کژنیژ= پیرخەنی)یەکەی لێجیادەکەنەوە, ئیتر دەبێت بەو ساوەرەی ئامادەدەبێت بۆ چێشتلێنان.

هەر لەگەنم بڕوێشك دەهاڕن بۆ گرتنەوەی ترخێنە, بۆ ئەو مەبەستەش (شێلم) بە گەلاّ و سەلکەوە وردورد دەجنن, بڕوێشکەکەش لەسەرئاگر دەپیشێنن و لەگەڵ شێلمە جنراوەکەدا تێکەڵیاندەکەن, ئینجا دەیانخەنە ناو


www.pertwk.com

جەڕەی تایبەتەوە و کەمێك ئاوی تێدەکەن و سەریدادەپۆشن، پاش ئەوەی سێ ڕۆژ بەسەرداپۆشراوی دەیهێڵنەوە ئینجا دەستیتێدەخەن و باش تێکیدەدەن و سەرەکەی دادەپۆشنەوە هەتا (3- 4) ڕۆژی تر، پاش ئەو ماوەیە دەیکەن بە سەلك و (گەڵا هەنجیر، پوونگە) دەخەنە ژێریری، لەم کاتەدا پێیدەڵێن (شەلەمینە تەڕی= تەڕەترخێنە) و بۆچەند ڕۆژێك لێدەخۆن، ئینجا سەلکەکان دەخەبەرخۆر هەتا (زوەرد= زۆردە) دەبنەوە و پاشان دوو دوودەیاندەن لەلەقان هەتا بەتەواوی وشکدەبنەوە و ئیتر هەلدەگیرێن بۆ وەرزی زستان.

هەر لە گەنم (گەنمە کوتراو) دەکەن بۆ (کەشکەك) و (نۆك، نیسك، ماش، ماشەسپی، چەڵتووك) دەکڕن و ئەمباریاندەکەن بۆ وەرزی زستان.

بێجگە لەمانەی ناومانهێنان هەورامییەکان (تەماتە، بامیێ، باینجان، کوولەکە) وشکدەکەنەوە و هەندێك لە تەماتە وشکەوبووەکەش دەهاڕن و لە زستاندا چێشتیان لێدرووستدەکەن، هەر لە بواری ئەمبارکدنی جیرەی زستان (دەنکە هەنار) وشکدەکەنەوە و لە هەناری ترش (ربە هەنار) درووستدەکەن و دەیانکەنە ناو هەندێك لە چێشتەکانیانەوە ، هەروەها (لەتکەبەهێ، لەتکەهەرمێ، لەتکە قەیسی، لەتکە قۆخ، هەڵووژە وشکە) هەڵدەگرن بۆ وەرزی زستان و دەیانکەن بە (خۆشاو) و هەشیانن بێجگە لەوەی دەیانکەن بە (خۆشاو) بۆ چێشلێنانیش بەکاریاندەهێنن وەك (لەتکە قەیسی، هەڵووژە وشکە).

لە ترێی ڕەش مێوژدەکەن و هەنجیریش وشکدەکەنەوە یاخود هەنجیرەکان بەتەڕی پێکەوەدەشێلن و وەك قاڵبیان لێدێت و هەڵیاندەگرن بۆ زستان، ئەمانە لەگەڵ کاکڵەی گوێزدا شەوچەرەیەکی بە تام و نایابن، (تووی وشك، سەکلە توو[54]) هەڵدەگرن بۆ زستان و لە تووەکان (کوتە، لەپارێ[55]) درووستدەکەن، هەورامییەکان لە چاکترین جۆری (بەهێ، هەنار)ی ناوچەکەیان دەست خۆیان دەخەن و هەڵیاندەگرن بۆ زستان، زۆرجار چەند دانەیەکیان بە لاسکەکانیانەوە بە بنمیچی خانووەکاندا هەڵدەواسن و ئەوانی تریشیان لەسەر ڕەفە یاخود لەسندووقدا هەڵدەگرن و شەوانی زستان دەیانخۆن، هەروەها (هەرمێ) لە ناوماڵدا هەڵدەگرن بەوەی لە شوێنێکی وشکدا لە سەر گەڵاکانیان بڵاویاندەکەنەوە، بەڵام لەبەرئەوەی زووخراپدەبن زووش دەخورێن، هەڵگرتنی (بەهێ و هەرمێ) لە ناو ماڵدا بۆن و بەرامەی خانووەکان خۆشدەکەن.

ئەو خۆراکانەی هەورامییەکان هەلیاندەگرن بۆ زستان بە تایبەت میوەکانیان زۆر بەسوودن بۆیان چونکە ڕێژەیەکی زۆر کەرەسەی خۆراکی بەسوود و ڤیتامینیان تێدایە، لەوەرزی ساردی زستاندا لەشیان بەهێزدەکات و قەرەبووی هەر کەمو کورییەك دەکاتەوە کە لە خواردنی ڕۆژانەیاندا هەبێت.

خەڵکی هەورامان بێبجگە لەوەی جیرەی زستان بۆ خۆیان مسۆگەردەکەن، جیرەی پێویستیش بۆ ئاژەڵ و وڵاخەکانیان دەخەن، لەم بوارەدا (کلووش= تووی وشکی ڕەشەوبوو، جۆ، هەرزن، گزرە، لۆ و کەما و دڕك، گەڵای وشك) لە کادانییەکانیاندا ئەمباردەکەن بۆ وەرزی زستان، بۆیە ئاژەڵ وڵاخەکانیان لە وەرزی سەرماوسۆڵەدا تێر و کۆکدەمێننەوە.

دواجا قسەلەسەر ئەوەدەکەین ئەمبارکردنی دار لە ناوچەکەدا بایەخێکی زۆری دەدرێتێ، لەم بوارەدا هەورامییەکان سوود لە داری (باخ و قۆرخ)ـەکانیان وەردەگرن، هەموو خێزانێك بەپێی توانای خۆی دار ئەمباردەکات ئیتر لە داری باخ و قۆرخی خۆی بێت یاخود بە پارە لە خاوەن بەرزە وڵاخ و خاوەن قۆرخەکان بیکڕێت.

له کۆتایی ئەم بابەتەدا دەڵێن هەورامییەکان لەبەر ئەوەی بۆ وەرزی زستان خانوویان پڕ لە ئازووخە و لێژنەی دارەکانیان قەبەیە, لەم وەرزەدا بەسکی تێرەوە لە تەنیشت سۆپای گەرمدا بە دڵخۆشییەوە پاڵیلێدەدەنەوە, هەر ئەمەش هۆکارێکی گەورەیە بۆ ئەوەی سەرەڕای درێژی و سەختی زستانی هەورامان کەچی خەڵکەکە ئاسوودە و خۆشگوزەرانن.

## بابەتی (10)

## خواردنە میللییەکانی هەورامان

هەموو نەتەوەیەك خواردنی میللی خۆی هەیە, خواردنەکانیش زۆر و جۆراجۆرن و بەجیاوازی ناوچەکانیش جیاوازییان هەیە, ناوچەی هەورامان یەکێکە لەو ناوچانەی بە خواردنی میلی بەناوبانگە, خواردنەکانیشی بەشێوەیەکی گشتی سەرچاوەی خۆراکی بەسوودن و هەرچەندە ئێمە زووتر تەنها بۆ تێرکردنی سکمان خواردوومانن, بەڵام سوودی تەواویان گەیاندووە بە لەشمان باشترین جۆری پڕۆتینیان بۆ لەشمان دابینکردووە کە پێیدەوترێت (پڕۆتینی رووەکی), بەتاقیکردنەوەی زانستیش سەلمێنراوە ئەم جۆرە پڕۆتینە زۆر لە (پڕۆتینی حەیوانی) بەسوودترە کە لەخواردنی (گۆشت بەهەموو جۆرەکانیەوە, هێلکە, شیرەمەنی) و سەرچاوە ناڕووەکییەکانی ترەوە دابینـدەکرێت, چونکە (پڕۆتینی حەیوانی) سەرەڕای سوودەکانی هەندێك شتی زیانبەخشی تیایە کە دەبنەهۆی دروستکردنی بەرد لە (گورچیلە, بۆریەکانی میز, میزڵدان, زراو), هەرلەبەر ئەوەشە لەم رۆژانەدا هەندێك لە وڵاتە پێشکەوتووەکان زیاتر روویانکردووەتە خواردنی پرۆتینی رووەکی و وەك (وڵاتی یابان), هەروەها چەندین کەس لە وڵاتە جیاجیاکانی دنیادا هەن تەنها بەرهەمی رووەکی دەخۆن و بەتەواوی وازیان لە خواردنی پرۆتینی حەیوانی هێناوە.

هەرچەندە ئێستا لە زۆربەی دێهاتەکانی هەوراماندا خەڵك ئەوەندە بایەخ بە خواردنە میللییەکان نادەن و زیاتر روویانکردووەتە ئەو خواردنانەی کە رۆژانە بەتەڕوتازەیی لەلایەن کەیبانووەکانەوە لێدەنرێت, بەڵام خواردنە میللیەکان سوودی ئێجگار زۆریان هەیە, هەر بۆ نموونە زۆرجار دەبیستین گوایە ئەوسا نەخۆشی نەبوو ئێستا نەخۆشی زۆرن, هەرچەندە ئەمە خۆیلەخۆیدا کاریگەریەکی گەورەی زۆربوونی هوشیاری تەندروستی لەسەرەو خەڵك زیاتر لەتەندروستی خۆیان دەپرسنەوە, لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری جۆری خۆراکی لەسەرە کە خەڵك بەشێوەیەکی گشتی روویانکردووەتە خواردنی ئەو کەرەستانەی کە رێژەیەکی زۆر چەوریان تێدایە ئەوەش کاریگەرییەکی تەواو خراپی هەیە بۆ بەرزبوونەوەی رێژەی کۆلسترۆل لەخوێندا و تووشبوون بەنەخۆشی جۆراوجۆر.

لەخوارەوە ناوی ژمارەیەك لە خواردنە میللییەکانی هەورامان دەهێنین وەك (شەلەمینە=ترخێنە, دۆخەوا, دانەدوە=دۆینە, گوننینە=دۆینەیەکیخەست کەرۆنی هەڵقرچاوی خۆماڵی بکرێت بەسەریدا, تشاوە قوڵی=ترشاو=مزرۆکە, ماشڵێنە=ماشێنە, میژۆێنە=نیسکێنە, کەشکەك, سەربەزەڕینی=شۆربای نیسکی هاڕراو, ماشوپەتڵە=ساوەروماش پێکەوە لێدەنرێت, ماشوبرنج, پەتڵێنە=ساوەر, ... هتد), لێرەدا قسە لەسەر ئەوانەیان دەکەین کە لەم رۆژانەدا بوونەتە یادەوەری و نەماون, یاخود ئەگەر لەهەندێك شوێندا مابن زۆر بەرێژەیەکی کەم دەخورێن, لەوانە:

**بنەهارگایــە**: خــواردنێکی زۆر بــەتام و لــەزەت و بۆنخۆشــە و وزەیــەکی بــاش دەدات بەلــەش, زووتــر هــەم درووستکردن و هەم خواردنی زۆر بەربڵاو بووە, بەتایبەتی لەکاتی سەرماوسۆڵەی زستاندا, کاتێك کە خێزان لەچواردەوری ئاگری سۆپاو کوانووەکانیان کۆبوونەتەوە, بەهەمانشێوە لە ئاشەکاندا درووستکراوە لەوکاتانەدا کۆمەڵێك ژن شەوانە سەرەیانگرتووە بۆ هاڕینی دانەوێڵە.

بنەهارگایە لەلایەکەوە سکی خێزانی تێرکردووە و لەلایەکی تریشەوە وزەوگەرمای بەلەشیان بەخشیوە, بۆ دروستکردنی بنەهارگای ئەم شتانە پێویستن: (ئارد, کاکڵەی گوێز, خوێ, پیازی وشك), بەڵام پیازەکە هەمووکاتێك بەکارناهێنرێت و بەپێی حەزی ئەو کەیبانووەیە کە دروستی دەکات, پاش ئەوەی ئەم شتانە ئامادەدەکرێت, سەرەتا ئاردەکە باش دەبێژرێتەوە و دەکرێتە ناو (دۆڵە=تەشت)ی هەویر, پاشان بەقەد هەویری نان خوێی تێدەکرێت و وەك هەویری نانی تیری دەشێلرێن, کاکڵەی گوێزەکە دەکرێت هەربەساغی یاخود بە هاڕراوی وەك چۆن بۆ درووستکردنی (گێتەمەژگی=کولێرە بەکاکڵە) بەکاردەهێنرێت ئامادە بکرێت, ئەگەر پیازیش بەکار بهێنرێت وردورد دەجنرێت و تێکەڵ بەکاکڵە گوێزەکە دەکرێت, گونکی گەورە ئامادە دەکرێت و بە قەبارەی نانێکی بازاڕی پان دەکرێتەوە, دیوی سەرەوەی پڕدەکرێت لە کاکڵە و پاشان چینێکی تر بەهەمانشێوە دەخرێتەسەری و کاکڵەی تێدەکرێت, زۆرجار چینەکان لە سیان و چوار تێپەڕدەکەن و جاریواش هەیە دەکرێن بەشەش چین بەپێی حەزی ئەو کەیبانووەی ئامادەی دەکات.

بەمەبەستی برژاندنی بنەهارگایەکە کە وەك قاڵبێکی کێکی لێهاتووە دەخرێتە ناو (کوانوو, سۆپای دار) و پشکۆی ئاگر دەدرێت بەسەریدا هەتاکو بەتەواوەتی لەهەمولایەکەوە دادەپۆشرێت, پاش ماوەیەك بەتەواوی دەبرژێت و کاکڵە گوێزەکەش لەناویدا دەپیشێت و ئیتر ئادەدەکرێت بۆ خواردن.

لەم رۆژانەدا کە فڕن و تەباخ لە زۆربەیماڵەکاندا هەیە دەکرێت بۆ برژاندنی بنەهارگای سوودیان لێوەربگیرێت و تا رادەیەکیش ئاسانترە بۆ کەیبانووەکان.

خواردن و دروستکردنی بنەهارگای لە هەوراماندا چەند رازێکی هەیە, یەکێك لەو رازانە لە تەوێڵەدا روویداوە بەم شێوەیە: خێزانی (مامو عەبدیلە) ناوێك کە ئاشەوانی بوون, هەمووساڵێك سەرپایز کە گەڕاونەتەوە بۆناو ئاش یەکەم شەوی گەڕانەوەیان بنەهارگایان درووستکردووە, بەڕێکەووت لە یەکێك لە ساڵەکاندا کەیبانووی ئەو ماڵــە ســەرقاڵبووە و بۆینــەکراوە درووســتیبکات, کــوڕی گــەورەی بــەناوی (رەشــید) بــەدایکی وتــووە: بــۆ بنەهارگاییمان بۆناکەیت؟ ئەویش لەوەڵامدا وتوویەتی: ئەمشەو سەرقاڵم و بۆ سبەیشەو بۆتان درووستدەکەم وەڵامی رەشیدیش بەم شێوەیە بووە: مادام بنەهارگاییمان بۆ درووستناکەیت, مانای ئەوەیە نەهاتوینەتەوە بۆ ئاش.

**شاقوڵیاغە**: بۆ دروستکردنی ئەم خواردنە (ساوەر + ترخێنە + هەڵوژە وشکە) پێکەوە دەکوڵێنرێن هەتاوەکو خەستدەبنەوە, دەڵێن شاقوڵیاغە بەناوی یەکێك لە دەسەڵاتدارانەوە نانراوە بەناوی (شاقوڵی ئاغا یان شاقوڵ بەگ).

**خۆشاو**: یەکێکە لە خواردنە زۆربەتام و بۆنخۆشەکان و زیاتر لەوەرزی زستاندا ئامادەدەکرێت و وەك شەوچەرە دەخورێت, بۆ دروستکردنی خۆشاو پێویست بە چەندجۆر میوەی وشکەوەکراو دەکات وەك (هەڵوژە, مێوژ,

تـوو, لەتکـە هـەرمێ, لەتکـە بـەهێ, لەتکـە سـێو, قـۆخی وشـکەوکراو, هەنـدێکجاریش قەسـی), بـەڵام زۆربـەی کەیبانووەکان قەیسی بەکارناهێنن لەبەرئەوەی زوو دەخوسێتەوە و هەڵدەوەشێت.
ئەم میوە وشکەوکراوانە جگە لـە هـەڵوژەکان سـەرەتا پـاك دەشـۆرێنەوە و پاشـان دەکرێنـە نـاو (سـوزگی, تەیکـە, نانەشـان) هــەتاوەکو ئاوچـۆڕبکەن, هــەڵوژەکان بــەجیا دەکرێنــە ئــاو بۆئــەوەی نــەرم ببنــەوە و پاشــان بــاش دەکوڵێنرێت, پاشان لەگەڵ میوەکانیتر دەکرێنـە نـاو مەنجەڵێکی گـەورەوە و پێکـەوە دەکوڵێنرێنـەوە, بەنسـبەت تووەکانیشەوە بەجیا دەشۆردێنەوە و دەکوڵێنرێن پاشان دەگوشرێن و پالفتە دەکرێن, ئینجا ئاوەکەیان دەکرێتە نـاو ئـەو مەنجەڵـەوە کەمیوەکـەی تێـدا کـوڵێنراوە, بۆجـارێکیتر پێکـەوە دەکوڵێنرێنـەوە, لەگـەڵ بـەردەوامی کوڵاندنیاندا بەرەبەرە رەنگی ئاوی مەنجەڵەکە سووردەبێت, هـەتاکو زیـاتر بکوڵێنرێن ئاوەکە سوورتر دەبێت و خۆشاوەکەش خەستتر دەبێتـەوە, پاشـان دادەنرێت تـا سـارد دەبێتـەوە ئامادەیـە بـۆ خـواردن لـە هەرکاتێکدا کـە ئارەزووی بکەیت.
خۆشاو نزیکەی یەك مانگ دەمێنێتەوە چونکە بەساردی دەخورێت, هـەتاکو شـوێنی هـەڵگرتنی ساردبێت زیـاتر دەمێنێتەوە, بەڵام ئەگەر لە شوێنی گەرمدا هەڵبگیرێت کەڕوو دەگرێت و خراپ دەبێت.
خۆشـاو پـڕە لـە ڤیتامینـە جۆربەجۆرەکان و شـەکرە تاکەکانی نـاو میـوە کـە بەئاسـانی هەرسدەبن, چـونکە ئـەو کەرەستانەی لـە دروستکردنیدا بـەکار دەهێنـرێن هـەموویان سەرچاوەی خـۆراکی دەوڵەمەنـدن, هەبۆیـە سـوودی دەرمانیشـی هەیـە و باشـترین چارەسـەرە بـۆ رزگـاربوون لـە نەخۆشـیەکانی (هەڵامـەت و ئـەنفلۆنزا, کـەمخوێنی, بەدخۆراکی).

## بابەتی (11)

## داب و نەریتی کۆمەڵایەتی

داب و نەریتی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە بنەما سـەرەکییەکانی درووستبوونی نەتـەوە, لایـەنێکی گرنگـی پێکهاتـەی کولتوورییەتی و شوێنی دیاری لەناو بیر و هزری تاکەکانیدا هەیـە, داب و نـەریت و شـێوەی ژیـان و بیروبـاوەڕی (تـیرە, هـۆز, خێڵـە) کوردەکـانیش بـە (نیشـتەجی و کۆچـەر)یانـەوە وێنـاکردنێکی ئەتنۆگرافییانـەی کۆمـەڵی کوردەوارییە, بۆیـە پێویسـتە لەگەڕان و عـەودالبوون بـەدوای کۆکردنـەوەی کەلـەپووری نەتەوایەتیماندا بایـەخی خـۆی بـدرێتێ, لای هەنـدێك کەسـر لێکدانـەوەی زۆرهەڵـە بـۆ داب و نـەریت دەکرێـت و پێیانوایـە تەنانـەت ناوهێنانیشـی بڤەیـە چونکە گەڕانەوەیـە بـۆ نـاو سروشـت و سـونەت, بـەڵام ئەمـە خـۆی لـە خۆیـدا تێڕوانینێکـی ساویلکانەی سەرپێییە, شتێکی راستە لەناو کۆمەڵە دواکەوتووەکاندا پابەند بوون بەداب ونەریتەوە بە ئاستێك لـە ئەقڵیەتیانـدا رەگیـداکوتاوە, زۆرجـار هێـزی یاسـا دەبـەزێنێت و هـیچ بیرێکـی نـوێش ناتوانێـت بەئاسـانی پاشەکشـێ بـەو پابەندبوونــەوە بکـات, بۆیــە لــەم جــۆرە کۆمەڵانــەدا بڕیــارە کۆمەڵایەتییــەکان بــەردەوام داواکارییەکانی ئایدۆلۆژیا وبیری پێیشکەوتووخواز دەدەنە دواوە و زۆرجارخودی ئایدۆلۆژیا لەبەردەم بڕیارە خێڵەکییەکاندا دۆشدادەمەنێت و هەندێك جاریش نەوەك هەر دۆشدادەمێنێت بەڵکو خۆیشی دەبێت بەبەشێك لە واقعەکە و توانای هیچ گۆڕانکارییـەکی نامێنێت, شـتێکی ئاشـکرایە (داب و نـەریت) خـۆی لـە خۆیـدا دووبەشـە, بەشێکی کۆنبووە و سەردەم بەجێیهێشتووە بەکەڵکی ئـەم سـەردەمە نایـەت, بـەڵام هەنـدێك لـە داب و نەریتـەکان

لێوان لێون لە جوانی و دەکرێت لەگەڵ ڕۆحی عەسر و پێشکەوتنخوازیشدا بگونجێن, بۆیە نەفرەتکردنلێیان دەچێتە هەمان تای تەرازووی پابەند بوونی کوێرانە بە داب و نەریتە دواکەوتووەکانەوە.

لەبەرئەوەی ئەم سەردەمە سەردەمی جیهانگیری و پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژییە, پێدەچێت قسەکردن لەسەر داب و نەریت لای هەندێك کەس بەشتێکی بێبایەخ لەقەڵەمبدرێت, بەڵام ئەو بەڕێزانەی بەم شێوەیە بیردەکەنەوە دەبێت ئەوە بزانن هەر نەتەوەیەك کە تێکەڵاو بە بەدونیای جیهانگیری دەبێت, پێویستە خاوەنی گوتاری نەتەوەیی خۆی بێت, ئەگینا ناسنامەی خۆی لەدەستدەدات و لەو جیهانەدا بەتەواوی گومدەبێت, بەو پێیەش داب و نەریت بەشێکە لە ناسنامەی نەتەوەیی لێرەوە ئیتر گرنگی داب و نەریت دەردەکەوێت.

هەر لەم بوارەدا دەڵێین ئەگەر داب و نەریت گرنگ نییە, ئەی بۆچی دەبێت کەسێکی وەك (ئەلکسەندەر ژابا) کە کونسوڵی رووسیای تزاری بووە لە (ئەرزوڕۆم) و خۆرهەڵاتناسێکی ناسراو بووە, ئەوەندە بایەخبدات بەنووسینەکانی (مەلا مەحمودی بایەزیدی[56]) و بیانخاتە سەر زمانەکانی (رووسی, فەڕەنسی) و لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بڵاویانبکاتەوە, یاخود چۆن خانمێکی بیانی وەك (هانی هارۆڵد هانسن) کتێبێکی گەورە لەبارەی ژنی کوردەوە بنووسێت بەناوی (ژیانی ئافرەتی کورد), لەو کتێبەدا باسی چەندین بابەت بکات وەك: (پایەی کۆمەڵایەتی ژنی کورد, بەشوودانی, جلوبەرگی, خۆڕزاندنەوەی, منداڵبوونی, منداڵ بەخێوکردنی, هەموو هەڵسووکەوتەکانی تری لەناو ماڵ و لەدەرەوەی ماڵدا...هتد)[57].

کۆمەڵی کوردەواری یەکێکە لەو کۆمەڵگە خۆرهەڵاتیانەی تا ئێستاش داب و نەریتی کاری خۆی تێدادەکات, بەوپێیەی خەڵکی هەورامان بەشێکن لە پێکهاتەی کۆمکەڵی کوردەواری, هەندێك لەو داب و نەریتانە کە بەشێکن لەبڕیاری کۆمەڵی کوردەواری تا ئێستاش کاریگەرییان لەسەر ژیانی خەڵکەکە هەیە, پاش ئەم پێشەکییە کورتە چەند نموونەیەك لەم بارەوە دەهێنینەوە:

1–ئەگەر لەکاتی پێڵاو داکەندندا پێڵاوەکان بکەونە سەریەکتری بەخاوەنەکەیان دەڵێن سەفەرێکت لەڕێدایە.

2–ئەگەر پشیلە لەناو ماڵدا دەم وچاوی بشوات, چۆلەکە پاساری لە حەوشەدا بجریوێنن, دەڵێن میوان بەڕێوەیە.

3– ئەگەر ناولەپی دەستی راست بخورێت دەڵێن پارەمان بۆدێت, بەڵام ئەگەر هینی دەستی چەپ بخورێت دەڵێن شەڕێك بەرۆکمان دەگرێت.

4–ئەگەر باڵندەیەك بەسەر ماڵێکەوە بخوێنێت دەڵێن دەنگوباسێکمان لەکەسێکی نزیکەوە پێدەگات.

5–جارێك پژمە نیشانەی (سەبرە) و لای هەندێك کەس دەبێتە هۆی دواخستنی سەفەرێك یاخود پەشیمانبوونەوە لەکارێك, بەڵام دووجار پژمە نیشانەی (جەختە) و ڕەواندنەوەی هەموو دوودڵییەکە بۆ ئەنجامدانی ئەو سەفەرە یاخود ئەو کارە.

6–زۆربەی خەڵکی هەورامان لە چاوی پیس دەترسن و چاوپیسەکان بەخەلکی بێزراو و قێزەون لەقەڵەمدەدەن.

7–ئەگەر کچێکی مارەبڕاو دەسگیرانەکەی بمرێت دەڵێن سەرەخۆرە و سەربەگۆبەنە و خەڵکی تر ناچن بۆداوای.

8–شەوان سەیری ئاوێنە ناکەن و دەڵێن خراپە و ئاوێنەکە شێتدەبێت.

9–ئێواران درەنگ و شەوان گسکی ناو ماڵ نادەن و دەڵێن خراپە.

10–زۆریان رۆژانی سێشەممە ریشیان ناتاشن و رۆژانی چوارشەممەش خۆیان ناشۆن.

11–هەرکەسێك خواردنێك یان میوەیەك بخوات کەسێکی تر لەلایا بێت بەشیدەدات, چونکە باوەڕی وایە ئەگەر بەشینەدات نەفسی ئەو کەسە دەێت بەمار و شەودێتەخەوی.
12–ئەگەر کەسێك پاروو لەقورگیدا بگیرێت وادەزانێت کەسێکی نزیکی لەغەریبیدا برسییەتی, یاخود کەسێك چاوی لێبووە ئەو خواردنەی هێناوەتە ماڵ و دڵی چۆتەسەری.
13–لەکاتی مردنی کەسێکدا جلەکانی دەدەن بە هەژار و نەدار, ئەگەر کابرا دەوڵەمەند بێت و جلەکانی باش بن دەیاندەن بە مەلای گوند.
14–لەکاتی هەر ناکۆکییەکی نێوانیاندا و بۆ کۆتایی هێنان بەو ناکۆکییە زۆر ریز لەقسەی (شێخ, مەلا, ریشسپی)یان دەگرن.
15–زیادەرۆیی ناکەنەسەر ماڵی مزگەوت و دەڵێن هەرکەس ماڵی مزگەوت بخوات وەك ئەوەیە قوزەڵقورت بخوات.
16–دڵپیسی و بەدگومانی لەنێوانیاندا زۆرکەمە و هەر کەسێك دڵپیسبێت پێیدەڵێن (پەخمە).
17–رەزیلی زۆر شورەییە لەلایان و هەرکەس رەزیل بێت دەڵێن (نانو دۆڵەی مژمارۆ= نانی تەشت دەژمێرێت).
18–زۆر لەسوێندخواردن بە قورئانی پیرۆز دەترسن و ئەگەر کەسێك لەسەر هەقیش سوێندبخوات بە قورئان کەفارەتی سوێندەکەی دەدات.
19–سەفەری رۆژانی جومعە بەچاك نازانن و ئەگەر زۆر پێویست نەبێت سەفەرناکەن.
20–زۆرجار خەڵکانی دەسترۆیشتوو لەکاتی خەتەنەکردنی کوڕەکانیاندا خەتەنەی منداڵانی خێزانە دەستنەڕۆیشتووەکان دەکەن.
21–ئەگەر کەسێك تووشی ژانەسك ببێت دەڵێن بایەکێك بیشێلێت کە بەیەکەم سك لەدایکبووبێت, هەروەها ئەگەر کەسێك دەماری پشتی بپلیێت دەڵێن با ژنێکی دووشووکەر بەقاچ پشتی بشێلێت.
22–ناهێڵن (تازەبووك, ژنێك کەتازە منداڵی بووبێت) ئێواران ئاوی گەرم برژێنێت.
23–ژمارەی (13) لەلایان شوومە و لەکاتی ژمارەدا ناویناهێنن بەڵکو زۆرجار دەڵێن (زیادبی محەممەدی).
24–منداڵی ساوا نابەنە لای ئەو ژنانەی تازە منداڵیانبووە و دەڵێن بەبۆندەکەوێت.
25–کاتێك بووك دەهێننەماڵەوە منداڵی نێرینە دەخەنە باوەشییەوە, ئەوەش لەو باوەڕەوە کەزوو منداڵی ببێت.
26–ئەگەر لەکاتی گواستنەوەی بووکدا بەفر و باران بباریێت دەڵێن ئەو بووکە بنکڕی خواردووە.
27–هەندێك گیاندرا و باڵندە بەشووم دەزانن لەوانە: (کەروێشك, کۆتر, کونەبەبوو)
28–زۆرجار راستی بڕی داهات و بەروبوومیان لای کەس ئاشکراناکەن و دەڵێن دەبین بەچاوەوە.
29–ئەگەر کەسێك لەخەودا لەگەڵ مردوودا بڕوات یاخود مردووەکە شتی لێبسێنێت ترسی ئەوەی لێدەنیشێت کە دەمرێت, بەڵام ئەگەر مردووەکە شتێکی بداتێ پێیوایە تووشی خێرێك دەبێت
30–رۆژانی چوارشەممە سەردانی مەزاری (پیرەکان, سەیدەکان, شێخەکان, پیاوە دینییەکان) دەکەن, ئەم خووەش لەبنەڕەتدا خوویەکی دینی زەردەشتییەکانە, چونکە رۆژی چوارشەممە لای ئەوان پیرۆزە هەروەك چۆن رۆژی هەینی لای موسڵمانان پیرۆزە.

31–ئەو ژنەی ژنی دێت بەسەردا دەچێتە سەربان و مەنجەڵێکی ڕەش دەمەونخوندەکات و لەسەری دادەنیشێت گوایا بەو کردارەی ژنی تازە لای مێردەکەی ڕەشدەکات و خۆی شیریندەکات.

32–ئەو ژنەی ژنی دێت بەسەردا کە بووکی تازە دەگاتە ماڵ, ژنی یەکەم بەناوی بەخێرهاتنەوە باوەشدەکات بەملیدا و لەوکاتەدا بەهەموو هێزێکییەوە قاچیدەخاتە سەر پەنجەگەورەی پێی بووکەکە گوایە بەوە دەیترسێنێت و زاڵدەبێت بەسەریدا.

33–دەڵێن ئەوژنەی سکنەکات منداڵدانی پێچیخواردووە, بۆیە ئەگەر بچێتە لای ژنێکی شارەزا و تیرۆکبگێڕێت بەسەر پشتیدا ئیتر سکدەکات, لەوباوەڕەوە ئەو تیرۆکگێڕانە دەبێت بەهۆی ڕاستکردنەوەی منداڵدانی.

34–چەند داب و نەریتێك هەن لە ناوچەی هەوراماندا کاریگەری دینە کۆنەکانیان لەسەرە, وەك دینی زەردەشتی و میترائی ئەمانەش ژمارەیەکیانن: (ئاگری ئاگردان پێویستە بەپاکی پارێزگاریبکرێت[58], کانیاو نابێت پیسبکرێت و ڕێگا نابێت شتی تێفرێبدرێت, درەختی بەردار نابێت ببڕێت یان بنەکەی پیسبکرێت, لەهەر جێگایەکدا مردوو بشۆرێت پێویستە هەتاکو حەوت شەو لەشوێنەکەیدا ئاگری تێدا بکرێتەوە یاخود چرای دابگرسێنرێت[59], خۆراکێك ئەگەر شەو بهێڵرێتەوە بۆ بەیانی بە پشکۆی ئاگر مۆربنرێت).

## بابەتی (12)

## ڕێوڕەسمی ژنهێنان لەهەوراماندا

ژنهێنان و پێکەوەنانی خێزان زامنی بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤایەتییە و پیرۆزییەکی گەورەی لای دینەکان و کولتوورە جیاوازەکان هەیە, لەبەر ئەوەی ئەم ڕێوڕەسمە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گۆڕانکاری بەسەرداد‌ێت و شێوازە ناوچەییەکانی گومدەکات وله شێوازێکی گشتگیرنزیکدەبێتەوە, لەم بابەتەدا کەتەرخانە بۆ ڕێوڕەسمی ژنهێنان لە هەورامکاندا لەسەر شێوازە کۆنەکەی دەدوێین, لەبەر ئەوەی لەلایەکەوە شێوازێکی تایبەتە بە ناوچەکە و لەلایەکی ترەوە تا ئێستاش لەهەندێك شوێنی هەوراماندا پەیڕەودەکرێت.

لەسەر بنەمای ئەم شێوازە ژنهێنان بەچەند کارێکدا پێدەپەڕێت بەم ناوانە: (ڕامالّی= ڕێخۆشکردن, هیجبی= خوازبێنی, شەکراوخواردنەوە, مارەبڕین, گواستنەوە) و سەرەتا بەڕێخۆشکردن دەستپێدەکات, بەوەی ژنێکی سەرە لە خزمانیکوڕ یان کەسێکی خۆشەویست لەهەردوولاوە, پاش ئەوەی لەلایەن خێزانی کوڕەوە ڕادەسپێردرێت لەڕێی (باخ,کانی, ئاش) یاخود بەسەردانێکی ئاسایی بۆ ماڵی باوکی کچ, قسەیەك دەدات بە گوێی دایکی کچەدا بەوەی کوڕی فلاَنەکەس کوڕێکی چاکە و حەزبەخزمایەتیتان دەکەن, دایکی کچەش ئەگەر خۆی کارەکەی پێباشبێت بەڕوویەکی خۆشەوە وەلاَمیدەداتەوە و قسە لەگەڵ کچەکەیدادەکات و زەمینەی هاتنی خوازبێنیکەر لای مێردەکەی سازدەدات, بەپێچەوانەشسەوە بەساردییەکەوە قسەکەدەدات بەگوێی مێردەکەیدا, ئینجا دایکی کچە خۆی یان لە ڕێی ژنێکی ترەوە وەلاَمی ڕێخۆشکەرەکە دەداتەوە بەوەی کارەکەیان پێباشە یان نا , ئینجا کاری (هیجبیکردن= خوازبێنیکردن) دێتە پێشەوە, ئەوانەی بەکاری خوازبێنی ڕادەسپێردرێن خەڵکی دیار و خۆشەویستی هەردوولان, (باوك, مام, برای گەورە)ی کوڕەشیان لەناودایە و زیاتریش بەشەودا خوازبێنیدەکەن, کاتێك خوازبێنیکەران دەچن بۆ ماڵی باوکی کچ زۆر ڕێزیانلێدەگیرێت و هەرپاش کەمێك دانیشتن شەوچەرەیەك دەخۆن و بەدەمقسەکردنەوە مەرامەکەی خۆشیان دەدرکێنن, ئەگەر ماڵی کچە ڕەزامەنییان هەبوو ئەوا یەکێك یان زیاتر لە خزمانی کوڕە دەستی سەرۆك خێزانی کچەکە ماچدەکەن و پاش

ماوەیەك بەخۆشییەوە هەڵدەسن, كاتی شەكراوخواردنەوەش هەر شەوی خوازبێنیكردن یان كەمێك دواتر بەپێی ڕێككەوتنی هەردوولا دیاریدەكرێت و زۆرجار هەرلەگەڵ شەكراوخواردنەوەدا مارەبڕینیش تەواودەكرێت, پاش شەكرا و خواردنەوە و مارەبڕین بەینا و بەین كوڕ لەگەڵ كەسوكاریدا هاتوچۆی ماڵی كچ دەكات.

هەرچەندە ئێمە لە باسكردنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی خەڵكی هەوراماندا, قسەمان لەسەر ئەوەكردووە كە تێڕوانیتی خەڵكی هەورامان بۆ ژن تێڕوانینێكی تایبەتە و هەرگیز ژن وەك كاڵا سەیرنەكراوە, لێرەدا دەڵێین بنەمای ژنخواستن لەهەوراماندا لەسەر وەرگرتنی شیربایی, ژن بەژن, گەورە بەبچووك...هتد) دانەمەزراوە, بەڵكو لەسەر ڕەزامەندی هەردوو خێزانی (كوڕ و كچ) و لەسەر پیكەوەنانی خێزانێكی ئاسوودە دامەزراوە, هەر بۆیە شتە مادییەكان لەلایان زۆر بە هەندوەرناگیرێن, ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ئەو جۆرە شتانە وەك: (خشڵ, جل وبەرگ, بڕێك پارە كەپێیدەوترێت ماڵ), بەڵام ئەمانە زیاتر پەیوەستن بەباری ئابووری خێزانی كوڕە و بەدەگمەن هەڵدەكەوێت ببنە هۆی پەكدانی كارەكە.

پاش تەواوبوونی ئەو ماوەی كوڕ و كچ بەدەسگیرانی یان مارەبڕاوی دەمێننەوە, كاتی گواستنەوەی بووك بۆماڵی زاوا دێتە پێشەوە, ڕۆژێك پێش گواستنەوە ماڵی زاوا كەرەسەی خواردەمەنی وەك: (گۆشت, برنج, ڕۆن, شیرینی, سەوزە و میوە...هتد) و جلو بەرگی ئاڵووالای بووكێنی, خەنە, بۆنی خۆش, دەنێرن بۆ ماڵی بووك, چەند ژنێكیش كە یەكێكیان یان دووانیان پێیاندەوترێت (پاوێو= بەربووك) دەچن بووكەكە دەشۆن و دەست و پێی دەگرنە خەنە و دەیرازێننەوە.

بۆ بەیانییەكەی لە ماڵی بووك و زاوا چێشتلێدەنرێت و ئەوانەی لە ماڵی بووك كۆبوونەتەوە لەوێ نانەخۆن, خەڵك بەپێی توانا و حەزی خۆیان و دوور ونزیكی شوێنەكە بەسواری یان پیادە دەچن بەدوای بووكدا, هەردەگەنە بەردەم ماڵی بووك بەچەپڵەڕێزان و گۆرانیچڕین ئەو ناوە دەهەژێنن هەتاكو بووكە دەدەنە دەستیانەوە, ئینجا ئەملا و ئەولای بووك دەگرن و دووكەس پیاو یان ژن بەپێی نەریتی شوێنەكە قۆڵدەكەن بەقۆڵیدا و بەچڕینی گۆرانی (بادە و بادە) لە لایەن گۆرانیبێژەكانەوە هەتاكو ماڵی زاوا دەیبەن, لەبەردەم ماڵەكەدا زاوا خۆی یان باوكی بووكەكە بەسەر وەڵاخەكەوە دادەبەزێنن و بەپێی توانا شتێكی پێشكەشدەكەن.

ئینجا ئامادەبووانی زەماوەند هەموویان لەماڵی زاوا نانەخۆن و پاشان كۆڕی هەڵپەڕكێ و ڕەشبەڵەك گەرمدەكرێت, زۆربەی ئامادەبووان لەسەر ئاوازی (گۆرانی چەپڵەڕێزان, شمشاڵ, زوڕنا و دەهۆڵ) ڕیز ڕیز هەڵدەپەڕن, كاتی وا هەیە زەماوەندگێران چەند ڕۆژێك دەخایەنێت, زۆر كەمیش ڕێكدەكەوێت كەسێك لە دانیشوانی ئەو شوێنە لەزەماوەندەكە دابڕاوبێت, چونكە ڕەفتارێكی لەو چەشنە بەباش لەسەری ناشكێتەوە و دەبێتە مایەی سەرزەنشتكردنی.

هەمان ڕۆژی گواستنەوەی بووك بۆ شەوەكەی لە ماڵی زاوا هەڵوا دروستدەكرێت, بێجگە لەوەی بووك و زاوا لێیدەخۆن, بەشی كوڕی بێژن و كچی شوونەكردووشی لێدەدەن لە وبڕوایەوە كە ئەوانیش بەختیانبەربێت و خێزان پێكەوە بنێن, بۆ ڕۆژی دوایی (پاوێو= بەربووك) پەڕۆی كچێنی بووك دەباتەوە بۆ ماڵی باووكی و دەیداتە دەست دایكی یاخود خوشكی گەورەی, زۆرجا ئەو پەڕۆیە دەخرێتە ناو ئەو سەرینەی بووك و زاوا دەیخەنە ژێرسەریان, گوایا بەوە تەمەنی هاوسەرێتییان درێژدەبێت و بەختەوەردەبن, هەرهەمان ڕۆژ ژنانی خزم و دەرودراوسێ بۆ مەبەستی پیرۆزبایی دەچنە لای بووك و دیاریش لەگەڵ خۆیاندەبەن, پاش چەند ڕۆژێك

لەگواستنەوەی بووک کەزۆرجار هەفتەیەک دەخایەنێت ماڵی بووک دێن بۆ ماڵی زاوا و پاش شەونشینی بووک لەگەڵ خۆیان دەبەنەوە, چەند رۆژێک لەماڵی باوکی دەمێنێتەوە و ئەو ماوەیەش زیاتر دوور و نزیکی ماڵی هەردوولا لەیەکترەوە دیاریدەکات, ئینجا ماڵی زاوا دێن بەشوێنیدا و لەگەڵ خۆیان دەیبەنەوە, ئەم هاتنەی ماڵی زاوا هەمیشە زاوای تێدایە.

بێجگە لەمانەی باسمانکردن زووتر چەند هەڵسوکەوتێکی ترهەبوون کە لەگواستنەوەی بووکی هەوراماندا پەیڕەودەکران و بەلاَم ئێستا ئەو شتانە زۆرکەمبوونەتەو و لەهەندێک شوێندا نەماون, ئەو هەڵسوکەوتانەش بەم شێوەیە بوون:

1-پەشتە بەرانە= پشت دەرگانە: کاتێک خەڵکان دەچوون بەدوای بووکدا ژنێک دەرگای ژووری بووکێ لێدەگرتن, یەکێک لەکەسوکاری زاواش دیارییەکی دەدا بەو ژنە ئینجا رێگەیدەدان بچنە ژوورەوە و بەو پارەش دەوترا (پەشتەبەرانە).

2-پالاَ وەژانە= پێلاَوداکەندنانە: برێک پارە لەماڵ بووکەوە دەخرایە ناو پێلاَوەکانییەوە, کاتێک دەبرایە ماڵ زاوا ژنێک پێلاَوەکەی بۆدادەکەند و پارەکەی دەبرد بۆ خۆی, بەو پارەیە دەوترا پالاَوەژانە.

3-زەماخوانە= زاواخوان: پێش ئەوەی بۆیەکەمجار بووک بەرە و باوانبکرێتەوە, چەند رۆژ لەماڵی زاوابوایە رۆژانە لەماڵی باوکییەوە خواردن دەهات بۆ ماڵی خەزووری و بەو خواردنە دەوترا (زەماخوانە).

## بابەتی (13)

## خۆڕازاندنەوە لە هەوراماندا

ئاشکرایە خۆڕازاندنەوە هەر لەسەرەتای ئاشنابوونی مرۆڤ بە ژیانی کۆمەلاَیەتییەوە سەریهەڵداوە و هەموو قۆناغێکیش جۆرێک لەخۆڕازاندنەوەی هەبووە, کۆمەڵەکان لە رووی خۆڕازاندنەوە جیاواز بوون, بەمانایەکی‌تر هەموو کۆمەڵێک لەم بوارەدا تایبەتمەندی خۆی هەبووە و هەوڵیشیداوە ئەو تایبەتمەندییانە بپارێزێت, خۆڕازاندنەوە هەر تایبەت نەبووە بە رەگەزێک یان بە ئاستێکی تەمەن, بەڵکو نێرومێ بە پێی ساڵەکانی تەمەنیان تێیدا بەشداربوون و بۆ خۆڕازاندنەوەشیان کەرەسە و خشڵی تایبەتیان هەبووە.

هەر لە سەردەمە دێرینەکانەوە هەتاکو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لەلای کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان و ئێستەشی لەگەڵدابێت لای زۆر لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان, چەک بەشێکە لەپێداویستییەکانی خۆڕازاندنەوە, ئەمە بێجگە لە کەرەسەکانی‌تر کە بە(خشڵ) ناویاندەبرێت, ئیتر ئەو خشلاَنە هەرجۆرێک بووبن و لەهەر ماددەیەک دروستکرابن لەخۆڕازاندنەوەدا بایەخی خۆیان هەبووە و هەیە.

بەنیسبەت کۆمەڵی کوردەواری ئێمەشەوە لە گشت ناوچەکانی کوردستاندا بایەخێکی زۆر دەدرێت بە خۆڕازاندنەوە, لای هەندێک کەس بەبەشێک لە کەسێتی لە قەڵەمدەدرێت و هەندێکی تریش بە هەوڵێکی دەزانن بۆ کامڵبوونی کەسێتی.

(خەڵکی هەورامان) وەك بەشێکی دیار لە پێکهاتەی کۆمەڵی کوردەواری هەمیشە بایەخیانداوە بە خۆڕازاندنەوە, خۆڕازاندنەوەش هەرلە بایەخدان بە (پۆشاك, پاپۆش)ـەوە دەستیپێکردووە هەتاکو دابینکردنی ئەو کەرەستانەی بەکاریان هێناون, چ ئەوانەیان خۆیان دروسیانکردبن, یاخود ئەوانەیان لە دەرەوەی ناوچەکەی خۆیانەوە گەیشتبنە دەستیان, هەر لەم بوارەدا زۆرجار گوتراوە (خەڵکی هەورامان) تەڕپۆشن.

ئەگەر چەند ساڵێك میلی کاتژمێری تەمەنمان بگەڕێنینە دواوە بەتایبەت ئەوانەمان کە لە ساڵەکانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم وپێشتر هاتووینەتە دونیا, بیر لە خشڵ و بابەتەکانی خۆڕازاندنەوەی ئەو سەردەمە بکەینەوە, دەبینین زۆر جیاوازیان لەگەڵ ئەوانەی ئێستادا هەیە, جۆری جلوبەرگ وەك هینی ئێستا نەبووە, هەندێك جلوبەرگ کە لەو رۆژانەدا زۆر باوبوون ئێستا یان هەر نەماوون یاخود زۆر کەمبونەتەوە بۆ نموونە: (سەرەپێچ, پۆشین, کۆڵوانە, لەچك, سوخمە, کەوای بەتانەدار, سەڵتەی بەتانەدار, بەروانکە...هتد) ئەو ژن و کچانەی کە تا ئێستاش لەناو ماڵەکانیاندا لە دەرەوەی ماڵیشدا هەر جلی کوردی لەبەر دەکەن, ئەمانەی کە ناومان هێنان بەکار ناهێنن, بە هەمانشێوە بەنیسبەت ئەو کوڕ و پیاوانەشەوە کە تا ئێستاش جلی کوردی لەبەر دەکەن هەندێك پۆشاك کە پێشتر بەکارهاتوون بەکاریاننا‌هێنن وەك: (فەقیانە, سوخمە و کراسی بێیەخە, چۆغەی بەتانەدار).

با بێینە سەر ئەو ئامزازانەی کە پێیاندەوترێ (خشڵ), دیارە خشڵەکان جۆراو جۆربوون و زۆربەی ئەندامەکانی لەشیان گرتۆتەوە وەك: (سەر, چاو, گوێ, لووت, پەنجە, دەست, مەچەك, قاچ...هتد), پێشتر ژنان و کچانی (هەورامان) سەریان رووتنەکردووە و کڵاویان بەسەرەوە بووە, کچانی بچووك هەتا گەیشتوونەتە کاتی هەرزەکاری و شووکردن کەمتر کڵاویانکردۆتەسەر و هەر سەرپۆشیان بەکارهێناوە, بەڵام پاش شووکردن ئیتر پێویستیکردووە کڵاوبکەنە سەریان, کڵاو یەکێك بووە لەو پێداویستییانەی لە کاتی کچبەشوودانا لەماڵی زاوا داواکراوە, کڵاوەکەش دووجۆری هەبووە بەم شێوەیە:

1-فێس: زۆربەی کات فێس (پڕچکە)ی پێوە بووە, پڕچکەش دوو جۆربووە, یەکەمیان (پڕچکەی زەنگیانە) کە زیاتر بە زەنگیانەی زەرد هۆنراوەتەوە, دووەمیان (پڕچکەی تەلایی)ن, بۆ ئەمجۆرەیان لەبری زەنگیانەکان لەهۆنینەوەیدا (تەلای بچوك) بەکارهێنراون.

2-کڵاوزێر=کڵاوزەڕ: ئەم جۆرەیان بێجگە لە (پڕچکەی تەلایین) پێویستیکردووە جۆرە سکەیەکیشی پێوەلکێنرابێت کە پێیوتراوە (پارەی سپی), ئەویش چەند جۆرێکی هەبووە وەك: (نیوقەران, یەکقەرانی, دووقەرانی, پێنجقەرانی, تاك, ئەشرەفی ... هتد), بەنیسبەت ئەو خێزانانەش کە دەسترۆشتوو بوون ئاڵتوونیان لکاندووە بە کڵاوزێرەکەوە وەك: (چارەکەلیرە, نیولیرە, لیرە, دوولیرەیی, پێنجلیرەیی), پێنجلیرەییش زیاتر کراوە بە (قوڵپ)ی کڵاوەکە.

بێجگە لەکڵاو (ملوانکە)ش کەرەسەیەکی تری خۆڕازاندنەوە بووە, ملوانکە چەندجۆرێکیان هەبووە وەك (ملوانکەی ئاڵتوون, ملوانکەی زیو, ملوانکەی کارەبا, ملوانکەی شەوە, ملوانەکەی خونچەی گوڵەباخ) کە لە هەوراماندا پێیاندەوترێت (قووتە ولی), هەروەها هەندێکجار جۆرە خشڵێکیتر کەپێیوتراوە (دڵرۆبا) کراوە بە ملوانکە و خراوەتە ناو (مورو, زیو, ئاڵتوون).

بۆ خۆڕازاندنەوە (بازن) بەکار هێنراون و چەندجۆرێکیان هەبووە وەك (بازنی شوشە, بازنی مس, بازنی زیو, بازنی ئاڵتوون), (گوارە و ئەنگوستیلە و لوتەوانە)ش بایەخی خۆیان هەبووە لە خۆڕازاندنەوەدا.

لای هەورامییەکان (هەیاسە) کەرەسەیەکی بەنرخی خۆڕازاندنەوە بووە, زیاتر لە زیو دروستکراوە و ژنان بەستوویانەتە پشتیان, هەموو ژنێك نەیتوانیوە بە ئاسانی ببێتە خاوەنی هەیاسە.

(گۆبەرۆك, حێلومێخەك, لولە و زنجیر)یش لەو خشڵە گەورانە بوون کەمژن بوون بە خاوەنیان بەتایبەت ئەگەر لە ئاڵتوون دروستکرابن, (گەردانەی زیوین, گەردانەی جەوهەردار)یش دوو جۆری تری (خشڵ) بوون و لە خۆڕازاندنەوەدا بایەخی خۆیان هەبووە, پاشتر (گەردانەی ئاڵتوون) هاتۆتە ناوخشڵەکانی خۆڕازاندنەوە, هەروەها (قاپقورئانی زیوین و قاپقورئانی ئاڵتون)یش دوو کەرەسەی تری خۆڕازاندنەوە بوون.

هەر لەبواری خۆڕازاندنەوە, ژنان وکەمتر کچان (خەنە, وسمە)یان بەکارهێناوە, بۆ خەنەو وسمەگرتن, سەرەتا (خەنە) و پاشان (وسمە)یان گرتۆتە سەریان, (خەنە) و (وسمە) شوێنی بۆیاخی ئێستایان گرتووەتەوە, بێجگە لە سەر (خەنە) گیراوەتە دەست و قاچ و نینۆکیشی پێرەنگکراوە, هەندێکجار (پیاو, کوڕ)یش خەنەیانگرتۆتە سەریان و وتراوە بۆ لابردنی سەرئێشە بەسوودە.

(کل) بەکارهاتووە بۆ چاوڕەشتن, ژنان (میل و کلدان)یان هەڵگرتووە و زۆربەی کات لە گیرفانیاندا بووە, وەك پێداویستییەکی تری خۆڕازاندنەوە خاڵکوتان لەشوێنی جیاجیای لەشدا وەك (چەناگە, گوپ, سنگ, دەست, قاچ, مەچەك, پووز) ئەم خووە لەخۆڕازاندنەوەدا جیاواز لە ناوچەکانی تری کوردستان لە هەوراماندا بە ئاستێکی کەم پەیرەوکراوە.

بەنسبەت پیاو و کوڕیشەوە کەرەسەی تایبەتیان بۆ خۆڕازاندنەوە هەبووە, وەك پێشتر ئاماژەمانپێدا (چەك) یەکێك بووە لەو کەرەستانە بەتایبەت (خەنجەر, دەمانچە, فیشەکلۆغ, تفەنگ), چەك دەست هەمووکەسێك نەکەوتووە, زیاتر بەدەست ئەو کەسانەوە بووە کە باش بەکاریانهێناوە و توانیویانە داکۆکیپێبکەن لەسەروماڵی خۆیان و خەڵکانی ناوچەکەیان.

(تەسبیح) بایەخێکی تایبەتی بووە بۆ خۆڕازاندنەوە, زۆرجار تەسبیحی (کارەبا, سندس, زەرد, شەوە, شووشەیی, ئەبلەق ... هتد) کراون بەقەد خەنجەرەوە, یان گیراون بەدەستەوە و یاریانپێکراوە, (دەستەسڕی ئاوریشم) کەرەستەیەکی تری خۆڕازاندنەوە بووە, هەروەها پیاوان (ئەنگوستیلەی زیو, ئەنگوستیلەی ئاڵتون, ئەنگوستیلەی مۆرخاندار...هتد) یان بۆ خۆڕازاندنەوە بەکارهێناوە.


www.pertwk.com

بۆ رازاندنـەوەی منـداڵ جارجـار شـتی زۆر سادەوسـاکار بـەکارهاتوون وەك (مـوورو, قۆپچـە, زەنگیانـە, کوێچکەماسی, هێلکە شەیتانۆکە=گوشگەڵو).

هەر لە بواری خۆڕازاندنـەوە (بۆنی خۆش) بایـەخی خۆی هـەبووە, سەرچاوەکانی بۆنیش ئەمانە بوون (گوڵاو, میسك)کە هەردوو ڕەگەز بەکاریانهێناون بەڵام (مێخەك, سمڵ, حەتحەتۆکە), تایبەتبوون بەژنان و کچانەوە.

پێدەچێ خوێنـەرێك بڵێت لـەم ڕۆژەدا کە چەرخی ئەنتەرنێتە بایـەخی بابـەتێکی لـەم چەشـنە دەبێ چیبێت؟ بۆ وەڵامی پرسیارێکی لـەم جۆرە دەڵێین: ئـەم شتانەی باسمانکردن ئێستا لـە هەندێك لـە مۆزەخانـەکان نمونـەیان پارێزراوە, چونکە بەشێکن لـە کولتووری نەتەوەکـەمان, بۆیـە پێویسـتە ئێمـەش ئەگـەر هەرچـەندە کـەمیش بێت زانیاریمان دەربارەیان هەبێت, بەتایبەت بۆ ئەو وەچانەی کە ئەم کەرەستە و خشڵانەیان نەدیوە چونکە زۆربەیان چوونەتە دووتوێی یادەوەرییەوە.

## بابەتی (14)

## ڕێوڕەسمی پرسە

مـردن ئـەنجامی حـەتمی هـەموو گیانداریکـە و دوا قۆنـاغی گەشـەکردنی بایەلۆژییـەتی, لەدەسـتدانی ئـازیزان و کۆتایهـاتن بـەژیانییان هـەر لـەدێر زەمانـەوە بـووە بـەهۆی دڵگرانـی و ماتـەمی, لـەناو زۆربـەی کۆمەڵگەکانـدا ڕێـوڕەسمی بـەڕێکردنی مـردوو بـۆ دوامەنزڵگـەی و پرسـەگێڕان بـۆی بایـەخی خۆیـان هەیـە و کۆمەڵگـەی کـوردەواریش وەك نـەریتێکی دینیـی و کۆمەڵایـەتی پابەنـدبوونێکی پتـەوی بـەم ڕێوڕەسمـەوە هەیـە, ناوچـەی هـەورامان وەك پێکهاتەیـەکی کۆمـەڵی کـوردەواری زووتـر تائاسـتی جۆرێـك لـەزیادەڕۆیی بایەخیانـداوە بـەم ڕێوڕەسمـە, لـە ئێستاشـدا هـەر بایەخیپێـدەدەن, لەهـەر شـوێنێکدا کەسـێك دەمرێـت خـەڵکی ئـەو شـوێنە بەشـێوەیەکی گشـتی بەشـداری غـەم و ماتـەمی خـاوەن مردووەکـە دەکـەن, بـەوەی ئـەرکی بەخاکسـپاردن و بەشداریکردن لەپرسەگێڕان دەگرنە ئەستۆ, هەر لەگەڵ گیاندەرچوونی مردووەکەدا کۆمەڵێك خـەڵك خۆویستانە دەسـتدەدەنە (پـاچ و خاکـەناز) و پێداویسـتی تـری گۆڕهەڵکەنـدن و بـەرەو گۆڕسـتان دەکەونـەڕێ, هەنـدێکیش تـەرمی مردووەکـە هەڵـدەگرن و بـەرە و مزگـەوت دەیبـەن بەمەبەسـتی شـتنی, هـەتاکو دەشـۆرریت زۆربـەیان لەمزگـەوت کۆدەبنـەوە و پاشـان بـەرە و گۆڕسـتان بەڕێدەکـەون و بەخاکیدەسـپێرن, پـاش بەخاکسـپاردن مـەلا تەڵقینیـــدەدات و ئامـــادەبووانیش فاتحـــەی بۆدەخـــوێنن, هـــەموویان لەخوادەپاڕێنـــەوە لێیخۆشـــبێت و هاوکـات گەردنیئازاددەکـەن, ڕێـوڕەسمی پرسـەگێڕان تاچـەند سـاڵێك لەمـەو بـەر بریتیبـوو لـەوەی کەسـوکاری مردووەکـە مـاوەی سـێ ڕۆژی لەسـەریەك لـەو شـوێنانەی مزگـەوتیان تێـدا بـوو لەمزگـەوت دادەنیشـتن, ئـەو شـوێنانەش مزگـەوتیان تێدانـەبوو لـە ماڵـەوە دادەنیشـتن و هـەموو خـەڵکی ئـەو شـوێنەش زۆربـەی ئـەو ماوەیـە لەگەڵیاندابوون, چەند ڕۆژێکیش لەماڵەوە دادەنیشتن بەڵام لـەڕۆژی چوارەمدا چەند کەسێکی نزیکی مردووەکە ڕیشیاندەتاشـی و بـۆ ماوەیـەوك دەچـوونە نـاو (بـازار, چـایخانە), یـان هـەر شـوێنێك کەخەڵکەکـەی تێـدا کۆدەبوویەوە, لەوێ خۆیان پیشانی خەڵك دەدا بۆ ئەوەی ئـەوانیش ڕیشیانبتاشـن, لەهەر شوێنێکیشدا (رادیۆ, تەسجیل) هەبوایە بەدەستی خۆیان دەیانکردەوە چونکە لە ڕۆژانی پرسەکەدا کەس ئەو شتانەی نەدەکردەوە, بە


www.pertwk.com

نیسبەت ژنانیشەوە لە ڕۆژانی پرسەکەدا کەرەسێلیاندەبەست و لەگەڵ خاوەن مردوودا و لەسەر جلوبەرگەکەی کۆڕی شیوەن و گریانیان گەرمدەکرد, هەر ژنێك لەماڵ خۆیەوە لەگەڵ خۆیدا بڕێك ئازووخەی دەبرد لە: (برنج, شەکر, ڕۆن, گەنم, ئارد) و هەندێکجار تەنانەت نانیش دەبرا بە تایبەت بۆ ئەو خاوەن مردووانەی هەژار و کەمدەستبوون, هەندێك لە پیاوە دەستڕۆیشتووەکانیش یاخود کەسوکاری خاوەن پرسە بەشدارییان لە خەرجی پرسەکەدا دەکرد, بەوەش زۆربەی خەرجی پرسەکە لەسەر ماڵی مردووەکە لادەچوو, ڕۆژی چوارەم ژنان بەرەو سەرقەبران دەکەوتنە ڕێی و کەسێك لەگەڵیاندەچوو بۆ ئەوەی گۆڕەکەیان پیشانبدات, لەو ڕۆژەدا ماڵی خاوەن مردووەکە خۆیان یان کەسوکار و دەرودراوسێیان (گێتەمەژگی= کولێرە بەکاکڵە, کولێرە چەورە)یان دەبرد و دەیانبەخشییەوە بەسەر ژنەکاندا, ماوەی چەند ڕۆژێك ڕۆژانە قورئانخوێن دەچوو لەسەر گۆڕەکە قورئانی دەخوێند و ئەو ماوەیەش لە سێ ڕۆژی یەکەمە وە هەتاکو هەفتەیەك یان چل ڕۆژی دەخایاند, بۆ هەندێك مردووش ساڵێك هەموو ڕۆژێکی هەینی قورئان لەسەریان دەخوێنرا, خەیرکردن بۆ مردووش چەند جۆرێکی هەبوو کەهەر لەکاتی شتنیەوە دەستییێدەکرد, ئەو خێرکردنەش یان لەسەر بنەمای وەسیەتی مردووەکە خۆی بوو, یاخود بەپێی حەزی خاوەن پرسەکە بوو, خێرەکانیش بریتیبوون لە (ئیسقات= بەشکردنەوەی بڕێك پارە پێش بەرێکردنی مردوو بۆ سەرقەبران, بەشکردنەوەی کولێرە چەورە لەسەر قەبران, جومعانە ئەوەش بەبەخشینەوەی هەر شتێك لەبەر دەستیاندا بێت لە ئێوارەی هەینیدا), هەندێك لەو مردووانەش کە دەستڕۆیشتوو بوون و حەجیاننەکردووە, خاوەن مردوو یەکێك دەنێرن بۆ حەج هەتاکو حەجی بۆبکات.

ژنان و جارجاریش پیاوان لە ناو خێزانی مردوو یاخود کەسە نزیکەکانیدا جلی ڕەش و شینیان لەبەردەکرد و هەندێکجار هەتا ساڵێك هەر ئەو جۆرە جلانەیان لەبەردەکرد و بەتایبەت ژنەکان لەهەموو سیمایەکی ئارایشتکردن خۆیان دووردەخستەوە, هەموو ڕۆژێکی هەینیش دەچوون بۆ سەرقەبران و کۆڕی شیوەنیان تازەدەکردەوە, ئەمە بێجگە لەوەی لە ناوماڵدا (دایك, خوشك, هاوسەر)ی مردوو بەشێوەیەکی ڕۆژانە چینێك شیوەنیاندەکرد بەدەم (لاواندنی منداڵ, یاخود لەبەر خۆیانەوە).

پێویستە لەباسکردنی ڕێوڕەسمی پرسەی هەوراماندا ئاوڕێکی خێرا لە (ئالأی کۆتەڵ) بدەینەوە, ئەم ڕێەڕەسمە لەگەڵ ئەوەدا دەربڕینی ماتەمی و دڵگرانی بووە بۆ لەدەستدانی ئازیزان, هاوکات کارێکی هونەری بووە و چەند وردەکارییەکی تێدابووە, (ئالأی کۆتەڵ) زیاتر بۆ خەڵکانی حوکمڕان و دەسەلأتدار سازدراوە, لەم بوارەدا زۆربەی خەڵکی هەورامان باسی ئەو (ئالأی کۆتەل)ەیان بیستووە کە بۆ (جافرسان و کەریم سان) گێڕدراون.

(جافرسان) هەرچەندە لە هەڵەبجە کۆچی دواییکردووە و لە عەبابەیلێ بەخاکسپێردراوە, کەچی کەسوکاری لە هەورامانی ئەودیو (ئالأی کۆتەڵ)یان بۆگێڕاوە, هەروەها کاتێك (کەریم سان) کۆچی دواییکردووە گەورەترین ئالأی کۆتەڵی بۆگێردراوە و ماوەی پەنجا ڕۆژ بەردەوامبووە بەم شێوەیە:

کۆمەڵی پیاوان بە شەش ڕیز یان کەمتر وەك تیپی سەرباز بەپێوە وەستاون و ڕیزی پێشەوەیان هەموویان قوڕبەسەر و شانییانەوەبووە و پارچە قوماشێکی ڕەش کە پێیوتراوە (دەواری ڕەش) کراوەتە ملیان, هەر لەبەینی چەند مەترێکیشدا ئالأیەك کە بریتیبووە لە پارچە قوماشێکی ڕەش کراوە بە دوودارەوەی و دووکەس لەمسەر و ئەوسەر دارەکانیان گرتووە بەدەستییانەوە, خزمەتکاری تایبەتی (کەریم سان)یش قوڕپێواوە و ئەسپەکەی سانی بەدەستەوە بووە وتفەنگەکەشی کردووەتە شانی بەلأم لوولەکەی بەرەوخوارکردۆتەوە, هەیکەلی

سانیش بەسەر ئەسپەکەوە بە جلوبەرگەکەی درووستکراوە , ئەو کەسەش شیعری لاواندنەوەی بە بالآی ساندا هەڵداوە لە پێش تفەنگقۆڵچییەکەوە ڕۆیشتووە و لەناو ریزی پیاوەکانیشدا زوڕناژەن و دەهۆڵژەن وەستاون, ژنان بە چەند ریزێك لەدوای ئەسپەکەی سانەوە ڕۆیشتوون و سەرپاکیان قوڕیانپێواوە و قەلآخی دراوە بەسەریاندا, کە شاعیر دەسیکردووە بە لاواندنەوەی (سان), هەموو پیاوان بە (باوکەڕۆ, ئاغەڕۆ) و زۆرناو دەهۆڵ بە ئاوازی چەمەری, ژنانیش بە هاوار وگریان وقژرووتاندنەوە کردوویانە بەڕۆژی حەشر, شیوەن و گریان بەردەوامبووە تا نیوەڕۆ, ئینجا نانی نیوەڕۆیان خواردووە و پاش پشوویەکی کورت بەهەمان شێوە دەستیانپێکردۆتەوە, شایانی وتنە ئەو کەسانەی ئالآ ڕەشەکانیان بەدەستەوە بووە بەیناو بەین لەگەڵ گەرمەی شیوەنکردندا نەویانکردوون.

لە کۆتایی ئەم بابەتەدا دەڵێن: ڕێوڕەسمی پرسە لەهەوراماندا گۆڕانکاری زۆری هاتووە بەسەردا, هەم لەرووی ڕۆژانی پرسەگێڕان و ڕۆیشتنەوە بۆ سەرقەبران, هەم لەرووی شێوازی هاوکاریکردنی خاوەن پرسەوە, بەلآم پێویستەئاماژەبەوەبدەین لەزۆر شوێنی هەوراماندا خەڵکان خۆویستانە سندووقیان داناوە و مانگانە پارەی تێداادەنێن بۆ ئەوەی هەندێك خەرجی خاوەن پرسەکانی پیجێبەجێبکەن.

## بابەتی ( 15 )

## شەونشینی هەورامان

شەونشینی یەکێکە لە سیما دیارەکانی ژیانی کۆمەلآیەتی خەڵکی هەورامان و هەر لەکۆنەوە شوێنی خۆی لەناو کولتووریاندا کردۆتەوە, لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی بەسەر ژیانی خەڵکدا هاتوون و سەرەڕای گۆڕانی هەندێك لە مەفاهیمە کۆمەلآیەتییەکان لە لایەکەوە و بلآوبوونەوەی چەندین ئامێری وەك: (رادیۆ, تەلەفزیۆن, ڤیدیۆ, سەتەلایت)کە شەوان هاودەمی خەڵکن, کەچی شەونشینی هەورامان وەك خوویەکی کۆمەلآیەتی هەتاکو ئێستاش هەر شوێنی خۆی گومنەکردووە.

خەڵکی ناوچەکە چ لەمانگەکانی سەرما و سۆڵە و کۆبوونەوەیان لەناو ماڵەکانیاندا, یاخود لەو مانگانەدا کەشوهەوا خۆشدەکات و باخدار و ئاژەڵدارەکانیان بەشێوەیەکی کاتی کۆچدەکەنە ناو باخەکانیان و هەوارگەکانی هاوینەیان, ئەم خووە لەناویاندا بەردەوامە و فەرامۆشیناکەن, جیاوازییەك کە لەنێوان شەونشینییەکانی ناوباخ و هەوارگە و شەونشینییەکانی ناو ماڵدا هەبێت ئەوەیە, شەونشینییەکانی ناوماڵ زیاتر (گلێرن= کۆن) و جۆری شەوچەرەکەشیان زیاتر میوەی وشکەوکراوەیە.

پێشتر هەندێك لە خێزانە هەورامییەکان بەتایبەت خێزانەکانی: (سان, بەگ, کوێخا, هەندێك لە پیاوە دەسترۆیشتووەکان), بەشێوەیەکی بەردەوام شەوانە کۆڕی شەونشینییان گەرمدەکرد و شەونشینییەکەش تاڕادەیەك گشتی بوو, ئەوجۆرە شەونشینییانە سەرەتا هەندێك قسە وباسی گشتییان تێداکراوە, پاشان برگەکانی شەونشینی دەستیانپێکردووە وەك: (گێڕانەوەی رازو سەرگوزشتە, نوکتەو قسەی خۆش, خوێندنەوەی شیعر, یاری میلی بە تایبەت گۆرەوی بازی[60], تەڵەو ڕواس= تەڵەوریوی, خوگە ملیٚ= بەرازە ملیٚ..هتد), لە نێوان برگەکاندا ئەوانەی دەنگخۆشبوون گۆرانییانچڕیوە, سەرەڕای ئەوەی دوابڕگەی شەونشینییەکە گۆرانیچڕینبووە و جارجاریش لەسەر ئاوازی گۆرانی چەپڵەڕێزان و شمشاڵژەنین بۆماوەیەك هەڵپەڕکیٚ سازدراوە, ئەم جۆرە شەونشینییانە ئێستا بەڕادەی نەمان کەمبوونەتەوە.


www.pertwk.com

بەنیسبەت شەونشینییە تایبەتەکان کەبەهەمان ریبۆڕەسمەوە بەرێوەچوون تا ئێستاش بەردەوامن, لەم بوارەدا ئەو خێزانانەی هاتووچۆی یەکتریدەکەن, هەر شەوێك لەماڵێکیاندا کۆدەبنەوە و کۆڕی شەونشینی گەرمدەکەن, لەشەونشینییەکاندا جۆرەوها شەوچەرە ئامادەدەکرێت وەك: (کوتە, لەپاری[61], کاکڵەگوێز, مێوژ, هەنجیری وشك, لەپۆرتە[62], قەزوان) و هەندێك لەو میوانەی کەهەتاکو ماوەیەکی زۆر بەتەڕی دەمێننەوە وەك: (هەنار, بەهێ), هەروەها (خۆشاو[63])یش یەکێکە لەو شەوچەرانەی لە شەونشینی هەوراماندا بایەخی خۆی هەیە, پاش ئەوەی رێگەی ئۆتۆمبێلیش بۆ زۆربەی دیهاتەکان کراوەتەوە, میوە تەڕدەستەکانی تریش وەك: (سێو, پرتەقاڵ, لالەنگی) چوونەتە ناو شەوچەرەکانەوە.

شەونشینی هەورامان هیمایەکی گەورەی تێکەڵاوی و پێکەوە ژیانی هەورامییەکان و جوانییەکانی هەردەمێنن.

## بابەتی (16)

## راوەکەو

راو بەشێوەیەکی گشتی لای ژمارەیەك لە خەڵکی هەورامان بووە بەخوویەك بەدرێژای تەمەنیان لەگەڵیاندایە و لەهەندێك دیهاتیشدا نەك هەر خووە بەڵکو بووە بەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لەناو دینیشیینەکاندا و ژمارەیەکی ئێجگار زۆریان پێوەیوابەستەن, هەرچەندە ئێمە وەکو خۆمان راوکردنی باڵندە و گیاندارە کێوییەکانمان بەلاوە شتێکی خراپە, بەڵام ئەو خووە قووڵاییەکی مێژووی هەیە لەناو کولتووری خەڵکەکەدا و سڕینەوەی لەلایەکەوە کات و لەلایەکی تریشەوە زیادبوونی هۆشیاری کۆمەڵایەتی گەرەکە, راو لەهەوراماندا چەند جۆرێکی هەیە لەوانە: (راوۆ ژەرەژا=راوەکەو, هۆریشە ڕاوە= راوە کەروێشك, کەڵەڕاوە= راوی بزن و مەڕی کێوی, خووگەڕاوە=راوەبەراز, راوەماسی, راو بەتەڵە ئەم جۆرەیان زیاتر بۆ رێوی, گورگ, چالەکە بەکاردێت), بەرادەیەکی کەمیش راوی (ریشۆڵە و ئایرەمەل= ئایینەمەل)دەکەن, لەم بابەتەدا باسی راوەکەو دەکەین کەبەربلاوترین جۆری راوە لەهەوراماندا, بەڵام بەر لەوەی بچینە ناوەرۆکی بابەتەکەوە پرسیارێکی بچووك بەگوێی برا راوچییەکاندا دەچپێنین و پێیاندەڵێین: باشە پێوە کەزۆربەتان کەوتان خۆشدەوێ و لەناوماڵدا رایاندەگرن و خزمەتییاندەکەن, توخوا چۆت دڵتاندێ ئەو باڵندە جوان و ئێسیك سووك و دەنگخۆشانە بکەنە قوربانی حەزێکی تایبەتی خۆتان؟.

راوەکەو لە هەوراماندا چەند جۆرێکی هەیە وەك:

1-کۆڵیت: لەدوادوای هاوین و سەرەتای وەرزی پایزدا کەو زۆرن چوونکە زۆربەی بارەکەوەکانی ئەوساڵە گەورەبوون, راوچییەکان یەیانیان زوو لەنزیك کانییەکانەوە خۆیان لەناو (کۆڵێت=داوگە)دا دەشارنەوە, کاتێك کەوەکان دێن بۆسەر ئەوکانییانە بۆ ئاوخواردنەوە تەقەیانلێدەکەن و دەیانکوژن.

2-دێجامە=دێوجامە: بریتییە لەپارچە قوماشێکی گەورە و چەند پارچە قوماشێکی ورد ورد و رەنگاوڕەنگی پێوە دەلکێنرێت و لەناوەڕاستتەوە کونێکی تێدایە, راوچییەکان دێوجامەکە دەبەستن بە دووقامیشەوە و خۆیان لەپشتییەوە دەشارنەوە, کاتێك کەوەکان لەو پارچە قوماشە نزیکدەبنەوە راوچییەکان لەکونی دێوجامەکەوە تەقەیانلێدەکەن و دەیانکوژن.

3-ویاری=سیپە: وشەی ویار لە (راویەر= رێبوار)ەوە هاتووە بەوەی کەوەکان لە ئاخر و ئۆخری مانگی شوبات و سەرەتای مانگی ئازاردا, لەگەرمییانەوە بە پۆل دەچن بۆکوێستان, راوچییەکانیش لەناو (سیپە) کەلەبەر

دیوایدەکەن و سەرەکەی بەهەژگ و پوش وپەلا دەگرن و لەشوێنێکدا درووستیدەکەن کەوەکان لێیدەنیشنەوە, بەیانییان زۆر زوو یاخود عەسران, خۆیان دەشارنەوە و دەیانکوژن, دەبارەی ویار لەهەوراماندا رازێك هەیە دەڵێن: کاتی دەستپێکردنی (ویار) رۆژی (18/ مانگی شوباتە) گوایا لەو رۆژەدا (بەقەسپی[64]) داویەتی لە (قەلاَی هەورامان) و رەقبووەتەوە.

4-شەرەبەق: خۆرشترین جۆری راوە بەلای راوچییەکانەوە, پاش کاتی (ویار) و لەئاخری زستاندا دەستپێدەکات و بەجیاوازی کەشو هەوای ناوچەکە ماوەیەکیش لەبەهار دەخایەنێت, ئەو کەسەی دەچێت بۆ (شەرەبەق) نێرەکەوێکی باش کە بەزمانی هەورامییەکان پێیدەوترێت (بەق) لەگەڵ خۆیدا دەبات, کەوەکەی کە لەناو قەفەزدایە دەبەستێت بە دارێکەوە و خۆشی لە (داوگە)کەیدا دادەنیشێت, کاتێك کەوەکەی دەستدەکات بەخوێندن نێرەکەوەکانی ئەو ناوە دێن بەدەم ئەو دەنگە غەریبەوە, کاتێك لە قەفەزەکە نزیکدەبنەوە راوچییەکە تەقەیانلێدەکات و دەیانکوژێت, بەپێی قسەی راوچییەکان راوچی بەختەوەر ئەوەیە کەوەکەی باش بخوێنێت ونەگبەتیش ئەوەیە کەوەکەی نەخوێنێت و لەم حاڵەتەدا دەڵێن (بنەیمەکەرۆ).

5-چێڵکڕ: دوا بەدوای کاتی شەرەبەق دەستپێدەکات, لەو کاتەدا (چێڵ= ماکەو)ـەکان کڕدەکەون و بەسەر هێلکەکانییانەوە دادەنیشن, ئیتر نێرەکەوەکان بەتەنیا دەمێننەوە و لەوکاتانەدا راوچییەکان (چێڵ= ماکەو) لەگەڵ خۆیان دەبەن و کاتێك دەخوێنن نێرەکەوەکان دێن بۆ لایان و راوچییەکان دەیانکوژن.

6-دامی= داو: جۆرێکی ترە لەڕاوەکەو بەوەی راوچییەکان داودادەنێن بۆ کەوەکان و دەیانگرن, بەتایبەت لەکاتی (ویار و کۆلێیت)دا.

7-شەواریَ =شەوارە: زیاتر لەشەوە تاریکەکانی پاییز و زستاندا ولەو کاتانەدا دەکرێت کەوەکان دەچن بۆ هێلانەی شەویان کە هەورامییەکان پێیدەڵێن (شۆلان).

راوچییەکان بەمەبەستی راوکردن (ساچمەزەن, وەرەندڵ, تاپڕ, فلچە) بەکاردەهێنن.

## بابەتی (17)

## بیناسازی هەورامان

پێشتر و لەبابەتی ژیانی خەڵکی هەورامان لە ناوهەوارەکانی هاوینەیاندا باسمان لەوەکردووە کە هەورامان مەڵبەندی نیشتەجێبوونی دێرینە و لێرەدا بەو باسەدا ناچینەوە, بەلاَم لەوەوە دەستپێدەکەن پێشینەی مێژوویی نیشتەجێبوونی هەورامییەکان لە ناوچەکەی خۆیاندا هۆکارێکی گرنگبووە بۆ ئەوەی بتوانن لەرووی بیناسازی و درووستکردنی خانووبەرە و رازاندنەوەی ماڵەکانیاندا تەواو جیاوازبن لە زۆربەی ناوچەکانی تر, دەبینین لەقەدپاڵی کێو و لەناو دۆڵەکاندا بە شێوەیەکی رێکوپێك خانووەکانیان دروستدەکەن, لە دروستکردنیاندا زۆر بە وردی حیساب بۆ (خۆر, شەماڵ, رەشەبا, رادەی شێ, سەیل و باران) دەکەن, بەردی زل زل دەخەنە بناغەیخانووەکانییانەوە بۆ ئەوەی زۆر قایمبێت, (دیمەك[65]) بەکاردەهێنن بۆ بەستنەوەی مور و دیوارەکان بەیەکترەوە, دیمەکیش لەداری توو لەسەر شێوەی شەشپاڵوو درووستدەکەن, لەبەرئەوەش لەو دارە دروستیدەکەن چونکە ناڕزێت[66], بەکارهێنانی (دیمەك) لە بیناسازی هەوراماندا گەواهێکی گەورەی ژێری هەورامییەکانە لەم بوارەدا, کاتێك کە دەخرێتە ناو دیوارەوە قورسایی دیوارەکە دابەشدەکات و مور و دیوارەکان

بەیەكترییەوە شەتەكدەدات, ئەمەش خۆی لە خۆیدا یاسایەكی فیزیاویە و پێیدەوترێت (هاوكێشە), شتێكی زانراوە هەورامییەكان لەرووی زانستییەوە پەیان بۆ گرنگی دیمەك نەبردووە وسەدان ساڵ بەر لەسەرهەڵدانی (یاسای هاوكێشە) دیمەك لەهەوراماندا بەكارهێنراوە, بەڵام لە ڕێی ژیری و سەلیقەی خۆیانەیاوە پەیان بەو گرنگییە بردووە.

لەبەر ئەوەی هەورامان ناوچەیەكی كوێستانە و وەرزی بەفر و بارانی درێژە, وەستادیوارەكانی هەورامان لەدرووستكردنی خانوودا هەمیشە حیساب بۆ ئەوە دەكەن رادەی شێ لە ناو خانووەكاندا بەڕادەیەك نەبێت هەڕەشە لەتەندرووستیانبكات, بۆیە دیواری خانووەكانیان بەپانی دروستدەكەن و بۆ ئەو مەبەستەش بەردو تۆپەڵە قوڕی پتەو بەكاردەهێنن, سەرەكەشیان بەدار و خێزەی ناوچەكەی خۆیان دارەڕادەكەن[67], پاشان بەردی تەنكی بچووك كەپێیدەڵێن (دێڵە) دەخەنە سەر خێزرەكە و ئینجا بە تۆپەڵەقوڕی پتەو قوڕەكاری سەر (دێڵە)كە دەكەن, پاشان بە خۆڵ گڵێبانیاندەكەن, (پاسار) بۆ خانووكانیان درووستدەكەن بۆئەوەی دیوارەكان نەخوسێنەوە وساڵانە لەگەڵ بارینی یەكەم بارانیشدا سەربانەكانیان كاڕێژدەكەن و بانگردێن دەگێڕن بەسەریاندا, لەوەرزی بەفر و بارانیشدا بەردەوام سەربانەكان دەماڵن و بانگردێن دەگێڕن بەسەریاندا.

زۆربەی خانووەكای هەورامان دووقات و سێ قاتن و چەندین خانووی یەك قاتیش هەن بەتایبەت لە دیهاتە دوورەدەستەكاندا, قاتی ژێرەوە بۆ (ئاژەڵ, بەرزە وڵاخ, رەشەوڵاخ, كادان, شوێنی لێژنەدار) بەكاردەهێنرێن و قاتەكانی تریش شوێنی ژیانی خێزانن, هەورامییەكان هەرگیز تێكەڵاوی لە نێوان شوێنی ژیانی خۆیان و ئاژەڵ و وڵاخەكانیاندا ناكەن و دەزان ئەوە هەڕەشە لە تەندرووستییان دەكات, لەناو شارەدێی و شارۆچكەكانیشدا قاتی ژێرەوە زیاتر دەكرێن بە: (دوكانی جۆراوجۆر, چایخانە, كەبابخانە, چێشتخانە...هتد) بەتایبەت ئەو شوێنانەی بە ئۆتۆمبێل هاتووچۆیاندەكرێت, خەڵكی هەورامان جیاواز لەخەڵكی تر هەرزوو دەركیان بەگرنگی (تەوالێت) كردووە, لەناو ماڵەكانیاندا تەوالێت و سەرشۆرگەیان درووستكردووە و لە مزگەوت و كانیاوە گشتییەكانیشدا تەوالێتی گشتییان درووستكردووە, لە هەندێك شوێندا (ماڕ)یان درووستكردووە كە بریتییە لە تونێلێكی بچكۆلە و دوو كووچە دەبەستێت بەیەكترەوە و سەرەوەی دەكرێت بە خانوو.

هەر لەبواری بیناسازیدا پێویستە باس لەوەبكەین هەورامییەكان بە جوانترین شێوە دیواری ناوەوەی خانووەكانیان ماڵەدەدەن, كەیبانووەكانیش زەوی و دیوارەكانی ناوەوە بە (سیرەكۆڵێ= هێڵەساو) )وبەخۆڵی ناوچەكەی خۆیان سواقدەدەن, سەرەتا بە هێڵەساوێكی گەورە دووجار سواقیاندەدەن, پاش ئەوەش كزردەبنەوە بە هێڵەساوێكی بچووك دواسواقیاندەدەن كە بەزمانی خۆیان پێیدەڵێن (رەقەساو) و بەجۆرێك ساف و لووسیاندەكەن بریقەیان لێوەدێت[68], هونەری سواقدانی خانوو هەموو ژنێك نایزانێت و هەندێك ژنیش كە لەم بوارەدا شارەزایی تەواویان هەیە پێیاندەڵێن (یانە ناو= ماڵ سواقدەر).

هونەری بیناسازی هەورامان بە گشتی و درووستكردنی تەوالێتەكان بە تایبەتی, ئەوەندە هونەرێكی گەورەیە سەرنجی ژمارەیەك خەڵكی بیانی راكێشاوە, یەكێك لەوانە (ئێدموندز) بوو كە لەم بوارەدا نووسیویەتی: لەكاتی سەردانەكەمدا بۆ هانەگەرمڵە شەو بووم بەمیوانی (ئەفراسیاوبەگ), ئەوەی زۆر سەرنجی راكێشام تەوالێتی ماڵەكان بوون كەبەشێوەیەكی پێشكەوتووتر لەهەموو ئەوانەی لە دەرەوەی هەورامان ئێران و عێراقدا دیبوومن درووستكرابوون, هەروەها لە وانەی شارستانێتی (فسباسیان) لەئیتالیا پێشكەوتووتربوون[69].

هەورامییەکان سەرای ئەوەی لە دیهاتەکاندا خانوو دروستدەکەن, لە ناو باخ و رەزەکانیشیاندا (کەوێڵ= کوخ) دروستدەکەن, لە کاتی هاتوچۆی ئەو شوێنانەدا یان لە ماوەی کۆچکردنی هاوینەیان بۆ ئەو شوێنانە تیایاندا دەحەوێنەوە.

ئیرادەی خەڵکی هەورامان لە دروستکردنی خانووەکانیاندا ئیرادەیەکی گەورەیە, زۆجار لەدووری سەدان مەترەوە (بەرد, خۆڵ, دار, خێزرە) و پێداویستی تر بەکۆڵ یاخود بەولاخ دەگوێزنەوە, لەو شوێنە سەخت و لێرەوارانەدا دوور لەسستی و تەمبەڵی ئەم کارانە ئەنجامدەدەن, ئەوەی لەدەرەوەی هەورامانەوە دەچێتە ناوچەکە چەندە بە سەلیقەی هەورامییەکان لە بواری (باخداری, پیشەسازییە دەستییەکان) سەرسامدەبێت, بەهەمان شێوە بە بیناسازییەکەیان سەرسامدەبێت و یەکسەر دەڵێت: ئەو هەموو خانووە چۆن لەو بەرزاییانەدا دروستکراون.

لە زۆر ناوچەی هاوشێوە بەهەورامان خانوو دروستکراون و رازێنراونەتەوە, چەندین ساڵ شوێنی ژیان و حەوانەوەی خێزان بوون, بەڵام خەڵکی هیچ شوێنێك وەك خەڵکی هەورامان نەیانتوانیوە ئەفراندن لە دروستکردنی خانووەکانیاندا بکەن.

## بابەتی (18)

## پزیشکی و دەرمانگەری میللی لەهەوراماندا

مرۆڤ لەسەرەتاوە هەتاکو ماوەیەکی دوورو درێژ هۆکارەکانی نەخۆشی لای نەزانراوبوون, بۆ رزگاربوون لەو نەخۆشییانەی تووشیانبووە پەنایبردووە بۆ ئەو شتانەی لەبەردەستیدابوون, وەك (خۆڵ, گژوگیا, گەڵاو توێکڵ وبەروبوومی رووەك, پاشەرۆی ئاژەڵ ...هتد), لەوەوە سەرەتاکانی پزیشکی و دەرمانگەری سەریانهەڵداوە, لەگەڵ بەردەوامبوونی ژیان ئیتر زانیویانە ئەو نەخۆشیانەی کە تووشیاندەبن چەند هۆکارێکیان هەیە لەوانە: (هۆکاری سروشتی) بۆ نموونە گەرماو سەرما, (هۆکاری خۆراکی), هەروەها هەندێك رووداو کەدەبنە هۆی (شکان, سووتان, برینداربوونی یەکێك یان زیاتر لە ئەندامەکانی لەش), بۆیە بۆ چارەسەری نەخۆشی پەنایانبردۆتە بەر هەندێك (سروتی ئەفسانەیی), یان سوود وەرگرتن لە هەندێك شت وەك (گژوگیا, گەڵاوتوێکڵ و بەروبوومی روەك, میتاڵ, ئەندامەجیاجیاکانی لەشی ئاژەڵ وباڵندە).

هەندێك خەڵك لەئەنجامی ئەزموون, یان لە دانایی و ژیری خۆیانەوە جۆرەها دەرمانیان دروستکردووە و شارەزاییان پەیداکردووە, ژمارەیەك نەخۆشییان چارەسەرکردووە.

لەناوخەڵکی هەورامان و لەسەردەمە جیاوازەکاندا کەسانێکی زۆر هەڵکەوتوون تارادەیەکی باش شارەزا و کارامە بوون لە خۆپاراستن و چارەسەرکردنی هەندێك نەخۆشی بەشێوەی پزیشکی و دەرمانگەری میللی, وەك: (چاککردنەوەی شکان و لەجێچوونی دەست و قاچ, لەجێچوونی کلۆك وشان ...هتد), ئەم جۆرە کەسانە بەزمانی خەڵکی ناوچەکە پێیانوتراوە (جەڕاح), بۆ مەبەستی کارەکەشیان تەنها ئامرازی سەرەتاییان لەبەردەستدابووە, وەك: (ئاوی گەرم, لەدوای دەرکەوتنی صابوون ئیتر ئەمیش بەکارهێنراوە


www.pertwk.com

بۆ شێلانی شوێنی شکان یان لەجێچوونەکە) هەروەها (پێستە, خام, هێلکە, قامیش, مۆم)یان بەکارهێناون, پێستە گیراوەتە ئەو شوێنە شکاوەی کە ماوەیەك بەسەر شکانەکەیدا تێپەربووە و نەگیراوەتەوە, یاخود لەئەنجامی بەهەڵە گرتنەوەی لاروسەقەت بووە, بۆ ئەوەی ئەو شوێنە نەرمبێتەوە ئینجا بگیرێتەوە پێستەی تێگیراوە, دوای ئەوەی شکان یاخود لەجێچوون بە راکێشان و تەقاندنی لەلایەن جەڕاحەکەوە گیراوەتەوە, زەردێنەی هێلکە بۆ جارێك یان زیاتر خراوەتەسەر پارچەخامێك و بەسەریدا بلاْوکراوەتەوە وپێیانوتووە (مشەممای هێلکە) و گیراوەتە شوێنی شکان یان لە جێچوونەکە, ئینجاچەند پارچە قامێشێکی تاشراو بەقەبارەی قەڵەمێك یان بچووکتر بەپێی شوێنی شکستەکە لەسەر مشەمماکە بەشێوەیەکی تەریب دانراون باش بەستراوە, بەم شێوەیە هەزاران کەس لە شەلی و کەمئەندامی پارێزراون .

لەبواری چارەسەرکردنی نەخۆشی و درووستکردنی دەرمانیشدا چەندین خەڵکی شارەزا هەبوون بە (حەکیم) ناسراون, ئەمانە ژمارەیان زۆرە و ناکرێت ناوی هەموویان بهێنین بەلاْم هەر وەك نموونە ناوی چەند کەسێك لە ناسراوەکانیان دەهێنین لەوانە: (پیرشالیاری یەکەم, باواخۆشێن, میرزا ئەولقادری تەوێڵەیی, شێخ هەیات, مەحمودی شێخ هەیات, شێخ عوسمان کوڕی شێخ عەلائوددینی بیارە, حاجی ساڵحی دزاوەری, کوێخا تۆفیقی هاواری, وەستا صادقی تەوێڵەیی, حاجی ئەلیبەگی بەڵخەیی, پورە گوڵەی ئەلاْوەیس...هتد).

لە خوارەوە ناوی ژمارەیەك لە نەخۆشییەکان و ئەو چارەسەرانەی بۆیان بەکارهێنراون دەخەینە پێش چاو:

1-بۆ چارەسەرکردنی رۆماتیزم کە پێیانوتووە (ژان وبا= باداری) گۆشتی رێوی بەکارهێنراوە.

2-بۆ چارەسەرکردنی (سکچوون), (برێشکەی نۆك, ماست و ئاردی نۆك, هێلکە بەترش) بەکارهێنراون.

3-بۆچارەسەرکردنی (ژانی گەدە, ژانەسك بەگشتی), (چایی گوڵەفەقێ, ئاوی توو, بنێشتە تاڵ, رازیانە, سمڵ, ئاوی نەعنا, گەلاْی گوڵەباخ پاش کولاْندنی لەناو ئاو)دا بەکارهێنراون.

4-بۆچارەسەرکردنی (ئازاری گورچیلە, ئازاری میزڵدان, بۆرییەکانیمیز), (بەڕەزا, قەیتەران, ریشاڵی گەنمەشامی بەشێوەی چالێنان) بەکارهێنراون

5-بۆچارەسەرکردنی (مایەسیری), (گێلاخە, گەلاْی هەنجیر) بەکارهێنراون.

6-ئاوی گەلاْی بی لەگەڵ برۆێشکی گەنم پێکەوە کولێنراون بۆچارەسەرکردنی (دۆمەڵ) هەتاکە زەردبووە, ئینجا (پیازی پیشاو, باینجانی پیشاو) بەکار هێنراون بۆ دەردانی کێمەکەی و پاککردنەوەی.

7-(گیای سینەمەکی, شەلەمە=شەروالبەکوڵ, تۆڵەکە, رۆنی گەرچەك) بۆ چارەسەرکردنی (قەبزی) بەکارهێنراون.

8-(گوڵنــار+سمــڵ+مێخــەك+خــوێ+مــازووی شــین) پێکــەوە کــوتراون, تۆزەکــەیان بــەکارهاتووە بۆچارەسـەرکردنی (هـەوکردن و تلۆقـەکردنی زمـان), هـەروەها لـە تۆزەکـەیان هـەویر دروسـتکراوە بـۆ چارەسەرکردنی (ئازاری دان), بەم دەرمانە وتراوە(حەوت دەرمانە) کە زۆرجار بۆ چارەسەرکردنی( گەڕی و کەچەڵی)ش بەکارهێنراوە.

9-(ئاوی تەماتەی کاڵ) بۆ چارەسەرکردنی (بالوکە) بەکارهێنراوە.

10-بـۆ چارەسـەرکردنی (کرمـی ناوسـك), (ناوکـە کوولەکـە بـەکاڵی+کـەرێ+شـەکر) بـەکارهێنراون, بەمەرجێك پێش خواردن بخورێن.

11-ئاوی توێکڵی پرتەقاڵ, گوڵەهێرۆ بۆ چارەسەرکردنی (قژ رووتانەوە) بەکارهێنراون.

12-گۆشتی ژیژك, تۆوی ئەسپەندەر بۆ چارەسەرکردنی (بەبۆنکەوتنی منداڵ) بەکارهێنراون.

13-ئاوی کەرەوز, ئاوی جۆ بۆ چارەسەرکردنی (میزگیران) بەکارهێنراون.

14-چایی گوڵە وەنەوشە بۆ چارەسەرکردنی (ژانە سەر, تەنگە نەفەسی) بەکارهێنراوە.

15-گەڵا ریکێشە بۆ چارەسەرکردنی (زیپکە و دۆمەڵ) بەکارهێنراوە.

بێجگـە لەمانـەی سـەرەوە کـە باسمـانکردن خـەڵکێکی شـارەزا هـەبوون توانـای هەڵکێشـانی (ددان) و برینپێچییان هەبووە, ئەوەش بەهەڵدڕینی برین و ئە وشوێنانەی کە هەویانکردووە وپاککردردنەوەیان لەکێم وپیسی, هەروەها کەسانێك هەبوون چارەسەری ئەوانەیان کردووە (مار و دووپشك) پێوەیانداون, ئەوەش بەپێچانی توندی شوێنی پێوەدانەکە, ئینجا بە چەقۆی تیژ یاخود گوێزان برینداریانکردووە و بە (کەڵەشاخ) خوێنەکـەیان هەڵمژیوە, پاشـان (سیر و خـوێ)یـان پێکـەوە کوتـاون و خسـتوونیانەتە سـەر برینەکە, هەروەها (شیری خاو)یان دەرخواردی ئەو کەسانە داوە کە (مار و دووپشك) پێوەیداون هـەتاکو بڕشێنەوە, بەم شێوەیە تونیویانە گیانی ئەوانە لە مەترسی بپارێزن.

لێـرەدا پێویسـتە بڵـێین لەگـەڵ ئـەم هەموپێشـکەوتنەی لـەبواری پزیشـکی و دەرمانگـەری زانسـتیدا بەدەستهاتووە, دەبینین هێشتا (گژوگیا, گەڵاوبـەروبوومی روەك ...هتـد) لـەبواری دەرمانگـەری میللـی بەکاردەهێنرێن بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی جۆراوجۆر,  جاری واش هەیە ئەنجامی باشیان هەیـە, لـەم ساڵانەی دوایشدا دەرمانگە وشوێنی تایبـەت بـەم جۆرە چارەسـەرانە کراونەتـەوە و رەواجی باشیشیان هەیە.

هـەر لـەم بابەتـەدا پێویسـتە ئـەوە بەبیربهێنینـەوە لـە باسـی باخـداری و دارسـتانە سرووشـتییەکان و ناوهێنـانی هەنـدێك گـژوگیای هەورامانـدا باسمـان لەوەکردهەنـدێك لەبـەروبوم و گـژوگیاهی هـەورامان خاسـییەتی دەرمانیـان هەیـە لـە خـوارەوە نـاوی هەنـدێکیان دەهێـنین و کـەمێك  لـە خاسییەتەکانیشـیان دەخەینە پێشچاو.

1–بەرگەمی = کوزەڵە: بەعەرەبی پێیدەوترێت (کرفس الملە) بە فارسیش پێیدەوترێت (رواس)، گیایەکی تام و بۆنخۆشە و سوودی خۆراکی و دەرمانی هەیە، بەم شێوەیە:
یارمەتی هەرسکردنی خۆراك دەدات، بۆ چارەسەری (زەردوویی، ئاوسانی سپڵ، ژنەسك، میزگیران، لەرز) زۆرباشە، زۆربەی وڵاتە ئەوروپییەکان زۆرگرنگی پێدەدەن و هەر بۆ نموونە بەریتانییەکان لە ئینجانەدا دەڕوێنن و بە مسقاڵ دەیفرۆشرن.
2––پوینە = پونگە: بەعەرەبی پێیدەوترێت (نعناع البری)، خواردنی پونگە بەسوودە بۆ چارەسەرکردنی ژانەسك، چای پونگە چارەسەرێکی مسۆگەرە بۆ (سنگگیران، تەنگەنەفەسی، سکچوون، ژانەسکی بێنوێژی، فشاری خوێن، شەکرە)، هەروەها  چارەسەرێکی باشە بۆ نەخۆشی غودده و بەهێزکردنی پووك.
3–گەزەنێ= گەزنە: خواردنی گەزنە بۆ ئەوانەی نەخۆشی شەکرەیان هەیە زۆر باشە چونکە رێژەی شەکرەکەیان کەمدەکاتەوە، میزپێکەرە و بۆ چارەسەکردنی هەوکردنی گورچیلەکان زۆر بەسوودە، بۆ ئەودایکانەی شیردەدەن بە منداڵەکانیان خواردنێکی کەمنموونەیە و شیریان زیاددەکات، (چا)ی گەزنە نەخۆشی مانگانەی ژن خێرادەکات، بۆزیادکردنی ئارەزووی سێکسی زۆر باشە، ئەگەر گەڵاکەی لەگەڵ (ئاوی جۆ)دا بکوڵێنرێت و بخورێت سنگ نەرمدەکاتەوە و تەنگەنەفەسی ناهێڵێت، ئەوانەی تووشی لووتپژاندەبن گەڵای گەزنە بکەنە لووتیانەوە و بۆنەکەی هەڵمژن لە لووتپژانەکە رزگاریاندەبێت، گەڵای گەزنە لەگەڵ هەنگوین پێکەوە بکوترێن و بخرێنە سەر (دومەڵ) بەزوویی دەریدەدەن و لە کێم و پیسییەکەی پاکیدەکەنەوە، غەرغەرەکردن بە ئاوی گەزنە هەوکردنی (لۆزەتەین) سووکدەکات، خواردنی گەڵاکەی پاش کوڵاندنی بە رۆنی زەیتوونەوە ئاوسانی قوڕ گ و بناگوێ ناهێڵێت، ئەو شوێنانەی مرۆڤ تووشی سڕبووندەبن و پێستەکەیان دەمرێت کە پێیدەوترێت (ئیفلیجی کاتی) ئەگەر بە گەڵای گەزنە بکوترێن وریادەبنەوە و جووڵەیانتێدەکەوێتەوە.
4–گۆزروانە = گۆزروان: بەعەرەبی پێیدەوترێت (لسان الثور) و بەفارسی پێیدەوترێت (گاوزبان)، سوودی زۆرە و خواردنی دەبێتە هۆی بەهێزکردنی مۆخ، لابردنی سنگئێشە، کوڵاندنی گوڵەکەی لەگەڵ (ئاوی سێو، مێوژ)دا دەبێتە خواردنەوەیەك مرۆڤ سەرمەستدەکات، هەر لەبەر ئەوەشە پێیدەوترێت (شەرابی حەڵاڵ).
5–پەڵپینی = پەڵپینە، بەعەرەبی پێیدەوترێت (بربین)، خواردنی پەڵپینە بەکاڵی و بە کوڵاوی یارمەتیدەرێکی باشە بۆ گەدە، ئەو کەسانەی تووشی (کرمی شریتی) بوون ئەگەر سێ ڕۆژ پێش خواردنی دەرمانی کرم شۆربای پەڵپینە بخۆن کرمەکان لەناوسکیاندا بێهۆشدەکەون و خۆشیان ڕەواندەبن، ئەوەش یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ئەوە بەئاسانی فڕێیاندەن، ئارەزووی خواردن زیاد دەکات و چارەسەرێکی باشە بۆ خۆربردن، خواردنی پەڵپینە لەگەڵ ماستدا سوودێکی زۆری هەیە بۆ رزگاربوون لە


www.pertwk.com

(لەرزوتا)، بۆ پاککردنەوەی کۆئەندامی میزکردن بەسوودە چونکە گیایەکی میزپێکەرە، رەگی پەڵپینە ئەگەر بکوترێن و باش بگوشرێن ئاوێکیان لێدەردەچێت چالرەسەرێکی باشە بۆ لابردنی بالووکە.

6-قێتەران= قەیتەران: خواردنی چای قەیتەران چەندین سوودی هەیە لەوانە: (ئارەق بە مرۆڤ دەکات و چارەسەری برك و کۆڵینج دەکات، قوڕگپاکدەکاتەوە و بەڵغەم لادەبات، میزپێکەرە و (رمل)ی گورچیلەکان فڕێدەداتە دەرە و ناهێڵێت ببێت بەبەردی گورچیلە و زۆرکەسیش بەخواردنەوەی چایی قەیتەران بەردی گورچیلەیان فڕێداوە)، کەمێك قەیتەرانی وشك بکرێتە ناو دووکوپ رۆنی زەیتوون و بۆ ماوەی (10) رۆوژ بخرێتە شووشەیەکەوە بەلام بەمەرجێك رۆژانە بشلەقێنرێت، پاش ئەو ماوەیە رۆژانە بنی مووەکانی سەری پێچەوربکرێت ئەم سوودانەی هەیە: (کرێشکی سەر ناهێڵێت، تووکەسەر بەهێزدەکات و رووتانەوەی رادەگرێت).

7-ریواوی = رێواس: بەعەرەبی پێیدەوترێت (ریباز) خواردنی بەسوودە بۆ بەهێزکردنی دڵ و جگەر، ئاوی رێواس لەگەڵ ئاردی جۆ تێکەڵدەکرێت و لەشی پێسواقدەدرێت هەم نەرمیدەکاتەوە و هەم زیپکە لادەبات، هەروەها زۆربەسوودە بۆ نەهێشتنی سەرئێشە و چاکبوونەوە لە هەلامەت و ئەنفلۆنزا، خواردنی رێواس دەبێتەهۆی پاکژکردنەوە و پتەوکردنەوەی دەموودان، هەروەها زۆربەسوودە بۆ دابەزاندنی فشاری خوێن، رەگی رێواس بەسوودە بۆ کەمکردنەوەی رێژەی شەکر لەخوێندا، بەتایبەت بۆ ئەوانەی توشی نەخۆشی شەکرە هاتوون.

8-بەلو = بەڕو: بەعەرەبی بێیدەوترێت (بلوط)، ئەگەر بکوترێت و لەناو ئاوی گەرمدا بکوڵێنرێت چارەسەرێکی باشە بۆ سکئێشە، خواردنی بەڕوو زۆر بەسوودە بۆ ئەوانەی شەوانە میزدەکەنە ژێر خۆیان، بەرووی کوتراو چارەسەرێکە مسۆگەرە بۆ هەوکردنی هەموو برینێك، گەڵای داربەڕوو بە وشکی بکوترێت و وردبکرێت بۆنکردنی باشە بۆ چارەسەری خوێنبەربوونی لووت.

9-تفی= توو:

1- خواردنی تەڕەتوو زۆرباشە بۆ چەرەسەرکردنی (قەبزی) و نەرمکردنەوەی ریخۆڵەکان.

2- خواردنی شاتوو بۆچارەسەرکردنی قورگ ئێشان و سنگ ئێشان زۆر بەسوودە.

3- تووی وشکەوبوو بکرێنە ناو ئاوەوە و ئاوەکەیان بە سکی خاڵی بخورێتەوە باشە بۆ چارەسەرکردنی (برینی گەدە و دوانزەگری).

4- ئاردی توو لەگەڵ (قەیماغی سرێش) بۆ دەردانی برین و پاککردنەوەی لە کێم و پیسی زۆر بەسوودن.

5- خواردنی توو لە زستاندا رێژەیەکی باش وزە و گەرمایی دەدات بەلەش، لە شوێنە کوێستانەکاندا تەواو بە سوودە بۆ پاراستنی مرۆڤ لە نەخۆشییەکانی سەرما.

10-بەی= بەهیَ:

1-یەك بەهێی گەورە پاکبکرێت و لەناو لترێك ئاودا بۆ ماوەی (20) دەقیقە بکوڵێنرێت وئینجا شەکری تێکەڵبکرێت، چارەسەرێکی زۆر باشە بۆ (سکچوون، بێهێزی ریخوڵەکان، هەوکردنی سی و جگەر).

2-يەك كەوچكی گەورە تۆوی بەهیَ بكريَتە ناو كوپيَك ئاو و بەباشی تیَكبدريَت هەتاكو ئاوەكە خەستدەبيَتەوە, رۆژانە چەند جاريَك ليَيبخوريَت بۆ چارۆەسەركردنی برينی گەدە و دوانزەگریَ بەسوودە.

3-يەك كەوچك تۆوی بەهیَ بكريَتە پيالَەيەك شيرەوە وكەميَك گەرمبكريَت, پاشان دابنريَت هەتاكو سارد و خەستدەبيَتەوە رۆژانە ليَيبخوريَت چارەسەری سنگگيران و كۆكە دەكات.

4-يەك كەوچكی گەورە تۆوی بەهیَ بكريَتە ناو كوپيَك ئاوەوە و دابنريَت هەتاكو باش خەستدەبيَتەوە, بۆ چارەسەركردنی (وشكبوونەوە و چرچ و لۆچی پيَست, سووتاوی چرو وچاو, هەوكردنی مايەسيری, لابردنی بيرۆ) زۆر بەسوودە, بەلاَم بەمەرجيَك رۆژانە بيسوويت بەو شويَنانەدا.

5-كەميَك گەلاَی بەهیَ لەناو لتريَك ئاودا بۆماوەی (15) دەقيقە بكولَيَنريَت, پاشان كەميَك گولاَوی تيَبكريَت و رۆژانە كەوچكيَكی گەورەی ليَبوخوريَت بۆ هيَوركردنەوەی ميَش زۆر بەسوودە.

11-مرۆ= هەرمیَ:

1-ميَشك ئاسوودەدەكات و بيری مرۆۋ تيژدەكات.

2-دلَ بەهيَزدەكات و جۆريَك لەئارامی پيَدەبەخشيَت.

3-ريخۆلَەكان نەرمدەكاتەوە و كرداری هەرسكردن لە گەدەدا ريَكدەخات.

4-بۆ چارەسەركردنی نەخۆشی شەكرە زۆر بەسوودە.

5-ميزپيَكەرە و ئازاری ميزلَدان و بۆريەكانی ميز هيَوردەكاتەوە.

6-چارەسەريَكی باشە بۆ ئەوكەسانەی تووشی (رۆماتنيزم, هەوكردنی جومگەكان, دەردەمەليك) بوون.

7-ئارەزووی سيَكسی زيادەكات و كرداری ئەندامە سيَكسييەكان ريَكدەخات.

8-خويَن پاكدەكاتەوە و فشاری كەمدەكاتەوە.

12-ساوی= سيَو:

1-دوو تا سیَ سيَو لەتبكريَن و بكريَنە لتريَك ئاوەوە, پاش ئەوە بۆماوەی چارەكيَك بكولَيَنريَن كەميَك بەلەكيان تيَبكريَت چارەسەريَكی باشە بۆ (هەوكردنی سی, وەرەمی سی).

2-دوو تا سیَ سيَو ئەگەر لەرِنە بيدريَن و بخوريَن و لەو كاتەدا خواردنی تر نەخوريَت زۆرباشە بۆ چارەسەركردنی گيرانی گەدە و ئارەزوونەكردنی خۆراك.

3-سيَو چارەسەركردنی برينی گەدە و دوانزەگری زۆر بەسوودە.

4- خواردنی سيَو دەبيَتە هۆی بەهيَزكردنی چاو, جگەر, ميَشك و تەنگە نەفەسی ناهيَلَيَت.

5-چارەسەريَكی باشە بۆ نەخۆشييەكانی (رۆماتيزم, هەوكردنی جومگەكان, نەخۆشی دەردەمەليك).

6-خواردنی سيَو زۆر بەسوودە بۆ چارەسەركردنی بەردی (زراو, گورچيلە).

7-شەربەتی سيَو چارەسەريَكی مسۆگەرە بۆ نەخۆشييەكاتنی سەرما و هەلاَمەت.

8-چارەسەريَكی تەواو بەسوودە بۆ كەچەلَی و برينەكانی پيَست.

شتيَكی ئاشكرايە بيَجگە لەوانەی ناموانهيَناون, چەندين (ميوە, بەروبووم, گژوگيا)ی ترهەن لە هەورامانـدا كە خاسييەتی دەرمانيان هەيە و لەم بوارەدا سووديان ليَوەردەگيريَت.

## بابەتی (19)

## گوڵبژێرێك لە (واتۆ وەڵینا= پەندی پێشینان)

بۆچوونە ناو ناوەرۆکی ئەم بابەتەوە لەوەوەدەستپێدەکەین کەپەندی پێشینان بەشێکی زیندوون لەناسنامەی نەتەوەیی, لەم بارەیەوە ئینگلیزەکان دەڵێن: (پەندی هەر نەتەوەیەك کتێبێکی گەورەیە بەئاسانی رەوشتی ئەو نەتەوەی تێدا دەخوێنرێتەوە, (مەکسیم گۆرکی) گەورە نووسەریش وتوویەتی: (هەرگیز ناتوانرێت مێژووی راستی هیچ گەلێك بزانرێت ئەگەر ئەوبەرهەمانەی دەما و دەم دەیانگێڕنەوە نەزانرێن و بایەخیانپێنەدرێت, چونکە ئەوبەرهەمانە ئاوێنەیەکن بۆ پیشاندانی ژیانی گەل بەهەموو دیاردەکانییەوە و لەهەموو سەردەمە جیاجیاکاندا[70]).

گەلی کورد لەبواری (پەندی پێشینان)دا خاوەنی سامانێکی لەبننەهاتووە, پەندەکانی گەنجینەیەکی پڕلەگەوهەرن و هەموو بوارەکانی ژیانی(کۆمەڵایەتی, ئابووری, سیاسی, فەرهەنگی) دەگرنەوە و ناواخنکراون بە(تێبینی, فەلسەفە, زانیاری, ئامۆژگاری, تاقیکاری), ئەم پەم پەندانە بەرهەمی رۆڵە (ژیر و هوشیار, زانا و دانا, قسەزان, بەئەزموون)ــەکانی گەلەکەمانن و پشتا وپشت بۆنەوەکان گوێزراونەتەوە, پڕن لە (رەوانبێژی, جوانکاری, لێکچوون, مانادۆزینەوە, خوازە و خواستە) و رەگەزەکانی تری بەلاغە, هەندێك کەس دەڵێن هەموو پەندەکان بۆ گشت سەردەمەکان دەشێن و گیانی نەمری و جاویدانیان لە خۆگرتووە و کەڵکیان هەر بەردەوامە, لەگەڵ رێزی زۆرمان بۆ هەڵگرانی ئەو بۆچوونە بەپێویستی دەزانین لەدیدی خۆمانەوە بڵێن: , لەبەر ئەوەی پەندەکان لەدایکبووی سەردەمە جیاجیاکانن, زیاتر تێگەیشتنە ئەقڵانییەکانی ئەو سەردەمانەیان بۆ ژیان هەڵگرتووە, بەڵام وەك ئاشکرایە رەوەڕەوەی گەشەکردنی ژیان لە هەموو بوارەکانیدا لە بەرەوپێشچوونی بەردەوامدایە و لەگەڵ خۆیدا گۆرانکاری جیددی بۆ هەندێك لە تێگەیشتنەکان پێیە, بۆیە هەموو پەندەکان بۆ هەموو کاتێك گونجاونین, بەتایبەتی ئەوانەیان لەگەڵ رۆحی سەردەم ناگونجێن وەیاخود سەردەم بێکەڵکی و پووچیان دەسەلمێنێت, کەواتە تەنها ئەو پەندانە بەجاویدانی دەمێننەوە کە نرخ و بەهاکانی ژیان و مرۆڤ بەبەرز و پیرۆز رادەگرن, ئیتر ئەوانی تریان هەرچەندە هەرسامانی نەتەوەیین و بەشێکن لەکەلەپوورمان و نابێت بەبێکەڵك سەیریانبکرێت و نەفرەتیانلێبکرێت, بەڵام پابەندبوونپێیانەوە بێجگە لە دیلبوون لەناوسرووشت و سوونەت و بێماناییدا شتێکی تر نابەخشێت.

(پەندی پێشینان) لە هەورامانەدا پێیاندەوترێت (واتۆ وەڵینا) دیارە واتە بەمانی (وتە) و (وەڵینا) بەمانی پێشینان دێت, کەواتە (واتۆوەڵینا) مانای (واتەی پێشینان) دەبەخشێت, بۆیە ئێمە لەم بابەتەدا هەر بەناوە هەورامییەکەیان ناویان دەهێنین, هەروەها واتەکان هەرچۆن لەسەر زاری خەڵکی هەورامان دەوترێنەوە دەیاننوسینەوە و بەرامبەریشیان ماناکانیان بەشێوەزاری کرمانجی خواروو دەنووسین, بەواتای دەقە هەورامییەکەیان دەگۆڕینە سەر شێوەزاری کرمانجی خواروو, هاوکات کارمان بەوە نییە ئەم واتانە چۆن لەشێوەزاری کرمانجی خوارووا وەکو پەندی پێشینان بەکاردەهێنرێن. هەر لێرەدا باس لەوەشدەکەین لەکتێبێکی لەم جۆرەدا کە هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵکی هەورامان دەگرێتەخۆ, ناکرێت هەموو (واتۆ وەڵینا)کانمان بەپێی پیتەکانی دەستپێکردنیان و بەزنجیرەیەکی یەك لەدوای یەك بنووسین و قسەیان لەسەر

بکەین, بەڵام وەك لەناونیشانی بابەتەکەدا نووسیومانە گوڵبژێرێك لێیان, لەگەڵ راز و بەسەرهاتەکانی پەیوەست بەهەندێکیانەوە دەخەینەروو بەم شێوەی خوارەوە:

1-(ونۆ سیاو وەحشیەنە= خوێنی سیاوەحشە) یاخود دەڵێن (بی بە ونەکۆ سیاو وەحشی= بوو بەخوێنی سیاوەحش), ئەم واتەیە بنەمایەکی مێژوویی هەیە و لە رووداوی کوشتنی (سیاوەیش= سیاوەش)ـەوە سەرچاوەیگرتووە, (سیاوەیش) کە هەورامییەکان پێیدەڵێن (سیاو وەحش) کوڕی (کەیکاوس) بووە و رازی کوشتنەکەی لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا زۆر کۆنە و بۆ سەردەمی پێش نووسینی (شانەمەکەی فیردەوسی)دەگەڕێتەوە, لەسەر رۆشنایی ئەو رازوەش دەوترێت (سودابە) کەیەکێك بووە لەژنەکانی (کەیکاوس) حەزیکردووە لە (سیاوەیش) بەڵام هەرچەندە هەوڵیداوە لەگەڵیدا نەیتوانیوە لەخشتەیبەرێت, بۆیەدواجار لای کەیکاوس زمانلێداوە بەوەی گوایا دەستدرێژیکردۆتە سەری, بۆ سەلماندنی پاکی و بێتاوانی (سیاوەیش) ئاگرێکی گەورەیان بۆکردۆتەوە و لەمسەر بۆئەوسەر بەناو ئاگرەکەدا چووە و چونکە بێتاوانبووە هیچی لێنەهاتووە, ئیتر لەوەوە خۆی بەدڵشکاو زانیوە و لەباوکی دوورەپەرێزبووە, کاتێك (ئەفراسیاو= ئەفراسیاب)ی شای توووران هێرشیهێناوەتە سەر قەڵەمڕەوی (ماد), کەیکاوس فەرمانیداوە سووپاکەی لەژێر فەرماندەیی (سیاوەیش)دا بەرپەرچی سوپای دەژمن بداتەوە, بەڵام (سیاوەیش) چونکە خۆی زۆر بەدڵڕەنجاو زانیوە پەیوەندی بەلەشکری (ئەفراسیاو)ەوە کردووە, ئەویش بۆ ئەوەی بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانی خۆی بەکاریبهێنێت زۆر ریزیلیگرتووە و کچێکی خۆی داوەتیٚ, بەڵام پاش ماوەیەك بەنامەردانە کوشتوویەتی, کاتێك هەواڵی کوشتنی (سیاوەیش) گەیشتۆتە لای (رۆستەم) دەستبەجیٚ چۆتە ناو کۆشکی (کەیکاوس)ـەوە و (سودابە)ی سەربڕیوە, هاوکات بەلەشکرێکی گەورەوە پەلاماری (وڵاتی توووران)یداوە و کردوویەتی بەیەك پارچە ئاگر و (ئەفراسیاو) هەڵهاتووە, (رۆستەم) ماوەیەك لەویٚ ماوەتەوە و حوکمڕانی تووورانی کردووە و پاشان گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتی خۆی, ئینجا (ئەفراسیاو) توانیویەتی بگەڕێتەوە بۆ (توووران), هەر لەسەر رۆشنایی ئەم رازە هەرکێشەیەك لەناو خەڵکی هەوراماندا بتەنێتەوە و رەنگدانەوەی خراپی هەبێت دەڵێن (ونو سیاووەحشیەنە).

2-(رەنجش بی بەرەنج و فەرادی= رەنجی بوو بەرەنجی فەرهاد), ئەم واتەیەش هەر ناوەرۆکێکی مێژوویی هەیە و لە بەباچوونی رەنج و ماندووبوونەکەی (فەرهاد)ـەوە سەرچاوەیگرتووە, بەوەی لەکاتێکدا خۆشەویستی (شیرین) هێزێکی وەهای پێبەخشیوە توانیویەتی کێوی بێستوون کونبکات, بەڵام (خوسرەوی پەروێز)ی هاوسەری (شیرین) بەرامبەری درۆزن و ناپاکبووە و بەفیتی پیرێژنێك کە هەواڵی درۆزنانەی مەرگی شیرینی گەیاندۆتە لای, فەرهاد قوڵنگەکەی دەستی هەواداوە بەئاسماندا و نێوچاوانی خۆی داوەتەبەری و لەئەنجامدا مردووە, رازی خۆشەویستی نێوان (شیرین و فەرهاد) بۆچوونی جیاواز لەبارەیەوە هەیە, هەندێك بەئەفسانە و هەندێکیش بەڕاستی دەزانن, بەڵام لەهەموو بارێکدا ئەم رازە (خۆشەویستی و ئەوینێکی گەورە, رەنج و ماندووبوونێکی زۆر, ناکامی) فەرهاد و (بێبەڵینی و ناپاکی) خوسرەوی پەروێز دەخاتەڕوو, خەڵکی هەورامان ئەم (واتە)یە دەرهەق بەوانە بەکاردەهێنن کە هەمیشە لە ئەرك و ماندووبووندان و کەچی هیچیان دیار نییە, یاخود بەو خۆشەویستانە دەڵێن کە خۆشەویستیەکەیان بێئەنجامە و ناگەن بەیەکتری.

هەرچەندە هەركەسێك رازی خۆشەویستی (شیرین وفەرهاد)ی بیستبێت هەمیشە سۆزی بەلای (فەرهاد)دا چووە, كەچی یەكێك لە شاعیرەكانمان لەم بارەیەوە بۆچوونێكی جیاوازی هەیە, لەم بارەیەوە با لەم دوو دێڕە شیعرە وردببینەوە:

هیچ كەس نەواچۆ وە فەرهاد رەندەن نەقشی شیرینش نەرووی سەنگ كەندەن

دەك ریزان دەس با وەرجە گیان سەندەن كێ ئەڵماس وە رووی دید و وێش شەندەن

ئەم شیعرە كەمێك جیاوازی لەسەری هەیە, زۆركەس دەڵێن شیعری (مەولەوی) و هەندێكیش پێیانوایە شیعری (خانای قوبادی)یە, بەهەرحاڵ شیعری هەركام لەدوو زاتە بێت ناوەرۆكەكەی باس لەوەدەكات: هیچ كەس نەڵێت (فەرهاد) كەسێكی رەند بووە و نەقشی شیرینی لە رووی بەرد هەڵكەندووە, ئەگەر ئەو ئەویندارێكی راستەقینە بووە چۆن دڵی هاتووە قوڵنگە بگرێتە نێوچاوانی خۆی؟ مەبەستی شاعیر لەنێو چاوانی خۆی ئەوە نییە كە(فەرهاد) قوڵنگەی گرتۆتە نێوچاوانی خۆی و لەئەنجامی ئەوەدا مردووە, بەڵكو مەبەستی ئەوەیە چۆن دڵی هاتووە لەكاتی تاشینی پەیكەرەكەی (شیرین)دا بەمەبەستی دەركردنی شێوەی روومەتی لەسەر بەردەكانی بێستوون قوڵنگە ئاژنی روومەتی بكات.

3-(گۆرێ گرتشا كەنار ژەنی لوێ ئۆهەوار= گەورەكان گرتیان كەنار ژنانیش چوون بۆ هەوار), ئەم واتەیەش هەر وەكو هەردوو واتەی پێشوو ناوەرۆكێكی مێژوویی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی لەشكركێشییەكانی (میرتەیمووری گورگانی= تەیمووری لەنگ), دیارە ناوبراو كەسێكی خوێنڕێژ و داگیركارێكی جیهانگیر بووە, لەكاتی لەشكركێشییەكانیدا ژمارەیەكی زۆر لە حوكمڕان و دەسەڵاتدار و كەسێتییە دیارەكانی ئەو ناوچانەی هێرشیكردوونەتەسەر بۆ پاراستنی گیان خۆیان كەناریانگرتووە و خۆیانشاردۆتەوە, ژن و منداڵەكانیش رێگەی هەوارگە شاخاوی و سەختەكانیان گرتۆتەبەر, هەرچەندە لێرەدا پێویستە ئاماژەبدەین بەوەی حوكمڕانی هەورامان لەوسەردەمەدا (سلێمان بەگ) بووە و بەجۆرە رێككەوتنێك توانیویەتی هەورامان لە كوشت و كوشار و وێرانكاری بپارێزێت.

4-(ولی بێ درەیە نییەنە= گوڵی بێ دڕك نیە), شتێكی ئاشكرایە ئەوەی لە شێوەزاری كرمانجی باشووردا پێیدەوترێت (گوڵەباخ) لە هەوراماندا پێیدەوترێت (ولی) و چەند جۆرێكیان هەیە وەك (ولە گولاوی, ولە هۆشێ, ولەتووتی...هتد), ئەم گولانە بەشێوەیەكی گشتی دیمەنیان جوانە و هەشیانە بۆنی زۆر خۆشە بەتایبەت (ولە گولاوی), ئەم گولانە هەرچەندە هێمای (بۆنخۆشی, خۆشەویستی, پاكی, بەها جوانەكان)ن بەلام زۆربەیان دڕكیان هەیە, مرۆڤ ئەگەر بەهێمنی و بەئاگاییەوە دەستیان بۆ نەبات لەوانەیە دڕكەكانیان بچن بەدەستیدا, ئەم واتەیە بنەمایەكی كۆمەڵایەتی هەیە و زۆر بەواقعبینانەش دەڕوانێتە مرۆڤ, شتێكی ئاشكرایە مادام مرۆڤ (حەز, ئارەزوو, غەریزە)ی هەیە هەرگیزا و هەرگیز ناتوانێت فریشتەئاسا رەفتاربكات, كەسێك نییە لەسەر رووی ئەم دونیایەدا هیچ كەمو كورییەكی نەبێت و لەهەموو دۆخەكاندا بتوانێت سەرجەم بەها جوانەكان لەخۆیدا كۆبكاتەوە, بۆیە بەرامبەر بەو كەسانەی سەرەرای ئەوەی كۆمەڵێك خەصڵەتی باشیان هەیە, كەچی رێكدەكەوێت جۆرە هەڵسوكەوتێك دەكەن كە شیاوی كەسێتی ئەوان نییە, یاخود لە سووچێكی بچووكی كەسێتییانەوە كەموكوڕیان هەیە, دەوترێت (ولی بێ دڕەیە نییەنە).

5–ئیندەت مدۆ ونە بیاوی هەری واچی مەرحەبا لالۆ= ئەوەندەت لێدەدەم بگەیت بەکەر بڵێت مەرحەبا خاڵۆ)، ئەم واتەیە هەڕەشەیەکی زیادەڕۆیانەیە کەسێك لە کەسێکی تری دەکات، دیارە بەپێی ناوەڕۆکی واتەکە ئەوەی هەڕەشـەکەدەکات زۆر خـۆی بـەخاوەن هێـز و توانـا دەزانێـت و بەرامبەرەکـەی بـە بێدەسـەڵات دەزانێـت وەك خۆفشکردنەوەیەکە بەسەریدا.

6–(بەچەمچێو ئاوی مێوە مەڵ= بەکەوچکێك ئاو دێتە مەلە)، بەرامبەر بەو کەسانە دەوترێت کە (نەدی و بدی)ن، بەدەسکەوتێکی کاتی کەم لەخۆیان بایبدەبن و پێشینەی خۆیان لەبیردەکەن، ئەو جۆرە کەسانە هەم لەرووی هەڵسو کەوت و هەم لەڕووی قسەکردنیانەوە دەگۆڕێن.

7-( تەوێڵەیی قاقەزی چەرمە موانۆوە= تەوێڵەیی کاغەزی سپی دخوێنێتە)، دەربارەی ئەم واتەیە لە ناو خەڵکی هەورامانـدا دوو سەرگوزەشـتە هەیـە، یەکـەمیان بـاس لـەوە دەکـات گوایـا لـە یـەکێك لـە هێرشـەکانی حکومـەتی (حەمەڕەزا شای پەهلەوی) بۆ سـەر هـەورامان (گوندی دزڵی) سـوتێنراوە و خەڵکەکـەی هیچیان بۆ دەرنەچووە، ئەوەش بووە بەهۆی خولْقاندنی دۆخێك لەنەبوونی و کەمدەستی لەناویاندا، لـەو سالەدا (مـەحمود خـانی دزڵـی) نامەیـەکی بـۆ (قادربـەگی جافرسـان) نووسـیوە کـە لـە (تەوێڵـە) نیشتـەجێبووە و داوای بڕێـك قـەرزی لێکـردووە، کاتێك نامەکە گەیشـتۆتە دەسـت ناوبراو هەڵیپچڕیوە و سـەیریکردووە هـەر سپییە و هیچی تێدا نەنووسـراوە، ئەویش زۆری پێسەیر بووە و داویەتە دەست یەکێك لە ئامادەبووانی مەجلیسەکەی بەناوی (میرزا ئەولقادری تەوێڵـەیی) و پێیوتـووە ئایـا تـۆ هـیچ شـتێك لـەم نامەیـە تێدەگـەی؟ ئـەویش داوایکـردووە چـرایەکی فانۆسـی داگیرسـاوی بـۆ بهێـنن و کـاتێك نامەکـەی داوەتـە بـەر ڕۆشـنایی چـراکە توانیویـوتی بیخوێنێتـەوە و مەرامەکـەی (مەحموود خان)ی بۆ (قادربەگ) ئاشکراکردووە، هاوکات وتوویەتی ئەم نامەیە بە ئاوی پیاز نووسـراوە، دیارە مەبەستی (مەحموود خان) ئەوە بـووە ئەگـەر دەسـت کەسـێکی ناحـەز کـەوت نـەزانێت ناوەڕۆکەکـەی چییە، ئیتر لەوەوە وتراوە تەوێڵەیی کاغەزی سپی دەخوێنێتەوە.

سەرگوزەشتەی دووەمیشیان دەڵێت: لەسەردەمی حوکمڕانی (ناسرەدین شای قاجار)دا چەند کەسێکی هەورامی کە یەکێکیان تەوێڵەی بووە گیراون و پێکەوە لە زیندان پەستێنراون بەبێئـەوەی کەسـێك هـەواڵیان بزانێت، لـەناو خۆیانـدا قسـەیان لەسـەرئەوەکردووە چـۆن هـەواڵیان بگەیەننـە کـەس وکاریـان، بۆیـە تەوێڵییەکـە بـە ئـاوی پیـاز نامەیـەکی نووسـیوە و باسـی چۆنیەتی دەسـتگیرکردنیان و شـوێنی زینـدانیکردنیانی تێدا نووسـیوە، ئەوانـەی لەگەڵیدابوون وتوویانە خۆ ئەمە هەرسپییە و هیچی تێدا نەنووسـراوە، ئەویش لەوەڵامدا وتوویـەتی خوادەکات دەتوانم بینێرم بۆ کەس و کارم ئەوان دەیخوێنەوە چونکە تەوێڵەیی کاغەزی سپی دەخوێننەوە.

لێرەدا دەمانەوێ بڵێین ئەم شێوە لە کاغەز نووسین زۆرجار دووبارە بۆتەوە هەربۆنموونـە: (فەهـد)ی سـکرتێری گشـتی حزبـی شـیوعی عێـراق لـەکاتی زینداانیکردنیـدا لـە (نـوگرە سـەلمان) چـەند جارێـك بـەئاوی پیـاز نامـەی نووسیوە و ناردوویەتی بۆ ڕێکخسنەکانی ئەو حیزبە لە ئاستە بەرزەکاندا.

8–(تیکە بژاوە ئینجا قووتش دە= پارو بجو ئینجا قووتی بدە)، شـتێکی ئاشـکرایە مـرۆڤ پـێش ئـەوەی پـارو قووتدابـدات پێویسـتە بـاش بیجوێـت، خـۆ ئەگـەر نـەیجوێت پێدەچێت بگیرێتە قورگی و ئازاری بدات وەیـاخود بیخنکێنێت، ئەگەر بە بێجوین چووە ناوگەدەشی ئەوە هەر باش نییە و هەرسـکردنی گرانـە، ئەمـەی باسـمانکرد تا ئێرە تەنها مانا رواڵەتییەکەی ئەم واتەیە، بەڵام ناوەڕۆکەکەی شتێکی ترە و پێماندەڵێت: بەرلـەوەی قسـەیەك

بکەن بزانن چیدەڵێن و ئەو قسە چەکاردانەوەیەك لەسەر ئەوانەی گوێگرینی درووستدەکات, شتێکی وانەڵێن پاشان پەنجەی پەشیمانبوونەوە بگەزن, هەروەها پێش ئەوەی هەڵوێستێك وەربگرن وردبینەوە بزانن تا چ رادەیەك سوودمەندە بۆ خۆتان و بۆ دەورووبەرەکەتان.

9-(جووجەڵێ وەهاری پاییزەنە بژمارە= جووجکەی بەهار لەپاییزدا بژمێرە),ئەگە تەنها لە رووە ڕواڵەتییەکەیەوە بڕوانینە ئەم واتەیە, واتێدەگەین کەسێك ئەگەر لە بەهاردا بۆ نموونە (20) جووجکەی هەبوو مەرج نییە هەتاکو پاییز هەموویان بمێنن, بەڵام لەراستیدا ناوەرۆکی واتەکە ناوەرۆکێکی ئەقڵانییە و مەبەستی ئەوەیە نابێت مرۆڤ لەبەرنامەی ژیانیدا زەمەن و رووداوە چاوەڕواننەکراوەکانی فەرامۆشبکات, چونکە مەرج نییە هەموو کاتێك رووداوە چاوەڕواننەکراوەکان بەپێی حەز و ویستەکانی ئەوبن.

10-زوان بازەم سەرەم سلآمەت= زمان بمهێڵە سەرم سەلامەت), ئەم واتەیە ئەگەر بەو مانایە لێکبدرێتەوە کەمرۆڤ بەرامبەر (چەوساندنەوە, ژێردەستی, ستەملێکردن, دیاردە و کرداری ناڕەوا) بێدەنگبێت وراستییەکان لەخۆی ونبکات هەر لەپێناوی ئەوەدا سەری سەلامەتبێت, ئەوە بێجگە لەخۆگێلکردن و بێهەڵوێستی و دابڕان لەبەها جوانەکان مانایەکی تری نییە و ئەو سەرسەلامەتییەش سەرشۆڕی و سازشکارییەکی پەتییە, بەڵام لەبوارێکی تردا ئەگەر بەومانایە لێکبدرێتەوە کەمرۆڤ بەقسەی نابەجێ و بێسەروبەر هەستی خەڵکانی تر بریندارنەکات و کێشە بۆ خۆی دروستنەکات ئەوە کارێکی چاك و سوودمەندە, شتێکی ئاشکرایە لەناو کۆمەڵێکی دواکەوتووی وەك کۆمەڵی کوردەواریدا ئەم واتەیە و واتە هاوشێوەکانیشی هەمیشە کاریگەری خراپیان لەسەر مرۆڤی کورد درووستکردووە و بەئاکارە خراپەکەیاندا بەکارهێنراون.

11-( ئاگات ئافەرمی بۆ= ئاگات لە ئافەرین بێت), ئەم واتەیە ناوەرۆکێکی ئەقڵانی هەیە و لای خەڵکی هەورامان بۆ ئەوە دەوترێت کەمرۆڤ هەرشتێك پێیدەوترێت پێویستە بیداتە بەرتیشکی ئەقڵ و ژیری و لەمێشکی خۆیدا ڕاڤەیبکات, وانەکات بەخۆی خەڵکی فێڵاوی و هەلپەرست بەقسەی چەور سابوون لەژێر پێی بدەن و یاری بەئەقڵیبکەن, بۆ ئەوەی بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریبهێنن ئافەرینی درۆزنانەی لێبکەن و بیکەن بەئامێرێك بەدەستی خۆیانەوە.

12-(هەر کەس چەنێوەت چەقنۆ پۆرە گۆچەوەنێوەش چەقنە پۆرە= هەر کەس دەرزییەکت پیا دەچەقێنێ سووژنێکی پیا بچەقێنە), ئەم واتەیە ناوەرۆکێکی خراپ و تۆڵە ئامێزانەی هەیە, هەرچەندە ئەگەر لەسەردەمی خۆیدا واتەیەکی لەم چەشنە جۆرێك رەوایی تێدا بووبێت, بەڵام بۆ ئێستا زۆر بێکەڵکە چونکە گیانی کینە و تۆڵە سەندنەوە پەروەردەدەکات و لەگەڵ رۆحی لێبوردن و دونیای پێشکەوتندا نایەتەوە, هەقە لەم رۆژانەدا ئەم جۆرە واتانە بخەینە لاوە و تەنانەت لە کاتی گەرەترین ڕقیشدا نەیانکەین بە نموونە.

13-(کە ئەدا بیە بە بابەژەنی تاتێچ بۆ بە بابەپیارە= کە دایك بوو بە باوەژن باوکیش دەبێت بە باوە پیارە), ئەم واتەیە راستە و راست پەیوەستە بەباری پەروەردەیی خێزانەوە پاش ئەوەی یەکێك لە کۆڵەکییە سەرەکییەکانی کە (دایك)ـە لەدەستدەدات, چ بەهۆی مردن یاخود تەڵاقدان یاخود هەر هۆیەکی تر کە منداڵ لە دایکی دادەبڕێت, واتەیەکە هەرچەندە بە گشتگیری دەڕوانێتە ئەو باوکانەی باوەژن دەخەنە ناو منداڵەکانییانە و هەمان تێڕوانینیشیان بەرامبەر باوەژنەکان هەیە, بەڵام تارادەیەکی زۆر بە واقعبینانە سەیری ئەم مەسەلەیە دەکات, هەمووومان شتێك لە هەڵوێستی باوەژنەکان بەرامبەر (منداڵی مێردەکانیان= هەنەزاکانیان) کە لە خۆیان نین

و بەهەمان شێوە هەڵوێستی باوەپیارەکان بەرامبەر (منداڵی ژنەکانیان= کۆڵە بەستەکانیان) کە لە خۆیان نین دەزانین بۆیە لەسەر ئەم لایەنە نارۆین بەڵام پێویستە ئەوە بڵێین لەگەڵ ئەوەشدا ئەم واتەیە تێڕوانینێکی واقعبینانەیە بەڵام چەندین باوکیش هەن سەرەڕای ئەوەی پاش مردنی ژنەکانیان یان تەڵاقدانیان یاخود لە دۆخی فرەژنیشدا دەژین, کەچی سۆز و خۆشەویستییان بۆ منداڵەکانیان هیچ گەردێکی لەسەر نییە, هەروەها چەندین باوەژنیش هەن منداڵی مێردەکانیان وەك منداڵی خۆیان پەروەردەدەکەن بەتایبەتی ئەوانەیان منداڵیاننابێت.

14- (ئەدا هەشەنە بۆش وەشەنە= دایك ورچیش بێت بۆنی خۆشە), دیارە لە هەورامانەدا هەرکەسێك زۆر ناشیرین و ناقۆڵا بێت بە (ورچ) دەیشوبهێنن و دەڵێن ئەجو (هەشەنە) بەمانای دەڵێی ورچە, شتێکی ئاشکراشە کەدایك چەندە خۆشەویستە و کەسێك نییە دایکی هەر چۆنێك بێت خۆشی نەوێت, ئەم واتەیە ئەگەر لەرووی مانا رواڵەتییەکەیەوە و لیکشوبهاندنەوەکەیەوە سەیریبکەین لەوانەیە پێمان جواننەبێت, بەڵام ناوەرۆکەکەی باس لەگەورەیی و خۆشەویستی دایك دەکات لای منداڵەکانی, ئەو خۆشەویستییەش بەڕادەیەکە دایك هەرچەندە (هەژار, ناشیرین, نەخۆش, پەککەوتە) بێت بەڵام لای منداڵەکانی هەمیشە خۆشەویتە و رێزیلێدەگیرێت.

15-(دنیا پۆچی وەشا بیٚ بەرە بۆ= دونیا بۆیە خۆشە بێدەرگا بێت), ئەم واتەیە مانایەکی زۆر گەورەی هەیە و یەکێکە لەواتە چاکەکان, شتێکی ئاشکرایە هیچ کەس ناتوانێت دەرگابخاتە دونیا, کلیلەکەی بخاتە گیرفانییەوە و بەهەوەسی خۆی بیکاتەوە و دایبخات, بەڵام کۆنترۆڵکردنی ئازادی خەڵك و دەستتێوەردانی سەربەستییەکانی وەك ئەوەیە هەموو ئەم دونیایە کرابێت بە هۆدەیەك بۆی و کلیلدرابێت لەسەری, لێرەوە دەبینین ناوەرۆکی واتەکە باس لەئازادی مرۆڤ دەکات بەوەی چۆن بیردەکاتەوە و لە چ جێگایەك دەیەوێت بژی کەسێك نەبێت ئەو مافانەی لێزەوتبکات.

16-(گاوە جە گاوگەلی بڕیو شاخیٚ ویٚش مارۆ= گا لەگاگەل بڕێت شاخی خۆی دەشکێنێت), ئەم واتەیە قسە لەسەر ئەوەدەکات کە کۆمەڵ سەرچاوەی ژیانی ئاسوودەیی و بەختەوەرییە, مرۆڤ پێوبستە هەمیشە لەناو کۆمەڵدا بژی و دابڕانی لێیدەبێتە مایەی زیان و نارەحەتی بۆی.

17-(کەڵەشیریچ نەبۆ هەر رۆ بۆوە= کەڵەشێریش نەبێت هەر رۆژ دەبێتەوە), شتێکی ئاشکرایە هەموو شەوێکی تاریك بە رۆژێکی رووناك کۆتایدێت و زەمەن ناوەستێت, پێشتر خەڵکی زۆر حیسابیان بۆ خوێندنی کەڵەشێر کردووە بۆ دیاریکردنی کات, بۆ نموونە وتوویانە (کەڵەشێری نیوەشەو خوێندی, کەڵەشێری چێشتەنگا خوێندی, کەڵەشێری عەسران خوێندی), بەو شێوەیە ئیتر کەڵەشێر تارادەیەك دەوری سەعاتی بینیوە, ناوەرۆکی ئەم واتەیەش ئەوەیە زەمەن ناوەستێت و ژیان بەردەوامە, زیاتریش لەو کاتانەدا دەوترێتەوە کەسێك بۆ جێبەجێکردنی کارێك پێویستی بە هاوکاری کەسێکی تر بێت بەڵام بەرامبەرەکەی هاوکارینەکات و بەتەنگییەوە نەبێت, هاوکات خۆشی لەوبڕوایەدابێت کە هەرچۆنێك بێت دەتوانێت کارەکەی ئەنجامبدات.

18-(تەوەنێوە ئاسمانۆ وەرەبۆوە گنو ملو سەرۆ فەقیرییەرە= بەردێك لە ئاسمان بەربێتەوەکە دەدات بەسەرسەری هەژارێکدا), ئەم واتەیە ناوەرۆکێکی کۆمەلایەتی دواکەوتووانەی هەیەو لەسەربنەمایەکی سازشکارانە داڕێژراوە, مەبەست لەواتەکە ئەوەیە گوایا خەڵکانی هەژار (نەگبەت, کلۆڵ, داماو)ن و ئەو حاڵەتە

بووه به مۆرێك نراوه بەنێوچاوانیانەوە، هەموو هەوڵێکیشیان بۆ دەربازبوون بێهودەیە، هەروەها تەنیا لەرووی جۆرە سۆز و بەزەییپیاهاتنێکەوە دەڕوانێتە ئەو چەوساندنەوەی لە سەریەتی.

19-(دار کرمیش جەوێش نەبۆ هەزار ساڵێ مژیوۆ= دار کرمی لە خۆی نەبێت هەزار ساڵ دەژی)

ئەم واتەیە یەکێکە لە واتە چاکەکان و کاریگەری گەورەی لە بوارەکانی (کۆمەڵایەتی، سیاسی، حوکمڕانی)دا هەیە، شتێکی دیارە دار ئەگەر نەخۆش و کرمەڕێز نەبێت ماوەیەکی زۆر دەژی و تەمەنی خۆی دەگوزەرێنێت، بەڵام ئەم واتەیە داری شوبهاندوە بە کۆمەڵ و ئەو خەڵکاش گیانی (سیخوڕی، نۆکەرایەتی، جاشایەتی، پیاوخراپی)یان هەیە شوبهاندوونی بە (کرم)، هەر چۆن کرمەکە لەسەر دارەکە دەژی لێیدەخوات و کلۆڵێدەکات، ئەو کەسانەش بەکردارە ناڕەواکانیان دووبەرەکی و دڕدۆنگی دەنێنەوە و دەبن بەنۆکەری دوژمنانیان لەپێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و تەخشان و پەخشانکدنەوەی پارە بەسەریاندا، بە کردارانەشیان جەستەی کۆمەڵەکەیان کلۆڵ و بێهێزدەکەن و دوژمان زاڵدەکەن بەسەریدا.

20-(سوار هەتا نەگنۆ مەبۆ بەسوار- سوار هەتا نەگلێت نابێت بەسوار)، وەڵاخ بەهەموو جۆرەکانییەوە شان بەشانی مرۆڤ رۆڵیگێڕاوە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، سوارە چاپك و کارامەکانیش هەمیشە شوێنی تایبەتیان هەبووە لەناو تیرە و خێڵەکاندا و ریزیانلێگیراوە، حوکمڕانەکان لەشەڕ و لەشکرکێشییەکانیاندا زۆر پێویستیان بە سوارە ئازاکان بووە بۆ داکۆکیکردن لە قەڵەمڕەوی حوکمڕانییەکانیان، خێڵ و تیرەکانیش بەهەمان شێوە پشتیان بەسوارە ئازاکانیان بەستووە لە پاراستنی ماڵ و حاڵیان و بەگژاچوونەوەی نەیارەکانیاندا، شتێکی شاردراوە نییە سوارەکان هەتاکو بوون بەسوار چەندینجار گلاون و زۆریشیان لەئەنجامی گلانەکەیاندا دەست و قاچیان شکاوە و تووشی کێشەی تەندروستی هاتوون، ئەم واتەیە زۆرجار لەو کاتەدا دەوترێت کەسێك لە ئەنجامی کارێکدا تووشی نارەحەتیببێت، یاخو لەئەنجامی کەمشارەزایی لەو کارەدا وەکو پێویست نەیەت بەدەستییەوە.

21-(دۆستت ئانەنە گراونۆت، دوژمنت ئانەنە لاونۆت= دۆستت ئەوەیە دەتگرێنێت، دوژمنت ئەوەیە دەتلاوێنێت)، ئەگەر لەرووی وشەسازییەکی رواڵەتییەوە بڕوانینە ئەم واتەیە دەبینین جۆرە ناکۆکییەکی تێدایە چونکە لەم بوارەدا لاواندن باشترە تا گریاندن، بەڵام مرۆڤ پێویستە بزانرێت ئەو لاواندنە کێ دەیکات و بەرامبەر بەچییە؟ بەهەمان شێوە گریاندنەکە کێ دەیکات و لەسەر چییە؟ دیارە ئەگەر دۆستەکەت بە ئامۆژگاری و قسەی زبر بتگرێنێت، بێگومان ئەوە لەسەر سوودی خۆتە و لەهەڵەیەك دوورتدەخاتەوە کە بۆی هەیە لەو کاتەدا تۆ وەکو ئەو پەی بەو مەسەلەیە نەبەیت کە لە پێناویدا دەتگرێنێت، بەڵام لاواندنەکە ئەگەر کەسێك بیکات بیەوێت فریوتبدات و بەقسەی چەور بتخاتەسەر رێگەی هەڵە و راستی مەسەلەکانت لێچواشەبکات، ئەوە بێگومان ناحەزتە و کێشەت بۆ درووستدەکات، پاشان پێتپێدەکەنێت و لێتدووردەکەوێتەوە و هەرچی زیان و نارەحەتییەکیش تووشتببێت بەلایەوە گرنگ نییە.

22-(هامسا جە هامسای گیرۆ سەراسێ = دراوسێ لە دراوسێ دەگرێت سەراسێ)، سەراسێ جۆرە سەرئێشەیەکی زۆر توند و مرۆڤ بێتاقەتکەرە و پێیدەوترێت (شەقیقە)، زۆجار بە حەپ و دەرمانیش سوکنابێت، ئەم نەخۆشییە وەك هەڵامەت و ئەنفلۆنزا و نەخۆشییە درمییەکانی تر نییە لەمرۆڤێکەوە دەگوێزرێنەوە بۆ یەکێکی تر، بەڵام مەبەستی واتەکە ئەوەیە کە هەندێك خەڵك هەن هەمیشە چاو لەیەکتری دەکەن و بەئاسانی

خووی یەکتری دەگرن, بەبێئەوەی هیچ بیر لەوە بکەنەوە ئایا ئەو چاولێکردن و خووگرتنە پڕبەپێستی حاڵەتی ئەوانە یان نا؟ بەڵام تەنها وەك جۆرە بەخیلییەك و لاساییکردنەوەیەکی کوێرانە بەو کارە هەڵدەستن.

23-(زەڕ دیین بەرۆ و دیینیچ مدۆ = پارە دیین دەسێنێتەوە و دیینیش دەدات), ئەم واتەیە خوێندنەوەیەکی ژیرانەیە بۆ هەڵسوکەوتی خەڵکانی پارەدار و دەوڵەمەند لەناو کۆمەڵدا, ئەگەر ئەو پارەدار و دەوڵەمەندانە پارەکانیان بە ئاکارێکی خراپ بەکار بهێنن و گوێ بەوە نەدەن ئایا شێوازی کۆکردنەوە و خەرجکردنی پارەکانیان چاکە یاخود خراپ, هیچ هاوکارییەکی خەڵکی هەژار و نەداری پێنەکەن و تەنها مەبەستیان قەبەکردنی سەرمایەکانیانبێت, بێگومان ئەو پارانە وەك بەڵایەکە بەسەریانەوە و کاریگەری خراپی هەیە لەسەر پایەی دیینی و کۆمەڵایەتییان لەناو خەڵکدا و خوای گەورەش لەخۆیان دەڕەنجێنن, بەڵام بەنیسبەت ئەو پارەدار و دەوڵەمەندانەوە کە پارەکانیان بۆ خۆشگوزەرانی خۆیان و خێزانیان و کەسوکاریان بەکاردەهێنن, یارمەتی هەژاران و لێقەوماوان دەدەن و کەموکوڕیان جێبەجێ دەکەن, پارەکانیان ناو و نەنگێکی باشیان بۆ پەیدا دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی پایەی کۆمەڵایەتی و دیینیان لەناو خەڵکدا بەبەرز بنرخێنرێت, هاوکات خوای گەورەش لەخۆیان رازیبکەن.

24- ئۆجاخەش رۆشنەنە- وەجاخی روونە[71], ئەم واتەیە زۆر کۆنە و قووڵایی لە ناو کولتووری دیینی خەڵکی ناوچەکەدا هەیە, شتێکی ئاشکرایە هەورامییەکان پێش سەرهەڵدانی دیینی ئیسلام لەسەر دیینی زەردەشتی بوون, یەکێك لە سیما دیارەکانی دیینی زەردەشتیش ئەوەیە کە پێویستە ئاگری ناو کوانووی ماڵ بەردەوام بسووتێت و نەکوژێتەوە, خەڵکی هەورامان بە کوانوو دەڵێن (هۆجاخە, هارگا) و ئەرکی ئاگرکردنەوەش لەئەستۆی نێرینەدا بووە, هەر ماڵێك نێرینەیان نەمابێت ئاگرەکەیان کوژاوەتەوە وخەڵکەکە وتوویانە وەچاخیان کوێر بووەتەوە, هەر لەم بوارەدا پێویستە باس لەوە بکەین تا ئێستاش لە هەوراماندا ئەو ژن و مێردانەی کوڕیان نییە, وە یان هەر منداڵیان نییە پێیاندەڵێن (ئوجاخ کور=وەچاخ کوێر), هەروەها ئەو باوك و دایکانەی کوڕەکانیان خراپ و بێکەڵکن چ خۆیان وەیاخود خەڵکی تر دەڵێن خوزگە فلانە کەس وەچاخ کوێر بوایە نەك فلانە کوڕی بووایە.

25-خاکو چێرو پایش پێ حوت دەرمانەی مشیۆ= خۆڵی ژێر پێی بۆ حەوت دەرمانە دەشێت, پێش ئەوەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بەم شێوەی ئێستا پەرەبسێنن, جۆرێك لە پزیشکی و دەرمانگەری میللی باوبووە, (حەوت دەرمانە)ش یەکێك بووە لەو دەرمانانەی بۆ چارەسەری چەند نەخۆشیەك بەکارهێنراوە, شتێکی دیارە خۆڵ خاسییەتی خۆی هەیە و داودەرمانیش خاسییەتی خۆیان هەیە, بەڵام کەبە کەسێك دەوترێت (خۆڵی ژێر پێی بۆ حەوت دەرمانە دەشێت), مانای ئەوەیە کەسێکی لە (خواترس, بێوەی, سوود بەخش, نەرموونیان)ـەو هەڵسوکەوتی باشە لەناو کۆمەڵدا.

26-سەرو ئاو و حمامیۆ پیاوەتی کەرۆ = بەسەر ئاوی گەرماوەوە پیاوەتیدەکات, ئەم واتەیە زۆر کۆن نییە, چونکە پێشتر خەڵکی هەورامان لە (ناوماڵ, حەوزی مزگەوت, کانی ژنان, جۆگە, چەم ... هتد) خۆیانشتووە, پاشان لە هەندێك گوندی ناوچەکەدا گەرماوی گشتی دروستکراوون, بەتایبەت لە (شارەدێی تەوێڵە, شارەدێی بیارە, بەڵخە, پاوە, نۆدشە ... هتد), پاشان خەڵك بەرەبەرە لەناوماڵەکانیاندا گەرماو و سەرشۆرگەی تایبەت بە خێزانیان دروستکردووە, شتێکی ئاشکرایە هەرکەسێك دەچێت بۆ گەرماوی گشتی بەرامبەر بە بڕێك پارە

خۆیدەشوات و هەرچەند ئاو بڕژێنێت ئازادە, ئەم واتەیە بەرامبەر ئەو کەسانە دەوترێت قسەی زل دەکەن و بەڵێنی شت دەدەن بەخەڵکی‌تر کە لەسەرخۆیان نەکەوێت, یاخود شتێك دەبەخشن پشتیان پێوەینەیەشابێت.
27-بیبە رەفیقو قەلەنـدەری, چە ریش و سمیڵی بی بێبەری = بوبەهاوڕێی قەلەنـدەر لـە ریش و سمێڵ بێبەریبوو, ئەم واتەیە بنەمایەکی مێژوویی هەیە, دەربارەی کەسێتی قەلەندەر دوو بۆچوون هەن بەم شێوەیە:
ئـ-هەنـدێك لـە خـەڵکی ناوچـەکە دەڵـێن (قەلەنـدەر) مەبەسـت لـە پـیر قەلەنـدەری هەورامییـە کـە وەسـتای دروستکردنی کلاشەکانی پیرشالیار بووە و تا ئێستاش تاکێکیان لەمەرقەدەکەی ناوبراودا پارێزراوە.
ب-ابن بطوطة دەڵێت: قەلەنـدەری تیرەیـەکن (سـەر, ریش, سمێڵ, بـرۆ)یـان دەتاشـن و دەچنەوەسـەر (شـێخ جەمالەددینی ساوەیی) و رازێك دەربارەی ناوبراو دەگێڕێتەوە بەم شێوەیە: شێخ جەمالەددین کەسێکی جوان و تەرپۆش بووە, ژنێك حەزیلێکردووە چەند جارێك نامەی بۆ ناردووە و سەرپێیلێگرتووە بەڵام بێسوودبووە و ناوبراو گوێینەداوەتێ, دواجار پیرەژنێکی کردووە بە تووشییەوە و ڕۆژێك سـەرڕێی مزگـەوتی لێگرتـووە و پێیوتووە: کوڕەکـەم کاغەزێکی بۆنـاردووم و دەمـەوێ جـەنابت بـۆم بخوێنیتـەوە, بـەڵام ئەوەنـدە ئەرکبکێشـیت لەگەڵما تەشریفبهێنیت بۆماڵەوە هەتا بووکەکەشم گوێی لەنامەکەبێت, کاتێك شێخ لەگەڵیا چووە بۆ ماڵەوە پیرەژنەکە دەرگاکەی لەسەر داخستووە و دووکارەکەری ژنەکەش بەزۆر شێخیان بردۆتە ناو هۆدەیەکەوە, ژنەکە هاتۆتە لای شێخ و ویستوویەتی دەستی لەگەڵ تێکەڵبکات, شێخ کە زانیویـەتی چارینییە بە ژنەکەی وتووە جارێك دەستی ئاووم هەیە, بابێمەدەرەوە بەدڵی تۆ دەبێت, کە چووەتە سەرئاو بەچەقۆیەك (سەر, سمێڵ, ریش, بـرۆ)ی خـۆی تاشـیوە, کاتێك هاتۆتـە دەرەوە ئەوەنـدە سـیمای ناشـیرین بـووە, لەبەرچـاوی ژنەکـە کـەوتووە و بەدووکارەکـەی وتـووە بەشـەق بیکەنـە دەرەوە, پاشـان هـەموو موریـد و شـوێنکەوتووەکانی وەك شـێخ (سـەر, سمێڵ, ریش, برۆ)ی خۆیان تاشیوە.
ئەم واتەیە بەرامبەر ئەو کەسانە دەوترێت بۆ دەربازبوون لـەکارێکی نارەوا شتێك لەتایبەتمەندییـەکانی خۆیـان دەدۆڕێنن.
28-یەز دوورا گەز نزیکا = یەزد دوورە و گەز نزیکە, دەربارەی ئەم واتەیـە دەڵـێن: ڕۆژێك کەسێکی درۆزن و فشەباز لەکاتی دەمەتەقێکردندا لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵك وتوویەتی: لەشاری (یەزد) چل گەز بازمداوە, خەڵکەکە بەعەقڵیانەوە نەچووە و یەکێکیان وتوویەتی کاکە ئەگەر یەزد دوورە خۆ گەز نزیکە, وەرە لێرەدا باز بدە بابزانین دەتوانیت چەند گەز باز دەدەیت.
ئەم واتایە بەرامبەر بەو کەسانە دەوترێت لەقسەکانیاندا خۆیـان هەڵدەنێن و بەزیادەڕۆییەوە باسی شتەکانی خۆیان دەکەن و گومان لای خەڵك دروستدەکەن.
29-بارە وەزش بنیـە ونـە خـرەش نمێو= بارە گوێزی لێنبنێی خـرەی نایـە, ئـەم واتایە زۆر جار بەوکەسـانە دەوترێت کـە خۆیـان گێل و نـەزانن, ئـەوەی زۆرینـەی خـەلك دەرکیپێدەکـەن ئـەوان چاك نـایزانن و هـیچ فێـڵ و فرێکیشیان نییە, ئیتر هەندێك کەس بەهەوەسی خۆیان هەڵیاندەسووڕێنن و بۆ مـەرامی خۆیـان بەکاریاندەهێنن, یاخود بەو کەسانە دەوترێت زۆر گوێڕایەڵن و لـە فـەقیری خۆیانـەوە هەرچییان پێبوترێت ملـەجیرێ ناکـەن, ئـەم واتەیە ئەگەر بۆ ئـەوە بوترێت هـەتاکو ئـەو کەسـانە وریابـبنـەوە و نـەبن بەکەرەسـەیەکی ئامادەباش لەبەردەست

خەڵکی تردا ئەوە باشە، بەڵام زۆرجار وەك توانجێك دەدرێت لە کەسێتی ئەوانەی بەو شێوەی باسمانکرد ڕەفتاردەکەن.

30-هەری پیرو قەڕاسە= کەری پیر و قەڕاسە، ئەم واتەیە یەکێکە لەواتە خراپەکان چونکە لە نرخ و بەهای مرۆڤ کەمدەکاتەوە، مەبەستی ئەوەیە مرۆڤ کەگەیشتە تەمەنی پیری ئیتر بەتەواوی لە دونیا هیوابڕاو ببێت، لە گشت رواڵەتێکی پۆشتەیی و خۆڕازاندنەوە وازبهێنێت، شتێکی دیارە هەموو قۆناغێکی تەمەن پێویستی بە جۆرێك لە خۆڕازاندنەوە و ئارایشکردن هەیە، بۆیە هەرگیز ناکرێت هەرکەس بەساڵدا چوو ئیتر هەموو جوانییەکانی لێحەرامبکرێن و تەنها و تەنها چاوەڕێی مردن بکات.

## بابەتی (20)

## هونەری گۆرانیلە هەوراماندا

مرۆڤ هەر لە سەرەتای ژیانییەوە گوێی بۆ جریوە و ئاوازی جۆراوجۆری باڵندە وگیاندارەکانی تر، گڤەی با، خوڕە و هاژەی کانیاو وچەم، چرپەی درەختی دارستانەکان هەڵخستووە، ئەم دەنگانە کاریانلێکردووە و کاردانەوەی مرۆڤیش بەرامبەریان بە پێی سەرچاوەی دەنگەکان جیاواز بوو، هەندێکیانی بە خۆش و دوست زانیوە، لەهەندێکیشیان ترساوە و لەبەریانهەڵهاتووە، لەلاساییکردنەوەی ئەم دەنگانەوە سەرەتاکانی گۆرانیچڕین سەریانهەڵداوە.

گۆرانی فۆلکلۆری (میللی)چەندین پێناسەی بۆکراوە و تائێستاش پێناسەی جیاجیا دەردەکەون، ژمارەیەك لە لێکۆڵەرەوانی ئەم بوارە دەڵێن (گۆرانی فۆلکلۆری) سەرەتا کەسێك دایهێناوە، ئینجا کۆمەڵ گۆڕانی تێداکردووە و خستوویەتییە ژێر رکێفی ئەقڵ و ویژدانییەوە و بووە بە موڵکی کۆمەڵ.

هەندێکی تریش دەڵێن (گۆرانی میللی) گۆرانییەکە خەڵکان دەیچڕن و دەماودەم وەچەکان بۆ یەکتری دەیگوێزنەوە بە بێئەوەی بنووسرێتەوە[72].

هەورامان مەڵبەندێکی گەورەی گۆرانییە و گۆرانی هەورامی پانتاییەکی گەورە لە هونەری گۆرانی کوردی دەگرنەوە، ئەم گۆرانییانە سروشتی هەورامان لە (شاخ و کێو، یاڵ و دۆڵ، چەم و کانیاو، ڕەز و باخ، سەیرانگە و هەوارگە، گوڵ و گوڵاڵە، گژوگیا...هتد) و جۆری ژیان خەڵکەکە لە هەموو بوارەکانی (کۆمەڵایەتی، ئابووری، رۆشنبیری، سیاسی، دینی) بە زمانێکی تەڕوپاراو و بەنموونەی ناسك و بێگەرد و گۆڵە دەدەن بە گوێی گوێگرەکانیاندا و سەرمەستیاندەکەن، زمانی گۆرانییەکان زمانێکی ئاساییە وئەو شیعرانەش گۆرانییەکانیان پێدەوترێت هینی شاعیرەکان بن یاخود فۆلکلۆری بن، هەر لە (جوانی سروشتی هەورامان، دڵداری و خۆشەویستی، گلەیی وسەرزەنشتکردن، دابڕان و لێکجیابوونەوە، بێزاری لە دووری و غەریبی و بێمەیلی، پاڕانەوە و ستایشکردن، گاڵتە و سووکایەتیکردن بە خەڵکانی بەد و ناحەز و پیاوخراپ، ترس لە پیری و نەخۆشی و پەککەوتن، ترس لەمردن...هتد) دەگرنە خۆیان.

گۆرانییە هەورامییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی دەبن بەچەند جۆرێکەوە بەم شێوەیە:

1- **سیاچەمانە:**

جۆرێکە لە گۆرانی رەسەنی ناوچەی هەورامان و قووڵاییەکی گەورەی لە مێژووی هونەری میللەتەکەماندا هەیە، بەشێکی هەمیشە زیندووە لە ناسنامەی هەورامییەکان و دەتوانین بڵێین سروودی میللی و مەزهەبی خەڵکی

هەورامانـە, دیـوە میللیەکـەی لەوەدایـە (سروشـتی هـەورامان و جـۆری ژیـانی خەڵکەکـەی) بـە جـوانترین شـێوە وێنادەکات و دیوە مەزهەبیەکەشی ڕەگەکانییەتی لە ناو (دین, ڕیوڕەچە دینییەکان)دا.
دەربارەی ناوی سیاچەمانە چەند بۆچوونێك هەن ئەوانەیان زیاتر جێی مشتومڕن ئەم دوو بۆچوونەن.
یەکەم: ژمارەیەك لە خەڵکی ناوچەکە دەڵێن داهێنـەری سیاچـەمانە (یوسـف ئاسـکەی گۆرانیبێژی تایبـەتی خـان ئەحمـەد خـانی ئـەردەلانی)یـە و لـەم بارەیـەوە ڕازێـك دەگێڕنـەوە و دەڵـێن نـاوبراو گـەنجێکی جـوان, شـاعیر, گۆرانیبێژێکی دەنگخۆشبووە, حەزیکردووە لە (خاتوو کلاۆزەڕ= زێڕین کولاه[73])ی هاوسەری خان ئەحمـەد خـان, کە ژنێکی چاوڕەشی شۆخ و شەنگ بووە و ئەم گۆرانییەی بۆ چاوە ڕەشەکانی خۆشەویستەکەی چڕیوە, بەپێی ئەم ڕازە گوایا ناوەکە لە چاوی ڕەشەوە هاتووە, هەر لە درێژەی ڕازەکەدا باس لەوەدەکەن پاش ئەوەی خان بەڕازی خۆشەویستییەکەیانی زانیوە فەرمانی کوشتنی (یوسف ئاسکە)یداوە و بە شێوەیەکی تراژیـدی کوژراوە بەوەی بەزیندوویەتی گیراوەتە گەچ, شوێنەواری ئەو ڕووداوە تائیستاش لەناو شوێنەوارەکانی حوکمڕانی (خان ئەحمەد خان)دا لە چەمی زەڵم دیارە.
دووەم: ڕایەك هەیە ڕەگەکانی (سیچەمانە) دەگەڕێنـەوە بـۆ (زەڕدەشـت و ئاڤێستا), لـەم بارەوەدەڵێن (ماگاکـان) کەلە بنەڕەتدا یەکێك بوون لە تیرەکانی (ماد) و بەپێی دابەشبوونی چینایەتی ئەو سەردەمەش چینێکی (دینـی) بوون, ئەم چینە وەك هەموو چینەکانی تر جلوبەرگی تایبـەتی خۆیـان هـەبووە, کەبریتیبووە لـە (چۆغەی ڕەشـی درێـژ, شــەرواڵی ڕەش, مێــزەری ڕەش, پشــتوێنی ســێگری) و لــەکاتی لەبەرکردنیانــدا چــۆغەکەیان بەســەر شەرواڵەکەیاندا درێژکردۆتـەوە و پێیانوتراوە (سیاجامگان= سیاجامانە= ڕەشپۆشاك), (ماگاکان) لەسـەردەمی باوبرەوی دیینـی زەڕدەشـتیدا وەکـو ئـەرکی دیینـی سەرشـانیان هەمووسروودەکانی (گاتاکـان)یـان لەبـەربووە و بەئاوازەوە بۆ چینەکانی تری میللەتیان خوێندوونەتەوە, شێوەی خوێندنەوەکەش بەجۆرێك لـە ئـاواز و گـۆرانی بووە بەدەنگێکی خۆش و هەناسەیەکی درێژەوە, لێرەوە هەڵگرانی ئەم بۆچوونە نـاوی سیاچـەمانە دەگەڕێننـەوە بۆ (سیاجامگان).
ئەگەر کەمێك لەم دووبۆچوونە وردبیینەوە و لەگەڵ مێژووی سیاچەمانەدا بەراوردیان بکـەین, ئـەوە بەبێدوودڵێ دەتوانین بڵێن بۆچوونی یەکەمیان بۆچوونێکی ڕواڵەتی و سەرپێییە و دوورە لە ڕاستییەوە, چونکە ئەگـەر وەك گریمـان (سیاچـەمانە) لـە ڕەگـە زەردەشتییەکەشـی دابـڕین, چـەندین بەڵگـە هـەن ئـەوەمان بـۆ دەسـەلمێنن مێژووەکـەی زۆر لەســەردەمی ژیــانی (یوسـف ئاسـکە و خـان ئەحمـەدخان) کـۆنترە, هـەربۆ نموونـە بـاس لەوەدەکەین هەڵگرانی (ڕێ و ڕەچەی یارسـان=ئـەهلی هـەق) لـەکاتی کۆبوونـەوە دینییەکانیانـدا کە پێیانـدەڵێن (جـەم) هەنـدێك لـە سـروود و پەخشـانە دینییـەکانیان لەسـەر شـێوازی سیاچـەمانە دەخوێننـەوە, شـتێکی ئاشکراشـە لەسـەر ڕۆشـنایی (دەفتـەری سـەرەنجام) کـە دەفتـەری پیـرۆزی هـەڵگرانی ئـەم ڕێوڕەچـەیە (بـالوولی مـاهی) یەکـەمین کـەس بـووە ئـەم ڕێبـازەی لـە هەورامانـدا دانـاوە و لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی دووەمـی کۆچیـدا لەدایکبووە, هەروەها هەریەك لە (باوا قەیسـەری هـەورامی, باواسـرنجی کەلاتی, باواگەرچەکی هـەورامی, دایـە تەورێزی هەورامی) کە لەسەدەی چوارەمی کۆچیدا ژیاون (شاعیر, تەمبوورژەن, دەنگخۆش) بوون, شیعرەکانی خۆیـان بـەئاوازەوە و بـەدەم ژەنینـی تـەمبوورەوە لـە جەمخانـەدا خوێندۆتـەوە, ئەگـەر مێـژووی ژیـانی ئەمانـەی ناومانهێنان و مێژووی ژیانی (خان ئەحمەد خان و یوسف ئاسکە) بەراورد بکەین بۆمان ئاشکرادەبێت زیاتر لە

(675)ساڵ بەینیانە, چونکە زۆربەی سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن (خان ئەحمەد خان) ساڵی (1637ز) حوکمڕانی ئەردەڵانی گرتۆتە دەست, کەواتە مێژووی سیاچەمانە زۆر لە مێژووی ژیانی (یوسف ئاسکە) کۆنترە, بۆیە هەرگیز ناکرێت ناوبراو بە داهێنەر و باوکی یەکەمی سیاچەمانە بدرێتەقەڵەم, بەڵام دەکرێت کەسێك بوو بێت بەتوانا و سەلیقەوە سیاچەمانەی چڕیبێت و داهێنانی تێداکردبێت.

بەزمەکانی سیاچەمانە زۆرن لەم بوارەدا کەسێکی وەك (مام هەیەری نۆدشی) کە گۆرانیبێژێکی دەنگخۆش و سیاچەمانەچڕێکی بەسەلیقە و شارەزابوو دەیوت (42) بەزمی سیاچەمانە دەزانم, لێرەدا وەك نموونە نەوەك سەرژمێر ناوی هەندێك لەبەزمەکان دەهێنین لەوانە:

(بەزمی پەسەك, بەزمی هەورامی, سیاچەمانەی رەزبڕین, سیاچەمانەی دەرەیی (3)بەزمە, سیاچەمانەی ژنانە, سیاچەمانەی شێخانە چەند بەزمێکن, سیاچەمانەی ئەحلی, خواڵەداد, عەرعەرداد= هۆعەرعەر, رەفیقداد, خاڵسیاولەی, خاڵخەنێن گیان, خانمەلێ گیان, میناوەی (2) بەزمە, نازاروەی, ئایشێ ڕۆ (2)بەزمە, عەتیلی, پێچ پێچا راوهەزارانی, سەیری وەزەرا, بەزمی مام هەیەر, بەزمی قالەمراد= بەزمی ئەوڕەحیم بەگی, بەزمی مام قادری پاوەیی= کاکەگیان, بەزی یوسولەی جانە, تاقە تەشانی, بەزمی ئەحمەدی نازاری, تەقەی تەوەنیر, هەوای زوڵفی تۆ...هتد ئەم دوو بەزمەی دوایی بەزمی (رەشەغولام)ن.

لە چڕینی سیاچەمانە زۆرجار دوو گۆرانیبێژ بەشداریدەکەن بەوەی یەکێکیان نیوە دێڕی شعرێك دەچڕێت و بەرامبەرەکەشی نیوە دێڕەکەی تری بۆ تەوا و دەکات, یاخود هەریەکێکیان دێڕیکی تەواو دەچڕن ئەمەش بەپێی (توانا, حەز,سەلیقە)ی گۆرانیبێژەکان و ئیتر بەو شێوەیە بەردەوامدەبن هەتاکو کۆتایی سیاچەمانەکە یاخود چەند سیاچەمانەیەك.

شتێکی ئاشکرایە هەموو گۆرانیبێژێك ناتوانێت سیاچەمانە بچڕێت و تەنها دەنگخۆشی مەرج نییە بۆ چڕینی سیاچەمانە, بەڵکو چەند مەرجێك هەن بۆ گۆرانیبێژ بۆ ئەوەی ببێت بە سیاچەمانەچڕ و گرنگەکانیان ئەمانەن:

1-بەزمەکانی سیاچەمانە بزانێت و بتوانێت لە یەکتریان جیابکاتەوە.

2- شارەزای شێوازی چڕینی سیاچەمانە بێت.

3- تەبەقەی دەنگی گونجاو بێت بۆ چڕینی سیاچەمانە.

هەر لەکۆنەوە تا ئێستا ژمارەیەك سیاچەمانەچڕی بەسەلیقە و دەنگخۆش لە هەورامانداهەڵکەوتوون, بەڵام بەداخ و کەسەرەوە زۆربەیان گومناوکراون چونکە مێژووی ژیانیان نەنووسراوەتەوە و لە سەردەمی ژیانی ئەوانیشدا ئامێرەکانی تۆمارکردن نەبوون هەتاکو دەنگیان بگاتە لای نەوەکانی دوای خۆیان, ئەوانەشیان لە هەندێك تێکستدا بە تایبەتی تێکستەکانی (یارسان= ئەهلی هەق[74]) ناویانهێنراوە لەسەردەمی ژیانی خۆیاندا دەیان تۆمەتی ناڕەواخراوەتە پاڵیان و پلاریانلێگیراوە بە مەبەستی ئەوەی شمشێر بخرێتە گەردەملیان و خوێنیانحەڵاڵبکرێت, هەروەها سەردەمانێکی دوور و درێژ ئەو تێکستانە لەژێر پەردەی دین و بەبڕوبیانووی جیاواز بە(بقە) لەقەڵەمدراون, بۆیە زۆربەیان تۆز نیشتووەتە سەریان و لە حەشارگەکانیاندا رزیون, هەڵگرانی ئەو ڕێوڕەچەیەش بەدەر لەخۆیان ئەو تێکستانەیان پیشانی کەس نەداوە و تائەم رۆژانەش گومانیان لە ئاشکراکردنیان هەیە.

شتێکی ئاشکرایە لە ئەنجامی گومناوبوونی ژمارەیەکی زۆر لە سیاچەمانەچڕەکان، چەندین بەزمی سیاچەمانەش فەوتاون و گۆرانیبێژەکانی ئێستا هەواڵێکیان لێنازانن، بۆ سەلماندنی ئەم دەربڕینەش ئەوە دەهێنینەوەیاد ساڵی (1968ز) پرسیاری سیاچەمانەی (پەسەك)مان لە سیاچەمانەچری شارەزا و بەسەلیقە (مام هەیەر نۆدشی) کرد، لە وەڵامدا وتی ناویم بیستووە بەڵام نایزانم، ئەمە لە کاتێکدا کە لەکاتێکدا کە دەیوت (42) سیاچەمانە دەزانم.

بەهەرحاڵ دێینە سەرناوی ئەو سیاچەمانەچڕانەی کەتا رادەیەك لە هەورامان و هەندێك ناوچەی تردا ناسراو بوون، هەریەکێکیشیان بەش بەحاڵی خۆیان لە چڕینی سیاچەمانەدا داهێنان و ئەفراندنیانکردووە لەوانە:

1- ئەحمەدی حەمەی داود ناسراو بە (ئەحل نەوسوودی)، سیاچەمانە چڕێکی ناسرا و خەڵکی گوندی (نەوسوود) بووە، داهێنەری بەزمێکی سیاچەمانەیە کە بەناوی خۆیەوە ناونراوە (سیاوچەمانەی ئەحلی).

2- مامۆ جافر ناسراو بە (جافە شێت)، خەڵکی گوندی نەوسوود بووە و داهێنەری بەزمێکی سیاچەمانەیە بەناوی (هۆ عەرعەر = عەرعەرداد)، ناوبراو هەرچەندە ئەقڵی تێکچووە و چەند ساڵێك بەو حاڵەوە ماوەتەوە، بەڵام تا دوا ساڵەکانی تەمەنی هەر سیاچەمانەی چڕیوە.

3- حەمەکەریم عەبدولا قادر ناسراو بە (حەمەکەریمو عەبوولەی)، گۆرانیبێژێکی دەنگخۆش و سیاچەمانەچڕێکی کارامە و خەڵکی تەوێڵە بووە، داهێنەری بەزمێکە لەسیاچەمانە بەناوی (بەزمی حەمەکەریمی عەبوولە)، خەڵکی هەورامان وەك نموونەی دەنگخۆشی ناویانهێناوە و کاتێك کەسێك سیاچەمانەی چڕیبێت و بە دڵی گوێگرەکانی نەبووبێت وتویانە (ئانا حەمەکەریمو عەبوولەی سیاوچەمانەش وات= ئەوەتا حەکەریمی عەبوولە سیاچەمانەی وت).

4-حسێن حەمەلاو ناسراو بە (حسێنولاوەی)، سیاچەمانەچڕێکی شارەزا وخەڵکی تەوێڵە بووە، خوویەکی سەیر و خۆنەویستی بووە بەوەی شەوانە لەکاتی شیرین خەودا سیاچەمانەی چڕیوە و هەتاکو تەواو نەبووبێت بەخەبەرنەهاتووە، (6)سیاچەمانەی لەشوێن بەجێماوە و کەوتوونەتە دەستی خوشکەزایەکی بەناوی (مامۆستا کەریمی کوێخا رۆستەم) و لەلای ئەویشەوە گەیشتوونەتە دەستی (شاهۆ محەممەدسان ئەحمەد)، پاشان لە کاتی چۆلکردنی شارەدێی تەوێڵە لە ئەنجامی جەنگی هەشت ساڵەی (عێراق- ئێران) لەناوچوون.

5-ئەحمەدی نازاریێ، گۆرانیبێژێکی دەنگخۆش و ناسرا و خەڵکی (شارەدێی بیارە) بووە، داهێنەری بەزمێکی سیاچەمانەیە بەناوی (بەزمی ئەحمەدی نازاریێ).

6-قادر موراد ناسراو بە (قالەمراد) خەڵکی گوندی دزاوەر و داهێنەری بەزمێکی سیاچەمانەیە بەناوی (بەزمی قالەمراد).

7-مام هەیەری نۆدشی ناسراو بە (مامۆ هێدەر)، پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە ناوبراو گۆرانیبێژێکی دەنگخۆش و سیاچەمانە چڕێکی زۆر کارامە و (42) بەزمی سیاچەمانەی زانیوە، بەیەکێك لە مامۆستاکان دەژمێررێت لە بواری گۆرانی هەورامیدا، دەیان کاسێتی گۆرانی لە شوێن بەجێماوە و داهێنەری بەزمێکی سیاچەمانەیە بەناوی (بەزمی مام هەیەر)، ئەم بەزمە هەر گۆرانیبێژێك بیچڕێت هەمیشە میلۆدەکەی بەم دێڕە دەستپێدەکات:

بەرزی ئەسەڵان نزمی هانەی وەز      ئاخ پەی جوانیەکێم بەرشیەن جەدەس


www.pertwk.com

8–مەجنوون محەممەد ناسراو بە (مەجنوون کەیمنەیی)، گۆرانبێژێکی دەنگخۆش و سیاچەمانەچڕێکی شارەزا بووە، بە مامۆستای گۆرانیبێژە کەیمنەییەکان لەقەڵەمدەدرێت، کاسێتی گۆرانی لەشوێن بەجێماوە و گۆرانی تۆمارکراوشی لە بەشی کوردی رادیۆی کرماشاندا هەیە.

9–محەممەد بەخشە ناسراو بە(حەمۆبەخشەی)، سیاچەمانەچڕێکی دەنگخۆش و خەڵکی گوندی (هانەگەرمڵە)بووە،.

10–محەمەد پیلو، یەکێکبووە لە سیاچەمانەچڕەناسراوەکانی هەورامان و خەڵکی گوندی هانەگەرمڵە بووە.

11–عەبدوڵا کافیٚ ناسراو بە عەودە کافیلە، سیاچەمانەچڕێکی کارامە و خەڵکی گوندی (رەزاو) بووە.

12–حەسەن رەحمان ناسراو بە (حەسەنی رەحمانە سیاو)، سیاچەمانەچڕێکی شارەزا و خەڵکی (شاری هەورامان) بووە.

هەروەها ژمارەیەکی تر سیاچەمانەچڕی هەورامی هەبوون لەوانە: (مام قادری پاوەیی، فەرەج حەمەمین تەوێڵەیی، عەبدوڵاصالح ناسراو بەعەبەی سەلاحە، یوسولەی جانەی دزاوەری، مامۆ ئەمیری هاواری، مامۆ کەریمی دەرەتوێیی، ئەلیلەی نەوسوودی، حەمەجافری حەمیٚ، حەمەی ئەلیمحەممەد تەوێڵەیی، حەمەکەریمی سلێمان تەوێڵەیی، زۆراب محەممەدکێمنەیی).

ئەمانەی ناومانهێنان هەموویان کۆچی دواییانکردووە و ژمارەیەکیان هیچ شوێنەوارێکی گۆرانیان وەك کاسێت لە شوێن بەجێنەماوە.

بیجگە لەمانەی کۆچی دواییانکردووە ژمارەیەکی تر سیاچەمانەچڕی کارامە و لێزان لە هەوراماندا هەڵکەوتوون تا ئێستاش لەژیاندان و بەردەوام لەخزمەتی گۆرانی هەورامیدان لەوانە:

1–حەیران محەممەد ناسراو بە (واڵە حێرانیٚ)، ئەم خانمە خوشکی مەجنوون و شەفیع کەیمنەییە، شارەزای باشی هەیە لە چڕینی سیاچەمانەدا و پێشتر هەمووجۆرە گۆرانییەکی دەچڕی، بەلاٚم پاش ئەوەی بووە بە (موریدی رێوڕەچەی نەقشبەندی) ئیتر هەر گۆرانی شێخانەی چڕیوە، چەند سیاچەمانەیەکی تۆمارکراوی هەیە کەبەتایبەتی بۆ خەڵکانی خۆشەویست و ناسراوی خۆی چڕیون، ئێستا پیرە ولە دوادوای پاییزی تەمەنیدایە.

2–عوسمان کەیمنەیی ناسراو بە (عوسمان هەورامی)، گۆرانیبێژێکی کەمنموونە و سیاچەمانەچڕێکی بێهاوتایە، داهێنەری چەندین بەزمی سیاچەمانە و گۆرانی هەورامییە و بێجگە لەهەورامان لە زۆر شوێنی دەرەوەی هەوراماندا خەڵك بەگۆرانییەکانی دڵخۆش و سەرمەستدەبن، سەدان کاسێتی تۆمارکراوی هەیە چ ئەوانەی بە تەنهایە یاخود ئەوانەی لەگەڵ گۆرانیبێژی تردایە، گۆرانی تۆمارکراوی هەیە لەبەشی کوردی رادیۆی کرماشان و لەگەڵ تیپی مۆزیکی شنرۆیدا دوو گۆرانی تۆمارکردووە بۆ تەلەفزیۆنی ئەوسای کەرکووك، هەروەها کاسێتێکی گۆرانی لەگەڵ تیپی مۆزیکی سەقزدا هەیە، چەندین هونەرمەندی گەورە شایەتی دەنگخۆشیان بۆداوە لەوانە گۆرانیبێژی ناسراوی ئێرانی (محەممەد رەزا شەجەریان)، لەئەنجامی نەخۆشییەکەوە ماوەی چەند ساڵێکە ناتوانێت وەك ئەوسای گۆرانیبچڕێت بەلاٚم خەرمانێك ئەفراندنی بە گۆرانی هەورامی بەخشیوە، ئێستا لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە.

3–حەمەحسێن کەیمنەیی، دەنگێکی خۆش و توانایەکی باشی هەیە لەچڕینی سیاچەمانەکاندا، داهێنەری بەزمێکی سیاچەمانەیە بەناوی (رەفیق داد) و ئەم سیاچەمانەی بۆ مەرگی لەناکاوی گۆرانیبێژێکی گەنجی

هاوڕێی چڕیوه بەناوی (عەلی حەمەی ڕەجەبی دزاوەری)، هەروەها گۆرانی (سەلەسەلە) کە بۆیەکەمجار لە (کەلار) لـە سـەرەتای پـەنجاکانی سـەدەی ڕابـوردوودا وتوویـەتی، سـەدان کاسـێتی تۆمـارکراوی هەیـە و گـۆرانی تۆمارکراویشی لەبەشی کوردی ڕادیۆی کرماشان هەیە، ئێستا لەمەڵبەندی (قەزای سەولاوا)دا نیشتەجێیە لە کوردستانی ئەودیو.

4-جـەمیل نەوسـوودی، گۆرانیبێـژێکی بەسـەلیقە و سیاچەمانەچڕێکی کارامەیـە و لەچـڕینی سیاچـەمانەدا چێژێکی تایبەتی دەداتێ هەربۆیە خەڵکی هـەورامان دەڵێن دەنگی جـەمیل تەسکینداره، داهێـنەری بـەزمێکی سیاچەمانە بەناوی (خواڵەداد) و چەندین گۆرانیی تره لـە بەزمـە خاوەکـان و گـۆرانی چەپڵەڕێزان وەك (نـەرەی دارەپان، پەروین گیان، بێتاوان....هتد)، سەدان کاسێتی تۆمارکراوی هەیـە چ ئەوانـەی بەتـەنها یـاخود ئەوانـەی لەگەڵ گۆرانیبێژەکانی تردا تۆماریکردوون، تا ئێستاش توانایەکی باشـی هەیـە بۆچڕینی گۆرانی و لـەداهێنانی بەردەوامدایە، ئێستا لە شاری (مەریوان)دا نیشتەجێیە.

5-ڕۆسـتەم کەیمنـەیی، گۆرانیبێـژێکی دەنگخـۆش و سیاچەمانەچـڕێکی شـارەزایە، لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە نەخوێندەواره سەدان شیعری شاعیرەگەورەکانی لەبەره لەوانە: (مەولـەوی، بێسارانی، صـەیدی هـەورامی، میرزا ئەولقادری پاوەیی، میرزای هەورامی)، لەکاتی چڕینی گۆرانییەکانیدا ئەو شیعرانە دەڵێتەوە و ئـەوەش چێژێکی تایبەتیان دەداتێ، ئێستا لە ناوەندی (قەزای سەولاوا)دا نیشتەجێیە.

6-سـەباح هـەورامی، یەکێکـە لەگۆرانیبێـژە ناسراوەکانی هـەورامان و توانایـەکی باشـی لەچڕینی سیاچـەمانەدا هەیە، داهێنەری چەندین بەزمی گۆرانییە و چەند کاسێتێکیشی لەگەڵ تیپە مۆزیکییەکاندا تۆمارکردووە، ئەمە سـەرەرای دەیـان کاسـێتی گـۆرانی کەبەتـەنها یـاخود لەگـەڵ گۆرانبێـژەکانی تـردا تۆمـاریکردوون، گـۆرانی تۆمـارکراوی لـە ڕادیـۆ و تەلەفزیۆنەکانـدا هەیـە و تائێسـتاش بەردەوامـە لـە خزمـەتکردن بەهونـەری گـۆرانی هەورامی.

بێجگـە لەمانـە چـەند گۆرانبێـژێکی تـری هـەورامان هـەن توانـای چـڕینی سیاچـەمانەیان هەیـە وەك: ( تـۆ فیـق دزاوەری، عـەلی حـاجی خـدر تەوێڵـەیی، ئیسـماعیل هانەگەرمڵـەیی، سـیروان حەمەحسـێن کێمنـەیی، سـەعدی ئەحمەدی، فەرزادی ئەمینی، مـەولوود شـۆشمەیی، عـەتازەڵمی، عـەلی خـەرامان بەڵخـەیی، حەمـەخان بەڵخـەیی، حاجی ڕەحمان تەوێڵەیی، یونس میرزا، سیروان حاجی عارف، نزار سابیر) و چەند کەسێکی تریش، ئەمە بێجگە لـە دەیـان کەسـی دەنگخـۆش لـە خـەڵکی ناوچـەی هـەورامان کـە وەك گۆرانیبێـژ ناویانـدەرنـەکردووە چـونکە گۆرانیچڕینیان نەکردووە بە پیشە بەڵام توانایەکی باشیان هەیە بۆچڕینی سیاچەمانە.

2-**گۆرانی خاو:**

جـۆرێکن لـەگۆرانی ڕەسـەنی ناوچـەی هـەورامان و لەسیاچـەمانەکان ئاسـانترن، ژمارەیـەکی زۆر لەگۆرانیبێـژە هەورامییەکان دەتوانن زۆربەیان بچڕن، ئەم گۆرانییانە زۆر زۆرن وسەدان بـەزمیان هەیـە، هەندێکیان زۆر کـۆنن و وەچـە دوای وەچـە گوێزراونەتـەوە و هەندێکیشـیان تازادەیـەك تـازەن، گـۆرانیە خاوەکـان لێـوان لێـون لەشـیعری خۆمـاڵی و وێنـاکردنێکی ڕیالیسـتانەی سروشـتی ناوچـەکە و جـۆری ژیـانی خەڵکەکـەین، ئـەم گۆرانییانـە هەنـدێکیان پێیانـدەوترێت (نەرمـە بـەزم= وردە بـەزم)، هەندێکیشـیان پێیانـدەوترێت (بـەزمێ گـێلاێ= بـەزمی گەڕیان) و هەشیانن پێیاندەوترێت (بەزمی دەرەیی)، هـەروەها هەشـیانن پێیانـدەوترێت (بـەزمی شـێخانە)، لەبەر

ئەوەی راو بۆچوونی گۆرانیبێژە ناسراو و کارامەکانی هەورامان دەربارەی جیاکردنەوەی ئەم گۆرانییانە وەك یەك نییە و تێکەڵوپێکەڵی لە نێوانیاندادەکەن, بۆ نموونە رای دووگۆرانیبێژی گەورەی هەورامان دەربارەی هەندێك لە بەزمەکان دەخەینەروو:

خوالێخۆشبوو (مام هەیەری نۆدشی) دەیوت ( لەیلی گیان, چاوڕەشە کاڵێ, مەچۆ مەچۆ, ئای لەرەعناخان ولەکاڵ گیان) هەموویان (بەزمی دەرەیی)ن, کەچی گۆرانیبێژی ناسراو (عوسمان کەیمنەیی) ئەم گۆرانییانە و چەند گۆرانییەکی تری وەك: (زەنگیانە, هاوار من وەتۆمە, باوانەکەی باوانم, ئەریێ هۆنازارگیان) بە (بەزمی گەڕیان) دەداتە قەڵەم, بۆیە ئێمە لێرەدا هەروەك نموونە نەوەك سەرژمێر بەبێئەوەی لەسەر ئەو شێوازەی ئاماژەمانپێدا لەیەکتریان جیابکەینەوە ناوی ژمارەیەکیان دەنووسین, مەسەلەی جیاکردنەوەشیان بۆ شارەزایانی بواری مۆزیك بەجێدەهێڵین بەڵکو رۆژێك بتوانن هەموو بەزمە خاوەکان لەسەر بنەمای ریتمەکانیان لە یەکترجیابکەنەوە, ئەو بەزمانەش ناویاندەهێنین ئەمانەن: (خاوەر گەلاوێژ, کوڕەی قەدباریك, مەلەسەرشین گیان, هۆری لەمل, کافلەی هەواری, ئەی رۆ, ئەمنەی بالآبەرز, گەردەن زەرد و لامل زەرد, خاوەر خاوەر, شوەکەت رۆ, شیرین ئای شیرین, گەردوون چیبکەم, باوانەکەی باوانم, ئەری هۆنازارگیان, هۆ ڕابە (3)بەزمە, سەلەسەلە (3)بەزمە, بەنەرمە نەرم وخاوخاو, ئەی لاوەلاوە, ئەی شل, ئەیخاڵ, ئامان میم گورجی, مەچۆ گیان مەچۆ, لەیلیێ گیان (3)بەزمە, شلیێ گیان شەماڵ, ئای لەرەعناخان, چاوڕەشە کاڵێ, یاران یاران, زەنگیانە, ولەکاڵ گیان, ئەریێ هۆنازارگیان, ئازیز, کەژاڵ, گەردوون گەردوون, ئانا بارش کەرد, لایە لایە, هویە وسەرهویە, خانمیێ گیان, کەسەکەم لامل زەرد, نەجیبەگیان بەلەنجە, بنوە, عەمرم پەروانە, ئەی خاڵ= گیانە شیرینەکەم, نەرەی دارەپان, سوێبڵەگیان, پەروین گیان, تەنکە, گوراڵە سووری دۆروهەوارا, ئامین مەچۆ جافی, وەسەدمەڕۆ, چاومەسیێگیان, دەلیل گیان, ئەریێ هۆ گەلاوێژ, بەزمو پاچالی, لاوەلاوەکە, گوڵعەلی لەیل, (ئەم دووبەزمەی دواوەیان گۆرانی شێخانەن) دەیان بەزمی ترش, شایانی باسکردنە هەندێك گۆرانی غەمناك هەن تایبەتن بە ژنان لەکۆڕی شێوەن و لاواندنەوەی ئازیزانیاندا, یان هەرکاتێك بیری لە دەستدانی ئەو ئازیزانەیان بێت بەمێشکیاندا, بە سۆزێکی قووڵ و بەچاوی پڕئەسرین و لەگەڵ هەنسکداندا دەیانچڕن.

3-**گۆرانی چە پڵەڕێزان:**

ئەم گۆرانییانە ئاسانترین جۆری گۆرانی هەورامین و هەموو گۆرانیبێژە هەورامییەکان دەتوانن بیانچڕن, ماوەیەکی دوور و درێژە شوێنی خۆیان لەناو فۆلکلۆری بیستراوی هەوراماندا کردوەتەوە و بەشێوەیەکی گشتی دیوی خۆشی ژیانی خەڵکی ناوچەکە دەخەنەڕوو, گۆرانی چەپڵەڕێزان لەچەندین شوێن و کاتی جیاوازدا خۆشی و بەشارەت دەبەخشنەوە لە: (شایی و زەماوەندەکان, گەلکارییەکان, سەیرانەکان)دا گەرمکەری کۆڕی هەڵپەڕکێ و رەشبەڵەکن و

لە گەرمەی شەونشینی ناو(ماڵ یاخود باخ و هەوارگەکان)یشدا ئامادەبووان دڵخۆش و سەرمەستدەکەن, گۆرانیبێژەکان جارجار لەگەڵ ژەنینی شمشاڵ و زۆربەی کاتەکانیش لەگەڵ چەپڵەڕێزانێکی گەرمدا دەیانچڕن, شتێکی ئاشکرایە ئەو چەپڵەڕێزانە ئیقاعی گۆرانییەکانە و بەزمەکانیان لەسەر ریتمی تایبەت بەخۆیان رێکدەخات,


www.pertwk.com

ئـەم گۆرانییانـە پێشتر (شـیعری فۆلکـلۆری ناوچـەی هـەورامان, شـیعری شـاعیرە هەورامییـەکان, شـیعری ئـەو شـاعیرانەی کـە هـەورامی نـەبوون و بەهـەورامی شیعریان هۆنیوەتـەوە) تێدابـەکارهێنراوە, بـەڵام پاشـان چـەندین شـیعری شـاعیرەکانی تـر و شـیعری فۆلکـلۆری دەرەوەی هەورامانیشـیان تێکـەڵکراوە, هـەر لێرەشـەوە خـەڵکی دەرەوەی هەورامان زیاتر لە جۆرەکانی تری گۆرانی هـەورامی پێیانئاشـنابوون, ئـەم گۆرانییانـە سـەدان بـەزمیان هەیە و بۆ نموونە لێرەدا ناوی ژمارەیەکیان دەنووسین لەوانە: (ئای نەخش, ئاخ بەلەنجەگیان, ئامەکە و ئامینم, ئەی کـەڵی ملبـەرز, ئامـەکوڵێ و فاتـە کـوڵێ, ئـەی خـاڵ, ئامـەگری مـەگری, ئامـان لـەرزانـە (3) بـەزمـە, بیمـارم خـڕ بیمارم, بێتـاوان, بـەتۆرتکرد بـەتۆرای, بـەرزی بـەرزی, بـامن بلوۆقاسـم خـان,جەژنـەن شـادیەن, دادەنـگ دادەنـگ, دیسان دووبارە, هەناری وەی هەناری, وەی عەڵەکە, وەشەن هۆرامان, کەتانە و کەتانە, کاڵەبەی کاڵـە, کەنیشـکە کاڵەکەم, کرمان کرمانە, گوڵەکەم نەخشانم, گوڵ یاحاجی مریەم, نارنجە و نارنجە, نەهیـەی خاڵماوی, نـەشمیل گیان نەشمیل, خەجیّ خەجیّ, خرنگە, رێحان, , شۆڕێ باڵابـەرز, شـنە گیـانم شـنە, پـەپوەکۆ شاهۆی, سـەرعێل عـەرزم هـەن, خڕبینـاوی دیـدێم, خـاڵ نـازار, خـاڵ سـیاوگیان لـەیلی گیـان, خانمەکـە, خاڵـداری خاڵـداری, شیرینەوخانم, عەمرەکەم بی کەنی) و چەندین گۆرانی تریش.

ژمارەیـەك لـە گۆرانیبێـژەکانی ناوچـەی هـەورامان هەوڵیانـداوە هەنـدێك لـەگۆرانییکانی (چـەپڵە رێـزان, نەرمـە بەزمـەکان= وردەبەزمـەکان) تێکـەڵ بـەئامێرەکانی مۆزیـك بکـەن, ئـەو هەوڵانـەش هەرلەسـەرەتای شەسـتەکانی سـەدەی رابـوردووەوە دەسـتیانپێکردووە و تـا ئێسـتاش بـەردەوامن, ئـەو گۆرانیبێژانـەش لـەم بـوارەدا شـوێن دەستیان دیارە ئەمانەن:

1-نەسـرولا کـەیکاوس ناسـراو بـە (ناسـکۆڵ) گۆرانیبێـژێکی دەنگخـۆش و خـەڵکی تەوێڵـە بـووە, هـەر لەسـاڵی (1960)ـەوە لەبەشـی کـوردی ئێزگـەی بەغـداد بەشـێوازی (موسـایەرە) و راسـتەوخۆ گـۆرانی هـەورامی لەگـەڵ مۆزیکـدا چڕیوە, خۆشـی داهێنـەری ژمارەیـەك لـە گۆرانییەکانـە لەوانـە: (گـوڵ یاحـاجی مریـەم, بەلەنجـە گیـان بەلەنجە, کەڵمل باوانم), پاش مردنی کاسێتی گۆرانی لەشوێن بەجێماوە.

2-شەفیع کێمنەیی, وەستایەکی کارامەی گۆرانی چەپڵەرێزان و وردە بەزمەکانە لەهەوراماندا و داهێنەری چـەند بەزمێکە لەم گۆرانییانە, بۆنموونە (وەرە وەرە خونچۆ گوڵ, ئێران ئێران...هتد) لەشەستەکاندا لە بەشـی کـوردی رادیـۆی (کرماشـان بەمۆزیکـەوە گـۆرانی تۆمـارکردووە, سـەدان کاسێتی تۆمـارکراوی هەیـە چ ئەوانـەی بەتـەنها یاخود ئەوانەی لەگەڵ گۆرانیبێژەکانی تردا تۆماریکردوون, تائێستاش بەردەوامە لە گۆرانیچڕیندا.

3-رەحیم هەجیجی, گۆرانیبێژێکی دەنگخۆشە و کاسێتی تۆمارکراوی هەیە کەلەگەڵ مۆزیکدا تۆماریکردوون.

4-ئەرجومـەن هـەورامی, توانایـەکی باشـی هەیـە لەچڕینی گۆرانییـە هەورامییەکانـدا و دەیـان گـۆرانی هـەورامی بەمۆزیکەوە چڕیوە کە ئێستا لەرێی کەناڵەکانی (رادیۆ و تەلەفزیۆن)ـەوە بڵاودەکرێنەوە.

5- عادل هەورامی= عادل بەڵخەیی, گۆرانیبێژێکی دەنگخۆشـە و چـەند بەرهـەمێکی باشـی هەیـە, تـا ئێسـتا (2) سی دی بڵاوکردۆتەوە و ژمارەیەکی ئێجگار زۆر تامەزرۆیان هەیە.

بێجگە لەمانەی ناومانهێنان ژمارەیەك تر لەگۆرانیبێژەکانی هەورامان تێکەڵاوی مۆزیکیان کـردووە و لەگـەڵ تیپـە مۆزیکییەکانـدا گۆرانییـان تۆمـارکردووە لەوانـە: (عـادل شـەفیع کەیمنـەیی, ناهیـدەی فـەتاحی, دارا محەممـەد

عوسمان بەگ, نەوشیروان خارگێلانەیی, حەسەن حسێن خارگێلانەیی, سیروان لهۆنی, بەهرۆز بەڵخەیی, نەجمەددین هەورامی, هەورامان عێزەت, هێرش هەورامی) و چەند گۆرانیبێژێکی تریش.

هەندێك لەگۆرانیبێژە ناسراوەکان لەگەڵ ئەوەشدا خۆیان هەورامی نین بەڵام گۆرانی هەورامیان چڕیوە و ژمارەیەکیشیان لەم بوارەدا سەرکەوتووبوون, بەو سەرکەوتنەشیان توانیویانە شتێکی نوێ بخەنە سەر گۆرانییەکان بەتایبەت کەلەگەڵ مۆزیکدا بەسەلیقە و تواناوە چڕیویانن و جۆرە ئەفراندنێکیان تێداکردوون, ئەو گۆرانیبێژانەش لەم بوارەدا شوێن دەستیان دیارە ئەمانەن: (عەباسی کەمەندی, ناسری رەزازی, نەجمەددینی غولامی, حسێنی شەریفی, پەیوەند جاف), دیارە ئەم گۆرانیبێژانە لەلایەکەوە بەچڕینی گۆرانییە هەورامییەکان و لەلایەکی تریشەوە بەئاماژەدانیان بەدەوڵەمەندی گۆرانی هەورامی لەکاتی چاوپێکەوتنەکانیان لەگەڵ کەناڵەکانی راگەیاندن یاخود لە مەجلیسە تایبەتییەکانیاندا خزمەتێکی باشیان بە فۆلکلۆری بیستراوی ناوچەی هەورامان کردووە.

بەڵام بەداخەوە چەند گۆرانیبێژێك چ ئەوانەیان خەڵکی ناوچەی هەورامانن یاخود ئەوانەیان خەڵکی دەرەوەی هەورامانن و پێویست بەناوهێنانیان ناکات, لە ئەنجامی کەمشارەزاییان بە فۆلکلۆری هەورامان و مێژووی گۆرانییە هەورامییەکان, زیادەڕۆیی دەکەنە سەر ئەم گۆرانییانە و حەشریان پێدەکەن و کورد واتەنی وایانپێدەکەن (با بەدەواری شڕی نەکردبێت), بۆنموونە هەیانە لەگەڵ ئەوەی خۆی خەڵکی هەورامانە کەچی گۆرانی (عەرەبی, تورکی) دەهێنێت و بە شیعری هەورامی دەیانچڕێتەوە, دەیانئاخنێتە ناو گۆرانییە هەورامییەکانەوە و دەڵێێت ئەم بەزمە داهێنانی خۆمە, یاخود لەکاتی چاوپێکەوتنەکانیدا بەئارەزووی خۆی (شەلم کوێرم ناپارێزم) دەنیشێتە سەریان هەندیکیان دەکات بە (فۆلکلۆر) کە داهێنەرەکانیان تا چەند ساڵێك لەمەوبەر مابوون یان تائێستاش زرتەی چاویان دێت, هەروەك چۆن گۆررانیبێژێکی هەورامی لە یەکێك لەبەرنامەکانی کەناڵی (کوردسات)دا گۆرانی (کەڵمل باوانم)ی کرد بە فۆلکلۆر, لەکاتێدا ئەم گۆرانییە هینی گۆرانیبێژی خوالێخۆشبوو (نەسروڵا کەیکاوس ناسراو بە ناسکۆڵ)ە, یاخود لەگۆرانییە فۆلکلۆرییەکان دەکات بەهینی گۆرانیبێژێك کەئەو گۆرانیبێژە خۆی لەو شتە بێخبەرە, هەروەك چۆن لەهەمان چاوپێکەوتندا (گۆرانی خانم خانمی) کرا بە هینی گۆرانیبێژ (جەمیل نەوسوودی), هەشیانە خەڵکی دەرەوەی هەورامانە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی هەورامان دەچڕێت بەڵام لەکاتی چاوپێکەوتنەکانیدا دەیانکات بە گۆرانی خۆی, یاخود لەکاتی وێنەگرتنی گۆرانییەکەدا و پیشاندانی لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆندا هیچ ئاژەیەك بەوەنادات کە ئەو گۆرانییە فۆلکلۆری ناوچەی هەورامانە, وەیان گۆرانییەکە فۆلکلۆر نییە و بەزۆرەملێ دەکرێت بە فۆلکلۆر, بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەم باسە ئاماژەبەچەند نموونەیەك دەدەین بەم شێوەیە:

1-گۆرانی (گوڵ یاحاجی مریەم) لەتایتڵەکەیدا کراوە بە فۆلکلۆر کەفڕی بەسەر فۆلکلۆرەوە نییە, ئەم گۆرانییە خوالێخۆشبوو (نەسروڵا کەیکاوس ناسراو بە ناسکۆڵ) دایهێناوە و گۆرانییەکەش رازی ئەوینێکی گەورەیە, هەمووی خەڵکی تەوێڵە و زۆرێك لەخەڵکی هەورامانی ئەمدیو بەتایبەت ئەوانەیان هاوتەمەنی ناوبراون شتێك دەربارەی ئەو رازە دەزانن.

2-گۆرانی (خاڵداری خاڵداری), لەبەرنامەیەکی تایبەتی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستاندا کەبەبۆنەی یەکێك لەجەژنەکانەوە پەخشکرا خانمێکی گۆرانیبێژ ئەم گۆرانییەی کرد بە گۆرانی هونەرمەند (فەیزی نەژادی), لەگەڵ

ڕێزێکی زۆرمان بۆ ئەم خانمە و بۆ هونەرمەندی ناوبراو دەڵێین: ئەم گۆرانییە رازی ئەوینێکی راستەقینەیە و مێژووی ئەو ئەوینەش بۆ پێش لەدایکبوونی هونەرمەند (فەیزی نەژادی) دەگەڕێتەوە, تا ئێستاش یەکێك لە لایەنەکانی خۆشەویستییەکە ماوە و تەمەنی نزیکەی سەد ساڵە, هەر لێرەدا دەڵێین ئەم گۆرانییە لە کاسێتە هەورامییەکانی سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابوردوودا بەدەنگی گۆرانیبێژە هەورامییەکان تۆمارکراوە.
3-گۆرانی (سەرعێل عەرزم هەن) لە کاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ یەکێك لە گۆرانیبێژەکانی کوردستانی ئەودیودا, ئەو بەرێزە گۆرانییەکەی بە داهێنانی خۆی دایە قەڵەم, بەڵام ئەم گۆرانییە پێش لە دایکبوونی ئەو بەرێزە بەماوەیەکی زۆر لەناو گۆرانییە هەورامییەکاندا تۆمارۆکراوە و بەڵگەشمان لەم بوارەدا کاسێتە کۆنەکانی گۆرانیبێژە هەورامییەکانن.
ئەمانەی سەرەوە تەنها مشتێکن لە خەروارێك و چەندین نموونەی تریشمان هەن لەم بوارەدا بەڵام ئەوەندە دەڵێین: ئەمانەی بۆ ئاشکراکردنی هەندێك لەو زیادە رۆییانەی دەکرینە سەر گۆرانییە هەورامییەکان, زۆربەی گوێگران و بینەرانی کەناڵەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانیش لەم بوارەدا خۆیان شایەتحاڵن, پێدەچێت خوێنەری ئازیز لەکاتی خوێندنەوەی ئەم بابەتەدا بڵێت: دەبوایە نووسەر ناوی ئەو هونەرمەندانەی بهێنایە کە ئەم زیادە رۆییانەیان کردووە و وەکو جۆرە مەتەڵێك نەیهێشتنایەتەوە, منیش دەڵێم مادام ئێمە مەبەستمان توانجگرتن و کەمکردنەوەی بەخشیندەیی ئەو بەرێزانە نییە بۆ هونەری کوردی و نموونەکان تەنها بۆ دەرخستنی راستییەکانن پێویست بە ناوهێنانیان ناکات.
هەر لەبواری گۆرانی هەورامیدا دەڵێین: بێجگە لەو گۆرانیبێژانەی ناومانهێنان کە خۆیان هەورامی نین و گۆرانی هەورامییان لەگەڵ مۆزیکدا چڕیوە, ژمارەیەکی تر لەگۆرانیبێژە ناسراوەکانی ناوچە جیاجیاکانی دەرەوەی هەورامان بە سەلێقەیەکی زۆر و توانایەکی باشەوە گۆرانی هەورامییان چڕیوە و دەچڕن تەنانەت هەندێکیشیان توانیویانە سیاچەمانە بچڕن و هەشیانە ساچەمانەی داهێناوە لەوانە:
1-مامۆ رەشە غولام, داهێنەری دووبەزمی سیاچەمانەیە بەناوی (تەقەی تەوەن میر, هەوای زوڵفی تۆ), لەتەمەنی سەد ساڵیدا سیاچەمانەی چڕیوە, ئێستا کۆچی دواییکردووە.
2-حەمەمینی خواهێشتی, خەڵکی (گوندی خواهێشت= خوایەشت)ـە, توانایەکی باشی هەیە لەچڕینی گۆرانییە هەورامییەکاندا بەسیاچەمانەکانیشەوە, چەندین کاسێتی تۆمارکراوی هەیە و تائێستاش لەگۆرانیچڕیندا بەردەوامە.
3-فەتحولای ئەمینی, خەڵکی (جوانڕ)یە و گۆرانیبێژێکی کارامە و بەسەلیقەیە, دەیان کایسێتی تۆمارکراوی هەیە و زۆربەی گۆرانییە هەورامییەکان دەچڕێت, تائێستاش گۆرانیدەچڕێت و خزمەتێکی باش بەگۆرانی هەورامی دەکات.
4- جێهانبەخش ناسراو بە (پەخشە), گۆرانیبێژێکی کارامەیە و توانای چڕینی زۆربەی گۆرانییە هەورامییەکانی هەیە, چەندین کاسێتی تۆمارکراوی هەیە و هەرچەندە تەمەنێکی زۆریشی هەیە بەڵام تائێستاش لەگۆرانیچڕیندا بەردەوامە.
5-صدیقی کەمانگەر= صدیقی ئافریانی, گۆرانیبێژێکی دەنگخۆش وخەڵکی (گوندی ئافریانە), چەندین کاسێتی تۆمارکراوی هەیە.

6–جەلال هەرسینی, گۆرانیبێژێکی کارامە و بەناوبانگە و زۆربەی گۆرانییە هەورامییەکان دەچڕێت.
چەندین گۆرانیبێژی تریش لەم بوارەدا شوێن دەستیان دیارە.
پاش ئەم کورتە باسە دەربارەی گۆرانی هەورامی و ئەو گۆرانیبێژانەی خزمەتیان بەگۆرانی هەورامی کردووە, دێینە سەر ئەوەی هەندێك لە گۆرانییەکانی هەورامان گۆرانی تایبەتن لەوانە: (گورانی شێخانە, گۆرانی گەڕیان), ئەم گۆرانییانە لەرووی ریتمەکانیانەوە جۆرێکی جیاواز نین لە جۆرەکانی تری وەك (سیاچەمانە, بەزمی خاو, گۆرانی چەپڵەڕێزان), بۆنموونە گۆرانییە شێخانەکان هەر لەسیاچەمانەکانییانەوە هەتا بەزمە خاوەکان و بەزمە خێراکانیان لە سەر شێوازی هەمان ئەو ریتمانەن لەم بابەتەدا قسەمان لەسەریانکردووە, تەنها جیاوازییەك لەم بوارەدا هەبێت ئەوەیە گۆرانیبێژەکان لەچڕینی گۆرانییە شێخانەکاندا شیعری عیرفانی و ئەو شیعرانە دەڵێنەوە کەلەبواری پەیوەندی رۆحی نێوان شێخ و مورید و خۆشەویستی شێخەکانی هەوراماندا هۆنراونەتەوە.
بەنیسبەت ئەو گۆرانییانەشەوە کەپێیاندەوترێت گۆرانی (گێڵاَی= گەڕیان) و جاوازی لەسەر بەزمەکانیان هەیە وەك لە باسی بەزمە خاوەکاندا ئاماژەماندا هەموویان لەسەر ریتمی گۆرانییە خاوەکانن, بەڵام زیاتر لەکاتی زەماوەندەکاندا و لەگەڵ جۆرە هەڵپەڕکێیەکی نەرم و خاودا دەچڕرێن کە هەورامییەکان پێیدەڵێن (گێڵاَی), بەتایبەت پێش ئەوەی زەماوەند گەرمبکرێت و ریزەکان دەست بەهەلپەڕکێی خێرا و گەرم بکەن.
(لەباسی هەڵپەڕکێی هەوراماندا بەدرێژی ئاوڕ لەم باسە دەدەینەوە).
هەروەها دوو گۆرانیش هەن کە پێشتر زیاتر تایبەت بوون بە رێوڕەسمی گواستنەوەی بووك لەماڵی باوکییەوە بۆ ماڵی زاوا, بەزمەکانیش (وەی وەی بالاَبەرز, بادە و بادە)ن, بەزمی (وەی وەی بالاَبەرز) لەلایەن ئەو کوڕ و کاڵانەوە چڕاوە کەچوون بۆ هێنانی بووك و هەر لەگەڵ گەیشتنیان بە ماڵی بووك دەستییپێکردووە هەتاکو بووکەکە هێنراوەتە دەرەوە, پاشان ئیتر نۆرەی (بادە و بادە) هاتووە هەتا بووکەکە گەیەنراوەتە ماڵی زاوا.
هەر لەبواری گۆرانیچڕیندا پێویستە باس لەوەش بکەین چەند ئامێرێکی مۆزیکی هەر لەسەردەمە کۆنەکانەوە و ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە هەوراماندا بایەخیان بووە و هەیە لەوانە: (شمشاڵ, دەف, دەهۆڵ, زوڕنا, تەمبوور, ساز), بەنیسبەت (تەپڵ, دەهۆڵ, زوڕنا, شمشاڵ) زیاتر لە کاتەکانی (زەماوەندگێڕان, گەلکارییەکان, سەیرانەکان) بەکاردەهێنرێن,
هەندێکجاریش گۆرانیبێژەکان هاوڕێ لەگەڵ ژەنینی (دەف, شمشاڵ)دا گۆرانی دەچڕن, (تەمبوور و ساز)یش لە کاتی جەمەدیینییەکانی هەڵگرانی رێوەڕەچەی یاریسان ئامادەبوونیان هەیە, (دەف) زۆرجار بەتەنها و هەندێك جاریش هاوڕێ لەگەڵ شمشاڵدا لە کۆڕی زیکری خانەقادا رۆڵی خۆیان دەگێڕن, ئەمە سەرەڕای ئەوەی (دەف) لە زۆربەی بۆنە دیینی و کۆمەڵایەتییەکاندا شوێنی دیاری هەیە وەك (خوێندنەوەی مەولوودنامە, بەخاکسپاردنی مردوو).
دواجار دەڵێن گۆرانییە هەورامییەکان تەنها سەرنجی گۆرانیبێژە کوردەکانیان رانەکێشاوە, بەڵکو گۆرانیبێژێکی فارسی وەك (لەیلا فرۆهەر) شانازی بەگۆرانی (بەرزی بەرزی)یەوە دەکات وە بەیەکێك لە گۆرانییە خۆشەکانی لەقەڵەمدەدات, هەربۆیە بەشەوق و زەوقێکی خۆشەوە دەیچڕێت.

## بابەتی (21)

## هەڵپەڕکێ لای هەوراmییەکان

هەڵپەڕکێ هونەرێکی میللی گەورەیە و لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا بەردەوامە, کاریگەری دیاریشی لەسەر ڕەوتی ژیانی کۆمەلاّیەتی کۆمەڵە جیاوازەکان بووە و هەیە, هەرکاتێك باس لە (خۆشی وئاهەنگ, زەماوەند, ژنهێنان, سەیران و گەشت) دەکرێت یەکسەر هەڵپەڕکێ دێتە مەیدانەوە, هەڵپەڕکێ بەشێکی زیندووە لە فۆلکلۆری گەلان, هەموو گەلێك تایبەتمەندی خۆی هەیە لە هەڵپەڕکێدا, ئەو تایبەتمەندیانەش لە چەند هۆکارێکەوە سەرچاوەدەگرن وەك: (سروشتی ئەو ناوچەی مرۆڤی تێدا دەژیی, کەشوهەوا, جۆری ژیان و گوزەران لەبوارەجیاجیاکانی کۆمەلاّیەتی, سیاسی, ڕۆشنبیری, ئابووری ..هتد), هەر بۆ نموونە هەڵپەڕکێی گەلە کوێستاننشینەکان هەمیشە خێرا و بە جووڵە و گەرموگوڕە, چوونکە لەو شوێنانەدا مرۆڤەکان پێویستە گورجوگۆڵبن, بەلاّم هەڵپەڕکێی گەلە گەرمیانشینەکان خاوترە و ئەو گەرمو گوڕییەی نییە, دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری سروشت.

ئەگەر بەراوردێك بکەین لەنێوان هەڵپەڕکێی ئەو گەلانەی کە سەربەخۆ و خاوەن دەوڵەتن کەمتر ژیانی چەوساندنەوە و ژێردەستیان چێشتووە, دەبینین جیاوازییەکی تەواوی هەیە لەگەڵ هەڵپەڕکێی ئەو گەلانەی کە زۆربەی ژیانیان بەژێردەستی و کولەمەرگی وچەرمەسەریێ بردۆتە سەر, لێرەدا نموونەیەك لەسەر جۆرێك لە (هەڵپەڕکێی کوردی) و (هەڵپەڕکێی ئەوروپی) دەهێنینەوە, دەبینین ئەوروپییەکان لەکاتی سەما و هەڵپەڕکێکانیاندا زۆر ئازادن, بەشێوەیەکی تاك لەناو کۆمەڵی هەڵپەڕکێکاراندا دەجولێنەوە تەنیا و تەنیا لە ڕووی ئیقاع و نەزمی هەڵپەڕکێکەوە وابەستەن بەکۆمەڵەکەیانەوە, ئیتر لە وردەکاریەکانی تردا ئازادانە دەجووڵێنەوە و دەتوانن ئەفراندن بکەن, دیارە ئەمەش ڕەنگدانەوەی جۆری ژیانی (کۆمەلاّیەتی,ئابووری, ڕۆشنبیری, ڕامیاریی ...هتد) خۆیانە, چونکە خەڵك لەوێ ژێردەستنین و لە هەموو مافە مرۆڤایەتییەکانیشیان بەهرەمەندن.

بەلاّم ئەگەر سەرنجی (هەڵپەڕکێی کوردی) بدەین دەبینین ئەو کەسانەی ڕیزی هەڵپەرکێکەیان دروستکردووە ڕاستەوڕاست شانیان لەیەکتری توند کردووە و بەیەکترییەوە بەسراونەتەوە و بەپێی جۆری هەڵپەڕێکە وەك زنجیرێك پێکەوە گرێدراون, هەموو جوڵەکانیان وەك یەکە, هیچ تاکێکیان لە هەڵپەڕکێکەدا ئازاد نییە و پێویستە وابەستەی کۆمەڵەکەی بێت, ئەوەیان تۆزێك ئازادبێت تەنها (سەرچۆپی کێش)ـەکەیە بەیناو بەین دەتوانێت بەشێوەیەکی کاتی دەست لەڕیزەکەی بەربدات و چەندجووڵەیەکی بچووك بکات, بەلاّم هەر دوای جوڵەکە دەگەڕێتەوە ناو ڕیزەکە و خۆی بەوانی ترەوە گرێدەداتەوە, ئەمە خۆی لەخۆیدا ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە ئازادییەکەی سەرچۆپیکێشیش هەر زۆر بەرتەسك و سنووردارە و بەبێ ڕیزەکەی هیچی پێناکرێت, ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخە ناهەموارەی کە گەلی ئێمەی تێدا ژیاوە و هەرگیز ئەو سەربەستییەی بۆ مەیسەر نەبووە کە بتوانێت ئازادانە بجووڵێتەوە.

لـە هەڵپـەڕكێی كوردیـدا وەك یـەكێك لـە دەرهاویشـتەكانی ژیـانی كۆمەڵایـەتی جیـاوازی گـەورە لـەنێوان هــەردوو رەگــەزی نێرومێــدا كــراوە, بــۆ نموونــە كاتێــك هەڵپــەڕكێ دەســتپێكردووە, (پیــاو و كــوڕ) سەربەستبوون لەوەی چۆن و كەی و لەكوێوە؟ دەستدەگرن و هەڵدەپەڕن هیچ كۆت و بەندێك لەسەریان نەبووە , بەڵام (ژن و كچ) چاوەڕوانبوون هەتاكو كەسێكی نزیك بەخۆیان وەك (مێرد, برا, مام, خاڵ, ئامۆزا, خاڵۆزا, زاوا) یان هەركەسێكی تری نزیك بەخۆیان دەستی گرتبێت ئینجا ئەوانیش توانیبێتیان بچنە نـاو ریـزی هەڵپەڕكێكـەوە, ئەمـە لەكاتێكـدا كـە (رەشـبەڵەك) یـەكێك بـووە لـە سـیماكانی ژیـانی كۆمەڵایەتی و ژنیش تارادەیەك تێیدا سەربەستبووە, كەچی ئەم كۆت و بەندانەشی لەسەربووە.

سەربەستی ژن لـە رەشبەڵەكدا تـا ڕادەیـەك قاڵبدراوبووە, سـەرەڕای ئـەوەی پێویسـتبووە لەسـەری لەگـەڵ كەســی نزیــك و مــەحرەمی خۆیــدا دەســتبگرێت, لــەجۆری چوونیشــی بۆنــاو ریــزی هەڵپــەڕكێ هــەر جیاوازیكراوە, چونكە (پیاو و كوڕ) توانیویانـە لـە پشـتی ریـز و لـە رووی ریزەكەشـەوە بـەپێی حـەزی خۆیـان دەسـتبگرن, بـەڵام (ژن و كـچ) هـەرگیز نـەیانتوانیوە لـە رووی ریزەكـەوە بچـنە نـاو هەڵپـەڕكێ, پێویسـتبووە لەسـەریان لـە پشـتەوە بچـنە نـاو ریزەكـەوە, (پیـاو و كـوڕ) ئـازاد بـوون لـە قاوقیـل و قـرەو لەغوەكردندا هەرچۆنێكیش لەشی خۆیان بادابێت هیچ سەرئێشەیەكی بۆ دروستنەكردوون, بەڵام (ژن و كچ) زۆربـەی كـات بەشـەرمەوە هەڵپـەڕیون و نـەیانتوانیوە ئازادانـە ئەندامـەكانی لەشـیان بجووڵێننـەوە, چونكە ئەو شتانە لەسەریان حسابكراوە و ترساون لەسەرنجڕاكێشان و لێپرسینەوەی خێزانیان یان خزم و كەسوكاریان یان قسەوقسەلۆكی ناحەزان وتیروتوانجگرتن بۆ لەكەداركردنی كەسێتیان.

ئەگەر روویدابێت (ژنێك) یان (كچێك) لەكاتی هەڵپەڕكێدا سەربەستی خۆی بەتەواوی نواندبێت ئەوە بووە بە مایەی گلەیی و گازندەی خەڵك لە كەسوكاری و سەرزەنشتكردنی خۆی.

(ناوچەی هەورامان) هەروەك زۆربەی ناوچەكانی تـری كوردەواری بایـەخێكی زۆریـان داوە بـە هەڵپـەڕكێ وەك بەشـێكی زینـدوو لـە فۆلكلـۆری خۆیـان, تائێسـتاش لـە زۆربـەی شـوێنەكانی (هەورامانـدا)دا لـەكاتی (سـەیرانكردن, ژنهێنـان, خەتەنەسوران, گـەلكاری و.... هتـد) هەڵپـەڕكێ سازدەدرێت, كـۆڕی ڕەشـبەڵەك گەرمـدەكرێت, لـە (هـەورامان)دا چـەند جۆرێـك هەڵپـەڕكێ هـەن وەك: (چـەپی, سـێپێیی, فەتاحپاشـایی, گـێلاَی=گـەڕیان[75]) هـەروەها جۆرێـك (هەڵپـەڕكێی عیرفـانی) هەیـە كـە تایبەتـە بـە رێـورەسمی (جـەژنی پیرشالیار), ئەم هەڵپەڕكێیە سرووتكی تێكەڵاوە لە (هەڵپەڕكێ و حاڵ), لەم ساڵانەی دواییشدا بەتایبەتی گەنجەكان فێری چەندین هەڵپەڕكێی تر بوون وەك: (مەریوانی, سەقزی, شێخانی... هتد).

زووتر هەڵپەڕكێ لەگەڵ گۆرانی یان شمشاڵ یان دەهۆڵ و زوڕنا بەڕێوەچووە, زۆجار یەكێك یان زیـاتر لـە گۆرانیبێـژە میللییـەكان كـۆڕی هەڵپـەڕكێیان گـەرمكردووە, بـەئاوازی شـیرین و زمـانی سـادە و شـیعری رەسـەن هەڵپـەڕكێكارەكانیان سەرمەسـتكردوون, شـیعرەكانیان زیـاتر باسـیان لـە سروشـتی ناوچـەكە و

پەیوەندی رۆحی نێوان نێرومێ و لایەنە خۆشەکانی ژیان کردووە, جاری واش هەبووە یەك گۆرانیبێژ بە بلیمەتی خۆی توانیویەتی کۆڕی هەڵپەڕکێ گەرمبکات و خۆشی و بەشارەت ببخشێتەوە.
هەروەها هەڵپەڕکی بە شمشاڵ سازدراوە ئەوەش بەوەی شمشاڵژەنی کارامە ئاوازەکانی هەڵپەڕکێی ژەندووە, جاری واش هەبووە گۆرانیبێژە میللییەکان هاوکارییانکردووە و پێکەوە ڕێورەسمی هەڵپەڕکێکەیان بەرێوەبردووە, بە هەمانشێوە هەڵپەڕکێ بە زوڕناو دەهۆڵیش ساز دراوە, زوڕنا و دەهۆڵ زیاتر خەڵکەکەیان سەرمەستکردووە و هەڵپەڕکێکەیان گەرمتر کردووە, لەبەر ئەوە ئاوازەکانیان بەرزتر و سەنجڕاکێشترن.
سازدانی هەڵپەڕکێ ڕێوڕەسمی خۆی هەبووە بۆ نموونە: زۆرجار بەرلەوەی هەڵپەڕکێ گەرمبکرێت چەند کەسێك لەشوێن خۆیانەوە کەوتوونەتە قونە قون و جوڵە و ووردەووردە دەستی یەکتیانگرتووە, ئینجا دەستیان بە هەڵپەڕکێ کردووە, پێشتر هەتاکو هەڵپەڕکێ گەرمبووبێ ئەوانەی دەستیانگرتووە بەنەرمی لەشوێنی خۆیاندا جوڵاونەتەوە و لەسەر هەندێك نەزم لە گۆرانی تایبەت کە بە زمانی خەڵکی ناوچەکە پیاندەوترێت گۆرانی گەڕیان هەڵپەڕیوون.
هەندێك جار کە کۆڕی زەماوزەند گەرمبووبێت ریزەکان بەسەرە هەڵپەڕیوون, هەر ریزێك هەتاکو سەرەیان هاتبێت گۆرانیبێژ یان زوڕناو دەهۆل یان شمشاڵژەن بگاتە لایان بە بەزمی (گەڕان= گەڕیان) هەڵپەڕیون.
لە (هەورامان)دا لەوکاتانەی کە (رەشبەڵەك) سازدرابێت بۆ ئەوەی (کچان و ژنان) زۆر ماندوونەبن زیاتر بە هەڵپەڕکێی (چەپی) هەڵپەڕیون, هەر لەبەر ئەوەشە بە (هەڵپەڕکێی چەپی) وتراوە (هەڵپەڕکێی ژنانە), بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ژنان هەر (بەچەپی) هەڵپەڕیبن, هەندێکجار (کچان و ژنانی گەنج) زیاتر حەزیانکردووە بە جۆرەکانی (سێپێیی فەتاحپاشایی) هەڵپەڕن.
هەڵپەڕکێ کە دەستپێکردووە (سەرچۆپیکێش) ئاراستەیکردووە و ریزەکەش لەگەڵیدا رۆیشتوون, پێویستبووە (سەرچۆپیکێش) چەن خەسڵەتێکی تێدابێت بەم شێوەیە:
1-وەستا و شارەزابووبێت لە هەڵپەڕکێدا.
2-جلوبەرگی جوان و ڕێکوپێکی پۆشیبێت.
3-قەدوباڵای رێك وپێك و تاڕادەیەك سیمای جوانبووبێت.
4-دەستەسڕی بەدەستەوە بووبێت بەپێی جۆری هەڵپەڕکێکە جوڵاندبێتییەوە, بەبایەخترین جۆری دەستەسڕ لەهەوراماندا (دەستەسڕی ئاورێشم) بووە.
بەڵام ئێستا ئەم مەرجانە بایەخیان پێنادرێت چونکە هەڵپەڕکیکاران ئێستا ناتوانن نەریتەکانی هەڵپەڕکێ بپارێزن, لە کۆندا خەڵکانێك بوون تەمەنێکی زۆریان گوزەراندوە و بەشداری دەیان شایی و زەماوەندیان کردووە, بەڵام لە هەموو تەمەنیاندا مافی ئەوەیان بەخۆیاننەداوە ببنە سەرچۆپیکێش, بەڵام ئێستا بەو شێوەیە نییە, زۆرکەس ئەو مافە بەخۆیان دەدەن بەمەرجێك هەڵپەڕکێش نازانن, وەك خۆمان

دەڵێین وا دەزانن هەڵپەڕکێ هەر گەڕەلاوژێیە, بێئاگان لەوەی کە هونەرێکی میللیە و ڕێوڕەسمی خۆی هەیە.
بێجگە سەرچۆپیکێش ئەو کەسانەی کەوتوونەتە ئاخری ریزی هەڵپەرکێ پێیانوتراوە (گاوان), گاوان لە هەڵپەرکێدا حسابی خۆی هەبووە لەبەر ئەوە ئەو شوێنەی گرتووە هەتاکو ریزی هەڵپەڕکێکە تێکنەچێت, زۆرجاریش (گاوان) کەسی نزیکی خاوەن شایی وزەماوەند بووە, جار جار هەندێك کەس بوون بە (گاوان) کە خەڵکێکی خۆنەویست و لەخۆبووردووبوون تەنیا ئەوە مەبەستیان بووە زەماوەند و شاییەکە بە ڕێکوپێکی بچێتبەڕێوە, جاری واش هەبووە گاوانەکان ئەو کەسانە بوون کە باش هەڵپەڕکێیان نەزانیوە.
زۆرجار خەڵك نەچوون لەلای (گاوان) و لە کۆتایی ریزەوە دەستبگرن بەڵکو هەوڵیانداوە نزیك بە سەرچۆپیکێش یان نزیك بەسەرەتای ریزەکە هەڵپەڕن, ئەگەر وردە وردە خەڵکی تر هاتبنە ناو ڕیزی هەڵپەرکێکە پێویستبووە (گاوان) بە وریایی کۆنترۆڵی ریزی هەڵپەرکێکە بکات, چوونکە زۆرجار تەنها دەستبەردانی (گاوان) بەسبووە بۆ تێکچوونی ریزەکە.
هەڵپەرکێ لە (هەورامان)دا هۆکارێکی ئاشتەوایی و بنەبڕکردنی هەندێك ناکۆکی و کێشەی بچووك بووە, بۆ نموونە دوو خێزان یان دوو بنەماڵە ئەگەر کێشەیەکیان هەبووبێت بەڵام بەڕێکەوت دوو کەسیان لەریزی هەڵپەڕێکدا کەوتبنە تەنیشت یەکتر, دەستی یەکتریان گرتووە و هەر لەناو ریزەکەشدا یەکتریان ماچکردووە و ئاشبوونەتەوە.
خاڵێك هەیە لە هەڵپەرکێی (هەورامان)دا بەتایبەتی و هەڵپەرکێی کوردیدا بەگشتی زۆر سەرنجراکێشە, خاڵەکەش ئەوەیە ( ژن) یان (کچ) هەرکیز بەدەستی مەبەست نەخراونەتە شوێن (گاوان), ئەگەر ژنێکیش لەشوێنی گاواندا دەستیگرتبێت بەشتێکی نەگونجاو لەقەڵەمدراوە.

لە هەڵپەرکێی هەوراماندا گیانێکی گەورەی پێشبڕکێ لە بەینی ریزەکاندا دروستبووە, هەر ریزێك سەرەی هەڵپەرکێی هاتبێت دەستیانداوەتە قاوقیل و هەوڵیانداوە بالادەستی و زانایی خۆیان بسەلمێنن, بەتایبەت لەکاتی رەشبەڵەکدا یان ئەوکاتانەی کچ و ژن سەیری هەڵپەرکێکارانیان کردبێت, ئیتر هەر کوڕوکاڵ بوون هەوڵیانداوە بازاڕی خۆیان گەرمبکەن, ناز و لەنجەی کیژانیش لەولاوە زیاتر کۆڕی خۆشی و سەرمەستی گەرمکردووە.

---

[1] –بڕوانە کتێبی (فلسفة الفن – رؤية جديدة, ص62, الدكتور علي عبدالمعطي محمد, دار النهضة العربية للطباعة و النشر – بيروت 1985).

[2] –تەلان: ئەو زەوییانەی لەقەدپاڵی شاخ و کێوەکاندا لەخوارەوە بۆ سەرەوە تەختکراون و بەدروستکردنیکەلەکە بەرد بەبەرزایی (1–3مەتر) کە هەورامییەکان پێیاندەڵێن (کەل) لە یەکتر جیاکراونەتەوە پێیاندەوترێت (تەلان), مەرجیش نییە لە هەموو باخەکاندا بەرزایی کەڵەکە بەردەکان وەك یەکبێت, پانی تەلانەکانیش بەپێی تەختی شوێنەکەیان جیاوازە, هەندێکیان زۆر تەسکن

پێیانـدەوترێت (وەچـەکڵە)، تەڵانـەکانیش چـەندە پـان و پـۆڕبن زیـاتر ریـزە دار و نـەمامیان تێـدادەڕوێنرێت، ئەوکەڵکـە بەردانـەی بۆجیاکردنـەوەی تەڵانـەکان دروەسـتدەکرێن سـاڵانە لەئـەنجامی بـارینی بـەفر و بـاران لێیانـدەروخێت، لـەوەرزی بـەهاردا دووبـارە هەڵدەچنرێنەوە و بەم کارەش دەوترێت (کەلۆنیای).

[3]—کوز: ئەو جۆگەلە بچوکەیە کە لەناو تەڵانەکاندا دروستدەکرێت و دارونەمامەکان لەلێواریدا دەڕوێنرێن.

[4]—بەنگا: تاڤگەیەکی بچوکە کە ئاو لە تەلانێکەوە دەڕژێنێتە تەڵانەکەی خوارەوەی.

[5]—قـەلۆەز و ئـاژین: بـریتین لـە بەربەسـتێك و حـەوزێکی بچـکۆلە بـەدەوری دارونەمامەکانـدا درووسـتدەکرێن بـۆ ئـەوەی ئاوەکـە پەنگبخواتەوە و بەخێرایی بەناو کوزەکاندا نەڕوات.

[6]—باروم: ئەو کەڵەکە بەردانەن کەلەنێوان باخەکاندا بۆ جیاکردنەوەیان لەیەکتری درووستدەکرێن.

[7]—مارِ: رێڕەوێکە بۆ بەستنەوەی دوو کوچە بەیەکەوە، سەری دەگیرێت و لەسەریەوە خانوو درووستدەکرێت.

[8]—دیمـەك: تەختەدارێکـە لەسـەر شێوەیەکی لاکێشـەی شەشپاڵوو، درێژی لەمـەترێك کـەمتر نییـە و پانیشـی لـە نێوان (20− 30) سانتیمەتردایەو ئەستوریەکەشی لە نێوان (10− 15) سانتیمەتردایە بەشێوەیەکی سەرەکی لەداری توو درووستدەکرێت.

[9]—گلێنە: جۆرێکە لە دەفر لەقوڕی سووری سوورەوکراوە دروستدەکرێت بۆ مەبەستی خواردن لەناویدا.

[10]—کەشکەساو: جۆرێکە لە دەفر لەقوڕی سووری سوورەوکراوە دروستدەکرێت بۆ ساوینەوەی کەشك بەمەبەستی دروستکردنی دۆخەوا.

[11]—هاڵوە: دەفرێکە لە دار درووستدەکرێت و شیری کولاوی تێدەکرێت بەمەبەستی درووستکردنی ماست.

[12]—هەزارپێشە: سندوقێکە لەدار دروستدەکرێت، خانەخانە دەکرێت بەمەبەستی هەڵگرتنی قۆری‌و پیاڵە و ژێرپیاڵە تیایدا.

[13]—کاتێك رووبەری باخەکانی هەورامان فراوانبووە و ژمارەیان زۆر بووە، ئاویش هەر ئەوە بووە کە پێشتر هەبووە بۆ ئەوەی کێشە لەناوخـەڵکی ناوچـەکەدا دروسـت نـەبێت نۆبـاو بـەپێی سـەعات و بـەپێی جولـەی خـۆ رو شـەورۆژ بـۆ یەکـەمجار سـاڵی (1928ز) لەشارەدێی تەوێڵە و بە فەرمانی (قادربەگی جافرسان) پەیڕەوکراوە ئەوەش بە درووستکردنی لیژنەیەکی تایبەت بۆ دیاریکردنی چوارچێوەی ئەم دوو شێوازە لە نۆباو بەشێوەیەك هەموو کەسێك بەشی ئاوی خۆی بۆ دیاری بکرێت، لیژنەکە لەچەند بەڕێزێکی ناوچەکە پێکهێنراوە لەوانە: (میرزا ئۆلقاری تەوێڵەیی، سەید فتح المبین، حاجی ئایزەی حەبیب، ئەحمەد ئیسحاق، غەففار بەگ ... هتـد)، پـاش ئـەوەی لیژنەکـە لـەکارەکانیان بوونەتـەوە باخـدارێکی تەوێڵـەیی کـە شـاعیرێکی میللـیش بـووە بـەناوی (حەمەلـەتیفی سـەیفور) کـە باخەکـەی کەوتووەتـە سـەر (جـوو دەگـێ = جۆگـەی دێ) و سـەرپەڕ بـووە، نـاڕەزایی لەبەشـە ئاوەکـەی بەنامەیـەك بـۆ (قادربەگ) نووسیوە، سەرەتای نامەکەشی بەم دوودێڕە شیعرە دەستپێدەکات:

قادربەگ بدییە پێ دەردو خەمیم          نوباوم بیەن بە هەڵسو چەمیم

کورە و کەمولـە و بابالــە و یاقو          پــاراو باخــەوان کاولبی بلکۆ

واتە: قادربەگ سەرنجی دەردوخەمی من بدە کە نۆرەئاوەکەم بووە بە فرمێسکی چاوم لەکاتێکدا هەریەك لەو کەسانەی کەلە نیوەی یەکەمی دێڕی دووەمدا ناوی بردوون باخەکانیان پاراوە و بۆ نمونە ناوی (باخەوان)ی هێناوە کە یەکێکە لەباخە هەرەچاکەکانی تەوێڵە، باخەکەی خۆشی کە ناوی (بلکۆ)یە وشك و کاولبووە.

پاش ئەم سکاڵایە (قادربەگ) بۆجاری دووەم چاوی کاری لیژنەکەدا خشاندووەتەوە و فەرمانیداوە کێشەکەی چارەسەر بکەن، ئیتر هـیچ کەسـێکی تـر گلـەیی لـەم دووشـێوازی دابەشـکردنی ئـاوە نـەکردووە، پاشـان هـەمان شـێواز لەگونـدەکانی تـری هەورامانـدا پێڕەوکراوە.

[14]— ماوەزا: بەو تەڵانە پان و پۆڕانە دەوترێت  کە تایبەتن بە داری گوێزی گەورە گەورە.

[15]— سەلیقەی هەورامییەکان لە بواری باخداری  بەگشتی و درووستکردنی (تەلاّن، جۆگە، کوون، قەلۆەز و ئاژینـەکان....هتـد) و سەرنجی کەسێکی وەك ئێدمۆندزی راکێشاوە و لەم بارەوە لە کتێبی (کرد، ترك، عرب)دا نووسیویەتی:

ئەنـدازیارێکی گـەورە کـە پسـپۆڕی بـواری ئـاودانبوو پێیـوتم (زانیارییـەکانی مـن لـە بـواری ئاوداریـدا شـتێك ناخەنـە سـەر زانیـاری هەورامییەکان).

بروانە سەرچاوەی ئاماژەپێدراو لاپەڕە (155).

[16]– ملە شۆپە: ملەیەکە دەکەوێتە سەر سنووری نێوان عێراق و ئێران بەرامبەر بەگوندی سۆسەکان, لە لایەکەوە دەروانێت بەسەر هەردوو گوندی (شۆشمێی سەروو, شۆشمێی خواروو)ی هەورامانی ئەودیو= ئێران و لە لایەکی تریشەوە دەروانێت بەسەر چەمی خوارەوەی تەوێڵەدا, خالێکی سنوورییە وپایگەی حکومەتی ئێرانیش بەسەریەوە درووستاکراوە.

[17]– داری (زڕیەری) بەو دارانە دەوترێت بەرەکەیان کەم و جۆرەکەشی خراپە.

[18]– بەواتای دەك رەگەکانت بتەقن خۆ کاکڵەکەی بە سووژن دەرنایەت.

[19]– هەورامییەکان زۆرجار زاراوەی (تەقەشەنە) بەکاردەهێنن بۆ دیاریکردنی مێژووی هەندێك دیاردە و رووداو, بۆ نموونە دەڵێن فلانەکەس ئەوەندە ساڵ لەمەبەر لە تەقەشەنەدا لە دایکبووە, فلانە کەسیی‌تر لە تەقەشەنەدا نەخۆشکەوت یاخود مرد, فلانە ساڵ تەقەشەنەبوو رەشەبایەکی بەهێز هەڵیکرد...هتد.

[20]– گوێز پاش لێکردنەوەی توێکڵە سەوزەکە لێی پێیدەوترێت (گوێزی پاقلیر) بە واتای پاککراو.

[21]– (گێتە مەژگی= کولێرە بەکاکڵە) جۆرێکە لە کولێرەی بەلەزەت لەدروستکردنیدا (هەویری ترشێنراو, کاکڵەی گوێز, زەردەچەوە) بەکاردەهێنرێن, کاکڵە گوێزەکە باش دەهاڕێت و لەگەڵ زەردەچەوەکە تێکەڵدەکرێن, هەموو کولێرەیەك کەدرووستدەکرێت رووی سەرەوەی پڕدەکرێت لەکاکڵە گوێز, هەندێکیشیان پێیاندەڵێن ناودار چونکە کاکڵە گوێزەکە دەکرێتە ناویانەوە وەك چۆن پیاز دەکرێتە ناو کەلانەوە.

[22]– (بنە هارگای) ئەمەش جۆرێکە لە کولێرەی ناوچەی هەورامان و لەم کتێبەدا باسی تایبەت بەخۆی هەیە.

[23]– (سانالی) پارچەیەك زەوییە لەناو باخدا وباش سواقدەدرێت, پێویستە لە شوێنێکی تەختدا بێت و خور لێیبدات بۆ ئەوەی تووەکان زوو وشکببنەوە.

[24]– (تووی زوەرد) بەو توانە دەوترێت کەمێك وشکبوونەتەوە بەڵام نەرمن و پێیاندەوترێت (ددانگیر), چونکە لەکاتی خواردندا داندەگرن, ئەم توانە بەدۆوە دەخورێن.

[25]– (دۆڵ) بریتییە لە بەردێکی گەورەی لووس لەناوەراستیدا بە قووڵایی (15–20سم) و بە تیرەی (10–12سم) چاڵدەکرێت, هەر لەبەردیش دەسکێکی بۆدرووستدەکرێت پێیدەوترێت (دەسەدۆڵ= دەسکەدۆڵ).

[26]–بروانە گۆڤاری کەلەپوری کورد ل172, ژمارە (2) نەورۆزی 1993.

[27]– (لەپۆرت) لە هەنجیری زۆر گەییو درووستدەکرێت, پاش ئەوەی برێکیان بەتەڕی پێکەوە دەپەسترێن و وەك قالبیان لێدێت.

[28]–بروانە (سیستمی ئابووری, سیاسیی و کۆمەلایەتی هەورامان لەم چوار سەدەی دواییدا) گۆڤاری هەورامان ژمارە (1) زستانی (2002) لاپەڕە (28) نووسینی (م. فەیرۆز حەسەن).

[29]– (بێرەگا) مەبەست لەو شوێنەیە کە شوانەکان رانەکانی تێدا مۆڵدەدەن بەمەبەستی دۆشینیان.

[30]– (پەڵەدان) مەبەست ئەو کاتەیە کە ئەوەندە باراندەبارێت زەوی بەتەواوی دەخوسێتەوە و کێلانی ئەو زەوییانە دەستپێدەکات کە (وەرد) نین بە واتا لەوەرزی بەهار و هاویندا نەکێڵراون, لای کۆمکەلی کوردەواری رۆژی (5 – مانگی تشرینی دووەم) بە هەقە پەڵە دادەنرێت.

[31]– کۆتە: لەدار و لەسەر جۆرە شێوەیەکی هەرمێیی درووستدەکرێت, دووجۆری هەیە پێیاندەوترێت:

(کۆتەی کلاشکەر, کۆتەی پێکەنەگیر), کۆتەی کلاشکەر لە کۆتەی پێکەنەگیر کەمێك ئەستوورتر و گەورەترە, درێژیەکەی لە نێوان (45–50سم) دایە و نزیکەی (15 –20سم) لەخوارەوە دەتاشرێت هەتاکو بچەقێنرێتە ناو زەوی, رووی سەرەوەی شێوەیەکی بازنەیی هەیە و بەردەوام سافدەکرێت تیرەکەی لەنێوان (12–15سم)دایە, ئەو دارەی کۆتەی لێدرووستدەکرێت پێویستە زۆر ساغ و مەحکەم بێت و باشترین دار بۆ ئەم مەبەستە (کێکف, بەروو, گوێز)ن.

[32]– مشتە: لە پۆلا درووستدەکرێت و لەسەر شێوەی دەسکە هاوانە بەڵام ئەستوورترە و دووجۆری هەیە بەم ناوانە:

مشتەی کلاشکردن: تیرەکەی لەبنەوە (3–4سم) و درێژیەکەشی (15سم), وەستای کلاشکەر بۆکوتانەوەی بنە کلاشەکە بەکاریدەهێنێت.

مشتەی پێکەنەگرتن کەمێك بچووکترە لە مشتەی کلاشکردن و وەستای پێکەنەگیر بۆ کوتانی فتیلە پەڕۆکان بەکاردیدەهێنێت.

[33]– گازن, دەمەکەی لە (مەبرەد, پۆلا) و دەسکەکەشی لە(دار) دروودستدەکرێت, دەمەکەی نزیکەی (15سم) درێژ (3سم) پانە, زۆر تیژە و بەردەوام دەمەزەردەکرێتەوە, کلاشکەرەکان بۆ (هەڵهێنانی چەرم, پاچینەوە و بڕینی بنەکلاش) بەکاریدەهێنن.

[34]– درەوش: لەسەر شێوەی دەرنەفیزە و دەمەکەی لە (پۆلا) و دەسکەکەشی لە(دار) دروودستدەکرێت, چەند جۆرێکی هەیە لەوانە: (درەوشی درەوشدان, قۆدەپاچ, درەوشی پاژنە و لووت سمی= چەك سم).

[35]– کوڵەدرەوش, وەك درەوش وایە بەڵام دەمەکەی لەخوارەوە نووکێکی تاپادەیەك کۆڵی هەیە و چەند جۆرێکی هەیە لەوانە: (کوڵەدرەوشی گەورە = کوڵە درەوشی پاش درەوشدان, کوڵەدرەوشی پەرگەما نان, کوڵە درەشی وجارەکردن) کە هەریەکە و لە کاری تایبەت بەخۆیان بەکاردەهێنرێن.

[36]– دەقاق: لەپارچە تەختەیەکی مەحکەم دروودستدەوکرێت لەسەر شێوەی چوارگۆشە وایە, درێژی هەر لایەکی (15سم) و ئەستووریشی نزیکەی (5سم), بۆ تەختکردکردنی بنەکلاش بەکاردەهێنرێت.

[37]– قەدگیر: پارچە ئاسنێکە لەسەر شێوەیەکی نیوەهیلالی کراوە, درێژییەکەی نزیکەی (17سم) و پانییەکەی لەنێوان( 50٪1 – 2سم)دایە, بۆ کوتانەوەی (لووت,سنگ, قۆدە)ی بنەکلاش بەکاردەهێنرێت.

[38]– دواڵگیر: وەك دەرزییەکی دلیوان وایە و دەسکی پێوەیە, دەمەکەی لە (ئاسن, پۆلا) و دەسکەکەشی لە (داری بەلاڵووك, پلاستیك) دروودستدەکرێت, وەستای بنەکلاش لەکاتی کێشمانکردنی بنەکلاشەکەدا دەیدات لەسیرمەکە هەتاکو لەناو کونی درەوشدانەکەدا نەڕەوێتەوە.

[39]– چلمێردە: پارچە دارێکی خڕە بەدرێژایی (10– 12سم) و پانی (2–3سم), وەستای درەووستکردنی بنەکلاش لەکاتی درەوشداندا دەیاخەتە کۆتایی شوێنی درەوشدانەکەوە بۆ ئەوەی کاتێك کەدەمی درەوشکەی لێوەدەردەچێت دەستی بریندار نەکات.

[40]– دەرزی: لەقۆناغی درووستکردنی بنەکلاشدا سێ جۆر دەرزی بەکاردەهێنرێن بەم ناوانە:

دەرزی گەورە: درێژیەکەی نزیکەی (40سم) و ئەستووریشی لەئەستووری (سووژن) کەمترە, لەسەر شێوەی نیو هیلالێکی تەواو کراوەدایە, بۆ رایکردنی (سیرم) بەناو کونی درەوشداندا بەکاردەهێنرێت.

دەرزی پێنجتیر: لەسەر هەمان شێوەی دەرزی گەورە دروودستدەکرێت بەڵام کورتترە و تەنها (20سم) درێژە, بۆ رایکردنی سیرمی پێنجەم تیری بنەکلاشە.

دەرزی پەرگەما: ژمارەیان چوار دەرزییە و لەسەرهەمان شێوەی دەرزییەکانی پێشووتر دروودستدەکرێن بەڵام باریکتر و کورتترن, درێژی هەریەکەیان نزیکەی (8سم) دەبێت, ئەم دەرلازییانە لەکاتی پەرگەمانانی بنەکلاشدا بەکاردەهێنرێن.

[41]– بەزدان: پارچە پێستەیەکی خۆشەکراوی بچووکە بە قەبارەی لەپی دەستێك, بەز دەکرێتەو ناوییەوە بۆ چەورکردن و لووسکردنی (سیرم) لەکاتی درووستکردنی (بنەکلاش)دا.

[42]–پەرگ: وەستای کلاشچن لە دەزوو درووستیدەکات پاش ئەوەی دەزووەکە بەچەند تاڵێك بەپێی پێویست پێکەوە بادەدات و گرژیاندەکاتەوە و ئیتر وەك تاڵێکیان لێدێت, پەرگی چواردەوری کلاش لە پەرگی سەرەکەی ئەستووورترن.

[43]– پەرگەماڵ: لەپارچە قوماشێکی (مەرەز, خوری) دروودستدەکرێت پاش ئەوەی چەند دەقدەکرێتەوە و پێکەوە دەدوورێت, بۆ لووسکردنی پەرگەکان بەکاردێت.

[44]– تەبەنە: لەشێوەی سووژندایە بەڵام باریکتر و راست و سافە, زیاتر لە تەلەچەتر دروودستدەکرێت وپاش ئەوەی تەواو لووسدەکرێت و دەورووبەری کونەکەی دەسوون هەتاکو بچووکدەبێتەوە, ژمارەیەکی زۆر لە کلاشچنەکان (تەبەنە)ی چنینی (دەور, سەر)ی کلاشیان جیاوازە.

[45]– هادە بەهمەنی لە کتێبی (پەیامی هەورامان)دا نووسیویەتی: هەموو زەردەشتییەك رۆژانە چەندجارێك پشتوێنەکەی کردووەتەوە و بەستوویەتەوە و هەموو جاریکیش (نوێژی کوشتی) لەگەلدا خوێندووە.

بڕوانە (پەیامی هەورامان– لاپەرە (388) نووسینی (هادی بەهمەنی).

[46]–بڕوانە کتێبی (ایلات وطوایف کرمانشاهان)– بەرگییەکەم– لاپەرە (23, 24) نووسینی (د. محەمەدعەلی سوڵتانی).

[47]– لەبابەتی (هەورامان وەك ناو, ناوچە, شێوەزمان), دەربارەی ئەم قەوالآنە قسەکراوە.

[48]– تاڵەوامی: وشەی تاڵە وامی ئەگەر گەقا و دەق وەریگێڕێنە سەر شێوەزاری کرمانجی خواروو (بادامی تاڵ) دەگەیێنێت, بەلآم خۆی جۆرێکە لەدەوەنی کێوی و لاسکەکانی بۆ دروستکردنی گسکی تایبەت بە (گزی بارەکڵە) بەکاردەهێنرێن, خەڵکی ناوچەکە هەر لەناوی دەوەنەکەوە ناوی گسکەکەشیان ناوە.

[49]– بارەکڵە: لە شێوە گشتییەکەیدا وەکو (فاسی میسری ) وایە, دەمێکی پانی هەیە کەلەتەختەدار دروستدەکرێت و دەسکەکەشی هەرلەدار دروستدەکرێت , دەمەکەی لەسەرشێوەی لاکێشەییە, درێژییەکەی لە نێوان (25–30سم)دایە و پانییەکەشی نزیکەی (15سم) دەبێت, دەسکەکەی بەقەد دەسکەخاکەناز ئەستوورە بەلآم کورتترە.

[50]– خولۆم: شوێنێکە لەناو باخدا توو ناوەرێتە سەری, بۆیە هەرچی خۆڵ و شەخەڵ و وردەبەردی ناو باخەکە هەیە رۆدەکرێنە ناوییەوە, لەشوێنێکدایە دوورە لە لق و پۆپی دارتووەکانەوە.

[51]– بڕوانە کتێبی (ژیانی ئافرەتی کورد)– لاپەڕە (138) نووسینی (هانی هارۆڵد هانسن), وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە (عەزیز گەردی).

[52]– بۆ زیاتر ئاگاداربوون لەم بارەیەوە بڕوانە بابەتی یەکەمی ئەم کتێبە بە ناو نیشانی (هەورامان) وەك ناو, ناوچە, شێوەزمان لەسەرچاوە مێژووییەکاندا.

[53]– بڕوانە (سیستمی ئابووری, سیاسی و کۆمەلآیەتیی هەورامان لەم چوار سەدەی دواییدا) گۆڤاری هەورامان لاپەڕە (14) نووسینی مامۆستا فەیرۆز حەسەن.

[54]– چۆنیەتی دروستکردنی (سەکلە توو) لە بابەتی داری (توو)دا باسی لێوەکراوە.

3– چۆنیەتی دروستکردنی (کوتە, لەپاریٚ)ش لەهەما بابەتدا باسکراون.

[56] – مەلا مەحمودی بایەزیدی زانایایەکی ئایینی و زماناسێکمی دیاری سەدەی نۆزدەیەم بووە, دەستێکی بالآی هەبووە لە (ئەدەب, زمان, نووسینی دەستنووس)دا,کتێبی داب و نەریتی کوردەواری یەکێکە لە دەستنووسە بەنرخەکانی ناوبراو کە ئەلکسەندەر ژابا لەگەڵ خۆیدا بدوونی بۆ رووسیا و لە نامەخانەی (سالیکۆف شیدرن) پاراستوونی.

بڕوانە کتێبی داب و نەریتی کوردەواری– لاپەڕە (5) نووسینی (مەلا مەحمودی بایەزیدی), وەرگێڕانی لە رووسیەوە (د. شوکریە ڕەسووڵ).

[57]– بڕوانە کتێبی (ژیانی ئافرەتی کورد) نووسینی (هانی هارۆڵد هانسن), وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە (عەزیز گەردی).

[58]– بێجگە لەوانەی لەسەر دیینەکانی میترائی و زەردەشتی بوون, لای زۆرێك لە خەڵکانی تریش ئاگر و ئاگردان بە پیرۆز دانراون, هەر بۆنموونە لەناو مەغۆلەکاندا هەر کەسێك میزیکردبێتە ناو ئاگرەوە حوکمی کوشتنیدراوە.

[59]– ئەو ماوەیە لە هەندێك شوێندا (3) شەوە بووە.

[60]– (گۆرەوی بازی) لەهەندێك ناوچەدا پێیدەوترێت کلآوێن.

[61]– (کوتە, لەپاریٚ) لەباسی داری توودا قسەیان لەسەرکراوە.

[62]– (لەپۆرتە) لەباسی داری هەنجیردا قسەی لەسەرکراوە.

[63]– (خۆشاو) لەباسی خوادنە میلییەکانی هەوراماندا قسەی لەسەرکراوە.

[64]–بەقە سپی = نێرەکەوی سپی.

[65]– باسی شێوەی (دیمەك) و چۆنییەتی دروستکردنی لە لایەن دارتاشە هەورامییەکانەوە لە بابەتی هونەری ژیان لە هەوراماندا کراوە.

[66]– خەڵکی هەورامانی ئەمدیو کاتێك لە ئەنجامی راپەڕینە شکۆدارەکەی جەماوەری گەلەکەمان هەر لەساڵی (1991ز) دەستیانکرد بەگەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان, دیمەکەکانی ناو دیوارەکانیان بەکاردەهێنایەوە, هەرچەندە زیاتر لە بیست ساڵ بوو خانووەکانیان رووخابوون کەچی زۆربەی دیمەکەکان وەك خۆیان مابوونەوە, پاش ئەوەی تەنیا توپڕاڵێکی باریکیان لێدەتاشین وەك دیمەکی تازە وابوون.

[67]– پێشتر چەند جۆرێك دار بەتایبەت داری (گوێز, توو, كێكف) وەك رایەڵ بۆدارەڕاكردنی خانوو بەكاردەهێنران, بەڵام لەم رۆژانەدا زیاتر (داری چنار) بەكاردەهێنرێت و تەختەش دەخرێتە سەریان لەبری خێزرە.

[68]– لەم رۆژانەدا خەڵكی زۆربەی شوێنەكانی هەورامان دیواری ناوەوەی خانووەكانیان كەچكاری و زەوییەكەشیان بە چیمەنتۆ كۆنكرێتدەكەن.

[69]–بڕوانە كتێبی (كرد, ترك, عرب)– لاپەرە (157)– نووسینی (سیسل جۆن ئێدمۆندن).

[70]– بڕوانە پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی كوردی لاپەڕ (70), وەرگێرانی لە رووسییەوە (د. شوكریە رەسوڵ ئیبراهیم و جەلال تەقی).

[71]–دەربارەی وەچاخ (د. شوكریە رەسووڵ) لە زمانی (رۆدینكۆ)وە نووسیویەتی: (وەجاغ) بەكۆمەڵە دەوترێت كە ژمارەیان لەنێوان (10– 20) خێزانێك بێت.

بڕوانە كتێبی (داب و نەریتی كوردەواری)– لاپەرە (24) نووسینی (مەلا مەحمودی بایەزیدی) وەرگێرانی لە رووسییەوە (د. شوكریە رەسووڵ).

[72]– بڕوانە كتێبی (هەگبە و هەوارگە) لاپەرە (17) نووسینی ئەیوب رۆستەم.

[73]– خاتووكلاوزەڕ= زێڕین كولاە) ژنێكی زۆر جوان و شۆخ و شەنگ و خوشكی شائیسماعیلی صەفەوی بووە, لەبەر ئەوەی (خان ئەحمەد خانی ئەردەلآنی) زۆر لە شاوە نزیكبووە و یەكێك بووە لەو كەسانەی جێگای باوەڕی بووە, لەهەمان كاتیشدا خاوەنی دەسەلآتێكی گەورە و حوكمڕانی قەڵەمڕەوێكی بەرفراوان بووە كەهەر لە خۆرئاوای (ئامێدی)یەوە هەتاكو (كرماشان و هەمەدان) و لە (لوڕستان)ـەوە هەتاكو (دەریاچەی ورمێ)ی گرتۆتەوە ئەو خوشكەی خۆی لێمارەكردووە, بڕوانە (خولأصەیەكی تاریخی كورد و كوردستان– بەرگی دووەم– چاپی نوێ 2000 لاپەرە(210) نووسینی خوالێخۆشبوو (محەممەد ئەمین زەكی بەگ).

[74]– لەم كتێبەدا باسێكی تایبەت بە ڕێوڕەچەی (یارسان= كاكەیی= ئەهلی هەق= عەلی ئیلاهی) هەیە.

[75]– (د. برهانوددین وڵەدبەگی) زیكری ناو خانەقاكانیشی بە هەڵپەركێی عاریفانە لەقەڵەمداوە, لەم رووەوە بڕوانە كتێبی (نكاهیٚ بە جاذبەهای اكو توریستی اورامان)– لاپەرە (37) نووسینی (د. برهانوددین وڵەدبەگی).

## بەشی پێنجەم

## شار و شارۆچكە و دیهاتەكانی هەورامان

بەرلەوەی بچینە ناوەرۆكی ئەم بابەتەوە قسە لەسەر ئەوە دەكەین لە چەند سەرچاوەیەكدا ناوی شار و شارۆچكە و دیهاتەكانی هەردوو دیوی هەورامان هاتوون, بەڵام هەندێك تێكەڵ و پێكەڵی و ئاتڵ و واتڵ لە ناوەكاندا كراوە, هەر بۆ نموونە هەندێك شوێن وەك دێ ناویان هاتووە كە نە پێشتر دێ بوون و نە ئێستاش دێن, بەڵكو هەوارگە یاخود سەیرانگەن[1], هەروەها ناوی هەندێك دێ هاتوون كە لەچوارچێوەی هەوراماندا نین, راستە ئەو دێیانە پێشترلە لایەن (سان, بەگ)ـەكانی هەورامانەوە حوكمكراون و تا ئێستاش وەچەكانی ئەوانیان تێدا دەژین, بەڵام تەنها حوكمڕانی ئەو شوێنانە و بوونی وەچەی سانەكان تێیاندا نایانكات بە هەورامان[2], بۆیە پێویستە لێرەدا بڵێین ئەو بەرێزانەی مێژوو دەنووسنەوە هەق نییە بە حەزی خۆیان شتەكان بنووسن, بەڵكو پێویستە لەسەر رۆشنایی راستییەكان و بەڵگەی مێژوویی بە بوارە جیاجیاكانی نووسینەكانیاندا شۆڕببنەوە, پاش ئەم چەند دێڕە دێینە سەر ناوهێنانی شار و شارۆچكە و دیهاتەكانی هەردوو دیوی هەورامان و ژمارەیەكیشیان دەخەینە بەر قسەوباس.

### 1- شارۆگە و دیهاتەكانی هەورامانی ئەمدیو= دیوی عێراق:

(شارۆچکەی تەوێڵە, شارۆچکەی بیارە, شارۆچکەی خورماڵ, سۆسەکان, بەڵخە, دەگاشێخان, بنجۆی درە, نارنجڵە, گەچێنە, باخەکۆن, گوڵپ, سەرگەت, هانەی دن, دەرەی مەڕ,ئەحمەد ئاوا, ئاوایی رۆستەم بەگ, زەڵم, هانەی قوڵ, ئێڵاَنپیَ, خارگێڵان, خەرپانی, زەردەهاڵ, دەرە قەیسەر, جاور, دۆڵبیان, پاڵانیا= پالانیان,هاوار, هەوارەکۆن, دەرەتوی, گریانە).

2-**شارو شارۆچکە و دیهاتەکانی هەورامانی ئەودیو= دیوی ئێران- بەشی لهۆن :**

(شاری پاوە, شارۆچکەی نەوسوود, هانە گەرمڵە, کەیمنە, بێدەرواس, دزاوەر, نۆتشە, هەجیج, نەروی, شەڕەکان, شۆشمێی سەروو, شۆشمێی خوارو, وەزڵیە, وڕا, خەنانە کەڕە,خانەدەرە, خانەگا, دشە, شێخان, داریان, دەریوەر, دەرەموور, شەوەڵخێ, شێنە, کۆمەدەرە, لاپرد, مێویە, نەیسانە, نجار, نۆسمە).

3-**شار و شارۆچکە و دیهاتەکانی هەورامانیئەودیو= دیوی ئێران-بەشەکانی ( تەخت, ژاوەرۆ, گاوەرۆ ) :**

(ئاریان, ئەوێهەنگ, ئەسپەرێز, ئاساوگە, ئامزیانی سەروو, ئامزیانی خواروو, ئاسکۆڵی سەروو, ئاسکۆڵی خواروو, ئەحمەد ئاوا, ئاڵمانە, ئەنجومنە= هەجمنە, ئەسکەدۆڵ, بێساران, بڵبەر, بڵ, بندۆڵ, بۆڕییەر, باراماوا, پایگەلان, پاڵنگان, پیرانشار, پیرانەکۆن, پشتە, تەختە, تەختە زەنگی, تەختە و جامی, تەوریوەر, تەنگیسەر, تفێن, تەرخاناوا, تەکیەی گەلێن, تفلی, تازاوی تفلی, تەخان, تیانە, جۆلاَندی, چەمشییەر,چرسانە, حسێن ئاوا, خانەگای رەزاو, خشکێن, خوایشت, خاناوا, دزلی, دژەن, دەرەتویێ مەریوان, دێکانان, دەل, دەشتە قەڵبێ, دەڵەمەرز, دەروێشان, دێوەزناو, دەرەویانی سەروو, دەرەویانی خواروو, دەمەیەو, دەرۆکێ, دەرەکۆڵە, دەرەتەنگ, دەگاگا, دەرەناخێ, دەگاشێخانی لای دزلی, دووڕووە, دەرەباخ, دزوونی سەروو, دزوونی خواروو, دەرزیان, دۆلاَو, دەرەقووڵە, رەزاو, روار, ریخڵان, رچی, ریوری, زۆم, زەلەکێ, زمانگریوە, زەکەریان, زریان, زیویە, ژیوار, ژنین, ژلێژە, ژان, سوورە تفێ, سەرپیر, سەرنژمار, سەرشیلانە, سەرهۆیە, سەروماڵ, سەرڕێز, سپیار, سیاناوە, سیویە, سەرخانەقا, سەولاَوا, ساڵیان, سپیبن, سو, سەنگسپی, شاری هەوراماان, شیان, شاهەسنی, شێنە, قەلاَجێ, قنگاو, فارساوا, فەرەجاوا, فەیرۆزاوا, کانی سانان, کانی حسێن بەگ, کانی میران, کانی دینار, کانی کبود, کانی حلانە, کانی قوربانی, کانی چنار, کانی لەیلێ, کەڕاوا, کەکلی ئاوا, کۆرەدەرەی خواروو, کۆرەدەرەی سەروو, کەلجی, کەرەسی, کەمالاَ, کۆڵیژ, کەلەتەنگە, کلکەجان, کاشتەر, کەمانگەر, کەلاَتێ, گالی سەروو, گالی خواروو, گەڵێن, گواز, گەنجەناو, گۆشخانی, گزیوان, گەلیان, گاوانە, گەگی, گەنمان, گەزنە, گازرخانی, گوڵەسارە, لۆنی سەروو, لۆنی خواروو, لەنگریز, مێرگسار, مەلا میرزا, میراوا, مەڕەچڵم, مەحمود ئاوا, مازیبەن, مەیسوورئاوا, نەی, ناوە, نژمار, نەسەنار, نوێن, نیەر, نیاوا, نشووری سەروو, نشووری ناوەڕاست, نشووری خواروو, نەیجەقەوی, نزار, وەیسە, وەیسیان, وڵەژێر, وەرگەوەڕ, ورەسی سەروو, ورەسی خواروو, یەمینیانی سەروو, یەمینیانی خواروو, یۆژنان, هۆیە, هەڵوان, هەواساوای سەروو, هەواساوای خواروو, هەشەمێز, هەرسین, هاڵوژان, هەندیمەن, هەنارلە, هادیاوا, هاڵوژان, هەندیمەن, هەنارلە, هادیاوا, هەڵوان, عەلیاوا[13])

**تەوێڵەبووکی رازاوەی هەورامانە**

تەوێڵە شارەدێیەگی دێرینی هەورامانە, هاوسنوورە لەگەڵ دێکانی (دزاوەر, نەوسوود, شۆشمی)ی هەورامانی ئەودیو= دیوی ئێران و گوندەکانی (سۆسەکان, بەڵخە)ی هەورامانی ئەمدیو= دیوی عێراق, لەچەند شوێنێکدا (باخ, رەز, قۆرخ)ی تەوێڵەییەکان و دانیشتوانی ئەم دێیانەی ناومانهێنان تێکەڵدەبن, ئەم شارەدێیە لەڕووی ئیدارییەوە سەر بە قەزای هەڵەبجەیە.

دەربارەی ناوی تەوێڵە چەند بۆچوونێك هەن بەم شێوەیە:

1-دەوترێت ئەو شاخەی راستە و راست بەرامبەر دەروازەی چوونە ناوەوەی تەوێڵەیە وەك ناوچاوانی مرۆڤ وایە, لەشێوەزاری هەورامیدا بە ناوچەوان دەڵێن (تەوێڵ) , بەواتای ناوەکە لە (تەوێڵ)ـەوە هاتووە.

2-هەندێك دەڵێن: لەبەر ئەوەی تەوێڵە لە کۆتایی دۆڵێکی دوور و درێژ و لەشوێنی بەیەکگەیشتنی دوو دۆڵی تری درێژدایە, کاتێك سوپای ئیسلام گەیشتوونەتە ئەو ناوچەیە وتوویانە (اودیە طویلة), بەم پێیە ناوەکە لە (طویلة)وە هاتووە, ئەم بۆچوونە جێگەی باوەڕنییە چونکە سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوەدەکەن کە ناوچەکە هەر لەسەردەمە کۆنەکانەوە شوێنی نیشتەجێبوونی گەلە زاگرۆسییەکان بووە بە تایبەت (گۆتی, لۆلۆ), هەروەها لەسەردەمی هێرشەکانی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ ناوچەکە (تەوێڵە) ئاوەدانبووە و شوێنی حەوانەوەی لەشکرەکەی بووە.

3-هەندێکی تریش دەڵێن پێش ئاوەدانکردنەوەی تەوێڵە لەشوێنێك کە ئێستا پێیدەوترێت (دەرەی تەرتیبا), شارێك هەبووە بەناوی (شاری تارتێبا), شوێنەواری ئەو شارە تا ئێستاش بە ئاشکرایی دیارە و دەبینرێت و هەرچەندە زۆربەی ئەو شوێنە کراوە بە باخ و رەز, بەلأم ئەوە واینەکردووە شوێنەوارەکەی بەتەواوی نەمێنێت, دەڵێن دە کەس لە خەڵکی ئەو شارە هاتوون لە شوێن تەوێڵەی ئێستادا خانوویان درووستکردووە, خەڵکی (تارتێبا) پێیانوتوون دەوێڵە و پاشان ناوەکە گۆڕانی هاتووە بەسەردا و بووە بە تەوێڵە.

4-بۆچوونێکی تر هەیە پێیوایە لە (تەوێڵە) جۆرە دارێکی خۆڕسك هەیە پێیدەوترێت (تایلە) و بەرەکەشی هەر هەمان ناوی هەیە, کاتی خۆی بەری ئەو دارە تەنها چارەسەر بووە بۆ نەخۆشی (تاعوون), هەر لەبەر ئەوە خەڵك لەناوچەکانی ترەوە هاتوون بۆ بەری دارەکە و وتوویانە دەچین بۆ (تایلە), پاشان ناوەکە وردە وردە گۆڕاوە بۆ (تەوێڵە).

لێرەدا پێویستە بڵێین بێجگە لەدەرەی تەرتیبا (سێمارەوار) یەکێکی ترە لە شوێنەوارە دێرینەکانی نیشتەجێبوون و لەسەردەمی خۆیدا زۆر گەورە و ئاوەدانبووە, هەتاکو ئێستا شوێنەواری (خانوو, بالأخانە)ی بەئاشکرا دیارە, هەروەها (قەلأی گاوران, قەلأی ویسوورە, قەلأ بۆزان= قەلأی بووزان) کە لەسەر سێ لووتکەی بەرزی شاخەکانی چواردەوری تەوێڵەن لە شوێنەوارە دێرینەکانی تری ئەم شارەدێیەن, (قەلأی بۆزان= بووزان) لەلایەن یەکێك لەو تیرانەوە درووستکراوە کە لەناو خۆیاندا یەکیانگرتووە و (دەوڵەتی ماد)یان درووستکردووە, لەو شوێنانەدا کە ناومانهێنان (کووپە, گۆزە, دەفری جۆرا و جۆر, زومرود, سکەی کۆنی سەرۆدەمە جیاجیاکان) دۆزراونەتەوە.

رووبەرێکی فراوان گۆڕستان لە ناو تەوێڵە و چواردەوریدا هەیە, لەکاتی درووستکردنی خانوو و باخەکان لە هەندێك شوێنی ئەم شارەدێیەدا سێ چینی لەسەریەك گۆڕبینراون, بەتایبەت لەو شوێنانەدا کە پێیاندەوترێت: (ماوەزا, تەختۆ هانەی, وەراوەر), ئەمانەی ئاماژەمانپێدان گەواهی ژیار و نیشتەجێبوونی دێرینن و بوونی

(ئاتەشگەی زەردەشتی)ش لە سێمارەواردا ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە دانیشتوانی تەوێڵە لەسەر دینی زەردەشتی بوون.

تەوێڵە لە هەرچوار لاوە بە شاخی بەرز دەوریدراوە و لووتکە بەرزەکانیان ئەمانەن: (خەڵەفی, کەمەر سپیێ, قەلاّمیرزا), کەشو هەوای بە زستاندا ساردە و بەفر و بارانی زۆری لێدەبارێت و ماوەیەکی زۆر سەهۆڵبەندانە, لە هەندێك ساڵدا بەفر بەڕادەیەك باریوە لەسەربانەکانەوە هاتوچۆکراوە لەبەر ئەوەی کووچە و کۆڵانەکان بەفر دایپۆشیون[4], بەلاّم لە بەهار و هاویندا بەهەشتێکە بۆ خۆی, هەوراز و نشێوەکانی بەرگی رەنگاڵەیی دەپۆشن و سەدەها جۆری (گوڵ, گولاّڵە, گیای بۆنخۆش) بۆن وە بەرامەی خۆیان پەخشدەکەن لەوانە (چنوور, شەوبۆ,بەرزەڵنگ, بۆژانە, سوورە هەلاّڵە, وەنەوشە), باخەکانیش ساباتێکی وەها درووستدەکەن مرۆڤ هەست بەگەرما ناکات, بۆ هەر شوێنێك ملدەنێت شەماڵی فێنك و ئاوی سارد سەرمەستیدەکەن و چرپەی درەخت و جریوەی مەل و بولبول سەمفۆنیای قەشەنگ دەدەن بە گوێیدا, پاییزانیش لەگەڵ تەکاندنی گوێز و وەرینی گەلاّ غەمەکانی مرۆڤیش دەوەرن.

چەند تیرە و بنەماڵەیەك لە تەوێڵەدا نیشتەجێن بەم شێوەیە:

1-ئاغەلەر: باپیرە گەورەیان (سەی زایەر) ناوێکە و لەبنەڕەتدا لەناوچەی حەمرینەوە هاتوون و (حەزرەتی شێخ عوسمانی سیراجوددین= شێخ عوسمان تەوێڵە) لەم تیرەیە, مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە کتێبی (یادی مەردان)دا نووسیویەتی لەسەیدەکانی (نعێم)ن[5].

2-یاقوە سووری: باپیرە گەورەیان کەسێك بووە بەناوی (یە عقووبە سوور) کە بەهەورامی پێیوتراوە (یاقوەسوور) و کوڕی (حسێن لهۆنی) بووە, هەرچەندە سەرچاوەیەکی نووسراو لەبەر دەستدا نییە دەربارەی ئەوەی ئەم تیرەیە لەسەرەتاوە لە کوێوە هاتوونەتە تەوێڵە, بەلاّم رایەك هەیە دەڵێت لە شوێنێکەوە هاتوون کە پێیدەوترێت (دۆس خول) و لە (هەورامانی ئەودیو= دیوی ئێران)دایە.

3-هەمزەیی: لە دانیشتووە کۆنەکانی تەوێڵەن و زۆربەیان بە پیشەسازی دەستییەوە خەریکبوون بەتایبەتی (جۆلاّیی, هەلاجی, کلاّشدرووستکردن).

4-بوڵینە: لە دانیشتووە کۆنەکانی تەوێڵەن و ئەمانیش زیاتر بە پیشەسازییە دەستییەکانەوە خەریکبوون بە تایبەت (ئاسنگەری, دارتاشی).

5-ئەلی حاجی: لەدانیشووە کۆنەکانی تەوێڵەن و زۆربەیان لەگەڕەکی (مالێدەر)دا نیشتەجێبوون.

6-تیرەی مەلاکان 7-تیرەی مەولوودی 8- بنەماڵەی هەیاس شا 9-بنەماڵەی حەمەشا

10-بنەماڵەی فەرادی.

هەموو تیرە و بنەماڵەکانیش لە تەوێڵەدا وەك یەك خێزان ژیاون و لە خۆشی و ناخۆشیدا هاوکاری یەکتریان کردووە.

دانیشتووانی تەوێڵە بەسەر سێ گەڕەکدا دابەشبوون بەم ناوانە:

1-گەڕەکی چلانە: ئەم گەڕەکە یەکەم گەڕەکی تەوێڵەیە و دەڵێن سەرەتا (دەوێڵە) ئاوەدانیان کردۆتەوە, کە ژمارەیان گەیشتۆتە چل خانوو گەڕەکەکەیان ناوناوە (چل یانە) و ئاشکراشە لە شێوەزاری هەورامیدا بە خانوو دەوترێت (یانە).

2-گەڕەکی مالێدەر: یەکێك لە (چل یانە) جیابۆتەوە و لە شوێن ئەم گەڕەکە خانووی دروستکردووە و پێیانوتووە (مالێدەر[6])، پاشان ناوەکە گۆڕاوە و بووە بە (مالێدەر).

وەراوەر= بەرامبەر: لە چاو دوو گەڕەکەکەی پێشوودا گەڕەکێکی نوێیە، دەبێت بەدووبەشەوە و بەرامبەر هەردوو گەڕەکی (چلانە، مالێدەر) دروستکراوە.

هەر دوو کەڕەکی (چلانە و مالێدەر) بەسەر چەند کووچەیەکدا دابەشبوون و کووچە گەورەکانیش ئەمانە بوون: (وەردەگا، کووجی بن، خەمەکاوە، کووچەی هالەکوکیا، سەردەگا) لە مالێدەر و (دەمەرەسوورا، تاشلاْ، کووچەی خەلْوە) لە چلانە، هەروەها هەندێك کووچەی بچووکیش بەناو پیشەوەرەکانەوە ناونراون وەك (کارگە= کووچەی هەلاج و جۆلاْکان، کووچەی کلاْشکەران) لە مالێدەر و (کووچەی مەلایان، کووچەی وەستایان کەزۆربەیان ئاسنگەر و چەقۆسان) بوون لەچلانە.

خانووەکانی تەوێڵە پێشتر زۆربەیان دوو نهۆم و سێ نهۆم بوون و لە بەرد و قوڕ دروستکرابوون، بەلاّم پاش ئەوەی لەئەنجامی جەنگی هەشت سالّەی نێوان (عێراق و ئێران)دا بوون بەسووتماك، ئێستا هەندێك کەس شیش و چیمەنتۆ لە دروستکردنی خانووەکانیاندا بەکاردەهێنن، تەوێڵەییەکان لە هونەری بیناسازیدا کارامە و لێزانن، زۆر بایەخدەدەن بە دروستکردن و رازاندنەوەی ناو مالّەکانیان، مەرجە تەندرووستییەکان بە گرنگدەزانن و هونەری بیناسازی لای تەوێڵەییەکان سەرنجی کەسێکی وەك (ئەدمۆندز)ی بە جۆرێك راکێشاوە لە کتێبی (کورد، تورك، عرب)دا نووسیویەتی: لە شەوێکی سەردانەکەم بۆ تەوێڵە کاتێك لە خێوەتەکەم دانیشتبووم و سەیری گەڕەکەکەی بەرامبەر خۆمم دەکرد، لەو کاتەدا چرای مالّەکان یەك لەسەر یەك تیشکیاندەدایەوەوامدەزانی وام لە ناوەڕاستی کۆشکێکی هەور بڕدا و بۆ کۆشکێکی تری هەوربڕ دەڕوانم[7].

خەلْکی تەوێڵە (ژیر، بەسەلیقە، وریا، ئیشکەر و داهێنەر)ن، لە کارەکانیاندا وەستای کارامەی بەرهەمهێنانی چەندین کالاّی دەستین لەوانە: (رانکوچۆغە، کلاْش، چەقۆ و قەلّەمبڕ، مەوج و جاجم، بەرمال و پۆپەشمین، قاپ و دەفر، پێداویستییەکانی تری ناو مالّ)، چەندین وەستای کارامەی کلاْشدرووستکردن لە تەوێڵەدا هەلْکەوتوون هەر بۆنوونە: (وەستا عەودەی حەمەلەتیف، وەستا ئەبووبەکر ئەلیمحەممەد، وەستا سلێمان نادر، حەمەسالْح فەرەج، وەستا خواکەرەم حەمەسەعید، حاجی ئەحمەدی حەمە، حاجی مەجیدی حەمە....هتد)، سەدان پێکەنەگیر و کلاْشچنیش لەتەوێڵەدا ژیاون لەوانە: (حەمەلەتیف سلێمان، فەتحولاّ حەمەلەتیف، فارس ڕەسوولّ، مستەفا عەبدولحامید، فارسی فەرەج...هتد) کە پێکەنەگیر بوون و (حەمەکەریم حەمەعەلی ناسراو بەخرتە، حاجی رەسوولّ، کاکەسوور، سابیری وەهاب، بەکری حەمەخالد، عەبدولاّی ئەلاْکەرەم، ئادەم کەریم، حەیدەر عەبدولحەکیم)یش لەکلاْشچنە ناسراوەکان بوون، جۆلاّ بەناوبانگەکانیش بریتیبوون لە (وەستا کەرەم محەممەد مەجنوون، وەستا خانە، وەستا حەمەی بابا، وەستا وەهابی مستەفا ڕەشلە و کوڕەکانی، وەستا محەممەدمستەفا، وەستا حەبیب مستەفا، وەستا وەسیمی دێوانە)، هەر لە بواری پیشەسازییە دەستیەکاندا دەلْێن (چەقۆ و قەلّەمبڕ)ی تەوێڵە وەك دیارییەکی بەنرخ لای خەلْك سەیرکراون، بەناوبانگترین وەستای دروستکردنی ئەم دوو کالاّیەش (حاجی خدر سلێمان یەعقوب چاوەش[8]، وەستا حەمەیووسف حەمەحسێن، وەسیتا ئیسماعیلی وەستا حەمەیووسف) بوون، ئاسنگەر و دارتاشەکانی تەوێڵە زۆر بە سەلیقە بوون لە کارەکانیاندا لەئاسنگەرەکان: (وەستا فەتحولاّی صادق، حاجی عەبدولخالیق، وەستا صادقی حەمەسەعید،

وەستا ڕۆستەمی حەمەسەعید, وەستا ئەسکەندەر, وەستا حەمەسەعیدی ڕۆستەم) و لە دارتاشەکانیش (وەستا ئەحمەدی قادر, وەستا ئەحمەدی ئەوڕەحیم, وەستا نافع عومەرکەریم, وەستا صادقی حەمەی کوێخا, وەستا ڕەشادی حەمەی کوێخا) بەناوبانگبوون, هەریەك لە (وەستا حەمەحسێن, وەستا حەمەخان) هەلاجی دیار بوون, (حاجی محەممەدی حەماله و حاجی ئەمانولاّ)ش وەستای دروستکردنی پێڵاوەی چەرم بوون,

هەر لەبوارەدا پێویستە ئاماژە بەناوی هەریەك لە (حاجی ئایزە و حەمەحسێنی وەستا عەلی بدەین کە دووکەسی دەستڕەنگینبوون لە پیشەی چەخماخسازیدا.

تەوێڵەییەکان لە ڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە خاوەن ئەقڵیەتێکی کراوەن, دیاریترین دەرهاویشەکانی ئەم ئەقڵیەتەشیان لەم خاڵانەدا دەخەینەڕوو:

1-هەرگیز نەبینراوە و نەبیستراوە (ژن بەژن) یان کردبێت, (گەورە بە بچووك , مارەبڕینی سەر بێشکە و لانك, وەرگرتنی شیربایی) لایان زۆر قێزەونبوون و کەس نەیکردوون, پێوەری سەرەکی پێکەوەنانی خێزان ڕەزامەندی کور و کچ بەیەکتری و ڕەزامەندی کەسوکاری پلە یەکی هەردوولا بووە بەتایبەت (باوك, دایك, خوشك, برا) و پرسیش بە مام و خاڵ کراوە, بەڵام پەکی کارەکەیان نەخستووە, فرەژنی زۆر دەگمەن بووە لە ناویاندا و ئەمانەش باسمانکردن هەموویان هۆکاری پێکەوەنانی خێزانی ئاسوودە و بەختەوەرن.

2-نەلە ناو خۆیاندا و نەلەگەڵ دەوروبەریشیاندا کێشەی خوێن و یەکتری کوشتنیان نەبووە و نییە, رقیان لە یەکتری نابێتەوە و ئەگەر کێشەیەکی بچووکیش لە ناویاندا رووبدات لەسەر (زەوی, باخ) یان هەر شتێکی تر زۆر بەزوویی چارەسەریدەکەن و بوارنادەن بتەنێتەوە و ڕووداوی ناخۆشی لێبکەوێتەوە.

3-خۆیان خاوەنی (زەوی, باخ,ڕەز, قۆرخ و لاس)ی خۆیانن و ژێر خانی ئابووریان موڵکی خۆیانە, بە واتای هەر لە سەرەتاوە دوور بوون لە چەوساندنەوەی چینایەتی بەو شێوازەی کە لە ناوچەکانی تردا بووە.

شارەدێی تەوێڵە شەش مزگەوت و خانەقای( شێخ عوسمانی سیراجوددین= شێخ عوسمانی تەوێڵە)ی تێدا بووە, هەریەك لە (مزگەوتی گەورە, خانەقای شێخ عوسمان) مەڵبەندی فێرکردن و پەروەردەکردن بوون, چەندین مەلای ناسراوی کوردستان لەمزگەوتی گەورەی تەوێڵە مۆڵەتی مەلایەتییان وەرگرتووە و پاشان بوون بەمەلای دیاری کوردەواری, خانەقای تەوێڵەش هەمیشە جمەیهاتووە لە خەڵکانی (زانا, عاریف, ئەدیب و شاعیر...هتد), دیارە بوونی ئەم دوو مەڵبەندە گەورەیە کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر ئەوەی ئاستی فیکری خەڵکەکەی پێشکەوتووبێت.

لەتەوێڵەدا ژمارەیەك کەسێتی دیندار و زانای ئایینی هەڵکەوتوون لەوانە: (مەلا نەزیری گەورە, مەلا جەلالی غەیبی, سەی فەتح ئەلموبین, حاجی مەلا صاحب, سەی تەها, سەی محەممەد, مەلا عەبدولحەمید...هتد), ئەم زاتانە بەردەوام خەریکی ڕێنمایکردن و ئامۆژگاریکردنی موسڵمانان بوون, هەروەها چەند شاعیرو ئەدیبێکی ناسراوی تەوێڵەیی خزمەتیان بە بزافی ڕۆشنبیری گەلەکەمان کردووە وەك: (میرزا عەبدولقادری تەوێڵەیی) کە شاعرێکی زمان پاراو و پزیشکێکی میللی بەناوبانگ بووە, هەریەك لە (مامۆستا محەممەدی مەلا صاحب ناسراو بەدانای هەورامی و مامۆستا عوسمان هەورامی)یش خاوەنی کتێب و بەرهەمی بە پێزن, چەند کەسێك لە خەڵکی تەوێڵە دەستی بالأیان هەبووە لە نووسینی شیعری میللیدا لەوانە: (حەمەلەتیفی سەیفوور, وەستا ئەولعەزیز, مستەفا ئەلیمحەممەد, حاجی مامۆستای قادر...هتد).

پزیشکی و دەرمانگەری میللی لە تەوێڵەدا باو برەوێکی باشی بووە و دەیان کەس لە خەڵکی ئەم شارەدێیە شارەزایی باشیان هەبووە لەم بوارەدا, چارەسەری نەخۆشیان کردووە لەوانە: (میرزا ئەولقادری تەوێڵەیی, وەستا سادق, وەستا عەبدولڕەحمان, وەستاعەلی) هەروەها هەریەك لە: (ئیمامی حەمەسوور, حەمەی کوێخا, پوورە گوڵێی ئەڵاوەیس, غەفوورمحەممەدی غەفوور....هتد), چارەسەری شکستەی دەست و قاچییانکردووە.
تەوێڵەییەکان هەمیشە لەگەڵ کێشەی ڕەوای گەلەکەیان بوون, چەند کەسێکیان پێشمەرگەی (مەحمود خانی دزلی) و هاوکاری (شێخ مەحمودی نەمر)یان کردووە لە شۆڕشەکانیدا, هەر لەسەرەتای (حزبی هیوا)شەوە کۆمەڵێکیان لە ڕێکخستنەکانی ئەو حزبەدا کاریانکردووە لەوانە: (بابا حاجی لێپرسراوی ڕێکخستنەکە بووە, حاجی حەمەعەلی کۆزاد, حاجی ئەبووبەکری حەسەن, کوێخا ڕۆستەم کەریم, حاجی محەممەد ناسراو بە حەمەی حاجیلە, محەممەدی حاجی حەمەڕەحیم, حاجی تۆفیق, حەیبەڵا سوور, کوێخا حەمەسەلیم, حەمەکەرەمی حاجی ئەولوەهاب, حەمەساڵح عەبدولحەکیم), ئەمانەی ناومانهێنان هەموویان کۆچی دواییکردووە و (محەممەد سان ئەحمەد)یش کەبە (ڕەیس) ناسراوە ئێستا لە ژیاندایە.
تەوێڵە بە درێژایی ساڵەکانی شۆڕشی ئەیلوول شوێنی بنکە و بارەگای شۆڕش بووە و چەندین خێزان کە لەناوچەکانی ترەوە هاتوونەتە ناوشۆڕش لە تەوێڵەدا حەواونەتەوە و مەنزڵگەی دڵنیاییان بووە, لە شۆڕشی نوێدا کوانووی گەشاوەی خەبات و تێکۆشان و جێژووانی مەفرەزە سەرەتاییەکان بووە, (75) شەهیدی قارەمانیان بە کاروانی سەرفرازی گەلەکەمان بەخشیوە شەهیدان: (نیازی عێزەت, حەمەفەرەجی حەمەی بابا, مەناف عابید, نەریمان ئیدریس, سەعدی ئەبووبەکر, یاسین ئەمین ناسراو بەشەهید سەردار, جەلال بابالە, سۆران ئیسماعیل, نەسرەدین عابید, صاحب جەعفەر, بارام حەمەڕەزا, سائب نەسرەدین, مەجنوون قادر, کامیل کەریم خواجەئەحمەد, سەید ئەحمەد عەلی) سەرداری ئەو نەمرانەن.
تەوێڵەیەکان زۆر ژیر و بەسەلیقەن لە بواری باخداریدا, ئێمە لە بابەتی باخداری هەوراماندا بە درێژی باسی هەموو لایەنەکانی باخداریمانکردووە و شتێکی ئاشکراشە کە باخداری تەوێڵە بەشێکە لە باخداری هەورامان, هەر لەبەر ئەوە لێرەدا زۆر لەسەر ئەم باسە ناڕۆین و تەنها ئەوەندە دەڵێین ئەو هەموو ماندووبوونەی خەڵکی تەوێڵە لە بواری باخداریدا جێی ئەوەیە دەستی بۆ بەسنگەوەبگیرێت, لێرەدا پێویستە باس لەوە بکەین بوونی ئەو هەموو باخە و چەندین کانیاوی سازگار و کەشوهەوای فێنك, وایکردووە ساڵانە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی ناوچەکانی تر بە تایبەت لەوەرزی هاویندا بەمەستی سەیرانکردن و گەشتوگوزار ڕووبکەنە تەوێڵە و لە ساباتی سەیرانگەکانی (ئاوێسەر, گەڕیات, بێدەری) بحەوێنەوە.
تەوێڵە مەڵبەندێکی گەورەی هونەرە, ئەوەی ڕوویکردبێتە ئەم شارەدێیە بە دەنگی خۆشی گۆرانیبێژەکانی و بە ئاوازی ڕەسەنی شمشاڵژەنە کارامەکانی سەرمەستبووە (ناوی گۆرانیبێژەکانمان لە بابەتی هونەری گۆرانی لەهەوراماندا هێناوە), هەموو جۆرەکانی گۆرانی هەورامی لای تەوێڵەییەکان لەکات و شوێنی جیاجیادا ئامادەبوونیان هەبووە و هەیە, وەك: (کارکردن لە پیشە دەستییەکان, گەلکارییەکان, شایی و ئاهەنگگێڕان, سەیرانەکان, شەونشینییەکان, کۆڕی زیکری خانەقا, ڕۆیشتن بۆ شاخ بۆ هەر مەبەستێك بێت), تەنانەت لە کۆڕی شیوەن ولاواندنەوەی ئازیزانی کۆچکردوودا.

لەگەڵ ئەوەدا بزووتنەوەی شانۆیی لە ناو گەلی کوردستاندا لە چاو هەندێك لەگەلەکانی دەوروبەرمان شتێکی نوێیە, کەچی خەڵکی تەوێڵە هەر لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابوردووە وە ئاشنای شانۆ بوون و یەکەم بەرهەمی شانۆیی ساڵی (1957ز) لە ساڵرۆژی چوونە سەرتەختی (مەلیك فەیصەڵی دووەم) لە ناو بازاری تەوێڵە نمایشکراوە و شانۆییەکەش کۆمێدی بووە, پاشان لە ساڵەکانی (1959, 1960, 1961)دا بەرهەمی شانۆیی پێشکەشکراون, ساڵی (1970ز) تیپی شانۆی تەوێڵە دروستکراوە و دەستەی دامەزرێنەری تیپەکە بریتیبوون لە: (ئەیوب رۆستەم, ئادەم محەممەد, مام جافری حاجی عەبدوڵا, حەمەساڵح تۆفیق, د. تایەر هەورامی) هونەرمەندانی ئەو تیپە هەتاکو ساڵی (1974ز) شەش شانۆییان نمایشکردووە, پاش راپەڕینە گەورەکەی جەماوەری گەلەکەمان لە ئازاری (1991ز) یەکەم بەرهەمی شانۆیی رۆژی (1991/8/13ز) لەتەوێڵە نمایشکراوە و هەر پاش حەفتەیەکیش بە واتای لە (1 /8) لە ئاهەنگێکی گەورەدا و بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوچەکە و هەزاران ئاوارەی ئەو کاتە دوو شانۆیی لە بازاری تەوێڵەدا نمایشکراون, زستانی ساڵی (1992)ش دووتیپی شانۆیی لەلایەن هونەرمەندانی تەوێڵەوە دروستکراون بە ناوی (تیپی هونەری هەورامان, تیپی شانۆی شەهید نیازی), ئەو دۆخە ناهەموارەی لە ئەنجامی سیاسەتی تیرۆریستانەوە باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو چەند ساڵێك چالاکییە شانۆیەکانی سڕکرد, بەڵام پاش ئازادبوونی هەورامان گەرموگوڕییەکی باشیان تێکەوتۆتەوە.

تەوێڵە لەچاو زۆربەی شوێنەکانی تری کوردستاندا لە زووەوە خزمەتگوزارییە گشتییەکانی تێدا بووە, ساڵی (1927ز) قوتابخانەی حکومی تێداکراوەتەوە و (قادربەگی جافرسان) خانوویەکی خۆی بەخشیوە بۆ ئەوەی بکرێت بە قوتابخانە, قوتابیە تەوێڵەییەکان لە و ساڵەدا لەسەردەستی (مامۆستا گۆرانی نەمر) دەستییانداوەتە خوێندن, (پێویستە لێرەدا باس لەوە بکەین هەر لەسەرەتای سەدەی رابوردووەوە خانمێکی تەوێڵەیی بەناوی (خاتوو لەیلێ) وەك خۆ بەخش قوتابخانەیەکی تایبەتی کردۆتەوە و (42) قوتابی لە کوڕ و کچ وانەیان تێدا خوێندووە), قوتابی و خوێندکارە تەوێڵەییەکان بەزیرەکی ناویاندەرکردووە دەیان خوێندکاری تەوێڵەیی لە بوارە جیاجیاکانی خوێندندا بڕوانامەی باڵایان بەدەستهێناوە, لێرەدا ئەوەندە بەسە بڵێین ئەو دکتۆرانەی خەڵکی تەوێڵەن زیاتر لە (60) دوکتۆرن, هەر لەم بوارەدا باس لەوەدەکەین (تەوێڵە) هەر لەزووەووە ژمارەیەکی زۆر مامۆستای تێدا هەڵکەوتووە, مامۆستا تەوێڵەییەکان لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا ئەرکی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی قوتابی و خوێندکارانییان لەئەستۆگرتووە, هەربۆنموونە ناوی چەند مامۆستایەکیان دەهێنین لەوانە: (مامۆستامحەمەدی حاجی نادر, مامۆستا ئیسماعیلی حەملە, مامۆستا ئەحمەدی حاجی عەلی, مامۆستاعەلی قادرئاغا, مامۆستافازیل عەلی, مامۆستا عەبدوڵای حاجی عەلی, مامۆستامەهدی حەسەن حەمەعەزیز, مامۆستا مەحییەدین حاجی سەلیم, مامۆستا مەحمود عەبدولڕەحیم).

ساڵی (1956ز) رێگەی ئۆتۆمبێل لە نێوان هەڵەبجە و تەوێڵەدا کراوەتەوە, هەر هەمان ساڵ (عەبدولئیلای وەصی عێراق) سەردانی ئەوێی کردووە و پاش گەڕانەوەی بڕیاریداوە سێ پڕۆژەی خزمەتگوزاری بۆ جێبەجێبکرێت کە بریتیبوون لە: (دروستکردنی ئاوەڕۆ, راکێشانی ئاوی خواردنەوە, دانانی سێ موەلیدەی کارەبای گەورە), سەرەڕای ئەم خزمەتگوزارییانە تەوێڵە (شارەوانی, پۆلیسخانە, بنکەی تەندرووستی, گومرگ, بەرید, کەشناسی) تێدابووە.

تەوێڵە مەڵبەندێکی گەورەی بازرگانی بووە بۆ خەڵکی دیهاتەکانی دەورووبەری بە تایبەت خەڵکی (شوشمێ، نەوسوود، دزاوەر، نۆدشە، کەیمنە، بێدەرواس، هانەگەرمڵە) لە هەورامانی ئەودیو= دیوی ئێران)، هەروەهاخەڵکی (سۆسەکان، بەڵخە، دەگاشێخان، پالآنیا، هاوار، هەوارەکۆن، دەرەتوێ، گریانە) لە هەورامانی ئەمدیو= دیوی عێراق، لە لایەکەوە گەورەیی ئەم شارەدێیە و لە لایەکی تریشەوە گرنگی هەڵکەوتەکەی لە رووی بازرگانییەوە وایکردووە (ئۆتێل، دوو قەیسەری، دوو گەرماوی گشتی، شەش ئاشی ئاو، کاوانسەرای کاروانچییەکان) و نزیکەی دووسەد دووکانی تێدا بکرێتەوە.

ئەم شارەدێیە پێش ئەوەی لە ئەنجامی سیاسەتی رژێمی دکتاتۆرییەوە بەسووتماکبکرێت زۆر قەڵباڵغ و ئاوەدانبوو، ساڵی (1981ز) زیاتر لە (1200) خانووی تێدا بوو، ژمارەیەکی زۆریش لە خانووەکان زیاتر لە خێزانێکیان تێدا دەژیا، پاش ئەوەی خەڵکی تەوێڵە ماوەی بیست ساڵ لە زێدی باوباپیرانیان دابڕابوون، بەهاری (1991 ز) و لەئەنجامی راپەڕینە شکۆدارەکەی جەماوەری گەلەکەمان، ژمارەیەکیان گەڕانەوە سەر ماوای خۆیان و دەستیانکردەوە بەدرووستکردنی خانوو و ئاوەدانکردنەوەی باخەکانیان، هەمووشیان بەئومێدێکی گەشەوە بۆ ئایندە دەڕوانن.

## بیارە مەڵبەندێکی دێرینی نیشتەجێبوونە

بیارە شارەدێیەکی گەورەی کوردستانە و لەرووی ئیدارییەوە ناوەندی ناحیەیە، لەبەر ئەوەی ژمارەیەك لە شێخەکانی رێوڕەچەی نەقشبەندی تێدا ژیاوە، لەناو خەڵکدا بە(بیارەی شەریف) ناویدەرکردووە، ئەم شارەدێیە پێشینەیەکی مێژوویی دێرینی هەیە، دکتۆر حوساموددیین نەقشبەندی) لە لێکۆڵینەوەیەکدا بەناو و نیشانی (المدن القدیمە المندرسە فی محافظة السلیمانیە وتعیین مواقعها) رایەکی (مامۆستا فوئاد سەفەر)ی خستۆتەڕوو، بەوەی پێدەچێت ناوی (بیارە) لە بیرەوە هاتبێت کەیەکێکبووە لە شارەدێرینەکانی (مەملەکەتی زاموا)[9].

هەر لەم بوارەدا باس لەوەدەکەین شوێنەواری ئاتەشگەیەکی گەورەی زەردەشتی لەبیارەدا هەیە، ئەمەش ئەوراستییە دەسەلمێنێت کەخەڵکی ناوچەکە لە سەردیینی زەردەشتی بوون.

مامۆستا (محەممەد ئەمین هەورامانی) لە کتێبی (مێژووی هەورامان)دا نووسیویەتی: مزگەوتی (ئۆلا هۆمەرا)ی بیارە بەناوی (هورمزگا)وە بووە و (پیرمحەممەد) بەسەریەوە بووە کە باپیرە هەرەگەورەی (مەلائیسماعیلی بیارەیی)یە، ناوبراو ساڵی (23ك=643ز) ئیسلامبووە، هەر لەدرێژەی نووسینەکەیدا دەڵێت: لەسەرەتای ئیسلامدا (عەبدولآی کوڕی عومەر) هاتۆتە ئەو ناوە، ناوچەکەی خستۆتە ژێردەستی ئیسلامەوە و مزگەوتەکەی بەوناوەوە ناوناوە[10].

شارەدێی بیارە چەند گەڕەکێکی تێدایە بەم ناوانە: (گەڕەکی گەلان، گەڕەکی وێسمل، گەڕەکی ناودێ، گەڕەکی پشت جۆگا، گەڕەکی هارەگلان، گەڕەکی مەرقەد، گەڕەکی لابەلای تەختەی قەرەچ)، بیارەییەکەن بەشێوەیەکی گشتی دەبن بەچەند تیرەیەکەوە وەك: (تیرەی گەلان، تیرەی سمێل، تیرەی مەلابراهیمی بیارە، تیرەی بابا، تیرەی بەگەکان، تیرەی شێخ مکێڵ، تیرەی شێخ عەوڵ، تیرەی مەلا عەبە، تیرەی لەیلێ، تیرەی نەسەخانم، بنەماڵەی شێخەکان)، ئەم تیرانەش چەندین کەسێتی دیار و پیاوی ماقوڵیان تێدا هەڵکەوتووە، هەر بۆنموونە نەوەك

سەرژمێر ناوە ژمارەیەکیان دەهێنین لەوانە: (نەسەی فەتە, کوێخا مستەفا, کوێخا عارف, حاجی غەفوور, حەمەساڵح بەگ, حاجی حەمەوەیس, مەحمودی مستەفا, عابدی فەتاح....هتد).
وەك پێشتر وتمان بیارە ژمارەیەك لەشێخە بەناوبانگەکانی نەقشبەندی لە بیارەدا ژیاون لەوانە: (شێخ عومەری بیارە, شێخ نەجموددین, شێخ عەلائوددین), خانەقای (بیارە)ش یەکێکبووە لەمەڵبەندە گەورەکانی زانست و پەروەردەکردن, لەم بارەوە مامۆستا (مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس) دەڵێت: زانستگای شارۆچکەی بیارە لە دیوی عێراقدا دیمەنێکی بچکۆلەی (جامیعەی ئەزهەر)ی میسر بووە لەکوردستاندا, بنکەیەکی تیشکدەر و رووناککەرەوەی ولات بووە, هەربۆنموونە بنەماڵەی (مەلا ئیبراهیمی بیارە) بیستوپێنج پشتیان مەلا بوون[11], لەمەلا ناودارەکانیشیان:
1-مەلا ئیسماعیل (قاضی قظاة)ی بابان بووە.
2-مەلا ئیبراهیمی مەلا ئیسماعیل (موفتی پاشای بابان) بووە.
چەندین مەلای گەورە و ناسراوی کوردستان لە بیارەدا مۆڵەتی مۆلایەتییان وەرگرتووە هەربۆنموونە: (مەلا مستەفای خورماڵی, مەلا قادری سۆفی, مەلا عەزیزی رۆغزایی, شێخ بابارەسوولی بێدەنی, مەلائەورەحیمی چرۆستانەیی, مەلا مەحمودی بەرلووت ...هتد).
چەند کەسێکی (شاعیر, نووسەر, رۆشنبیر) لەبیارەدا هەڵکەوتوون کەهەمووتەمەنی خۆیان بۆخزمەتی کاروانی رۆشنبیری میللەتەکەمان تەرخانکردووە لەوانە:
مامۆستا محەممەدئەمین هەورامانی: رۆشنبیرێکی بەتواناو خاوەنی چەندین کتێبە وەك (مێژووی هەورامان, فەرهەنگی ئێریان ڤاچ, کاکەیی, مێژووی رێبازی زمانی کوردی...هتد).
ئەمین شێخ عەلائوددین نەقشبەندی: شاعیر و نووسەرێکی ناودارە و لەکتێبە بەناوبانگەکانی (تەصەووف چییە, دیوانی شیعرەکانی بەناوی بەرهەمی ژیان).
مەلا حەسەنی قازی= شاهۆ: ساڵی (1927ز- 1933ن) قازی بووە لە هەڵەبجە و چوارتا, شاعێرێکی بەهەڵوێست و شۆڕشگێڕبووە و شیعرەکانی لەدیوانێکدا بلاوکراونەتەوە بەناوی (دیوانی شاهۆ).
کەوکەب هەورامانی: ژنەشاعیرێکی ناسراوی کوردستانە.
لەباسکردنی بیارەدا پێویستە ناوی چەند کەسێك بهێنین کە رۆڵی دیاریان گێڕاوە لەژیانی کۆمەلأیەتی خەڵکەکەدا لەوانە:
ئەحمەدی نازاریٚ: گۆرانیبێژێکی دەنگخۆش و سیاچەمانەچڕێکی شارەزابووە.
مامۆجافری فەتاح: دەستێکی باڵای بووە لە پزیشکی و دەرمانگەری میللیدا.
وەستا حەمەحسێن: ئاسنگەرێکی بەناوبانگبووە.
وەستا مەولوود: وەستا دیوارێکی زۆر شارەزابووە.
وەستا فەرەج, وەستاحەمەمین, وەستا رەشید: لە دارتاشە چاکەکانی ناوچەکە بوون.
سەرچاوەی ئابووری خەڵکی بیارە زووتر بەشێوەیەکی گشتی باخداری و کشتووکاڵ بووە, بەلأم ئێستا بێجگە ژمارەیەکی زۆریان بە کارکردن لە فەرمانگە دەوڵەتییەکاندا و بازرگانیکردن و دوکاندارییەوە خەریکن.

ئەم شارەدێیە هەرلەزووەوە (قوتابخانە, خوێندنگە, بنکەی تەندرووستی, پرۆژەی ئاوی خواردنەوە, کارەبا)ی تێدا بووە و خەڵکەکەشی ئاشنای جۆرێك لەژیانی شارستانی بوون.
خەڵکی بیارە شۆڕشگێر و بەهەڵوێستبوون و ژمارەیەك شەهیدی قارەمانیان بەکاروانی سەرفرازی گەلەکەمان بەخشیووە: لەوانە (کەمال ئەحمەد ناسراو بە کەماڵی ئەحەڕووش, وریا بیارەیی).

## بەڵخە دێی تاڤگە ئەفسووناوییەکانە

بەڵخە: یەکێکە لە دیهاتە گەورەکانی هەورامانی ئەمدیو, دەکەوێتە سەر ڕێگەی ئۆتۆمبێلی نێوان (بیارە و تەوێڵە), هاوسنوورە لەگەڵ دێکانی (سۆسەکان, پالأنیان, هاوار, تەوێڵە, دەگاشێخان, بیارە, تاوێرە, خەرپانی) لە کوردستانی ئەمدیو و (هانەگەرمڵە) لە کوردستانی ئەودیو, دەربارەی ناوی ئەم دێیە دەڵێن: دوو تاڤگەی گەورە بەناوی (سەر سۆڵی و چێرسۆڵی) لەناو دێکەدان چەند چینێك قەوزەیان گرتووە کەوەك (بەرد) رەقبووە, لە شێوەزمانی هەورامیشدا به قەوزە دەوترێت (بەڵخ), گوایا ناوەکە لەوەوە هاتووە.
دەورووبەری (بەڵخە) چەند شوێنەوارێکی نیشتەجێبوونی دێرینی تێدایە وەك:
(سارای سۆڵێ, زێڕیندۆڵ, هانەی تا), مێژووی درووستبوونی (سارای سۆڵێ) بۆ پێش سەرهەڵدانی دینی پیرۆزی ئیسلام دەگەڕێتەوە و ئەوەش بە شێوازی ناشتنی مردووەکانیاندا دەردەکەوێت, هەر لەم بوارەدا باس لەوەدەکەین بەر لەوەی (بەڵخە) درووستبکرێت کۆنە دێیەك هەبووە بەناوی (دێگە) و ئەو دەم لە ژێر دەسەلأتی عوسمانییەکاندا بووە, هەر کەسێك لە خەڵکی ئەو دێیە لەبەر هەرهۆیەك لەعوسمانییەکان هەڵهاتبێت ڕۆیشتۆتە شوێنێك لە پشت بەڵخەی ئێستاوە نیشتەجێبووە کە لەژێر دەسەلأتیصەفەوییەکاندا بووە, ساڵ لەدوای ساڵ ئەو شوێنە بووە بە دێیەك و ناونراوە (دەرەنەجات), بەو مانایەی ئەوانەی چوونەتە ئەوێ لە عوسمانییەکان نەجاتیانبووە, هەر لەسەرەتای درووستکردنی (بەڵخە)وە ئیتر بەرە بەرە خەڵکی (دێگە و دەرەنەجات) شوێنی خۆیان جێهێشتووە و هاتوون لەشوێن بەڵخەی ئێستادا خانوویان درووستکردووە, دواتریش لەبەر ئەوەی ڕێگەی ئۆتۆمبێلی نێوان (هەڵەبجە و تەوێڵە) بە ناو بەڵخەدا ڕۆیشتووە زیاتر ئاوەدانبۆتەوە.
هەر لەسەرەتای ئاوەدانکردنی (بەڵخە)وە تا ئێستا چەند بنەماڵەیەك تێیدا نیشتەجێبوون بەم ناوانە:
(بنەماڵەی فەتاح بەگ, بنەماڵەی رەحمانەسوور, بنەماڵەیفەقێقادر, بنەماڵەی صۆفی صادق, بنەماڵەی تۆفیق رەحمان, بنەماڵەی عەبدولکەریمی حەمەعەزیز, بنەماڵەی عەبدۆلقادر), ژمارەیەك کەسێتی ناودار و خاوەن پایەی دینی و کۆمەلأیەتی ناسراون لەم دێیەدا هەڵکەوتوون لەوانە:
فەقێ نادر: کەسێکی ژیر و بە سەلیقە بووە و لەبەر ئەوەی چەند ساڵێك لەناو سوپای عوسمانیدا سەرباز بووە تورکییەکی باشی زانیوە, لەگەڵ دووکەسی تر کە یەکێکیان خەڵکی تەوێڵەبووە بەناوی (حەمەیەسف ناسراو بە یۆسۆڵە), لەهەورامانەوە بە پێ چوون بۆ ئەستەمبووڵ و لەوێ چاویان بە سوڵتانی عوسمانی کەوتووە, لە و چاوپێکەوتنەدا سکالأ و بێزاری خەڵکی هەورامانیان لە دەست کاربەدەستانی عوسمانی بە ناوبراو گەیاندووە, لەسەر ڕۆشنایی سکالأکەیان هەتاکو خۆیان گەڕاونەتەوە بۆ هەورامان قایمقامی ئەو دەمەی هەڵەبجە لەکارخراوە[12].
فەتاح بەگ: کەسێکی دیندار و ئایینناس بووە, کاتێك عوسمانییەکان زەویان بۆ (ئاغا, بەگ, خان)ەکان تاپۆکردووە, ئەو هیچ زەوییەکی وەرنەگرتووە و بەحەرامی زانیوە.


www.pertwk.com

(مامۆستا مەلا سەلیم, مەلاجەلال, مەلائەسعەد, مەلا مەحمود)یش چوار مەلای ناسراوی بەڵخەیی بوون و بەردەوام خەریکی رێنمایکردن و ئامۆژگاریکردنی خەڵکی دێکەیان بوون.

هەریەك لە (حاجی ئەلی بەگ, خاتوو زوبەیدە, پوورە پەریجان, حەمە ساڵحی ئەلی بەگ)یش خزمەتی خەڵکیان کردووە بەگرتنەوەی دەست و چاچی شکاو و لەجێچوو, هەروەها چارەسەرکردنی نەخۆشی بە رێگەی پزیشکی و دەرمانگەری میللی.

دێی بەڵخە ژمارەیەك وەستای دەسترەنگینی پیشەسازییە دەستییەکانی تێدا بووە لەوانە:

1–حاجی خالە, یەکێکبووە لە جۆلاّ ناسراوەکانی هەورامان 2–ئەحمەدی وەستا فەتاح و تۆفیق شایلە, وەستای دروستکردنی بنە کلاّش بوون 3– میناهەورامی و خەدیجە فەتاح, وەستای دروستکردنی مەوج و جاجم بوون.

بەڵخە بەهەوارگە و سەیرانگەی خۆش و دڵڕفێن بەناوبانگە وەك: (تەوەنێ, وەزەنێ, سەروەزەن, وەروەزەن, مێشلە), ئەم شوێنانە لە بەهار و هاویندا شوێنی سەیرانکردنن و ساڵانە هەزاران کەس بەمەبەستی سەیرانکردن رووبانلێدەکەن و ئاهەنگ و رەشبەڵەکیان تێدا سازدەدەن, بەڵخەییەکانیش خۆیان بەوە ناسراون کە هەمیشە حەزیان لە ئاهەنگ و شادییە, لەکاتی زەماوەندەکانیاندا کۆڕی رەشبەڵەك گەرمدەکەن و زووتر شوێنی تایبەتیان هەبووە بۆ ئەم مەبەستە وەك: (پاچاڵگا, ملەگا), هەروەها لەکاتی گەلکارییەکان, رۆیشتن بۆ (شاخ , ناو باخ, رەزەدێم) هەڵپەڕکێ لە ناویاندا ئامادەبوونی خۆی هەیە, چەند گۆرانیبێژێکی دەنگخۆش لە بەڵخەدا هەڵکەتوون لەوانە: (عەلی خەرامان, حەمەخان, دارا محەممەد عوسمان, بەهرۆز عەلی, عادل بەڵخەیی).

سەرچاوەکانی بژێوی بەڵخەییەکان بریتین لە:

1–باخداری: خەڵکی ئەم دێیە سەدان پارچە باخی رازاوەیان هەیە کە تایبەتن بەبەرهەمهێنانی میوەی جۆرا و جۆری وەك: (گوێز, توو, هەنجیر, هەنار, ترێ, قەیسی, قۆخ, هەڵووژە, هەرمێ, سێو), هەروەها رووبەرێکی فراوان لە زەوی قەدپاڵەکان بەرەزەدێم داپۆشراون, دارستانە سرووشتییەکانیش بایەخی خۆیان هەیە لە ژیانی خەڵکی بەڵخەدا چ بە سوودوەرگرتن لە بەرهەمەکانیان, یاخود بۆ بەکارهێنانیان وەك سووتەمەنی لەوەرزی سەرما و سۆڵەدا, هەتاکو ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی رابوردووش دارفرۆشتن یەکێك بوو لەسەرچاوەکانی کاسبیکردن لای بەڵخەییەکان.

2–ئاژەڵداری: تا ئەم رۆژانەش ئاژەڵداری یەکێکە لە سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی داهات لای بەڵخەییەکان و بایەخێکی زۆریدەدەنێ, ژمارەیەکیان ئاژەڵی زۆریان هەیە و ئەوانی تریشیان هەر خێزانە و بەشی خۆیان هەیە.

3––کشتوکاڵ: دێی بەڵخە یەکێکە لەو دێیانەی هەورامان کە دانیشتوانەکەی بایەخ بە کشتوکاڵ دەدەن, ئەو بەرهەمانەش کە زۆر جێی بایەخپێدانیانن بریتین لە: (تووتن, گەنم, جۆ, تەماتە, بامێ, باینجان) و تەڕەکاڵی تر.

4–بێجگە لەم سەرچاوانەی ناومانهێنان ژمارەیەك لە خەڵکی ئەم دێیە بەکاروباری دەوڵەتی و کاسبیکردنەوە خەریکن.

ساڵی (1953ز) قوتابخانە لە بەڵخە کراوەتەوە و یەکەم مامۆستای ناوی (حەسەن مستەفا مەولانا) بووە, هەروەها (گەرماوی گشتی) و چوار چایخانە چەند دووکانێکی تێدابووە, مزگەوتی دێکەش سەرەتا لەلایەن (حەزرەتی شێخ عومەری بیارە)وە دروستکراوە, پاشان خەڵکی دێکە خۆیان پۆشتە و نوێیانکردۆتەوە.

خەڵکی ئەم دێیە هەمیشە لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان بوون, لەشۆڕشی ئەیلوولدا زۆربەیان پێشمەرگە بوون, ساڵی (1977ز) لەئەنجامی سیاسەتی شۆڤێنیستانەی رژێمی عێراقی لەگۆڕنراوەوە تووشی نەهامەتییەکی گەورە هاتن, بەوەی دێکەیان بەسووتماککرا و خۆشیان بە زۆرەملیێ بۆ کۆمەڵگا زۆرە ملێکانی (عەنەب, زەمەقی, سیروان) راپێچکران, لەمەرگەساتە گەورەکەی هەڵەبجەی شەهیدیشدا ژمارەیەکی زۆریان شەهیدبوون و خێزانی واشیان بووە تاکە کەسێکیان لێدەرنەچووە, لەشۆڕشی نوێی گەلەکەشماندا (20) شەهیدی قارەمانیان بە کاروانی سەرفرازی گەلەکەمان بەخشیوە.

هەرپاش راپەڕینە گەورەکەی بەهاری (1991)یش چەند خێزانێکیان گەڕاونەتەوە سەر ماوای خۆیان و خانوویان دروستکردۆتەوە و باخەکانیان ئاوەدانکردۆتەوە, ژمارەیەکیشیان تا ئێستاش لە (هەڵەبجەی شەهید, هەڵەبجەی تازە, سلێمانی)دا نیشتەجێن و هاوینان بەمەبەستی خزمەتکردنی باخەکانیان بنیەك دەبەنەوە بۆ ناو باخ.

## شاری ( پاوە ) و مێژوویەکی دێرین

پاوە: شارێکی دێرینی کوردستانە و ناوەندی قەزار پاوەیە, سروشتێکی رەنگین و ئاو و هەوایەکی کوێستانی مامناوەندی هەیە, لە دامێنی هەردوو لوتکەی (زاوەڵی و گاقران)ی شاخی سەربەرزی شاهۆدایە, دەربارەکی ناوەکەی چەند بۆچوونێك هەن بەم جۆرە:

1-هەندێك پێیانوایە پاوە وشەیەکی ئاڤێستاییە و بەمانای (پاکی و بێگەردی) دێت, شتێکی ئاشکراشە دروشمە سەرەکیەکانی دیینی زەرەدەشتی بریتین لەپاکی لە (کردار, گوفتار, نییەت)دا.

2-بۆچوونێك هەیە دەڵێت (پاوە) وشەیەکی هەورامییە و بەمانای (بەپێوە)ی سۆرانی دێت, گوایا لەبەر ئەوەی شاخی شاهۆ شاخێکی قنج و قیتە و راستەوڕاست روەو ئاسمان چەقیوە,پاوەش لەدامێنی ئەو شاخەدایە وەك ئەوەیە بە پێوە وەستابێت.

3-لە هەندێك سەرچاوەی مێژوویدا باس لەوەکراوە (پاوە) لە لایەن (پاوی کوڕی شاپوور کوڕی کیوس)ی برای ئەنەوشیروانی ساسانییەوە دروستکراوە, ناوبراو ئەو کەسە بووە بەفەرمانی (کیسرا یەزدەگوردی سێیەم) هاتۆتە ئەو ناوچەیەوە بۆ ئەوەی خەڵکی ناوچەکە لە دیینی مەسیحی پەشیمانبکاتەوە و بیانگێڕێتەوە بۆ سەر دیینی زەرەدەشتی[13]

شاری پاوە ناوەندی قەزای پاوەیە کە یەکێکە لە قەزاکانی کوردستانی ئەودیو= دیوی ئێران, سنوورەکەی (لەباکوورەوە پارێزگای کوردستان, لە خۆرهەلات و باشوورەوە ناوچەی جوانڕۆ, لە خۆرئاواشەوە هەورامانی ئەمدیو)ن و لەسێ ناحیە پێکدێت بەم ناوانە: (ناحیەی مەرکەز, ناحیەی نەوسوود, ناحیەی باینگان), ژمارەی دانیشتوانی (65) هەزار کەسن لەوانە 46٪ لەناو شاری پاوە و 54٪ لە دیهاتەکاندا دەژین, لەرووی بیروباوەڕی دیینییەوە هەموویان موسڵمانی سونین و مەزەبیان شافیعییە, چەندین کەسیان ئەویندارى رێوڕەچەکانی (نەقشبەندی, قادری)ن, شێوەزمانی خەڵکی ناوچەکە بەشێوەیەکی سەرەکی شێوەزمانی هەورامییە و ژمارەیەکیشیان بە شێوەی جافی قسەدەکەن, لە رووی پۆشاکەوە پیاوەکانیان (رانکوچۆغە, فەقیانە, کلاو و مشکی, کوڵەبال, گۆرەوی خوری, پووزەوانە) بەکاردەهێنن و کلاشی هەورامی لەپێدەکەن, ژنەکانیشیان (کراسی

کوردی, کەوا, سەڵتە, سوخمە, لەچك, هۆری, مشکی) بەکاردەهێنن و (فێس و کڵاوزەڕ) لەسەردەنێن, فۆلکلۆری بیستراویشیان لە شیعرو گۆرانی هەورامییە, (سیاچەمانە, گۆرانی دەرەیی, گۆرانیخاو, گۆرانی چەپڵەڕێزان) وێردی سەرزمانی خەڵکی ناوچەکەن و (هۆرەی جافی)یش لە لای جافەکانی سنووری قەزاکە بایەخی خۆی هەیە.

بەرهەمی پیشەسازییە دەستییەکان گرنگییەکی تایبەتیان هەیە لەژیانی خەڵکی سنووری قەزای پاوەدا, بێجگە لەوەی سەرچاوەیەکی دیارن بۆ داهات بوون بە بەشێك لەناسنامەی خەڵکەکە, وەك (مەوج, جاجم, گڵێم, بەرماڵ, پۆپەشمین, لەباد, فەرش), ئەم کاڵایانەش بەکاردەهێنرێن بۆ پۆشتەکردنەوە و رازاندنەوەی ناوماڵ[14].

ناوچەی پاوە بەشێوەیەکی گشتی ئاودارە و چەندین پارچە باخی رازاوەی تێدایە, بەرهەمی باخەکانیش بەشێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە (گوێز, توو, هەنار, هەنجیر, ترێ, هەلووژە, قەیسی, قۆخ), دارە خۆڕسکەکانیش بایەخی خۆیان هەیە بۆ سووتاندن لەوەرزی سەرماو سۆڵەدا و بەرهەمکانیشیان وەك:(بنێشت, قەزوان, بەڕوو, جەوت, کەتیرە= جەوی) سەرژاوەیەکی داهاتن بۆ ژمارەیەك لە خەڵکی ناوچەکە.

ناوچەی پاوە بە خواردنی خۆماڵی بەناوبانگە و ئائێستاش ئەو خواردنانە لەسەر سفرەی خێزان ئامادەبوونیان هەیە لەوانە: (گێتە مەژگە= کولێرە بەکاکڵەوە, کێلانە, سیر و ماست, ترخێنە, دۆخەوا, دۆینە...هتد)

لە سنووری (قەزای پاوە)دا چەند شوێنەوارێکی مێژوویی هەن و ئەمانەی خوارەوە گرنگەکانیانن:

1-ئاتەشگای پاوە: مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە (750)ساڵ پێش سەرهەڵدانی دیینی ئیسلام, پاش ئاتەشگەی (ئازەر گوشەسپ), بەگەورەترین ئاتەشگەی زەردەشتی دەژمێردرێت.

2-ئەشکەوتی قوڕی قەڵا: گەورەترین ئەشکەوتی ئاودارە لە کیشوەری ئاسیادا, دۆزینەوەی (30) پارچە شوێنەواری مێژوویی لەم ئەشکەوتەدا کەلەناویاندا پاشماوەی پەیکەری مرۆڤی کۆنیان تێدابووە, گەواهی بایەخی گەورەی دەدەن لە رووی مێژووییەوە, ساڵانە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر گەشتیاری ئێرانی و بیانی سەردانی ئەم ئەشکەوتەدەکەن.

3-مزگەوتی دووخانی پاوە: ئەم مزگەوتە یەکێکە لە مزگەوتە کۆنەکانی کوردستان, قورئانێکی تێدا پارێزراوە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (890کۆچی هەتاوی) و بەدەسخەتی ژنێك نووسراوەتەوە بەناوی (مریەم)ـەوە.

4-ئاشی بڵ: ئاوی ئەم ئاشە لە تاڤگەیەکی بەرز و گەورەوە دەرژێتە ناو ئاوی سیروانەوە, زۆر پاك و سازگارە و دەڵێن چەند خاسییەتێکی دەرمانی هەیە, قسە لەسەر ئەوەدەکرێت گوایا لەبەر ئەو خاسییەتیانەی بۆ دەرەوەی ئێران بنێردرێت[15].

پاوە سرووشتێکی زۆر خۆش و دڵڕفێنی هەیە (هۆڵی, سەراو, کەلیان) لە دیمەنە دڵڕفێنەکانی پاوەن, چەند شاعێرێکی هەورامی شیعریان بە جوانی و خۆشی سروشتی ئەم شارەدا هۆنیوەتەوە, یەکێك لەوانە شاعیری زمانشیرین و تەڕدەست (میرزا ئەولقادری پاوەیی)یە کە فەرموویەتی:

سەراو چوون هەوڵێ مەسکەن چوون پاوە      ماچی بەهەشتا بەڕووی دنیاوە.

**نۆدشە جێژووانی ژمارەیەك لەمەلا ناودارەکانی کوردستانە**

نۆتشە ناوەندی ناحیەیە و یەکێکە لە شارۆچکە گەورەکانی هەورامان, سەردەمێك مەڵبەندی دەسەڵاتدارێتی سانەکانی (لهۆن) بووە و دەربارەی ناوەکەی بۆچوونێك هەیە شێوەیە:

دەوترێت ناوی (نۆدشە) لە نۆدژەوە هاتووە و شتێکی ئاشکراشە (نۆ) لە زمانی کوردیدا هەم ناوی ژمارە (9)یە و هەم بەمانای (تازە)شەوە دێت, (دژ)یش کاتی خۆی بە (قەڵا) وتراوە و تا ئێستاش لە هەندێك شوێندا بەقەڵا دەوترێت (دژ), کەواتە ناوی (نۆدشە) بەمانای (نۆقەڵا) وەیاخود (قەڵای نوێ)وە دێت.

(نۆدشە) پێشینەیەکی مێژوویی دێرینی هەیە و یەکێکە لەو شوێنانەی سکەی ئەشکانییەکانیان تێدا دۆزراوەتەوە, هەروەك زۆربەی دیهاتەکانی تری کوردستان لەشوێنێکی شاخاویدا دروستکراوە, ئەوەش یاریدەرێکی باشبووە بۆ نۆدشییەکان بۆ ئەوەی لەسەردەمە جیاجیاکاندا باشتر بتوانن بەرگری لە دێکەیان بکەن بەرامبەر هەر دەستدرێژیەك کەکرابێتە سەریان و هەمیشە بەسەربەرزی ماونەتەوە, زۆربەی خانووەکانی دوونهۆم و سێ نهۆمن و پاڵیانداوە بە یەکترەوە, بەشێوەیەکی زۆر ڕێکوپێك لەلایەن وەستا کارامە و سەلیقەدارەکانی هەورامانەوە دروستکراون.

خەڵکی نۆدشە بەشێوەیەکی گشتگیر لەچەند تیرەیەك پێکدێن بەم ناوانە: (تیرەی مەلاکان, تیرەی بەگەکان, تیرەی سیانزە, تیرەی شوانە, تیرەی موڕادی, تیرەی حەمەڕەش), ژمارەیەکی زۆریشیان (سوورو سپی و چاوشین)ن, هەمووشیان پاك و تەمیز و تەڕپۆشن, زۆر خزمەتی خۆیان و منداڵەکانیان دەکەن و ناوماڵەکانیشیان هەمیشە پاك و ڕێکوپێکن.

ئەم دێیە بەمەلای زاناو بەناوبانگ ناویدەرکردووە کە لەسەردەمی خۆیاندا ڕۆڵێکی دیاریانبووە وخاوەنی پایەی دینی و کۆمەڵایەتی بەرز بوون لەوانە:

1–مەلا عەبدولڕەحمانی نۆدشی: زیاتر لە بیست پشتی ئەم زاتە مەلای گەورە بوون و هەموویان لە (نۆدشە)دا ژیاون, مەلا عەبدولڕەحمان ماوەیەك چۆتە (سنە) و لای میرەکانی ئەردەڵان بووە بە مودەڕیس, پاشان هاتووە بۆ سلێمانی و لە (مزگەوتی مەڵکەندی) بووە بە مامۆستا و پێشنوێژ, لەبەر پایەی زانستی و ئاییناسی لەلایەن حوکمڕانانی بابانەوە دانراوە بە (موفتی سلێمانی)[16].

2–حاجیمەلا ئەحمەدی نۆدشی: ناوی ئەحمەد کوڕی مەلا عەبدولڕەحمانە و ساڵی (1228ك= 1813ز) لە نۆدشە لەدایکبووە, لەدەریای زانستدا مەلەوانێکی بێهاوتا بووە, چەندین کتێبی داناوە یەکێك لەوانە بەناوی (ظرفی حاجی مامۆستا)وەیە کە تا ئێستاش لە خوێندنگە دینییەکاندا دەخوێنرێت[17], هەر لەبەر پایەی زانستی پاش کۆچی دوایی باوکی لەجێی ئەو دانراوە بە (موفتی سلێمانی), ئەویندارێکی تەواوی ناو ڕێوڕەچەی نەقشبەندی بووە و یەکێك بووە لە خەلیفەکانی (شێخ عوسمانی سیراجوددین), دەستێکی باڵای هەبووە لە شیعر هۆنینەوەدا و نازناوی شیعری (فانی)یە, ساڵی (1302ك=1884 ز) کۆچی دواییکردووە.

بێجە لەم دوو زاتەی ناومانهێنان لە (نۆدشە)دا چەند کەسێکی تری شاعیر و ڕۆشنبیر هەڵکەوتوون لەوانە: (مەلا محەممەدی نۆدشی, عارفی نۆدشی, بەهائوددینی نۆدشی, مۆمنی شاعیری میللی...هتد[18]).

نۆدشە دێیەکی ئاوەدارە وچەندین کانیاوی سازگاری تێدایە وەك: (هانەکۆڵ, هانۆ بەرنۆی, هانۆ دەشتێ, هانۆ دەربەنی...هتد), چەندین پارچە باخی ڕازاوەشی تێدایە کەتایبەتن بەبەرهەمهێنانی میوەی جۆرا و جۆر و یەکێکن لەسەرچاوەکانی داهات بۆ نۆدشییەکان, بێجگە لە باخداری (پیشەسازییە دەستیەکان, ئاژەڵداری, ئاڵوویردکردنی سەر سنوورەکان)یش سێ سەرچاوەی تری داهاتن لایان, بەنیسبەت پیشەسازییەدەستییەکانەوە بایەخێکی ئێجگار زۆریان هەیە لەناویاندا و, نۆدشییەکان سەلیقەیەکی وردیان لە

بەرهەمهێنانی کالاْ دەستییەکاندا هەیە, وەستاکانیان نەك هەر لە ناو نۆدشەدا کاریانکردووە لەبەرهێنانیاندا, بەڵکو زۆربەی کات بۆ هەندێك شوێنی دەرەوەی ناوچەکەی خۆیان رۆیشتوون و لەو شوێنانەدا ماوەیەکی زۆر ماونەتەوە, لەماوەی مانەوەیاندا خۆیان بە (جۆلاْیی, کلاْشکردن)ـەوە خەریککردووە.
ژمارەیەك هونەرمەندی گۆرانیبێژ لە (نۆدشە)دا هەڵکەوتوون لەوانە: (مامۆ هەیەر, مامۆحەمەجافر, تۆفیق نۆدشی), ئەم گۆرانیبێژانە خزمەتێکی زۆریان بە گۆرانی هەورامی کردووە و گۆڵزاری ئەم گۆرانییانەیان بەدەنگی بەسۆزیان رازاوەترکردووە.
دێی نۆدشە ئێستا زۆر گەورەیە و زیاتر لە (800) خانووی تێدا درووستکراوە, رێی ئۆتۆمبێلی هەیە و (کارەبا, بنکەی تەندرووستی, تەلەفۆن) و چەند قوتابخانە و خوێندنگەیەکیشی تێدایە, خوێندکارەکانیان دەتوانن هەتاکو تەواوکردنی ئامادەیی لە دێکەی خۆیاندا بخوێنن.
لە کۆتایی ئەم بابەتەدا دەڵێین: کۆنە قەلایەك لە نێوان هەردوو دێی (نۆدشە و دشە)دا هەیە بەناوی (قەلاْی پازگە) و شوێنەواری نیشتەجێبوونی دێرینیش لە دەوروبەری قەلاْکەدا هەیە, هەر ئەوەش وایکردووە هەندێك کەس بڵێن ئەم دوو دێیە لەبنەڕەتدا دەچنەوە سەریەك, لەم بوارەدا مامۆستا (محەممەد ئەمین هەورامانی) دەڵێت: لەوانەیە خەڵکی (نۆدشە) لە بنەڕەتدا (دشەیی) بن, ئەگەرچی لەزۆر رووەوە لەیەك ناچن, بەلاْم ئێمە هیچ سەرچاوەیەکمان بەردەستنەکەوت ئەم بۆچوونە بسەلمێنێت و مامۆستای ناوبراویش بۆ ئەم بۆچوونەی ئاماژەی بەهیچ سەرچاوەیەك نەکردووە.

## دزڵی پیشینەیەکی مێژوویی دێرینی هەیە

دزڵی یەکێکە لە دیهاتە کۆنەکانی هەورامان و جارجاریش بە (شەهردزان= شاری دزان) ناوبراوە, لەم بوارەدا (یاقووتی حەمەوی) لە زمانی (میسعەر کوڕی هوهەلهەلەوە) نووسیویەتی: ( نیم از رای[19]) لە نزیکی (دزدان)دایە, لە هەندێك شوێنیشدا بە (دزڵە= قەلاْی بچکۆلە) ناوبراوە, ئەم دێیە چەندجارێك رووبەرووی سووتاندن و وێرانکاری بۆتەوە و شوێنەکەی گوێزراوەتەوە, دواجاریش لە رووبەرووبوونەوەی لەشکری ئیسلامدا سووتێنراوە و گوێزراوەتەوە بۆ ئەو شوێنەی ئێستای.
دزڵی دێیەکی خنجیلانەیە و کەشوهەوایەکی کوێستانی هەیە, روویکردۆتە کێوەبەرزەکانی (دالاْنی, زەڕەوە, مڵەوەرد= مڵەخورد, قەلاْ برووسکە), لەچاو شوێنەکانی تری هەوراماندا زەوی وزاریان زۆرترە, سەرچاوەی بژێویان بەشێوەیەکی سەرەکی بریتین لە (کشتوکاڵ, ئاژەڵداری, باخداری), باخەکانیشیان زیاتر تایبەتن بە بەرهەمهێنانی (گوێز, هەرمێ) و هەندێك میوەی تر, ژمارەیەکیشیان سەرقاڵی (کاسبیکردن و دوکانداری)ن[20].
خەڵکی ئەم دێیە هەمیشە قارەمان بوون و رووبەرووی داگیرکاران وەستاونەتەوە, (ئەسکەندەری مەکدۆنی) لەلەشکر کێشییەکەیدا بۆ سەر ناوچەکە بەو هەموو هێزوو توانایەوە کە هەیبووە, زیاتر لە (15) رۆژ هەوڵیداوە ئینجا نەیتوانیوە لە (دەربەند دزڵی و دەربەندی کەڵەم) تێپەڕێت و ناچار رێگەی سوورێنی گرتۆتەبەر[21], قارەمانی (هەسەن سان) و کوڕەکانی و براکانی دژی دەسەلاْتدارانی قاجاری هەمیشە مایەی سەربەرزی هەورامییەکانە, شۆڕشگێڕی (مەحمود خانی دزڵی) و جەنگاوەرە هەورامییەکانیش لە رووبەرووبوونەوەی سوپای

ئینگلیز و هاوکاریکردنی شۆڕشەکانی (شێخ مەحمودی نەمر)دا هەمیشە میدالیای شەرەفە بەسنگی خەڵکی ناوچەکەوە.

دزڵی چەندین زانای دیار و کەسێتی بەناوبانگی تێدا هەڵکەوتووە, لەناویاندا (مەلا حەسەنی دزڵی) کە زانایەکی ئایینی پایە بەرز و شاعیرێکی کەم هاوتابووە.

---

[1]– (هادی بەهمەنی) لە ناوی دیهاتەکانی هەورامانی ئەمدیو= دیوی عێراقدا, ناوی (مێشلە و گەناوڵێ)ی وەك دێ هێناوە, بڕوانە کتێبی (پەیامی هەورامان) لاپەڕەکانی (229, 230)نووسینی هادی بەهمەنی.

بەڵام ئەم دوو شوێنە هیچکامیان دێ نین, نیسبەت (مێشلە)وە یەکێکە لە سەیرانگە دێرینەکانی هەورامان و لە گوندی بەڵخەدایە, لەسەردەمی حوکمڕانی بێگە بەگی ئەردەڵانیدا شوێنی پشوودان و حەوانەوەی دەسەڵاتدارانی (ئەردەڵانی) بووە, ماوەیەکی زۆریش چایخانەیەکی گەورەی تێدابوو کەوەك کاروانسەرای رێبوار و کاروانچییەکان بوو, بە نیسبەت (گەناوڵێ)شەوە گۆڕستانی خەڵکی گوندی سۆسەکان بوو, بەڵام پاش راپەڕیە گەورەکەی ساڵی (1991ن) و گەڕانەوەی ژمارەیەك لە سۆسەکانییەکان بۆ زێدی خۆیان, ئێستا چەند خانوویەکی تێدا کراوەتەوە و وەك گەڕەکێکی بچکۆلەیە لە دێی سۆسەکان.

[2]–لە هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕەدا هاتووە دێکانی (بانیبنۆك, بانیشار, میری سوور, نەوێ) سەر بە هەورامانی لهۆن دیوی عێراقن, ئەمە خۆی لە خۆیدا لەدوو رووەوە هەڵەیەکی گەرەیە, رووی یەکەمیان بەوەی ئەم گوندانە هەرچەند لە چوارچێوەی حوکمڕانی سانەکانی هەوراماندا بوون و لە لایەن دەسەڵاتدارانی هەورامانی (دزڵی)یەوە حوکمکراون, بەڵام خۆیان لە چوارچێوەی هەوراماندا نین, رووی دووەمیشیان بەرێز (هادی بەهمەنی) خستوونیەتە چوارچێوەی هەورامانی لهۆنەوە, بەڵام شتێکی ئاشکرایە ئەو شوێنانە دەسەڵاتدارێتی سانەکانی لهۆنیان پێنەگەیشتووە, هەر بۆنموونە (نەوێ) تا ئێستاش ژمارەیەك لە نەوەکانی (هەسەن سان)ی تێدا نیشتەجێیە.                (نووسەر)

[3]– بۆ ئەم لیستی ناوانە بڕوانە:

أ–(پەیامی هەورامان)– لاپەڕە (224, 225) نووسینی هادی بەهمەنی.

ب–(نگاهی بە جاذبەهای اکوتوریستی اورامان)– لاپەڕە (29, 30, 31) نووسینی (د. برهانەدینی وڵەدبەگی).

ج–(دەستنووسی مێژووی هەورامان)– بەشی حەوتەم– جوگرافیای هەورامان– لاپەڕە (6).

[4]– یەکێك لەو ساڵانە ساڵی (1329ك= 1911ن) بووە, لەوساڵەدا ماوەی (45) رۆژی لەسەر یەك بەفر باریوە, (میرزا ئەولقادری تەوێڵەیی) بەو بۆنەوە شیعرێکی هۆنیوەتەوە ئەمە چەند دێڕێکییەتی:

تاریخ جەهەزار سێسەد بیست نـۆ     تاریخی ئەمساڵ جەلات مەعلووم بۆ

هەرکەس ماڵدارەن بارزقش جەم بۆ     نەکای جەوەهار ئەوزاحش کەم بۆ

رۆغـەنـوگـەنم بـرنجی شــاران     ئـامادە کـەردی بێ حـەد و پایـان

[5]–بڕوانە کتێبی (یادی مەردان بەرگی دووەم)– لاپەڕە (7) نووسینی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس).

[6]–بەبڕوای ئێمە ناوی (مالێدەر) لە (ماڵیدەر)ـەوە نەهاتووە, چوونکە لەشێوەزاری هەورامیدا بەماڵ دەوترێت (یانە). (نووسەر)

[7]– بڕوانە کتێبی (کرد, ترك, عرب)– لاپەڕە (155) نووسینی (سیسل جۆن ئێدمۆندز).

[8]– (حاجی خدر) بێجگە لەوەی لەوەستا کارامەکانی دروستکردنی (چەقۆ و قەڵەمبڕ)بووە, چەخماخسازێکی کەمهاوتا و سەعاتسازیش بووە.

[9]–بڕوانە (المدن القديمة المندرسة فی محافظة السليمانية وتعيين مواقعها) – لاپەڕە (151) گۆڤاری کاروان, نووسینی (حوساموددین نەقشبەندی).

[10]–بڕوانە کتێبی (مێژووی هەورامان) لاپەڕە (529) نووسینی (محەممەد ئەمین هەورامانی).

[11]–بڕوانە کتێبی (پەیامی هەورامان) لاپەڕە (114, 115) نووسینی (هادی بەهمەنی).

[12]– لەم بارەوە رازێك هەیە گوایا ناوبراوان کاتێك گەیشتوونەتە بارەگای سوڵتان مریشکێکیان پێبووە کە پێشتر ئاوەڕووتیانکردووە, پاسەوانەکان زۆرهەوڵیانداوە مریشکەکە لەگەڵ خۆیاندا نەبەنە ژووری سوڵتان بەڵام ئەوان پێیان لەسەر بردنە ژوورەوەی مریشکەکە داگرتووە, لەکاتی قسەکردنیاندا بە سوڵتانیان وتووە (خەڵکی گوڵعەنبەر) وەك ئەم مریشکە لە لایان دەسەڵاتدارانی ناوچەکەوە ئاوەڕووتکراوین و توانای هیچمان نەماوە, بۆیە لە جەنابتان داواکارین ئەم ستەم و چەوساندنەوەیە لەسەرمان هەڵگرن.

[13]– بڕوانە:

1– (راهنمای سیاحتی شهرستان پاوه)– تهیة وتنظیم (فرمانداری پاوە– فرهنگ و ارشاد اسلامی پاوه.

[14]– سەرچاوەی پێشوو.

[15] سەرچاوەی پێشوو.

[16]– بڕوانە کتێبی (یادی مەردان)– بەرگی دووەم– لاپەڕە (352) نووسینی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس).

[17]– بڕوانە کتێبی (پیرشالیاری زەردەشتی) لاپەڕە (45) نووسینی (محەممەد بەهائوددین مەلا صاحب).

[18]– (هادی بەهمەنی) لە کتێبی پەیامی هەوراماندا ناوی (محەممەد سدیقی موفتی زادە)ی وەك خەڵکی نۆدشە هێناوە, بەڵام (د. صدیقی بۆرەکەیی) لە کتێبی مێژووی وێژەی کوردی- بەرگی دووەم–دا لە زمانی ناوبراو خۆیەوە نووسیویەتی خەڵکی (دشە) بووە.

بڕوانە کتێبی (پەیامی هەورامان)– لاپەڕە (232) نووسینی (هادی بەهمەنی).

کتێبی مێژووی وێژەی کوردی– بەرگی دووەم–لاپەڕە (352) نووسینی (د. صدیقی بۆرەکەیی).

[19]– (نیم از رای) مەبەست لە مەڵبەندی کۆنە شتاری شارەزوورە کە لەسەر دەستنیشانکردنی شوێنەکەی جیاوازی لە نێوان مێژوونووسەکاندا هەیە.

[20]– بڕوانە کتێبی (دیوانی مەلا حەسەنی دزڵی)– لاپەڕە (14)– کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی (ئەحمەدی نەزیری).

[21]– بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو– لاپەڕە (15).


www.pertwk.com